# مێردەکەی
# ئاسکە خاتوون

## (بەشی یەکەم)

# مێردەکەی
# ئاسکە خاتوون

(بەشی یەکەم)


عەلی محەمەد ئەفغانی


وەرگێڕانی
سەلاح نیساری

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مێردەکەی ئاسکە خاتوون (بەشی یەکەم)**


- **نووسینی:** عەلی محەمەد ئەفغانی
- **وەرگێڕانی :** سەلاح نیساری
- **تایپێست:** ڕەحیم شاسەنەم
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** نادر خەیاتی
- **نرخ:** ١٠٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١١**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦١٨)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب** (٦٦١)

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

بۆ سۆز و خۆشەویستی دایکم:
**حەلیمە ئیسماعیلی**

بۆ دایکی **ئاڵا**
بۆ هاوژینی زێدە دڵسۆزم
بۆ سەبر و قنیات کردنی:
**خەدیجە قوربانی**

سپاس بۆ
**کاک ڕەحیم و محەمەدئەمین شاسەنەم**
کە کاروباری پیتچنینی ئەم کتێبەیان لە ئەستۆ بوو

# بیرورای توێژەران و ڕەخنەگران و خاوەنڕایانی فارسیزمانی ئێرانی لەسەر ئەم کتێبە

ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخانم» واتە ئاسکە خانم نووسراوەی ڕۆماننووسی کوردزمانی فارسینووسی کرماشانە و کۆی ئەم سەربردەیە لە کرماشان و گوندەکانی دەوروبەری ئەم دەڤەرە ڕووییداوە سەر لەبەری خدەو ڕەوشت و کرداری لە ماک و قەڵافەت و بیچمێکی کوردانە و کوردەواریدا هاتۆتە دەرێ و هەڵگری ئاکارو خولکو خوو ڕەفتاری ئێمەی کوردە، بە تەواوی جووڵە و هەستان و ڕاسانمانەوە پڕە لە پەندی پێشینیان و چەوسانەوە و حەزو ئاوات، سەرکوت و ژێردەستەی ژن و ئافرەت و داسەپاندنی نەریتی بێگانە بەسەر کۆمەڵگادا، با لێرەدا بیرورای تۆرەوانانی بواری ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی ناو جەرگەی ئێران ببیستین بزانین لە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە چییان گوتووە و چۆنیان هەڵسەنگاندووە:

بەڕێز نەجەف دەریابەندەری، گۆڤاری سخن خولی دوازدە، ژمارە ٨ سەرماوەزی ١٣٤٠ی هەتاوی ١٩٦١ی زایینی، ئاوا دەنووسێ:

«نووسەر لەم ڕۆمانەدا لە ژیانی خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگای خۆمان تراژیدیایەکی قووڵی زەق کردۆتەوە و دیمەنێکی خستۆتە بەردیدەی خوێنەر، خوێنەر وەبیری ئەم دیمەنانە دەخاتەوە کە لە نووسراوەکانی «باڵزاک» و «تۆلستۆی»دا خوێندوویەتەوە ئەمەش یەکەمجارە کۆپەڕێکی فارسی جەسارەتی ئاواها هەڵسەنگاندنێک بە من دەدات.

عەلی محەممەد ئەفغانی، لە مێردەکەی ئاسکەخانمدا نیشانیداوە نووسەرێکی وردبینە، جووڵە و هەستان و ڕاسانی ژن و پیاو و منداڵ و تەنانەت سەگ و پشیلەش بە جوانی دەبینێ، لە شەڕو هەرای ئاشەوان و نانەواوە بگرە تا دەگا بە ئاژاوەی نێوماڵ و خێزان و پێکهەڵپڕژانی هەوێ و هەوێساری و لێدان و پێدادانی پیاوسالاری، ئەوەندە بە جوانی و بە وردی بە ناخی ڕاستییەکاندا شۆڕ بۆتەوە، خوێنەر بەڕاستی شتەکان وەکوو فیلمێک بە بەرچاوی خۆیەوە دەبینێ، بە ڕەمزو ڕازی ژنان ئاگادارە و هەواڵی لە دنیای زارۆکانیش هەیە. لە هەموو کەلو قوژبنێکی ژیاندا دەتوانێ جوانییەکان ببینێ و هەرهەموویان بە واتا ڕاستییەکەیەوە بگێڕێتەوە و لە پەسنیان ڕابچێ، مرۆگەلی ئەم ڕۆمانە کەسانێکن کە لە ڕاستەقینە دوور نین لەم سەربوهەردەیەدا دەوری خۆیان دەگێڕن، ئەوانە کەسایەتی واقعی چیرۆکەکەن، لەم کۆمەڵگایە هەڵقولاون، لە کۆی ئەمانە مرۆڤی بە ئەزموون

دێتەدرەێ، لێرەدا ئەمکەسانەی لەم ڕۆمانەدا دەورو ڕۆڵیان هەیە بە دوو دەستە دابەشی کردوون باش و خراپ. دیارە ئەمەش شێوازێکە کە نووسەرانی ڕۆمانتیک هەیانە تەنانەت ئەوکەسەی تووشی کارێکی وەکوو پیاوکوشتن دەبێت هەروەک مرۆیەک دەیهێڵێتەوە، نووسەر وازی لێناهێنێ و لە دڵۆڤانی خۆی بێبەشی ناکات.»

بەڕێز دوکتۆر سیروس پەرهام، لە گۆڤاری (راهنمای کتاب) ژمارە ١٠، ساڵی چوارەم بەفرانباری ١٣٤٠ی هەتاوی ئاوا دەنووسێ:

«بەبێ دوودڵی، بەم ڕۆمانە ئاوازە فارسییە کەلەبەرێکی گەورەی لە پەڕتووکخانەی ئێران پڕ کردووە، بوێرانە دەڵێم بە قەڵەمی بەدەسەڵاتترین چیرۆکنووسی ئێرانی، ئەویش لە کاتێکدا کە هیچکەس هیوایەکی لە دڵدا نەبوو، ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخانم، عەلیمحەممەد ئەفغانی کە ئەمە یەکەم کتێبە لەم نووسەرەوە دەگاتە دەست خوێنەران، بەتاڵایەکی لەمێژینەی ڕۆمانی فارسی پڕکردەوە ـ کەلەبەرێک کە (چشمهایش) چاوەکانی، بزورگی عەلەوی نەیتوانی پڕی بکاتەوە، خۆ ئەگەر (م.ا. بێئازین ڕۆمانی بنەماڵەی ئەمینزادەگان تەواو دەکات و یان تەقی مدەڕەسی بە دڵەڕاوکێوە ڕۆمانی شاری قاڵاوەکان بڵاو دەکاتەوە ئەوان ئەمسەرکەوتنەیان لە بواری ڕۆماننووسیدا بەدەست هێنابا، ئەوا شانازییەکە بە نسیبی ئەوان دەبوو، بەڵام عەلیمحەممەد ئەفغانی بۆ یەکەمجار توانی کێوێک لە بنەوە هەڵبکەنێ و شیوو دۆڵێکی پێپڕبکاتەوە.

«مێردەکەی ئاسکەخانم» ئاوێنەیەکی باڵانوێنی کۆمەڵگای ئێمە و لە ڕاستیدا دایرەالمعارف» زانستنامەیەکی مەزنە لە فەرهەنگ و ژیانی سەردەمێک کە بە تاڵۆکە دێت و تێپەڕ دەبێ، هونەری سەرەکی نووسەر لە شێوازی نووسینی چیرۆکدا تەنانەت لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و چنینی تانوپۆدا سەهلە، هونەری گەورەی ئەو ئەوەیە کە بە خوڵقاندنی دەیان مرۆڤی ڕاستەقینە و بە هێنانەئارای سەدان ڕووداوی حاشا هەڵنەگر، لە سەردەمێکی تایبەتی کۆمەڵگادا پەردەی لاداوە و ڕاستییەکانی لە زیندەبەگۆڕ بوون پاراستووە، ئەمەی لەم ڕۆمانەدایە، سەربردەی یەک یان چەند کەس و ڕووداوی بەهەژماری ڕۆژانەی یەک یان چەندشار نییە، بەڵکوو تەواوی کاتوسات و ڕۆژگار و ڕووداوی سەردەم زرێبارئاسا لەم ڕۆمانە بەرینەدا کۆ بۆتەوە، هەر بۆیە ئەم ڕۆمانە ئاوا توانیویەتی لە دڵی خەڵکدا جێیخۆی بکاتەوە، ئیتر ئەمە وەکوو نەینووکی چوارسووچ لە هەموولایەکەوە توانیویەتی تایبەتمەندییە زەق و کرێتەکانی ڕۆژگاری ئێمە نیشان خۆمان بداتەوە و خۆمان بە خۆمان بناسێنێ.

ئەم دەرد و ڕەنج و ئازارانەی مرۆڤەکانی ئەم کتاوە پێوەی دەتلێنەوە، خەم و ئاریشەیەکی تاکەکەسی و تایبەت بە یەک فەرد نییە، کارەسات و نەهامەتی چەند پشتی بەرەی مرۆڤە و چەوسانەوە و ترس و نامورادی و قوڕبەسەری دەورانێکە، کەسەکانی ئەم ڕۆمانە ئەگەر زۆریش‌بن بەتایبەت هیچیان هەڵقولاوی بیر و زەینی نووسەر نین، تەواویان بوونیان هەیە و بە گۆشت و خوێن و پێشەوە زەق و زیندوون، هەر ئەوانە بەم‌ژیانە ئاڵۆزەوە کە هەیانە دەرەکی نین و هەموو لە خۆمانن، ئەگەرچی ئێمە بە سانایی بە پەنایاندا تێدەپەڕین، چشتێکی نائاسایی و نامۆلێرەدا بەرچاو ناکەوێ تەواومان ڕۆژانە لە ماڵ و جیران و کۆڵانی خۆماندا ئاسکە خانممان هەیە و دەتوانین بیبینین، مێردەکەی ئەو واتە «سەی‌میران» ڕۆژ نییە لە شارو گوندەکانی خۆمان لە کووچە و کۆڵان لە دووکان و بازاڕ نەی‌بینین، جیرانەکانی ئەوان هەر هەمان هاوساکانی خۆمانن، دیوار بەدیوارەوە، گەورەیی کاری عەلی‌محەممەد ئەفغانی لەوەدایە، سەنفوونیایەکی جاویدان و هەرمان، دەنگێکی پڕ شەڕو ئاڵۆزی بەشەری و هاوارێکی عەلەمگیری لە ئەوکی خێزان و کەس‌گەلێکی ئاساییەوە ئاشکرا کردووە پەردەی لەسەر لاداوە، لە هەموو گرێنگ‌تر ئەوەیە «مێردەکەی ئاسکەخانم» دارماڵە لە وێنە و نموونەگەلی ڕاستەقینەی ئافرەتی ئێرانی، ئەمە بۆ یەکەم‌جارە لە ئەدەبیاتی فارسی‌دا، بارێکی قورس و گران کە سەدان ساڵە خستوویانەتە سەرشانی ژنان، لە هەرچەشنە جەور و جەفایەک، سەرکوت و چەوسانەوەیەک کە نێرسالاری بە سەر ژنی هێناوە هەر لە کۆنەوە بووە بە باو و خوو خدە، پەردەی لەسەر تەواوی نەهامەتی و ژێردەستەیی و کپ‌کرانی دەنگی ئەوان لاداوە، دزێویەکانی ئەو شەرمەزارییەی مرۆڤایەتی خستۆتە ڕوو، توانایی و ڕوانگە و دەسەڵاتی ئەو بەسەر ڕۆحیاتی بەشەری و ڕۆچوونی بە ناخی مرۆڤدا، ئەوەندە بەهێزە هەر دەڵێی نووسراوەکانی لە هەست و هەناوی ئەو کەسانەوە هەڵدەقوڵێ کە خۆی لە پەسن و پێداهەڵدانیان ڕاچووە، هەر دەڵێی ژیانی دووبارەی ئەو لە ناخی مرۆڤایەتی و لە سەرچاوەی ڕووداوەکانەوە دەستی پێ‌کردۆتەوە، هەر وەکوو شنەو بای بسکان، هێدی و لەسەرخۆ بەسەر هەمووشتێک و هەموو کەسێکدا کەروێشکە دەکات و بەرامەی شاراوە و نەبیستراو لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و لەوپەڕی پرژو بڵاویدا دەی‌پرژێنێ و نووستوانی پێ وەخەبەر دەهێنێ، ئەمە پشت‌بەستنێکی ئیشراقییە و لە توانای نووسەرانی تەڕەدەست و پیشەیی‌دا نییە، بارودۆخێکی ئاوێتە لەگەڵ بەدەست‌هێنان و ئیلهام و «تلەپاتی» هەست و ئێحساسە کە تەواو شاعیرانە و سۆفیانەیە ڕووبەندەکان لە هەمبەر چاوانی ئەو لادەدا، ئینجا ئەوەی هەر لە لافاو دەچێ، تاکوو بە بێ‌وەستان لە نووکی خامەوە بڕژێ بەسەر ڕووپەڕاندا و

شاراوەکان لەبەر پێواری دەربێنێ. ئەمە ڕاستە کە شێوازی نووسینی ئەو، خوێنەر دەخاتەوە بیری ڕۆمانەکانی «باڵزاک» و «ئێستاندال» و «دیکنس» و «ساکری» و «تۆلستۆی». تەکووزی و قورسییەکی تایبەت و تەنانەت وشکی داوە بە پەخشانەکە، بەڵام ئەو تەکووزی و دژوارییە، ئەوەندە نییە کە لافاوی ئەندێشە و هزری ئەو بەربەست بکا و کەف و کوڵی ئەو ڕابگرێ، هەروەها نەبێتە هۆی خراپ لێکدانەوە و دوودڵی کە نووسەر لە حاڵی جەزمە و ناوشیاریدا بیری خۆی ڕشتۆتە سەر ڕووپەڕان، بە دڵنیاییەوە ئەوەی لەم شانەیەدایە و لە چەشنی هەنگ بە نێو مێرگ و جارەگوڵاندا گەڕاوە و شیلەی مژیوە و هەلاڵەی هێناوەتەوە و هەنگوینی داناوە کە دیارە هەنگوینیش بەبێ کرێژ و مێو نابێ! هێزی ئەو زەقبوونەوەی دیتن و ئەزموون و تێڕامانە. بەڵام تۆرەی ئاشکرا و ڕاستبینانەی کە بە ڕاهاتوویی هاتۆتە ئاراوە، بە جوانی جێکەوتووە و ڕەگی داکوتاوە، وەکئەوەی پاڵاوتەیەکی بێخەوش بێ لەبەر دەستاندا. ئیتر ئەم زوڵاڵی و ڕەوانییە، ئەم فرەهی و زۆربوونە ئالێرەدایە خۆی دەنوێنێ هەر ئەمەشە کە هەیە، نووسەر ئەم پەیامانەی پێیەتی بە سەبر و تاقەتێکی زۆرەوە لە باخەڵی قاقەزی ڕووداوی دەپێچێ و بە هیچ کلۆجێک بیر و باوەڕی تایبەتی خۆی بە ڕاشکاوی و بە بێپەردە نادرکێنێ.»

جەنابی دوکتۆر محەممەدعەلی ئیسلامی نەدۆشن، لە گۆڤاری «یغما» ژمارە ١١ ساڵی چوارەم ڕێبەندانی ١٣٤٠ - ١٩٦٠دا دەنووسێ:

«دوایئەوەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخانم» بوومەوە لەبەرئەوەی من کەسێکم خەونی سەرسووڕێنەری خۆش دەبینم، وە ناتوانم لە گێڕانەوەی ئەو بۆ دۆستان خۆ بپارێزم، ئەو بەرهەمە لە کاتێکدا کەوتە بازاڕەوە کە هیچکەسێک بە خەونیش چاوەڕێی نەبوو ئەمە بە چاو ببینێ، لەو جەنگەی شەڕو ئاژاوە و بێشەرمی و لە هەڕەمەی خۆنواندنی ئەوهەموو مەزاقە نەخۆش و قەڵەمگەلی بێبایەخ و دۆڕاوەدا حەقە کە دەمی ئینسان ببێ بەتەڵەی تەقیو، لە بەرامبەر ئاوا کتێبێکدا؛ ناوی عەلیمحەممەد ئەفغانی کە ڕۆمانی مێردەکەی ئاسکەحانمی لە ٨٦٣ لاپەڕەدا نووسیوە و بە پارەی گیرفانی خۆی چاپی کردووە، تاکوو سێمانگ لەمەوپێش وەک نووسەرێک هیچکەسێک نەیدەناسی ئێستاش ئەگەر بمانەوێ نووسەرێکی فارسی نووسی باش ناوبێنین بە عالەمی ئاشکرا نووسەری ئەمرۆمانە ناو دەبەین.

زمانی فارسی هەروەکوو مانگای کۆن دۆ و چەندساڵێک دەبوو وشکی کردبوو، ئێستاش وەکئەوەی گوێلکیان وەبەر خستبێتەوە بە سەتڵ شیری کەفکردو و سپی داوە بە

تامەزرۆیانی... لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکەوە ڕاوێژی تازە و سەرنجڕاکێش بە دیمەنێکی زیندووەوە بۆلای خۆی پەلکێشمان دەکا. فکر و دیمەنگەلی ڕەنگاوڕەنگ بە شوێن یەکدیدا قەتار دەبن، بێئەوەی ئەم ترسە لەگۆڕێدا بێت کە ئەم کۆیە بە کۆتایی بگات، وێدەچێ نووسەر چەندان ساڵ بەرلەوەی ئەم کۆپەڕە بنووسێ، جانتای سەفەری لێئاخنیوە و بە دڵنیاییەوە قەڵەمی دەستداوەتێ.

ئەگەر «سادق هیدایەت» هەڵاوێرین ئیتر هیچکەسێکی دیکەمان نییە ئاوا وەستایانە بتوانێ پەخشانێک دابڕێژێ و پەند و دەستەواژە و مەتەڵۆکەی فارسی بەکار بێنێ. «مێردەکەی ئاسکەخانم» خەزێنەیەکە پڕە لە تەمسیل و قسەی نەستەق و گفتی بەکەڵکی باوو باپیران و ئیشارە و ئاماژەی باوەڕی و مەزنە مرۆڤان و مێژوویی کەونارایی، ئەوەی شیاوی پەسن و پێداهەڵدانە، نەک زاڵ بوونە بەسەر ئەم خاڵانەدا، بەڵکوو بەکارهێنان و کەڵکورگرتنە لە شوێنی خۆیاندا.

ڕوانگەی نووسەر سامناک و پڕ لە ترسە، تێڕامانی وەک چاوی هەڵۆ تیژبین و کاریگەرە، بە ناخی جەستە و ڕۆحدا ڕۆدەچێ و ئەوەی گەرەکییەتی هەڵیدەگرێ، زەین و هۆشی ئەو بەبێ ماتڵبوون هەرئەوەی بە چاو دیتوویەتی بە ورد و درشتەوە بە زەق و بەرپێوارەوە، بە خەیاڵ و خەونەوە ئەوەی هەستی پێکردووە تانوپۆی بۆ ڕایەڵ کردووە و لۆی بۆ ڕاکێشاوە و ئێمەی تێوەداوە، هەر گوڵەی بە شارەزاییەکی تەواوەوە لە جێی خۆیدا چنیویەتی.

بە کورتی «مێردەکەی ئاسکەخانم» بەبێ تاریفدان لە زمانی فارسیدا تەواو شاکارە. چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەمکتێبە نەک هەر لە بواری ئەدەبیدا موژدەبەخش و بزوێنەر و هۆی دڵگەرمییە، بەڵکوو لە بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتیشدا هەگبەیەکی پڕە، کەوابێ ناشێ لەمەڕ نووسەری ئێرانییەوە هیوابڕاو بین، سەرەڕای ئەمگشتە ناکامی و سووکایەتی پێکردن و لێڵایی و ئەو ژەنگ و ژارەی ئاسمانی تەنیوە، ئێستاش نووسەری ئێرانی دەتوانێ تەواو لە کاتێکدا کە هیچکەس بە دڵیدا نایات، بە ئاواها کتێبێک بەری ئاسۆ ڕووناک بکاتەوە و خوڵقێنەر بێت.

کتێبی هەڵبژاردەی ساڵ ـ (سەرچاوە: ڕۆژنامەی کەیهان ژمارە ٥٦٠٥ چوارشەممە ٢٣ی ڕەشەمەی ١٣٤٠ ـ ١٩٦١):

کتێبێک کە ئێستا بە باشترین «ڕۆمانی ساڵی ١٩٦١» ناسراوە، ڕۆمانێکی ئێرانییە کە چەند مانگ لەمەوبەر بەبێ بانگەواز و ئاگاداری لەوەپێش بە پارەی نووسەرەکەی لە چاپ درا و بڵاو

بۆوه، عەلیمحەممەد ئەفغانی، نووسەری «مێردەکەی ئاسکەخانم» بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بێناو و نیشان و نەناسراو بوو، تەنانەت کتێبەکەشی تاکوو ماوەیەک کەس نەیدەناسی هەر یەکدوو مانگ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆمانە ڕەخنەگر و پەڵپگر، توێژەر و کتاوناسانی بەوەج زانیان ئەمە شاکارێکە لە تۆرە و دەدەبیاتی فارسیدا، «مێردەکەی ئاسکەخانم» یەکەم ڕۆمانێکە کە نزیکەی ٩٠٠ لاپەڕەی لەخۆ گرتووە و چاپ کراوە، خوێنەر هەر بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک هەست دەکا دەلاقەیەکی بەرەو دنیای تازە بەروودا کراوەتەوە، پاڵەوان و کەسایەتی ئەم چیرۆکە تەواویان کەسگەلێکی ناسراو و خۆمانەی شارو لادێی ئەم وڵاتەن، نامۆ نین و لەوانەیە ڕۆژی چەندجار ببیانبینین و مامەڵەیان لەتەکدا بکەین هەر بۆیە خوێنەر خۆی لە خەم و شادی ئەواندا بە شەریک دەزانێ... ئەنجومەنی کتێب لە نێوان چیرۆکگەلی ئێرانیدا، ئەوانەی لە ١٩٦١دا بڵاو بوونەوە «مێردەکەی ئاسکەخانم»ی کە هەر سێمانگێک دەبوو لە چاپ درابوو، وەک باشترین ڕۆمانی ئێرانی ساڵ هەڵبژارد و ناساندی.

دەنگدانەوەی لە هەندەران: «بەرز نرخاندنی زانستیاری زانکۆی کیمبریج لە ئەدەبیاتی نوێی فارسی»دا.

ڕاپۆرتی حەوتانە ژمارە ٤٠١ چوارشەممە ٦ی مانگی پووشپەڕ، ١٩٦٢ سەفارەتی کوبرای ئینگلیز بەم چەشنە هەواڵەکە ڕادەگەیەنێ:

«پیتر ئیوری» زانستیاری زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە کینگزکالج کیمبریج ئەمڕۆ لە کاتی مژولیاشی جڤاتی ئێران لە شاری لەندەن گرینگی لە گۆڕانکاری و تازەگەری تۆرەی فارسیدا بۆ ئامادەبووان خستەڕوو ئیوری ڕەوتی وێژەی فارسی لە سەدەی نوزدەوە تا دەگا بە ئەمسەردەمە خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە، گوتی: «هەرچەندە تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ئەدەبیاتی بیانی وەرگێڕ دراوەتە سەرزمانی فارسی، چاپ و بڵاڤۆک لە ئێران بە ڕادەیەکی بەرچاو جێی خۆی کردۆتەوە، بەمحاڵەشەوە تا دەگا بە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی گەورەی «مێردەکەی ئاسکەخانم» نووسراوەی عەلیمحەممەد ئەفغانی لە سپتامبری ١٩٦٢ تۆرەی فارسی لە بواری ئاوا بەرهەمێکەوە کەلەبەرێکی تەواوی پێوە دیار بوو، بەڵام ئێستا بە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی عەلیمحەممەد ئەففانی ئەم کەلەبەرە پڕ بۆوە و ئەم دەورەیەش تەواو بوو، گۆڕانکارییەکی نوێ و داهێنەرانە لە ئەدەبیاتی فارسیدا سەریهەڵدا، ئەگەر ئەم کتێبە لە هەر وڵاتێکی دیکەدا سەریهەڵدابایە هەر بەمچەشنە خوێنەری خۆی پەیدا دەکرد، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەو لە ئێران نیشانەیەکیترە لە

پاراوی بیر و ئەندێشە، ئەدەب و زەین، خوڵقاندنێکی ئێرانی ـ ئیوری ئینجا گوتی ئەم ڕۆمانە مانای ئەوەنییە کە ئێستاش لە بلیمەتانی ئێرانی چاوەڕوانی ئاواها بەرهەمێک دەکرێ، بەڵکوو نووسەری ئێرانی دەتوانێ بە زمانی خۆی وەڵامی تۆرەی جیهان بداتەوە.»... ئەم کۆڕەی ئەنجومەنی ئێران، کە لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی و موتالای ئەفریقایی زانستگای لەندەن بەڕێوەچووبوو، ڕۆژهەڵاتناسانی گەورەی ئینگلیز، خوێندکارانی ئینگلیزی زمانی فارسی، خوێندکارانی ئێرانی لە زانکۆی لەندەن، ئەندامانی جڤاتی ئیرانی لەو کۆڕەدا بەشداربوون.

بەڕێز بزورگ‌عەلەوی نووسەری ناوداری ئێرانی، لە ژمارەی شەشەم گۆواری کاوە چاپی مونیخ وتارێکی بە زمانی ئاڵمانی نوسیبوو هەر ئەم وتارە بە زمانی فارسی لە ژمارە ٨ و ٩ی هەمان سەرچاوەدا چاپ کراوە چەند پاژێک هەر لەو وتارە بەمچەشنە هاتووە:

تەواو چلساڵ لەو سەردەمە ڕادەبرێ کە «سەید محەممەدعەلی جەماڵزادە» لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکانی خۆیدا «یەکێبوو یەکێنەبوو» کە ساڵی ١٩٢١ لە برلین لە چاپ درا ئەمرۆکەش بە شێوەی مانیفست و ئاگاداری‌نامە ئەدەبیاتی پەخشانی فارسی لە نێو کۆمەڵگای خەڵکدا جێی خۆی کردۆتەوە، نووسراوەیەک کە هەمووکەس لێی تێدەگا، زمانی پەخشان، بەکارهێنانی لە شێوەی دەربڕین و ئاخافتن، زاراوەی تازە و بەجێ، هەروەها پەخشانی شرۆڤەکراو لە قەڵافەتی ڕۆماندا، چیرۆک و نۆڤلێت،ی لە توخمی بنەڕەتی لە ئەدەبیاتی پەخشانی نوێندا خستەڕوو. ئێستا بە دڵنیاییەوە دەتوانم بێژم، ڕۆمانێک هاتە نێومەیدانی تۆرەوە ـ هەروەکوو جەماڵزادە لەو ڕۆژگارەدا چاوەڕوانی دەکرد ئەم بەرهەمە ئێرانی‌گەل لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە یەکدی دەناسێنێ، پێموایە ئەوا ئەمرۆکە ئەو ئاواتەی ئەو هاتۆتەدی، جەماڵزادە لە نامەیەکی تایبەتدا کە لە مارسی ١٩٦٢ بیرو ڕای خۆی لەمەڕ کتێبی ئەفغانییەوە بە من ڕاگەیاند. ئەوا منیش لەسەر ئیزنی ئەو دەقی نامەکەتان بۆ ئاواڵا دەکەمەوە:

«...مێردەکەی ئاسکەخانم گەیشت بە دەستم، ئەوەی ڕاستبێ تازە دەبێ من و زۆرکەسی دیکەش پێنووس و تێنووسمان دانێین و هەڵی‌نەگرینەوە! بەڕاستی وڵاتی ئێران وڵاتی موعجزە و پەرجۆیە، کوتوپڕ، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانییەک لەئارادا بێت منداڵگەلی سەیر و پەرجۆئاسا بە کۆمەڵگا دەناسێنێ، ئەم کۆپەڕە شیاوی خوێندنەوەیە. سەر لەبەری ئەم کتێبە «تیپیک»ی ئێرانییە... هەر لە زمانەوە، هەر لە دیمەن و ڕوانگەوە، لە ڕاوێژ و گێڕانەوەوە...»

گۆڤاری کاوە بەمچەشنە درێژەی دەداتێ:

«مێردەکەی ئاسکەخانم» بۆ توێژەرانێک کە فرەراڤەی بن ڕازاوەکان و پەند و مەتەڵۆکەی خۆماڵی دەکەن و بایەخ ئەدەن بە پەند و ئامۆژگاریی فارسی، وەک خەزێنەیەکی نەناسراو وایە. ئەم بەرهەمە دارماڵە لە فۆلکلۆر و تاریفات و خدە و ڕەوشتێک کە لەنێو خەڵکدا باوە و لە بەرینانەوە بووە بە میرات و کەلەپوور بەشێکی زۆر لە پەند و مەتەڵۆکە بۆ یەکەمجار ئەم ڕۆمانە لە خۆیدا کۆی کردوونەتەوە، ئەم پەڕتووکە شیاوی ئەوەیە کە تەنیا بۆ جارێکیش بێ لەمبابەتەوە ڕاڤە و لێکدانەوەی لەسەر بکرێ، بەمپێیە ئەفغانی نووسەری ئەم ڕۆمانە لە دوای جەماڵزادە و سادق هیدایەت و کەس‌گەلێکی دیکە بەشێکی زۆری هەیە لە دەوڵەمەندکردنی زمانی فارسی‌دا.

... بەتایبەتی جێی لێوردبوونەوەیە ئەفغاتی ئەرکێکی قورسی بە ئەستۆوە گرتووە کە هەر خۆی بەمچەشنە دەبێژێ:

«داخۆم تاکوو ئێستا کەسێک بووە بێت و باسی ئەم دڕندایەتییە بکا کە بە عالەمی ئاشکرا وەک گورگی هار کەوتوونەتە نێو ڕان و زۆر ناجوامێرانە ئافرەت دەچەوسێنەوە و ئەو بەڵایەی بەسەر ژن دێت لە جێیەکدا بینووسنەوە؟»

ئەو بە تەواوی هێز و توانای خۆی توانی ئەم ئەرکە بەجێ بێنێ، گرێنگ ئەوەیە کە ئەو ویستی ئەم زەنگە بزڕێنێ و ئەم حوکمە داسەپاوە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە لەقاوی بدات هەروەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ئەم کارەشی کردووەو ئەم ڕۆمانە نەک هەر لەسەر ئەدەبیاتی ئێران کاردانەوە دەبێ، بەڵکوو لە باشتر بەڕێوەچوونی داهاتووی خەڵکی ئێراندا کارساز دەبێ و بە باشی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ.»

هەیاران: ئەمەی لە سەرەوە موتاڵات کرد، ئەوە سەرنج و بیرو ڕای مەزنە نووسەر و ڕووناکبیرانی فارس‌زمان بوو سەبارەت بەم ڕۆمانەی عەلی‌محەممەد ئەففانی، کە نزیکەی نیو سەدەی بەسەردا ڕادەبرێ، بەڵام تۆ بڵێی لە دنیای ئەمڕۆکەشدا ئەم نەهامتیانە هەبن کە لە ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخانم»دا هاتووە؟ یا ئەوەی ئەقڵی سەردەم و ژیار و شارستانییەت خدە و ئاکاری نێو کۆمەڵگای داتەقاندووە و پاکی کردۆتەوە؟ چوونکە ئەقڵانییەت لە ئەمڕۆکەدا لە شەپووری شارستانییەت دەتۆڕێنێ و بە خەیاڵ ژیرانە بە بەژنی مرۆڤایەتیدا هەڵدەزنێ.

ئەگەر ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخاتوون» باسی نان‌فرۆشێکی بنەچەک دەوڵەمەند یان تازە پێداکەوتوو دەکا، باسی دیاردەی دزێوی چەندژنە دەکا کە ئەم نەخۆشییە لە عەرەبی دەشتەکییەوە گەیشتە کوردستان و سێبەری ئەم فەرهەنگە چڵکنە بە گشت خدەکانی‌تریەوە

سەیوانی خستە سەر ژیاری پیرۆزی ئاسکەرایی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان‌دا؛ چۆنییەتی هەڵس‌وکەوتی دەستەو تاقمێک بە کەڵک وەرگرتن لە مەندیل و سەری زەرد و شاڵی سەوز ڕوون دەکاتەوە چۆن بە هەزاران گزی‌وفزی و دەهۆ لە چەشنی زەروو دەمیان لە خوێنی خەڵک ناوە. ئەم ڕۆمانە پڕە لە باسی کۆڵەمەرگی و بەش‌مەینەتی خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاران و بەرژەوەندخواز و نەخۆشی و مردنی زارۆ و بێ‌دەرەتانان، باسی شەڕ و ئاژاوەی نێودەوڵەتان و قاتی‌وقڕی، بەڵام با تەواوی ئەمانە بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە پەردەی لەسەر لابدرێ باشە، شتێک کە حەزم‌کرد وەک ڕوون‌کردنەوەیەک ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە داخۆم ئێستاش ئافرەتی کورد لە ژێرچەپۆکەیی ڕزگاری بووە؟ لەکوێ؟ لە کام شار و گوند و کامە دەڤەر؟ ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژن مافی قسەکردن و بیرو ڕا دەربڕینی لێ‌زەوت کراوە، داخۆم هەنووکەش ئافرەت وەک کاڵایەک چاوی لێ‌ناکرێک؟! زمانی لە بنا نابڕن؟ هەر ئەلحانیش بیرلاوازان ناڵێن، ژن پرسی پێبکە و بەقسەی مەکە؟! بە سەدان کەڕەت مێرد پێی‌ناڵێ ژنت بەسەر دەهێنم؟ ئەگەر پیاو سەت‌جار بڵێ هادەکەم، ژن تەنیا جارێک بێژێ هوو دەکەم تۆ ژن بێنی من مێرد دەکەم! ئەوا پرچی دەردەهێنێ لووتی دەبڕن، لەسەر کرێتی و دزێوییەک کە پیاو بەسەری دەهێنێ بەردبارانی دەکەن. کێ پێی‌وایە جارێک پیاو لە خۆی بپرسێ، ئەو ماڵەی ڕێک‌وپێک و تەباو ڕەبایە، کچ و کوڕی ژیر و بلیمەت تێیدا هەڵکەوتووە چاکیەکەی بۆ ژن دەگەڕێتەوە؟ دایکی باش عەولادی باشی دەبێ. بەڵێ ئەمە ڕاستییە، نە هەموو پیاوێک بۆ باوک دەبێ و نە هەموو ژنێک بۆ دایک، ئێستاش هەرچەندە لە شارو باژێراندا ژن دەتوانێ لە کۆڕ و جڤاتی فرەزان و مەزناندا بەشداری بکا، بەڵام بەشێکی زۆری هەروا لە پشت‌پەردەوە ماوەتەوە و بەرپێوارن، دەرەتانی زۆر شتیان لێ‌گیراوە کە مافی خۆیانە. ئایا ئافرەت چل‌چرا و بەختەوەری ماڵ نییە؟ ماڵی بەبێ ئافرەت بەبێ دایک تەلارێکی بێ‌دەروازە و پەنجەرەیە، پێت‌وانییە ئەگەر گیانداری بەستەزمانیش زۆری ئازار پێبگات و وەئامان بێت زمان دەگرێ بورکانی دەروونی دەتەقێ؟ لە بن لێویشەوە بێ ئەم‌رستەیە دەڵێتەوە: «بۆ دەبێ هەرچی مێوینەیە ئێوەی بە گفتی خۆتان ژیرو زانای مەندیل بە سەرو سەر زەرد و ناوقەت سەوز زمانی لە بنا ببڕن و وەک کەو لە قەفەسی بکەن؟ قوڕبەسەر ژن چوونکە ئێوە تەنیا و تەنیا ژنتان بۆ شەوخەو دەوێ؟! ئێوە لە زیندانی‌کردن و دەست‌بەسەردا گرتن‌دا بەدەسەڵاتن، بەڵام قەت بیرتان نەکردۆتەوە لەحاند هەڵفڕینی ڕۆحی خۆتان دەسەڵاتی زارۆیەکتان نییە. هەتاکەی ئێمەی نێرسالار، بیرو زەینمان پاراو نەکەین، بۆ دەبێ لە چەشنی پاڵەوان فس‌فس

تەنیا شان و باهومان بەهێز بێ؟ کەچی مێشکمان هیچی تێدا نەبێ! هەر بۆیە هەنووکەش چەوساوە و ژێردەستە و قوڕبەسەرین، مرۆڤی ژیر بۆ چەند ڕۆژێک جیرانەکەی نەبینێ تاسەی دەکات و هەواڵی دەپرسێ، بەڵام سەی‌میرانی پاڵەوانی ڕۆمانی «مێردەکەی ئاسکەخاتوون» ئەگەر مانگێ جارێک جگەرگۆشەکانی خۆی نەبینێ بۆی گرینگ نییە! تەنیا لەبەر ئەوەی ناسکە هومای دووەمژنی لێ‌نەڕەنجێ! کەچێ هەر ئەم سەیدە نان‌فرۆشە تەواوی خۆشی ژیانی ئاسکە، دایکی منداڵەکانی ڕنیوەتەوە و پۆلووی ئازار و خەفەتی بە مەزرای دڵی وەرکردەوە، ئەوە خاوەنی دوو چاوی ڕواڵەت‌بینە و پێی‌وایە جوانی هوما وەسە پرشنگی خۆر، تیریژی لە دڵ و جەرگی کاری کردووە! لە سەرێکەوە دەستێکی بە قوڵفی کابەوەیە و لەلایەکی‌تریشەوە داوێنی یار دەگرێ،!هەر ئەم سۆفیلکەیە ڕدێنی قەڵەمکار دادەنێ و بەدەم تەسبێحاتەوە ناوی یەزدان و پیاوچاکان ڕیز دەکات، کەوابێ ئەمە یەک‌بان و دووهەوایە، هەر بۆیە بەسەر پشتی شەودێزی خەیاڵەوەنا، هەر بەڕاستی ئیتر چی‌دەکات و چی‌ناکا؟!

ئەم ڕۆمانە پڕە لە کارەسات، تراژیدیای باوکێکە، دڵدۆڕاوی چاوی ئەبرۆکەوانێکە، ژیان و ژینی لە خانمی نێوماڵ و جگەرگۆشەکانی کردۆتە ژەقنەمووت و دۆزەخ، لەسەر ساحی عەلی دای‌ناون، بەڵام ئەوکاتەی دەستی لە هەمبانە بەردەبێ و خەریکی خۆهەڵداشتنە، لەسەر هەڵدێری ژیان، ئەوەی وەفریای دەکەوێ پەلی دەگرێ کەس نییە جگە لە ئاسکەخاتوونی کۆنەژنی، هەر ئەو ژنەیە سەرەڕای ئەم هەموو دەردەی کە بە دەست میرانی مێردییەوە دیتوویەتی زگی پێی‌دەسووتێ و پشتی تێناکات، هەڵی دەستێنێتەوە و لەسەر پێی‌خۆی ڕای‌دەگرێ.

خوێنەری کورد، هەرچەندە نووسەری ئەم ڕۆمانە بە ڕەچەڵەک کورد بو بە مەزەب شیعە و بیرو باوەڕی تایبەت بەخۆی هەیە ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە، چۆن سەرنجی داوەتە کۆمەڵگای خۆی و بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لە دەوروبەری خۆی ڕوانیوە. ئەوانەی ئەو لەو سەردەمەدا دیتوویەتی هانی داوە کە ئاوا ڕۆمانێک بخوڵقێنێ، هەر ئەوشتانەی نووسەری ئازار داوە، ئێمەش ئەمڕۆکە ئەوانە بە جۆرێکی‌تر لە بەرگ‌و بیمچێکی نوێدا دەبینین بە شانیدا ڕادەبرین، گوێمان لە زریکە و هاوار و سکاڵایان دەبێت!

گەلۆ دەبێ عەلی‌محەممەد ئەفغانی کرماشانی حەزی بە فەرهەنگی بێگانە نەکردبێ، ڕازی نەبووە کە ئافرەت لە چەشنی «مینوو» لە عابا و چارشێو و کۆچکە و پەچەوە بپێچرێ، ئەو، هومای دووەمژنی قارەمانی ڕۆمانەکە دەکاتە نوێنەری ژنانی ڕزگاری‌خواز. بە جەسارەتەوە لە

هەوڵی ئەوەدایە ئەم دیارەدە کرێت و دزێوە لابەرێ و بیسڕێتەوە! کە ژن و ئافرەتی کورد هەر لە بەرینانەوە لە گوڵ پاکتر و پاڤژتر بوون و وەک چۆن یەزدان بە هەموو جوانییەکانەوە گوڵی دانەپۆشی ئەویش حەز بە داپۆشین ناکا، گەرەکی نییە فەرهەنگ و نەریتی نامۆیی بەسەردا زاڵ‌بێ. لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم ڕۆمانە هاوری ژن و ئافرەتی زۆرلێکراوی کوردەوارییە بە دەست پیاوسالارییەوە، کە بە خامەی نووسەرێکی فارسی‌نووسی کرماشانی نووسراوە، وەک تەڵای دەستەوشار وایە بێ‌گومان بە سەدان ساڵی دیکەش کۆن نابێ و نرخی دانابەزێ.

وەرگێڕ

سەرچاوە: شوهر آهوخانم / عەلی محەمەد ئەفغانی، بڵاوکەرەوەی نیگاه، تاران، ساڵی ۱۳۸۸ هەتاوی، چاپی دوازەدهەم

بەو پیرییە کەوتۆتە سەرم عیشقی جەوانی
هەرچی لە دڵمدا بوو نەما ڕازی نیهانی
تەیری دڵەکەی بەرزەفڕم تووشی نەزەر بوو
چاو! چاو بە تەڵەی کێوە بووە چونکە ڕوانی

حافز (وەرگێڕ: حەقیقی)

## بەشی یەکەم

دوانیوەڕۆیەکی زستانی ١٩٣٤ بوو، خۆری پێش نیوەڕۆ بسکی زێڕینی بەسەر شانوملی شاری کرماشاندا پەخش و پەرێشان کردبوو. هەرچەندە هەتاو بەرەو خۆرنشین لەنجەی دەکرد، بەڵام لەحەولی ئەوەدابوو ئەو گرداڵە بەفرەی شەوێ هەنیەی شاری سپی هەڵگێڕابوو، بتوێنێتەوە. ڕوخساری ساماڵی ئاسمان دەتگوت ڕوومەتی بووکی یەکشەوەیە لەبەر تاسولووسی بریقەی دەهات. پۆلێ کۆتر لە کەلێن و قوژبنی شیروانییەکانی نێو بازاڕ هێلانەیان کردبوو، سەرخۆش و دەم پڕ لە ئاواز و گمە باڵیان لەم تۆیژاڵە هەڵمە بێڕەنگە دەسوو. کەوا لە ژێر پێوپلی ڕێبواران و بەربەڕۆچکان هەڵدەستاو لوول دەبوو؛ وا دیار بوو ئەوانیش هەستیان بە بەرامە و ترپەی پێی بەهار کردبوو.

لەم شەقامەدا هەموو شت بە شێوەی ئاسایی خۆی دەجووڵا، فەیتوونێک بە لەقەلەق تێدەپەڕی؛ ڕێبوارێک دەستی لە گیرفانی باڵتەکەی نابوو سەری داخستبوو هێدی و هێور بە پەیژەی ژیاندا سەردەکەوت، دووکاندارێک خەریکی بەڕێکردنی مشتەرییەکانی بوو؛ کەس لە کاری خۆیدا بە تاڵۆکە نەبوو. سەنگفەڕش و بەردەڕێژی شۆستەکەش نەختێک تەڕایی مابوو؛ چۆڕە چۆڕی ئاوی پلووسکەکان بە هەوایەکی تایبەتەوە سەرنجی بیسەرانی ڕادەکێشا.

ئەم ڕیزە دووکانەی لەمبەرەو ئەوبەری شەقام تەکوتووک کراوە و بەستراو، کە هێشتا ڕەنگە سەوزەکەیان لە هەردوو بەر وشک نەببۆوە، هەرچەندەی بۆئەو ڕێبوارە ئاساییەی کە بیر و ئەندێشەی دەیهێنا و دەیبرد، جێی سەرنج و تێڕامان نەبوو، بەڵام بۆ ئەو مێرمنداڵەی کە هێشتا

هەناسەی دێوی خەفەت وەسەری نەکشابوو بە هەنگاو و ڕەوتی شیرینی بەرەو فێرگە و قوتابخانە هەقلیمەقۆی دەکرد، دیمەنێکی جوان و لەبەر دڵانی هەبوو. دەرودەشت و دار و دیوار مزگێنی نوێبوونەوەی ساڵ و چەند ڕۆژێک پشوودانی زۆرەملیی دەهێنا.

بۆنی ڕەنگ وەک مژ بەسەر ئەم ناوەدا کەوتبوو، ئەو کەسانەی ڕوویان دەکردە دووکانەکان و خەریکی کڕینی پێداویستیی خۆیان بوون بە وریاییەوە دەجووڵان نەکا جلوبەرگیان لە بۆیە و ڕەنگی دەرگاکان هەڵسوون. و گەسکبەدەست وزبلڕێژ ئارام و لەسەرەخۆ خەریکی خاوێنکردنەوەی شەقام و کۆڵان و بن دار و قاناوان بوون سەتڵ و تەنەکەی خۆڵیان بەتاڵ دەکردە نێو لۆری و لە دووری شار دەیانڕشت. ئەم سەتڵ و تەنەکە خۆڵانە بیرۆکەیەکی تازە بوو شارەوانی بۆ پەکو خاوێنی شار دایناببوو. ئیتر ڕەنگی سەوز و سپی و سووری ئەم سەتڵانەش لە پاش نیوەڕۆدا دیمەنێکی ڕازاوەی بە باڵای شارەکە دەبەخشی.

پۆلیس و پاسەوان بە جلوبەرگی تایبەت و شینێکی تۆخ و پۆستاڵی قەترانی و باتۆن بە دەست، کڵاوی جووتلەبەیان هەتا سەر برۆیان دەهێنا خوارێ، بزە لەسەر لێو و بە گیف و ئیفادەوە جارجارێک لەسەر پاژنەی پێ وەر دەسوڕانەوە. ورد ورد لەدوور و نزیکیان دەڕوانی. نەکا لەم شارە مامناوەندییەدا کاری چوست بکرێ و باری ئاسایی ئاڵۆز بێ.

لە نێو قەدی شەقامەکەوە، خوار کۆڵانە کورتەکەی بەردەرگای مزگەوتی جامی شاباز؛ نانەواخانەیەک کە بە قورم و دووکەڵ سەرو سەکوتی خۆی و هاوساکانی سواخ دابوو، هەر لە دوورەوە وەک خێوەتی دۆمان ڕەش دەچۆوە. ئەم دارو دیوارە ڕەشەی  دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو. لە هەناوی نانەواخانەکەوە هێشتا کە چۆڵ بوو، دەنگی قرچوهۆڕی چرپیوچاڵ و دەمەتەقەی نانکەر و وەردێنەچی دەهاتە بەرگوێ، کولێرەی پەنجەکێش و سەنگەکی ڕیزکراوە بە ئامێزی ڕاست و چەپی دیوارەکەوە نیشانەی ڕۆزیی زۆر و هەرزانی بوو. مانگ، مانگی ڕەمەزان و بەرامەی نانی گەرمە تەندوور و کولێرەی رەشکراو، حەوت گەڕەک ئەولاتر دەمی ڕێبوارانی پڕ دەکرد لە ئاو.

پیاوێکی ڕەشتاڵەی بەژن و باڵا مام ناوەندی لە تەنیشت تەرازووەکە دانیشتبوو. داخڵەی پووڵ و پارەش لە پەنادەستی و باڵتۆیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی لە جنسی بەرەک و دەستکردی خۆراسانی لەبەردا بوو. نێو  چاوان بەرز و  تەخت و برۆکانی قەترانی و پان و چاوەکانی تیژ و بەبڕشت بوون. ئەدگارێکی تۆزێک کز و بێگۆشت، لەگەڵ هەنیەی بە قۆڵداچوو، ڕەشید و ژیر دەهاتە بەرچاو، بێجگە لەوەی کرێکارێک بوو پیاوەتی و دڵۆڤانی لە قەڵافەتی دەباری، تووکی سەر و ڕدێنی

ئەوەندەی لە ژێر کڵاوە تازە مۆدەکەوە دیاربوو هێشتا ڕەشی دەنواند. دووگمەی باڵتەکەی بەبێ هیچ دەستوورێک جوامێرانە کرابوونەوە، لە ژێر ئەویشدا کۆت و شەڕواڵی قاوەیی خەتدار و سەڵتە و زەنجیری کاتژمێری باخەڵی بەدەرەوە بوو. ئەو پیاوە میران، یان هەروەک نازناوەکەی خۆی کە بەسەر تابلۆی دووکانەکەوە بوو، سەید میران سەراوی، خاوەنی نانواییەکە بوو.

*شاری بچووک و کەم نفووس، بەقەدەر باڵای خۆی هەیە کێشەی و لە گرفت و ئاریشە *بەدووره و ژیانیشی بە بێ ژانەسەر بەڕێوە دەچێ، خەڵک تەباو ڕەبا و دۆستایەتی لە نێوانیاندا گەرموگوڕ و ناکۆکیەکان کەم و کاڵتر. ئیتر سۆزی کاکە و برالە هەموو لایەکی گرتبۆوە. پیاوێکی تێکسمڕاو و بە قەڵافەت، بە تەمەنێکی ژوور شەست ساڵ. بە سواری فەیتوون گەیشتە بەردەم ئەو نانەوایەی باسمان کرد. هەر ئەوەندەی چاوی بە میران سەراوی کەوت، لە پشت مەکینەی تەرازووەکە ڕاوەستاوە، لە فەیتوونەکەوە سەری هێنا دەرێ، لەو کاتەدا فەیتوونەکە دوور دەکەوتەوە بە دەنگێکی بەرز و نێرانەوە سڵاوێکی لێ کرد و سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا. دووکاندارەکە لەگەڵ ئەوەی سڵوەکەی ئەستاندەوە، هەتا نزیک دەرگاکە بە چاو کەوتە شوێنی، بە ڕێز و ئێحتەرامەوە بانگی کرد:

ئۆغر بەخێر، مام جوامێر، ڕەنگبێ بەرەو کۆنەهەوار بچی؛ فەیتوونەکە دە هەنگاو ژوورتر لە قەراخ شەقامەکە ڕاوەستا، پیرەمێرد تۆزێک ڕاست بۆوە، دەستی گرت بە لێواری فەیتوونەکە و بە نووزەیەک کە جێی سەرسووڕمان و پەشێوی بوو، وەڵامی دایەوە:

بەڵێ هەر ڕاست بۆ ئەوێ دەچم بۆیە بە تاڵۆکەم، نەکا دوا بکەوم. بەڵام زۆرم پێسەیرە کە تۆ هێشتا لە پشت تەرازووەکە ڕاوەستاونی. یان ئەوەی من بە هەڵەدا چووم، وانییە؟! بۆ مەگەر ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە و دوازدەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان نییە.بەڵێن وابوو ماڵباتی هاوپیشەیی...

بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێ نیگای پەڕیە سەر ڕێبوارێک کە بە شوسەکەدا تێدەپەڕی، هەر بۆیە وتەکانی نیوەچڵ کرد.

بەم قەڵافەتەوە کە هەیبوو، وەکازە حەیزەرانەکەی کردە لەنگەر و بە ئەسپایی لە فەیتوونەکە دابەزی . جلیسقەکەی بەری ئەگەرچی زۆریش فش و خۆڵ بوو بەڵام ورگە شۆڕەکەی دانەپۆشیبوو، پەنجەی بردو و بە دوو قامکی سکەیەکی لە گیرفانی هێنا دەرێ و دایەدەست لالۆی فەیتوونچی. قورس و ئارام، لەبەر قەڵەوی لرخەی دەهات لە پیادەڕێکەوە هاتە بەر دووکانی برادەرەکەی . سنگ و بەرۆکی ئاواڵە و تووکن، ئەوەندە هەناسەی سوار بوو هەستت دەکرد دڵی

وەک تەپڵ لێدەدا. میران سەراوی سڵاوەکەی تازە کردەوە؛ لێو بە کەنین و بە جەفەنگەوە گوتی: ـ گەورەم کاکی ئاشەوان هەڵەی کردووە، نەوەک بەڕێزتان کە خەریکی نانکردنن! بەڵێ، ئەمڕۆ هەر ئەو ڕۆژەیە هاوپیشەکان گفتیان دابوو لێژنەیەک پێکبێنن. بەڵام قەول و قەرارمان گۆڕدرا و دامانناوە بۆ دوای جەژنی ڕەمەزان. هەروەک لە نێوچاوانی دەستوور دەردەکەوێ و پێشبینیم دەکرد. ئەمڕۆکە ناتوانین بگەینە خزمەت بەڕێزان؛ مانگی ڕەمەزانە و خەڵک ڕۆژووان. تاکوو هەموویان لە کۆڕەکەدا بەشدار نەبن و بەر لە هەموو شت دەراوێکی ڕوون نەخەنە بەردەم ئەم خەڵکە. تۆ پێتوایە باری ئەو کێشە و گرفتە بە لایەکدا بکەوێ؟ ئەوە بە چاوی خۆت دەمبینی منیش کە دەبوو ئەرکی میوانداری وەئەستۆ بگرم لەم پشت تەرازووە قەتیس ماوم، بوومەتە تەرازوودار؛ هەروەک دەمبینی حەبیب بەو دڵمەندییەی کە هەیەتی تەواو دوو ڕۆژە ئەم گشتە کارەی بەسەردا داوم. بەڵام تۆ ئەوە بە من بڵێ جەنابت چۆنە هەواڵی گۆڕانی کۆبوونەوەکەت نییە؟ میرزا نەبی دەیگوت خەبەری کۆبوونەوەکەم بە سەرجەمی خاوەن دووکاندارەکە ڕاگەیاندووە، چاکبوو وەبیرم هاتەوە، باسی ئەوەشی کرد، کە نەیتوانیوە چاوی بە بەڕێزت بکەوێ، دووکانەکە داخراوە و هەر وەکوو منیش گوێبیست بووم، هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاشەوانێک. میران نەختێک جێگۆڕکێی بە کورسیلەکەی خۆی کرد. بۆ ئەوەی هاوڕێ بە تەمەن و نەخۆشەکەی لە جێی دابنیشێ، ئەویش هەر بە دەستی، خوڵکەکەی ڕەت کردەوە .دانەنیشت و وەڵامی پرسیارەکەشی نەدایەوە. لەنگەری خستە سەر وەکازەکەی وهەر بەم هاسکە هاسک و هەناسەسوارییەی کە هەیبوو وبۆنی گلەیی بە قسەکانییەوە دیار بوو گوتی:

مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوو گرتن نابێتە لەمپەر لە بەرامبەر ئەم کارانەدا، بۆ مەگەر ئێمە بۆ چایی و شیرینیخواردن لە دەوری یەکدی کۆ دەبینەوە؟! ئێوە لە لایەکەوە دووکان بە دووکان دەگەڕێن و تۆمارێک ئیمزا و واژۆ لە برادەران وەردەگرن و ئاگاداریان دەکەنەوە ئەگەر کاری زێڕینیان بە دەستەوەیە بەجێی بێڵن و بێن لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بن.

پیرەمێرد بەبێ ئەوەی قسەکانی ببڕێتەوە زمانی لەگۆ کەوت. لەکاتێکدا ڕەش و شین ببۆوە، هەناسەسواری بەربینی پێگرتبوو، زمانە ئەستوورەکەی بەسەر لچ و لێویدا شۆڕ کردەوە و کەوتە هەناسەبڕکێ! کاکی دووکاندار خەریکبوو کیلۆ و بەردەکانی ئەمبارەو بار دەکرد لەسەر سەکۆکە، تۆزێک پەرێشان و بە پەژیوانییەوە سەری قسەی بە دەستەوە گرت.

بەڵێ مامجوامێر، بێڕیا و ڕووڕاست، بێجگە لەوەی دووکان بە دووکان گەڕاوم، هەر وەک خۆشتان ئاگادارن شەو و نیوەشەو سەرم بە ماڵاندا کردووە، بۆ ئەوەی دڵنیا بم قەول و بەڵێنم لێسەندوون، سمێڵم ناوەتە بارمتە، منەتم کێشاون، پێڵاوم ماچ کردوون. جێی لێنەبێ هەروەک ڕەسووڵی خودا دواندوومن، حەدیسم بۆ خوێندوون ـ هەڵبەت باش دەزانی لە کوێوە قسە دەکەم و مەبەستم کێیە کلکی وشتر گەیوەتە عەرزی تا ئەوانەم بۆ ڕازی بووە لە دانیشتنی ڕۆژی دوازدەی ڕەمەزان واتە هەر ئەم کاتوساتە مەبارەکەی تێیداین و خەریکە بەسەر دەچێ،بن. ئێستاش واز دێنین لەو جۆرە کەسانەی لە کاراندا خۆیان کووزوو دەکەن و لەملاشەوە دێنە سەر سفرەی حازر! ئەوانە لە هەرلایەکەوە بای بێ،شەن دەکەن.

دەستەیەک لەو کەسانە، هەر وەکوو من ژنەفتوومە، ئەوانە گلەو بناشتیان زۆرە و خەریکی لابێژین! ناوێرن ڕاستەوخۆ دەربێبڕن، عەرزت دەکەم.

تاقمێک باوەڕیان وایە هاوپێشەگەلی نانوایی لە هەلومەرجی ئێستادا بەمدانیشتن و جڤاکانە تەنیا کات بەفیرۆدانە و دڵمەندی و ناتەبایی نانەوەیە؛ هەر بۆیە یەکدەنگ و هاوبیر نین، لەسەر کاری خۆیان سوور نین، ئەرکی خۆیان بەجێ ناهێنن. لە گەڵ یەکتری ڕووڕاست نین، غیرەت و جوامێرییان ناوە بەلاوە و ویژدان تۆپیون؛ بەم شان دەبێژن و لەو شان نایپێژن.تەنانەت ئەگەر وەک مامری خراپ هێلکە ناکەن ڕاوکەش دەخۆنەوە؛ هەتا بۆیان بکرێ پاشقولی یەکدی دەدەن و هەرکەسە و بە ڕبەی خۆی دەپێوێ. ئیتر بۆیە کردەمان کۆ ناگرێ هۆرە لە خۆمانە.

پیرەمێرد بە سەرسووڕمانەوە واقی وڕمابوو. سەید میران دەسەوارێکی نان لەسەر دەست بوو چووە پەنا تەرازووەکە و درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ شێرعەلی و براکانی دەڵێن: ئێمە کارمان بە کاری کەس نییە؛ نە کۆبوونەوە دەچین و نە کاریشمان بە لێژنە و هەڵبژاردنە.گەرەکیشمان نییە سبەی تووشی کێشە بین، سەری نەهێشاو لە پرێسکە نابەستین! ئیراد و ڕەخنەش لە کار و کردەی کەس ناگرین، کەیفی خۆیانە چیدەکەن! بەڵام ئەمانە گشتی بڕوبیانوون؛ تەنیا گەزێک بەردەمی خۆیان دەبینن. ڕووی قسەم لە بەڕێزتان نەبێ ئەوە گەمژەیی دێنێ، کەسێک بە قازانج و زەرەدی خۆی نەزانێ، ئێوە لێی ورد ببنەوە، ئەمە ڕەشنووسی ئەو بیست و شەش نانوایەیە کە لە کۆشی ئەم شارەدایە بە ناو و شۆرەتەوە، ئەوەی ئیمزای داوە یان نەیداوە هەڵبەت ئەوانەی گەنمە شامی دەکەنە نان ناونووس نەکراون، وشکە نان و نانەڕەقەش حیسابیان لەگەڵ ئێمە جیاوازە؛ بەڵام کەسێک لە هاوکارە کۆنەکانمان ئەگەرچی جارێ

دووکانیان بە دەستەوە نییە، ناویان لە تۆمارەکەدا هاتووە، بەداخەوە دەبێ عەرزتان بکەم، هۆکاری توورەبوونی زۆریەک لە هاوکارانمان دەگەڕێتەوە بۆ حازربوونی ئەم چەند کەسە. ئەم بەڕێزانە وا بیر دەکەنەوە گۆیا کەسێک تەماحی تێکردوون و خەریکە نان براویان دەکەن. خۆ ئەگەر ئەوانە کێشەی تایبەتی خۆیان لە نێودایە ئیتر نابێ بە زیانی بەرژەوەندی گشتی تەواو بێ.

مام جوامێر، تۆمارەکەی لە دەست وەرگرت سەیرێکی ناوەکانی کرد لەگەڵ واژۆکان، زۆربەیان پەنجە مۆر و مۆری هەڵقەندراو بوون. زۆر بە سەرنجەوە لێیانەڕوانین. بە زەحمەت توانی بە هەردووو باری شانیدا سەری بسوورێنێ. نیخەنیخی سنگی دەهات، بە دەم کۆخینەوە گوتی:

ـ ئای لە خێڵی بەخیلان، کاروباری ئەم سنفە ئەم هاوپیشانە بەم زووانە چارەسەر نابێ، ئەمە نانی بێخوێیە بە تەندوورەوە ناوەستێ!

سەیری ئاشەوانت نەکردووە، وەها پشتی یەکیان گرتووە، دەڵێی چیای زاگرۆسن. تاوێ دەمانتەزێنن جارێ دەمانگەزێنن. ئێمەی نانکەریش تەنانەت وەک چاخانە و چایی چیشمان پێناکرێ. تازە ئەو ڕۆژە نایەتەوە ئاشەوان منەتی نانکەر و وەردێنەچی دەکێشا! منەتی دەبرد کاکی نانکەر وەڵامی سڵاوی بداتەوە،ئەوەشم لە بیرە ئەو ساڵەی لەوپەڕی هەژاریدا حەوتەیەکی ڕەبەق لە مزگەوتی «مەهدی هات» کۆزیلکەیان بەست و بە وتەی خۆیان لە حەیفی شاتر و ماتر و نانواخانە خەریک بوون، دەرگای ئاشەکە گاڵە بدەن و ڕوو بکەنە شاران،ئەرێ بۆ وایان کرد؟ یەکدەنگی و یەکڕەنگی ئێمە بوو، خاوەن نانواخانەکان وەک ئەموستی دەستێک ببوون بە یەک مست! کەڵی بوغەیان بە یەک مشت دەخست! یەکگرتوویی واتە دەستی خودا، یانی هێز و پێز، قوڕ بەسەر ئەوەی پشت دەکاتە نەتەوەی خۆیی، بڕوای بە بزەی نەیاریەتی، سەراوی گیان، ئێوە میراتگری ئەم کێشە و ئاریشانەن. تەنیا موجزات دەتوانێ دەرۆستی بکا!

لە شەڕی جیهانییەوە تاکوو ئێستا بیست ساڵە لەو شارەدا نانەواخانەم هەیە. ڕدێنم لەم کەسپەدا سپی کردووە. هێشتا بۆڵە و منەتم بەسەر هیچ هاوکار و ئاشەوانێکدا نەکردووە، ئەوەندەی وەبیرم دێ زەحمەتم بەسەر دەستدا نەماوەتەوە، کەس بە خۆڕایی گەرەکی نەبێ. بەڵام لە سایەی سەری بەڕێوەبەری تازەی دەستەی نانواوە، ئەو کەسەی ناو و ناوبانگێکی هەیە ئەمە سێ ڕۆژە بێکار و بێبار تەخت لە ماڵێ دانیشتووە، سەریشم لەوە سووڕماوە بەمحاڵەوە ئیتر من کێم ناوم لە نێو ناواندا بێ، یان یەکێک بم لەو هاوکارە کۆنانەی هەروەک خۆت دەڵێی ئێستا دەور و دووکانیان

نەماوە؟! ئێستا ئەگەر بەمجۆرەیە خۆت باسی دەکەی تکام ئەوەیە ناوم لەسەر سنگی ئەم تۆمارە بسڕیەوە.

یانی بەڕاستی ئەمە شایانی ئەوەیە؟! هەر ئەو گەمژە پیاوەی کە ناوت هێنا، شێرعەلی، سەرەڕای ئەوەی یەکدوو ئاشی هەیە، چۆتە لای چراخعەلی ئاشەوانەکەی من شێوازی کارەکەی یەک تمەن بردۆتە سەرێ و ئامادەیە نرخی باری وڵاخێک قڕانێک و کەموکورتییەکانیش خەرواڵی دوو مەن حیساب بکا. ئێستاش ئێوە بفەرموون بەڕێز بەڕێوەبەری دەستەی خاوەن نانواکان، ئەرک و چارەی منی پیرەمێردو لەشبەبار چییە کە خاوەنی هەشت سەرخێزانم، لەم هەلومەرجە دژوارەدا؟ لەم وشکەساڵەدا، ئاشەوان تەنانەت وەڵامی سڵاویش ناداتەوە، لەگەڵ ئەم هاوکارە بێخیرەت و کاڵفامانە، کەس نازانێ کوڕی کێن و لە کام کاولبوویەکەوە هاتوون ئیتر پیاو نازانێ قوڕی کوێ بکا بەسەریدا؟

ئاخۆ ئەمە شیاوە، باڵام بە باڵای کەسێک بگرن کە خۆی لە پێستی سەگدایە و ببمە سۆخرەی ئەم و ئەو؟ یان بە خاوو خێزانەوە بەبێ شێو سەر بنێمەوە؟! ئەو ڕۆژەی ئێوە بوونە جێنشینی قاسمخان و کورسی بەڕێوەبەریتان داگیر کرد، تەنیا دڵخۆشی من و دەستەیەک ئەوەبوو پیاوێکی دنیادیدە و دڵسۆز ئەم ئەرک و فەرمانە بەڕێوە دەبات، لە هەمووشت گرنگتر، بێغەلوغەش، ئەوەی گەرەکمان بوو دەستمان کەوت. قاسمخان مرۆڤێکی بەزاکوون و دەمڕاست بوو، بەڵام هەموو دووکەڵەکە هەر دەگەڕێتەوە بۆ چاوی خۆمان. ئێستاش مەبەستم ئەوە نییە دەستی هومێدم لە تۆ بەردابێ ئەگەر کەسێک هەبێ لە نێو ماڵباتی نانوایاندا، ڕازی و دڵسۆز و گوریسی تەماحی ڕانەخستبێ و ماندوونەناس بێ تەنیا و تەنیا سەید میرانی سەراوییە و تەواو، واتە جەنابت. ئەگینا کەسیتر نییە،لەهەموو جییەک هەرئەوەم گوتووە خودا بمگرێ ئەگەر پێچەوانەی ئەم قسانەم بەزاردا هاتبێ. بەڵام تێناگەم بۆ دەبێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارمان لارو دەردمان بێدەرمان بێ؟! بۆچی دەبێ گفت و بەڵێنمان وەکوو یەک نەبێ، هەرکەسەی بەلایەکدا ئەسپی خۆی باژوێ؟ ئیتر شالووزی و منەتکێشانی ئاشەوان بەس نییە؟ ئەم دووڕەنگی و لێکدابڕانە تەنیا بە زیانی خۆمان دەشکێتەوە، دەبێ یەکدڵ و یەکگیان پشتی یەک بگرین، دەبێ بۆ چارەسەری گرفتەکان بیرێک بکەینەوە، کارێک دەکەین نە شیش بسووتێ و نە کەباب، هەرکەسە مافی خۆی بدرێتێ، مزەی ئاشەوان، بەشی ڕۆژانەی نانەواکان، کەسێ تێر و کەسێ برسی نەبێ، دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی یەکدی، لەم دابڕان و دووری کردنە خۆ ببوێرین، ئیتر بۆ هەمیشە کۆتایی بەم کەسبەکەسییە بێنین.

پیرەمێرد، پشوویەکی هاتەوەبەر و قسەکانی تەواوکرد. ڕوانینی کز و نەخۆشی لە دوو چاوی گەورە و ڕوحانییەوە، ئەگەرچی پڕبوو لە تووڕەیی بەڵام دڵۆڤانی و ئامۆژگاری پێوە دیاربوو. بۆ چەند ساتێک دووکانەکە بێزووی بە مشتەرییەوە دەکرد. میران بە پاژنە هەڵکێشە زەردەکەی گیرفانی، خەڵووزی نێو منقەڵی سەر سەکۆکەی بەرهەیوانی تێکوەردا، بە دەنگێکی نییان و ماندوو، دەستیکرد بە قسەکردن:

ـ پێرێکە، لە شارەدارییەوە ناردبوویان بە شوێنمدا. مامجوامێر فەرموو لەسەر ئەم کورسییە دانیشە، ئاوا بە پێوە ماندوو دەبی، وەختێ چوومە خزمەتیان، دیسان هەر نەقڵی ڕیس و گوریسەکەیە و قیمەت و نرخی نان بوو. شارەداری تازەی شار جارێ نەگەیوەتە جێ،دووکەڵی بەرز بۆوە. کەسی لە ئێمە لاوازتر وەگیر نەکەوتووە.

قاچێکی خستە بان کورسیکەکە و بە شێوەی دەمەلاسکێ دەنگی خۆی بۆڕ کرد:

«نانی سەنگەک نابێ لە چوار قڕان گرانتر بێ.»

«ئەشێ نرخی نان لەم شارەدا وەکوو یەک وابێ ـ داوایەکی سەیر ـ نانی گەرمە تەندووریش دەبێ بە کێش و تەرازوو بێت.» مامجوامێر، بە بیستنی ئەم وردە فەرمایشتانە و بەتایبەت ئاخرین وتەیەک کە بیستی، چاوە پڕووشەکانی نووقاند و بە دەنگێکی خنکاو کە لە ئەوکیدا قەتیس مابوو قاقایەکی کێشا، نیوەی خوێنی دەمارەکانی قەڵبەزەی بەست و هات لە ڕوخساریدا کۆبۆوە؛ ددانە ڕزیو و تاق ولۆقەکانی ناو دەمی دڵی مرۆڤی هەڵدەشێواند! نیخەنیخی سنگی بوو بە کۆخین و بە هێمنی گوتی:

ـ هەرکەس ڕاست دەبێتەوە هەر دەڵێ بێنە، کەس نییە بێژێ هانێ. زۆر باشە، تۆ چی دەفەرمووی؟ بێژە فەرموودەیەکم بۆ گوتن پێ نییە، کاتێ نازانم بە کێهە زمان بیدوێنم. وەک دەڵێن زۆریش چەوت و لاپرەسەن و دەم شڕە، بیستوومە تۆ لە پێشدا میرزا نەبێت ناردبووە لای؛ دەردێکی پێدا بوو عارەب بە گامێشی نەدابێ، ئەحاحاحاحا!

مام جوامێر، بەدەم کۆخینەوە ملی نا لە قاقاکێشان. میران سەراوی بۆ ئەو مەسەلەیەی کە ببووە هۆی ڕووخاندن و سەرشۆڕیی یەکێ لە هاوکارەکانی ئەوان، زەردە نیشتە سەرلێوی و سەرێکی بۆ لەقاند. پیرەمێرد کۆخینەکەی خۆی لە سینەدا حەپس کرد و پێش ئەوەی تەواو بێتەوە سەرخۆ بە ئاماژەی پەسندکردنی پەنجەی لێی زیاد کرد:

ـ بەڵێ براله گیان ، ئەمە تەنیا ئازارێکە و بۆتە خۆرەی ناو هەناوی خۆمان.

بە سیلەی چاوێک و بە ڕوانینێکی تیژ و هەستیارانە ئاوڕێکی لە پشتسەری دایەوە و دەنگی خۆی نزمتر کردەوە:

ـ کاتێ من و تۆ هەردووکمان کەسێکی ماندوونەناسی ئەم شارو وڵاتەین، بە بیانووی باش و خراپی گەنم، جیاوازی لە مزەی ئاشیدا، یان هەرجۆرە حەزێکیتر، ئەم نانە بە دوو نرخ دەفرۆشین، شارەداری فەیتوونسوار شوێن و مەکانی خۆی دیارە، جانمرادی زبلڕێژیش مافی خۆیەتی بڵێ چۆن وایە، بۆچی وایلێهات؟! هەر لەوێ، لە سووچی دووکانەکە، ژنێکی چارشێو سپی هاتبوو خۆی دابووە پەنای کۆڵەکەی دووکانەکە و ڕاوەستابوو، بە چارشێوەکەی سەری ڕوخساری خۆی حەشار دابوو؛ ئەوەندەش نزیک نەبوو،گوێی لە قسەکانی ئەوان بێ، ڕواڵەتەن یان نانی دەویست و شەرمی دەکرد بێتە پێشێ، یان ئەوەی کاری بە کەسێک بوو. مام جوامێر درێژەیدا بە قسەکانی خۆی:

ـ من ئەوە پەسند دەکەم قیمەت دانان لەسەر شت سوننەتێکی موسڵمانی نییە و حەزرەتی عەلی (ع) لە زەمانی خەلافەت و ژیانی خۆیدا هەرگیز ئەم کارانەی بە باش نەدەزانی، بەڵام ئەگەر بڕیار وایە حکوومەت نرخ لەسەر نان دابنێ، بۆچی خۆمان ئەو کارە نەکەین. وانییە؟ ئەگەر بەڕاستی نانی ئەم شارە پێویستی بە باشترکردن هەیە، خاس وایە خۆمان دەست پێشخەری بکەین! من داخوازی خۆم لە ئایندەدا ئەگەر خودا حەز بکا دەیخەمە ڕوو.

چەند مشتەرییەک وەژوور کەوتن و دەمەتەقەی نێوانیان کۆتایی پێهات. پیرەمێردی نانەوا داوای خۆی بە گوێچکەی سەرۆکی هاوپیشەیان گەیاند. تاکوو ئەوکاتەی کاروباری سنفەکە دەکەوێتە ڕێ ئاشەوانێکی بۆ پەیدا بکات و نەهێڵێ دووکانەکەی دابخرێ.

بە نیوە نیگایەک کە بێوازی و نەخۆشیی پێوە دیاربوو، سەری داخست و دوای ماڵئاوایی، بە پێچەوانەی دابەزینەکەی، بۆ دوواوە گەڕایەوە و بە شەقامەکەدا هەڵزنا. هێشتا چەند هەنگاو دوور نەکەوتبۆوە، گەڕایەوە؛ دەستی لەرزۆک و قامکی شادەی بەرز کردەوە و گوتی: ـ شتێکیتر، نانی دزیەتی دەبێ پێشی بگیرێ؛ تێدەگەی؟ دوو نرخی دانان.

رستەکەی بڕی و لەپڕ پرسیی:

ـ تۆ پێمبڵێ، لەگەڵ ئەم پێشنیارەم هەی؟ من هەتاکوو ئێستا نە بینیومە و نە بیستووشمە ئەم دووکانە بە دزیەوە نانی بە دوو قیمەت فرۆشتبێ، وانییە؟

بیسەرەکەی بە ئاستەم چاوی لەسەر یەک دانابوو لەگەڵ زەردەخەندەیەکی هێور سەری بۆلەقاند:

ـ بە گیانی شیرینی تۆ نەبێ مام جوامێر، بە مەرگی ئەو چوار عەولادەم، کە لە داری دنیادا تەنیا ئەوان شک دەبەم، ئەگەر من شتیوام لە ژێر سەردا بێ، تەنیا ئەوە نەبێ لە ڕۆژدا دەیکەمە نان و دەیدەم بە مشتەریەکانم لاوێچێک زیاتر ناکەمە نان، نان و ئارد وەلاخستن کارێکی شیاو نییە، ئەو کارە لە کەسێک دەوەشێتەوە دەرپێی ژنانی لە پێدا بێ. نابێ ئێمە ئەم ئیزنە بە کەس بدەین کەرامەتی نانەواخانە بنێتە ژێرپێ. منیش بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ تۆدام و پێشنیارەکەتم بەلاوە پەسندە. ئەمجارە پیرەمێردەکە گەڕابۆوە تیشکی ڕەزامەندی بە ناوچاوییەوە دیار بوو ـ میران سەراوی کورسیلەکەی بۆ بن دیوارەکە ڕادا و ڕووی کردە خانمە چارشێو سپییەکە کە هێشتا هەر لە شوێنەکەی خۆی بەسەر پێوە بوو، گوتی:

ـ ئەم پیاوە هێشتا نازانێ، یان ئەوەی دەزانێ و خۆی گێل دەکا، من ڕۆژی خەڵوارێک نانی لەشکر و سەربازم لە ئەستۆیە، بە زەحمەت دەتوانم ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنم. پێتوایە چەند دەستمان پێوەیە، ئەم نانکەر و وەردێنەچییانەی من، هەناسە ساردانە! بۆ ئەوەی ئەوانە بێنان نەبن، شەو و ڕۆژ شازدە سەعات کار دەکەن. ئەرێ! چاک وابوو بیرم هاتەوە، دەبێ ئەمشەو هەرچۆنێک بێ بچم یاوەر، سەرۆکی دایرەی «تیپ» ببینم، لە ماڵی خۆیدا، ئەوە زۆر پێویستە و تەنانەت لە تەرازووداریش گرنگترە، پەیماننامەکەمان هەتاکوو نەورۆز بوو، ئەوە خەریکە کۆتایی دێت، نابێ لەبیری خۆمی بەرمەوە، هەر دەبێ ئێستا خۆمی لێ هەڵبکەم. ئەگەر بێتو نەختێک سەرساردی بنوێنم خەنیمەکانم دەستی خۆیان ڕەپێش دەخەن.

لە دڵی خۆیدا خەریکی لێکدانەوەی پێشنیارێک بوو بۆ ئەو بڕیارە تازەی کە لەبەر دەستدا بوو بیسەپێنێ بەسەر خەنیمە زۆردارەکەیدا. پێشتریش، لەمەڕ ئەم بابەتەوە لەگەڵ یاوەر ڕاوێژیان کرد، ئەو کابرایە تا بڵێی نەرمونیان و بەسەبر بوو، لە هەر بارێکەوە خەریکی چارەسەری گرفت و دۆزینەوەی بوارێک بوو. ئەو شتەی کە جێی مەترسی بوو ڕاگەیاندنی مناقسات و هەراجییەک بوو، ئەوەش کێشەیەک نەبوو چارەسەر نەکرێ. هەروەک دەڵێن، برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لەلای خوا بێ. ئەو بڕیارەی کە بۆ نانی سەربازی واژۆ کرابوو ئەوەندەی تام تێدا نەبوو سمێڵ چەور بکا! خێری بۆ کەس تێدا نەبوو، سەرەڕای ئەمەش زۆر کەس حەولیان دەدا ئەم کارەیان وەدەست بکەوێ. هەر بۆ ئەوەی عینوانێکیان لە سپای شاردا وەدەست بکەوێ، هەر وەک دەڵێن مانگا لە

سایەی شیردانەوەیە لەوەڕی خۆشە. حەول و دەولی سەید میرانیش لەسەر ئەم هیوایە قوت ببۆوە. ژنە چارشێو سپییەکە، ئەوە دووەمین جار بوو خۆی نیشان دووکاندارەکە دەدا بەبێ ئەوەی تەواو بێتە پێشێ. زۆر بە شەرم و حەیاوە ڕاوەستابوو. نەجیمی و ئاکار چاکیی لە داوێن دەچۆڕا، دەستی هێنا پێشێ و تاقرانییەکی لە بان سەکۆکە دانا و بە دەنگێکی نەرم و پەریئاساوە حەولی ئەوەی بوو زاراوە کوردییەکەی وەشارێ، داوای چارەگێک نانی کرد.

ئیتر چارشێوەکەی لە ڕوخساری نەکردەوە، بۆ ئەوەی چاوی نامەحرەم دەستی نەبینێ، قۆڵی لە چارشێوەکە نەهێنادەرێ. لە سووچی چادرەکەوە پارەکەی خستە سەر سەکۆکە. بە شێوەی قسەکردنەکەی وادەردەکەوت، لەو ژنانە نییە هەموو ڕۆژێ بە نێو بازاڕدا بێت و بچێ سەید میران، بە دەنگێک کە ماندوویەتی پێوە دیاربوو بەڵام پڕ لە نزاکەت و هێمنی لێیپرسی، چ نانێکی بداتێ؟ خەزاڵی یان ئاسایی؟ ژنە ڕۆییە ئەولاوە و ئەو بەو دەستەی کە چارشێوەکەی بەردەمی پێگرتبوو لایبرد و بەو دەستەی دیکەی چارشێوەکەی گرت. ئەویش لەوپەڕی ساکاریدا، لە پاش چرکەیەک دوودڵی و ماتبوون، وەڵامی دایەوە، وەڵامێک ئاوێتە بە شەرم و حەیاوە، لە چەشنی ئەو کێژۆڵانەی لە کاتی مارەبڕیندا بەڵێیان بە دەمدا دێ لە بەرامبەر مەلادا.

خەلیفەی دووکانەکە، پیاوێکی کورتەباڵای تێکسمڕاو بوو بە لووتێکی درێژەوە، کڵاو چەرمێکی لە سەردا بوو. دەستەوارێکی نانی گەرم بە شانەوە بوو، لە دووکانەکە هاتە دەرێ و دەنکدەنک لەسەر سەکۆکە هەڵیخستن. سەید میران یەکێ لە نانەکانی کە هەڵمی لەسەر هەڵدەستا، هەڵیگرت و خستییە سەر تەرازووەکە؛ پرزۆڵێکی لێبچڕی و دوای ئەوەی کێشانەی کرد دایە، دەست مشتەرییەکە. ژنە پاش ئەوەی نانەکەی لە دەست وەرگرت ڕۆیشت، هێشتا دوور نەکەوتبۆوە دووکاندار قاوی کرد:

ـ خاتوون، خوشکە، باقی پارەکەت لەبیر چوو! بەو دەستەی نانەکەی لە دووکاندار وەرگرت، بە چارشێوەکە داپۆشرا، وەک کەلەمی سپی وابوو، ئەموستەکانی قەڵەمی و وەزریف بوون. سەیدمیران سەراوی بۆیەبەخوشکە بانگی کرد، بۆ ئەوەی دووربێ لە دڵەڕاوکێ و بیرۆکەی ناماقووڵ، لە کاتی ئاوادا غەور لە دڵی مرۆڤ دەنیشێ و نەینووکی ئیمانی تاپۆی وەسەر دەکشێ. ئەمەش خۆ دوورگرتنە لە دڵکرمێ بوون.

ژنەکە، لەو کاتەدا خەریکبوو دە شاییەکەی وەردەگرتەوە، بۆ ئەوەی باشتر خۆی داپۆشێ و چاوی نامەحرەم نەیبینێ وەرسووڕا و بە ناز و عیشوەوە چارشێوەکەی کردەوە و دایەوە بەسەر خۆیدا.

وەک ئەوە وابوو گەوهەرێکی بەقیمەت لە ژێر پۆشینێکی بێبایەخ دابێ، مانگی چاردە و ئەستێرەی بەیان لە ژێر هەور و تەم وەدەر کەوت، خونچەی لێوی بە ئاستەم ترووکاند و دوو ڕیز مرواری لە توێی دوو لێوی ناسکدا درەوشانەوە، نیگای نەرمی لەبەر پێی خۆی بڕی و بەم وشەیە شەکری لێوی شکاند:

ـ داوای لێبووردن دەکەم، وامزانی باقیم ناکەوێتەوە، مرۆڤی ڕۆژۆوان هۆش و بیری لەلای خۆی نامێنێ.

سەید میران، بەش بەحاڵی خۆی لەبەر برسییەتی و بێوازی تاقەتی قسەکردنی نەمابوو. لەپڕ ڕووناکی کەوتە نێوچاوانی؛ بە زەردەخەندەیەکەوە کە نیشانەی ڕووخۆشی ئەو بوو، گوتی:

ـبەڵێ وایە، بەڵام زۆری نەمابوو، منی بەستەزمان مشکڵۆزمەی خۆت بکەی. وەختێ ڕۆژووگرتن بێتە هۆی لەناوبردنی هۆش و گۆشی مرۆڤی موسڵمان، قوڕ بەسەری ئەو دووکاندارەی شەو و ڕۆژ کیلۆ و تەرازووی بەدەستەوەیە!

نەختێک مت بوو، وای بیر کردەوە لاتاوێکی بە تەوسەوە پێدا بدات: بەتایبەت وەختێک یارخەزاڵێکی وەک ئەو پەری شێوەیە نانت لێبکڕێ. ـ بەڵام ئەوە نەبوو ئەم مرۆڤە ئیماندارە؛ لە دڵەوە یان سەر زارەکی خۆی بە ڕۆژۆوان دەزانی و بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕا، خۆی لە ژێر مەتاڵی دیندا پەنا دابوو، نەکا، دەورووبەرەکەی لەمەڕ ئەو مرۆڤەوە بیرۆکەی چەوت بە مێشکیاندا بێت؟! سەیمیران بەمشێوەیە درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

ـ هاوار بەماڵی ئەم دووکاندارەی دین و ئیمانی خۆی دەفرۆشێت!

کەنینە، بێتام و ساردەکەی، مانایەکی تایبەتی خستە سەر قسەکانی:

ـ دەزانی چۆنە، خوشکی کاکی، ئەگەر بەندەی هەژار و تاوانبار کە دڵنیابە وەک خۆت زمانم بەمۆرە، ئەوەندە بیری بڵاو بوایە و ماڵی دنیای بۆ گرینگ نەبوایە و تۆش ڕۆیشتبای ئاخۆ چی پێشدەهات. دە شایی ئەوەندە زۆر نییە، هەروەک دەزانم ئەگەر لە ماڵێ وەبیرت بهاتبایەوە، خۆ تازە نەدەهاتییەوە بۆ ئێرە، پارەی تاکسی دەرنەدەهێنایەوە، بەڵام هەر ئەو قەرەپووڵە کەمە وەک

ئەوە وایە ئەڵماسێکت هەبێ و ڕووشاندبێتت، ئیتر خۆ ئیمانیش هەر بەمجۆرەیە، وای بەمڕۆژەی هەموومان دەچینە نێو ئەم گۆڕە تەنگ و تاریکەوە پڕ لە دووپشک و ماری سەرپان!

ژنەکە لەبەر دەمیدا بە بێدەنگی ڕاوەستابوو، سەیمیران وەک ئەوەی منالۆچکەیەک بدوێنێ، ڕێی قسەکردنی لە ژنە بڕیبۆوە، ئەو کە مرۆڤێکی ڕووخۆش بوو، بەدەم قسەکانی خۆیەوە زوو زوو پێدەکەنی. دەستەوارێکی نان خستە سەر تەرازووەکە و لەولاوە دایەنا، بەبێ ئەوەی سۆز و عەلاقەیەکی بەمکارە هەبێ، ژنە خەریکی ڕۆیشتن بوو، چاوەکانی ئەویش وەکوو تولفێک کەوتە شوێنی لەنجەو لار و پاوپووزی. ئەو خانمە سەرنجی ڕاکێشابوو! ئەمە ڕوانینێک بوو، دەستفرۆش و دووکانداران بۆ ناسینەوەی مشتەری خۆیان خوویان پێگرتووە. ئەوەی لە ڕوخسار و بسک و پۆشین و ژێر چاشێوەکە دڵی ئەوی بردبوو، بۆ ئەو جێی سەرسووڕمان بوو. ئەو جوانییەکانی لە ژێر گۆرەوی و چارشێوی کۆنیدا هەڵسەنگاندبوو. ژنە چارشێو سپییەکە شۆخێک بوو لەوپەڕی جوانیدا، زۆری وەک کچی کافرۆش ئاواتەخواز بوون سەعاتێک بە میوانی بن. کراسێکی کۆن و تاوبردوو کۆت و تەنوورەیەکی کورتی لەبەردا بوو.کوڵمەکانی زەرد هەڵگەرابوون وقووپابوون. وەختێ قۆڵ و باسکی سپی و سۆڵی، جارێک بۆ وەرگرتنی نان و ڕایەک بۆ وەرگرتنی باقی پووڵەکەی لە ژێر چارشێو دەرکەوت بووە هۆی تێڕامان و جێی سەرنجی سەید میران. سەر دەستی کۆتەکەی چەند جارێک داگیرابۆوە، ئیتر وەک خۆی نەمابوو تەواو کوڵ ببۆوە؛ قۆڵ و بازنی میسواری لە ژێر ئەو قۆڵە کورتەوە لە دوورەوە دیاربوو. لەوە دەچوو کۆتی منداڵەکەی بێت لەبەریدا. مشکۆ و جەماڵ و هەژاری، دوو ڕواڵەتی دژ بەیەک بوون بەبێ دڕدۆنگی لە ژیانی ژنێکی ئاوا نازدار دا، کە ئەو ڕۆژە بۆ کڕینی کولێرەیەک هەوجێی کەوتبووە دووکانی ئەو.

ئەو ژنە گوڵە نێرگزێک بوو کەوا مزگێنی بەهار دەهێنێ. کەسێک کە وەجاخزادە و لە بەرەی پەیامبەری خوا بێ و بەمشێوەیەش خواپەرەست و دەروونی بێغەل و غەش بێ، چۆن دەتوانێ بیر و خەیاڵی ڕەش بە دڵیدا بێت؟ تێڕامان و سەرنجدانی لە پشت ئەم خانمەوە کە چاوەکانی وەک مێش بەسەر کەڵلەشەکری پاوو پۆزیدا نیشتبۆوە، ئەمە بە بێ ویست و دوور لە خەیاڵ و ئارەزووی بوو، جگە لەمەش گومانت نەدەکرد لە دڵ و داوێنی. خەیانەت لە چاویدا بێهێلانە بوو. هەر لەو سات و وەختە پڕ لە ڕاڕاییەدا، فکرو بیری بەرەولای خودای بانیسەر ڕۆیی و وەبیری هاتەوە دەبێ دەستنوێژ بشوا و بۆ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر ڕوو بکاتە مزگەوت و ماڵی خوا. دڵێک تێیدا بێ نووری یەزدانی، بەری لە شکە و فکری شەیتانی.

هەموو ساڵێک ئەودەمانەی کە چەند ڕۆژێک لە مانگی ڕەمەزان تێدەپەڕی سەید میران بۆی ببوو بە عادەت و پیشە دووانیوەڕۆیان ڕووی دەکردە مزگەوت و لە پشت سەری مەلا نوێژی دادەبەست و بە دڵ و دەروونێکی ئاوەڵاوە گوێی شل دەکرد بۆ پەند و ئامۆژگاریی مامۆستا. حەدیس و سەرگوزەشتەی پەیامبەرانی دەژنەوی و بەهرەی لێوەردەگرتن. ئێستا حەبیبی تەرازوودا بەجێی هێشتووە، پیاوێکی دەستودڵپاک بوو، ئەمانەتدار و جێی متمانەی سەیمیران، هەروەک بە کاک جوامێری دەگوت، هیچ کە دەرفەت و دەرەتانی بۆ نەماوەتەوە، بە حاڵی سەگ دەتوانێ کارەکانی ڕاپەڕێنێ. لە ماوەی یەکساڵدا بۆی نییە لە خێر و بێری ئەم مانگە ڕەمەزانە کەڵک وەربگرێ و سی ڕۆژە بەرۆژوو بێ. بەڵام خۆ ئەگەر ئەو ئێستا تاقەت و کاتی دانیشتن و پەندو وبیستنی نەسیحەت نەبوو، هەر نەبێ دەیتوانی خەلیفەی دووکان لە جێی خۆی دابنێ و بۆ ماوەی دە خولەک، یان چارەگێک، سەرێک بە مزگەوتدا بکات، بە ڕۆحێکی ئارام و لەشێکی خاوێنەوە ڕوو بکاتە ڕووگە و نوێژان دابەستێ و سووژدە بەرێ بۆ یەزدانی پاک، دواتر وەک پەپوولەی بەهەشتی بگەڕێتەوە بۆ سەرکاروبارەکەی.

سەیمیران سەراوی، کە بە مەشەدی میران قاویان دەکرد، سەرەڕای بڕواداری و دڵۆڤانی، لە خووخدە و ئاکار جوانیدا، پیاوێکی لەسەرەخۆ و نەرمونیان بوو. لەخوا ترسی و کارقایمی لە کرداری دەباری. هاوکات لەگەڵ هاوکار و مشتەری، کرێکار و دووکاندار، بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و خۆشەویستی لە ئاکاری دەچۆڕا. وەختێ باس دەهاتە سەر هاونشینی و تێکەڵاوی و لێکنزیکبوونەوە، قسە خۆشەکانی دەبوون بە نوقڵی مەجلیس و کۆڕ و دانیشتنەکە و هێندە سەر و ڕووخۆش و مەجلیسگەرم بوو، کوڕ و کاڵ، گچکە و مەزن حەزیان بە بینینی دەکرد و دڵیان بە دیداری دەکرایەوە.

لەو سەردەمەدا، ژنان، هەر وەک دەڵێن هێشتا لە ژێر بەندی پەجەو چارشێو و کۆچکەدا ڕزگاریان نەهاتبوو، لە نێو دۆست و ئاشنا و قەوموقیلەی خۆیدا کەوا هاموشۆ و تێکەڵاوییان فرە بوو، ژنان چارشێو بەسەر بە تەواوی غەریبە ڕوخساری نەبینیبوون، ئەگەرچی زۆر نەبوون بەڵام کەمیش نەبوون. حەوت ساڵ دەبوو لەگەڵ میرزا نەبی نانکەر، دۆستی گیانی بەگیانی تێکەڵ ببوو، هێشتا ڕوخساری هاجەر ژنە تازەکەی نەبینیبوو.سەی میران زۆر ڕێزی ئەو ژنانەی دەگرت کە لە قسەی مێردەکانیان دەرنەدەچوون.. ئەمانەش لە هەناوی پاقژو بڕواداریییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەوانە بێجگە لەو عەیب و ئیرادی ڕواڵەتی لە ئەدگار و لەش و لاریاندا، هەر ئەوەندەی خۆیان

دادەپۆشی، لە پێش چاوی پیاوانی ئیماندار جێی حورمەت و ستایش بوون. وەک فریشتە و پەری سەیریان دەکردن و بە ڕەحمەت و بەرەکەتی یەزدانیان دادەنان بۆ ماڵ و مێردیان. ئەو ڕاستەقینەیە، هەرچەندە دایمە ببووە وێردی سەرزمانی لە هەمووولایەک ئەوە نیشانەی ئەوە نەبوو، ئەوبەرامبەر ژنەکانیتر، یانی ئەوانەی لە ژیانی خۆیاندا ئازادتر و چاوکراوەتر بوون، ڕەفتاری توند و تیژ و سەرکوتگەر بێ. بە بڕوای ئەو، لە ڕاستیدا ئەو شەرم و شکۆیە لە دەروونی ئافرەتەوە هەڵدەقوڵێ و وەک دیوارێکی پۆڵایین وایە بۆ کەرامەت و گەورەیی ژن لە بەرامبەر تەواوی ناحەزی و پلار و چەوتییەکانی ڕۆژگاردا. قەڵاو لەمپەری ژن هەر ئەو حەیا و شان و شکۆیەیە کە هەیەتی، نەوەک چارشێو و کۆچکە و ڕووبەند. خۆ ئەگەر خوانەخواستە، کێشەیەک ڕووی دابا و کەلێنێک هاتبایەتە ئاراوە، لەسەر زەوەی بە حورمەتەوە ناوی نەدەبرا، قەرەبووکردنەوەشی بۆ نەبوو. لە یەک وشەدا ژن واتە شەرم و شوورەیی! سەیمیران سەراوی، لە کچەکانی حەوادا، تا ڕادەیەک ئەوینداری ئەو گەوهەری خدە و ئاکارە بوو، خۆ ئەگەر بێژم لە ڕادەی قاڵبووندا بوو، لە سنوور لامنەداوە؛ هەروەکوو لە بەرامبەریدا، زۆر بێزار بوو بە بڵحی و گەوجیی. ژنگەلێک، کاتێک حیلکانەوە و قاقای بڵحانەی گوێ لێدەبوو و لە هەمبەر کوڕە جیراندا، ئیتر ئەوانی لەبەر چاو دەکەوت. خۆ ئەگەر خوانەخواستە کچی پەیامبەریش بوایە قەت حەزی نەدەکرد گوێی لە ترپەی پێی بێت، دایمە دەیگوت: پێم خۆشە حیزبێ بەڵام چاو حیز نەبێ!

کەچی داوەریکردنی ئەو، لەمەڕ ئەم ژنە چارشێو سپییەوە لە سنووری حەز و بەدواداچوونێکی ئارام و سەرزارەکی تێنەدەپەڕی. شۆخوشەنگی و چاوو برۆ و ڕوخساری وەک خۆر و مانگی ئەو پەریشێوەیە، لەوپەڕی ساکاریدا ئەوەندە جێی سەرنج و شاز بوو، پیاوی دیندار، بە ترس و گومانەوە، بە لە دڵپاکی و ساکاریی خۆی ئەو ڕەوایەتەی وەبیر هاتەوە: دووری بکەن لەو ژنانەی کەوا ئۆمەتی شەیتانن.

هەر وەکوو پێشتر لە تەمەنیدا ئافرەتێکی وای بە خەونیش نەدیبوو، لە دوای ئەمەش ئەگەر جارێکیتر یان بۆ هەمیشە چاوی بە شۆخێکی ئاوا جوان و دڵڕفێن ڕووناک نەبوایەوە، بە دڵنیاییەوە دەبوو سەرینی خاترجەمی بنێتە سەری، تەنیا بە سیلەی چاوێک، بە ڕوانینێکەوە بە هەموو جوانی و خەیاڵ و سەرنجەکانییەوە، وەک چۆن لە دڵدا جێگر بوو، زۆری نەدەبرد لە دڵی دەچووە دەرێ و شوێنەواری نەدەمایەوە. لە کاتی نوێژکردندا لە مزگەوت، بە شێوەیەکی فرە نادیار بیرو هۆشی وەکار کەوتن و یارمەتیان دا، لە نێو مشتەرییەکانی ڕۆژی ڕابردوودا ئافرەتێکی

چارشێو سپی هەر بەم بیچم و قەڵافەتەوە هاتۆتە دووکانەکەی و نانی لێکڕیوە. وردە وردە وەبیری هاتەوە دە شایی قەرەپووڵ داوەتێ و چارەکێکی نان وەرگرتووە، هەڵبەت ئەو ڕۆژە ڕوخساری بەرپێواری ئافرەتەکەی نەدیبوو. سەیری کەوش و پێڵاوی پاژنە تەخت و گۆرەوییە پینەکراوەکەی نەکردبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە بێجگە لەم ژنە کەسێکی دیکە نەبووە، بڵێی بەمزووانە هاتبێتەوە ئەم گەڕەکە؟ ئەی کەوابێ پێشتر لەکوێ بووە؟ ئەم دڵەراوکێ و ئەو گشتە پرسیارە بەم کۆڵی خەیاڵ و فکرە دزێوانەوە سەری لەم پیاوە تێکدابوو. فکری پەرێشان و هیواکانی وەدوا دەدا؛ بسک و پەرچەمی مەیلەو خورمایی بە تەواوەتی کەمەندی دڵی ئەوینداران بوو. ئەگریجە و کاکۆڵی شانەکراوی کە شنەی با دەیبزواند، هەر وەک سەرو پرچی کچۆڵان جوان و لەبەر دڵان بریقەی دەهات. سەرو گەردن و چاڵی چەناگە و ترووسکەی گۆنا و قوڵکی بەرگەردنی دەتگوت ئەستێرەی بەیانە و شەقڵی شەوی شکاندووە. ڕوخساری پەریئاسا و ڕەوتی کەوی و سینە و بەرۆی کۆتری، کرو دەسترەنگینی ولەجێدا ڤینووسی یەزدانی بوو. مژۆڵی کاڵ و درێژ و نەختێک کەوانی، هەرچەندە نزمتر لە شەرم و حەیای ئاسیەی هاوسەری ئاکارجوانی فیرعەون بوو، پەردەی لەسەر ڕاستییەک لادەدا، کەوا لەژێر ئەم مژۆڵ و برۆیانەدا دوو جەلابی دڵ لە بۆسەدان بۆ ڕاوی ئاشقان. ئاخۆ ئەم پەریشێوەیە ژن بوو؟ یان بە واتایەکیتر، ئەمە خێزانی یەکێ لەم پیاوانە بوو، کە ڕۆژانە هەمووومان بە چاو دەماندیتن و سەرچاوەی نەهامەتی و ماڵوێرانی ئینسانەکان بوون!؟ کەوابێ هۆی چییە بەم هەمووە شۆخ وشەنگییەوە لەگەڵ ڕۆژ شەڕی دەکرد و ئاوا ساکار و بێدەعییە بوو؟ لە جوانیدا ئەوەندە بێوێنە بوو، خۆی دەیزانی پێویستی بە جوانکاری و تیف تیفەدان و وەسمەکێشان نییە. ئەمە جێی سەرنج بوو، بۆچی جلوبەرگێکی وەهای لەبەردا نەبوو لە سەرمای تەزێنەری چلەی زستان ئەو لەش و لارە ناسکەی بپارێزێ، بڵێی ئەمەشی پێویست و بەلایەوە گرینگ نەبووبێ؟ بە دڵنیاییەوە ئەو کرماشانی بوو، هەرچەندە زۆری هەوڵ دەدا، وەک مرۆڤی شاری بدوێ و تەنانەت وەک خانمێک قسە بکا، بەڵام لە ڕاوێژیدا، بە جوانی دەردەکەوت، زمانەکەی کوردییە ئیتر، ئەو خانمە نازدارە، کە ڕۆژێک لەوەپێش بۆ کڕینی نان هاتبووە دووکانەکە، سەیریش نییە کە لەمەولا بێتەوە، ئەمە ڕووداوێکە ئەشێ ڕوو بدات، تاکوو ڕۆمانێکی لێبێتە بەرهەم.

ژنە چارشێو سپییەکە، دوا نیوەڕۆ، بەرەبەری ئێوارێ، بۆ کڕینی نان سەنگەک لە نێو قەدی شەقامەکەدا ڕووی کردە نانوایەکە. هەواو بان خۆش و ئاسمان ڕوخساری لە هەنیەی بووکی یەکشەوە جوانتر بوو، بەڵام کزە بایەکی نەرمۆکە بەڵگی گوێچکە و سەرنووکی لووتی ناسک و

نازدارانی دەتەزاند و دەیگەزی. تەندووری نانوایی تازە داخرابوو، نانکەر خەریکبوو بەرهەڵبێنەی بەبەر خۆیدا دەدا و خۆی بۆ نانپێوەدان ونان کردن  ئامادە دەکرد و لێ دەنیشت. ئەو لە کاتژمێر چواری شەوەوە تاکوو نیوەڕۆ کاری کردبوو، نەختێک زووتر لە ڕۆژی ڕابردوو بوو. سەید میران، سەرقاڵی قسەکردن لەگەڵ نانکەر و تیریگێڕ لەسەر کۆلکە و دارو ئاور دووی نێو دوکانەکە دانیشتبوو؛ لە پێستە و خوریی مەڕ بۆ دەفروسوێنەی ئارد و هەویر، خەریکی سازکردنی ئاردماڵ بو. لە دیوی دەرێ چاوی بە چارشێوی ئافرەتێک کەوت با دەیشەکاندەوە. هاتە دەرێ، وەختێ زانی هەر ئەو خاتوونەیە؟، بە عالەمەی ئاشکرا دڵی کەوتە تەپوکوت. ئافرەتەکە منداڵێکی بە ئامێزەوە بوو. زۆر شیرین و سەرنجڕاکێش چارشێوەکەی بەسەر منداڵەکەدا کێشابوو، بە هۆی ئەوەی هەردوو دەستی گیرابوو سووچی چادرەکەی بە ددانی گرتبوو. لایەکی ڕوومەتی لە ژێر توێی چارشێو و ئەولای دیکەی بتەوێ و نەتەوێ بە دەرەوە بوو، لەگەڵ گەردنی میناائاسای، هەستی دەروونی دەبزواند. ئەم ڕوخسار و خۆگرتنە، تێکەڵ تاپۆیەکی نوورانی هەروەک مریەمی دایکی عیسا تلَفێک بە باوەشەوە ملی بەلارەوە نابوو. لە هێڵی ئەدگار و شوێنی حاوانەوەیدا نیشانەی دابڕان لە دۆست و ئاشنا و خۆشەویستانی بەرچاو دەکەوت. خەرمانەی بسک و پەرچەمی شانەکراوی کە لە ڕەنگێکی خورماییەوە بەرەو دیمەنێکی کارەبایی خاو دەبۆوە، بە دەم سروەوە دەشنایەوە، وەک ئەوەی ماندوو بووبێ، لەبەر دەرگاکەدا منداڵەکەی باوەشی دانا عەرزی. منداڵێکی سێ بەهارە و خڕوخۆڵ و شنێلێکی سووری لەبەردا بوو، ملوانکەیەکی چاوەزار بەبەر سنگیدا شۆڕ ببۆوە، بە گۆشگرە و مووروە و زەرد وکوو ژەکەی شین، دەسماڵێکی خاوێنیش بە دەرزیلەیەکەوە لەسەر شانی درابوو. سەیمیران بەرلەوەی مشتەریە تازە و نەرم و نیانەکەی لێو بتروکێنێ و گوڵی زاری بپشکوێ، بە مرژۆڵ و چاوە کاڵەکانیدا هەستی کرد، کە دەبێ ئەرکی سەر شانی ڕاپەڕێنێ. خۆی کردەوە بە دووکاندا و لە نێو نانە گەرمە تەندوورەکان نانێکی گەورە و برژاوی جوێ کردەوە. بردی و لە دەم دەرگای دووکان خیز و بەردە گەرمەکەی داتەکاند، هەر وەک باو بوو نانی زێدە برژاویان نەدەکێشا، بەڵام نایە سەر تای تەرازوو، لە پڕ زریکەی منداڵەکە لە بان سەکۆی نانەواخانە وەخۆی هێنایەوە، هەردووکیان لە چاو ترووکانێکدا گەیشتنە سەر منداڵە، ئەو بەستەزمانە، وەک ئەوەی دووپشک پێوەی دابێ، دەیزیڕاند و زمانی لە بن مەڵاشووی خۆی توند دەکرد. زریکەی دەهات و هەڵدەبەزی، باڵەپڕژەی دەکرد، دایکی هەناسە ساردیش ڕەنگی بزرکابوو

و نەیدەزانی چ بکات قسەی بۆ نەدەهات. لەوکاتەدا داهاتبۆوە منداڵەکە ژیر بکاتەوە و بیکاتەوە باوەشی، وەک ئەوەی بیژی خەتای خۆی بووە، لە ژێر لێوەوە گوتی:

ـ هیچ نەبوو! قەزات لە گیانی دایە، دەستی من بسووتێ ئەم خیزە گەرمە دەستی سووتاندی! ئێستا من چ جوابێک بە دایکی ئەو منداڵە بدەمەوە؟! خەتای من بوو دەستت سووتا!

ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو. دووکاندار لە ڕاستیدا خۆی بە بەرپرس دەزانی، وەک باوکێکی دڵسۆز بە هێمنی دەستی منداڵەکەی گرت و چەند جارێک فووی لێکرد؛ بەشکم ژانی بشکێ، ئەم بەستەزمانە ئەوەندەی ژان و ئازار پێگەیبوو، ژیر نەدەبۆوە. پەنجە ناسک و جوانەکەی بلۆقی کردبوو، وردە بارانی ئەسرینی ببوون بە لێزگەی مرواری بەسەر گۆنایەوە. بەرۆک و ملیوانەی شنێلەکەی بە فرمێسک تەڕ کرد، سەیمیران کە لە بەردەم منالەکەدا هەڵترووشکابوو، بێئەوەی لە ڕوخساری ئافرەتەکە ڕامێنێ، بە نیشانەی لێبووردن و بەخشین کەوتە قسەکردن:

ـ من خەتابارم، خوشکی کاکی، بەڵام جێی پەرۆشی نییە! ئەم خیز و بەردە ئەوەندە گەرم نین زیان بە پەنجەی ئەم ساوایە بگەیەنن. ترساندوویەتی، هەر ئێستا ژیر دەبێتەوە. ڕووی کردەوە ژووری و گازی کرد:

ـ ئۆهۆی عەبدول، عەبدول محەممەد!

کوڕێژگەیەکی دە- یازدە ساڵە، لاواز و سەرئالۆزاو، دەست و پەنجەی قەتماخەی هێنابوو، بەرگ و لیباسی چڵکن و شڕ و شیتاڵ، دەستە پیسەکەی هێنا بە تەوێڵیدا، ئەوەندەی دیکە چڕو چاوی جوان بوو! دووکاندار دەستووری پێدا بچێ لە چاخانەکەی ڕووبەڕوویان نەختێک مرەکەبی بۆ بهێنێ، ئیتر بە زمانێکی نەرم و لەسەرەخۆ ملینا لە ژیرکردنەوە و لاواندنەوەی منداڵەکە:

ـ وەی، بڤە بووی، دەستت سووتا؟ وەی وەی هیچ نییە ماڵەکەم، هیچ نییە قەزات لە من! خەتای ئەم بەرد و خیزە گەرمە بوو، لێیان دەدەم! (هەر بە دانیشتنەوە لە بەردەم منداڵەکەدا چەند جارێک بە نووکی پێڵاوەکەی لە خیز و چەوەکەی سرەواند). مرەکەبەکەی وەرگرت و قامکی خۆی تێهەڵکێشا و بەسەر بلۆقەکانی دەستی منداڵەکەیدا هێنا، بە باوەشی ژنەکەوە.

ـ تەواو بوو گیانەکەم، ئیتر ژانی نامێنێ، ئێستا چاک دەبێتەوە، ئەی ئافەرم! ئائا، مەگری تەواو بوو، دەستە جوانەکانت چاک بۆوە! پێمناڵێی ناوت چییە؟

گەرەکی بوو بەم قسانە لە بیری بەرێتەوە کە دەستی سووتاوە. ژنەکە هێشتا پەرۆش و نیگەران بوو، بە شەرم و حەیایەکی ژنانەوە سەری بردە بن گوێچکەی منداڵەکە و گوتی: بڵێ،

فەڕڕوخ. سۆزی دەنگە نەرمەکەی لە کاتێکدا سپاس و ستایشی پێوە دیاربوو لە ژێر تویژاڵێک شەرم و ئەدەبەوە بەرگوێ دەکەوت. منداڵەکە بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە کە ترسێکی منداڵانەی لێدەباری و تێکەڵ بە خۆشەویستی بوو، لە بەرامبەر ئەم پیاوە نامۆیەدا، بەڵام دڵۆڤان و سەرو ڕووخۆش، بۆ ئەوەی بە گوێی کردبێ، لەبەرخۆیەوە گوتی: فەڕڕوخ!

- بەە، بەە! بەڕاستی ناوت خۆشە، خوا دەست بە عومرت بگرێ گیانەکەم!

نێوچاوانی ماچ کرد و خێرا هەستا سەرپێ، قامکی بە مرەکەب ڕەش‌بووی بە دەسرەیەک خاوێن کردەوە، وەختێ کە دەچووە پشت تەرازووەکە بە زمانێکی خێرۆمەندانەوە گوتی:

- بەم سارد و سەرمایە ئەم منالۆچکەیەت بۆ لەگەڵ خۆت هێناوە دادی من! دیارە هەتاو بە دەرەوەیە بەڵام نازانی سۆزەی ئەم زریانە بەرد دەقەڵەشێنێ! ئەمە چلە چکۆلەیە و دەستی پیرێژن لە کەندوودا ڕەق دەکا! دەبێ وریای خۆمان بین، خۆمان گەرم داپۆشین، ئەم منالە بەستەزمانە ڕوومەت و سەرلووتی تەزیوە، وەک چۆنەر سوور بۆتەوە، هەر گەیشتییەوە ماڵێ ئەسپەندەری بۆ بسووتێنە و دۆعای بۆ بنووسە، مەگەر منداڵی خۆت نییە؟

خانمە نازدارەکە گوتی:

- نا، کاکەگیان، منداڵی خاوەن ماڵەکەیە، یان خاستر بێژم، نەوەی ساحێو ماڵەکەمانە. بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ منداڵی خۆم جیاوازیی نییە. کاتێک من لەو ماڵەدام، بۆ ساتێکیش ناتوانم لەو تڵفە جیا بم ناتوانم لێی دوور بم. وەختێ بۆ کڕینی پێداویستی لە ماڵ دێمە دەرێ، بۆ ئەوەی بە تەنیا نەبم ئەو منداڵە نازدارە لەگەڵ خۆمدا دەهێنم. من بڵێم چی، بە ناشکووری نەبێ جارێ ئەمە بەخت و بەشی منە!

دوای ئەو قسانە هەناسەکەی خواردەوە و مات بوو. چاوێکی دایکانەی لە منداڵەکە کرد بە باوەشییەوە. بە دەستە سڕەکەی سەر شانی، دەم و لووتی تەڕی منداڵەکەی سڕی و سەری داخست. سەی‌میران بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی شاراوە لەو پرسیارەی دەیکرد، بەر لە هەمووشت، لە دڵی خۆیدا بە دەست تێوەردان و خۆهەڵقوتین و فزوولیکردن لە ژیانی ئەم خەڵکەدا دەزانی. لێی پرسی:

- بۆ تۆ لەو ماڵەدا، باوک، برا، کەسێکت نییە خزمەتتان بکات؟ هەرچەندە حەز بە خۆهەڵقووتاندن ناکەم، بەڵام لە قسەکانتڕا وادەردەکەوێ تەنیابی لەو ماڵەدا، یان... بەڵا دوور بێ کارەساتێک ڕووی دابێ.

بتەوێ و نەتەوێ ژنە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

ـ چاكی بۆچووی، هەڵەت نەكردووە. لەو ڕۆژەوە لەگەڵ مێردەكەم نێوانمان تێكچووە بە تەنیا دەژیم. پرزۆڵێك هەویر لەسەر سكۆكە كەوتبوو، هەڵیگرتەوە و وەك هەڵماتێك لەسەر بەری دەستی خڕی هەڵدا و دواتر فڕێییدا ئەولاوە و درێژەی بە قسەكانیدا:

ـ بۆ كەسێكی وەكوو من هەناسە سارد و دەستوپێ سپیلكە، زەعیفە! كە ناتوانم ڕەش لەسەر سپی دانێم ڕووناكایی شك نابەم، كارەسات لەوە گرینگتر؟ هێلانەكەم لێشێواوە! هەركەسێ لە یەكەم نیگادا بمبینێ تێدەگا كە ژیانم ئاسایی نییە. بۆ بەختی ڕەشم كەسێك شك نابەم هەواڵێك بەرێ بۆ كەس‌وكارم لە ئاوایی، خێرا بێن بە شوێنمدا! ئەوان لە كوێ خەبەریان هەیە من لە چ ژیانێكدام، ئەوان كەی بەم حەیس‌وبەیسە دەزانن، خۆ كەراماتیان نییە، هەروا دەزانن سەرم ناوە بەسەر ماڵ‌وحاڵی خۆمەوە،هەرئاگایان لێ نییەكە.....

رستەكەی بە نیوەچڵی هێشتەوە. مژۆڵە شۆڕەكانی لەسەر یەك دانا و فرمێسكی خزین بۆ سەر گۆنای، بەڵكە ئاورگی دەروونی دامركێنێ. سەی‌میران كزەی لە جەرگی هەستا، ئەو شۆخەی كەوا ئێستا لە هەمبەریدا بوو، سەیر نییە وەختی خۆی بەكۆمەڵێك خووخدەو ئاكاراوە كە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ناخ و سرووشتی زۆربەی ژنان، مەیدان و ناوماڵی لە مێردەكەی تاڵ كردبێ! بەڵام ئێستا، ئەوەندە خۆی زەلیل و بێ‌دەسەڵات دەبینی تەنانەت سفرەی دڵی لەلای هەموو كەس، بگرە، خاوەنی نانەواخانەی گەڕەكیش هەڵدەڕشت.

ـ سەیرە، سەیرە!

ئەم وشەیە تەنیا هاودەردییەك بوو لە زاری سەی‌میرانەوە هاتە دەرێ. چەند كەسێك هاتن و نانیان برد و بوونە هۆی پچڕانی لێزگەی دەردەدڵی ئەم خانمە نازدارە. لەم ماوەیەدا، ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا لێی بپرسێ، لەسەر چی لەگەڵ مێردەكەی نێوانیان تێكچووە؟ ڕەنگە كارێكی باشی نەكردبێ، بڵێی لەم مێردەی منداڵی هەبێ؟

ژنە بە دوو چاوی پڕ لە شەرمەوە سەرنجی دابووە ملوانەكە كووژەكە و متوموورەكەی سەر سنگی منداڵەكە، قامكی بەسەردا دەهێنان، تەنیا وەڵامی ئاخرین پرسیاری دایەوە:

ـ كوڕ و كچێك.

تا ئێستا نەی‌ناردووە بە شوێنتدا؟ قسەیەكی لەگەڵ نەكردووی؟ زۆر جێی داخە! كەوابێ دەتەوێ چی بكەی؟ ئەی چۆن ژیان بەسەر دەبەی، من چیم لە دەست دێت؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ حەز دەكەی بنێرم بە شوێن كەس‌وكارتدا؟ لەهەر لایەك بن! بێن و بتبەنەوە؟ لە مێژە بە

تەنیای؟ کامتان داوای جویٚبوونەوە و تەڵاقتان کردووە؟ سەیمیران پەیتا پەیتا پرسیاری دەکرد، ژنە پاڵیدا بە کۆڵەکە دارەکەی بەر هەیوانی نانەواخانەکەوە، بە دڵنیاییەوە بە لایەکدا وەرسوورِا:

ـ ئەگەر ڕاستت دەویٚ لە لایەن منەوە بوو، بەڵام دەستپێشخەرییەکە ئەو کردی. ئەگەرچی منداڵیشمان هەیە ، بەڵام کار بە جێیەک گەیشتبوو تەنیا ڕێگە چارەمان ئەوە بوو لە یەکدی جیا بینەوە. لێک تێنەگەیشتنی نێوان ژن و مێرد، کاکی من، وەک نەخۆشی وایە، جا خۆت بیری لێبکەوە، دەبێتە خۆرەی گیان، ئیتر هیوا بە ژیان نامێنیٚ. مردن لە کاتی ئاوادا، لە چەشنی زەماوەندە! ئێمە هەردووکمان ژیانمان ببوو بە دۆزەخ، تەڵاق بۆ من وەک جێگە دەمی خەنجەر وابوو هەتا ماوم شوێنەواری هەر دەمێنیٚ. منداڵ لەبەر دایک هەڵگرتن دەردێکی گرانە؛ ئەوە ژان و ئازارێکە تا بە ڕۆح زیندووم لە گەڵمدایە، پێت وانەبیٚ تازە هەستم بەم دەردە کردبیٚ، هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ئەمەم زانیوە، چونکە من دایکم، بەڵام چ بکەم، چارەم نەمابوو، گەیشتبوە سەر ئێسقانم.

خەفەتبارانە منداڵەکەی لە باوەشی داگرت و لەسەر زەوی دایناا. توند دەستی گرتبوو. چارشێوە سپییەکەی سەری هەتاکوو سەر نووکی لووتی هێنا خواریٚ، کە سەروچاوی بە دەرەوە نەبیٚ، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ تەواوی تەمەن و گەنجیم لە جەزیا و چارەڕەشیدا بەسەر برد. بە دەست ئەو مێردەوە ژیانم ببووە دۆزەخ و خۆم و منداڵەکانم ڕۆژێکی خۆشمان نەدی لە ژیانماندا. هەر ساتێک بۆ ژیانمان، سەدەیەک برک و ژان بوو. دشی بابانوێران لێمان ببوو بە دڕووی مەم و زین،خۆشییەکانی ڕۆژانی ژنومێردیمان بوو بە قوزەڵقورت بە کەکرە و ژاری ماری حەوت سەر! ئای لە خۆم ڕۆژە ڕەشیٚ، ڕەنگە یەکیتر ئەم گوزەرانەی بۆ قەبووڵ کرابا! بەڵام منی چارەڕەش نەمتوانی، نەمتوانی بەرگەی ئەم ڕەشە بایە بگرم. هەرکەسە و تاقەت و دەروونێکی هەیە، خۆ من پۆڵا نیم، بەراستی لەبەریان بەزی بووم، وەک دەڵێن ئەگەر زۆر هات قەباڵە بەتاڵە، منیش {چش} م کرد لە منداڵەکانم...

پێم خۆشنییە سەرتان بێشێنم؛ کەس بیٚ دەرد نییە هیواش هەیە لەگەڵی دەسازیٚ، بەڵام مێردەکەی من دەگمەن بوو. دەیگوت: ئەشیٚ، لە پێناو ژیاندا خۆت قوربانی بکەی؛ ئەمەش بە من نەدەکرا. ئێستاش کە لێرە دەمبینی، وابزانە بەسەر ئاورەوە ڕاوەستاوم، هەر دەبیٚ بۆ حاڵی خۆم بگریم، لە تاوی مار پاڵم داوە بە ئاگرەوە، بەڵام وەختیٚ بیری لێدەکەمەوە دەزانم چارە تەنیا تەڵاقە، ئەم خوشک و برا ناڕەسەنە، ئەم بە دەوارە، چوار ساڵی تەواوجەرگیان کوڵیم وزووخاویان پیٚ

چێشتم، نان و شەقیان دەدامێ، سەدان ناو ناتۆرەیان وەدوو خستم. بە تاوانی نەکردووم لە خاچیان دام! ئەوەی بە منیان گوت بە کێویان دادابایە هەرەسی دەهێنا، نغمی عەرزی دەبوو.

گومان و دڵپیسی ئەو کابرایە گەیی‌بوو بە جێیەک ئەگەر شەو و نیوەشەو، گوێی لە سریوە و دەنگ و گۆرانی ڕاگوزارێک، دڵ بە خەمێک، یان هەرکەسێک دەبوو لە کوچە و کۆڵان، هاواری لێ‌بەرز دەبۆوە و دەی‌نەڕاند. بە ڕقەوە لە خەوی ڕاست دەکردمەوە، هەی واوالێکراو ئەم بەرەڵایە لەم کۆڵانە ئەم گۆرانیگوتنەی لەچییە؟ بێت‌ونەبێ کەڵەگای تۆیە! کێیە، چیدەوێ؟! بەردەبووە سەروچاوم ئازای گیانمی دەکردە خمخانە، دەبێ پێم‌بڵێی ئەوانە بۆچی لەم کۆڵانە گۆرانی دەڵێن؟ تەواوی دیوار و بەرپەنجەرەی باڵا پیاوێک بە خشت و قوڕ هەڵچنیبوو، تاکوو من نەتوانم ئەودیوی کۆڵان ببینم.

خۆزگە هەر بە ئەوانەوە وەستابا، ئیزنی نەدەدا براکانم بێنە سەردانم. ئەوان بە ژان و ژیانی منیان نەدەزانی دوو ساڵ و نیو لەوەپێش برا گەورەکەم دیتووە، خۆ ئەگەر ئێستا ئامۆزاکەم ببینم نای‌ناسم، لەو ماوەیەدا من مێردم کردووە، تەنیا ڕایەک هاتە سەردانم، ئەویش ئەو مێردەم کارێکی کرد، حەزم بە مردنی خۆم کرد! دەتگوت سەروەت و سامانەکەی لەگەڵ خۆی دەبا. ئەمە چوار ساڵە پێی بێرەدا نەهاتووە، کەس‌وکارم توخنم ناکەون، وەک دیل و کۆیلەم بەسەر هات. وەک دێو و درنج وایە ڕمۆزنە و جادووگەر، وای‌کردووە کەس لە خزمانم منیان لە بیر نەماوە. سێیەم زگم چوار مانگانە بوو، لە کەلەکەی هەڵدام! منداڵەکەم لەبار چوو. خوشکە سەر بە هەشەکەی گەرد و تۆزێکی سپی بۆ دەئاو کردم، شڵەقاندی و بەو نیازەی پێی چاک ببمەوە دەرخواردی دام، وەک دەڵێن چاکی مەکە با خراپ نەبێ! سێ شەو و ڕۆژ من دەمردم و دەژیامەوە، نازانم بۆ نەمردم. ئەو مێردە ڕەزیل و داماوەم چوار ساڵی تەواو حەڵاڵ و هاوسەری بووم، دەستی هێنا و بردی چارشێوێکی دا بە سەرمدا!

دەیگوت چارشێو بۆ ژن، تاکوو ئەوکاتەی لە تەمەنی گەنجی و جوانیدایە، وەک چوار دیواری هۆدەیەک دەی‌پارێزێ، ئەگەر مردیش، ئەوا گۆڕ دەی‌شارێتەوە. ئەوەندە سەقیل و کوێرنان و دەستقووچاو بوو مەگەر هەر خۆی بە خۆی ببێ! وەک دڕندە وابوو بۆ ماڵ و منداڵی خۆیی. قەت وای نەدەزانی ژن و منداڵی هەیە نە بیری لە کارو کاسپی دەکردەوە، نە کەسی دەدواند و لەگەڵ ئەم و ئەو سەر و سڵاوی هەبوو! ساڵی جارێک چاومان بە پڵاو دەکەوت، جا بۆ کاتی برنج بژاردن تەنیا چەڵتووکێکم فڕێ دابایە، دەی‌هێشت کەوچکێ پڵاو بکەمە دەممەوە! دەبوو بەبێ شێو سەر

بنێمەوە، ئەمەش بۆ من بوو بە ژیان! زۆرتر مەبەستی ئەوە نەبوو چارشێوم بۆ بکڕێ حەزی دەکرد لە ژووریدا زیندانی بم، منیش وەختێ دەمزانی ئاوا عەزابم دەدا، داخم دەنا سەردڵی و بە سەری ڕووتی دەچوومە بەردەرگای دەرێ! لە کووچە و کۆلان سەرم دانەدەپۆشی، مانگی جارێک چاوم بە حەمام و گەرماو نەدەکەوت. ئەگەر داوای پارەی حەمامم لێدەکرد گاڵتەی پێدەکرد و پێمپێدەکەنی، بەکێویدا دەکردم: بە لادێی و دواکەوتە بانگی دەکردم، بە نەزان و ساویلکەی دادەنام، تیتاڵی بە بنەماڵەی باوانم دەهات و ئەوانی بە گێلۆکە دەزانی!...

بە بیستنی ئەم قسانە سەی‌میران درزی لێوی کرایەوە. لەوکاتەدا دەستی بە تەرازووەکەوە بوو، بە تەوس و تیزەوە بە زەردەخەندەیەک چاوێکی لێ قرتاند، وەک ئەوەی بڵێ، بەراستی کابرایەکی گەمژە و نەفامە! ژنە ئارام و لەسەرخۆ، کە ئەمەش مەکرێکی ژنانەیە بەتایبەت، بێوەژنان، داهاتەوە منداڵە وەڕەزەکە بدوێنێ، منداڵەی حاڵی کرد، کە ئێستا دەڕۆن، تا دەگەنەوە ماڵێ نەقووڵ و نەباتی بۆ دەکڕێ! دیسان کردییەوە باوەشی، وەک ئەوەی بەرامبەرەکەی هەر ئەو منداڵەی باوەشیەتی، درێژەی بە قسەکانی‌دا:

ـ سەیرەکە لەوەدایە، ئەم ڕمۆزنە ساڵی جارێک چاوی بە گەرماو نادەکەوت، شەوانە هەر بەم دەستە جل‌وبەرگەوە خۆی دەخزاندە نێو پێخەفی نووستنەکەم کە ڕۆژانە کاری پێوە دەکردن. بۆنی هارو ماری لێوە دەهات! بۆدرن و ئارەقە و پیس‌وپۆخڵی، سەرو قژی پڕ بوو لە خۆڵ و خاک و پیسی! وەختێ مێردم بەم نازانم بڵێم چییە کرد بستێ منداڵ بووم! خوشکە سەر بە هەشەی لێم‌بوو بە ملۆزم و وەک کێچ کەوتە کەوڵم، بوو بە دۆڵپا و سواری ملم بوو. لە هەماری ماڵدا زیندانی دەکرام. نان و ئاوەکەشیان بۆ دەناردمە ژوورێ و لە ماڵ دەردەکەوتن، وەک بێژی ئەسیر و کۆیلەیان دەست کەوتووە. لە گیانی خۆم بێزار بووم، ئاواتم بە مەرگم دەخواست چەند جارێک هەوڵمدا خۆم لە ناو بەرم! ئەوە بوو لە پاییزی پارساڵدا ـ لەوانەیە زۆر کەس سەرکۆنەم بکەن کردارەکەم بە باشی نەزانن! لەوە باشترم بە مێشکدا نەدەهات، کەسێک ئەوەندە لە ناگوزەرانی‌دا بێ و لە ژیان دابڕابێ، لەکوێ عەقڵی بە کاران دەشکێ. مرۆڤ لە کاتی ئاوا دژوار و غەدرلێکراودا ناوی خۆی لە بیر دەچێتەوە، پاییزی ڕابردوو، ڕۆژێک ئەوەندەیان زمان شڕی و ناپیاوی بەرامبەرم کرد، کە ئیتر دەسەڵاتی خۆڕاگریم نەما، فکرم کردەوە، خۆ بە ئاو و ئاوردا بدەم لەوە باشترە! هەر ئەو چارشێوە سپییەم دا بەسەرمدا، (چارشێوەکەی سەری ڕاوەشاند) لە نیوەشەودا لە ماڵ دەرچووم، ڕۆژێک دواتر، بەبێ ئەوەی شوێنی حەشارگەی خۆم دەستنیشان بکەم هەواڵم بۆ نارد، بەسیە تا

ئێرە بەسمە، خۆ من بە دیل نەگیراوم، خوێڕییە پیاو، وەڵڵا دەرپێی ژنانت لە پێدایە. من لەو ماڵەدا مێردم بە کەسێک کردووە، یەکێک پیاوی منە! خۆ ئەگەر هەر تۆی خوێڕی، بوایەی لەبەر خاتری بێچووڵەکانم ددانم بە خۆمدا دەگرت و لاقم ڕادەکێشا، بەڵام ئەو پرچبڕاوەی خوشکت زووخاوی لە جەرگم کردووە!

ئالێرەدا ژنە مات بوو. لەپڕ بە دالانی پڕ لە کۆسپ و چارەڕەشی دوێنێ و پێرێدا شۆڕ بۆوە، ئینجا وەک بییەوێ، خۆی لە دەست ئەم گشتە مەینەت و ئازارە وەشارێ، وای نیشاندا دەستی منداڵەکە بگرێ و بڕوات، کڵاو و شنێلی منداڵەکەی ڕاستەو پاستە کرد؛ لە تەنیشت خۆی ڕایگرت و بە زمانێکی زۆر نیان و خانمانەوە گوتی:

ـ ئیتر ئەوەبوو، مارەییم بەخشی و گیانم ڕزگار کرد. دەستم بەردا لە ماڵ و سامان، هەر وەک گوتویانە زیندانی تەڵا بۆ گیان بەڵایە، وام خۆ نەجات داوە کە تازە خواش نەتوانێ ویکمان خاتەوە!

لەوە دەچوو سەرگوزەشتەی ئەم بێوەژنە کەم تەمەنە تا ئێرە کۆتایی هاتبێ، بیسەری ئەم هەموو ژان و ئازارە، هەرچەندە جاروبارە بە بۆنەی وەڕێخستنی مشتەرییەوە لەم خانمە دادەبڕا. نانی دەکێشا و دەیدا بە مشتەری، بەڵام دڵی هەر لەلای وتەکانی ئەو بوو. ئەو نانەی بۆ ئەوی دانابوو بە هەڵە لەتی کرد و کردییە پارسەنگی کەسێکیتر، ژنە ئاگای لێبوو بەڵام دەنگی نەکرد، چادرەکەی وەبەر دەمیدا تاکوو بە هالاوی دەمی خۆی گەرم بێتەوە، لە قسەکانی ئاخریدا وادەردەکەوت، کوڕە مامەکەی کوێخای ئاوایی چۆخە سپییە و پیاوێکی خاوەن مڵک و سامان بووە، براکانیشی بەشی خۆیان هەیە، لە ژیانی ڕەعیەتیدا بەرمنەتی کەس نین. سەیمیران کە لە زمان ئەم ژنەوە تا ڕادەیەک لە حاڵوباڵ و ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەم گوندە ئاگادار بووە، لەمەڕ دەسەڵاتدار و ئاغاواتی ئەوەێندەرێ دەستیکردەوە بە پرسیار. ئەم شتانەی لە زمان ئەم ژنە بێفێڵ و ماڵوێرانەوە کە دەژنەفت و دەیخستە سەر کۆی زانیاری خۆی لەو ڕۆژەدا. ئەو فرە بە هەڵەدا چووبوو، نەزانی و ناحەزکاریشی لەوەدابوو نەدەبوو ئەوەندە خۆی لە کاروباری ژنان هەڵقوتێنێ. ئەم ئاکارانە لە پیاو ناوەشێتەوە. بەم جۆرەی پیاوان دەڵێن ژنانیلە بەتایبەت لە شوێنی ئاوا ناجۆردا پیاو بێقیمەت دەبێ. ئەم کەزێ شۆڕەش بەراستی لەگەڵ ژنەکانیتر زۆر تۆفیری هەیە، باسی گوندێک دەکا، لەوێدالەدایک بووە، بەڵام ئەوەندەی زانیاری نییە بە هەر هۆیەک بەکاری سەیمیران بێت، تەنیا ئەوەندەی دەزانی گوندەکەیان لە نزیک گۆلی نیلووفەرە و چوار فرسەخ لە شار دوورە. ئەو حەزی دەکرد باسی ژیان و سەرگوزەشتی خۆی بکا، نەوەک ئەوشتانەی پێوەندی پێیەوە نییە:

ـ کچۆڵەیەکی دوازدە ساڵە بووم، وەختێ بە مێردیان دام، دایەن و بووکە شووشەکەیان ڕەگەڵ خستم. لەوکاتەوە تاکوو ئێستا کە بیست ساڵم تەمەنە[1]! هەر لە شار ماومەتەوە ئەو مێردە زاڵم و غەدارە تەنیا جارێکیش بۆ حەسانەوەی دڵ و مێشکم ئیزنی پێنەدام بچمەوە ئاوایی و سەردانێکی کەس‌وکارم بکەم. نازانم لە بارەگای ئەم خوایە چیبوو سووچ و تاوانم. بەر لەوەی بمرم، تووشم بوو بە تووشی ئەم حەزیایەوە. ژیانی کپ و پەرژینکراوی لادێ ئەوەیش وەختێ نە دایکت هەبێ و نە باب، خوشکت هەبێ، بیست فرسەنگ دوور و لاپەر، زۆر ڕاستە خۆشی و خێر و بەرەکەتیش بە نێوچاوانەوە نابێ. بەڵام خۆ ناشێ هەر لەبەر ئەوەی ژن بە مێوینە هاتۆتە سەر دنیا، هەتاکوو کۆتایی تەمەنی ببێ بە گرێژەنەی دەرگا و دەروازە، ژیانی پڕ لە کۆڵەمەرگی و چارەڕەشی تەمەنی پڕ لە تاسە و ئاواتی بکرێنێ و خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو ناپیاوێکدا، کە خدە و ڕەفتاری دڕندەی هەیە، چێژی ژیان و ژن‌ومێردایەتی تەنیا و تەنیا هەناوڕەشی و تەمەن بەزایە چوون بێ؟! چیدی بە نسیبی نەبێ و نەزانێ خۆشی و بەختەوەری بەری چ دارێکە، ژیانی دێ‌نشینی، سەرەڕای کەم‌وکووڕی و دەرگا داخراوەکانی زۆر و کەم، هەزار جار ژیانی شاری بە قوربان بێ، کە بۆ من وەکوو دیلی و زەلیلی و ڕۆژە ڕەشی وابوو. ئەمە سەت جار مردن و گۆڕ بەگۆڕ بوونە، بەڵام بەداخەوە، سەت‌جار بەداخەوە!

ئەم هەموو دەردەدڵی و کەسەر هەڵڕشتنی ئەم وا زوو کۆتایی نەدەهات، سەی‌میران لەباتی ئەو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ بەداخەوە، سەت‌جار بە داخەوە، شار خاپینۆکە، زەین و چاوی مرۆڤ دەشێوێنێ، ئینسان دەستی لە دڵی نابێتەوە، زریقە و بریقە و سامان و قەفەزی زێڕین ناتوانن مرۆڤ بەختەوەر بکەن!

ئیتر لەو ماوەیەدا غیرەتی جووڵابوو، دەشی‌زانی ئەو خاتوونە ئازار چەشتووە، لە هەناوێکی پڕ لە داخ و سووتمانەوە دەناڵێنێ و پەردە لەسەر ژانەکانی لادەدا هەر بۆیە لێی‌پرسی:

ـ ناوت چییە؟

ـ هوما.

---

١- لەمەڕ تەمەنەوە، ئەم بیست ساڵە تەواو نییە، خۆی مندالتر نیشان داوە.

ـ هوماخاتوون، کەسێک وەختێ بە وتەی خۆی دەستی لە ژیان و ماڵ و مێردی هەڵگرتووە و تەنانەت خواش ناتوانێ تێکەڵیان بکاتەوە، لەولاشەوە خەریکە حەدییەی تەواو دەبێ ـ یان خەریکە تەواو بێ ئیتر پێی ناوێ ئەوەندە داخ و دیق و پەژارە بپێچێتەوە و هەناسە هەڵکێشێ.

بۆ ئەوەی تۆزێک پشوو بدات و نانی پیرێژنێک لە تای تەرازوودا بکێشێ، بۆ چەند چرکەیەک مات بوو، ژنە پیرەی بەڕێ کرد و لە پشت تەرازووەکە هاتە خوارێ و خۆی بە هەڵگێڕ وەرگێڕی نانەکان و سارد کردنەوەیان سەرقاڵ کرد. دیسان چۆوە سەر درێژەی قسەکانی:

ـ ئەم دوو ڕۆژە عومرە، خوشکی کاکی، ئەوەندە ناهێنێ بە دەرد و داخەوە سەر بنێیتەوە. تازە لە سەرەتای گەنجی و ژیانداي، لە کۆنەوە گوتوویانە ژن و مێرد. مێرد چارشێوی سەری ژنە، دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێ، خوا هەموو دەرگاکانت لێ داناخا و دەرووی بەخێرت لێدەکاتەوە، ڕێگەی لەبەر دەمت داناوە کە، چ بکەی، تۆ دەبێ مێرد بکەیتەوە، وانییە؟ تۆش پێت وانییە، لەوە زیاترە؟

خاتوونەکە، بەردەمەکەی لە ڕوخساری لابردبوو، وەک دەڵێن ڕووی کرابۆوە، بە نەرمە ڕوانینێک، سەری بەرز کردەوە، لە پاش دووجار چاوپێکەوتنی پەیتا پەیتا بیستن و دەردەدڵ کردن بە ماوەی نیو کاتژمێر، ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەوە یەکەم جار بوو، ئاوا نیگایان تێکدەپەڕی، گومان و دوو دڵییەک لە چاوە کاڵەکانیدا شەپۆلانی بوو. وەک ئەوەی بەم قسانە سەتێڵک ئاوی ساردیان بە سەردا کردبێ، هەڵبەزییەوە، بە جووڵەیەکی پڕ لە ماناوە، سەری داخست و بە زمانی سەرکۆنەکردنەوە، کە شەرم و شکۆی خانمانەی پێوە دیاربوو، گوتی:

ـ مێرد؟!

لەو کاتەدا دڵەکوتە و ئارەقەی شەرم لاجانگ و هەنیەی لە خووس نابوو و زەنگوڵ زەنگوڵ دەچوڕاوە سەر شیوی بەرۆکی، خۆی بە منداڵەکەی باوەشییەوە خافڵاند:

ـ ئەی کوێر بم، دەستی کوڕە نازدارەکەم سووتا، دەستی فەڕڕوخگیان بڤە بوو!

بێئەوەی شەرمی دایکانە بیگرێ، پەنجەی منداڵەی گرت و خێرا خێرا ماچی دەکرد، ئەویش قامکە ڕەش و سووتاوەکەی خۆی دیت و ئازارەکەی وەبیر هاتەوە. لەبەر بێوازی و ماندووبوون، لچی کرد و گریانەکەی پێشووی دەست پێکردەوە. دەست تێکەڵهاتن و پەرێشانیی ژنە بۆ ژیرکردنەوەی منداڵەکە زۆر سروشتی بوو، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لەوێ ڕانەوەستێ، هەرچەندە هێشتا نانەکەی وەرنەگرتبوو، لەسەر پاژنەی پێ سووڕێکیدا، کە بڕوات، منداڵەکەی بە ئامێزیەوە ڕاژاند و لاواندییەوە و چەند جارێک جووڵەی کرد، لاواندنەوەکەی بۆنی بێزاری و کۆست و

نامورادی لێدەهات. ئەمە بووە هۆی ئەوە ئەم کابرا دووکانداره، بۆ چرکەیەک، بە قووڵی بیر بکاتەوە ـ ئاوەز و ویژدانی کۆمەڵایەتی بۆ وەجووڵەخستنی دەروونی مرۆڤ تەواوە، نەوەک هێز و هەستێکی ڕووکەش ئاخۆ ئەم ژنە ئازار و ئاواتی شاراوەی نەبوو، نەیتوانیبێ بیدرکێنێ؟ ئەیچۆن بوو، بەوەی زانیبێ؟ کێشەی گرنگ لێرەدا بوو. لە ماوەی ئەم چەند چرکە ساتەدا کە ئەم ئافرەتە پاڵی بە کۆڵەکەی بەردەرگای دووکانەکەوە دابوو، قسەی دەکرد، کوتاڵفرۆشی ئەوبەری شەقامەکە، پێی دەژێر کورسی کێشابوو، زۆر بێ شەرمانە چاوی تێبڕیبوون؛ دیار بوو ئەویش لە نێو ژیاندا سەرێکی بوو و هەزاران سەودا، هەر بۆیە بە گومانەوە چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتن! بۆیە کارەکەی خۆی بە ناحەز نەدەزانی.

سەیمیران، لەوکاتەدا خەریکی نانکێشان بوو جارێکیتر گازی کردە عەبدول، شاگردی دووکانەکەی، بە ئاماژەیەک کە خانمە چارشێوسپییەکە نەزانێ، ڕایسپارد بچێ لەو شیرینیخانەیەی ئەوبەریانەوە، چەند دانە کولێرە شیرینە بکڕێ. ئەو پووڵەی ژنەکە وەختی هاتنە ژوورێ لەسەر سەکۆکە داینابوو، هەر لە شوێنی خۆی مابوو، هەڵیگرت و لە مستی کوڕێژەگەی نا، دەنگە ماندووەکەی لەوەپێشتری کە تووڕەبوونی پێوە دیار نەبوو، بەرزتر کردەوە:

ـ وەرە هەی لە منت نەکەوێ، با تۆ بمری و من وەحەسێم یان من بحەسێمەوە و تۆ بمری، تەمبەڵی سەرزل! وەک مێرووییەکیشت پێناکرێ، شەو و ڕۆژ کار دەکا و ناسرەوێ، بەڵام تۆ هەر لەسەر چرپی و چاڵەکە خەوەنووچکە دەتباتەوە! بەدشوومی نەگبەت! ئەم گشتە خەوە دەکەیتە کوێ، کونە خەو، بە ئاواتەوە بووم جارێک ئەم گەسکە هەڵبگری و ئەم بەردەرگا و دووکانە پاک و خاوێن بکەیتەوە، با ئەوەندە وردەنان پێخوست نەبێ ئەم خیزو چەوە بە پێی خەڵکەوە دەڕوا و بڵاو دەبێتەوە، هی ئەم دووکانەیە، ئەمانە پارەی پێدراوە، پارە! ئاخری بەداخ و دیقی تۆوە سەر دەنێمەوە!

ڕووی کردە ژنە چارشێو سپییەکە و ئەو پیاوەی لەسەر سەکۆکە خەریکی نانهەڵچنین بوو گوتی:

ـمن دەزانم پێت سەیرە، مافی خۆتە واقت وڕبمێنێ، لە دڵەوە پێم پێبکەنی و لەبەر خۆتەوە دەبێژی: ئەو ڕۆژگارە چی بەسەر هاتووە، خیزو چەوی بیاوانەکەش دەفرۆشن؟! هەر دوو ڕۆژ لەوەپێش بوو، کەسێک هاتبوو بۆ سەر سۆبای ماڵەکەی خیزو لم ببات، هەر وەک چۆن لە کانی ئاو دەبەن ئەوە هەر ئەم شتەیە ئەو بە منی گوت. بە داخەوە دەبێ بڵێم ئەمڕۆ وایلێهاتووە، ڕمڵی

بیابانیش بۆتە پووڵ. ئەوە نییە ئێمەش بۆ کڕینی ئەم خیز و چەوە پارەی کرێکار و داشقە و فەرغوون دەدەین. ئەویش بە هەزار ترو منەت تاکوو دەچن لە ڕووبارەکەوە دەیهێنن. فەرغوونێک خیز دوو قرانی پووڵی ئێرانی و سکەی عالیمەقام بۆ ئەو نەختۆکە خیزە بەزیاد نەبووە گەرەکە!

بە گوڕە و هەرای ئەو، جێنشینەکەی گەسک بەدەست لە دووکانەکە هاتە دەرێ، بۆ گەسکدانی وردە خیزەکانی بەردەرگا. ژنە چارشێو سپییەکە، هوما خانم، نانەکەی وەرگرت و نایە ژێر چارشێوەکەی، لەوکاتەدا کە دوور دەکەوتەوە، ئاوڕێکی داوە، پڕ بوو لە ڕوانینێکی هەستبزوێن و سەرنجڕاکێش و هێور و نازدارانە. دەمە نوقڵییەکەی هەروەک خونچەی گوڵی سوور دەچوو لە هەمان کاتدا بزوێنی ئارەزووی حەز و تاسەی پێوە دیار بوو چرۆی لێوی تترووکاند؛ وەک تاوسی هێندووستان، بە لەنجەو لاری دڵبەرانەوە سەری وەرسووڕاند و جووڵەیەکی بۆ کرد و لاتاوێکی شەکراوی لە گورچووی هاورازەکەی چەند چرکە لەمەوبەری سرەواند:

ـ کاکە توورە مەبە، بارێک بە دوو قران دەکڕی و مەنی بە دوو قران، واتە نرخی نان بە ئێمەی مشتەری دەفرۆشی، هەیە ئاڵووێر لەوە پڕداهاتتر؟!

پڕشنگی ئەو چاوە بازانە، بوو بە پەیکانی تیر و لە دڵی سەیمیران چەقی، ئەو وەجاخژزادەیە کە تاکوو ماوەیەک لەمەوبەر بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕا، ئێستا بە چەخماخە و هەورەتریشقەی ئەم جوانەوە بە چەشنێ تاسا بوو، لە بیری چووبۆوە کێیە و لە چ حاندێ ڕاوەستاوە! بێوەژنەی هەناسەسارد، بە وەبیر هاتنەوەی مەرارەتی و بیرەوەریەکانی دیسان باشووی پەژارە چڕنووکی بە جەرگیدا هێنا، بە هۆی ئەم ئامۆژگاریانەی لە خێرومەندەکەی خۆی وەرگرتبوو، هەوڵی دەدا هەرچۆنێک بێ ئەم کلۆڵی و نەهامەتیانە بدا بەدەم شنەی بادا و ئەسرینەکانی وەشارێ، لە ڕوانینە نەرم و پەریانەکەیدا، بەڵام شەرمن و سلۆک، هەوری سەرکۆنە و تانەی پێوە دیاربوو، ترس و هیوای دەنواند. دوودڵی و حەزی دەروونی دەردەخست. هەرچەندە باوی ڕووبەند و حیجاب بوو، زۆر شیاو نییە ئەم شتە بگوترێ، سەیمیران سەراوی تاکوو ئەو تەمەنە خۆی پەریشێوەی ئاوای نەبینیبوو! یان کەمتر چاوی پێکەوتبوو، ئەمیش کورد بوو، بەشێکی زۆری دەڤەری کرماشان و کوردستان[2] کوردنشین و دانیشتوانی ئەم بەشانە کوردن، ئافرەتەکانیان بە پێی دابونەریتی باب و باپیران ئەو پەچە و ڕووبەند و حیجابە یان نەبوو؛ بەڵام ئەو خاتوونە، بەم نیونیگایەوە کە لە

---

٢- کوردستان، لێرەدا نووسەر مەبەستی لە شاری سنە بووە. (وەرگێڕ)

چەشنی بەرەبەیانی سەردەشت بزەی شیرینی لە زەردەپەڕی ئاربابای بانە جوانتری لەوپەڕی ئەو دیمەنانەوە بوو. لە ترس و خۆفی مەزهەبی و سەنگینی خدە و ئاکاری بوو، یان خۆی لە ژێر تەوژمی ئەوانەدا دەگرت؟ ئیتر هەرچییەک بوو هەر خێرا سەری داخست، بە هۆی تەوسی کاریگەری، بەڵام گاڵتەی مەیخۆشی ئەو کە هێمای بێهاودەمی پێوە دیاربوو هەرچەندە دارماڵ بوو لە زیرەکی و ژیری، گوڵبزەیەکی خستە سەر لێوی، وەڵامی پێدابا یان نەیدابا، ئەم گاڵتە و لاتاوە لە پێش چاوی مشتەریەکان وەپەلە پەلی خستبوو. ئیتر بەبێ ئەوەی قسەیەک بە زاریدا بێ، یان وەڕووی خۆی بێنێ بۆ ئەوەی نانەکان لەسەر تەرازووەکە دابنێ خۆی گەیاندە بەردەرگای دووکان. کەوتبووە پەلەپرووزێ و شاگەشکە ببوو، بە دوای ژنە چارشێو سپییەکەدا، بەردەوام چەند کەسێک نانیان وەرگرت و ڕۆیشتن. یەکێ لەوانە کوڕێژگەیەکی زەردەڵ و لاواز بوو، شاگرد و لەوێ دایاننابوو، هاوتەمەنی عەبدول بوو کۆتێکی هەراوی لەبەردا بوو، بۆ ئەوەی دەستی نەچێ، پەنجەکانی کردبۆوە بە نێو قۆڵی کۆتەکەدا، ملیوانەکەشی بە دەوری ملیدا هەڵدابۆوە، نانەکەی نایە بن هەنگڵی و بە خێرایی دوور کەوتەوە، سەیمیران کەوتە گومان و دوودڵی، ئاخۆ پارەی نانەکەی لێوەرگرت، یان وەرینەگرت؟ لەوکاتەدا نانەکەی بۆ دادەنا هۆش و فکری لەلای خۆی نەمابوو. تەنانەت نەشیدەزانی چەندەی نان پێداوە، بڵێی تەرازووەکەی سەری نەکردبێ و میزان کێشابێتی؟ نە کەمفرۆشی و نە مەغموون بوونیش، هیچ لایەکیان باش نییە، بە تاڵۆکە خۆی گەیاندە سەر شەقام و بانگی کوڕێژگەی کرد بگەڕێتەوە. چڕو چاوی کوڕە پڕ بوو لە پرسیار و سەرسووڕمان، سەیمیران، تووڕە و بێئارام، کەوتە پرسیارکردن:

- چەندەت نان وەرگرت؟

کوڕە ڕەنگی تێکچوو:

- مەنێک!

- ئەی پووڵەکەی؟

- کاکە گیان پارەم پێدای، بەخوا هەر ئەو حەلەی نانەکەت دەکێشا پووڵم پێدای، خۆت لێتوەرگرتم و لە داخڵەکەت هاویشت!

- سوێند مەخۆ بەرخم، ڕاستم پێبڵێ!

- بە خوا درۆ ناکەم، پێنج قڕانی کۆن بوو، ئەسکناس ئەمەش سێ قڕان باقی لە دەستی تۆم وەرگرت، ئەرێ!

ڕووخساری کوڕە جۆرێک گۆڕدرابوو، ئەگەر تۆزێکی دیکەی لەگەڵ گوتبایە، دەستیدەکرد بە گریان. سەیمیران، مەحتەل مابوو، چی پێبڵێ، چاوی لە نێو داخڵەکە کرد، بە بێ ئەوەی پێنجقڕانی کوڕە ببینێ یان بۆی بگەڕێ، ڕووبەرووی ئەو سەری لەقاند، هەر لەوکاتەدا، عەبدول بۆ ئەو شوێنەی بەڕێیان کردبوو گەڕایەوە، پاکەتە کولێرە شیرینەی کڕیبوو لەبەر دەم وەستاکەی لەسەر سەکۆی دووکان داینا، بە زمانێکی زۆر و کەم ناقایل، هەمیشە ئەمە ڕەفتاری بوو گوتی:

- تۆ نەتگوت، بۆ ئەو منداڵەم کڕیوە خیزو بەرد دەستی سووتاندووە؟

زۆرم حەول لەگەڵدا، دایکی لێی وەرنەگرتم، وتم. وەستاکەم دەستووری داوە بیدەم بە تۆ. گوتی: - ئاوی لووتی هەڵقووڕاند و لەباتی ئەوەی ڕستەکە تەواو بکا، هەر وەک بە ئەرکی خۆی دەزانی و تازە وەبیری هاتبۆوە، مەنقەڵە گڵەکەی لەبەر دەستی وەستاکەی هەڵگرت و بردی پڕی بکا لە خەڵووز و خێرا بیگەشێنێتەوە، سەیمیران زۆر ڕازی نەبوو بە سیلەی چاوێک لێی ڕوانی:

- ئەدی بۆچی لە جێی خۆت مت بووی؟ هەڵبەت گوتوویەتی وەستاکەت گووی خوارد، وانییە؟ شیاوی حورمەت نەبووە بۆ تۆ کەوتە خۆڕایی، بیبە و بیدە بە شاتر زەمان،باڵێتانی بەش بکا.پاکەتەکەی لەسەر سەکۆکە هەڵگرت و لە کاتێکدا خەریکی بیر کردنەوە بوو، خەیاڵ ڕفاندبووی دایە دەست، شاگردەکە، لەوبەری شوستەکەوە هێشتا سێبەر دانەهاتبوو، لە نێو جووڵەی ئەم گشتە خەڵکە کە بەبێ وازی بە شوستەکەدا تێدەپەڕین، شنێلە سوورەکەی منداڵەی وەبەرچاو کەوت، سەر پەنجەی ژنەکەی بە دەستەوە بوو، ئەویش پێ بەپێی ئەو هەنگاوی دەنا، نەکا زۆری ماندوو بکا، جارو بارە هەڵوێستەیەکی بۆ دەکرد. دا دەهاتەوە و دەیدواند دیسان وەڕێ دەکەوتنەوە. ئەوانەی بە شانیدا تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی ڕاوەستێ یان ئاوڕی لێبداتەوە و لێیڕامێنن، خۆیان دوور دەگرت. سەیمیران، بە هۆی ئەوەی لە دوورەوە ئەو دیمەنەی بە لێڵی دەبینی، بە هەڵە لەم خەڵکە تێدەگەیشت. زۆر بە داخەوە بوو، ئیتر لەو کاتەدا ئەوانی لە چاو ون بوو، بانگی لە جێنشینەکەی کرد و فەرمانیان بداتێ و دەستووریان بە سەردا لێبدا لەبەر خۆیەوە فکری کردەوە:

ـ هوما، بەراستی دڵبەر و پەری ڕوخساری! فرە خۆڕاگر و زیرەکی! هەناسە سارده، هێشتا کاڵتر لەوەیە بزانێ تەڵاق یانی چی، جارێ نازانێ، بێوەژنی بۆ ئافرەتێکی ئاوا شۆخ و لەبار و منداڵکار، ئەویش لە ئاوا شارێکی گەورە و ڕۆژگارێکی ئەوەندە هیچ و پووچدا، بەبێ گەورە، بێخاوەن، چەندە بەڵایەکی زلە! بەڕاستی دەردێکی گرانە، ئینسان چۆن باوەڕ بکا، کێ بە تاوانبار بزانێ، ژنێک بەم گشتە نەجیبی و جوانییەوە، هەر وەک خۆی دەبێژێ، ماڵوحاڵ، حەز و ئاواتی هەبووە، منداڵی بووە، جا بە هەر هۆیەک ئێستا لێیان دوور کەوتۆتەوە، هاوژینی هەبووە، چاک یان خەراپ حاواوە یان نەحاواوە، ئیتر هەرچۆنێک بووبێ یان نەیتوانیبێ خزمەتی ژنێکی ئاوا جوان و نازدار بکات بڵێی ئەو پیرە پیاوێک بووبێ؟ کێشە و ناتەواوی هەر بەراستی لەلایەن ئەو مێردەوە بووبێ؟ یاخۆم ئەم ئافرەتە خاوەن کەموکوڕی بێ؟

فکر و خەیاڵاتێکی بێتام، بێ بنەما، ئەویش لە کاتوساتێکی ئاوا ناوەخت و ناجۆردا، لە نێو خێزەرەی مشتەریدا بۆ بردنەوەی نانی ئێوارێ، غەڵبە غەڵب و دەنگ و هەرای ئەم خەڵکە بە ئامێزی ئەم بازاڕەوە، شەقامی قەرەباڵغ، خەیاڵ زوو زوو دەپچڕێ و بیری بڵاو دەبێ، قسەکانی ئەم ژنە، بە تەواوی جووڵە و ئاکاریەوە، مێردەکەی وەک دێو و درنج نیشان دەدا، وەک ڕمۆزنێک لەلای خەڵکی باسی دەکرد، هەر ئەوی بە خەراپ دەنواند، بەڵام بەخشەندە بەم کەسە دەڵێن لێبووردنی هەبێ؛ کەس هەیە پاک و بێتاوان بێ. مرۆیەکی بەهەست و دڵناسکی وەک سەیمیرانیش کە خاوەن خدەیەکی ئینسانی و هەناوی تەژی لە ویژدانە کە ئەمانە لە باب و باپیرانەوە بە میرات پێگەیشتووە، چۆن بۆی دەکرێ مافی خۆی بەو نەدا؟ لە کردار و ئاکاریدا، ڕووالەتی، شێوە و ڕوانینی، لە هەموو شت گرینگتر سەر و پوتڵاک و جلک و پۆشاکی هەژارانەی، ڕاستەقینەیەک لە ژێر پەردەدا بەرپیوار بوو، ئەوانە باسی قیناتکردن و خۆڕاگری و دانبەخۆدا گرتن و لە سەرووی هەمووشیانەوە، نەجیبی و داوێنپاکی کرد. خۆ ئەگەر ئەم ژنە عەیبێکی هەبایە، بەم گشتە جوانی و خەرامانییەوە ئێستا لە نێو شاردا دەنگی دابۆوە، هەر کەسێکیتر بایە تاکوو ئەمڕۆکە لە سەت ئاوی دابوو.گەورەیی ئەم جۆرە کەسانە لەوەدایە هیچ شتێ ناتوانێ هەڵیان بفریوێنێ، تەنانەت ئاڵتوون و زەمبەریش، ئەم عەشقە درۆزنانە، کە ئەمڕۆ بە بەرچاوەوەن، تەنیا باس لە خاپاندن و گزی و دەهۆ دەکا، ئەوینێکە ڕووکەش، لە ڕاستیدا، هیچ گومان نییە لە داوێنپاکی ئەم خاتوونە، ئەگەر وانەبایە، بەم ژیانەی ئەوی تێدایە، هەڵبڕان لە ماڵ و منداڵ؛ بێوەژنی لەم ڕۆژگارە تووشەدا، تەنیا و بێکەس، نەدار و

بێدەرامەت، بێ بەرگ و چوار دیوارییەک، ئەمڕۆ وەک سیرمە هەر سەعاتەی بە دەم سەگ و تاژییەکەوە دەبوو!

ئەوانە فکر و خەیاڵێک بوون، دەکرا بدرکێ، وەک هەست و سۆزێک تاریک و پەرپێوار خۆیان خزاندبووە نێو مشک و دڵی سەی‌میرانەوە. یەک بەدوای یەکدا، زۆر بە ڕێکوپێکی، جێ‌نشینەکەی خۆی ڕاسپارد، کە لەوکاتەدا، خۆی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە خلافاندبوو، ئیتر لەمەولا، ئەو بچێ نانی هەندێ لە مشتەرییەکانی دووکان ببات، بەتایبەت یاوەر! سەرۆکی دایرەی تیپ، بەسە با عەبدول نەچێ، کە نێو چاوانێکی ڕەشی هەیە. سەیرکردنی غەزەبی لێدەبارێ، ئەم ژنە چارشێو سپییە کە مانگی چاردە لەبەرجوانییەکەی شەرمەزار دەبێت لە سەرتاپای حورمەت و خۆشەویستی دەبارێ چۆن شت لە دەست ئەم چلکنە سەرهالۆزاوە وەردەگرێ و دەیدا بەو منداڵە، کورێژگەیەک بە جلوبەرگی کازروونیی فێرگەوە لەباتی ئەو نانەی کە لە دووکان وەری‌گرتبوو کاغەزێکی مۆرکراوی دا بە سەی‌میران، زۆر بە حورمەتەوە، کە لەوە پێشتر خۆی بۆ ئامادە کردبوو، گوتی:

- دایکم زۆری سلاو لێدەکردی، گوتی،هەرئەو"مۆرە"مان ماوە، ئیتر مۆرمان نەماوە.

ئەو مێرمنداڵە کوڕی بنەماڵەیەکی هەژار و بێدەرامەت بوو، سەی‌میران بە ویژدانێکی ئاسوودەوە سەرانسوێی دەکردن و باڵی وەسەر کێشابوون. هەرچەندە ئەو لە کاتی گەسک لێدان و خاوێن‌کردنەوەی دووکانەکەدا، بەسەر کرێکارەکانەوە دەی‌گوڕاند بەلام لە ڕاستیدا مرۆیەکی دلاوا و خێرۆمەند و نیازپاک بوو. ئەگەر بۆ سەت مەن نان مۆری بە نەدارێک بدایە قەت وای‌نەدەزانی نانێکی لە ماڵەکەی بەخشیوە. قەت نێوچاوانی تێک‌نەدەنا. ئەم شێوە کردارە بۆ ئەم کەسانە حوکمی وەک خوێن‌بەخشینێ وابوو. بێجگە لەوەی لە کاتی وادا دەمارەکان پڕ دەبنەوە لە خوێنی تازە هەناویش پشوویەکی باشی دێتەوە بەر، ئەم یارمەتی‌دانە هیچ کە کەم‌وکورتی نەدەهێنا تەنانەت، بەرەکەت و سامانیشی بە دواوە بوو، ئیتر بەبێ ئەوەی بیرۆکەیەکی کاڵ مێشکی دابگرێ، ڕووی کردە کوڕێژگە و گوتی:

- زۆر باشە، ئەمشەو یان سبەی بەیانی بیست مەنی دیکەتان پێدەدەم، خۆ جارێ خەڵووزەکەتان تەواو نەبووە، وانییە؟ جارێکی‌تر کە هاتی بۆ نان، دەفرێک، یان بایەیەک لە تەک خۆتدا بێنە و بیدە بە سلێمان، هەروەختێ ئاردی جوانمان هەبوو، دوو- سێ مەنت بداتێ، با لە ماڵێ بتانبێ، بۆ هەڵوا و پرپۆڵە و شتی‌وا...

ئیتر بە ڕێز و حورمەتەوە بەڕێی کرد. ژنە چارشێو سپییەکەش بەهۆی ئەوەی هێشتا گەنج بوو دەیتوانی مێرد بکاتەوە، بەڵام وەک ئەم بنەماڵەیە دەستکورت و چاو لە دەست نەبوو. لەوە دەچوو زۆرتر لە ئەوان شیاوی یارمەتی و ئاوڕلێدانەوە بێ، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ بڵێی جارێکی تر بیبینمەوە؟ خۆزگە پتر لە حاڵ و ڕۆژی ئاگادار دەبووم؛ بمپرسیبایە گوزەرانی چۆنە و چ داهاتێکی هەیە، خۆ ئەگەر نەفەقە و مارەیی بە مێردەکەی بەخشیوە، ئێستاش لە خزموکەس دوورە ئەی چۆن بەڕێ دەچێ، کێ ژیانی ئەم ئافرەتە بەڕێوە دەبا، خۆ بە بای خودا بەڕێ ناچێ! لە چ ڕێگەیەکەوە خۆی دەژێنێ؟ بێژی پاشەکەوتێکی هەبێ؟ کەسێک بژیوی ژیانی دابین دەکا؟ یان...

لێوی خۆی بە ددان گەزی، بۆ ئەوەی بیر و فکری دزێو نەچێتە کەللەیەوە هەردوو لەپی دەستی بە سەروچاویدا هێنا، لە تەوێڵیەوە تاکوو گەیی بە چەناگەی، وەک ئەوەی دەرفەتێکی باشی لەکیس چووبێ، یان ئەوەی هەستێک لە ناخەوە، ئەوی لە ڕووداوێکی مەزن سەبارەت بەم ئاگادار کردبێتەوە، بەڵام بیرو ئەندێشە ، ئەم ئاوێنە باڵانوێنەی ژیان، لە ئاست ڕاڤە و لێکدانەوەی ڕەمز و ڕاز بێدەسەڵات دەرچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ لە ڕاستیدا بۆچی ئەشێ، مرۆڤ تووشی گومان و دوودڵی بێت؟ بەچی دیارە بژیوی ئەم ئافرەتە تەنیا ئەم پاروە نانە نەبێ کە ڕۆژانە لە منی دەکرێ؟ جێگەی سەرسووڕمانە، ئەم ژنە بیرو مێشکی بەسەر یەکدا هەڵشێلاوم، خۆزگە جارێکی دیکە وەیبینم، هەرچۆنێک بێ زۆر بە دژواری بەڕێ دەچێ، لە تەواوی جووڵە و ڕەفتاریدا وادەردەکەوێ. لە هەنگۆرەی بەهاری تەمەنیدا بە هەزاران چرۆ و خونچە هەیە و دانەیەکیان نەترووکاوە، جێی داخە شەختە بیگەزێ و زریان هەڵیوەرێنێ و خاکی ڕەش باڵای داپۆشێ، ئەمە هێشتاکێ کرچ و کاڵ و کاڵفامە وەک پەڕی گوڵ ناسکە کزە با ـ دەیوەرێنێ. ژیان بەم ئەدگارە ساکارەیەوە هێکجار ئاڵۆز و گرێپووچکەیە. زۆر بە هاسانی دەتوانێ گەنجان بە لاڕێدا بەرێت.وەکو کەرەکەی دەجال لە تەواوی تووکی بەدەنی دەنگ و ئاوازێک بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە لاڕێدا ببات و وەدووی خۆی بدات، دەبێ ئەم شتانەی پێبگوترێ، ئەوە نیازی بە پەند و ئامۆژگاری هەیە، فرەزان و بەساڵاچووانیش جاریوایە پێویستیان بە وشیار بوونەوە و ئامۆژگاری هەیە. ئەگەر تا چەند ڕۆژیتر لە پشت ئەم دەزگا و تەرازووە نەیبینم، ئەشێ باوکانە چەند وتەیەکی بە گوێدا بدەم و نەسیحەتی بکەم. شوێنی ژیان یان لە هەرلایەک بێ ماڵی مێردەکەی دەبینمەوە

خۆ لەوە زیاتر نییە سێ بەسێ تەڵاقی داوە! ئاخۆ بە پێچەوانەی وتەی ئەم خانمە لە ماڵی خودادا دەستێک نییە ئەم دووە وێک بخاتەوە، تان‌وپۆی ئەم تەونە تێوە بدا. زۆر دوور نییە بتوانم قسە لە کاریاندا بکەم و بۆیان ببم بە کولوسەبەب و وێکیان بخەمەوە. چ هەیە لەوە خێرتر، بۆ ڕەزای خودا کارێکت لە دەست بێ، بەینی دوو دڵ چاک بکەیتەوە، دایکێک بەریەوە لای جگەرگۆشەکانی، ژن و مێردێک ئاشت بکەیەوە.

بە هۆی تاریک‌داهاتنی شەو نانواخانەکە قەرەباڵغ ببوو، ئەویش لە پەستا خەریکی نان‌کێشان بوو. مشتەری بەڕێ دەکرد و پارەی دەخستە داخڵەکەوە. وڕوکاس دەجوڵایەوە، خووی پێ‌گرتبوو، بە نیشانەی پەسندکردن ئاخرین بیرۆکەیەک کە خزابووە نێو مێشکییەوە، سەرێکی لەقاند. خۆ ئەگەر تەرازووداره وازی وازییەکەی هاتبایەوە سەر کارەکەی، وازی هێنابا لەم ئاکار و ڕەفتارە دزێوەی کە هەیەتی، چونکە ئەم کردارانە لە شان و شکۆی پیاوێکی ئاوا مەزن و ژیر ناکاڵێتەوە، دوور نەبوو کە بۆ ئەوی بخوازێ. ئەم پیاوە، ژیان و گوزەرانێکی سارد و سڕی هەبوو، لە چەشنی مرۆڤە ڕەبەنەکان دێوەزمەی تەنیایی بەسەر شانییەوە ببوو بە دۆڵپا. ژیانی تژی بوو لە دوورەپەرێزی و ڕاکردن لە دەست ڕووناکی بەبێ یەک و دوو لێ‌کردن، مزگێنی ئاوا خۆشی بدەمێ خۆی لە دەورم دەگێڕێ. من سەربردەی ئەم ئاسکۆکەیەی بە گوێدا بدەم، وەک ئەوە وایە گوڵێکی چاو لە باران لە فێنکایی ئێوارەدا ئاوی دەبن بکەی. دەیگوت حەق‌دەستەکەی کەمە و بەشی ناکا، ئەمەش شتێک لە سەرووی ئەوانی‌ترەوە، ئیتر چ کەم‌وکووڕییەکی دیکەی هەیە؟ لە خۆی بێزار بوو دەچووە گیلان، هەرچەندە دوو ساڵێکە هاتۆتەوە، ئەوە سێیەم جارە ئەم بەزمەی ناوەتەوە. لەسەر هیچ و خۆڕایی تەنانەت بەبێ ئەوەی گلەو گازەندە و شکایەتی هەبێ دەستی لە کار دەکێشاوە، بەبێ ئەوەی کەسێک ئاگادار بکاتەوە دووکانی بەجێ دەهێشت و لێی‌دەدا و دەڕۆیشت سەرەڕایی ڕوو ڕاستی و دەست‌پاکی، ڕەوشت‌بەرزی، ماتڵ دەمای چ ناوێک لەسەر ئەم کارانەی‌دا بنێی؟ ئیتر بەم خووە دزێوەی کە هەیبوو، ئاخۆ بەڕاستی دەیتوانی ژنێکی ئاواکەخودا دایناوە هەرڕێزی بگری وئاگات لێی بێ،بەختەوەرت بکا ؟ ئەمەش  قسە و باس هەڵدەگرێ و کەم کێشەیەک نەبوو. پاکەرەوەی دووکانەکە چەند حەڵەبی قوپاوی سەربەتاڵی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ دەفری ئارد تێ‌کردن، لە پڕ خۆی کرد بە دووکانەکەدا، ئەو پیاوە مرۆڤێکی داڵ‌گۆشتی کورتەباڵای ڕووتەڵە بوو، کۆستە و بێ‌موو، بە هۆی نەخۆشییەکەوە کە زیانی بە مێشکی گەیاندبوو، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ،

لە کاتی ڕاوەستاندا بەبێ جووڵە نەبوو. ئەگەرچی بە ڕواڵەت هێڕو گێژۆکە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا، فرە کارکەر و زەحمەتکێش و ماندوو نەناس و ئەرکڕاپەڕین بوو. شێوەی جلوبەرگ لەبەرکردن، دەموڕاوێژ، هاتوچۆ کردن و کارەکانی، بیر کردنەوەشی، ببوە جێی سەرنج و وەپێکەنین خستنی کرێکارەکان و تەنانەت سەیمیرانیش، ئەو پیاوە کورتە باڵایە، گاڵتەچی و قەشمەر نەبوو، بەڵام دەورو بەرەکەی بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، کردبوویانە هۆی دڵخۆشی و پێڕابواردنی خۆیان. تەواو کردبوویان بە حەنەکچی، بۆ ئەوەی مەراق و تاڵی ژیان بەم شۆخی و جەفەنگانە داپۆشن و لە بیری خۆیانی بەرنەوە. تەنەکە ئاردەکە، چوار مەنی تەواو بوو، بە شێوەیەک هەڵیگرتبوو دەتگوت داشقە و عارەبانەی شکاوە بە ڕێدا دەڕۆیی، ئاردەکەی برد و لەسەر تەخاراوەکە دایناـ. لە بەردەم دەرگاکەوە گەڕایەوە، گەسکی ئاردماڵینەکەی دەستدایە، خاوەن کار بەیانی زوو بۆی ساز کردبوو. دەستی بە ڕیشکۆکانیدا دەهێنا و تاقی دەکردەوە، هەڵیدەسەنگاند بزانێ چۆنە. پیرەمێرد بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوخساری بێتووک بوو، کەس نەیدەزانی تەمەنی چەندە دەبێ، قەڵافەتی ئەو لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تۆفیری هەبوو، پشتێنێکی پانی لەسەر کۆتە ئەستوور و ئارداوییەکەی بەستبوو. بەسەر ئەم قاچوقوولە باریکەیدا پووزەوانەی هەڵکێشا بوو. بەم شێوەیە و تێکەڵ پێکەڵەی کە تایبەتی دەڤەری ڕۆژهەڵاتی کرماشانە بە سەیمیرانی گوت، لاوێچێک ئارد لە بنی دەفرەکەدا نەماوە، بە بیستنی ئەم هەواڵە، خاوەنکار لەپڕ دەستی لە کار هەڵگرت و نانکێشانەکەی بەجێ هێشت و بە سەرسووڕمانەوە ڕووی تێکرد:

ـ شتی چا بڵێ سلێمان، چۆن ئارد نەماوە؟ مەگەر باراشەکەی بەیانی هێشتا نەگەیوەتە جێ؟ (چاوێکی لە کاتژمێرە گیرفانییەکەی کرد) بەم حیسابە زۆر سەیر نییە ئەمشەو بەبێ ئارد ببن. ئەو بۆرە پیاوە گەرەکییەتی تەفرەمان بدا و کڵاومان بنێتە سەر، دیسان بە تەمایە درۆ و دەهۆمان لەگەڵ بکات، تۆ بێژە بەشی چەند هەویر، ئارد لە دەفرەکەدا ماوە، بڵێی ئەوەی لە کەندووەکەدایە بەشی نانی بەیانی بکا؟

سلێمان بەسەر قۆڵی کراسەکەی، ئاوی لووتی خاوێن کردەوە، کە لەسەرمان هاتبووە خوارێ، بە دەوری خۆیدا خولاوە و گوتی:

ـ مامۆستا، ئەم تەنەکە پووتییەی کە ئێستا هێناومە، ئەوە هەموویەتی، تەنانەت لە دەستم لەبنی گێڕاوە، داتەقاندنی ناوێ، دارو دیوارم داماڵیوە، بەشی ڕایەکی نانکردنی بەیانی دەکا،

ئەمە لە دە جار گەسکدانەوە بەدەست هاتووە. بەڵام دوایە چبکەین؟ کاری ئەوانە زۆر جێی متمانە نییە، خۆ ئەگەر هەروا بڕواتە پێش و دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕوان وەمێنین بێگومان هەر وەک جاری پێشوو هەروەها پێشتریش سبەی نیوەڕۆ دەبێ خرپ لێی بخەوین.

- خاوەنکار گوتی: لە سەرووی هەموویانەوە، ئەوەی زۆر گرینگە، سلێمان، نانی سەربازخانەکەیە، وادیارە تۆ ئەوانت هەر لە بیر نەمابوو، ئەوان چۆن ڕازی بکەین؟ بەڵام ئەوەی پێناوێ، ئاش و ئاشەوان بگرە و هاتم! ملی ڕێ بگرە و کوڕانە خۆت بنوێنە، تاکوو ڕۆژ نەپەڕیوە بچۆ بۆ سەراو، با بزانم چی دەکا.

سلێمان لەوکاتەدا کە خەریکی توندکردنەوەی پشتێنەکەی بوو، بۆڵە بۆڵێکی کرد و لە بن لێوەوە، بۆ دایکی ئاشەوانی داگرت:

- ئاخری بەم شەوە تاریکە لەم زستانە ساردەدا کە تف هەڵاوێی دەیبەستێ، تووشی ئەم ڕێگا سەختەیان کردم، ملی بشکێ چ ئاشەوانێکە، بەڵام مەشەدی گیان لەوە دەترسم ئەم گشتە ڕێگایە ببڕم ئەو سەرمایەش خۆ بۆ باسکردن نابێ، هەروا بگەڕێمەوە و دەم لە پووش بم.

سەیمیران خیرەتی وەبەر شاگردەکەی نا:

- دڵسارد مەبە، ناوی خوای لێبێنە و ڕاپەڕە! بڕۆ هەرچی لە بەرد نەرمتر بوو بیهێنە، سەرێک لە ئاشەکانیتریش هەڵبێنە، لەوانیشبێ یەک- دوو بار بە قەرز وەربگرە و بیهێنەوە، هەرچۆنێک بێ ئەم شەو من ئاردم لە تۆ دەوێ. بەبێ ئارد نەگەڕێیەوە، وەک چۆن مەلا ئەحمەدی ئاردەوێڵی داوای ئاوی لە خودا کرد. هەروەختێ بە ئاردەوە گەڕایتەوە منیش ئەم چیرۆکەت بۆ دەگێڕمەوە. سلێمان داهاتەوە و لە پەنا سەکۆکە پرزۆڵێک نانی برژاوی هەڵگرتەوە، فووی لێکرد و خستییە بەر ددانی:

- مامۆستا، دەزانی من لە چی سەرم سوور ماوە؟ لەوەی تۆ کە لە سایەی حەمدی خوداوە، دەستت لە هەموو کارەکاندا هەیە و بەڕێوەبەری، بەشی سەنتەری پیشەییەکان و سەرێکی لە نێو سەراندا، ئاشەوان ئاڵوگۆڕ دەکەی، لە چەشنی حاکمێک حوکمت ڕەوایە و ئاغاش بە نۆکەر ناگری، ئیتر درۆ نییە کە دەڵێن دنیا یان زۆردار دەیخوات، یان بێعار!

سەیمیران پێکەنینی هات بە قسەکانی ئەو:

- بەڵام مامۆستای ئەتۆ، لەلایەک فریودراوە لە لایەکیتر تووک لێکراوە، جارێ کەسێک بەڕێوەبەری بەشی سنفی پیشەکان بێ لەمە زیاتری بە نسیب نابێ. ئێستاش ئەگەر دەتەوەێ

بچی هەتاکوو تاریک دانەهاتووە ئەوە وەڕێ بکەوە، بەشکم بتوانی شتێک بکەی خۆ وەک من بەڕۆژوو نی، لە برسان چۆکت بلەرزێ. دەی بابی من لەخۆڕا نییە کرێکارەکان پێت دەڵێن مەیتەر نەسیمی؛ ببزوو چاوی من با بزانم چۆن دێیەوە شێر دەبی یان ڕێوی. مانگی ڕەمەزانە، دوو باریش بێنی، ڕۆژێکی تەواوە، ئەم دە دانە پاشماوەش دادەنێم بۆ قۆشەن و سەربازان، ئیتر ئازا بچۆ و بگەڕێوە دەبڕۆ بزانم چی دەکەی، بە عەبدول ئێژم دەرکی کەندووەکە بخنێ! گوێ بگرە!

پیاوە کرێی‌کارەکە، وەڕێ کەوتبوو، گەڕایەوە و سەی‌میران ئەمەی بە قسەکانی خۆی زیاد کرد:

ـ ئەگەر زانیم ئاشەکە خەراپ بووە، یان خەریکی بیراز کردنن ـ هەر لەوێ دەمێنمەوە هەتاکوو وەکار دەکەوێ شەوێکیش لاق دە بن کورسی دەکێشم کەیفی لەلایە ـ ئەی ئافەرینت لێبێ ڕەحمەت لەو شیرەی تۆ خواردت، تەواو بۆخۆت مەلایەکی، ئیتر لە چیت کەمە! لەوانەیە لە پێش تاوهەڵاتن بە ئاردەوە بگەڕێیەوە، دەی بابی من، بە خوام سپاردی، من کە تۆم هەبێ ئیتر خەمی هیچم نییە!

ئەو کە ڕۆیشت، لە بەردەم یەک‌دوو مشتەری و سەرعەمەلەی دووکان، بە پێکەنینەوە، لە قەڵافەتی ڕاما و پاشملە گوتی:

ـ ئەمەش بۆخۆی. دنیایەکی هەیە، هەرچەندە تەمەنی لە شەست تێپەڕێوە، بەڵام هەرکەس دەی‌بینێ وادەزانێ تازە سی ساڵانە، تاکوو ئێستا کەس بە ڕووتی نەیدیوە. زۆر کەس بڕوایان وایە ئەم پیاوە نێرەموکە بەڵام من دڵنیام سەەرڕای پیری، هیچی لە پیاوەتی کەم نییە. بەڵێ خەلیفە هەمزە، ئاخری نەتتوانی پەردە لەسەر ئەم ڕازە لادەێ، شتێکمان لێ روون بکەیەوە؟ زۆر سەیرە، لە نێو کرێکارەکانی ئەم دووکانەدا تەنیا شاتر زەمان خاوەن ژن و منداڵە.

هەمزە گەرەکی بوو، بە گوێرەی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی بوو، نانەکە ببات بۆ ماڵی یاوەر، ڕووی کردە خاوەن‌کار و گوتی:

ـ ئەگەر پێت‌باشە، لەوسەر کە گەڕامەوە، سەرێک لە ماڵی حەبیب هەڵدێنم؛ تا ئەوجێیە من بزانم، کەس لێی نەپرسیوە، لە دوای سێ ڕۆژ نووستن لە ژێر کورسی سارد و سڕدا، کە تەنیا گوێی لە قووڕەی زگی خۆی بووە، دەبێ ئەوەندەی ئەقڵ و ئاوەز هەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرکارەکەی. ئێستا نەورۆز خەپۆل بێکارە، هەمیشە لەسەر سەکۆی چایخانەکە ڕۆنیشتووە،

خەریکی هەڵکڕاندنی بن باخەڵیەتی، هەر لێو ببزێوی لەبەر دەمتدا حازر و ئامادەیە، تا ئەوجێیەی من بیناسم ئینسانێکی خەراپ نییە.

خاوەنکار گوتی:

ـ نەورۆز، هاودێیەکەی شاتر دەڵێی؟ کاک زەمان، دوێنێ. گوتی: ئینسانێکی باشە، بەڵام بیستوومە، خەریکی قومارکردنە،خەریکی خواردنەوەومەینۆشی وشتی واشە ، هەر بۆیە ڕۆژێک کار دەکاو دە ڕۆژ بێکارە، هەرچۆنێک بێ ئەم یەکدوو ڕۆژە خۆم تەرازووداری دەکەم، بەشکم حەبیب بێتەوە، باوەڕ ناکەم بۆ کەسێکیتر من فڕێ بدا، قسەی ئەوەم نییە، واز لە تەرازووداری بهێنێ و ملی کارێکی دیکە بگرێ، ئەوەتا،نەمگوت؟! پەیدا دەبێ.

خاوەنکار و کرێکار واقیان وڕمابوو، خۆیان بۆ ڕاگیر نەبوو، هێشتا قسەکە لە دەمی سەیمیران دەرنەچووبوو، قەڵافەتی لەڕ و لاوازی تەرازوودار وەک سێبەری تەژەیەک هاتە سەر لاشیپانەی دەرگای دووکانەکە. لە حاڵێکدا نێوچاوانی تێکنابوو، سڵاوێکی ساردی بە زەویدادا، سەید میران بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ لە پشت تەرازووەکەوە هاتە ئەملاوە هەنگاوێک بەرەوپیری چوو، بە ڕوو خۆشییەوە کە شاگەشکە ببوو، گوتی:

ـ ئە بەمە دەڵێن پیاوی دروست و حیسابی. وەڵڵا کوڕی بابی خۆتی حەبیب، هەر ئێستا باسی تۆمان دەکرد. خەریک بووم هەمزەم بە دوادا دەناردی، هیوادارم لەم ماوەیەدا بە باشی پشووت دابێ و هیلاکیت لە لەش دەرچووبێ؛ زۆر باشە، هەمزە تۆ بچۆ بەلای کاری خۆتەوە، ئێستا کە حەبیت هاتووە بەلای کاری خۆیەوە، منیش ئەمشەو دەچم و چاوم بە یاوەر دەکەوێ، کارم پێیەتی، تۆ کە بەملایەدا دەڕۆی، بزانە کەی لە ماڵ دەبێ، منیش بتوانم بیبینم، یان هەر لێیگەڕێ، ئەمە کاری تۆ نییە، ئەمشەو هەرچۆنێک بێ دەبێ چاوم پێی بکەوێ.

حەبیب بە هۆی خەجاڵەتی و شەرمەوە، کە لە دەروونیڕا دەردەکەوت، قەراخی شەپکەکەی هەڵکێشا لە ژێر کۆتەکەیەوە، دەستی لە کەلەکەی ناو بەبێ ئەوەی سەیری چاوەکانی خاوەنکارەکەی بکا، بە شێوەی ناڕازییەک گوتی:

ـ هاتبووم کاک زەمان ببینم، کارم بەوە.

سەیمیران بە سیلەی چاو سەیری کرد:

ـ ئەگەر داوای پووڵ و پارەی لێدەکەی، پێمگوتووە پێتنەدا، ئەم کارانە بەسە، لەمە زیاتر دەردم مەدوێنە، خەریکە دیقم پێدەکەی! لەوەتی دووکانەکەت بەسەردا بەجێ هێشتووم، دارو

بەردی بەسەر یەکەوە نەماوە. ئاخۆ دەتەوێ داوای قەرەبوو لێکردنەوەت لێبکەم؟ پێتوایە پیاوی ژیر کاری ئاوا بکات؟ ئەتۆ کردووتە، ئەگەر هەموو بەیانییەک لەگەڵ تاوهەڵات بێیە دووکان و زووتر لەو کاتەی خۆت، تەرازوو بسپێری بە خەلیفە یان هەرکەسێکی‌تر ئەوە من کێشەیەکم نییە، من داهاتی ڕۆژانەم لە تۆ دەوێ، دەرگای دووکانەکە پێوە بدە و بڕۆ، بەڵام شەواو شەو داخڵەکە بکە دەستی منەوە، لەوە دڵنیابە هەتا سەت ساڵیش گلەییم لە تۆ نابێ.

مات بوون و هەوری نێوچاوانی حەبیب ڕێگر بوو لە گەڕانەوەی بۆسەر کارەکەی. بەم تاریفەی کە سەی‌میران دەچووە بنج‌وبناوانی تەرازوودارەکەی بە تێڕادیوی و کەم تاقەتی قۆڵی کوڕەی گرت و لە پشت سەکۆکە داینا:

ـ وەر دانیشە بەرخی من! نە تۆ لە منت چاکتر گیر دەکەوێ و نە منیش لە تۆ باشتر. لەم ڕۆژانەدا گێرەو کێشەیەکم هەیە، خۆ ئەگەر بە هیوای خوا لە کۆڵم ببێتەوە ئەوا ناهێڵم تۆش لە من ناقایل بی نامەوێ بە هەڵوا هەڵوا دەمت شیرین بکەم، کڵاویشت نانێمە سەر، من دەمەوێ گفتت بدەمێ، شەرت و پەیمانت لە تەکا ببەستم، ئەگەر تۆ کاک حەبیب، بێ‌وەفابی و لەو وەختەدا بە کارم دێی، وەک تاژییەکەی قوباد لە کاتی تێبەرداندا گوت دێ! من بەرامبەر بە تۆ بێ‌وەفا نابم، قەتیشم هەڵناواردووی. زۆرم کار پێتە. هەواڵی خۆشم بۆ تۆ پێیە، هەروا سووک و سانا ناهێڵم لە چەنگم دەربچی. جارێ با بتکەم بە پیاو و کۆت و زنجیرت دەمل بکەم، ژنێکت بۆ بهێنم و ببی بە خاوەنی خاوو خێزان،جا ئەوکاتی کە ئەرک و بەرپرسیەتی خێزانت کەوتە ئەستۆ زۆریەک لەم خدەو ئاکارانەت دەنێیە لاوە و وازیان لێ‌دەهێنی، بەڵام ئەوەندەش بزانە ئەو کۆتەی دیکەمە ئەستۆی ئەتۆ، ئەوە کۆتی ڕەحمەتە نەک زەحمەت؟!

با ئیتر ئەمجار هەر لە دەست من ناڕازی بی؛ لەمەولا هەر خۆت ئاردەکە وەر بگرە و باوەڕت نەبێ بە کۆڵکێشان؛ تەواو بوو گرێی نێوچاوت بکەوە، دوو کاتژمێر کەرو باری ئاشەوان مەحتەل بکە، وایان لێبێ ئاردەکە لە قەپان نەدەن و هەروا بە تاڵی بکەن و بڕۆن. سەی‌میران شانی خۆی کە بە گەچی دیوارەکە سپی ببوو تەکاندی و کاتێ زانی حەبیب هیچ ناڵێ، لە دڵەوە یان بە نابەدڵی، یەکەم مشتەریی بەڕێ کرد . پارەی نێو داخڵەکەی هێنا دەرێ و، دراوە کاغەزیەکانی جوێ کردەوە و زۆر بە تاقەت ژماردی و لە تەنکەی باخەڵی‌نا، قەرەپووڵەکەشی بە تەرازوودار ئەسپارد. سووڕێکی بە نێو دووکانەکەدا لێدا و گەڕایەوە، هەرچەندە لە بابەتی وەدرەنگ کەوتنی ئاشەوان و کەندووی بەتاڵ نێوچاوانی تێک‌نابوو،

گەڕانەوەی حەبیب بۆ ئەو مایەی دڵخۆشی بوو، ئیتر مانەوەی لەوێ زۆر گرینگ نەبوو. لە دوای چەند خولەک بەردەوام لەسەر پێ ڕاوەستان، بە زمانی بەڕۆژوو، ئەوەندەی ماندوو بوو، ئەوەندە برسی و تینوو نەبوو. ئیشتییای مژێک جگەرە، تینی بۆ هێنابوو. لەو کاتەدا کە خەریک بوو بەرەو ماڵ دەبۆوە بە چاوێکی دۆستانەوە سەیرێکی تەرازوودارەکەی کرد. نێوچاوانی گەش ببۆوە ئەم پیاوە چلوچەند ساڵەیە، ئەوەندە لەخۆ ڕازی و دەمارگرژ بو هەستەوەر بوو لە چەشنی پیری شەست ساڵە تووکی ڕەش لە سەریدا نەمابوو. لەگەڵ تیریگێڕ و نانکەر و هەویرشێل دایمە و دەرهەم مۆن و ڕوو تاڵ بوو . هەڵس‌وکەوتی وەک ئەو کەسانە بوو کە لەگەڵ خۆیان تری بزن بەشەردێن. وشک و خیرەسەر، نەکوڵ و نەحاواوە . تووڕەیی و کەم‌جیکەڵدانی ئەم پیاوە لەسەر بابەتێکی بچووک هەمیشە کێشەی ناوەتەوە و دووکەڵەکەی بە چاوی خۆیدا چووە و گرفتی بۆ هەمووان ساز کردووە، هەر بۆیە ڕەوشتی جوان و شیاوی لە ژێر ئەوانەدا پەنای گرتبوو لە وەختی ئاساییدا مرۆڤێکی کەمدوو و هێور بوو. حەزی نەدەکرد دەست بخاتە کاری هیچ کەسێکەوە . پیاوێکی ڕووراست و ئاکار جوان بوو، حیسابات و سیایی حەق و داهاتی قسەی لەسەر نەبوو. شەو بە شەو بەبێ کەم‌وکووڕی هەتاکوو ئاخرقڕانی لە فرۆشی دووکان بەبێ ئەملاو ئەولا دەکردە بەری دەستی خاوەن‌کارەکەی، دوازدە قڕانی حەقی ڕۆژانەی خۆی هەڵدەگرت، وەختێ پێلوە بێ‌مژۆڵەکەی قورسایی دەخستە سەر چاوی و لای‌دەبرد، دەیگوت:

- من نەم ژماردووە، تۆ خۆت بیژمێرە بزانە چەندەیە ئیتر سەی‌میران دراوە درشتەکانی، لە وردە پووڵەکە هەڵدەوارد و زۆر بە ئیشتیاوە ملی دەنا لە بژاردنی. لە دوای پەنجا تمەن، ئەمجار ئەوەی‌تری دە تمەن قەرەپووڵ بوو لەولاوە دای‌دەنا. بە دیتنی ئەم پارەیەش بەری چاوی ڕوونا دەبۆوە و زەردە خەندەی خۆشحاڵی لە کاروباری ڕۆژانە و داهاتەکەی دەنیشتە سەر لێوی، بە بێ پێچ و پەنا ، بە هۆی ڕازی‌بوونی لە تەرازووداری بێ‌دەغەڵ و دەست‌پاک بۆ وێنە دەیگوت:

- فرۆشی دوێنێ و ئەمڕۆت، حەبیب تەنیا تەمەنێکیان نێوان هەیە، ئەمەش زۆر ئاساییە، خوایە قەت شوکری تۆ تەواو ناکەم، خێرو بەرەکەتی خۆتمان لێ‌مەگرەوە! ڕزق و ڕۆزی بڕژێنە بەسەر ئەم دووکانەدا!

بوونی تەرازوودارێکی دەستپاک بۆ ئەم نانەوایە، لە گەوهەر بە نرخترە. سەیمیران سەراوی ئەمەی باش دەزانی، جگە لەمەش بڕوای وابوو، ئەو ماڵەی سەگی تێدابێ، فریشتە و پەری سەری پێداناکا. ئەو کارو کەسپەی گزی و فرتوفیڵی تێدابێ قەت، زیاد ناکا، خێرو بەرەکەت لێی دوور دەکەوێتەوە ، جا بۆیە هەر تەنیا تۆزێک باڵی وەسەر حەبیب کێشابا نەختێک لەگەڵی نەرمونیان ببا و چاوی بەسەرییەوە با، ئاوا سەر لێشێواو نەدەبوو. ئێستاش ئەگەر دەرگای ئەم باسە بکەینەوە، واتە ئەگەر ئەم ژنە چارشێو سپییە پێمل بێ و مێرد بەم پیاوە بکا ئاخۆ دەتوانێ لەگەڵ تاقەت و حەوسەلەی ئەو سازگار بێ؟ بلێی حەبیب بەم حەقدەستە کەمەی وەریدەگرت بتوانێ لە عۆدەی ئاواها خانمێک بێتە دەرێ، یان هەر ژنێکی دیکە؟ ئەو لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی شک نەدەبرد، تەنیا جێیەک کە شەوی تێدا ڕۆژ دەکردەوە ماڵی خاڵی بوو.دەبوو وردتر لێکی بداتەوە و سەنگ و سووکی بکا . بەڵام ئەم ئافرەتە، بەم هەموو لەنجەو لار و جوانییەوە ئاخۆم جن و پەری نەبوو؟ خوا بۆ تاقیکاری و ئەزموون بەندەی خۆی بە جلوبەرگی بەشەرانەوە ڕەوانەی سەر زەوی کردبوو؟ ئەگەرچی سەیمیران دەستی بە هەموو لایەکدا ڕادەگەیی و دەسەڵاتدار بوو، بەڵام بە دشواری دەیتوانی لەم کارە بکۆڵێتەوە، لەملاشەوە ئەو نییەتی چاکەی هەبوو، هەر بۆیە دژواری ئاوا بۆ ئەو زۆر ئاڵۆسکاو نەبوو، دەبوو سەرە تاڵەکان وەدۆزێ و گرێپووچکەکان بکاتەوە، گرفتەکان ڕاپەڕێنێ و لە حەولی خۆی دۆشدا نەمێنێ. سەیمیران بەم فکرە و بیرۆکانەوە، هێدی هێدی بەرەو ماڵ دەبۆوە. خۆر بە تەواوی بە ناخی چیاکاندا ڕۆ چووبوو. کاتژمێرەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، دە خولەکی مابوو بۆ بەربانگ، وەختێ وەبیری هاتەوە، نوێژی نیوەڕۆ و عەسری چوو بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ لە بیرکردن تاوان نییە، لە ماڵێ بە قەڵا دەیانگێڕمەوە.

# بەشی دووهەم

ئەو شەوە لە دوای بەربانگ، سەیمیران تاکوو درەنگانێک بە نوێژانەوە بوو، لەبەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ و عەسری خستە پاڵ ئەوان، لە سووچێکی ژوورەکەدا بەرماڵی ڕاخستبوو، لە نێوەڕاستی دیوەکەدا، کورسییەکی چوار پێچکە بە لێفەیەکی ئەتڵەسی و سەرپۆشێکی سپییەوە، ژنێک و چوار منداڵ پێیان تێکێشابوو. ژنەکە خۆی بە بەختەوەرترین مرۆڤ دەزانی، بە هەستێکەوە غەبغەبەی خۆی نیشان دەدا، سەری بە سەرشانیدا خستبوو، هەرچەندە چارشێوەکەی سەری کەوتبووە سەرشانی، بەڵام هێشتا خەرمانی بسک و پەرچەمی قەترانی لە هامێزدا بوو. بە چاوە ڕەشەکانیدا کە بەراستی خوماری ناز بوون، هەنیە و سەر کوڵمی لە چەشنی سێوە لاسوورەی ، ڕوخساری بێغەلوغەشی کەدەتگوت بەری دەستیان پێداهێناوە، نیشانەی ئافرەتێکی ساخیان پێوە دیاربوو. مرۆڤی ژیر و هوشیار بە بینینی ئەم ڤینووسی یەزدانییە بۆی دەردەکەوت، تەمەنی لە دەوروبەری سی ساڵ دەبێ و نابێ. نیگا و ڕوانینی پڕ بە وەفا و خۆشەویستی سەبارەت بە مێرد و منداڵ، بزەی شیرینی سەر لێوی لە هەر ئان و ساتێکا، مزگێنی ڕۆحێکی تەڕو پاراوی پێبوو، بەدوور لە هەور و هەڵای خەفەت و مەرارەتی، گشتی ئەمانە نوێنگەی ئەو ڕاستییە بوون کەژنێکی بەختەوەرە، خاتوونێکە سەرمەستی ژیانێکی تەژی لە خۆشی و تەبایی، بە واتا سروشتییەکەی دوور لە تەنگ و چەڵەمەی زەمانە. لە دارای دنیا هیچی کەم نییە. ئەو خانمە بەختەوەرە، ئاسکەخاتوونە، خێزانی سەیمیران سەراوی، خاوەنی نانەواخانە و دایکی منداڵەکان لەوبەری کورسییەکە، ڕووبەڕووی ئەو، کلارا، یان بە کوردییەکەی گلارە، نازداری دایە و بابی، چرای ماڵەکە، دانیشتبوو. کێژۆڵەیەکی ناسک و جوانکیلە، لێو بە کەنین و ئارام، تەمەن لە یازدە بەهاردا. گلارە بە کوردی واتە گلێنەی چاو، هەر وەک لە بەرگی کتێبەکەی قوتابخانەی بەردەستیڕا دەردەکەوت، چوارەمی سەرەتایی دەخوێند. لە دوای ئەو سێ براکەی لەخۆی منداڵتربوو، بارام و بیژەن و مەهدی؛ یەکەم کوڕیان نۆ ساڵی بوو، دایمە لەلای ژوور و لە تەنیشت باوکی دادەنیشت و پاڵی بە تەختی خەوتنەکەوە دەدا و خەریکی نووسینی دەرس و مەشقی بوو، دووەمیان شەش ساڵان بوو. جارێ نەچووبووە، قوتابخانە، لەلای خوارووی کورسییەکە درێژ ببوو. خەریکی بزۆزی بوو.

دەستەکە قورماویەکانی بن میچی دەژماردن. لە دنیای خۆیدا یاریی بەم دیمەنە چڵکن و سەیرانە دەکردکە دڵۆپە و ئاوەچۆڕە سازی کردبوون . سێیەم کوڕ یان تەمانی دوو ساڵان ونەختێک ؟، ئەو هێشتا بەبەر دایکییەوە بوو. لە مەمکیان نەبڕیبۆوە. بە شانی دایکییەوە ڕاوەستابوو، خەریکی چەکاندنی مەمکەمژەکەی بوو. زەردەڵ و بێدار و بار وەک ژیژک خۆی خزاندبووە نێو جلوبەرگی زستانییەوە. لەسەر باسکی ڕاستی نووشتە و دۆعای چاوەزار ، و قورعانی لە قاپی بەرگزێو گیراو بەسەر سینگییەوە شۆڕ ببۆوە و دوو چل بسم‌الله بەسەر سەرییەوە. ئەوانە گشتی مەتاڵ و لەمپەر بوون ، ئای بەشکوو ئەم منداڵە بپارێزێ لە نفووسی پیس و چاوی چڵکن و تەحاتەحای ئەم و ئەو و سەدان جرِو جانەوەر. هەر لە یەکەم دیتندا، بەبێ ئەوەی خۆی پێوە ماندوو بکەی بۆت دەردەکەوت، ڕوخساریان، هەر وەک تەوێڵی تەخت و لووتی قوڵە و ئەدگاری گەنم ڕەنگی هەر چواریان چووبۆوە سەر بابیان. دەم و لێوی نەختێک گۆشتن و چاو و برۆی ڕەش و مەستتیان، بەتایبەت وەختێ زەردە دەیگرتن و پێدەکەنین تەواو لە دایکیان دەچوون. جموجۆڵ و ڕوانینی منداڵەکان بە گشتی بە دەوری کورسییەکەوە دەریدەخست برسییانە و چاوەڕوانن بابیان لە نوێژکردن بێتەوە و دانیشنە سەر سفرەی شێو خواردن.

دایکی زارۆکان، مەهدی چکۆلەی لە کۆشی خۆیدا دانابوو، بۆ ئەوەی نەچێتە بەردەمی بابی و نوێژەکەی لێ تێک نەدا، کایەی لەگەڵ دەکرد و شێعر و چیرۆکی بۆ دەخوێندەوە، دەیگوت، لاقی ئەو منداڵە نوێژی نییە نابێ بچێتە سەر بەرماڵەکە.ئەگەر چووبا مۆر و تەسبێحی باوکی هەڵدەگرت و بەملاو ئەلادا فڕێی دەدا، بەسەر چراو شووشەی دەرگادا یان سەروچاوی ئەوانی‌تر، دەستی دەبرد بۆ زنجیری سەعاتەکەی گیرفانی. شەو کڵاوەکەی لە سەری بابی دادەگرت و دەچووە کۆڵی و نوێژەکەی لێدەشێواند. لەمێژ نەبوو،دەردێکی بێدەرمان هەستابۆوە. مەعلووم نەبوو سووریژەیە یان مێکوتە و هاوڵە، زۆری نەمابوو دایکی شینی بۆ بگێڕێ و سەری بۆ لە هەش بنێ، لە ماڵێدا ببوو بە گوڵە جەرگە و یەکێ دایدەنا و یەکی هەڵیدەگرت.

گڕەزۆکیان کردبوو. پەڵپ و بیانووی دەگرت و لاقی لە عەرزی دەژەنی. وڕکی دەگرت و داوای ماست و دۆشاوی دەکرد! تەنانەت دەروجیرانیش وەختێ هەڵیاندەگرت، دەبوو بەبێ ماتڵبوون چی ویستبایە لەبەر دەستیدا دایان‌نابایە. نەدەبوو هیچ کەس دڵی بشکێنێ. وەختێ مەهدی نەخۆش کەوت دایکی،دەستی لێ شوشتبوو، چاو بە فرمێسک و دەروون پڕ لە سووتمان ڕووی کردە خۆرهەڵات و دەستی‌کرد بە دۆعا و پاڕانەوەو لەگەڵ خوای خۆی شەرت و پەیمانی بەست بەو مەرجەی

منداڵەکەی چاک بێتەوە، بە ماوەی حەوت ساڵان تووکی سەری مەهدی هەڵنەپاچێ و بەقەی کێشی قژەسەری، زیوی خالس نەزری ئیمام ڕەزا بکا. سێبەری ئەو مەرگەساتەی کە هەڕەشەی لە چێژ و خۆشییەکانی ئەم خانمە بەختەوەرە دەکرد، ئێستا بە چاکبوونەوەی زارۆکەی چەند ڕۆژێک دەبوو هەوری پەژارەی ڕەوی بۆوە، ئاسمان ژیانی ساماڵ و پەپوولەی بزەش گەڕابۆوە بۆسەر چرۆی لێوی. ئاسکە خانم کە بە مەرازی دڵی خۆی گەیبوو، هەر وەک هاجەرە خاتوونی دایکی ئیسماعیل کەوتبووە نێو کۆشی شادی و خۆشییەوە. کاتێ دیتی مێردەکەی لە نوێژ کردن نەبۆتەوە بە چاوی پڕ لە خۆشەویستی و دڵۆڤانییەوە کۆرپەکەی کە تازە لە چنگ حەزیای مەرگ ڕزگاری هاتبوو کردە باوەشی، وەک بێژی ئەوسات و کاتانەی هاتبوونەوە بەر چاوی بە گەرمی بە سنگی خۆیەوە گوشی و بە سۆزێکی دایکانەوە چەند جارێک ڕایمووسی و بە دەنگی بەرز خۆی لە دەور گێڕا و بە قوربانی بوو، لێو بەکەنین و لە ناخی دڵییەوە پەنجە چکۆڵەکانی خستە نێو لەپی دەستی خۆیەوە و ماچی کردن، دڵ پڕ ئاوات و سەری پڕ لە شۆری ژیانی بەسەردا گرت و قامکە باریکەکانی یەکە یەکە بۆ کردە قولەمیچە و گوتی:

«ئەوە دەڵێ، دەچم بۆ ماڵی پوورم، ئەوە دەڵێ کچ دەدزم لە خەزوورم! ئەوە دەڵێ، ئەگەر پێیان زانین؟ ئەوە دەڵێ کەسیان بە من ناوێرێ! ئازام هەر وەکوو شێرێ!»

بە ڕاوێژێکی شیرین و جوان، ڕستەی کۆتایی بە دەمدا هات و قامکە کەڵەی بۆ خەواند، منداڵەکە بە دەم قسەکانی دایکییەوە دەتریقایەوە، بۆ ئەوەی ئەمجاریش یارییەکە دەستپێبکەنەوە منداڵە خێرا مستی کردەوە.

ئاسکەخانم چاوێکی لە مێردەکەی کرد،دەتگوت ئەوکابرایەئەمشەودەیەوێ نوێژی جەعفەری تەیار بخوێنێ. وای تێگەیاند منداڵەکەی بەسەردا بەجێ بێڵێ و بڕوات بە لای نان‌دانان و شێوەکەیانەوە.

سەی‌میران نوێژی «شێوان وخەوتنان»ی تەواو کردبوو، ئێستاش لە ڕەکعەتی چوارەمی نوێژی قەزای نێوەڕۆدا بوو. بەڵام کەوتە گومانەوە لە سێیەمدا یان چوارەم. سوود و زیانی ژیان، ئەوانەی کە هاتبوونە دی و نەهاتبوون. تێکەڵاوبوونی پلان و بیرۆکەکانی، یان ڕەنگبێ ئەم ڕستە شێعرەکەی خێزانی سەرنجی ڕاکێشابێ، ئازام هەر وەکوو شێرێ، ئیتر وای دانا، کە چوارەم بێ و سەری بە سووژدەی هەڵە دادا، بە دوای ئەمیشدا ملی‌نا لە گێڕانەوەی نوێژی عەسر، لەوێشدا نەی‌زانی لە ڕەکعەتی یەکدایە یان دوو کوێتەی خەیاڵ هەڵیگرت! چۆن بەلایەوە سەیرنەبێ هەر بەڕاستی

نەیدەزانی لە کوێی نوێژەکەیدایە، ئاسکە خانم کە هۆشی لەلای ئەو بوو بۆ وریا کردنەوەی زۆر بە هێمنی یارمەتی دا.

ـ ئەمشەو لە کوێی پیاوەکە؟ ڕەکعەتی چوارەم، سوبحانەڵڵا.

وەختێ سەیمیران سڵاوی نوێژەکەی داوە، دۆعاکانی دوای نوێژی خوێند و دەستی بە سەروچاویدا هێنا، خێزانی زۆر بە وردی لە ڕوخساری ڕامابوو. نەکا بیر و هۆشی ئاوێتەی کێشەیەکی قووڵ بووبێ، مێردەکەی لە کاتی هاتنەوە بۆ ماڵێ هەواڵی گەڕانەوەی حەبیبی تەرازوودارى پێدابوون، ئیتر لە بەیانییەوە ناچار نەبوو بەر لە تاو کەوتن بچێتە نانەواخانە. لە مانگی ڕەمەزاندا بە هۆی شەونوێژ و گازە و پاڕانەوە، سەیمیرانیش هەر وەک ئەو کەسانەی لە ژیانێکی تێر و پڕدان، خوو عادەتی وابوو، لە پاش نوێژی بەیانی هەتا هەشت و نۆ و جاریوابوو تاکوو نزیک نیوەڕۆ خەریکی حەسانەوە و پشوودان دەبوو، بەرماڵەکەی لەملاوە دانا و قاچی کێشا ژێر کورسییەکە، لە شوێنی هەمیشەیی خۆی دانیشت و گوتی:

ـ ژنەکە دەستووبرد کە و خێرا نان دابنێ، لە دووای شێوخواردن، دەچمە دەرێ ئیش و کارم هەیە.

باوێشکی داو، بە بێتاقەتی دەستی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا، ئاسکە مەمکی لە دەمی منداڵەکە سەندەوە و لەو کاتەدا کە خەریک بوو هەستێتە سەرپێ لێیپرسی:

ـ چ کارێکت هەیە؟ زۆر گرنگە، هەر دەبێ ئەمشەو جێبەجێی بکەی؟ ئەمڕۆ عەسر دایکە باجی و ڕەعنای کچی هاتبوونە ئێرە، حەز دەکەن ئەمشەو بۆ سەعاتێکیش بێ بچینە ماڵەکەیان و سەرێکیان لێهەڵبێنین. ئەم پیرێژنە ئەمە بۆ سێجار دەچێ داوامان لێدەکا بچین، بۆ ماڵەکەیان، ئەم زستانە دوو جار هەستاون و هاتوون سەریان داوین. کەچی ئێمە شەوێک نەچووین دیدەنییەکیان بکەین. ئەگەر ئێمە جارێک دەرگایان لێنەکەینەوە ئەم ژنە پیرە لەلای زاواکەی بە خۆیدا دەشکێتەوە و پێیدەڵێ: دنیا ئاوایە، مەشەدی ئیمەو مانان بە ماڵ نازانێ، دەعییەی ناهێنێ لەسەر بەڕەی شەقام ماڵێک دانیشێ. ئەمە شیاو نییە، ئەوان چاویان لێمانە، دڵیان بە خۆیان دەمێنێ، جگە لەوانەش من گفتم پێداون ئەمشەو چاوەڕێمانن. لەوانەیە ئەزیەتیشیان کێشا بێ و شەوچەرەیان ئامادە کردبێ! ئەگەر حەزیش ناکەی ئێمە بێین، ئەوە تەنیا خۆت بچۆ و سەرێکیان لێهەڵبێنە و قەننە کێشێک لەلایان دانیشە، چاو پێکەوتن خێرە و سەردانیش پێویستە،من ومنداڵم قەرزباری ئەودایک وکچەین.

سەیمیران گوتی:

ـ ئەم قسانە هەمووی لە جێی خۆی، جارێ با بمێنێ، کەسێک بنێرە پێیان بڵێ سبەی شەو چاوەڕێمان بن. دەبێ بچم بۆ ماڵی یاوەر، سەرۆکی دایرەی سپا و سەربازان. حەوتوویەکە بە تەمام بچم و بۆم نەگونجاوە. بێجگە لەمەش دەڵێ، بەسەر پێیەکەوە هەتا دووکان بچم، شێوازی کارەکانمان وەک خۆی نەماوە، سلێمانم ناردووە بۆ ئاشی، نازانم دەگەڕێتەوە، ناگەڕێتەوە.

ئاسکە، وەختێ زانی مێردەکەی کاری هەیە، لەوە زیاتر سەری خۆی لەگەڵ نەهێشاند. دەشی‌زانی هەرچییەک بڵێ هەر ئەوەیە، قسە قسەی خۆیەتی، چ لە ماڵێ و چ لە دەرێ، نەدەبوو قسە لە قسەیدا بکەی، لەمانەش گرنگتر، ئەوشەوە وادیار بوو سەی‌میران وەک شەوانی ڕابردوو سەرو خولکی خۆش نەبوو، هەرچەندی مەهدی خۆی دەپەنا خزاندبوو، بەڵام نەیدەدواند و یاریی لەگەڵ نەدەکرد. هەروەک لە نێو ماڵ و منداڵەکانیشی‌دا نەبێ وابوو. ئاسکە وای بیر دەکردەوە، لەوانەیە کێشەی نێوان خۆی و شاترداری بێت، قەول وابوو نرخی نان لە نێو شار دابەزێ! ئەوەندەی ئەو هەواڵی هەبوو سەی‌میران هێشتا هەنگاوێکی باشی هەڵنەگرتبوو، ئەم نێوچاوانەی سەی‌میران سێبەری خستبووە سەر دڵی خانمەکەی، سەیر دەبێ مێردەکەی نەتوانێ دەروەستی شارەداری تازە بێت، بە چۆک داهاتنی بەڕێوەبەرێ دایرە پیشە و سنفی دەردێکی کەم نییە، ئەم کێشە و گرفتانە لە گشت کار و پیشەکاندا بەرچاوە، ئاسمانی هیچ کەسپ و کارێک بەبێ هەور و هەڵا نییە. سەی‌میرانیش لەم کێشمەکێشە بێ‌بەش نییە؛ کەوابێ ئاسکەخاتوون، سەرەڕای سەدان فکرو خەیاڵ لەمەڕ کاروباری مێردەکەی، واش‌نەبوو ئەم بابەتە ئەوەندە گۆڕەو شاری بدات نان‌دانان و شێوەخواردنی لە بیر بچێتەوە، جێی خۆیەتی لە پێشدا لە بیری چارەسەر کردنی زگەکەدا بن، مەڵحەم و دەرمان زۆر و زەوەندە بۆدەردەکانی دی.

لە ژیانی شەو و ڕۆژی ئەم بنەماڵەیەدا، ئەم چرکەساتە، کاتێکی خۆش و پڕ لە بەختەوەری بوو. تەنانەت پێشتریش، هەر لەو کاتەوە، قەلەکان دەستە دەستە بەسەر سەری حەسارەکەوە دەفڕین و شاباڵیان لە تەوێڵی زەردەپەڕ دەسوو، هەوا مزگێنی شەو و هاتنەوەی مێردەکەی بۆ ماڵێ پێدەدا، ئاسکە لە دڵەوە خۆشی خۆشی بوو. پڕ بە دڵ، بە خۆشییەکی نیهانییەوە لە حەسارەکەدا، لەسەر پلیکانی هەیوانەکەوە چاوەڕوانی بوو. بەردی تیف‌تیفە دراوی پلیکان، هێشتا تینی هەتاوی نیوەڕۆیان بە لەشەوە مابوو، هەر وەک گەرمای دڵ و دەروونی ئەو، کەشە هەورەکانی لاجانگی ئاسمانی ئەرخەوانی و ئاماڵ خۆڵەمێشی لە چەشنی مێگەلە مەڕێک شنە وە پێش خۆی دابوون. تاریک و ڕوون وردە وردە دەستەملانی یەکدی دەبوون، مشکێکی باڵدار لە ژێر میچی بەر هەیوانەکەدا،

هێلانەی کردبوو. لە باوەشی حەسارەکەدا دەخولایەوە، منداڵەکانی تەواو هەستیان بە چێژی ژیان دەکرد، هاوکات لەگەڵ هاوڕێکانیان خەریکی یاری و جۆلانێ کردن بوون. بە حەسارەکەدا غاریان دەدا و خۆیان دەخستەوە پەنا دایکیان ئەو لەگەڵ ژنی هاوساماڵەکان، سەرقاڵی قسە و باسی خۆیان بوون. خۆیان دەخستە پشت دایکیان و چارشێوی سەریان دەکێشان، بۆ ئەوەی لە دەست یەکتری خێرا ڕزگاریان بێت، دەیانقیژاند، هەڵدەهاتن و دەگەڕانەوە، هەر وەک سروەی بەهارێ، دەروو ژووریان پڕکردبوو لە شادی و خۆشی، لەگەڵ دەنگی پێو و کۆخینی سەیمیران، ئەمە نیشانەی هاتنەوەی بوو، پێی ڕادەگەیاندن، ئەوا هاتمەوە، ژنی جیرانەکان هەریەکەو خۆی کردەوە بە ژووری خۆیدا، ئاسکەخانم کەوتە ڕاستەو پاستە کردنی چارشێوەکەی سەری. بە حورمەتێکی بێئەژمارەوە، بەبێ ئەوەی بەتەمای وەڵامێک بێ، سڵاوی لێدەکرد: چی بە دەستەوە با، لە میوە، مێوژ و گوێز، یان سەوزە و کاهوو، لێی وەردەگرت و بە دڵێکی پڕ لە خۆشی و ئاسوودەوە وەخۆ دەکەوت بۆ شێو سازکردن، بۆ قبووڵی و سەرو پێیەکی چەور و پڕ لە پیواز و ڕۆن بە شەوی زستان لە دەوری یەک دانیشن و نۆشی گیانیانی بکەن. ڕووی دەکردە چێشتخانە، گشتی ئەمانە تاسە و هیوایەکی تەژی لە بەختەوەری و چێژ و ئاوازێکی شادیهێنی بە هەناوی کابانی ماڵ دەبەخشی و لە چەشنی بەهار ڕۆحێکی تەڕو تازەی دەچۆڕاندە دەروونی ئەم بنەماڵەیەوە.

کامەرانی و داهاتی باشی ئەم پیاوە لە ئیش و کاریدا، پێڕاگەیشتن و تەبایی، دڵگەرمی ئاسکە خاتوون بە ماڵ و میرد، بە شێوەیەک مەکۆی بنەماڵەی گەرموگوڕ ڕاگرتبوو تەنانەت پرشنگی ئەم بەختەوەرییە چوارچێوەی ماڵەکەی چراخان کردبوو.

لەکاتی شێوخورادنەکەدا، پشیلە، کەلەبەرێکی دابوو بە دەرگای ژوورەکە، سەیمیران چاوی بە قەڵافەتی ژنی جیرانەکەیان کەوت لەبەر هەیوانە تاریکەکەدا ڕاوەستابوو، وادیار بوو دەیویست بێتە ژوورێ، بەڵام چونکە زانیبووی ئەوان خەریکی شێوخواردنن، دوودڵ بوو بگەڕێتەوە یان بچێتە ژوورێ، لە ئاخریدا بەبێ ئەوەی لاق بنێتە سەر پشتی پلیکانەکە بۆ دواوە گەڕایەوە، سەیمیران پارووەکەی لە دەمدا بوو، زۆر بە وردی هەوڵی دەدا لە کەلێنی دەرگاکەوە، ڕەنگی چارشێو نوێژی ژنەکە بناسێ، گوتی:

ـ وادیاربوو نوقرەی خێزانی گوڵمحەممەد بوو، ڕەنگبێ هاتبێ داوای پووڵ بکا، بۆ هێشتا مێردەکەی نەهاتۆتەوە؟ ئەمە سێ ڕۆژە مشتێ گەنمی بۆ ئێمە بووجاڕی نەکردووە، بڵێی لە کوێی بێ؟ هەر نایبینم.

ئاسکە وەڵامی داوە:

ـ لەو ڕۆژەوە تاووبان خۆش بووە، لەگەڵ مێردی خوشکەکەی دوو بەدوو چوون بۆ تاقەوسان. بەتەمان ئەگەر بۆیان جیبەجێ ببێ ئەمساڵ لەوێ بێستان و تەڕەکاڵەی دابچێنن. ئەتۆ باخەکەت پێنەدان ئەوان دڵیان هێشاوە، ئەمڕۆ عەسر دایکە باجی و کیژەکەی لێرەبوون خورشید زمانی بە گلەیی بوو لێمان، دەیگوت لە زمان منەوە بە مەشەدی بێژە، بە سایەی گوڵەگەنمێکەوە گوڵە جۆیەکیش ئاو دەخواتەوە، ڕاستە لە دوای زیارەتی مەشەد و کەربەلا، نۆرە دەگاتە حەج، بەڵام لەو دنیا بەر لە هەموو شتێک پرسیار و وەڵامی دەروجیران دێتە گۆڕێ.

ـ لەو دنیا چییان بەسەر دەروجیرانەوە داوە؟ ئەوان بە دەستی بەتاڵ چۆن دەتوانن بەم باخە ڕابگەن؟ باخەوانی لێزانی گەرەکە. باخ بە ئیجارەگرتن کەرەستەی دەوێ، تەنیا ئەزموون و بەڵەدی بەکار نایە دەبوو پێیان بێژی، مەشەدی لە ئیجارەدانی باخەکە بە ئێوە نیگەران نییە، ئاخۆ دەتوانن تەنیا خەرجی نوسینگەیەک بە دوای یەکدا بدەن؟ تاکوو ئەمڕۆ کێ بە خەیاڵ بووە بە ماڵ؟ تاکوو ئەوان پێی بگەن؟ ئەم ژنە لە دارای دنیادا تەنیا فێری بۆڵە و تانە و تەشەر بووە.

ـ نا، من هیچم پێنەگوتووە! من کارم پێیچییە؛ گوتم ئەوساڵ پیاوەکەم بە نیاز نییە باخەکە بە کەس بە ئیجارە بدات.

ـ هەر بە ڕاستی وایە، ئیتر لەمە بەدواوە هیچ ساڵێک باخی خۆم بە ئیجارە نادەم. بۆ مەگەر من گۆج و ئیفلیجم، نەتوانم بە باخەکەی خۆم ڕابگەم؟ جا بۆ ماڵ لە ساحێوماڵ حەرامە؟ وەکوو بیستوومە پارەکە، دووسەد و چل تمەنیان لە فرۆشی سێو و قەیسی وەدەست کەوتووە، لەم شارەدا گوێز و ترێکەشیان بە نرخی سەت تمەن بە کەسێکی دیکە بە ئیجارە داوە، ئەو کەسەش لە ئاخریدا پەنجا تمەنی بۆ مابۆوە، ئەمە بێجگە لە هەرمێ و هەڵووژەکەی کە لە تەواوی سەراودا بەنامیەیە، من باسی ئەوانە هەر ناکەم. سەرەڕای ئەمانەش ئیجارەچییەکەی ئێمە هێشتا دەناڵێ و دەماڵێ و بە قسەی خۆی زەرەد و زیانی کردووە. گەمژە پیاو، وادەزانێ گێل و نەزانی دەستکەوتووە، لێم ڕاسپاردووە ئیتر دوو ساڵەکەی تەواو بووە، نامەوێ ئەمساڵ بە کەسی بە ئیجارە بدەم؛ تازە ئەمە لە خێرو بێر چۆتە دەرێ، باخ بە ئیجارەدان کەمتر لە پێنج ساڵ کارێکی هەڵەیە. هەڵەیەکی زۆر گەورە. ئەم پیاوە دەستەوستانە لە ماوەی دوو ساڵدا هەر بۆ بیرەوەریش بێ تەنیا نەمامێکی لەم باخەدا نەچەقاندووە! داخەکەم ئەگەر شەش‌دانگی هی خۆم دەبوو قەت کارێوام نەدەکرد.

ئاسکە، لە خۆشییاندا دەمی پڕبوو لە ئاو، گوتی:

ـ زۆر باشە، شەریکەکەت مەرزەم بکە ئەو سێ دانگەت پێبفرۆشێ، بڵێی پێمان نەفرۆشێ؟

ـ زۆریش لەوە دەچێ، ئەم کارە بکا، بەڵام جارێ ئەم ملکە بەبێ کێشە نییە، نوقرەم بۆ بانگ بکە بزانم بۆچی هاتبوو، هیچ بە مێردەکەی قەرزدار نیم. لێیگەڕێ دەی، ئەمشەویش پارەیان دەدەمێ، تەنیا تۆ ئەوەندە بەو بڵێ، ئەگەر گوڵمحەممەد کارێکیتری بە دەستەوەیە بێت و من ئاگادار بکاتەوە، با من بزانم دەمەوێ چ بکەم. سەیمیران قسەکەی تەواو کرد و بە دەستی چەپی لە گیرفانی ڕاستی سێ قران قەرەپووڵی هێنا دەرێ، گەڕایەوە و نەختێک نۆکە کولاوی لەگەڵ نەرمە گۆشت کردە پاروو. لە دەریڕا گوێیان لە دەنگی نوقرە بوو بە دەنگێکی هەژارانەوە پرسیی:

ـ ئاسکە خاتوون، بانگت کردم؟

ئاسکە دیسان خۆی گەیاندەوە بەر هەیوانەکە.

ـ ئەرێ نوقرەگیان، سەیمیران ئەم پارەو پووڵەی پێدام بیدەم بە تۆ. دەڵێ چەند ڕۆژێکە گوڵمحەممەد لەکوێیە وا دیار نییە؟ تاکوو چەند ساتێکیتر ئەگەر هاتەوە ماڵێ خێرا بینێرە با بێت مەشەدی کاری پێیەتی. منیش کاری خۆم پێیەتی، گەرەکمە بەسەر پێیەکەوە هەتاکوو ماڵی دایکە باجی بنێرم. ئەم پاروەش بدە بە جەلال.

نوقرە پێی عەیب بوو پارووە نانەکەی لە دەست وەربگرێ، گوتی هەردوو منداڵەکەم نانیان خواردووە و نووستوون. بەڵام ئەم قسەیە بۆ خۆقووتار کردن بوو، سریوە سریوی منداڵەکان دەهاتە دەرێ؟، هەر لەو وەختەدا کوڕە هەشت ساڵانەکە، جەلال، بە شوێن دایکیدا هاتبووە دەرێ و بە تووڕەبوونەوە هەردوو تای دەرگاکەی تەقوکوت بە یەکدا دەکێشا. نوقرە لێیپرسیی:

ـ کاری چت بە دایکە باجی هەبوو، وادیارە حەز ناکەن ئەمشەو بچن بۆ ماڵی ئەوان. کەس نازانێ گوڵی (گوڵمحەممەد) خەریکی چییە، شەوی وایە وەماڵ ناکەوێتەوە، دەنا ئەم ئەرکە بە من بسپێرە.

نوقرەی هاوساماڵ، نان و گۆشتەکەی لە دەست وەرگرت، ئاسکە بە سەرسوورمانەوە تێیڕاما:

ـ نوقرە، یانی بەم شەوە تاریکە؟ پێت وانییە بەم کارە گوڵی خەراپ بیر بکاتەوە؟ ئەوە هاتوو لەپڕ هاتەوە تۆی لە کۆڵانەکەدا دیت، چیت پێدەڵێی؟ خۆ ئەگەر گەڕەکەکە، چۆخە سوور[٣] نەبوایە،

---

٣- چۆخەسوور، لەو ڕۆژگارەدا ناوبانگی بە خراپی ڕۆیوە!

هێشتا زۆر گرنگ نەبوو، دەکرا چراتۆڕەکە هەڵگری و جەلال لەگەڵ خۆت ببەی، خێرا بچی و بگەڕێیەوە.

ـ ئێستاش هەر ئەم کارە دەکەم. ئاسکەخانم، نەکا بە چاوێکی زۆر کەم من ببینیّ. بۆ گوڵیش هیچ خۆت پەرۆش مەکە، ئەگەر ئێستا ئەویش لە ماڵ بایە دەزانم منی دەنارد، خۆی نەدەچوو، ئەو دڵی لە من پاکە دەزانیّ دز نەبەرەی گورگ نەخۆرەم، ترسیشم نییە لە شەوی تاریک و لە ڕێگای باریک، جا ئیتر، ئەوەی بە ماڵ و نامووسی خەڵک هەڵدەشاخیّ دەبیّ بچیّ دەمی گڵاو بکا، هەر ئێستا دەچم و خێراش دەگەڕێمەوە، خانم گیان خێرا پێمبڵیّ ڕاسپاردەت چییە؟

ـ پێیان بڵیّ مەشەدی تۆزێک سەرمای بووە، ئەمشەو چاوەڕێمان مەبن، خوا ڕاست بێنیّ سبەی شەو میوانیان دەبین، هەر ئەوەندە.

نوقرە چارشێونوێژی ژنی خاوەنماڵی بە ئەمانەت وەرگرت و دەستی جەلالە چڵمنەکەی گرت و چراتۆڕ بەدەست لە حەساریّ چوونە دەریّ. ئیتر ئەمجار ئاسکە خانم دڵنیا بوو لەوەی ئەو بنەماڵەی چاوەڕیّ نەکردووە.

دایکە باجی، پیرێژنێکی دڵۆڤان و نان بەحەرام نەبوو. ئەم ژنە لەگەڵ ڕەعنای کچی دوو ساڵ لەمەوبەر، هەر لەم ژێرزەمینەی ئێستا نوقرەی تێدایە دەژیان، لەبەر ئەوەی کەسێک نەبوو بژیوی ئەوان دابین بکا، یارمەتی ئاسکە خانم و کاری ماڵانیان دەکرد. هەر لە جلشۆری و لەلەیی و ماڵهەڵگرتن و ترشیدانان و زۆر کاری دیکەش. زۆربەی کارە قورسەکانی نێو ماڵ لە زیمەی ئەم دایک و کچە بوو. دایکە پیرە لە هەریشتە بڕینەوەدا زۆر بە سەلیقە بوو. زۆر کەس لە ساڵێدا هەریشتەی خۆیان بەوی دەبڕییەوە، بەڵام داهاتی ئەم زەحمەتانە بەشی گوزەرانی ئەوانی نەدەکرد. لەو ڕۆژەوە ڕەعنای کچی دا بەسەر عەمەلەی شەقام ماڵەکانی شارەوانی ئیتر لەو ژێرزەمینەدا گوێستیانەوە، قوربانعەلی زاوای ناسراو بە سەرجووخە قوربان، خەڵکی شارەدێکەی خۆیان بوو (جۆکاری مەلایر) داهاتی ڕۆژانەی ئەوەندە نەبوو شتێک پاشەکەوت بکا، ساڵانە دوو خەروارێکی گەنم لە مڵکی شاملوی گەورەی مەلایرەوە بۆ دەهات، وەکوو بەشە میرات. پیاوێکی ئارام و خەوش بوو. پیرێژن زاوای لەوە باشتری لەهیچ کویّ گیر نەدەکەوت، تەنیا عەیبێکی کە هەیبوو ئەوەبوو زۆربڵە بوو، ئەمەش بۆ پیاوێک لە ماڵێدا زۆر بە عەیب و ئیراد نەدهاتە ئەژمار.

ئاسکە وەختیّ گەڕایەوە بۆ ژوورەکە، گوتی:

ـ بەڵام ئەگەر سبەی‌شەو کارت هەبێ، دەبێ ئەمەش بزانی ئەم پیرێژنە بە یەکجاری دڵی لە من دێشێ؟ ویستم پێی‌بڵێم، لەم جەژنەدا بێنە ئێرە و چەند ڕۆژێک لەلامان بمێننەوە، ختتە تۆ، ئای تۆ چەندە نەوسنی، لە پێش ئێمەدا دێیە سەر سفرە! حەوت گەڕەک لێرە دوور بێ، بۆن دەکات و دەزانێ چیمان لێناوە!

ئاسکە، پشیلەی لە ژووریٰ وەدەر نا، دەرگای جووت کرد، سەی‌میران گوتی:

ـ خۆ ئەگەر وەکوو بەعزە پشیلەیەک بێتە ژووریٰ و لە شوێنێک هەڵتووتەکێ و میاو میاو نەکا، ئەوەندە نەیەتە ژووریٰ و نەچێتە دەریٰ، قەیدی ناکا، بەڵام کە دەچێتە دەریٰ، دەڵێی تەلیسە کای بە کۆڵەوەیە، تەوا دەرگاکە دەکاتەوە و دەردەپەریٰ.

ئاسکە گەڕایەوە سەر سفرە و خوانەکە، بەرلیکەی سەر سنگی مەهدی ڕاستەو پاستە کرد. لەسەر کورسییەکە دای‌نیشاندەوە، بۆ ئەوەی خواردنەکەی بداتێ بە پشە پشە هەڵی‌فریواند، برێک لە تڵێتەکەی بەردەمی لێ‌شاردەوە، گوتی:

ـ هەر ئێستا تێر شیرم کردووی، ئیتر لە بەشەکەی ئێمە مەخۆ، مەمکەکە بۆ تۆ باشترە، ئەی لەم پشیلە پیسە فێری زیانی‌کردن بووە، دەبێ فکرێکی بۆ بکەین، ئەمڕۆکە چۆتە چێشتخانەی سەفییە و دەفری چێشتەکەی وەرگێڕاوەو هەموو گۆشتەکەی خواردووە، تازە فێری ئەم نەزمە بووە، نیوەڕۆ لە ناچاریدا نان و پەنیریان خواردووە.

بارام گوتی:

ـ با، وەک سەگ دەرمان‌داوی بکەین، با بتۆپێ!

باوکی ئۆباڵی بۆ کێشا:

ـ پشیلە حەوت شایی زەرەد بدا، کوشتنی واجبە. هەمزە یان سلێمان دەنێرم دەتەلیسێکی بخات، بیبا لە جێیەکی دوور فڕێی بدات، ئیتر قەت نەتوانێ بەم ماڵەدا بێتەوە، ئەوە ڕەشەمە تەواو دەبێ، ئەمجار دەترەکێ، دەترسم هەمارەکەش پیس و بێ‌لەزەت بکا، بە میاو میاو مێشکمان دەبەن.

دەم و دەستی بە دەسماڵەکەی دەستی خاوێن کردەوە و چوو لەلای سەریٰ پاڵی دایەوە، بە دەنگێکی نێرانەوە، پێش ئەوەی شێوەکەی بخوات هیچی نەدرکاندبوو، لە چی نیگەرانە:

شوکر کەندووە گەورەی دووکان پڕ بۆوە، گەنمە سپییەکەی ناردبوومان بۆ ئاش، ئەمڕۆ نانمان لێکرد، سپی و جوان دەڵێی بەفرە، خەڵکیش حەزی پێدەکەن، بەڵام پیت و بەرەکەتی نییە، وەک بیرم

لێکردۆتەوە دەبێ ئەو گەنمە گنخاوەی میسری تێکەڵ بکەم، بەمجۆرە هەردووکیان لێک دەدەم و دەیفرۆشم!

ـ مەبەستت کامە گەنمە؟ نەکا هەر ئەوە بێ لە ماهیدەشتەوە بۆیان هێناوین و لە ماڵێ ماوەتەوە؟ کەوابێ لە بەیانییەوە ئاشەوان دێتە ئێرە؛ ئەمساڵ چ زوو، وەختی هەمارەکان هات. لەم کاتی باران و لەنگێزەیەدا دەرک و بانمان لێنامێنێ، ولاتمان لێپێس دەبێ! دەبێ هەموو ڕۆژێ خەریکی خاوێنکردنەوە بین.

ـ سەرەڕای ئەمەش دەبێ زۆر وریای دارو درەختی نێو حەوشەکە بین. یەکسمەکان نەیان کڕووسێننەوە. ئەشێ دار بییەکەش بە قوڕ سواخ بدەین. هەر مانگێکمان ماوە بۆ ئاگری نەورۆز، دەبێ باخچەکە شێو بکەین، گوڵ و ڕیحانەی لێداچێنین. بەیانی وەبیرم بێنەوە، بۆ ساخ کردنەوەی دیواری باخەکە کرێکار بگرم.

ئاسکە، سفرە و خوانی لەسەر کورسی کۆ کردەوە، لە دەفرێکدا ئاوی هێنا، بۆ ئەوەی مێردەکەی ددانە تاقمەکەی بشۆرێ، گوتی:

ـ ئەگەر بێت و باخەکە بە دەست خومانەوە بێ و نەیدەین بە ئیجارە، ئەوسا کاری کشتوکاڵ و خانوەکە چۆن دەبێ؟ تۆ تەنیا باڵی، چۆن بە هەموو لایەک ڕادەگەی؟ خۆ ئەگەر عیسای خوشکەزات نەچووبا بۆ قەسری شیرین، دیسانیش هەر باش بوو دەیتوانی یارمەتیت بدات.

سەیمیران، هەرچەندە وازی لە وەڵامدانەوە نەبوو لە ژێر لێوەوە، پەڕییە نێو قسەکانییەوە:

ـ خانم تۆ خوا لێمگەڕێ! خوشکەزای من ئەگەر خوشکەزابایە، چۆن منی بەجێ دەهێشت و خۆ ئەگەر نەختێک ئاوەزی هەبا، بە شارانەوە وێڵ دەبوو؟ لە ماوەی مانگێک سەفەری مەشەدمدا، داری بەسەر بەردی دووکانەوە نەهێشت، تەرازووداری هەر بەو بسپێرم جوانە. کەسیوام هەبێ بێگانەم بۆچییە؟ بابی برد و چوونە نەوسوود، بۆ ئەوەی لە سازکردنی هێلی ئاسندا کار بکەن، سەری کرد بە گۆمدا و لە پاش چوار ساڵ بێنان و بێ دۆ بە ڕەقەی ڕێیدا هاتەوە بۆ کرماشان. ئێستاش کە ئێستایە، هەر بەراستی نایەوێ فێری ئەزموون و ئینسانییەت بێ، ئەوە تەنیا بۆ شاخ و کێو و قاچاقچی باشە، دوازدە مانگەی خودا بە چۆڵ و بیابانەوە ببێ، هەر شەوەێ لە پەنا بەردێک ڕۆژ بکاتەوە، لە بن دارێک خۆی وەشارێ، دوو جار بکەوێتە داوی پیاوی دەوڵەتەوە جارێک سابوون و دەسماڵ لە خانەقینەوە بێنێ بۆ قەسری شیرین، مایەباش بێتەوە! ئەمەش کار و کەسپە فێری بووە. داخم ناچێ

بۆ ئەم پووڵ و پارەیەی بۆ خوێندەوارکردنی ئەو کردمە مستی میرزا حەسەنی مەکتەبدارەوە. بۆ مەگەر ئەوانەی باخی سەرێ و ئاشی خوارێیان هەیە بە هیوای برازا و خوشکەزان یاریدەیان بدەن؟ ئەمڕۆ خزموکەس واتە پووڵ، چ لەوە چاکتر کەست نەبێ و منەت لە ڕەنجی شانی خۆت، بەڵێنت پێدەدەم ئەمساڵ بە باخەکەش ڕابگەم و لە بەهرەی ئەو ماڵێکی خۆشیش ساز بکەم.

ـ بە تەمای خودا، گوێی شەیتان کەڕبێ!

بارام و بێژە کەوتنە خۆشی خۆشی و تریقانەوە بیریان لەوە دەکردەوە لە داهاتوودا خانووی خۆشیان دەبێ، بە یەکەوە قسەیان دەکرد. مەهدی کە چووبووە سەر کورسییەکە لە قەراخی ڕاوەستا و هەر وەک هەموو شەوێ ئەمە کاری بوو، لەپڕ خۆی فڕێدا نێو باوەشی باوکییەوە، سەیمیران سەرقاڵی قسەکردن بوو، تاکوو نەکەوتە کۆشییەوە نەیزانی بەڵام باشبوو زوو گرتییەوە. بە زیرەکییەکی مندالانەوە، پێکەنی و دەستی بە سەریدا هێنا و ماچی کرد. نەخشە و گەلاڵەی باخ و زەوی و خانووسازکردن و گەرموگوڕی و دڵخۆشیی ژن و منداڵ و فکر و خەیاڵی ئەو ژنە نەشمیلانە چارشێوسپییەی تا ڕادەیەک لە بیر بردبۆوە. ئەو لە ئاوێنەی خەیاڵی خۆیدا، چ بە ڕاستەقینە ژیانی پڕ لە بەختەوەریی خۆی لە پیش چاوی بوو، بۆ مەگەر فەلسەفەی ژیان جودا لەوەیە، کە مرۆڤ لە پێناو بنەماڵەی خۆیدا هەوڵ و تێکۆشانی هەبێ؟ بە سەربەرزی ڕێچکەی ژیان بپێوێ؟ کەم و زۆر بخوا و بژی و یارمەتی ئەم و ئەو بدات و لە بیری پاشە ڕۆژیدا بێ؟ ئەگەر مانا و بەهرەی ژیان ئەوەیە، وا ئەو لێی تێگەیوە، ئەوە زۆر باشە، لەمەڕ باوکەوە چی لە ئەم و ئەو کەمتر بوو؟ ئاخۆم ئەرکی باوک بە گوێرەی بۆچوونەکانی ئەرەستوو پەروەردەی موسڵمان هەر ئەوە نییە هۆشی بە خاوو خێزانی خۆیەوە بێت و ڕێنوێنی ئەم کۆمەڵگە بچووکە بە ڕاست و دروستی وەئەستۆ بگرێ و ڕێنوێنیان بێت؟ ئاگای لێیان بێ ژن و منداڵ لاڕێ و چەواشە نەبن و فێری مرۆڤایەتییان بکات؟ عەولادێک چێژی لە دڵۆڤانی و حورمەتی باوک وەرنەگرتبێ، فرە دژوارە ئیماندار و خواپەرست بێ؛ پاسکاڵیش هەر لەسەر ئەم بڕوایە بوو، ئەوین و خۆشەویستی سەرچاوەی بڕوایە بە ڕاستەقینە و دانەری ئەم کەون و مەکانە. منداڵە بیست و شەش مانگانەکەی بە شان و پیلیدا هەڵدەڕۆچکا، بۆ ئەوەی دەستی بگاتە شەوکڵاوەکەی و دایبگرێ، کەللەسەرە بێگۆشتەکەی دەتگوت هەرمێیە بەسەر لاسکەکەیەوە ئەمبارە و باری دەکرد سەیمیران بۆ ئەوەی سەر بخاتە سەری، باسی نەکرد، بزانێ دەتوانێ کڵاوەکەی لە سەری دابگرێ. منداڵە زۆری خۆ ماندوو کرد و هانکاندی، لەپڕ ڕاوەستا و هیچی بۆ نەکرا، وەک ئەوەی چاوی پڕ بووبێتەوە، کەوتە

هەڵگڵۆفینی هەردوو چاوی و خۆی خستەوە باوەشی دایکی، باوکی پێکەنی، ئاخۆ بەختەوەری لەمە زیاتر هەیە! کە ئەو هێشتا پێی نەگەیبێ؟ ئەم منداڵانە خۆشی و ناخۆشی ئەو بوون. ئەوانە چێژی ژیان و هیوای دوا ڕۆژ بوون، ڕوخساری پڕ لە ئارامی و خۆشەویستی کەنینی ئەوان، وەک سۆزی سروەی بای شەماڵ تاپۆی پەژارە و خەفەتی ڕادەماڵی، ترووسکەی دەخستە نێوچاوانی، زەردە خەندە و گریانیان، ویست و حەزی منداڵانەیان، تریقانەوە و بوونی ئەوان بوو ڕێگەی بۆ داهاتوو خۆش دەکردن و هەناوی دەبەخشی بە ژیانیان. تەنیا هەر بە هۆی ئەم منداڵانەوە نەبوو؛ ئەم گشتە هەڵات هەڵات و چەوسانەوەو کڕوکاشە بەشەو و ڕۆژ؟ مەگەر هەر ئەو مەهدییە نەبوو کە خۆی نێوی نابوو (سەرهەرمێ)، هەروەک لە باوکەوە پێیبڕا بوو، لەڕوو و لاواز، دەیتوانی لە دڵەوە خۆشی نەوێ؟ ئەمە زۆر سەیر و سەمەرە نییە، ئەو منداڵانەی لەڕوو بێدارو بارن، یان نەخۆشن دایک و باب زۆرتریان خۆشدەوێ، سۆز و لاواندنەوەی ئەو بۆ ئەم منداڵە، وەکوو تیشکی خۆر بۆ گوڵ و سەوزەزار ژیانبەخشە، ئەم پیاوە ژیر و حەقناسە، وەختێ بۆ بینینی یاوەر لە جێی خۆی هەستا و ئاسکە، تاکوو دەرگای دەرێ بەڕێی کرد. ئەم هەڵسوکەوت و بیرۆکانە ئاوێتەی ئەوینێکە کە سەرچاوەی بنەماڵە و خاو و خێزانە، ئەمە چوار ساڵ بەسەر ژیانی ئەم ژن و شووەدا تێپەڕی، ژنێکی خانومان و بە ماڵداری، ئاکاری ئەو دووە، هەمیشە وەکوو شنەی کۆساران بەرامەی نوێی پێ بووە و باخی سەوزی ژیانی بۆن خۆش و گەشاوە کردووە، وەکوو بەفراو تینویەتیی ئەم ڕێبوارانەی شکاندووە و بووە بە مایەی بەختەوەریی ئەم کۆیە. لەم ماوەیەدا، ئاسمانی ژیانی ئەم ژن و مێردە غەدری بە خۆیەوە نەبینی. ئەم خاتوونە خۆبەخشە، لە هەر بوارێکەوە کە بتەوێ کەموێنە بوو. هەرچەندە لە ڕابردوودا، یەکدوو جارێک تووشی تەنگ و چەڵەمە هاتبوو، بەڵام بە بڕوای هەندێ کەس، ئەمە جێی سەرسووڕمان و تێڕامانە، کە هیچ کۆسپێک نەیتوانیوە ڕێگر بێ لە پێکەوە ژیانی ئەم ژن و مێردە، ئاسکە زۆر بەدڵ و نەرمونیان و تاکوو ئێستاش کەس دەنگ و هەرای لێنەبیستووە.

ئەو ڕۆژەی یەکەم بەخت و یەکەم تەخت دەستی ئەم ژنە بێکەسە، بەڵام خۆشبەختەی نایە نێو دەستی ئەم مرۆڤەوە، بۆ کەس جێی باوەڕ نەبوو، ئەستێرەی بەختی ئەوە پرشنگدار بێ، کە لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، بتوانن لە نزمترین، پێپلیکەی پەیژەی ژیان بگەنە بەرزترین، کەوا فرە کەس ئاواتەخوازی ئەم ژیان و ماڵوحاڵەی ئەوان بن. ئەم ڕاستییە بەهێزتر لە بیرەوەری ڕۆژانی منداڵی، ئەوەندە بێبایەخ نەبوو، هیچکاتێ سەید میران لە بیری بچێتەوە، ئەو کاتی بەرۆژدا لە نێو باخەکان

باخەوانی و لە ئاشەکانی دەوروبەری شار ئاشەوانی دەکرد. هاوینان باخەوان و زستانان کار و پیشەی ئاشەوانی بوو، میوە فرۆشی و ئاڵوویری دەکرد و پێی کارێکی سووک و چرووک نەبوو، بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێ، سەیمیران، یان هەر وەکوو سەراوییەکان بە نێوی دایکییەوە بانگیان دەکرد، (میران خاوەر)، سەرەڕای گشت ئەمانە خۆشی نەیدەزانی کێیە و تەنانەت بۆچی زیندووە. لەو کاتەدا سی و پێنج ساڵی تەمەن بوو، تووکی سەری ماش و برنجی و پیری بەرەو پیری هاتبوو! لە ماوەی تەمەنیدا تەنیا هەر ئەوەندە ئەزموونە بێکاکڵەی بە دەستەوە بوو، وشک و سەرەڕۆ و بەبێ هەست و خۆ بە بەرپرس‌زان، سی و پێنج ساڵی تەمەنی با بردی. لەگەڵ یەکێ لە ئاغاکانی سەراو بۆ وەرگرتنەوەی تاڵانەکەیان، بە دەستی سالاردەولەی تاڵانچی برابوو، بە دووی سپا و ئۆردووی ئەودا تاکوو کوردستان چوو بوو. هەتاکوو ئەوپەڕی باکوور ئاوارە و لێقەوماو سەری خۆی هەڵگرتبوو، بە بێ ئەوە مەشرووتەچی یان بلەوەز و لاسارێک بێ. ماوەیەکی باش بە شاخ و کێوانەوە بوو، لە ئاخریشدا بە برینداری و گوللەکەش کە هەر لە جەستەیدا ماوە، دەست بەتاڵ و پێ‌پەتی گەڕایەوە بۆ کرماشان.

لە کەس‌وکاری نزیکی، هەر خوشکی چکۆلەی مابۆوە، ئەویش مێردی کردبوو، چووبووە ماڵی میرد، خوشکەزایەکیشی هەبوو، واتە عیسوو، وەختێ ئاسکە مێردی پێ‌کرد ئەو کوڕە دە ساڵان بوو، ئەو ڕۆژەی ئەم خانمەی گواستەوە، ئیتر نەیویست لە سەراو بمێنێتەوە، هەوای شار چووە کەللەیەوە، تاکوو بتوانێ بەختی خۆی کە ئێستا، کەسێکی دیکەشی لێبووە بە سەربار، جا ئیتر خاس یان خراو تاقی بکاتەوە، ئەویش لە شوێنێکی فراوانتر. ئاسکە لە کاتی مارە بڕینیدا شازدە ساڵان بوو، واتە کەمتر لە نیوەی سەروەتی مێردەکەی، زۆرزان و هەر لە گەنجی‌ڕا، سەرەژنیی لێ‌دەکالایەوە. بەکار و دەستڕەنگین بوو. بە نانی ویشکی ڕازی و لەگەڵ مێردی خۆی پێی ڕاکێشا. ئەم کر و تەونە خودا بۆ خۆی جوان ڕایەڵ و تان‌وپۆی تێوە دابوو. ئەویش کچۆڵەیەکی لێقەوماو بوو لە ماڵی پووری دەژیا، ئەوان باڵیان وەسەر کێشابوو! هەر لە سپێدەی بەیانەوە تاکوو ماڵ‌نووستنان لە کوێرەوەری و مەرارەتی‌دا بوو. مێردی پووری ناو و ناوبانگێکی نەبوو، مرۆیەکی زەحمەت‌کێش و فەقیرۆکە بوو، لە ماڵەکەی خۆیدا نانی دەکرد و دەیبردە نێو بازاڕ دەی‌فرۆشت هەر ئەمە ببووە نزیک‌ترین کەسی ئەم کیژۆڵەیە، کە شەو و ڕۆژ دووکەڵی، دار و چرپی و تەپاڵە بە چاویدا دەچوو. ئەم کەسانەی دەڵێن ژیان و ئەرکی ڕۆژانی منداڵی کاردانەوەی هەیە لە دوارۆژی ژیاندا، مرۆڤ قاڵ دەکات و خاراو دەبێ و باری دەهێنێ، ئەمە ڕاستە و ئەمانەی ئەم قسەگەلەیان کردووە ئەزموونیان بووە و بە چاوی خۆیان دیتوویانە.

وانەی پشوو درێژی و کار و تەقالا، کە دەبێتە هۆی سەرفرازی و ڕاوەستاویی مرۆڤ، خێزانی ئەم پیاوە هەر لەو دەورانەوە فێری ببوو. یەکەم پرسیارێک، لەو شارەدا، لەسەر مێشکی ئەوان ڕەگی داکوتا، ئەوە بوو چی بکەن و چی نەکەن؟ ئاشکرایە، کە ئەم تازەزاوایە، لە هەلومەرجێکدا نەبوو کە بتوانێ خەریکی باخەوانی و ئاشەوانی بێت. ئاسکە بۆ نانکردن سوێنەیەکی هەویر شێلان و سێڵێکی بە ئەمانەت لە پووری وەرگرت، بە زەحمەتێکی زۆر لە ڕاستە بازاڕەکەدا توانیان دووکانێک بۆ خۆیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر ئەزموونی ڕابردووی ئاسکە نەبوایە لە ڕاستیدا ئەوانە بە دەستی بەتاڵ ئەم کارەیان دەستپێ کردبوو، ئێستاش کە ئێستایە ئاسکە سەرپێچ و هەڵکێش و بەرهەڵبێنە کوردییەکەی ئەوکاتی خۆی کە بە بووکی هاتبوو هەر مابووی وەک یادگارێک هەڵیگرتبوون. هەمیشە لە نێو یەخدانەکەیدا بوون. دە ئیتر مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئاوەها ژنێک لە بیری خۆی بباتەوە؟ لە ماوەی نوێژکردندا و بەر لە شێو خواردنیش، ئەو فکر و بیرۆکانە لە چەشنی هەنگ لەسەر مێشکی سەیمیران پوورەیان دابوو، ئەوکاتەی بۆخۆی دەچوو بۆ کۆلکە و دار هێنان، بۆ ئاوردوو یان ئاشە و ئاش دەسووڕایەوە بۆ کڕینی ئاردی هەرزان گوێرێژی وەپێش خۆی دەدا و ڕووی دەکردە سەراو و دەوروبەری، ملیدەنا، لە فرتوفێڵ و خاپینۆکی و چاوبەستن، ئەم ژنەش ماندوو نەناسانە بە ویژدانی بە هێزەوە لە دووکانەکەدا دەمایەوە، هەوری کوردی لە نێوچاوانی دەبەست و لۆیەکی وەبەر دەمی دەدا و قۆڵی لێهەڵدەماڵی، هیمەت لە خۆی و قەوەت لە خوا دەستی دەکرد بە کار کردن. هەویری دەشێلا و تەندووری دادەخست، گونتکی دەگرت و هەر خۆی نانی بە تەندوورەوە دەدا، دەیبرد لە بازاڕ دەیفرۆشت. خۆ ئەگەر ئەو ڕوژگارە پڕ لە زەحمەت و کوێرەوەرییە کە لێوالێوە لە بیرەوەری شیرین ڕەشماڵی لە بیر چوونەوە و فەرامۆشی بە سەر هەڵکیشن، ئەوە گومانی تێدا نییە، ئەم ساردو و سڕییەش بەرامبەر بە ئەم ژنە دەکردرێ ئاسکە نانی دەکرد، چ نانێک، نانی گەڵا، گەلا، تێر نەدەبووی لە خواردنی. دوو ساڵ و نیو ئەمە کاریان بوو.

سەیمیرانێک خێزانی مەرزەمی کرد دەست بکەن بەم کارە تازەیە، ئێستا بە دڵ و گیان تێوە چووبوو. ئەم ژن و مێردە ئیتر بەبێ ئەوەی بزانن ماندوو بوون بەری چ دارێکە و ئارەق ڕشتن ئاوی چ بنارێکە، ڕۆژ تاکی ئێوارە کاریان دەکرد و شەوانەش هاوین و زستان هەر لەم دووکانەدا پشوویان دەدا و دەخەوتن، ڕۆژگارێک هاتە پێشێ کە ئیتر مانەوەی ئەم خاتوونە لەسەر ئەو کارە

فره زەحمەت و نەشیاو بوو. ڤێستا[٤]ی دوازدە ساڵە لە دوای ئەم گشتە ئارەق ڕشتن و دووکەڵ هەڵمژین و کوێرەوەریە، ئێستا پەنایەکی بێدەنگ و ئارامی گەرەک بوو، تاکوو وردە وردە چاوەروانی میوانێک بێ کە لە بەهەشتەوە بەرەو ئەم ماڵە بەڕێوەیە. دەستکەوتی دوو ساڵ و نیو ماندووبوون و کارکردن لە پاڵ ئەم ئاگر و گەرمایەدا، چیوای لە چلەکێشان کەمتر نەبوو، ئەوان بێجگە لەو کەلوپەلەی بۆ پێداویستی ژیانی خۆیان کڕیبوویان، سیٚ‌سەت تمەن پارەیان وەسەر یەک نابوو، لەو پارە و پووڵە پەنجا تمەن وەک دەستمایە هەمیشە بە دەستیانەوە بوو، ئەوەی‌تریان ئاسکە لە سووچێکی ژوورەکەدا شاردبوویەوە، ئەم پووڵ و پارەیە خوێن و شیلەی گیانی ئەم ژن و مێردە گەنجە بوو، بەتایبەت ئاسکە. ئەمە سامانێکی مەزن بوو کە لە نێوان دوو قامکی پیرۆزەوە دیمەنی پڕ لە هیوا و بەرەکەتی بەوان نیشان دەدا، هەر ئەو داهاتووە کە لە پێش ئەودا بۆ سەی‌میران هێکجار تاریک و نامۆ بوو، ئەگەر ئەم پارەیە نەدەبوو، ئێستا ئەو چ پیاوێک بوو؟ گوڵمحەممەد، یان شتێک لەو سەرتر، مێردی خوشکەکەی، ئاغاجان، هەردووکیان کرێچی ئەو بوون. نانی وشکیان شک نەدەبرد.

ئەو ژن و مێردە، زۆربەی کات لەسەر ئەم ئاریشە و گرفتانە قڕەقڕ و دەنگ و هەرایان بوو. کەسیان لە دەست چارەنووس کلا نەبوون، ئاسکە هەر بە چاوی هەویرەکە سەیری پووڵ و پارەی دەکرد، ئەگەر جوان هەڵبێ ئەوە زیاد دەکا، سەی‌میران، حەزی لە دەسمایە و زوو دەوڵەمەندبوون هەبوو، بۆ ئەم لایەنەشی پشت‌ئەستوور بوو بە کارکردن، لە نێو باس و دەمەتەقەی ئەواندا، دایمە بنەماڵەی گوڵمحەممەد و ئاغاجان بە نموونە دەهاتەوە، کە ساڵ دوازدە مانگە هەر وەکوو هێستری ئالانی شەو و ڕۆژ کاروانەڕێیان دەبڕی و هیچیشیان دیار نەبوو ڕۆژێک نانیان دەبوو، ڕۆژێک دۆیان نەدەبوو.

ئاغاجان، مێردی خورشید، کابرایەکی نەرمۆکە و دوورەپەرێز و هەمیشە لە نێو خۆیدا بوو، بە پێچەوانەی ڕواڵەتی پیاوێکی قڵخن و نەدوێن. ئەمە وای‌لێکردبوو خاوو خێزان لە دەستی جاڕز و پەرێشان بن. لە ماڵێدا بۆ خێزانی و تەنیا منداڵەکەی ئەویش ئاغا حەمە خانێک بوو بەبێ تاج‌وتەخت. سەی‌میران دەیزانی دڵپیسە و ڕەوشتی باش نییە، لەگەڵ کەس سەروخوڵکی خۆش نەبوو، بەئیفادە و لووت بەرزبوو. دەعیەی نەدەهات دەست بۆ هەموو کارێک بەرێ، سەربان ماڵین و دووکان

---

٤- ڤێستا: Vesta، خوای جوانی و هێمای بنەماڵەیی لە ١٧٩ ئەوسانەی کەونارای یۆناندا.

خاوێنکردنەوەی بە کەم دەزانی، لەگەڵ کەس گەرموگوڕ نەبوو، کەم دڵ و دەروون و هەر ڕۆژەی هەوای کارێک لە کەللەی دەدا، لە پاش چەند ڕۆژێک وەڕەز دەبوو، هەر وەک سەید میران دەیگوت، بێتاقەت و بە تاماح بوو. بەڵام ئاغاجان، هەمیشە لە کارێکی باش و دەرفەتی چاک دەگەڕا، چونکە خووخدەی جوان نەبوو و لەسەر کار نەدەماوە، کاری چاکی وەدەست کەوتبا کەڵکی لێوەرنەدەگرت، ژیان و گوزەرانی ژنبراکەی لەو باشتر نەبوو، تەنیا جیاوازییەک هەیانبوو گوڵمحەممەد وەک دۆم وابوو. بوون و نەبوونی بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەوکاتەی گیرفانی دوو شایی تێدا نەبوو لە هەموو وەختێ زیاتر کەیفی ساز بوو. خۆ ئەگەر وازی لە کارکردن هەبا، ماندووبوونی نەدەزانی. لە ڕاستیدا وەستای بووجاڕیکردن بوو، بەڵام خوا دایانبوو لەسەر بێستان کار بکات. بێستانچێتی بە کەیفی ئەو بوو. لەبەر ئەوەی دەموو لچی ئەستوور و قەپۆز بەرانی هەڵکەوتبوو، دەیگوت: خواوەند هەر ڕۆژی ئەوەڵ منی بۆ گوڵگرتنی خەیار و هارویێ دروست کردووە.

سێ مانگەی زستان وەروەرە بە دەست سەربانە و بانی دەکردو بەفری ماڵانی دەماڵی و زۆریش دڵی بەم کارەی خۆش بوو، سەرو سلاو خۆش و دڵ و زمانی وەک یەک وابوو، سەیمیران بە پێچەوانەی ئاغاجان ئەوی خۆش دەویست.

ئەم دوو بنەماڵەیە خۆیان نەبێ، ژن و منداڵەکانیشیان زەحمەتیان دەکێشا و دڵیان بە کارکردن دەدا. پوورە بەگم، دایکی خورشید و گوڵمحەممەد، پیرێژنێکی چاو بە پەرۆش و بێتاقەت بوو، کات و ساتی خۆی بە تەشیڕستن و ماشەرهەڵکردن دەبردە سەر. هەموو ڕۆژێ هەر ئەوەندەی تاوو بان گەرم دەبوو، چارشێوی لە شانوملی خۆی گرێ دەدا، ڕووبەندی وەبەر ڕووی دەدا و خاوێر خاوێر، بەرەو بازاڕەکە شۆڕ دەبۆوە، ئەوەی ڕستبووی بە خوری و بەرگن و لۆکە دەیگۆڕییەوە. بەم پووڵەی لەم ڕێگەیەوە وەدەستی دەکەوت، نیو درەم گۆشتی ڕەشە ولاخی دەکڕی و بۆ شێوی منداڵەکان. دەمەو نیوەڕۆ دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ، ئیتر ئەو ڕۆژە تاکوو پەردەی ڕەشی شەو کچی هەتاوی ڕەشپۆش دەکرد و شەوگار شەق دەبوو، هەر وەک ناسک و نازداران لە پشت پیانوودا دادەنیشن، ئەویش لەبەر بەرۆچکان، یان بەر هەیوان و گۆشەی ژوورەکەی لە پەنا خەرەکی ڕۆدەنیشت و هەناسەسواریەکەی تێکەڵ بە فرەی ئەم کەرەستە دارینە دەکرد و ماڵەو ماڵ نرکە و ناڵەی دەرۆیشت. لەم کۆتاییانەدا، ئەم پیرێژنە کە هیوا و ڕۆشنایی دوو بنەماڵە بوو، نەخۆشین بڕستی لێچنی و بە جێوبان کەوت، لە هەرجێیەک با ڕادەکشا و دەیناڵاند و دەنووزایەوە، لەبەر

ئەوەی ژووری کچەکەی لەبەر پێی دالانەکەدا بوو، هەمیشە لەسەر هەست بوو تاکوو تەقەی دەرگای حەساریٚ دەهات هەر خۆی دەچوو دەیکردەوە، نیگەران لەوە بوو لەو ماڵە پڕ لە غەڵبە غەڵبەدا کەس ئاگای لیٚنەبیٚ و ئەگەریش یەکی گوێی لیٚبوو بە هیوای یەکیٚتر دەرکەژەن هەر لە پشت دەرگا چاوەڕوان ڕابگرن، دەنا ئەگەرکوو دەنگی نەوە پێنج ساڵەکەی واتە حەمەحسێنی نەبیستبایە لە دڵی خۆیدا وایدەزانی بە بیٚدەنگ چۆتە دەریٚ بۆسەر حەوز و چالاوەکە و لەوێدا خنکاوە! یان ئەگەر دەنگی دەبیست دەیگوت لەوانەیە کەسێک لێیدابیٚ، ناحەقیشی نەبوو دایمە جیکە و نووکەی دەهات، جا چ لە کاتی کایە و یاریکردندا بایە، یان لەسەر سفرە و وەختی شادی و خۆشی، ببووە هۆی پەرێشانی هەمووان. سرووشت ئاوڕێکی بەخێری لێدابۆوە، وەک چۆن حەزرەتی سلێمان دەستی لاواندنەوەی دەهێنا بە سەری پەپووسلێمانەکەیدا و ئەو پەلەوەرە خۆشخەبەرەی بە تاج و باڵی ڕەنگین خەلات کردبوو. ئەویش لەلایەن خوای خۆیەوە تاجێکی کاکۆڵ زێوینی پیٚبرا بوو، بۆی ببوو بە مایەی عەزیەت و ئازاری ڕۆح و جەستەی، دەرد و بەلا، کە داوێنگیری کەسێک دەبیٚ لە دەرکەو بانەوە دێتە ژووریٚ، بۆ ئەوەی ئەم دایک و بابە چارە ڕەشەی تەواو بە خمی نەهامەتیدا ڕۆبچن، حەمە حسێن کەچەڵێکی بێدەرمان بوو، ئیتر سەرەڕای ئەم گشتە نەخۆشینەی کە دەست و لاقیشی لیٚقەرز کردبوو، پوورە "بەگم" تووشی ترس و دڵەکوتە و خورپەش هاتبوو. دەروجیران ماوەیەک بوو لە دەست خڕە و هەرای خڕەکی ئەو حەسابوونەوە! بەلام بۆڵە و هاشوو هووشەکەی لەمەڕ نەوە و زۆر شتیٚترەوە هەمووڵایەکی لە هەراس نابوو.

دوای ئەمانەش بەڕێوەبردنی نانساجی، نانکردن بە سێڵ، لەم چوارڕێیانەدا، بەم گرفتەی هاتبووە پێشیٚ، دژوار بوو. سەیٚمیران ئاسکەی دووگیانی برد بۆ سەراو، لە ماڵی پووری دانیا. بەم پارەیەی پاشەکەوتیان کردبوو، دووسەت تمەنی برد و لەگەڵ "نان سەنگەک"ی برادەرێکی بوو بە شەریک و لەم دووکانەدا کاری دەکرد. لەگەڵ ئەوان دەستی لە قاپێکدا بوو، بەلام وەک خاوەن کار سیری دەکرا. پێخۆری هەر وەک ئەوان وابوو، بەختەوەریی هیوابەخۆبوون وەک هەوێن وایە و ڕۆح بە ژیان دەبەخشیٚ. لەو ماوە کورتەدا کە ئەو پێیدا تێپەڕی، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو لووتکە هەڵدەچوو. جگە لەم کارەی خۆی چ جێیەکیٚتری شک نەدەبرد، بەلام وایلێهات، سەروەت و سامانی پێکەوە نا، کریٚکاری لە خۆی کۆ کردەوە و لێرەو لەویٚ بە خاوەنکار و (ئاغا) بانگیان دەکرد. کەچی ئەم سەرکەوتنە لە ڕەنج و کارەکانی ئەوی کەم نەکردبۆوە، بەلام هەروەک قاتلێک کە لە سنووری خۆی پەڕیبێتەوە تا ڕادەیەک هەستی بە ئارامی دەکرد. ئەوکاتەی وەبیر دەهاتەوە کە

باخەوان بوو، دەچووە سەر درەختەکان و خەریکی وەراندنی تووشیرین دەبوو. چەند کەسێک لە ژێر دارەکەدا، چارشێوێکیان بۆ دەگرتەوە و ئەویش لەگەڵ بەرزبوونەوەی ناوی خودا و دەنگی سڵاوات لقەکانی دارتووەکەی ڕادەوەشاند. ئەو نانەواخانەیە بۆ سەیمیران هەر وەک ئەو دارتووە، وابوو کە دەیانتەکاندە سەر چارشێوەکە. ڕازی بوو بەم بارووودۆخەی کە تێیدا بوو. لەو لایەشەوە دڵنیا بوو، کەوتۆتە سەر ڕێبازی ژیان و ئەم دەرگایەی دۆزیوەتەوە کە پێیدا بچێتە ژووریَ بۆ قۆناخەکانی بەرژەوەندی سەرەڕای ئەمەش هەمیشە لە ئاسۆی بەهرەمەندی دەڕوانی. سەری بە زۆر لایەندا دەکرد و هاموشۆی ئەم هاوڕێیانەی دەکرد کە لە بەشی سنفی و پیشەییدا کارێکیان لە دەست دەهات. وەکوو باز و هەڵۆ وابوو لە بەرزیڕا دەنکە جۆی لەسەر زەوی بە چاو دەبینی. بەو چاوە تیژانەی زۆر شوێنی لە ژێر چاوەدێری نابوو. وەک دەڵێن دایمە خەریکی کوڕوکاش و ملۆمۆ بوو. بۆسەی دەنایەوە و تەماڵی هەڵدەنا. شەقامە گەورەکەی شار کاری لەسەر دەکرا یان بەرینیان دەکردەوە، نانەواخانەیەک لە داوێنی شەقامەکە بوو، بە نیازی فرۆشتنی بوون، خاوەنەکەی پێویستیی بە پارە هەبوو. سەیمیران خۆ لێخۆش کرد و دەسپێشخەریی کرد و بەر لەوەی دەرکەو پەنجەرەی وێخەن بە نرخێکی زۆر کەم دووکانەی کڕی و قەباڵەی بە نێوی خۆی نووسی و کەلوپەلی کارەکەی بۆویَ گواستەوە و سەربەخۆ و خاوەن دووکان دەستی بە کاری خۆی کرد، ئیتر لەوکاتەوە پەنجەرەیەکیتری بە ڕوودا کرایەوە و چاوی بە دنیایەکی تازەتر ڕوون بۆوە، ئیتر لەمەودوا سەیمیران ئاغا و کوێخای خۆی بوو، لە ژێر ئەمر و فەرمانی شەریک و ئەم و ئەودا نەمابوو. دنیا بە کەیفی خۆی بوو هەرچۆنێک حەزی لێبا، ئەسپی خۆی دەئاژووت. خوێندەواری نەبوو، کاتوساتی دەناسی و ژیرو وشیار بوو، جامباز و گزیکار نەبوو، بەکار و ماندوونەناس بوو، خوارو ژووری کاروباری خۆی خێرا فێر بوو تیژزەین و بە دەستوو برد بوو، زۆر بە سەبر و لەخۆ بردوو بوو، هەر ئەوانەش وایلێکرد، کە بتوانیَ ببیَ بە خاوەنی زۆر شت، لەگەڵ کرێکار و مشتەری و ئەموئەو وەهای خۆ ڕێک خستبوو بە جێی بڕوا و متمانەی ژن و پیاو و وردو درشت. ئەم تایبەتمەندییانە بەشێکی کەم بوون لە ڕەفتار و خدەی ئەم پیاوە، وەختێکیش لە دایرەکان ناسییان و هاموو شۆی ئەوانی کرد فرەتر ناوبانگی بە شارو دێدا بڵاو بۆوە. شەقامی تازەی شار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاوەدان و قەرەباڵغتر دەبوو، هەر ئەو دووکانە چکۆلەی لە بەرایدا بەم گشتە حەول و ماندووبوونەوە لە ڕۆژدا نەیدەتوانی پەنجا مەن بکاتە نان، وردە وردە جێی خۆی کردەوە و پەنجا مەن بوو بە خەڵوارێک و خەڵواریش گەیی بە دووان و دوو وەختە، کاریان دەکرد کە

ئەمیش شەش بار بوو لە ڕۆژدا. لەو کاتەدا سەیمیران سەراوی، کە سەت تمەنی پارە لە دەخیلەکە دەهاتە دەست، بە بەش و ماڵی خۆ نەدەزانی، چەندەی دەستڕەنجە و چەندەی دەستمایە و قازانجە. ئەوەی بۆ ئەو ڕوون بوو، ئەو پاشەکەوتە بوو، لە پاش سێ ساڵ لەو دووکانە وەسەر یەکی نابوو، کە بتوانێ بە یارمەتیی باوکی ماڵێکی شەشدانگ بکڕێ و ژن و منداڵەکانی لە دوای عومرێک کرێچێتی ڕزگار بکات و لە ماڵی سەربەخۆدا بیانحاوێنێتەوە و بە دوای ئەم کارەیدا ڕێگەی مەشەد بگرێتە بەر و بچێ بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا (ع) ئیتر لەوە بەدواوە لای دەروجیران سینگ دەرپەڕێنێ و ئەوانیش بزانن ئەم پیاوە سەروەت و سامانێکی هەیە. لەولاشەوە کڕینی ماڵ بەلای ئاسکەوە زۆر گرینگ بوو، لە کرێچێتی ڕزگاریی هاتووە و بۆتە خاوەنی وەج و سامان و ئابڕوو. لە نێو دەروجیراندا، زیارەتی مەشەد بەلای سەیمیرانەوە فرە گرینگ بوو. دەیتوانی لە نێو خەڵکدا ناو و عینوانێک بە خۆیەوە بگرێ و بە هەیبەتەوە خۆ نیشان بنوێنێ و کێش و قورسایی بخاتە سەر کەسپ و کارەکەی و دەوروبەر بە چاوی متمانەوە سەیری بکەن. کۆنە هاوڕێ و ئەوانەی لە منداڵیڕا دەیانناسی بەخیلییان پێدەبرد و بە ئاواتی سەروەتی سەیمیرانەوە هەناسەیان هەڵدەکێشا. میران خاوەری چەند ساڵ لەمەوبەر، کە دەستفرۆشی و ئالووێرپی دەکرد و قۆرە(بەرسیلە) و ترێی لەسەر کەشەفێک(سینی) لەسەر سەری دادەنا و لۆنگ و فۆتەی بەسەر هەڵدەکێشا، لە سەراوەوە دەیگەیاندە شار، ساڵ دوازدەی مانگ، بە زگێ تێر و بە زگێ برسی بوو، ئەمڕۆکە بە مەشەدی میران لە شاردا بە نێوبانگە و خاوەنی ژن و منداڵ و ماڵ و دووکانە، ئەم و ئەو ئەموستی ئاماژەی بۆ ڕادەدێرن. ماڵەکەی لەودیوی کۆلانی عەلیخانی لۆڕەوە بوو، هاوکار و دۆستان دەیانناسی، خەڵک بە ماڵی دەزانی جەژن و میوانداری وەڕێ دەخست، خوانی عەلی دەڕازاندەوە، لە شایی و شینی ئەم و ئەودا خۆی دەردەخست، لە بۆنەکاندا کارتی بۆ دەهات و لە ژنمارە کردن و بووک گواستنەوەکاندا بە ماڵ و خێزانەوە دەعوەت دەکرا، خاتوونی سەراوی لەم خۆشییانەدا بەشدار دەبوو و دراوی ئەسکەناسی پشتسووری دەکردە شاباش. خەڵک یەکبە یەک منداڵەکانیان بە ناو دەناسین. ئەو جەژنەی بۆ خەتەنە سوورانی بارام و بیژەنی گرت چیوای لە شایی و زەماوەندی ماڵە ساماندارێک کەمتر نەبوو. لەو میوانداریەدا، خەڵکی سەرناس و ناوبەدەرەوە بەرچاو دەکەوتن، هەر وەکوو حاجی مەحموودی ئاغا تاجر و ئازەرنۆشی کەفیل و کۆنەزامنی شارەداری. چەند خولەکێک هاتنە نێو کۆبوونەوەکە و شەکراو و میوەیان خوارد و ڕۆیشتن. ئەو کەسانەی لەو ڕۆژەدا دەمیان شیرین کردبوو لە باس و تاریفی ماڵوحاڵ و تەدارەک

و مەبارەکی ئەم ڕۆژە تەواو نەدەبوون. دەرو دیواریان بە فەڕش و مافوورە ڕازاندبۆوە، شایەر و خۆشوێژی بەناوبانگی هێنابوو لەگەڵ دوو ئافرەتی سەماکەر و چاوبەڵەک، ئەو میوانانەی چ بەپێوە و چ دانیشتبوون چێژیان وەردەگرت و تێر تەماشای ئەم شادی و خۆشییە نەدەبوون نوقڵ و شەراب و گوڵ و بەرامەی خۆش بۆ ورد و درشت بەلاش بوو، لە شانی باخچەکە تەختێک ڕازابۆوە، وەک تەختی شاهان، دەوریان چنیبوو بە گوڵی زەرد و سوور بۆندار و بێبۆن.

دۆشەکی ئەتڵەسی و بالیفە و پۆپەشمینی هەورێشم دڵێک و هەزار دڵ ئاشق و ئەوینداری دەبوو، وەختێ ئەم دوو منداڵە خوا پێداوەیان هێنا، یەکیان سێ ساڵە و ئەویتریان شەش ساڵە بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و بۆینباخ و پاپیۆن ڕازاوە، جوانتر لە بووکە چینی پشت ویترین و جامخانەکان. میرزا نەبی شاتر هەردووکیانی هێنا نێو میوانەکانەوە، بوو بە شادی و چەپڵەلیدان و نوقڵهەڵخستنەوە، شایەری دەنگخۆش تێیچریکاند:

«پیرۆز بێ پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت.» سەماچییان بە ناز و خەمزەوە، دەهاتن و دەچوون بە لەنجە و بەلار، بوو بە شایی و هەڵپەڕکێ و کۆڕی دیلان و ڕەشبەڵەک خەڵک لەسەر سەربان و حەوشە و حەسار و دەرو ژوور بە چاوێک و سەت چاو هاتبوونە سەیر و تەماشا، بۆ بەرگری لە چاوی چڵکن، کەڵەشێرێکیان لە دەور گێڕان و گاو گەردوونییان بۆ کردن!

سەید میران لەوپەڕی حەسارەکە چاوی لە تەخت و دەستی دەلاک بڕیبوو، بزەی شادی و خۆشحاڵی لەسەر لێو و لە دڵەوە هەستی بە بەختەوەری دەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەم دڵخۆشییە ترس و دڵەڕاوکێی پێوە دیار بوو؛ ئاسکە زۆر لەو خەراپتر، لە پەرێشانی و دڵەکوتەدا بوو! ئاخەر دایکان بۆ جگەرگۆشەکانیان دایمە دڵیان لە مستییاندایە، بۆ ئەوەی لە نێو ژناندا، بە خۆدا نەشکێنەوە لە یەکێ لە ژوورەکاندا هەردوو قاچی کێشابووە نێو تەشتێک ئاوی سارد، نوقرە و سەفییە خاتوون بەلایەوە ڕاوەستابوون. ئەم بۆنە خۆشە بەبێ گرفت و دوور لە ڕووداو کۆتایی پێهات؛ ئەو کەسانەی لەو کۆڕە خۆشەدا بەشدار ببوون بە ئامێزێک بیرەوەریی خۆشەوە ڕوویان کردەوە خانە و لانەی خۆیان و بۆ هەمیشە ئەم دیمەنە پیرۆزەیان لە دڵ و مێشکی خۆیاندا هەڵگرت. نانەواخانەکان، کەسیان لە بیر نەکرابوون، لە ورد و درشتەوە، لە وەستا و کرێکارەوە بە فەقیر و هەژارەوە لێیان گێڕابووونەوە و بانگهێشتن کرابوون، لەپاش چەرخوخولێک نەجووڵانی دە ساڵە؛ بۆ یەکەمجار بوو، حەشاماتێکی ئەوەندە بەرچاو لە دایرەی سنفی و پیشەیی بە دەوری یەکدا وەخڕ ببنەوە، زۆری وایان تێدابوو تەنانەت یەکتریان نەدەناسی، یەکێ لە هاوکارەکانی سەیمیران لە

کۆتایی مەراسیمەکەدا کە بۆ خواحافیزی خۆی خزاندبووە پەنا دەستی، سەری بردە بن گوێچکەی و بە زمانێکی تەڕ و پاو، بەڵام تێکەڵ بە لاتاو و سەرکۆنە کردن گوتی:

ـ بە کەوچکێک ئاو مەکەوە مەلە! کاکی برا، نەختێک لە سەرەخۆ بە!

بە دوای ئەویشدا سرتوخورت پەیدا بوو، بەڵام سەی‌میران بەم ورتە ورتە گوێی نەدەبزوت. خوا بە سەریدا ڕشتبوو، ئەویش لەو ڕۆژەدا مستی نەقووچاندبوو، هەڵبەت بەمجۆرەی کە نەیارانی ئەو بیریان دەکردەوە، واش نەبوو، دەیزانی چیبکات و چۆن خەرج بکا، هەروا ڕەمەکی پێیدا نەدابوو، دوو ڕۆژ دوای ئەم دەعواتی خەتەنە سوورانە، کۆ بوونەوەیەکی سنفی و پیشەیی لە ماڵی خۆیدا گرت و هاوکار و دۆستانی دەنگیان پێداو بوو بە نوێنەری نانەواخانەی شارەکە و دەستی لە دایەرەی سنفی گیر بوو، هەر لەو ڕۆژەدا، ئەو دەلاکەی منداڵەکانی ئەوی خەتەنە کردبوو، ڕۆژی دووسێ کەڕەت جانتایەک بە دەستەوە دەهات بۆ سەردانیان و دەرمانی دەکردن، جەواد و جەلال، منداڵەکانی خورشید و نوقرەشی خەتەنە کرد؛ ئەم نوقڵ و شەکراوەی مابۆوە و دەستی لێنەدرابوو، لەو ڕۆژەدا بەسەر میوانان‌دا دابەش کرا و هەر بۆ ئەوانیش کەڵەبابێکیان سەربڕی، بەم نیازەی کار و خێراتەکەیان بەبێ کەموکورتی بەڕێوە چووبێ. میوان بۆ ئەم ڕایە دەرو ژووریان تەنیبوو. لە پاش کۆتایی دەنگدان و ڕۆیشتنی زۆریەک لە ڕیش‌چەرمووەکان، داوایان لە خانەخوێ کرد بە گۆرانی و سەماکردن کوڕ و مەجلیسیان بۆ وەڕازێنێ. ئەویش تەپڵ و نایەی حسێن‌خان لەگەڵ ئەم چەند کەسە خاوەن لەنجە و لارەی کە بە ڕەقس و سەمایان هەموو کەسیان دەخستە جۆش و سۆز و قلی‌وبلی‌یەوە؛ خاوەن ماڵی سەر و دڵخۆش و دڵاوا، کە ئێستا خاوەنی تەخت و بەختە و گا بە دەنگی دەڕوا و سەرێکە لە نێو سەراندا، ئەو مرۆڤە نەبوو دڵی میوانان لە خۆ بڕەنجێنێ و جوابە جەنگیان بکات، هەر خێرا گوڵمحەممەد کە دایمە دەست لەسەر سنگ وێستابوو ناردی بە دووی گۆرانی‌بێژ و سەماچییەکانیدا، ئیتر ئەوانیش هاتن و تاکوو دوو کاتژمێر لە شەو ڕابورد، دەنگی تەپڵ و نایە، کۆڕی سەما و ڕەشبەڵەکی گێڕا و شەکراو خێر کرا، بڕوات نەدەکرد بە تەمەنت کۆڕ و ئاهەنگ و بەزمی ئەوەندە خۆشت بە چاو بینیبێ، ئەم کۆڕ و ئاهەنگە دوور بوو لە ڕەنگ و ڕووی سیاسی و ڕامیاری، هەموویان ئەمەیان دەزانی، کاربەدەستانی شارەوانی و دایرەی گەنم و ئارد و نان و تەنانەت حاکم و بەڕێوەبەریش ڕێگر نەبوون لەم کارانەی سنفی و پیشەیی تەنانەت بۆ گەشە و نەشەی کارەکانی خۆشیان حەزیان دەکرد بەم جەژن و کۆبوونەوانە. ئەگینا بە پێچەوانەی ئەم بیرۆکانەوە، کارەکان لەنگ و لۆریان تێدەکەوت؛ بەڵام بابەتەکە تەنیا لێرەدا کۆتایی نەدەهات خۆ

ئەگەر ئەم بیانوویانە نەبوایە و جەژن و شەکراوخۆری نەکرایە، چۆن سی کەس بە سی بیر و باوەڕەوە لە ورد و درشت لەماڵێکدا جێیان دەبۆوە و قەت دایرەی پۆلیس و ئاژان بەم کۆبوونەوەی نەدەزانی؟ هەر ئەو ئاژان و شارەوانییەی خەڵک بە ناوهێنانی لەرزە دەکەوتە گیانی و تەنانەت شای مەملەکەت بێ ڕوخسەتی ئەو ڕەشی لەسەر سپی دانەدەنا.

لەو ڕۆژەوە سەیمیران بوو بە بەڕێوەبەری سنف دەرگایەکی تازەتری بە ڕوودا کرایەوە، ئەم ئەرکە هەڵسووڕانی تازەی بۆ زیاد کرد، هەر ڕۆژەی لە ئیدارەیەک بوو، شارەداری و حکوومەتی و ناوەندی حیزبی و بەشی ئارد و نان بوو بە مەیدان و ماڵی خۆی، بەرپرسیارەتی تازەی ڕچەی بۆ خۆش کرد، لەگەڵ هەموو کەس تێکەڵ نەبێ، یان ئەوانەی لە دایرەدا کاریان دەکرد، زۆر جار میوانداری لێدەکردن لە باخەکانی سەراو، سەرچاوەی ئاشەکان، تاقەوسان، ئەو ڕۆژانەی هەور و هەڵا بوو، لە ماڵی خۆیدا میوانداری دەکرد، ئاسکەخاتوونی خێزانی بە هۆی ئەوەی ژن بوو! زۆر خۆی نیشان ئەم میوانانە نەدەدا و لەودیوی پەردەوە چایی و شەکراوی بەڕێی ژووری میوانان دەکرد. مەگەر بە هەڵکەوت وەختێ میوان بە خاوو خێزانەوە بە سەریان وەرببان، هەر وەک ئەو ڕۆژەی بەڕێز ئازەرنووش کەفیل و سەرپەرشتیاری شارەداری بە خۆی و خاوو خێزانەوە بە سەریاندا دان و ڕوژی هەینی بارو بنەیان لە باخی ئەوان خستبوو.

ئاسکە لەو هاتن و چوونەدا زۆری خۆ ماندوو دەکرد، بۆ ئەوەی لە حورمەت و کەسایەتی سەیمیرانی مێردی کەم نەبێتەوە، خۆشی وەکوو خانمێکی سالار و سەرەژن نیشان بدا بە گفتولفتی خۆش هەڵسوکەوتی لەگەڵ میوانان دەکرد. ئەمیش لە جێی خۆیدا میوان و میوانداریی دەکرد و ژن و کچی دەروجیران و خوشکەزای بە دەورەوە بوون، زەحمەتی زۆریش دەکەوتە ئەستۆی شیرین جانخاتوون، دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان، سەرەژنێکی توندو تۆڵ و خۆشخوڵک و دڵ و دەروون پاک، سەری مانگ و بنی مانگ هەرجارەی بە بیانوویەک ژنانی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە؛ ماڵەکەی لە نزیک قۆنسوولگەری و شابەندەری ئینگلیز بوو، لەم کۆڕ و کۆیانەدا تەنیا ئافرەتان بەشدار دەبوون و ڕێگە بە پیاوان نەدەدرا، ئیتر ژنان لەمپەر و ڕێگریان لە بەردەمدا نەبوو، هەر بۆیە بە سەر و بسکی ڕووتەوە سەمایان دەکرد و داخی دڵی خۆیان لەم کۆبوونەوانەدا دەڕشت. بێجگە لە مانەش، ئاسکە بەشی خۆی لە شادی و سەفادا بێبەش نەبوو، شەوانی هەینی کۆڕ و کۆبوونەوەی نزا و ڕەوزەخوێنی لە ماڵی ئەواندا بەڕێوە دەچوو، هەرچەند جارێکی مەلاشێخعەلی عولەما، کە لە ڕاستیدا واعیز و ئامۆژیار بوو نەوەک ڕەوزەخوێن و حەقایەتخوێن،

بەشدار دەبوو، سۆز و هەوایەکی خۆشی بە کۆبوونەوەکە دەبەخشی. زۆری درێژە نەدەدایە و خێرا دەستی پێدەکرد و زوو تەواوی دەکرد. ژنانی دەرو دراوسییە کۆ دەبوونەوە و وەک بارانە فرمێسکیان دەباراند. چایەک و دەنکێ خورمایان دەخوارد و کۆبوونەوە کۆتایی پێدەهات، جاریواش هەبوو دەمانەوە و سەرقاڵی باس و ژیانی خۆیان دەبوون و بە هەناوی بوون و نەبوون کێشە و ئاریشەکانیاندا دەچوونەوە و پەردەیان لەسەر خەمەکانیان هەڵدەدایەوە، ئەم دانیشتنانە بۆ ئەو بنەماڵانە کە بە ناوی تازییە و پرسە و ئازیەتباری دەیانگرت، سەت کۆڕی شادی و خۆشی بە قوربانی بێ! ئەم میوان و میوانداری و نان بدە و بێنە و بەرەی سەیمیران سەراوی لەگەڵ هاوکاران و کارمەندانی ئیداری و سەردان و بەسەرکردنەوەی خێزانی لەگەڵ ئەم و ئەو ببووە هۆی چاولێکەری و نان بە قەرزدان، ئەم کارەش دەبوو بە شێوەیەک بێ لە شانوشکۆی ئەوان کەم نەکاتەوە، سەرەڕای حەوز و چاڵاو و چوار هەیوان و بەرهەیوان، کە ئەوانە بۆ دانیشتنی ئێواران هەر خۆش بوو لە زەردەپەڕ ڕامێنی و شنەی بڵاوێن هەڵبمژی، ئەگەر ژوورەکانی بەردەست بێنیە سەر حەساو، لە ڕاستیدا پێنج ژووریان بە دەستەوە بوو. ئەم پێنج دیوە، یەکیان ژووری بەردەست و دانیشتن بوو، ئەویتریان ژووری میوان بوو بە هەیوان و دەرووی جیاوازەوە. یەکیتریان ژوورەکەیەک بوو بە پاڵ دیوی میوانانەوە، دایمە دەرگای ئاواڵە و منداڵان لەوێدا خەریکی یاری و ڕمبازێن بوون. لە کاتی میوانداری و شەربەت خۆاردنەوەدا، یان کۆبوونەوەی کاروباری سنفی، وەکوو ژووری چایخانە بە کاریان دەهێنا. بێجگە لەمانەش ژێرزەمینیەکیان هەبوو، کردبوویان بە هەماری گەنم و جۆ، لە وەرزی پاییزدا کە دەغڵ و دان کۆ دەکرایەوە و گەنمی تازە دەهاتە بازاڕەوە، سەیمیران ئەم ژێرزەوینەی لێ پڕ دەکرد. دەرگای لێپێوەدەدا بۆ بەهارێ، ئەو وەخت دانەوێڵە لە بازاڕدا نەدەما نرخی دەچووە سەرێ و دەرگای لێ دەخستە سەرپشت، سەیمیران بەم فکر و خەیاڵانە کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ وەدەستهێنانی سەروەت و سامان لە مێشکی مرۆڤێکی بە تواناوە. دیارە ئەم بیر و هۆشە کەمتر کەسێک خاوەنییەتی، هەر بۆیە سەیمیران توانیبووی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە باشی هەستێ و ببێ بە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر. تەنانەت قازانج و بەرژەوەندی لە هەرلایەک وەدەست کەوتبا، خۆی لێدەدا و هەنگاوی بۆ هەڵدەگرت، هەر بۆیە لەگەڵ عەلافەکانیشدا دەستی هەبوو. پیاوێکی کاسپ و نەوەستاو بوو، چ شتێک بەقەی مامەڵە و ئاڵوویر حەڵاڵتر نییە، دوو دەست کورسی و سەندەڵی و چەند مافوورەیەکی باش، کە بۆ ژووری جێژنی خەتەنە لە فەرهادخانی کۆنەفرۆش، بە کرێی گرتبوو، لە ماڵێ ڕایگرتن

و نەیدایەوە بە خاوەنەکەی فەرش و مافوورەی کاشان و تانوپۆی هەورێشمی یەکدەست، دەستی لە دڵی نەدەبۆوە، بییانداتەوە بە خاوەنەکەی، سەیمیران لە سەرەتای پارە وەسەریەکنان و دەوڵەمەندیدا بوو، شادی و خۆشی دەوڵەمەندی لە چەشنی مژ و هەڵمی بەر قەد و نساران دەوری تەنیبوو. لە خەون و خەیاڵیدا ئەوەی دەیبینی پارە و دراو بوو. ئەوەندەی لە بازاڕەوە دەهاتەوە بۆ ماڵێ، هەرچییەکی وەبەر چاو هاتبا دەیکڕی و دەیهێنایەوە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکەی، دڵ بە دنیا و شایی بەخۆ بوو، حەزی لە هەرچییەک هەبا، بەومەرجەی جێی سەرنج و هۆی ڕازاوەی دەرو ژوور بایە، گوێی نەدەدا گرانی دەکڕی و قەتیش پەژیوان نەدەبۆوە.

ئەوەی لە ڕۆحی ئەم مرۆڤەدا بەدی دەکرد و ئەوی بە وەج و حورمەتەوە دەردەخست، ئەوەبوو، پشتی دەبەست بە هێزی بیر و بازووی خۆی و لەسەر ملک و ماڵی خەڵک چاو نەزێرنە بوو، سەبارەت بە ئەم و ئەو خێرۆمەند و بۆ هەمووان جێی ڕێز و ئیحتوبار[5] بوو، بەر لە هەمووشت شوویەکی بە تەواو مانا بوو بە گشت تایبەتمەندییەکانەوە بۆ ئاسکەی خێزانی. ئیتر ئاسکە خانم لەمە زیاتر چی لە خوا گەرەک نەبوو. مێردی ساماندار و بەختەوەر، منداڵی ساخ و پاک و خاوێن، ماڵوحاڵی ئارام و گەرموگوڕ. ئاسکە باری ژیانی بەلای خۆشیدا سووڕابوو. نە ئەو کچۆڵە چارەڕەشەی ماڵی پووری بوو، نە ئەو ژنە چڵکن و و سەرپێچراوەی کە شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئاگر و دووکەڵ بەرەورووو بوو لە دووکانەکەی چوارڕێیاندا، ئەم دنیایە دیمەنێکی سەیر و سەمەرەی هەیە، یەکێ دەباتە لووتکەی سەرکەوتن، یەکێ دەخاتە ئازار و کەوتن. ئەمەش ئاسکە و ئەوەش ژیانێکی تێرو تەسەل و بەبێ چاوەڕوانی، کێ بوو بتوانێ پێشبینی ئەمە بکا، ئەم گۆڕانە بەسەر ئەواندا بێ؟ بە هەر کووچە و کۆڵانێکدا تێدەپەڕی، باس هەر باسی سەیمیرانی مێردی بوو، تاریفی خۆی بوو، وای بیر دەکردەوە بوونی ئەو و مێردەکەی بۆ دەروجیران گرنگە و ئەوان لەسەر خەڵکەکە کاردانەوەی تایبەتییان هەیە، شایی و شین، خێر و شەڕ، هەرچی هەبوو لە مزڵ و ماڵی ئەواندا بەڕێوە دەچوو، قاپ و قازاخ، حەوجۆش و مەنجەڵی مس و کەلوپەلی چێشتخانە و قاوەخۆری و نێرگەلە و مێزو کورسی هەر لە ماڵی ئەوانەوە دەبرا بۆ ماڵان و دەرو دراوسییە لێی بەهرەمەند دەبوون. تەنانەت زۆر جاری واهەبوو ژن و ئافرەتی دوور و نزیک ئاڵتوون و زەمبەری ئاسکەیان بە ئەمانەت وەردەگرت بۆ شایی و دیلانێ. نە دڵی کەسی دەشکاند و نە دەستی بە ڕووی

---

٥- ئیحتوبار: کورداندنی وشەی ئیعتیبارە....

کەسەوە دەنا. جووتێک بازنەی سێ مەناتی و ملوانکەی دە مەناتی، گوڵ و گوارەی پڕ پەڕەنگ و دوو ئاڵقە کلکەوانەی سەر بە فیرووزە، ئەمانە گشتی زیو و زەمبەری بەنرخی ئاسکە خاتوون بوون. بێگومان بە زەحمەت و ڕەنجی شانی خۆی لە ڕەیگەی چنینی کڵاش و تیریگێڕی و بەرماوەی خەرج و پاشەکەوتی ڕۆژانەی ماڵ نابوویە سەریەک و ئەم ئاڵتوونانەی پێکڕیبوو.

ئاسکە دەستنەخشین، هەر دە قامکەکەی گەوهەری لێدەباری! لە کڵاش چنیندا، وەستاکارێکی لێهاتوو بوو، زۆر کەس بۆ فێربوونی ئەم هونەرە دەستەودامێنی دەبوون، زەڕی و ڕووبابە هەردوو کچەکانی خورشید و نوقرە، لەبەر دەستیدا بوون. ڕووبابە لە نێو کچەکاندا لە هەمووان پتر حەزی لەو هونەرە بوو. کچەکانیتر هێشتا فێری چنینی دەورەیەک نەببوون ئەو بە تەواوی دەستیکردبوو بە چنینی سەرپەنجەی کڵاشێک. مرۆڤێکی لە کڵدەرهاتوو بوو. کارەکانی مشتەریگر و لە بازاڕدا برەویان هەبوو. ئاسکە بۆ هەر جووتێک چوار قرانی پارە پێدەدا. لە ئاخریشدا، دەورەی دەگرتن و ڕاستەو پاستەی دەکردن. جووتی بە حەوت قران لە بازاڕ دەیفرۆشتنەوە. هەر کام لە کچەکان کە فرێتی بە دەستەوە دەگرت و سەرەتای بۆ دادەمەزراند، دەنکێ شیرینی و قرانێکی پارە دەکردە دەستیانەوە، بەم شێوەیە، ڕەوتی ژیان دەچووە بەرەوە. لەمە زیاتر ئاخۆ بەختەوەری چەند دەروازەیەکیتری هەیە کە بەرەو ڕووی خانمێکی ئەوەندە ساکار و کەمداوادا نەکرابێتەوە؟ فەڕش و مافوورەی ژێر پێیکراو و دەستکری کرمان و کاشان، ڕازاوە بە گوڵ و بولبوول و حەوز و ماسی، کە هەزاران دڵ چاوی حەزی بەسەردا ئەدووری، ماڵ و مێرد و خانووی چوار وەرز و دڵی خۆش، ئیتر لە چی کەم بوو. منداڵی تێرو پڕ و خاوێن کولێرە بە ڕوومەتیان چەور دەبوو، لە ناز و نێعمەتدا باڵایان دەکرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک بڵێی بە گوێ هەڵییان دەکێشان گەورە دەبوون بە خۆیاندا دەهاتن، بۆ جارێک نەبوو دانیشنە سەر سفرەی بەتاڵ، ورکی شتێک بگرن و دەستییان نەکەوێ، ئەوانە منداڵی خۆاپێداو بوون ئاسۆی بەختییان ڕووناک و پڕ لە گەشانەوە بوو، گەمیەی بەختیان لە زەریای مەند و هێمنیدا بەرەو دوورگەی هیوا و حەسانەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دنیایەکی تازەتر دەئاژووت. ئاسکە لەسەر عەرشە و بەرهەیوانی ئەم گەمیە خۆشڕەوتەدا شاژنێتی هەر لە خۆی جوان بوو. تیرۆژی خۆشبەختی تەلار و برج و بارووی ئەو کەسانە دەئەنگێوێ و دێوی پەژارە و خەفەت لە ئاقاری ژیانیاندا بەدی ناکەن و دەیانتارێنێ. دەبا ئەم شاژنە خەرامانە شنەی ئێواران بۆن و بەرامەی بسک و پەرچەمی بدا بە سەر لووتی تاسەبارانی چرکەیەک دڵخۆشیدا؛ ئەوە بوو کە ئەم خاتوونە لە خەو و لە خەیاڵدا خۆشبەختی و سەرو دڵخۆش مێرد و

منداڵی بە چاو دەبینی. ئەو لە منداڵییەوە لەگەڵ کلۆڵی و کوێرەوەری ڕاهاتبوو، ئێستا بە شەقاوێک لەوبەری پردی ڕۆژە ڕەشیەوە گەیبووە ئەوبەری بەختەوەری. باوەڕی زۆری هەبوو بە هات و نەهات و چارەنووس. خەڵک دۆی نەبوو نانی پێوە بخوات، ئەو خیکە ڕۆن و کووپە پەنیری دەستلێنەدراوی لە پاشخان سەربەمۆر بوو، تازە پێداکەوتوو نۆ کیسە بوو، بەڵام تامی بەشمەینەتی و تاڵی ژیانی چەشتبوو، ژنێکی ڕەنجدەر و دڵ بە دنیا و شایی بەخۆ بوو، هەر ئەوەندەی لە کاری ماڵ و پێراگەیشتنی منداڵان دەبۆوە، دەستی دەکرد بە پینەو پەڕۆ و کڵاشچنین، نەیدەزانی سەعاتێک بێکار دانیشێ، وەک هەنگ وابوو دایمە خەریکی شیلە و گەردو وگوڵگرتن بوو، هەرچەندە بەسەر خێر و خۆشیدا کەوتبوو بەڵام بێزار بوو لە بێکاری و پاڵدانەوە؛ خۆی بە کەیخواژن و کەیخاتووی ماڵ حەساو دەکرد و خۆی دوور دەگرت لە چاونەزێری و قسەهێنان و بردنی ژنانە و فیتنەیی و دووزمانی، دەیزانی خۆ تێهەڵقووتاندن لەخۆڕا دەبێتە هۆی کەمنرخی و نزم بوونەوەی حورمەت و گەورەیی لە نێو خەڵکدا؛ بێجگە لەمانەش عەزابی ویژدان و ڕۆح لە هەراسنان. هەر بۆیە کارێکی دەکرد قسەی کەسی نەیەتەوە سەر و وەک ئاوێنەی بێغەور وابێ لە تەواوی ژیانیدا! هەمیشە لە سەرو ڕوخساری زەردە خەندەت بەدی دەکرد و لەگەڵ هەمووشت کۆک و هیچیشی پەسند نەدەکرد. ئەوەی جەرگی ئەوی دەکوڵی خەفەت و پەژارەی ئەم و ئەو بوو! هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ئەو بە خەم و خەفەت عادەتی گرتبوو، لە نێو ڕەنج و کوێرەوەریدا قاڵ ببوو، بەشی خۆی حاڵی بوو، تێدەگەیشت لە دنیای هەڵخەڵەتێن و چاوبەست. زۆر بنەماڵەی دەناسی نۆکەر و قەرەواش و سەگ و تاژییان ڕاگرتبوو! ئەو ماڵانەی کۆشک و قەڵا و ژیانی شاهانە و ژووری نۆکەر و کڵفەتیان ئاوابوو! کارەبا و گڵۆپی ڕەنگاورەنگ و پلاکی میسوار و زەنگی دەرگایان هەبوو. لە ژێر ئەم ماڵەدا، بنەماڵەیەکی ئەرمەنی دەژیان، هەرچەندە ئەوان کرێچی بوون بەڵام نۆکەر و قەرەواش نەبوون، تاکوو ئەوجێیەی جووڵە و کرداریان دەریدەخست، ژن و مێردی بنەماڵە، دووکەڵی کوانوو، حەوشە و حەساری بەگوڵ و ڕێحانە، بووکەشووشە و لێستووکی منداڵان، کۆک بوون لە دنیایەکی تێر و تەسەل و بانتر لە خەڵکی ئاسایی بوون. ئەم شتگەلە لە دڵ و دەروونی ژنێکی سی ساڵەدا تۆوی حەز و تاسە و خۆشی خۆشییەکی بەرین و بەربڵاوی داچەندبوو. بەڵام ئاسکە قەت نەبوو جارێک چاوی تەماح و ئارەزوو بەسەر ماڵی کەسدا زەق بکاتەوە. دەیزانی بەخێڵی بنەمای ڕەشدڵی و بێدەسەڵاتییە و بێقیمەتی مرۆڤ نیشان ئەدا، ئەگەر مێردەکەی ئەو لە گۆڕەپانی مێژوودا سامان و شانوشکۆی خۆی وەلا نابا، پاڵی بدایە بە فەقیر و

هەژارەوە، ئەو ژن و منداڵە چۆنیان بیر دەکردەوە؟ هەرچۆنێک بێ تێکەڵ بوون لەگەڵ فەقیر و هەژار باشترە نەک لەگەڵ ساماندار و خۆبەزلزان. بەختی ئەم ژنە باشی هێنابوو، خاوو خێزان بە گشتی، بە «خانم» ناویان دەبرد، لە دووای ئەم گۆڕانە تاکوو ڕادەیەک گەورەیی لە ژیانیدا ڕووی دابوو، هەر وەک خۆی مابۆوە و خۆی لێنەگۆڕا بوو، وەک چۆن زارۆیەک دەستی لە داوێنی دایکی بەر نابێ، یان ئەگەر وەسوەسە و بیرۆکەیەک سێبەری بخستبایەتە سەر دڵی بۆ ئەوەی ڕابردووی تاڵ و بزربووی لە بیر بەرێتەوە. ئەوکاتی، لە نێو هاوساکاندا کەسێک هەبوو بە تانەو تەشەر پلاری بۆ بهاوێ و وەخۆی بێنێتەوانێ:

سڵاوت لێبێ ئاسکە خاتوون؛ ئەوە چ زوو خۆت لێگۆڕا؟ ناحەقت نییە! ژیانی ئەو کەسانە دیمەنێکی زیندوو بوو لە ڕابردووی خۆیی، هەر وەک کەپەنک و زەنگاڵەکەی هەیاس[٦]، بۆ ئەوەی خۆی لەبیر نەچێتەوە بەسەر ئەم و ئەودا فیز لێنەدا، ئەو بە چاوی خۆی زۆری دیتبوو لە بەرزان نەوی دەبوون و لە نەویان بەرز دەبوونەوە، ئیتر ئەم ژنە بێغەل و غەشە چی دەیکەی لە خوا دەویست؟ ئەشێ دابنیشێ و شوکری یەزدان بەجێ بێنێ.

زۆرجار، کە بە دەوری یەکدیدا کۆ دەبوونەوە و باسی ڕابردووی خۆیان دەکرد، ئەو غوربەتی هەڵدەستا و ڕووی دەکردە تەشقی ئاسمان و لە ناخی دڵەوە گازی دەکرد و زمانی بە خێر و چاکە دەگەڕا:

ـ خواوەندا، ئیتر ئاسکە چ ئاوات و ئارەزوویەکی ماوە کە لە دەرگانەت وەپاڕێ و تۆش ناموورادی نەکەی؟ تەنیا ڕایەک ئەم ئاواتەی لێوەربگرە و لە ڕوحمی خۆت بێبەشی مەکە، بتوانم جارێک، تەنیا جارێک بە زیارەتی ئیمام ڕەزا شاد ببم و خۆڵی دەرگای ماچ بکەم و تەوێڵم لە ئاستانەی دەرگای بسووم. هەر ئەو ئیمامە بەڕێزەی مەهدی لە نەبوون پێدامەوە!

لێیان دەپرسی، ئاخۆم تەنیا لە خوا ڕجا و پاڕانەوەی هەر ئەوەندەیە؟ بە زەردەخەندەییکەوە وەڵامی دەدایەوە:

ـ خوا خۆی بەجارێک تەواوی ئاوات و ئارەزوویەک جێبەجێ ناکا، هەر شتەی کات و وەختی خۆی هەیە، ئێستاش لەمە زیاتر هیوا و هومێدێکیترم لە دڵدا نییە.

---

٦- هەیاس وەزیری دەستەڕاستی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بۆ ئەوەی لەخۆبایی نەبێ ڕۆژێ جارێک سەری ئەو سندووقەی لادەبرد کە جلوبەرگی شوانی ئەوکاتی خۆی تێدا هەڵگرتبوو! وەرگێر.

شەوێک میزا نەبی شاتر، کە لە جێی برا و هاوکاری سەیمیران بوو، لەگەڵ هاجەرەخاتوونی خێزانی بۆ شەونشینی لێیان وەژوور کەوتن، ڕاست هەر باسی ئەم حەز و ئاواتانە هاتەگۆڕێ، سەیمیران بە فیز و ئیفادەیەکی تایبەتەوە گوتی:

ـ دایکی منداڵەکان زۆری حەق بەسەر منەوە هەیە، گفتی دەدەمێ گوێی شەیتان کەڕ بێ، لە دووەم سەفەرمدا بیبەم بۆ مەشەد، ئیتر چتدەوێ ئاسکە، لێم ڕازی دەبی؟

ئەم گفتە دڵ و دەروونی ئەم خانمە بیست و حەوت ساڵەیەی گەشاندەوە، بوو بە ئاوپرژێنی دڵی، لە خۆشیاندا چاوی پڕ بوو لە ئاو ناخی مێردەکەی خوێندەوە و بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ گوتی:

ـ خۆشەویستەکەم، ئەوە تۆی دەبێ لە من ڕازی بی، منیش بۆ ئەوەی سەرباری تۆ نەبم و خێری زۆرترم بە نەسیب بێ، پارەی ڕێگا و خەرجی خواردنیش با لە زیمەی من بێ، بەوە نییە لەلای تۆ دەنگم نەکردووە، لەو ماوەیەدا کە ژن و مێردین، شتێکم پاشەکەوت کردووە، بڵێی سی تمەن بەشمان بکات؟

سەید میران بە ڕووی خۆشەوە پێکەنی؛ چاوێکی لە میرزا نەبی و خێزانەکەی کرد، لەو وەختەدا چارشێوەکەی لە خۆیەوە پێچابوو، ڕووی کردەوە ئاسکە و گوتی:

ـ جا بۆ تۆ لەکوێ هێناوتە؟! خۆ ئەگەر لە خەرجی ڕۆژانەیماڵیش گێڕابێتەوە، هەر پووڵ و ماڵی من نەبووە؟

ئاسکە لەوکاتەدا تۆزێک بەخۆیدا شکایەوە و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، وەڵامی دایەوە:

ـ نانا، بە گیانی مەشەدی، بە مەرگی منداڵەکان! تاقە شاهییەکم لە خەرجی ڕۆژانە نەخستۆتە سەر ئەم پارەیە، دەستڕەنجی خۆمە. کڵاشم چنیوە و ئەم نەختە پووڵەم کۆ کردۆتەوە. درۆ لەگەڵ تۆ ناکەم. ڕەنگبێ جاروبار لە خەرجی ماڵەکەشم گێڕابێتەوە، بەڵام ئەوەی کە وەلام ناوە ئەمە ئیتر حیسابێکی دیکەی هەبووە، بۆ شتێکیتر خەرج کراوە.

هاجەرەخاتوون هەمیشە نەخۆش و دوورەپەرێز بوو. کەمتر لە ژوورێ دەهاتە دەرێ. لەوکاتەدا کە چارشێوەکەی بەردەستی کە بە خۆیدا دابوو سەرو ڕووی پێ دەشاردەوە، بە تەشەرەوە گوتی:

ـ ئاسکە خانم، یانی تۆ ئەم قسەیەت بەراست بوو، تاکوو ئێستا سی تمەنت پارە کۆ کردۆتەوە؟ من ئەو زێڕ و زێوەی کە وەسەر یەکت ناوە بە سەت تمەن لێتی دەکڕم.

ـ منیش ئەوە پێتم فرۆشت.

ـ لە کۆییە پێمنیشان بدە!

ـ ئەوەتانێ لەم یەغدانەی بەردەستت دایە.بێنە سەت تمەنەکەت، تاکوو کلیلی یەغدانەکەت بۆ بێنم. هەرچی تێدابوو لە پارە و لە پووڵ و  مس و لە زیو، هەر هەمووی بۆ تۆ.

ـ دە سوێند بخۆ لە کەلێن و کولێنی ژوورەکەدا سکەی پێنج قرانیی ئەحمەد شاهیت نەشاردۆتەوە، با ئێمەش بڕوات پێبکەین. ئێمە دەزانین تۆ کۆنەکاری. مەبەستم دووکانی چوارڕێیانە، ئەوکاتی کە نانساجییت دەکرد، خۆت وتت پارەم لە بن عەرزیدا شاردۆتە. کەسێک ئاوا زیرەک بێ پارە و ئاڵتوونی خۆی ناخاتە سندووقە شڕێکەوە!

میرزا نەبی سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ بوو، هاتە نێو قسەکانیانەوە:

ـ ئەگەر سوێند بخوا ئەوا سەوداکەتان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە یان پەژیوان دەبییەوە؟ ئەگەر منبام لەباتی تۆ تەنانەت بەر لە سوێنددانیش لەسەر قسەی خۆم سوور دەبووم. ئەگەر بردییەوە لەسەر من.

سەیمیران گوتی:

ـ من ژن دەناسم، شەیتانی فریودا. ئەگەر سوێند بخوا، ئەوە لەجیاتی سکەی پێنجقرانی تاق تمەنی ئەحمەد شاهی لە بن عەرزیدا شاردۆتەوە، من لەخۆڕا ئەم قسەیە ناکەم؛ شاهی نییە و بەڵکە پەهلەوییە!

ئاسکە ناڕازی و ئارام و لەسەرەخۆ سەری بەسەر شانیدا بادا، خەرمانی بسک و پەرچەمی لە ژێر سەرپۆشەکەیدا کەرویشکەی کرد و گوتی:

ـ سوێندی کەسم لەسەر نییە، جا بۆ من جێی ئەوم گرتۆتەوە تاکوو بچم پارە و پووڵم لە قوڵکە و کونە مشکاندا بشارمەوە؟ یان ئەوەی بە دزییەوە کارێک بکەم، کەسێک شتی وابێژێ ڕەنگبێ گومانی لە خۆی هەبێ، هەرکەسە و لەخۆیەوە سەیری ئەویتر دەکا.

سەیمیران ئەم ڕستەیەی کۆتایی زۆر بەدڵ نەبوو، بێئەوەی میوانەکان پێبزانن لێی مۆڕ بۆوە، ئاسکەش لەم قسەیەی کردبووی پەژیوان بۆوە، مەبەستی لە کاری پەنامەکی ئەوە بوو، دەیانگوت، هاجەر دایمە لە خەڵوەتییەکەدا خەریکی جەوهەر کوتان بوو بۆ میرزا نەبی، ئەم جەوهەرەش قاچاق بوو، مسقاڵی یەک قران قیمەتی بوو، میرزا نەبی گوتی:

ـ لە کەچەڵ وایە، هەموو کەس کەچەڵە، من لە دڵەوە باوەڕم بە ئاسکە خانمە، دەزانم درۆی بە دەمدا نایات، ئەوە پارە و پووڵێکە بە زەحمەت و ڕەنجی شانی خۆی بە دەستی هێناوە، بە

شەرع و بە قانوون مافی خۆیەتی و حەڵاڵییەتی، مافی مەشەدی بەسەرەوە نییە، زۆر کەس باوەڕیان وایە ژن بێجگە لە پارەی حەمام، ئەو شتەی کە لەگەڵ خۆی لە ماڵی باوان هێناویەتی کەسێکی دیکە مافی بە سەریەوە نییە، تەنانەت وەختێ گەرەکی بێ خێر و خێرات بۆ دایک و بابی خۆشی بکا، ئەشێ مێردەکەی ئەو ماڵەی بۆ حەڵاڵ بکات، من لەگەڵ ئەم بیر و باوەڕە نیم، بەبێ ئەوەی ژنەکان بچنە نێو قسەکانیانەوە، ئەم دوو هاوڕێیە دەربارەی حەق و مافی ژن بەگوێرەی باوەڕی ئیسلامی تاکوو نیوەی شەو هەر چەلەحانێ و دەمەتەقەیان بوو.

میرزا نەبی پیاوێکی فامیدە و خوێندەوار بوو لە هەرسینەوە ماڵی هاتبوو، بێجگە لەوەی مرۆیەکی خۆپارێز و فرەزان و ڕێکوپێک بوو لە ژیان و دۆستایەتیدا، لەگەڵ خزم و کەس و دەروجیران و بەتایبەت سەید میران سەراوی لە هیچ شتێ درێخی نەدەکرد. پیاوێکی بێفیز و بێداوا بوو، سەرو سڵاوی لەگەڵ ورد و درشت وەکوو یەک وابوو، خێزانەکەشی دایکی سێ منداڵ و خەڵکی هەرسین بوو؛ ژنێکی خۆشمەشرەف و خۆشراوێژ و حەنەکبێژ بوو، یەکێ بوو لەو ژنە قسەخۆشانەی دەڤەری هەرسین، لەگەڵ زۆریەک لە ژن و کچی دەوروبەری خۆی تۆفیری هەبوو، ڕووکراوە و بە گفتولفت و لە نێو ژناندا خاوەنی ئازادییەکی فرەتر بوو. لە نێو پیاواندا هیچ خۆی بە کەمتر نەدەزانی.

سەیمیران لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا دادەنیشت باس هەر باسی سەفەری مەشەد و شوێنە دیدەنییەکانی خۆراسان بوو. هەر بۆیە ئاسکە لە هەموو جێیەک باسی ئەم ئاوات و ئارەزووی خۆی دەکرد. شەو نەبوو بە گەوهەرشاد و سەقاخانەی سمایل تەڵاییەوە خەون نەبینێ، هەر ئەوەندەی بیدیبا کەوشەکانی سواری یەکتر بوون لە خۆشیدا دەتریقاوە و دەیگوت:

ـ لە خوا بەزیاد بێ، شوکر سەفەرمان لە پێشە، دەچین بۆ زیارەت.

وەک ئەوەی زیارەت قەرزێک بێ بەسەر شانییەوە بیر و ڕای وابوو ئەمە ئەرکە و دەبوو جێبەجێی بکات. ئەو ڕۆژەی سەیمیران بۆ جاری دووەم بەرەو خۆراسان وەڕێ کەوت و خێزانی لەگەڵ خۆی نەبرد، چاوی ڕەشی ئاسکە کاڵ بۆوە:

ـ لەوانەیە حەزرەت جارێ وەرم نەگرێ و زیارەتم لێ قەبووڵ نەکات!

لەو کاتەدا مەهدی چوار مانگی بوو، ئەم سەفەرە کتوپڕ پێکهات، چەند کەس لە دۆستانی مێردەکەی خۆیان لە دەسک نابوو بەرەو خۆراسان، سەیمیران لەپڕ هەوای سەفەر لە سەریدا،

خۆ ئەگەر هاوڕێکانی ژنیان لەگەڵ بایە، بێجگە لەوەی ئاسکە بۆ ئەو وەک بارە هێلکە وابوو بەسەر شانییەوە هێشتا لە تەک خۆیدا دەیبرد، بەڵام زیارەتکەران هیچکامێکیان ژنیان لەو سەفەرەدا پێ نەبوو. ئەمانەش هەمووی بەجێی خۆی نەدەکرا بەم پەلەپەلە ئاسکە وەخۆ بکەوێ و خۆی خڕ بکاتەوە؛ ئەمرۆ مێردەکەی هاتەوە بۆ ماڵێ و پێیگوت دەچێ بۆ زیارەتی مەشەد؛ ڕاسپێری خۆی گەیاند، ئەرکی دووکانی خستە ئەستۆی میرزا نەبی بۆ بەیانیدا بە هیوای پازدە ڕۆژ چوون و گەڕانەوە لە ماڵ دەرکەوت، هەر ئەوەندە خۆش بوو، گەیشتنە گاراج، لەو کاتەدا کە خەریک بوو سواری پاس بێت، بارامی کوڕی لەو حەلەدا لە تەمەنی ئێستای بیژەن دابوو لەگەڵ دایکی بە جلوبەرگی ڕەنگاورەنگەوە هاتبوون بۆ بەڕێکردنی سەیمیران، لەوێ دەستیکرد بە گریان خۆی بە زەویدا کێشا و ورکی گرت ئەویش لەگەڵ خۆی بەرێ، مسافیرەکان چەند کەسێکیان زیارەتکەری عارەب بوون، هەموویان سوار ببوون. شۆفیر ئامادە لە پشت سوکان، ماتۆڕی ماشین کاری دەکرد و جام و شووشەکانی دەلەرینەوە؛ لەو کاتوساتە تەنگەدا بوو کە سەیمیران لەسەر پێشنیازی یەکێ لە هاوڕێیان، واتە مەشەدی نەورۆز عەلی ڕەحمەتی، کتووپڕ بڕیاریدا منداڵەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات؛ ئاسکە کە ناخافڵ بەسەر ئەم فکرەدا کەوتبوو نەیدەزانی چی بکا. دەستی تێکەڵ دەهات و کەوتبووە دڵەکوتە. ئەم چەند ڕۆژە دووربوونەی زۆر بۆ دشوار بوو. زەردەخەندەی لەسەر لێو و چاوی ئەشکی تێزابوو، ناچار دڵ پڕ لە حەسرەت و پەرێشانی ڕازی بوو بە سەفەری جگەرگۆشە و خۆشەویستەکەی، سێ ڕۆژ دوای سەفەری ئەوان، ئاش و دۆکلێوی نەزری وەسەر ئاگر نا و هەر جیرانەی کاسەیەکی بۆ بردن، لە پاش مانگێک دووری لە مێرد و منداڵ و ماڵی بێپیاو، بۆ ژنێکی بەختەوەر وەکوو ساڵێک تەواو بوو، هەرچەندە لەو ماوەدا دوو تەلگراف لە مەشەد و تارانەوە گەیشت بە دەستی و تەلەفوونێک لە هەمەدانەوە لەگەڵ میرزا نەبی، مەشەدی گەورە و چکۆلە ساخ و سڵامەت هاتنەوە نێو باوەشی بە تینی بنەماڵە، خەڵکی کرماشانی خوێنگەرن و میوانگر، کە دایمە حەز بە شادی و دڵخۆشی دەکەن، دەمەو عەسرێکی تاوو بان خۆش کە شێبا بەرامەی هەڵاڵە و بە ڕەزای بێستوونی مانگی گوڵان و بانەمەڕی بەسەرشاردا دەپرژاند، دە پازدە کەس لە خاوەن نانەواخانەکان و یەکدوو ئاشەوان. ئەوانە دۆست و هاوکاری نزیکی سەیمیران بوون بە سواری دوو ترۆمبێلی سەر ئاواڵای فۆرد، دەست بە دەف و نایە هەتاکوو نزیک بێستوون چوونە پێشوازی زیارەتکەران، بە خۆشی خۆشی و چەپڵە لێدان گەرانەوە بۆ

باوەشی شار، پێڵا و جل‌وبەرگ و کڵاو لەگەڵ لەیستووک و بووکەشووشەی جۆراوجۆر بۆ منداڵان. قەوارەیەک پارچەی مەخمەری شینی کاڵ بۆ ئاسکە، پاڵتۆیەکی چەرمی خۆراسانی بۆ خۆی، تۆپێک پارچەی بەرەک، چەند مەترێکی میرزا نەبی هەڵیگرت. زەعفەران بۆ ئازەرنۆش، زیرە و عەنناب و فێنک‌کەرەوە، تەسبێح و هەڵوا و سابوونی قوم بۆ دەروجیران و خزمان، ئەم دیاری و سەوقاتەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەرکەسە و شتێکی بەرکەوت و خۆشحاڵ بوون، ئیتر ئەوانەی باسمان کرد هەر هەموویان باش و لە جێی خۆیاندا بوون، بەڵام سەرەڕای ئەم گشتە ڕاسپاردەیە خاکی پیرۆزی سەر گڵکۆی حەزرەتی لە بیر چووبوو، بێ‌گومان ئەگەر ئاسکەش بەم گشتە ئاواتەوە لەگەڵی چووبایە لەبەر دڵەکوتەی خۆشحاڵی هەر وەک ئەوی دەکرد، بۆیە ئەویش لە بیری چۆوە کە لەگەڵ خۆی نەیبردبوو، بەڵام ئەوەندە هیوادار بوو کە ئەویش ڕۆژێک بە مەرازی دڵی خۆی دەگا. خەڵک بە هۆی ئەوە بنەماڵەیەکی سەیدە و عەولادی پەیامبەرە، لە پێشدا چوونە بەخێر هێنانەوەی سەی‌میران، یەک‌دوو کەس، لە هاوسەفەرەکانی سەی‌میران، زۆر بۆیان گرنگ نەبوو ناو و ناوبانگ دەربکەن، یان ئەوەی لە دەستییان نەدەهات میوانداری بکەن. ئەو ڕۆژەی سەی‌میران دەروجیرانی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە، هەردووکیان چوون و تاکوو کۆتایی میوانداریيەکە لەوێ مانەوە، خزم و ئەقرەبا باشیان ئاگادار کردبوو یەک‌جێ لە ماڵی مەشەدی میران کۆ بوونەتەوە، بێن بۆ لایان! مەبەستییان لەم کارە ئەوە بوو کە بەشی خۆیان هەرچەندێک بوو لە ئاخریدا خەرجەکە بۆ خانەخوێ قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام سەی‌میران پیاوێک نەبوو شتی‌وا قەبووڵ بکات و نەی‌هێشت هەر ناویشی بێنن.

لە سەفەری ئەمجارەیدا دیاری و سەوقاتی دیکەشی هێنابوو، ئەمانەش شتی تازە و بیرەوەری نوێی ئەو بوون، بیرەوەرییەک کە دەبوو تاکوو کۆتایی عومری لە بیری نەچێتەوە، سەید لە سەفەری ئەمجارەی زۆر ڕازی بوو، هەرچەندە لەو سەفەرەدا، بارام تووشی زەحمەت و ماندووبوونی کردبوو، بییانووی گرتبوو، بەڵام پێی‌خۆش بوو، کوڕەکەی بۆ چەند ڕۆژێک لە ماڵ دوور کەوتۆتەوە و لەگەڵ بابیدا چۆتە سەفەر و زیارەت. لەو ماوەیەشدا هاوڕێیانی بابی وەڕەزی خۆیان بەم کوڕە دەرکردبوو، جارو بارە گۆرانی بۆ دەگوتن و نەیدەهێشت مسافیرەکان سەرخەوێک بشکێنن، ئەو بەردانەی دەژمارد کە هەر پێنج کیلۆمەتر و بەردێکیان لە قەراخی جادەکە دانابوو، تاکوو شوێنی مەبەست سێسەت و سی و شەش دانە بەرد بوو. وەختێ ماشێن لە کار دەکەوت، ئەوان ناچار دەبوون بۆ ماوەیەک بە پێیان بڕۆن. دەیان‌کردە

کۆڵ و قەڵاندۆش. یاری و قسەی خۆشی منداڵی لە ماڵی حاجی لەتیفی تارانی، کە مشتێکی پڵاو کردبووە گیرفانی وایزانیبوو مێوژ و کشمیشە، زۆر شتیتریش، ئەم دیتن و گەشت و سەیرانە هەمووی ببوو بە وێردی سەر زمانی سەیمیران، لە نێو ئەم بیرەوەریە خۆشانەدا باسی ئەم ژنە مەند و ماقووڵەی زۆر بەتام و خوێ دەگێڕاوە کە لە بازاڕی پینەچییەکانی مەشەد زگی بە کوڕەکەی سووتابوو! خەتاکەی خۆشی نەدەشاردەوە، هاوڕێکانی چووبوونە حەرەم و خەریکی زیارەت و دۆعا و پاڕانەوەی خۆیانبوون، ئەویش دەیەوێ بچێ بۆلای ئەوان، بارام کە ببووە هۆی دواکەوتنی بابی، لە نێو بازاڕ گوڕو دەگرێ و لاقی لە عەرزی دەژەنێ و حەز ناکا بچێ بۆ حەرەم و خەریکی زیارەت و ماچکردنی گۆڕی ئیمام بێت، سەیمیران کە بۆی ژێر نابێتەوە، واتە تاقەتی نابێ بیدوێنێ بە هێمنی لەگەڵی وەجووڵێ، بەم پەڵپ و بیانووە خوێنی دەکوڵێ و چاوی لێ سوور دەکاتەوە، زللەیەکی دەبناگوێی دەسرەوێنێ، شوێنی پێنج قامکەکەی لەسەر ڕوومەتی بەجێ دەمێنێ، تومەز لەو کاتەدا دوو ژن لە مێژە ئاگایان لە گریان و شەڕی ئەم باب و کوڕە بووە، هەستی دایکانەیان جووڵاوە و خۆیان بۆ ڕاگیر نەبووە، زگیان بەم منداڵە نامۆیە سووتاوە، هەلینگ دەدنێ، وەک ئەوەی منداڵی خۆیان بێ لە دەستی دەستێنن. یەکێ لەو ژنانە بەرزەباڵا، وێچوو ڕێکوپێک، بەلار و لەنجە و چارشێوی سەریدا، بە بێنی خۆش و جلوبەرگی خاوێندا ئاشکرای دەکرد خانمێکی مەند و ژیرە، پەچەی لە ڕووی لادا و بەندی دڵی سەیمیرانی بادا، ڕوخساری لە چەشنی مانگ لە ژێر هەوری چارشێوەوە دەرخست، بە لێوی شەکەرچێنی کە تێکەڵ بە چای تاڵ دەبێ هاتە پەیڤین:

- بۆ لەم منداڵە ئەدەی مەگەر تۆ بابی ئەو نی؟ ئاخۆم دایکی ئەو منداڵەت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ وەرە بۆلای من دەردت لە دایە! یانی تۆ نازانی ئەم بەستەزمانە چەندە بیری دایکی دەکا؟!

ئیتر خانمە جوانە وەکوو دایکێکی بە ئەزموون و دڵسۆز و دڵۆڤان دەستی بە سەریدا هێنا، بە قسە و گفتی شیرین ورگ و گریانی لە بیر بردبۆوە، بەڕاستی ئەمە بەهرەیەکی خودای گەورەیە هەر وەکوو بێنی گوڵان لە هەر لایەکەوە بێ دڵبەر و سەرنجڕاکێشە، سەید میران تێگەیشتبوو بەرامبەر بە عەولادەکەی هەڵەی کردووە، لە قووڵایی دڵەوە قسەکانی ئەم خاتوونە کاری تێکردبوو، بە جۆرێک کە دەستی بە ماڵی خۆیەوە ناو بەبەر چاوی ئەم دوو ژنەوە بردی لە دووکانێک چەند لیستووکی (کەرەستەی یاریی منداڵان)ی بۆ کڕی، یەکێ لەو

بووکۆکانە کەڵەشێرێکی قورمیشی بوو لەبەر دەمی خۆی دان و گەنمی هەڵدەگرتەوە، لە دوای گەڕانەوەی کە ئەم ڕووداوەی بۆ خێزانی دەگێڕایەوە، هەستی دایکانەی ئاسکە جووڵا و گوتی:

- یاخوا کوڕی نەمریێ! هەر دایکە دڵی بۆ جگەرگۆشەی ژان دەکا! خۆ ئەگەر من لەو سەعاتەدا لەویێ دەبووم ناو دەمیم ماچ دەکرد!

کەربەلایی هەباس، پیرەمێردێکی کوێر و وردبین هاوساماڵی ئەوان بوو، ئەویش لەویێ دانیشتبوو ژیر و وریا لەبەر خۆیەوە گوتی:

- خەمی بۆ مەخۆ کچەکەم، خۆی لەباتی تۆ ماچی کردووە!

ئاسکە کە تازە زانیبووی قسەکەی بە قازانجی میران تەواو بووە، بە لەبزێکی هێدی و ژنانە کە پڕبوو لە تانە و تەشەر گوتی:

- بەڕاستی واتکرد مەشەدی؟

سەیمیران بەبیێ ئەوەی بە خۆی بزانیێ زەردە کەوتە سەردەم و لێوی و لە وەڵامدا گوتی:

- زۆرم حەز دەکرد چاکەی بدەمەوە، بەڵام جێی نەبوو، بۆ جارێکیتر لە حەساری حەرەم چاوم پێیکەوتەوە، دانی دەدا بە کۆترەکان، نیشان نەورۆز عەلیم دا، غەریقی ڕەحمەت بیێ، گوتم: ئەوەتا، تای خۆت دەستکەوت، بە شەوێک چل ساڵ جوان دەبییەوە، خوا بیبەخشیێ، دەتگوت ئاو لە دڵی دەپڕژێنی، تەنانەت بۆ چەند چرکەیەک قسەمان لەگەڵ کرد؛ لێیپرسیم حاڵی بارام چۆنە، ئەوم لەگەڵ نەبوو. ئەو خانمەی شان بەشانی دەڕۆیشت، دەیگوت دایکییەتی، بە دەمورِاوێژیاندا مەعلووم بوو خەڵکی تارانن، ئەو ڕۆژە ئەوان لە زیارەت ببوونەوە، خەریک بوون دەچوون بۆسەر قەبری خواجە ڕەبیع شوێنێکی زیارەتی و سەیرانگایەکی سازگارە ئێمەش بە دڵ پێمانخۆش بوو لەگەڵیان بچین، بەڵام بارامان لەگەڵ نەبوو. ئەمەش بەجێی خۆی هاوڕێگەل هەریەکەو بە لایەکدا ڕۆیشتبوون، هەواڵیان لە ئێمە نەبوو.

ئاسکە بەبیێ ئەوەی لە قسەکانی سەیمیران دڵمەند بیێ، یان ئێرەیی پیێ بردبیێ، بە خۆشحاڵییەوە هەڵیدایە:

- باشە دەی، «حەزم دەکرد چم بە قسمەت نەبوو!» ئەمجار دەزانم پیاوان بۆچی دەچن بۆ مەشەد، لێرە ئاشکرا دەبیێ، یەکەمجار نەگەیشت بە حەقدە ڕۆژ، بەڵام ئەمجار لە مانگ تێپەڕی، تەنانەت وەختیێ بەخۆت دەزانی چت لە گیرفاندا نەماوە، یان ئەشیێ حاجی مەحموودئاغا وەبیرت بێنێتەوە تەلگرافێک بۆ ماڵیێ بنێری! لەخۆڕا نییە من لەگەڵ خۆت نابەی، ژنەتیوەی

هیچوپووچەی تارانی، خوا دەزانێ لە چ بێخاوەنێکەوە بووە، ئاشقی سەرو سمێڵی تۆ بووە! بەڕاستی شوورەییە بۆ ئێوە بەم پیرییە.

سەیمیران قاقایەکی بۆ کێشا و زانی بەم قسانە خەریکە دڵی کرمێ دەبێ، بۆ ئەوەی نیگەرانی بڕەوێنێتەوە گوتی:

ـ شۆخیم لەگەڵ کردی زەعیفە! ویستم بزانم ئەتۆ چیدەڵێی. خۆ تۆ دەبێ چاکتر لە هەموو کەس ئەمن بناسی، وەک دەستی ڕاست و چەپی خۆت، کاتێک دەمم پڕ بوو لە ددان، تووکی سەرم وەک پەڕی ڕەشەداڵ بریقەی دەهات خەریکی ئەم بەزم و کەیفە نەبووم، ئێستاش دەزانم جگە لە تۆ کەس بە پیاوم نازانێ! خۆت باش دەزانی کەچەڵ پیاوی هەمەدان نییە! ڕاستە ئەو خانمێکی شۆخ و نازدار بوو قسەخۆش و لە هەموو شت گرنگتر زۆر دڵۆڤان بوو؛ بەڵام تۆش بەهەڵەدا نەچی، کەسی بە پیاو نەدەزانی. لە نێو پیاواندا وەکوو پیاو وابوو، ژنە تارانی زۆر ژیر و وریان، ئەم سەفەرانەش بەجێی خۆی لە چەند جێیەکی دیکەش لەگەڵ ژنی تارانی هەڵسوکەوتم کردووە، شتیوام لێدیتوون، بۆ هەر کەسێکی وەگێڕم واقی وڕدەمێنێ ئەوان لە چاو ئافرەتی بەسەردا دراوی لای خۆمان زۆر لە پێشترن، نە ڕوو دەگرن و نە چارشێویان گەرەکە، بەڵام کێ هەیە پێیان بڵێ پشتی چاوت برۆیە!

کەربەلایی هەباس ژیرانە سەرێکی بۆ لەقاند:

ـ ئم، ئم! ئاسکەخانم من زۆرم دنیا دیوە؛ سارد و گەرمی ڕۆژگارم چەشتووە و زۆر دەرگام بە قوون کردۆتەوە! وەک دەڵێن ڕێوی گەڕیدە لە شێری نووستوو باشترە؛ دەبێ نانێک بخۆی نانێک لە ڕێی خوادا بدەی تووشت بووە بە تووشی پیاوێکی ئاوا کەیخوا و خانەدانەوە، ئەم دنیایە پڕیە لە مرۆڤی باش، بەڵام مێردی چاک کەمتر دەستدەکەوێ، خدەی باش و ویژدانی ئینسانی، قورس و سەنگینی وەک لەم مێردەی تۆدا بینیوومە لە کەمتر کەسێکدا هەیە؛ هەڵبەت نابێ لێرەدا ئەم ڕاستییەش بشارینەوە مانگەشەو بە ئاسمانی ساماڵەوە جوانە، وەختێ سەیمیران کەیخاتوویەکی وەکوو ئاسکەخانمی هەبێت، ئیتر ئەوا مەعلوومە ناو و ناوبانگی شار و دێ دادەپۆشێ؛ هەمیشە ئەمەم بە نازپەری خێزانم وتووە، کە ئاسکە خانم بە هەر بابەتێکەوە بێژی، لەم شارەدا تای نییە! فریشتە و پەرییە خوا بەتایبەت بە کاکە میرانی داوە، بەخوای بابم، کاکە میران، تۆ دەبێ ئەم خانمە بە گەوهەر هەڵکێشی ئەشێ کۆتەڵی لە ئاڵتوون

دابڕێژی، تاکوو بە ڕۆح زیندووی نابێ ناوی هیچ ئافرەتێکت بە زاردا بێ، جا با جسنی لە حۆری و پەریش بێ.

ئەمجار پیرەمێرد کەوتە لاگری و بەرەڤانی لە ئافرەتگەلی دەڤەری کرماشان، بۆ ڕەتکردنەوەی قسەکەی پێشووی سەیمیران، باسی ئەم کچە کوردەی گێڕایەوە کە وەختی خۆی لە شەڕەکانی شۆڕشی مەشرووتەدا بۆ تۆڵە کردنەوەی خوێنی براکەی لە زۆرویژانی لاسار، چەکی کردبووە شانی و ژیانی لە دوژمنان کردبووە قوززەڵقورت و کونەمشکی لێکردبوونە قەیسەری.

کەربەلایی هەباس و ژنەکەی، نازپەری، هەر لە کۆنەوە لەو گەڕەکەدا بوون کۆنەجیران بوون، بنەماڵەی سەراوی بە چاوێکی خانەدان و گەرموگوڕ سەیری ئەو ژن و مێردەیان دەکرد وەکوو شەخس وابوون بەلایانەوە، مام هەباس قەدیم خەڵکی فەریدەنی ئیسفەهان بوو، لە جەنجاڵییەکەی شۆڕشی مەشروتەدا بە نیازی زیارەتی کەربەلا، سەفەری عێراق دەکات و لە گەڕانەوەدا، دەگاتە کرماشان و پووڵ و پارەی لێتەواو دەبێ و ئیتر هەر لەم شارە دەمێنێتەوە، ژنێک دەخوازێ، ئێستاش خێزانی جلوبەرگی کوردی کرماشان دەبەرد دەکات و سەرو شەدەی هەر وەک خۆی ماوە، هەر بە زمانی دایکی ئەدوێ و وشەیەکی فارسی نازانێ، منداڵی لەو ژنە نەبووە، بەر لەوەی چاو بەستی فەلەک چاوی ببەستێ و دنیای ڕوونی لێبکاتە ئەنگوستە چاو، ماوەیەک لەسەر دووکانی سەیمیران کاری کردبوو، لە کاتی خۆیدا و لە هەڕەتی گەنجیدا چەند ساڵێک نانەواخانەی هەبووە و شاتری کردبوو، بەڵام ئێستا، ئێستا کە کوێرە و گردەنشینە گوزەرانی لە ڕێگەی زەکات و سەرفترە و سەدەقەوە دابین دەکرێ، سەیمیران کە پیاوێکی خێرومەند بوو دەستگری هەژار و لێقەوماوانی دەکرد، بێجگە لە زەکات و سەرفترە، ساڵی پەنجا مەنی نان و دوو تەلیس خەڵووزی نانەواخانەکە تەنیا تایبەت بە تەندوور بوو بەکاری ژێر کورسی دەهات، بۆی دەناردە ماڵێ، کرێماڵیشی لێوەر نەدەگرت و لە زۆر بابەتی دیکەشەوە یارمەتی دەکرد و ئاوڕی لێئەداوە. دایمە دەیگوت ئەم پیاوە نابینایە خێر و بەرەکەتی ئەم ماڵەیە، پیاوێکی بە وەج و جێی ڕێز بوو، هەشتا ساڵ بە حەیاو ویژدانەوە ژیا بوو، تاڵی و سوێری زۆری چەشتبوو و بەشی خۆی ڕۆژگاری قونەکە و کردبوو، زۆری دەزانی ئەزموونێکی فرەی وەسەریەک نابوو. بەڵام مەخابن، ئەمڕۆ زەمانە دەستی پیرێکی ئاوا کوێری شەتەک دابوو، دیاربوو ئەم مرۆڤە چاوی نەبوو، ئەمما جوانتر لە

چاوساخەکان ژیان و دەوروبەری خۆی دەبینی؛ وەک چۆن لە ئاخاوتنا هێدی و لەسەرەخۆ بوو، لە قەزاوەت و نێوبژیوانیش‌دا وردبین و ئارام دەجووڵایەوە، دنیای بە گۆڕەپانی شەڕ دەبینی و مرۆڤیشی بە لایەنگری خێر و چاکە، کەس نەبوو بڵێ پیاوێکی نابارو زمان‌شڕە لە پاش‌ملە باسی کەسی نەدەکرد و ئەم ڕەفتارەی بە خوویەکی دەزیو دادەنا، ئەم ئاکار و گوفتارانەی لەسەر سەی‌میران یەکجار کاریگەر بوو. تەنیا کوڕی گەورەی لە ژنێکی دیکەی بوو ماڵی جودای هەبوو، لەگەڵ بابی نەمابوو، بە هۆی لاساری و سەربزێوی بێبەری کردبوو، سەرەڕای کوێریەکەی، ئەوەندە وەستایانە هەناری دەشکاند و دەیخوارد، دەنکی نەدەخستە سەر عەرزی دەیگوت دەنکە دەنکەی ئەم هەنارە میوەی بەهەشتە. لە خاکەوە هاتووە و بۆ خاکیش دەگەڕێتەوە، سەی‌میران بەڕێزەوە سەیری دەکرد و زۆریشی بۆ بە حورمەت بوو، هەروەختێ دەهاتەوە بۆ ماڵێ و بێکار دەبوو دەچوو لەلای دادەنیشت، باسی مەسەلەی ڕۆژ و سەربردە و ڕابردووی خۆیان دەکرد؛ لە دوای مردنیشی کە چەند ساڵێک دواتر ڕووی‌دا، بە خێر و چاکە ناوی دەهێنا، زۆرجار نوکتە و قسە خۆشەکانی ئەم پیرەمێردەی دەگێڕایەوە.

## بەشی سێهەم

سەیمیران سەراوی لە ژێر سۆڵەی کارەبای دارتێلەکانی شەقامدا ئارام و هێور لە ماڵی میرزا نەبی هاوڕێیەوە، بەرەو کۆختەو کەوێڵەکەی خۆی هەنگاوی دەناز هەر لەوێ بەربانگی کردبۆوەهز هەر وەک دایمە بۆی ببووە عادەت دەستەکانی لە پشت خۆیەوە هەڵپێکابوو، سەری داخستبوو، بەدەم فکر و وردە خەیاڵەوە سەری نابۆوەهز دەبوو پیلان و بەرنامەی تازەی کارساز بێتز لە نێوان نانەوایان و سنف و ئاشەوانان، شارەداری تازەی شار بە ناحەزی لەگەڵ میرزا نەبی جووڵابۆوە و لە دیوەکەی خوی دەریکردبوو، ئاژاوەی خستبووە نێو نانەواخانەکانەوە. کابرایەکی ناڕاست و خاپینۆک بوو. هەر ئەو ڕۆژە سەریان بە یەکەوە نابوو لە نێو کەینوبەینی خۆیاندا گفتی پێدابوو، ئەگەر نانەواخانەکەی لە ژێر چاوەدێری شارەداریدا بێت، ئەوا وەک کەسێکی باوەڕ پێکراو و جێی متمانە و دەستڕۆیشتوو، دەیتووانی بۆ هەموو لایەک زۆربەی گرفت و کێشەکان چارەسەر بکات و گرێکوێرەکان بکاتەوە. هەر وەکوو میرزا نەبیش باوەڕی وابوو، هیچ گومانی لەم گفت و بەڵێنە نەبوو، یەکەم هەنگاوێک کە شارەوانی هەڵیدەهێنایەوە ئەوەبوو، دەیتوانی پێش بەم باراشانە بگرێ وا کوردەکان لە گوندەکانەوە دەیانهێنا بۆ ئاشەکانی شاری. هەرچەندە لەم ساڵە بێئاو و بێبارانەدا، ئەم فکرە بە زیانی ئاشەوانان تەواو دەبوو، سوود و قازانجی زۆری بۆ نانەواخانەکان دەبوو. کرێ بار خێرا دادەبەزی، ئاشەوانەکان بە مزەی کەمیش قایل دەبن. ئەگەر شارەداری ویستبای گرفت بۆ ئاشەوانان ساز بکات، دەیتوانی چل و هەشت کاتژمێر لە ئاشێک، هەریەک لە هاوکاران کە ڕازی دەبوون، زیادی دەکرد، بەمجۆرە خەڵکەکە تاقی بکاتەوە، بزانێ ئەوەی ئەوان دەیڵێن بەڕاستی هەروایە، زەرەد و قازانجیان وەکوو یەکە؟ ئیتر داواکاریش دەستی لەسەر دەست دانەدەنا، زۆر هاسانە تاکوو ئەوجێیەی ڕوون و ئاشکرایە دوو سێ ساڵی دوایی نیشان دەدا، ئاشەوانەکان لەمجۆرە کارانەدا وریاتر لەوان بوون، شارەوانی بەڵێنی بەو دابوو پشتی بگرێ، بەڵام ئاخۆم ئەم گفت و پەیمانە هەتا سەر بوو؟ ئەوە مەسەلە و بابەتێک بوو ئەشیا داهاتوو کارکردن ئەم وەڵامە بداتەوە.

ئیتر هەرچۆنێکی لێکبدەنەوە، سەی‌میران دڵخۆش بوو، ئەو چاوپێکەوتنە و ئاشنابوونە لەگەڵ شارەدار و هەڕەشە و گوڕەشەیە هەنگاوێک بوو بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن، وەختێ بە سەوزە مەیداندا تێدەپەڕێ، وەک ئەوەی لە دڵەوە هەستی بە هەناسەیەک کردبێ یان ئیلهامێک بە دڵیدا هاتبێ و بەرامەی «ئەو»ی هەڵمژیبێ سەری بەرز کردەوە و دە هەنگاو لە پێش خۆیەوە هوما سەرنجی ڕاکێشا. چارشێوە سپییەکەی جارانی بە سەر خۆیدا دابوو، ڕەوت و ڕۆینی، پاو و پووز و گۆرەویی تا سەر ئەژنۆی شتێک نەبوو چاوی ئەم پیاوە بە تۆڕ نەگرێ. هەنیەی مانگەشەو و تەواری چاوی لە نێو هێلانەی چارشێویدا پەنایان گرتبوو. بەتاڵۆکە هەنگاوی دەنا، وەک ئەوەی منداڵی بەرمەمکانەی لە ژووریدا بەجێ هێشتبێ، هەر ئەو بوو، بە بەرگ و پۆشاکیدا، بە لارو لەنجەیدا، دەکرا بێجگە لەو کێ‌بێ؟ سەی‌میران زوو ناسییەوە، بە ڕوەتی کۆتر و کەویدا دەیزانی خویەتی، بە سەرسووڕمانەوە ئەم فکرە کەوتە سەر مێشکی، بەم شەوە لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەچێ، سەدان هەنگەژاڵەی بزۆز ورووژانە سەر شانەی مێشکی! ئەو ڕۆژەی وەک خۆی کە منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، هاتبووە دووکان، تاکوو ئەم حەلە هەفتەیەکی بەسەردا تێدەپەڕێ، لە ماوەی ئەم دووربوونەدا زۆری بیر لە تەنیایی و کات‌وسات و چارەنووسی کردبۆوە. ئەمە بۆ حاشالێکردن نابێ، ژنێکی ئاوا کەم تەمەن و پەری‌شێوە، هەر لە یەکەم جاری ئاشنابوونیدا چەکەرەی هەستێکی لە دڵی ئەودا سەوز کردبوو، هەرچەندە بۆ بینینی دووبارەی حەولی لەدوو نەدابوو، خەیاڵ و فکری ئەو، ئەندێشە و مەراقی ئەو، لەم چەند ڕۆژەی کە بەسەریدا تێپەڕیبوو بۆ چرکەیەکیش گۆمی خەیاڵی مەند ڕانەگرتبوو، سەیریش نییە ئەگەر ئەم و ئەو قامکی بۆ درێژ نەکەن و نەبێژن، ئەمە بوو پیاوە بە ئیمان و دین‌دارەکە، ئەم گشتە نوێژ و ڕۆژو و زیکر و دۆعایە بۆ ئەمەبوو؟ ئاخۆم تەواوی ئەو مناجات و وێرد و گازانە نەیانتوانی هەوای نەفسانی ئەو ڕابگرن و دەمی لاخۆری قەمتەر بکەن؟ ئەگەر پێوەری قەزاوەت و داوەری، هەر وەکوو شەرع و داب‌ونەریت هەردووکیان پابەندی ئەون، لە کردارەوە سەرچاوە بگرێ، نەوەک لە فکرێکی ڕووت، وەڵامەکەی ئەمەیە بۆچی توانیبوویان و باشیش توانیبوویان، بەڵام لە بیرمان ناچێتەوە کە خەیاڵ خۆی بەشێکە لە زیندەخەو، نموونەگەلی فرەمان لەبەردەستایە کە تەنانەت ڕەسووڵانی خوداش لە ئەم ڕووداوانە کە تەموو مژی خەیاڵ بەسەری هێناون نەی‌هێشتووە دوورەپەرێز بن. سەی‌میران سەراوی شوێنێکی دیاری و تایبەتی هەیە، لە ڕۆژی حەق و حەساویشدا نامەی عەمەل و کردارمان دەخوێننەوە، نەک نامەی فکر و خەیاڵمان، فکر و خەیاڵ گوناح و تاوان نییە، مەگەر ئەوەی پێ لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕابکێشی،

ئەوە لەوانەیە غەور بخاتە سەر ئاوێنەی ویژدان و ئاوز و دین، بێوەژنێک بەم هەموو جوانی و شۆخ و ڕەفتارەوە، ئەوەندە شێوەپەری و بەم ڕەوت و لارەوە، ئەم ڤینووس و کری وەستایە بە هیچ زمانێ لە تاریف نایە، سەیر نییە بینەری ژێر پەرێشان نەکات و فکر و ئەندێشەی بە بالاًی خەیاڵدا هەڵنەزێ! زۆر کەس باوەڕیان وایە، بە هۆی ئەوەی سەیدەکان بە ڕەچەڵەک عەولادی پێغەمبەرن کە لە ڕاستیدا دەچنەوە سەر ئەم حەزرەتە و بە شوێن ئەودا دەڕۆن. بۆ ئەوەی جێنشینیان لەم دنیایەدا بمێنێ و تۆرەمەیان زۆر بێت و ڕەسەنیان کوێر نەبێتەوە، فرەتر بەرامبەر بە ژنان سۆز و مەیلییان هەیە، لەمەڕ باشی و خەراپی ئەم باوەڕەوە دەکرێ هەر ئەوەندە بێژین ئەگەرکو ئیسلام لەسەر ئەم ڕەوتە نەچووبا و ئەم مەبەستەی بۆ گرنگ نەبوایە، کەس بۆی نەبوو بەم ئایینە خاوەنی چەند ژن بێت، پیاوێکی موسڵمان هەرکاتێ مەیلی لێبوو دەسەلاًتی هەبوو دەتوانێ ماڵ و حەرەمی خۆی تا ئەوجێیەی بۆی دەلوێ و ڕێگەی دەبێت پڕ بکا لە ژنان بە حەلاڵی، چ مارەکراو بێ چ سیغە بێ! بەلاًم بێجگە لەم شتانە کە باسمان کرد، فکر و بیری سەیمیران لە ماوەی ئەم چەند شەو و ڕۆژەدا کە تێپەڕ بوون، بە دەوری ڕووگەیەکیتردا سووڕابۆوە، هەر وەک فکر و خەیالێکی شێواو یان ڕەنجی ویژدان کە دایمە لە هەژاندن ناکەوێ:

ـ ئەم ژنە بۆ هاتە لای تۆ لەم شوێنە بەرچاوەدا بۆ سفرەی دڵی بۆ تۆ هەڵڕشت، مەبەستی لەم کارەی چیبوو؟ ئاخۆم بە زمانی بێزمانی داوای دەستبار و یارمەتی لێنەکردی؟ دوور نییە گێرۆدەی ڕەنج و کێشەیەک بێ کە ناتوانێ ڕووبەروو بە زمان بەیانی بکا!

وەختێ بیری لەم بابەتە دەکردەوە، دەگەڕایەوە بۆسەر ئەم هەست و سۆزەی کە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵی گەورە ببوو، خۆی دوور دەگرت لە فکر و خەیالاًتی خۆپەرستانە، کە ئەمەش تەنیا ژاوە ژاوی ڕۆحە و هیچیتر، سەرکۆنەی خۆی دەکرد؛ بۆچی بۆتە دەستخەرۆی خەیاڵی پڕو پووچ و بێهوودە، لەباتی ئەوەی بە چاوی خوشک و برایەک لەم ژنە جوان و جحێڵ و هەناسەساردە بڕوانێ، تاسەی بە خاوەن بوون و ڕامکردنی ئەوی بە مێشکدا دەهات، ئەم فکرە عەزابی دەدا، بۆچی نەیتوانیبوو، کەوتوویەک هەڵبگرێتەوە، یارمەتی لێقەوماوێک بکا، هەنگاوێک هەڵبگرێ کە خوای لێڕازی بێت، وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەی کردبێ هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و پەشیمان بوو لەو نەجوولانەی؛ ڕێگە چارەیەکی وای نەدۆزیبۆوە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە هەنگاوی بۆ باوێژێ و نەهێڵێ قەلایەک هەرەس بێنێ، بەلاًم ئێستا لە بەختی ئەو، هەتاو لە ژێر هەوری ڕەش هاتۆتە دەرێ و ئەوەی لێیدەگەڕا هاتۆتە بەردەستی، فکرێک هاتە سەر مێشکی:

- بەبێ ئەوەی پێم‌بزانێ و شک بکا من وەدووی کەوتووم، دوور و نزیک لەگەڵی دەڕۆم، ماڵەکەی دەست‌نیشان دەکەم و ئەمشەو یان هەر نەبێ بەیانی یەکێ لە ژنەکانی جیرانمان، یان چ لەوە باشتر ئاسکەی خێزانم دەنێرم بۆلای، ئەو باشتر دەتوانێ بیدوێنێ. ئیتر ئەگەر بەراستی شیاوی یارمەتی بوو یان گرێ‌کوێرەیەک لە گۆڕێدا هەیە ئەمجار بۆ کردنەوەی دەست‌بەکار دەبم، ئەمە بە تەنیا کاری من نییە، ئەشێ ئاسکە وەخۆ بکەوێ، ڕاوی کەو بە کەو دەکرێ.

ئەو کە ئەم فکر و خەیاڵە ورووژابووە سەرمێشکی لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، بە دیتنی ئەم ژنە کەوتبووە سەر دەور، وردە وردە ڕەوتی خۆی هێور کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ ونی نەکا، شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ نەبوو، لێی بزر بێت و نەی‌بینێتەوە ئەوەندەش چۆڵ نەبوو کەسێک شکی تێبکا، نەخشە و پلانێکی باشی بۆ داڕشتبوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانە، سەرەڕای حەول و تەقالای زۆر، بۆ ئەوەی ژنە نەی‌بینێ، بڵێی مامزێکی ئاوا سرک و سڵ و وریا، هەستی بە شێرێکی برسی نەکردبێ کە ماوەیەکە بۆسەی بۆ ناوەتەوە؛ لەپڕ خۆی بە کۆڵانێکدا کرد، ئاخۆ گەرەکی نەبوو خۆی لێ‌وەشارێ؟

وەختێ گەیشتە نێرینەی کۆڵانەکە، دوودڵی بەرۆکی گرت، دیسان وەدووی بکەوێ، یان لێی‌بگەڕێ، با بڕوات بە دووی ژیان و کاری خۆیدا، ئەم ژنە چۆن بزانێ ئەو چی لە دڵدایە و بۆچی کەوتۆتە شوێنی، ئایا نییەتی چاکەی هەیە؟ بەراستی نەیدەزانی ئەم چۆن بیر دەکاتەوە نییەت و فکری ئەم بەلای ئەوەوە بەرپێوار بوو، زۆریش سەیر نەبوو ئەگەر لێی بگەڕێتەوە و خۆی لێ‌هەڵبکا تەنانەت چەند جنێوێکیشی ئاراستە بکات:

«خوێڕی داناڕزێی بەم تەمەنەوە کەوتوویەتە شوێن ئافرەتێک؟ بۆ مەگەر ژن بەشەر نییە بە تەنیا بێتە شار و بازاڕ و لە ماڵ بێتە دەرێ؟ عەمرت نەمێنێ چ پیاوێکی، خۆت ناموست نییە؟ بەم ڕدێنە بۆزەتەوە تەریق نابیتەوە، وەدووی من دەکەوێ؟!»

ئیتر لێرەدا کار دەکەوێتە ڕامکردنی ئاسکێکی سرک‌وسڵ، لەبزی شیرین و داوی ڕاوی گەرەک بوو، کاری خێر ماندووبوون و عەزیەتی زۆری دەوێ و پاشگەز بوونەوەشی تاوانە. بەڵام سەی‌میران بۆ ماوەی چەند چرکەیەک، لە شوێنی خۆی عەبەسابوو، نەیدەزانی چی بکا، ئەوەی دەشیزانی لە بیری چووبۆوە، ئەو کە زمانێکی تەڕ و پاراوی هەبوو لە ئامۆژگاری و هێورکردنەوەدا، زمان‌لووس و فرەزان بوو، کەچی ئێستا لە گێژاوێک‌دا گیری کردبوو، پەلی دەکوتا بۆ خۆڕزگارکردن و گەیشتن بە کەناری رزگاری. وەک دەڵێن لەم چوون و نەچوونە سەری

سوورمابوو. وەختێ وەخۆ هاتەوە و لە ئاخرین پلیکانی پەیژەی ترس و تۆقین وەسەر کەوت، کە شان بەشانی ئەم پەری‌نازە لە کۆڵانی تەنگ و تاریکدا خەریکی قسەکردنە. ئەمە یەکەمجار بوو، کەوا غیرەتی وەبەر خۆی نابوو سنگ بەرێتە پێشێ و سەری قسەی دامەزرێنێ و لەم کارەی خۆی چێژ وەربگرێ، بەڵام ئەم خانمە، گۆیا هەر ئەو پەری کردار و خاتوونە نەرم و نییانەی بەرایی نییە کەوا ئەو دیتبووی، یەکەم ڕستەیەک کە لە دەمی هاتە دەرێ ئەمەبوو:

ـ ئەوە دوو ڕۆژە پێوەم بتبینم بۆم هەڵناسوورێ. ئاخۆ ئێوە دەتوانن ئاورێک لە چارەڕەش و کلۆڵێکی وەک من لێقەوماو بدەنەوە کە هەربینا تووشی کارەساتێک هاتم داهاتووان بە داستان و حەقایەت بیگێڕنەوە؟

ئیتر کە ئەم قسانەی تەواو کرد، چەند هەنگاو کەوتە پێشەوە و لەبەر دەمی ڕاوەستا، وەک ئەوەی لە پیاوێکی بێگانە سڵ بکا، شەرمی دەکرد و ترسیشی لە دڵدا بوو. سەی‌میران تێدامابوو چی بێژێ، ئەم ڕەفتارەی ژنە هەر وەک سەوداسەرێکی دابڕاو و سەرلێ‌شێواو دەچوو، وەک بڵێی لە دەست خۆشیی ڕای دەکرد، لەپڕ ڕاوەستا و تێی‌ڕاخوڕی:

ـ دەی، وەڵامی من بدەوە! یان ئەوەی تۆش وەکوو هەموو پیاوەکان هەر قسەت هەیە و بە سمێڵی خۆت دەنازی؟ ئەگەر وایە بە ڕێی خۆتدا بگەڕێوە و بەرۆکی من بەردە.

هەر نەختێک کۆڵانەکە نێوچاوانی گرژ و مۆن نەبایە، بە جوانی بۆت دەردەکەوت، ڕوخساری تاوبردووی ئەم پیاوە چۆن سپی هەڵگەڕاوە، بە دەنگێکی نووساو کە خێرا خێرا سەرو گوێی شەقامەکانی دەشکاند گوتی:

ـ دادە خانم، لەوەی کە وەشوێنت کەوتووم، ئەگەر بزانی چ نیازێکم هەیە و چ نییەتێکم لە دڵدایە ڕەنگبێ بڕوا نەکەی. بەو تەمایە نەهاتووم کە ئێوە من ببینن بۆیە دوور و نزیک کەوتوومەتە شوێنت مەنزڵ و ماڵت پێ‌بزانم، دواتر خێزانم بنێرمە لای تۆ، بۆ ئەوەی وەکوو خوشکێکی دڵۆڤان یارمەتیت بدات، لەگەڵت شانێک بداتە بەر باری خەمەکانت.

ژنە نێوچاوانی تێکنا و بە دەمیدا هاتەوە:

ـ ژنەکەت بۆ کوێ دەنێری، بۆ ماڵی بێ‌ئابڕووەکان بۆ ماڵێک کە تەنیا شوێنی حاوانەوەی جندە و سەرلێ‌شێواو و داماو و بەختڕەشن؟ بەڕاستی ئەوەندە دڵساف و ساویلکەی؟ هێشتا نازانی لەگەڵ کێ بەرەوڕوو بوویی؟ نەکا بزانی و تۆش بتەوێ پێم‌ڕابوێری، دەتەوێ کەرت لەسەر

خۆڵەمێشی بەردەرگای من بگەوزێنی؟ بەڵام بەهەڵەدا چووی، ئەوەی لێی دەگەڕێی من نیم، تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ کەسێک نەیتوانییوە بە نامەردی دەرگام بتەقێنێ، کە تۆ دووەم کەس بی.

سەیمیران، زۆر هێدی و لەسەرەخۆ گوتی:

ـ خوشکی کاکی، تکات لێدەکەم بەر لەوەی کەسێک بناسی بە چاوی ناحەز لێیمەڕوانە و بە خەراپی مەبینە هەر وەک من سەبارەت بە ئێوە فکری خراپم لەسەردا نییە، تۆ بەلای خۆتەوە هەرچۆنێکی، ئەوا کەیفی خۆتە بەڵام لەبەر چاوی من خاتوونێکی زۆر بەڕێزی، شیاوی ژیانێکی لەوپەڕی سەربەرزی و بەختەوەریدای، هیچ بە کەم و کووڕیشت نابینم، دەتوانم بەم ئابڕو و شەڕافەتەی کە لە مەترسیدایە و زۆریشت خۆش دەوێ، یەکجار بۆی بە پەرۆشی، سوێند بخۆم، بەشەرتی پیاوان، غایلە بە دڵمدا نەهاتووە و فکرو خەیاڵی هەوەسبازانە نەهاتۆتە مێشکی من، بەڵام بە ویژدانێکی بەخەبەرەوە وام دەدڵدایە یارمەتیت بدەم و گیرو گرفتت لە کۆڵ بکەمەوە، تاکوو ئەو جێیەی لە دەستم دێ لە گێژاوی ژیان بە هاوارتەوە بێم و پەلت بگرم. دەی خۆ تۆ ئەمەش بە تاوان و خەراپ نازانی، دەبوو زووتر من بە خۆمدا بێمەوە و خۆم سەرکۆنە بکەم، بۆچی ئەوەی ئێستا بە دیتنی تۆ لێم حاڵی بووە، پێشتر نەمزانیبوو، ئەگەرچی پێشتریش کابرایەک نەبووم لە قسان بگەڕێم و نامەوێ خۆم لەم و لەو هەڵقوتێنم، بەر لەوەی خۆت سەری قسە دابمەزرێنی، ئەم ئێزنەم بە خۆم نەداوە بێمە نێو دنیای ئافرەتێکی نەدیوو و نەناسەوە، بە چت باوەڕە، لە ماوەی ئەم حەفتەیەدا نە شەو و نە ڕوژ تەنیا بۆ چرکەیەکیش تەمی پەژارەی تۆم لێ دوور نەکەوتۆتەوانێ، ئەو ئاگرەی تۆ پێیدەسووتێی بزانە دووکەڵەکەشی بە چاوی مندا دەچێ، ئاخۆم ئێستا هەر بۆ ئەو ماڵە دەچییەوە کەوا باست کرد؟ و منیش دەبێ بێم بۆ ئەوێ؟

ـ بەڵێ ڕاست هەر بۆ ئەو ماڵە دەچم. ڕوو دەکەمە ئەم وێرانەیە کە دوور نییە ببێتە گۆڕستانی شەڕەف و ئابڕووی من، یان ئەگەر ڕاستیت دەوێ هەر ئێستاکەش بووە. بێجگە لەم بەقوڕێگیراوە کوێیتر شک دەبەم، دەمەوێ لەمە زیاتر پەپوولەی تەمەنم بە دەم گڕە مشقاڵی نەهامەتییەوە هەڵنەپرووزێ، مستێک وردە شووشە قووت بدەم و کۆتایی بەم چارەڕەشییە بهێنم، مەلی ڕۆحم ڕزگار بکەم! بە کۆڵێک هیوا و هومێدەوە چووبووم بەسەر پێیەکیشەوە بێ بۆ چرکەیەک منداڵە هەناسە ساردەکانم ببینم، وای بۆ دەچووم ئەمرۆکە ڕۆژی تازیەباری و لەخۆدانە. ئەم خوشکە بەدەوارەی هەر وەکوو خەڵکی ئەم شارە لە ماڵ هاتۆتە دەرێ و منداڵەکانی منیشی لەگەڵ خۆی هێناوەتە دەرێ. هەر وەک ساڵەکانی ڕابردوو لە سەری دەدا و دەچووە مزگەوت و حوسێنییەکان،

دوو سەعات لە نێوەڕۆ تێنەپەڕیوە تاکوو ئێستاکە دەگەڕێمەوە، لە دالانی یەکێ لەو مالانەی گەڕەکەکە، چاوەڕوانی مابوومەوە، بەلام ئەوە چاوەروانییەکی هەڵەیە! بێجگە لەوەی من ئافرەتێکی چارەڕەشم، تەنانەت لەم ساتەدا کە دەمەوێ لە چنگ ئەم بەشمەینەتییە خۆم قوتار بکەم، دەبێ لە منداڵەکانم دیدار ئاخر بم، ئامادەبووم، بە هەر قیمەتێک بێ، ئەگەر گیانیشم دابنێم بۆ ئاخرین جار چاوم بە چاویان بکەوێ و لێیان نزیک ببمەوە، بەلام ئەو غەزەبە، ماری حەوتسەر لە ئەستۆی هاڵێ، دەستی بە قورحانداوە، لە هەرجێیەک لە هەر ماڵێک بیبیانبینم و بیبیاندوێنم لەسەر پێشۆرەکەی حەوزەکەی حەسارێ ڕایانبکێشێ و گوشاو گۆش سەریان ببڕێ، ئیتر بۆیە جەرگم کەبابە و ئاورم گرتووە. لە لایەکەوە دابڕان و دووریی هەتا هەتایی لە جگەرگۆشەکانم، ئەوان مایەی ژین و مانم بوون، لە خوێنی جەرگمن، تۆ پێتوایە ئەوەی گوتوویەتی نایکا، بۆ لە دەستی نایەت؟ ئای ئای! ئەگەر تۆسقاڵێک خۆشەویستی ئەم منداڵانەی لە دڵدا هەبا، پێتوایە فکر و خەیاڵی وا لە سەری دەدام؟ ئاوری جەرگ هەڵیگرتووم ئاوا کووچە و کۆلانم بە کۆڵەوە گرتووە، بەلام هەڕەشە و تۆڵەی ئەوم لە بیری چووبۆوە، ئەمن چووزانم ئەم سەربەقوڕە، چ ناو و ناتۆرەیەکم وەدوو دەخا، چم پێدەڵێ، ئەوە دڕووی مەم و زینە پیرێژنەکەی فەرهادە خوێن بەریچاوی گرتووە. کتکە نەوتینەیە، دەمویست ئەمە بڵێم لەلایەکەوە دووری منداڵەکانم کە دایکیان گەرەکە و تۆزی سەغیری(هەتیوی)یان بەسەردا باریوە، لەلایەکیشەوە تێکرووخان و ئابڕووچوون و قسەی ئەم و ئەو، تەنانەت ئەم ئافرەتەی کە زەمانێک دەستەخوشک بووین و هاموشۆی یەکدیمان دەکرد، سوێندیان بە سەرم دەخوارد و لە ئاوی شەویان بە پاکتر دەزانیم، وەختێ ئێستاکە لە دوورەوە سێبەرەکەشم دەبینن، خۆ دەدەنە پشت دیوارەکان و حەز ناکەن چاویان بە چاوم بکەوێ. وەک ئەوەی کەسێکی گولیان دیتبێ، وادەزانن تووشی ئاهۆ بووم، لە نەخۆشخانەوە ڕامکردووە، ئەوانیش تووش دەکەم، یان شێت و دەستوەشێنم.

خاوەنی ئەم گشتە دەرد و ئازارە بۆ ماوەیەک زمانی لە گۆ کەوت. وەک ئەوەی لاق و دەستی سارد بووبێتەوە هێزی جوولانی نەمابوو. شان بەشانی تاریکی کۆلانەکە پاڵی بە دیوارەکەوە دا، دەستی کردە هێلانەی دەموچاوی و بۆ کڵۆڵی و ماڵوێرانی خۆی لە قوڵپەی گریانیدا. گریان، لە هەناوێکی پڕ لە ئاگرەوە، لە دەروونێکی لە چەشنی بورکانەوە، بارانی ئەسرین بەسەر خەرمانە سووتاوێکدا، هەڵڕشتنی زەریایەک بەسەر دارستانێکی ئاورتێبەربوودا...، سەیمیران بە بینینی ئەم دیمەنە دەروونی هەژا و ئاگری گرت. مەحتەل مابوو، چیبڵێ، بە کام وشە و ڕستە ئەم خاتوونە

نێوچاوان ڕەشە ئارام بکاتەوە، بە چ زمانێک کۆرپەی دڵی لە خەمنیشتووی ژێر بکاتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

- بارودۆخی ژیانی تۆ بۆ من زۆر جێی داخە، بەڵام ئێرە جێیەکی باش نییە، شوێنی گریان نییە، هەر دەردێ بە دڵنیاییەوە دەرمانێکی هەیە، بۆ ئەوەندە زەخت دەخەیتە سەرخۆت، گوشار بۆ مێشکت مەهێنە، با بڕۆین، من کە ئێستا بە هەموو شتێکم زانیوە ئیتر چیماوە، بە دڵنیاییەوە ئەوەندە بزانە تاکوو ئەم گیرو گرفتەت لەکۆڵ نەکەمەوە، ساتێک وچان نادەم، یان دەبێ تۆ لەگەڵم بێی بۆ ماڵی ئێمە، یان ئەوەی من بۆ هەرلایەک بچی لەگەڵت دێم، تازە ملم بە ملتەوەیە! دێم لەوێ، قسە دەکەین، دەبێ من بزانم چ ئەرکێکم لە ئەستۆیە؟ بۆ لەوە زیاترە؟ تۆ چ گرفتارییەکت دیوە بە شین و گریان چارەسەر بووبێ؟

بە دڵۆڤانییەکی ڕاستەقینە و ئەفلاتوونییەوە هەر لەسەر چارشێوەکەیەوە باسکی گرت، هوما بە ناچاری کۆتایی بە گریانەکەی هێنا، بە هەنگاوی خێرا خێرا، هەرچەندە بێهیوای تووشی شەلەلی کردبوو، شان بەشانی ئەم مرۆڤە دڵۆڤانە کەوتە ڕێ، ژن و مێردێکی پیر منداڵێکیان لەگەڵدا بوو بە پەنایاندا تێپەڕین، لە دوای چەند چرکەیەک بێدەنگی، هوما، کە بە بارانی فرمێسکی کوڵی دڵی دامرکابۆوە، گوتی:

- ئەشێ تۆ لەگەڵ من بێی، بۆ ئەو شوێنەی کە من لێی دەژیم، چارەیەکی دیکەمان نییە؛ ئەمیش نەک ئەمشەو، سبەی بەیانی، وەختێ دەرگا دەژەنی، خۆت دەکەی بە خزمی مێردەکەم، دەڵێی هاتووم ڕێکییان بخەمەوە، دیارە ئێوە بە ڕۆژوون، بەڵام بۆ درۆی لەمچەشنە خوا گەورە و بەخشەندەیە! لەم ساتەوەختەوە بە چاوی فریشتەیەک لە تۆ دەڕوانم کە خوا بۆی ناردووم، هەر ئەویشە لە ماوەی ئەم چوار مانگە ڕەشەدا حەیا و حورمەتی ژنێکی بێکەس وەک شووشەیەک لە مەعبەینی دوو بەرداشدا پاراستووە، بۆیە دەڵێم چوار مانگی ڕەش ویستم لە چنگ لافاو ڕزگارم بێ بەڵام بەسەر ئاوردا کەوتم، بە هۆی کاڵفامی و کەمئەزموونی منداڵانەم، حەیا و حیسمەتی خۆم بە تاڵێ مووی سەرمەوە بەست و دامە دەست گەنجێکی کەمتەمەن، تاکوو ئەمیش بیبات و هەر وەک چۆن هاڕووت و ماڕووت سەرەوخوار هەڵواسراون لە دۆزەخێکیتردا هەڵیواسێ! ئەم ئاورەی من کردوومەتەوە خاستر هەر ئەمەیە داوێنی خۆم بسووتێنێ، بمکا بە کۆڵووی سووتاوی نێو تەندوور، ئیتر دەزانم هەر ئەمەیە چارەنووسی من، دەبێ سەرم لە هەش بگرم! بەڵێ برای خۆم ئەوەی ئێستا ڕووبەڕووی تۆ ڕاوەستاوە، ژنێکی داماوی چارەڕەشە، مامر خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکا، کێ دەتوانێ

ئەم کارەی لەگەڵدا بکا، ئەمن مردووم مردووا! دەبێ مردووی ئاواش گوڕ بەگوڕ بکرێ، لەوەتەی هەم قەتم خێر لە بەشی خۆم نەدی، لەوانەیە تازە لەمەولاش هەر نەیبینم، ژنێک ئەوەندە ساویلکە و نەفام بێ شیاوی ژیان نییە، کەسێک بەمجۆرە بێ لەگەڵ مەیموونێکدا فەرقی چی هەیە، کەسێک بڕوای هەبێ بە قسەی پڕو پووچ و شەرت و پەیمانی درۆ، ئاوا خێرا هەڵبفریوێ و ڕوو بکاتە ڕەقاسخانە و هۆڵی سەما و خۆ ڕووتکردنەوە، بەبێ ئەملاو ئەولا هەر بۆ ئەم سەماپێکردنە باشە، نەک ژیان و ماڵوحاڵ و بە ویژدانەوە لە یانەی گەرمی بنەماڵەدا بژی. دەبێ وەک مەیموونەکەی لۆتی هەباس خەریکی ڕەمبازێن و جلیتان و قەڵەمباز هاویشتن بێ، نەک وەک ئینسانێک بژی لێم مەپرسە ئەم کوڕە مێرمنداڵە یان ئەم کوڕە گەنجە کێ بوو، چۆن بوو منی دیتەوە، خۆ ئەگەر نەهامەتی داوێنگیرم بوو، ئەوەندەم ڕۆشنایی دەستکەوت، بەر لەوەی چیرۆکی من و ئەو بە شوێنێ بگات کۆتایی پێهات، بەوپەڕی پاکی و بێغەل و غەشی سوێند دەخۆم بەو خوایەی کە ئەم شەو و ڕۆژەی ڕۆناوە، هەرچەندە ئەو زۆر نەرمەبڕ و چاوبەست بوو لە ئەوینداریدا، سەرەڕای ئەوەی بە دوو زمانی منی گەیاندبووە هەواری دڵخوازی خۆی، لە ماوەی حەوتەیەک هاتوچۆ کەینوبەیندا تەنیا بۆ جارێک نەیتوانی فرسەتم لێبێنێ و لە تەنیاییدا بەرگیری بکەوم، ئەو خاپینۆک و دەستبڕێک بوو هەر نەبێتەوە؛ لەو کەسانەی کە شەو و ڕۆژ لەگەڵ ترۆمبێل و لۆریدا دەژین، بەیانی لێرەن و نانی نیوەڕۆیان لە تیرەگی ئاوەج دەخۆن و شەویش لە سەر باربەندی ماشێن لە گاراژێکی پیسی تاران خەویان لێدەکەوێ، لە هەموو جێیەکن و لە هیچ جێیەک نیین، وەک ئەم دەروێشانە وان لە هەر شوێنێک شەو بەسەردا بێ ئەو جێیە ماڵی ئەوانە، نە ماڵ و حاڵێکیان هەیە و نە دەشتوانن خاوەنی ژن و منداڵ بن و لەسەر شەرت و پەیمانێک وەمێنن؛ دڵ و گیانیان بە شوێن ماشێنەوەیە و دایمە شەو بە کێون، تەنیا ئاواتێک کە هەیانبێ ئەویە بە مردنی خۆیان بمرن، هەتا توانییان بوختانییان بۆ هەڵبەستم، ناوو ناتۆرە و تۆمەتییان پێدادام، بە داوێنتەڕ و ماڵانگەڕ ناویان بردم، لە نەدیدە هەزار قسەیان وەدوو خستم، زۆر لە مەریەمەیان خراپتر پێگوتم، وام بەسەر هاتبوو کە بە هێکجاری دەست لە پەردەی حەیا و حیسمەت هەڵبگرم و ئەو کراسە ڕەشەی ئەوان دەبەر بکەم کە چوار ساڵی ڕەبەقە یەکێ دەیبڕێ و یەکێ ئەیدووریێ، خۆم لە چنگ ئەم تانەو بوختانانە ڕزگار بکەم، ئیتر وەگیان هاتبووم، بەڵام بەر لەوەی خۆم بکووژم و ئەوان بگەن بە لووتکەی ئارەزووییان، بۆ چارەدۆزی ڕەوتی کارەکەم، وام نیشاندا کە ئەویندار و سەوداسەری کەسێکم؛ کارێکم کرد واز بێنێ لە کاروباری، ڕۆژ تاکی ئێوارێ تاکوو نیوەی شەو کێشک بدێرێ و

هۆشی بە منەوە بێ و جغارە بکێشێ، ئەمە ڕێگە چارەیەک بوو بۆ ڕزگاری گیانی خۆم پێمشک دەهات، لە دەست ئەوان نەجاتیم بێ، دان بەوەدا دەنێم بۆ ڕزگاری ژنێک، خەتایەک لەوە مەزنتر نییە دەست بەرێت بۆ کارێکی ئاوا بوێرانە کە لە هەر ئانوساتێکدا دوور نییە کەسێک دەستی بە خوێندا بچێ، ئەوە پلانێک بوو تەنیا و تەنیا لە ژنێکی سەرەڕۆی وەکوو من دەوەشایەوە، بەڵام با ئەمەش بێژم، منێک کە بۆ ڕزگاری، بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی کە ئیتر هەر بۆ باسکردن نابێ، خۆم کردە نیشانەی تیرو تانەی خزم و بێگانە، منێک کە گەیبوومە سەر لێواری هەڵدێرێکی خوێناوی کەوابێ حەیف نەبوو لە پاش ئەوەی گەیشتم بە مەرام، دەست بنێم بە ڕووی گەنجێکەوە کە بوو بە مایەی ڕێ خۆشکەری بۆ من. ئەو لاوێک بوو کاکۆڵ خورمایی، چاوەکانی لە وێنەی دەریا، بە شانوباهۆ و کاری دەرویێشی، بەمجۆرەی من لە دوورەوە دیتبووم لە هیچ بابەتێکەوە چی لە پیاوەتی کەم نەبوو، نەختێک زمانی دەگرت، ئەمەش بەلای منەوە گرنگ نەبوو، قەت نەمدەتوانی لەگەڵ ئەم مروڤەدا ساردوسڕ بم، هەر وەک دەڵێن تازە ڕێی گەڕانەوەم نەمابوو، ئەو پردەم تێکڕووخاند بوو کە بە سەریدا تێپەڕیبووم. ئەگەر نام پێ‌گوتبا بێ‌گومان وەرهەمم هەڵدەهێنا، وەک گای قەشانم لێ‌دەهات ئەگەر ئامێزم بۆ حەز و تاسەی ئاواڵا کردبا، ئابڕووی لە دەستچووم تەعمید دەدا و پاک دەبوومەوە، بەڵام ئێستا، ئەو منی هێناوەتە ئەو ماڵەوە؟!

ئەو دەیگوت خاوەنماڵەکە دەناسێ، نێوانیان خوشە، بە هۆی دۆستایەتی و متمانەوە منی بردۆتە ئەوێ، بەڵام من بەم قسانە قایل نەدەبووم، لە خۆم دەپرسی بۆچی ئەو، ئەو کارەی لەگەڵ من کرد؟ ئاخۆ خەتایەک لە من ڕووی‌دابوو؟ کەفوکوڵێک یان ساردوسڕییەکی لە سەماکەمدا بینیبوو؟ لە کوێی و چۆناوچۆن؟ هەر ئەوەندە دەزانم، ئەو ئاگادارە سەماکەرێکی باشم، ڕەنگە لە شوێنێک چاوی پێم‌کەوتبێ، لەوانەیە سەبارەت بە من پرسیاری کردبێ، شایەت، نرخی منێک کە پشتم کردۆتە مێرد و منداڵم هەوس‌بازانە وەدوای زمانشیرینی و وەفای ئەو کەوتووم نەی‌زانیبێ، یان ئەوەی گەرەکی بوو تاقیم بکاتەوە و تەمبێم بکا، سەیریش نییە ئەگەر لەو شارە نامۆیەدا چوار دیوارییەک نەبێ، ئیتر ئەم وتەی کۆتاییم لاموایە تەواوی ئەم بوون و نەبوونانە بگرێتەوە، چونکە ئەو حەوتوویەک سەبارەت بە من دەستی لە گشت کارو کرداری هەڵگرتبوو، چی نەبوو لە دارای دنیادا، مەگەر ئەم عەشقەی کە لە خاکی ڕەش گوڵی سوور بەرهەم دەهێنێ، ئیتر کەسێک گیرۆدەی ئەم یاوە بێ ئامادەیە بە دیواری ساماندارانیدا هەڵزنێ یان لە پردی قەرەسوو خۆی هەڵدێرێ بۆ باوەشی ڕووبارەکە، ئەمە بەلای منەوە زۆر سەیر نەبوو، سەرەڕای ئەم هەموو خەیانەتە کە لە

یەکەم هەنگاودا لە خۆی نیشان دا، دژوارە ئەگەر بێژم بە گیان و بە دڵ منی خۆش ناویٚ، ڕەنگە ئەگەر مەودای بە دەستەوە بایە، ڕوژگار دەرەتانی بۆ ڕەخساندبا، باشتر لەوە بە ئاواتی خۆی دەگەیشت کە پێیگەیی، بۆ ماوەیەک خۆی بە ئاو و ئاوردا دابوو تاکوو جلوبەرگ و پارە و کەلوپەلی ژیانم بۆ بێنیٚ، کاتیٚ هاتەوە منی لەو ماڵەدا نەبینی کە بە ئەوانی سپاردبووم. خاوەنماڵ، واتە هەر ئەو کەسەی کە هۆڵی سەماکردنی هەڵدەسووڕاند و بەڕێوەبەر بوو، یان ڕاستر بێژم، ژن و کچەکەی دڵسۆزانە، یان بۆ گەشەسەندنی کاری خۆیان خەریکی نەخشە و پلانن، ئەوکاتەی ئەو دەگاتە بەردەرگای ماڵیٚ دەڵێن:

ـ کێت دەویٚ؟ ئەو ژنەی وا لەگەڵ ئێوە هاتە ئێرە، دوێنیٚشەو بوخچەکەی هەڵگرت و لێرە ڕۆیشت، چۆتە کویٚ ئیتر ئێمە نازانین، بۆمان گرنگ نەبوو، بشزانین، نە زێڕو زێو بوو ئاگامان لیٚبیٚ یان بیفرۆشین، نە پیاوکوژین سەرمان بڕیبیٚ و لە چاڵمان نابیٚ، بۆ ئەوەی دڵنیا بی و باوەڕت هەبیٚ بە قسەکەی ئێمە دەتوانی لەگەڵ هەرکەس و هەر مەقامێک دەرو ژووری ئەم ماڵە بگەڕێن.

وەختیٚ ئەوان ئەم قسانەیان دەکرد، من لەودیوی پەردەی دەرگای حەوشەکە ڕاوەستابووم و چییان دەگوت گوێم لێیان بوو، وا ترسابووم هەر ئەوەندە بوو دڵم دانەدەکەوت، بۆخوشم نەمدەزانی بۆچی دەبیٚ ورتەم لە دەم دەرنەیەت، بەڕاستی ئەمەی دەبوو ڕوونەدا، ڕوویدا، کار کەوتە جێیەک پۆلیس دەست لە کارەکە وەربدا، وایان دانا خاوەنماڵ بە شوێنی من نازانیٚ و بە چاکیان زانی چ شتێک بەم کوڕە لاوە نەڵێن؛ لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا داوا و شکایەتی ئەویان بەبیٚ بنەما و بەخۆڕایی زانی.

بەمجۆرە دەستی لە بەرۆکم بۆوە، بەلام ـ بۆ ماوەیەکی کورت لە قسەکردن وەستا، وەک ئەوەی لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە تەنیا شەرمەزاری پێدەمێنیٚ، پەژیوان بوو سەیمیران لەباتی ئەو دەستی پیٚکرد:

ـ بەلام، لە دەست جەردە ڕزگارت بوو. وەدەست چاوبەست کەوتی. پێتوانییە باقی چیرۆکی ژیانی تۆ هەر بەم ڕستەیە تەوا بیٚ؟ ئەو کەسەی تۆی لە دەست ئەم ناپیاوە ڕزگار کردووە و پارەیەکیشی بۆ سەرف کردووی نایەویٚ بۆ هەمیشە دەورت پەرژین بکا، لەو کارەدا پلانێکی چاوبەستانە دەبینم.

ـ ڕەنگە تا ڕادەیەک وەک تۆ دەڵێی وابیٚ، ترس و زەبوونی مرۆڤ یەکەمین خەنیم و دووژمنی گیانی خۆیەتی، حەز دەکەی درێژەی ئەم چیرۆکە بژنەویٚ؟

سەیمیران چەند هەنگاو لە دوواوە لەگەڵی دەهات، بە خێراییەک کە ئەدەب و خدەی تایبەتی ئەوی دەردەخست، وەڵامی دایەوە:

ـ بە دڵ و گیان، حەزم لێیە، پێمخۆشە خاڵ نەبوێری. هیچم لیمەشارەوە با لە تاریکیدا نەمێنمەوە، سبەینێ کە دێمە ئەوێ بە تەواوی ووردەکارییەکان نەزانم، خەبەرم لە هەموو شتەکان نەبێ، وەک ئەوە وایە باڵبەستراو لە زەریادا مەلە بکەم، دەبێ من بزانم لەگەڵ کێ ڕووبەرووم، بە چ زمانێک بییاندوێنم، بزانم قسە وەردەگرن، چ کەس و ناکەسێکن! گوتت پێیان بڵێم ڕاسپاردەی مێردەکەتم، ئەو منی ناردووە وێکتان بخەمەوە؟ بەراستی ئەوە شانازییە بە نسیبی من دەبێ، کوا کار هەیە لەوە خێرتر؟ ئەمە کارێکی یەکجار بەغیرەتانەیە کە تۆ کردووتە، سێرەت لە ڕەگی حەیاتی مێردەکەت گرتووە، ئەمە زۆر شەرتە، ئەمە تەواوی غیرەت و کەڕامەتی پیاوان دەگرێتەوە، ئیتر جێی گومانت لێبڕیوە، بەڵام ئەو کەسەی کە هیچ وەختێ هێور نابێتەوە بۆ خۆی بە عەبدی خوا نابێ، ئەویش هەرچییەک بێ مرۆڤە و دلۆڤان و بەخشەندەیە، تۆش ئەگەر پەشیمان ببی و بە چاوێک لەو بڕوانی ئاوڕێک بۆ ڕابردوو بدەیەوە خوا لە تاوانت خۆش دەبێ.

سەیمیران بە سیلەی چاوێک سەیری هومای کرد و زەردە نیشتە سەر لێوی، ئەمە تەشەر بوو، مەبەستی لە هاوسەری «لووت»ی پێغەمبەر بوو، وەختێ هەڵاتن لە سەدووم، ئاوڕی دایەوە و لە شوێنی خۆی بوو بە بەرد، درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ من لە تینوپاوی هەستان و دانیشتنی ئەودا سەبارەت بە تۆ حەزێک دەبینم، عەشقێکی ناتەواو بەسەر لقوپۆپەکانییەوە چرۆی دەرکردووە، بەڵام نەک چرۆی گوڵ و گەڵا، دڕک و چاڵووک! تەنانەت دەتوانم بێژم سەر لە بەری هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەو کە بەلای تۆدا خوار دەبێتەوە، ماکە و هەوێنەکەی هەر ئەم سۆز و ئەوینەیە، بەختەوەری تۆ و ئەم مرۆڤە هەرچۆنێک بێ لەم ژیانەدا بەیەکەوە گرێ دراوە.

ـ نا، نا، من باسی کارێک ناکەم کە خوا قەڵەمی پێدا ناهێنێ؛ ڕەنگە کێو بە کێو بگات، بەڵام من و ئەو قەت. ڕاستە کە من هەر ئەوکاتەی سێ تەڵاقم قەبووڵ کرد، لە تەواوی کارەکانی خۆم پەژیوان بوومەوە، بەڵام ئەمە ڕووداوێکی گشتییە تایبەتە بە ئافرەتان. بێجگە لەمەش خۆ ئەگەر سێ تەڵاقەش نەکرابام، هێشتا ئامادە نەبووم ڕوو بکەمەوە ئەو ماڵە، پردێکمان نەهێشتووە پێیدا بپەڕینەوە، من هەتا مردن چاکە و پیاوەتی تۆم لەبەر چاو ون نابێ. سەرەڕای ئەم گشتە خەمخۆری و دڵسۆزییەتان ئەگەر ئەو دوو جگەرگۆشانەم بۆ بێنییەوە، ئەوە تەنیا داوایەکە، ژنێکی چارەڕەش و

بێدەسەڵات لە تۆی هەیە خۆم بەسەر کەوشەکانتا دەخەم، تۆ ئەوەندە خێرۆمەند و ساحەب چاکەی وەفریام بکەوی، خوا ناهومێدی دنیا و قیامەتت ناکا، وەک گورگی بێچوو لەبەر هەڵگیراوم لێهاتووە، شەو و ڕۆژ لوورەم دێ! هەر ئەوەندەی دەستم پێیان بگا، وەکوو سیمەلی ئەفسانان دەیانخەمە سەر شانم و ڕوو دەکەمەوە گوندەکەمان، هەتا پشت کێوی قاف مەحتەلییان ناکەم، ئیتر لەمەولا بەبێ ئەوەی بیر لە مێردکردن بکەمەوە هەر بە بێوەژنی لە سەریان دادەنیشم و گەورەیان دەکەم و پێیان دەگەیەنم. ئێستا کە خۆم چارەڕەش و نەگبەت بووم. بەم تەمەنەوە خێرم لە جوانیم نەبینیوە، با منداڵەکانم لە دەست نەبنەوە، با ئەوانیش نەبنە دەستەچیلەی ئەم سووتمانە، ئەگەر ژن و مێرد بوونەتە ئاور و پووشوو تاوانی ئەم دوو توڵفە چییە، من کە لەلای مێرد و ماڵ نەحەسامەوە شەو و ڕۆژ چاو بە فرمێسک و نان و شەقیان پێدەدام، با منداڵەکانم لە کۆشی خۆمدا بن با لەبەرچاوم بن ئەمانە کێشکچی حەیا و شەڕەفی منن، ئەوانم لەکن بێ ویژدانم ئاسوودەیە.

هوما، وەختێ ئاخرین وشەی بە دەمدا هات وەک ئەو کەسانەی بە دەم خەوەوە دەڕۆن، چەند هەنگاو لە پێشترەوە بوو، ڕستەگەلێکی بە زماندا دەهات سەرو گوێ شکاو، وەک بڵێی ترس و دڵەڕاوکێی هەبوو لەو فکر و خەیاڵاتەی کە بیری لێدەکردنەوە، لە شوێنی خۆی هەڵوێستەی کرد، تاکوو هاوڕێکەی پێیگەیشتەوە، هەر بەم زمانە پڕ لە نەفرین و ئاڵۆزەی سەرەتای دیدارەکەی، پرسیاری کرد:

- تۆ پێتوایە بگەم بە ئاواتی خۆم؟ ئاخ، زۆر دەترسم بەر لەوەی ئەم ئاواتەم وەدی بێت ڕۆح بگاتە کونە لووتم و دیدار ئاخر بم!

سەیمیران، غیرەتی وەبەر ناو گوتی:

- باوەڕت هەبێ! باوەڕت هەبێ! کەمتر وابووە لە ژیانمدا دەستم بۆ کارێک بردبێ و بە دەستمەوە نەهاتبێ، هۆیەکەشی ئەوەبووە دایمە پشتم بە خوا بەستووە؛ داوای یارمەتیم لەو کردووە، ئەم ئاواتە بەلای تۆوە کە ژنێکی دەستبەتاڵ و بێدەسەڵاتی لەوانەیە گەورە بێت، درژوار و نەکراو بێت،ئەوانەی دوورن لە خۆشەویستان هەموو هەر ئاوا بیر دەکەنەوە، بەڵام گفتت دەدەمێ شەرت و پەیمانت لەگەڵدا دەبەستم هەر ئەوەندەی ئەمشەو ڕۆژ بێتەوە، بەیانی تیرێژی خۆر تەوێڵی شار بئەنگێوێ، تۆ بزانە ئاسۆی بەختت بەری ڕووناکە و دەرختی بەختت سێبەر و بەری بە تۆ دەبەخشێ، ئیتر تەواوە، گرێی نێوچاوانت بکەوە و چاوی هومیدەواری هەڵبڕە و بەجێی ئەم گریان

و خەفەت خواردنە زەردە بخە سەر پەڕەی لێوت، من سەری خۆم لە ڕێگەی ئەم گرفت و کارەی تۆ دادەنێم.

ـ ئەگەر نەمەوێ بگەڕێمەوە بۆلادێ؟

ـ چ لەوە باشتر، هەر لەم شارەدا ژیان بەرەسەر، ناتەوێ منداڵەکانت بچنە قوتابخانە خوێندەوار بن؟ دەتەوەێ بییان‌بەی لە دێهات بین بەچی بیرت لە داهاتووی ئەوان کردۆتەوە؟ ببنە شوان و گاوان، ڕۆژ تاکێ ئێوارێ وەک قەل و مامر لەسەر پەین و پاڵ چینە بکەن؟ پێتوایە کەس‌وکارت کە ئێستا هەواڵی ژیان و گوزەرانی تۆیان نییە و ناشیان‌هەوێ خەمیان بێ، بێجگە لەوەی ئاوا بە جوانیش بە مێردیان دای، پێشوازی لە چوونەوەت دەکەن؟

ـ مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر لەم شارەدا بمێنمەوە گۆشە گڵەمێک بە دەستەوە بگرم پێتوایە زگی خۆم و عەولادەکانم تێر بکەم؟ من باش دەزانم، ئەگەر ئەم پیاوە منداڵەکانم بداتەوە و بەم کارە پێمل بێ، کەسێک شک نابەم نانی ئەوانم بۆ بێنێتەوە، ئەو هەر پاتۆڵی پیاوانی لەپێدایە، دەنا ئەوەندەی غیرەت نییە نان و نەفەقەی ئەوان وەئەستۆ بگرێ، چ شتێکی لە ژیاندا بەلاوە گرینگ نییە، ئەمەش بۆ من لەمەولا کە لەو ماڵەی ئێستا بێمە دەرێ هێکجار سەخت و دژوارە، ناتوانم بیری لێ‌نەکەمەوە.

سەی‌میران لە پاش قەدرێک بێدەنگی گوتی:

ـ ئەوکارەی تۆ باسی دەکەی مەبەستت لە چ جۆرە کارێکە؟ ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە تێیدا دەژین، ژن، یان ئەشێ کەی‌خاتووی ماڵ بێت، یان ئەوەی هاتە دەرێ و چووە نێو خەڵکی دەبێ وەک پێچ‌پێچۆک و شەیتانۆکە ماڵی بە کۆڵییەوە بێت، بۆ هەرجێیەک چوو لەگەڵ خۆی ببیات، توند بە هەردوو دەستی چارشێوی سەری خۆی بگرێ با نەیبات، هەر ئەوەندەی چاوی بێگانە بە ژنێکی جوان و جحێڵ بکەوێ و... ئەویش کەسێکی وەک تۆ، بۆ ئەوەی خۆی ڕابگرێ، دەبێ دەست بۆ گشت لایەک ڕادێرێ، خانمە جوانەکە، ئەو تیشکی باوەڕ و ئاکارەی بڕیارە دڵی ئێمە ڕووناک بکاتەوە، ڕوانگەمان بپاڵێوێ، دەستمان بێ‌تاوان و هەنگاومان بەبێ هەڵخلیسکان بێ، هێشتاکە لە ئاسۆی ئێمەوە دەر نەکەوتووە، تاکوو تۆ بە ئاوات و خەیاڵەوە ئامێز بکەیتەوە، ژنێکی بێ‌دەسەڵات و لەچکە بەسەر، چی لە دەست دێ، دەتوانێ چی بکا؟ من لە تەنیایی خۆمدا جارێک لە ڕۆژهەڵات و جارێک لە ڕۆژئاوام ڕوانیوە، هیچ کارێکی‌تر نییە بۆ تۆ لە دەرێ تەنیا ئەوە نەبێ، کابانی ماڵ بی و بە منداڵەکان ڕابگەی قەتم نەدیوە ژنێکی وەک تۆ بە هەر شێوەیەک لە نێو کۆمەڵگادا، بە شێوەی

پیاوان خەریکی کار بن، ئەو قسەیە لە کویێ و چ وەختێ ، چ کەسێک خستوویەتە سەر زمانی تۆ؟! تۆ دەتەوێ هێمنی بناخەی کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵوەشێنی؟ گەرەکتە لەبەر دەرگای نوێژگەی شاردا بەردەبارانت بکەن؟ وەختێ بێکاری نرخی مرۆڤی ئەوەندە هێناوەتە خوارێ کە حیسابی چارەوایەکی بۆ ناکەن ئیتر کار بۆ پیاو هەیە تاکوو بۆ ژن هەبێ!

هوما، کە وەڵامێکی پێنەبوو بیداتەوە، خۆی لە باسەکە دوور خستەوە، وەک بڵێی حەزی نەدەکرد، لەوکاتەدا فکر و خەیاڵی خۆی بشێوێنێ، وای نیشان دەدا، وتەکانی ئەم پیاوە و ئەو ترسانەی ئەو بۆی باس کردووە، بەلایەوە گرنگ نییە هەر بۆیە بەبێ هیچ پێشەکییەک، بە شۆق و زەوقێکی منداڵانەوە بەبێ مەحتەلبوون گوتی:

ـ ئەم دڵنیابوونەی تۆ گوڕ و تینی بە من داوە، یاخوا بە دەمی تۆ بێ! من باوەڕ ناکەم ئاوا بەپەلە بەختەوەری و ئازادیییەکەی جارانم دەست بکەوێتەوە.

سەیمیران بەو دڵۆڤانییەوە کە لە دەروونیدا هەیبوو، بە غیرەتێکی تەواو مێرانەوە، زێدەتر هیواداری کرد: ـ لە گشت باریکەوە خاترت جەم بێ، ئەو گرفتانە زۆر لەوە بچووکترن کە خۆیان پێوە ماندوو بکەین. تۆ بە من بێژە ماڵەکەت لە کوێیە، چۆنە و ئەوانەی لەوێدا دەژین، چۆن کەسێکن، هەر ئەوەندە بۆ من بەسە بە دڵ و گیان هۆگریت بە ژیان هەیە، ناکرێ تۆم لەگەڵ خەڵک لێبگۆڕێ! تۆ خانمێکی ژیری و بۆ ژیانێکی ڕاستەقینە و سەربەخۆ هەوڵ دەدەی. خاوەنی غیرەت و بوێریی، هەرکاتێ دەرگای حەسارت لەسەر دابخەن، دەست لەسەر دەست دانانێی چواردیواری لەبەریەک دەکێشییەوە و دارو بەرد هەڵدەوەشێنی و دێیتە دەرێ، دڵ پیسی و بەرچاو تەنگیی کۆنە مێردەکەت، بوونی دڕووی مەم و زین هەر وەک دشەکەت لەو ماڵەدا، زەبوون و دڵناسک و نازداریان کردووی. بەڵام ئەوندە لە من وەربگرە ئەشێ ڕابردوو لە بیری خۆت بەریتەوە، ئەگەر پێتوایە تووشی هەڵە و هەڵخلیسانێکی چووکە هاتووی، ئەوەندە بزانە کە ئەوە خووخدەی سرووشتی خۆمانە کە تۆرەمەی بابە ئادەمین، نابێ بەبێ هەڵە بژین، بەڵام ئەگەر وەکوو شەیتان شیاوی لەعنەت و نەفرەتی یەزدانین.

قۆڵی گرت تاکوو لەو قوڵکەی کە ئاوی باران سازی کردبوو بیپەڕێتەوە. پیاوێک کە هەر لە دووکانداریکی بەقاڵ دەچوو، تەقیلە بەسەر و چراتۆڕ بەدەست بەرەوڕوویان دەهات، سەیمیرانی دەناسی، هوما لە پێشەوە ڕۆیشت، پیاوەکان ئەحواڵپرسی یەکدییان کرد. چرابەدەستەکە بە گەرمی خوڵکی سەیمیرانی کرد بۆ نان و پەنیرێکی هەژارانە، لەوە دەچوو ماڵەکەی زۆر نزیک بێت،

دیاربوو سەی‌میران نەیدەتوانی ئەم خولکردنە قەبووڵ بکا، لە پاش خواحافیزی کردن، تازە کە دوور دەکەوتنەوە پیاوەکە بە دەنگی بەرز گوتی:

ـ بە کاکە بارام بێژە، ڕەنگە ئێستا بووبێتە پیاو، پووڵ و پارەی وەخڕ کردووە کڵاوەکەمی پێ‌بکڕمەوە، لە بیریەتی لە سەرمی داگرتوو لە ڕێگا ئاوقای شیوو دۆڵەکەی کرد؟ لە ڕێگای خۆراسان، ئەوکاتەی ترۆمبێلەکەمان پەکی کەوت، بڵێی لە بیری مابێ لە قەڵاندۆشم کرد؟

سەی‌میران بە ڕووخۆشییەوە وەڵامی داوە:

ـ مەشەدی نەورۆز عەلی، خوا لە گوناحی خۆش‌بێ. هەر وەرووی خۆی نەهێنا، بەراستی پیاوێکی خۆش‌مەشرەف بوو، بۆ ئەوەی نیشانی بدا زۆری بۆ گرنگ نەبوو، گوتی، گەورە بوو هەر باشتر با بردی.

لە ئانیشکی کۆڵانەکەوە هێشتا دەنگی دەهاتە گوێ:

ـ ئای، کاکی خۆم، ئێمەش دەبێ ڕۆژێک بڕۆین. ئەمە وشترێکە لە دەرگای هەموو ماڵێک دەخەوێ.

وەختێ سەی‌میران بە هومای گوت:

ـ ئەم پیاوەی دیتت، لە سەفەری خۆراسان لەگەڵمان بووە هوما بە شەرمێکەوە زەردە گرتی:

ـ وادیارە چوویەتە مەشەد، خۆشی لە خۆت!

ـ دوو جار چووم، بە تەمام لە بەهاری داهاتووتوشدا بچم ئەگەر خوا بە قسمەتمی بکا.

هوما، کە جارجار دەکەوتە بەرەوە جاری واش بوو شان بەشانی سەی‌میران دەڕۆیشت، تاکوو ئەم کاتەش ئەوەندەی سەر هەڵنەهێنابوو چاوی بە چاوی سەی‌میران بکەوێ، هەر بە عادەتی ژنانە هەنگاوێک خۆی خستە دوای سەی‌میرانەوە، ئیتر لەوکاتەدا کە چارشێو نوێژەکەی سەری ڕاستەو پاستە دەکرد، بە سەرنجێکی وردەوە لە شان و باهۆی هاوڕێکەی ڕوانی، تاکوو بزانێ محامیە بەغیرەت و ئازاکەی بەراستی چۆن پیاوێکە. هەست و سۆزێک کە لە هەناوەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە چەشنی تاڤگەیەک بەسەر باڵایدا دەڕژا، بە بێ ئەملاو ئەولا ئەمەکناسی پێوە دیاربوو، هەڵس‌وکەوت و خدەی ئەم پیاوە هەرچۆنێک بێ لەگەڵ حاجی بەننا کە هەموو کەس تف و نەفرینی دەکا، وەک یەک ناچن، زۆریان فەرقە، نابێ ئەم دووانە بە چاوێک ببینی، ئەوان بۆ ئەوەی بەبەر دەرگای خانەقای «معاون»دا نەڕۆن ڕێگاکەیان گۆڕی بۆ کۆڵانی سەنعەتکاران، ڕوویان کردە کوچە تەنگەکانی پشت حەمامەکە، ئەوێ تاریکتر و کەم‌هات‌وچۆ بوو، بۆ پیاوێکی نێو بەدەرەوەی

وەک سەی‌میران پیاسەکردن لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا لەم کووچە و کوڵانەی شار، بێ‌گومان زۆر جێی ترس و پرسیار بوو، بەڵام باشییەکەی لەوەدا بوو شەو بوو، پەردەی شەو دەتوانێ تەواوی باشییەکان و دزێویەکان لە چاوی خەڵک بشارێتەوە، بێجگە لەمانەش ئەم پیاوە لە ناخەوە هەستی بە بەرپرسی دەکرد و ویژدانی چاکەکاری لە زاتیدا بەهێز بوو. هەر ئەو هێزو تینەی ئەگەر بەلای هەوەس و ڕیا و خۆپەرەستیدا نەخلیسکێ مرۆڤی بچووک دەباتە ڕیزی ڕەسووڵانی خواوە. ئەم پیاوە بۆ یەکەم‌جار لە تەواوی ئەمەنی خۆیدا تووشی ژنێک ببوو، بێجگە لە داوێن‌پاکی، دڵ و دەروونیشی هەر ئاوا خاوێن و بێ‌غەل‌وغەش بوو. ناو پاک و شێوەژن کەس باوەڕی نەدەکرد جارێ مێردی کردبێ، ڕوانین و نیگای پەری‌ئاسای هێندە دڵبەر و سەرنج‌ڕاکێش بوو مەسیح‌ئاسا بە ئیشارەتی پەنجەی گیانی وەبەر مردوو دەنا! ژنێک لە چەشنی ئاو و بە گەرمی ئاور، خوو خدە و ئاکاری لە کاڵیدا، شیاو و لە ئاکاردا گران و سەنگین و جوامێرانە بوو، لە جووڵە و ڕەفتاریدا، چاو نەرم و دەم بەڕەڵا نەبوو، ئازار چەشتوو ڕەتێنرابوو، جوانێکی بە باڵابراو و ڕۆحێکی سلۆک و وێڵ بە دووای ڕزگاریدا هەنگاوی دەنا، ئیتر لە سروشتی‌ڕا هەر وەک پەری دەهاتە پێش چاو، وەک کۆترە شینەیەک لە چنگی باشوودا ئەسیر مابێ، هوما گوتی:

- پێت‌خۆشە بزانی وەختێ هاتییە ئەو ماڵە چاوت بە خەڵکێکی چۆن دەکەوێ؟ بە یەک قسە بیبڕینەوە لەگەڵ ژن و پیاوێکی بێ‌شەرم و حەیا تکاو، کە هەوساریان لە مێژە بەر بووە. ئەو چاوبەستانە سێحر و جادوویان لێکردم، هەر بۆیە ڕێم کەوتە ئەو ماڵە هەرچەندە زۆریش دڵم خۆشە بە ئەم قەول و بەڵێنەی تۆ بەڵام لەوە دەترسم: ئەم پیاوە جادووبازە دەستی پێت بگات و دڵساردت بکاتەوە، ئەوسا پەژیوان ببییەوە و لەگەڵ خۆتدا نەمبەی، ئەو هەر وەک ئەوەی کۆیلەی کڕیبێ، بە قسەی خۆی ئێستاش پارە دەدا بە کابرای گۆرین، ئەمە بێجگە لەوەی پۆلیسەکانیشی بە پووڵ کڕیوە، مەگەر نەت‌بیستووە زێڕ و زێو ژنی پاشا حیز دەکا؟! وای لێنەکردووە بەم گەڕەکەدا بێتەوە، ئیتر بۆ من نەبێتە درۆ، قسەکانی ئەو چەندە ڕاست و ناڕاستە، بەڵام لێرەدا ئەوەی ئاشکرا و بەرچاوە من لە ماوەی ئەو سێ‌مانگ و نیوەی ڕابردوودا، بۆ خورد و خۆراکم، بۆ جلوبەرگ و ئاور دوو خەڵووزی زستانم تاکوو ئێستا بیست و هەشت تمەنم پووڵ و پارە لێ‌وەرگرتووە، کرێی فەرش و ماڵ و دەفرو ئامانیشی هاتۆتە سەر، کەوابوو ئەگەر وردی حیساب بکەین شتێ کەمتر لە سەت تمەن پارەیە، دەبێ ئەمەش بێژم سەت تمەن پارەیەکی کەم نییە، بەشی سەفەرێکی زیارەتی مەشەد دەکا، بۆ چوون و گەڕانەوە، بەڵام بۆ کەسێک کە هیمەتی پیاوانەی نواندووە باسکی

مەردایەتی لێهەڵماڵیوە، بۆ ئەوەی کۆیلەیەکی بێتاوان بکرێ و دیسان ڕزگاری بکات، کەی بۆی گرینگە، چاکەی ئاوا لەلای خوا قەت بزر نابێ، لەو سێ مانگ و نیوەدا کە بەسەرچوو، تاڵترین ڕۆژانی ژیانم بردەسەر، هەرچەندە ئەم ژن و مێردە، سازندەیە زۆرجار خولکیان کردووم تێکەڵیان ببم و دەستم لەگەڵیان لە قاپێکدا بێ، بەڵام وام بە باش زانیوە لێیان نزیک نەبمەوە و ئەوەندە بۆم بکرێ خۆم دوور بگرم، ئەم دوو کەسە لێمبوون بە قیری کەوای سپی، لێمنابنەوە وەک مەلای تاین دایمە دێنە بنگوێم دەخوێنن، بە قسەی ئەوانبێ، ڕۆژی بەرێ خوا منی هێنایە سەر ئەم دنیا، فێری هونەری ڕەقس و سەماکردن بم ئەمە بۆ ئەوان فرە شەریف و مەزنە، ئەم پیاوە زمانلووسە بۆ ئەوەی هەڵمخەڵەتێنێ، هەروەختێ هاتوو ئاوی گوێم دابدا، پلانم بۆ دابنێ و داهاتوویەکی باشم بۆ دەستنیشان بکا، منیش بۆ ئەوەی فریوی چاوی ڕەش و کاکۆڵی ئالتوونی و گفتە پووچ و بەتاڵەکەی نەخۆم، ئەوەندەی دەهاتە ئەوێ بۆ ڕامکردنم، لەبەر ئەوەی دەورم چۆڵ نەبێ ژنی خاوەنماڵ یان کچەکەیم بانگ کردۆتە لای خۆم، سەرەنجام بە هۆی ئەم وردەکاریانەم، ئەوم لە خۆم دوور خستۆتەوە، ئافەرینی پێگوتم، دەڵێ، ڕاستە ئەمڕۆکە ئەم خەڵکە بە چاوێکیتر سەیری ژەنیار و هونەرمەندان دەکەن بەتایبەت ژنان، ناوی ناشیرینییان لەسەر دادەنێن. بە چاوی سووک لێیان دەڕوانن، تەنانەت ئامادەش نین زەماوەندیان لەگەڵدا بکەن، ئەگەر مردیشن پێیانوایە دەبێ لە گۆڕستان نەیاننێژن، ئەوانە حەقیقەتێکن کە بەداخەوە، هەمیشە لەگەڵی بەرەورووین ئەگەر بە چاوێکی وردبینانەوە ژیر و وریا، بۆ ڕاستییەکان بڕوانین، تێدەگەین کە ئەم کێشەیە خەتای ئەوان نییە بەڵکە تاوانی ئێمەیە کە بە هەڵە لە شتەکان تێدەگەین، تەنانەت لە نێو هاوکارەکانی خۆشماندا ئەمە باوە، دەڵێن سازندە واتە نانی بێکیفایەتی خواردن، یانی کار و کەسپێک کە سەرەتاکەی نەهامەتی، ئاخرەکەشی ناحەزی و داماوەیە نە دنیایان هەیە و نە ئاخیرەت، خۆمان بە دەستی خۆمان چاڵ بۆ خۆمان هەڵدەقەنین، شوێن و مەقامی خۆمان نازانین، ئێمە کە سترانبێژین، دڵی ئەم خەڵکە شاد دەکەین بە هەڵسوکەوتی ناشیاو و ناشایست خۆمان سووک و چرووک دەکەین، ئاڵتوونین کەچی نرخی تەنەکە بۆ هونەرەکەمان دانانێین، بەڵام هێشتا گەرەکمانە ئەم و ئەو ڕێزمان لێبگرن و لە کەڕامەتمان بڕوانن. بۆچی باسی ئەم سەماکەرانە نەکەین کە دێنە ئێرە، ئەوانە زۆربەیان دەتوانن لە داهاتوودا ببنە ئەکتەر و باشترین سەماکەری ئەم شارە، بەڵام بەداخەوە پێشئەوەی خونچەیان ببێ بە گوڵ بگەن بە پلەی هونەرمەندی سەرمایەیەکی باشبن بۆ وڵات و ئامێز ئامێز دڵخۆشی بە دیاری بۆ خەڵک بێنن چەواشە دەبن و خۆیان ئەدۆڕێنن، پشت دەکەنە

هونەر و بگرە خەیانەت دەکەن بە عاشقانی خۆیان و تەواوی مرۆڤەکان لێرەدا، باسی ئەم بەشە هەر ناکەین، کە دەبنە هۆی فەساد و دزێوی لە نێو خەڵکدا، ئەوانە زۆر زوو لاڕێ دەبن، هەر ئەوانەی دەبنە هۆی هەڵدێران ئەم چارەرەشانە، پشتییان تێدەکەن و بەردەم هەڵدەدەن و لەبەر بۆگەنیان خۆ دەدزنەوە، یان هەر خویان نەفرینییان دەکەن و ئاوڕیان لێنادەنەوە، بەرلەوەی بگەنە سەر دووهەم پلیکانی پەیژەی هونەر بەردەبنەوە و ملیان دەشکێ، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە، ئەکتەری پیاو یان ژن هەروەکوو بایەخ و جێوو مەکانی ڕاستەقینەی خۆی بۆ گرنگە و پێیدەنازێ، دەشزانێ ئەم بایەخ و شوێنە لە هەناوی ئەودا گەوهەرێکە هیچ ژەنگ و ژارێک کاری تێناکا، ئەم گەوهەرەش پارێزگاری و تەقوایە، ئەم تەقوایە کە ژن خاوەنییەتی وەختێ ئاشکرا دەبێ کە چەند ئاکار جوان و داوێن پاک بێ، وێنەی ئەو دارە وایە تەنافبازێک بەسەر تەنافەکەوە ڕادەگرێ؛ ژنێک کە خاوەنی جەوهەری هونەر بێت و چوار دەورەی هەوری دزێوی دایپۆشیبێ، نەک هەر ڕەسەن و بنەمای خۆی بەڵکوو ماڵ و مێرد و منداڵ هەموو شتەکانی ژیانی خۆشی دەوێ، زیاتر لە تەواوی ئەوانە شەیدا و سووتاوی کارو هونەری خۆیەتی.

هوما چەند جارێک بە دووکەڵی ئەو جگەرەیە کۆخی کە سەید میران لە بنەوپاڵییەوە دایگیرساند، میران گوتی:

- ئەم قسەیە زۆر ڕاستە، بەڵام من هەر لێرەوە دەمەوێ ئەمەی پێبڵێم. بە دووکەڵی سیگارەکە قەڵسی؟

هەردووکیان لە پاش گەڕان و پیاسەکردنێکی زۆر تەواوی کوچە و کۆڵانی گەڕەکی سەرچاوەیان لێکدابوو. تازە گەیبوونە ژێر دارگوێزەکەی قەراخ ئاوشۆران خوڕێنکە ڕەشەی بەناوبانگی شار، نزیک کۆڵانی سەنعەتی، بۆ ئەوەی بتوانن بە وردی قسەی خۆیان بکەن، لە سەرەخۆ هەنگاویان دەنا، بەبێ ئەوەی سەبارەت بە ئەم بابەتە قسەیەک بکەن، بە سەر پردە دارەکەی ئاو شۆراندا، گەڕانەوە بۆ ئەوبەر ئاوی پیس و چڵکاوی خوڕێنکەکە بە ئاوازێکی تایبەتەوە سەری خۆی نابۆوە، هەوایەکی فێنک و نەرمە با بە ئەسپایی لەنجەی دەکرد، مزگێنی بارانی پێبوو، سەیمیران لەسەر یەک چەند مژێکی لە جگەرەکە داو دوور فڕێیدا، ئارام و بە هێمنی گوتی:

- ئە بەمجۆرەی ئەو باسی دەکا، من دەتوانم بڵێم مەگەر نعوزوبالله کچی پێغەمبەر یان فریشتەی ئاسمانی بێت، تاکوو بتوانێ لە نێو ئەم گشتە برسی و چاوحێزانەدا، بەسەر ژن و خێزانی خۆیاندا چاو بۆ ناموسی خەڵک دەگێڕن، کە بتوانی بدرەوشێتەوە و لاڕێ و چەواشە نەبێ؛ هەر بۆ

ئەمڕۆ ناگەڕێتەوە هەر لە کۆنەوە ئەم ئاوە وا ڕژاوە هونەر، بە بیر و باوەڕی ئێمە کە خۆمان بە موسڵمان دەزانین واتە ڕابواردن و شەراوخۆری، کەیف و هەوەس، لە دنیای هەوەس و خاپاندندا هاڕووت و ماڕووت و فریشتەی بەردەرگای خوا بوون، هەزارساڵیان ژێر فەرمانی کرد و دواتر لاڕێ بوون لەخۆڕا نییە پێغەمبەری ئێمە مۆسیقا و سەمای بە گشتی بە بناخەی هەڵە و هەرزەیی داناوە، کە دەبێتە مایەی شەڕەنگێزی و دەستبەردان لە داوێنی حەیا؛ کەسێک بەمجۆرە لە دنیای خەیاڵدا بژی و لە نێو گەنداوێکی ئەوەندە پیسدا ژەنگ هەڵنەگرێ و ڕەش نەبێتەوە دەبێ ئاڵتوونی خالیس و بێ خەوش بێت ئەمەش خەیاڵ پڵاوە و هیچیتر.

هوما هەروەک مناڵێک خەفەتی خۆی لە بیر چووبێتەوە درێژەی بە قسەکانیدا:

ـ ئەویش چ ئاڵتوونێک، زێڕی هەژدە عەیار ئەمە هەر ئەو شتەیە، وا من بە ئەوم گوتووە، پێموتووە، ئەگەر من ئەو کەسە بم وا تۆ باسی دەکەی، پیاوی باش، ئێستا لێرە چیمدەکرد؟ خوو خدەی ئاوا واتە حاسڵی تەمەنێک ئاکاری باش؟ ژنێکی ئاوا ڕەوشت بەرز و ئاکار جوان لەکوێ، ڕووی قسەم لەلای ئێوە نەبێ، مرۆی هەرزە و سازندەیوا لەکوێ؟ دەڵێی نا وانییە، ئەم قسەیە مەکە، تۆ کە سەبارەت بە خۆت بە هەڵەدا چووی من هەڵەم نەکردووە، لە ماڵێکی ئاوا بێسەرەو بەرەدا کە بێشەرمی و ڕووتوقووتی پێوە دیارە، ڕەفتارێکی جێی پەسند و ئینسانی، ئەمیش بۆ بێوەژنێکی جوان و منداڵکاری وەکوو تۆ، لە هەموو کەس ناوەشێتەوە، دوای چەند ساڵێک هەڵوەدای شاران و تەمەن بەسەر چوون، ئەوەی بە ئاسمانەوە بۆی دەگەڕام لەسەر زەوی وەگیرم کەوت. دەرکەوتنی تۆ بۆ من وەکوو تیشکی خۆر وایە کە لە شەوی ئەنگوستە چاودا شەقڵی شەو بشکێنێ، تۆ نەفەسی عیسا بووی ڕۆحێکی تازەت کردەوە بەر جەستەی بێگیانمدا.

ئەمنیش ئەگەر ڕاستت لێمدەوێ جگە لەوەی دەزانم لە کوێوە ئەم قسانە دەکا، سەیری خۆم دەکەم بەبێ ئەوەی بە خۆم زانیبێ، فریوی سێحر و جادووی ئەوم خواردووە، ئەم پیاوە، وەک دەڵێن لە تەمەنی گەنجیدا چەند ساڵێک لە سۆڤیەت ژیاوە، ڕۆژی چوار مسقاڵ تریاک دەکێشێ، تاقەتی ئەوەی لێبڕاوە چاو بگێڕێ و جووڵەی مابێ، زمانیشی لەگۆ کەوتووە، هەروەک باسم کرد، دەستی هەموو جادووبازێکی لە پشتەوە بەستووە، وڵات نەماوە نەیدیبێ، وەک ڕێوی گەڕیدە وایە، لە هەر گۆشەو کەنارێک شتێک فێر بووە، زمانی مار و مێروو دەزانێ! چۆتە نێو گرووپی ڕەقاسان و سەماکەرانی قەفقازی و لەگەڵ بالێتزانی ئەوێ بۆ نواندنی شانۆ سەردانی پێترزبۆرگ و مسکۆی کردووە، وەک شەهریزادی هەزارو یەکشەو وایە سەربردە و چیرۆکان دەزانێ بەبێ کۆتایی!

دەتوانێ بە مانگ مەڵکەمووت لە پشت دەرگاوە چاوەڕوان ڕابگرێ و تەفرەی بدا، گوێی پێ ڕابگرێ و لە بەجێهێنانی ئەرک و فەرمانی سارد بکاتەوە لەسەر ئەم زەوییە، دەڵێ ئاوا لە من مەڕوانە ئەگەر نەهامەتی و غەدری ڕۆژگار بەم شێوەیە بەنگی کردووم ئەگەر ئاگری شەڕ نەبوایە، گەردەلوولی ڕۆژگار وەک پەری مێشێ هەڵینەگرتبایەم و لە هونەرەکەمی دوور نەخستبایەم هەر لە وڵاتی ئەندێشە و فرەزانی ئاوا مەزندا مابایەم ئێستا ئەستێرەیەک بووم بە تەوێڵی ئاسمانی هونەرەوە، شانوشکۆی ئەمەشم هەبوو. بە عەزرەتەوە نیم بۆ ئەوەی هاتۆتە سەر ڕێگاکەم، دنیایەک هیواو ئاواتم بوون بەژێر ڕوودا و کێشەی پڕو پووچ و قورمی زەمانەوە. ئەوە تەمەنێکە هەوڵ دەدەم بەڵکوو ئەو ڕۆژگارە لە بیر خۆم ببەمەوە کە بۆتە خۆرەی دڵ و گیانم، بەم دووکەڵ و تەنیایی و نەغمانەوە ماوم لە بۆ ڕۆحی کلۆڵی خۆمی دەژەنم. تەنیا ئەوانەن دڵداریم دەدەنەوە، چونکە من تامی شانازی هونەرم کردبوو، دەبوو تاکوو ئەو ڕۆژەی بەسەر زیندووم بەم بادەی بەهەشتییە سەرمەست بم.

سەیمیران، بە بزەیەکی تاڵەوە پەڕیە نێو قسەکانی و گوتی:

ـ تامی شەراوی بەهەشتی کردووە بۆیە بەمجۆرە دەنگی زووڵاڵە.

ـ بەڵێ، ئەم قسانەی بۆ بەکەرزانینی منە، ئەم لفت و ڕاوێژە لە هەناوێکەوە دێتە دەرێ، وەک ئەوەی من بەختی لەدەستچوو یان هەست و ئیلهامی با بردووی هونەریەکەی بووبێتم و دیسان هاتبێتمەوە بەردەمی، دەڵێ، من ناحەقت ناگرم کە دڵت لە کاری ئێمە هەڵبگەڕێ، بە خەیاڵپڵاو نوقم لە نێو نەشەبوون و دووکەڵ و خەیاڵدا سەیرم بکەی، دەزانم ئەو شانوشکۆیەی کە دەبێ هونەرمەندێک بە شانازییەوە هەیبێت، ئەتۆش بڕوای پێ ناکەیت. تۆ سەیری ڕەفتار و جووڵەی ناپەسند و دەست لە داوێن بەربووی ئەم سەماکەرە بێحورمەتانە دەکەی بۆ چارەنووسی ئەوان بە پەرۆشی، لەوە دەترسی داهاتووی خۆشت هەر وابێ، ئەو ڕەقاسانە هەر باشەکەیان دەڵێم ـ ئەگەر لە بابەت جەوهەری هونەری، سەماو جووڵە، خوو و ڕەوشت، یان هەر ئەو زیرەکییەی بەرایی بتوانن لاق لە جێپێی تۆ دانێن، هیچ وەختێ ناگەنە سەر ئەم سەکۆیەی کە تۆ بەمگشتە داوێنپاکی و سەلارییەوە پێیگەیشتووی، ئەوان شیاوی ئەم گەورەییە نیین، ئەگەر هونەر گوڵێکی سوورە، پارێزگاری ئاوی ژێر ئەو گوڵەیە.

تێناگەم ئەمە چ سرێکە، هەر هات زمانی بگەڕێ یەکەم وشەیەک کە درز دەخاتە سەر لێوی ئەمەیە، باسی نەزانی و بێتەقوایی و دووربوون لە پارێزگاری من دێنێتە گۆڕێ، ئەوە سێ مانگی

ڕەبەقە مۆخی منی چنیوە، بەبێ ماندووبوون شێر و ڕێویم بۆ دێنێتەوە، بەڵکوو بتوانێ بە گرووپەکەی خۆیەوە بمبەستێتەوانێ، هەرچەندە، هەموو ڕۆژێ لەبەر چاوی ژن و کچەکەی، لەگەڵ مندا خەریکی پرۆڤەکردن و ڕاهێنانە هەرگیز کارێکی وام نەکردووە، بێمەیلی و ساردوسڕیی پێوە دیاربێ، جا چ لە پێش چاوی خۆی بێ یان لەلای ژنەکەی، ساردوسڕی و نەفرەتی دەروونم لە نێو قسە و کارەکانی خۆیدا هەستی پێکردووە ئەو پیاوە چەقەڵە ئەوەندە زەبوون بووە لووتی بگری گیانی دەردەچێ، دەستی لە داوێنی دنیا بەربووە، بەڵام هەرچەندی بتەوێ خاپینۆک و فێڵباز و بە دەهۆیە! چاوبەستێکە بە لۆکە تەڕەفی خۆی سەر دەبڕێ، دەهۆبازێکە ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ، ئەوەندەی دەرگا بە قوون کردۆتەوە شەیتان لە حاستی سەرنەوی دەکا، زۆر سەیرە، دەڵێی دەزانێ بەختی من بە کوێدا دەکەوێ، چی لە نێوچاوانم نووسراوە لەبەر دەیخوێنێتەوە! ترسی هەیە پێش ئەوەی وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نێو گرووپەکەی لەسەر سن دەربکەوم، بینەران بە دیتنم شاگەشکە ببن لە دەستی ڕام کردبێ، هەزار تەڵەی بۆ داناوم، خەریکی خەڵەتاندن و نەرمکردنمە. ئامادەیە خۆی بە ئاو و ئاوردا بدا تاکوو من ڕازی و پێمل بم. دوو کەسی لە شاگردەکانی خۆی دەرکردووە، بە هۆی ئەوەی وریای ئاکار و کرداری خۆیان نەبوون. شەو و ڕۆژ ترسی ئەوەی لە دڵدایە نەکا، یەکێ لە هاوڕێ و هاوکارەکانی پێبزانن من لەوماڵەدام، ڕۆژێک یەکێ لەو کەسانە بەبێ ئەوەی پێشتر دەنگی کردبێ، هاتە ژووری، لەوکاتەدا خەریکی مەشق و پرۆڤەی سەمایەکی قەفقازی بووم، بە ئاماژەی ئەو لە پشت پەردەی ژوورەکە خۆم شاردەوە، ئەو پیاوە نزیکەی نیوسەعات مەحتەل ما، منیش وەک زیندانی هەر لە شوێنی خۆم مابوومەوە، ئەوەندە ڕقم هەستابوو ملمنا لە خواردنی ئەو کاسە گۆیژەی لەوێ داندرابوو، دەنکم لێبڕی، هەر وەک دیندار و ئەلحاجان ژن و کچەکەی ڕاسپاردبوو، بە تەنیا لە ماڵ نەچمە دەرێ. بە خەیاڵی خۆی شیرەکەی کوڵاندبوو تەنیا لەسەر هەوێن مەحتەل مابوو. هەوێنی بکات و ماست بگیرسێ و دواتر سەرتوێژی بگرێ و سپاسی یەزدان بکا. بە ئینجە و فینجەوە، تەواوی نەخشە و پلانی داهاتووی خۆی بۆ دەستنیشان دەکردم و بەمجۆرە بە گوێی هەڵدەهێنام:

- ئێرە وڵاتی شادیهێنی خەسرەو و باربدە، چاوەکەم، خەڵکی کرماشان مرۆگەلێکی خوێنگەرم و لە دڵەوە نزیکن، هونەردۆست و دڵتەڕن، تەنیا عەیبێک کە هەیانە ئەوەیە، هەر بە ئاستەم بزانن کەسێک زمان دەگرێ، بە لاڵە لاڵە، عالەمی وەدوو دەخەن چاویان لە چێژ و کەیفی ژیانە، جوانی هونەر دەبینن شاگەشکە دەبن و واقیان وڕ دەمێنێ. باوەش بۆ هونەرمەند دەگرنەوە و لەسەر

سەریانی دادەنێن، بەڵام چاوەڕوانی خواییان لێیهەیە، مرۆی بێهونەریان لەلا سووکە، بە بچووکترین عەیبی ئاکار و نزمفامی هەڵدەبەزنەوە و خەتایەک ببینن وەک مێش لە تاریکیدا لە گیزە دەکەون. سەبارەت بە ئایین و سیاسەتیش هەر بەمجۆرەن، وەک گوڵەبەڕۆژە وان، مرۆیەکی پاکپەرستن بە یەک وشە، با بیدرکێنم، خەڵکی ئەم شارە لە پێشوازیدا گەرم و بەتینن، لە بەڕێکردن گەلێ ساردوسڕ، خۆشییان ئەمەیان قەبووڵە، سەرەڕای ئەمانەش من لە نێوان تەواوی شارەکانی گەورە و بچووک کۆن و نوێی ئێران، ئەم دەڤەرەم هەڵبژاردووە بۆ کاری خۆم، بە واتایەکیتر، ئەگەر لە بنی کوولەکە بدەم ئەم دەڤەرە بوو لە ئامێزی گرتم و بوو بە نیشتمانم، هەرچەندە کابرایەکی تریاکیم، دەستم بە دەمم ڕاناگا، بێئاوەز بۆ پارە کۆکردنەوە، پێنج ساڵە دانیشتووی ئەم شارەم توانیومە چارداخێک بۆ خۆم ساز بکەم، کچەکەم بە مێرد داوە و باوانی چاکم ڕەگەڵ خستووە، بەختەوەرم کردووە، لە ژەنینی تاردا، دەست و پەنجەیەکم هەیە پێویست بە تاریفات ناکا، لە بۆنەکاندا، لە شایی و جەژنی دەوڵەمەند و ساماندارانداا دووجار بانگ کراوم. بەڵام با ئەوەشت لێنەشارمەوە تاکوو ئێستا قەت بە ئاواتی دڵی خۆم نەگەیشتووم، ئەو هونەرەی ئاوێتەی ژیری و جوانی ڕاستەقینە نەبێت پێم هونەر نییە، هەروەک کرماشانی دەڵێن، وەک چۆنەری نەبرژاو وایە. لە ماوەی ئەم کارەمدا هێشتا نەمتوانیوە سەماکەرێکی بە تەواوی مانا، جوان و خاوەن کەماڵ و مەتین و نەرم و نییان بە جەوهەری هونەرەوە، بەر سەرپۆشی پارێزگارییەوە پەیدا بکەم، پایزی ڕابردوو لە زەماوەندی شایانەی دۆکتۆر فەڕۆخدا، کوڕی فەرەنگ دیتووی موقبلەدۆلە، بانگهێشتن کرابووم، لە جێی خۆم وشک بووم نەمدەزانی لە بەینی ژنەکاندا کێ هەڵبژێرم کە شیاوی ئەم بەزم و شاییە بێت، ناشکووری ناکەم، هەر وەک دەڵێن کەوشە کۆن لە بیاواندا نیعمەتی یەزدانە! بەڵام من ئەو ڕۆژە ژنی سەماکەرم لەگەڵ خۆم نەبرد، بیرم کردەوە هەر نەبێ با نرخی پەنجەم نەشکێ، من پێشئەوەی چاوم بە تۆ بکەوێ هەر وەکوو دۆدۆن شای پیرو کلۆل، بەسەر تەرمی جگەرگۆشەکانمەوە، یانی ئەم تار و تەنبوورە شکاوەم دەستم لە ئەژنۆم وەرێنا بوو، تۆ ئەو شیرینەی خەسرەوی لەپڕ سەرت کرد بە خێوەتی خەفەت تەنیومدا، منت بە ئاوازی هەستبزوێنی خۆت مەست و دڵدۆڕاو کرد، وەکوو شەیدایانی زەوینی، بە بینینی تۆ تەنانەت ژان و ئازاری جەستە و ناخم لە بیری چۆوە.

ئەوە سەر لەبەر قسەکانی ئەوە کە بۆ تۆی دەگێڕمەوە، ئەوە وادەزانێ گەنجێکم و خوا لە کولاوکەوە بۆی ناردۆتە خوارێ، بەم شیرین زمانی و بەم سلسلە و پلپلانەی لە نێو قسەکانیدا هەیە

کەوتوومەتە گومانەوە، دەڵێم ڕەنگە ئەو کابرایە بە فێڵ و تەڵەکە لە هەوڵی ڕامکردنی مندا بێ، لەبەر ئەوەی بۆرە پیاگ دەبێژێ لە میوانییەکی تایبەتدا بینیویەتی چۆن سەما دەکەم، بە دڵ ئاشقی جووڵەی من بووە، پێمدەڵێ ئەگەر لە زەماوەندەکەی دۆکتۆر فەرۆخدا تۆم لەگەڵ دەبوو، دەبووم بە خاوەنی سەدان گەڵای سوور و شین! زێڕوەشانیان دەکردی هەر ئەسکەناس بوو بە سەرتدا دەباری، خەڵکی ئەم دەڤەرە لە شوێنی خۆی بۆ شاباشدان و زێڕوەشان کەس تایان ناکا، هەر ئەوەندە ڕێگاکەی بزانی، با ئەمەشت بە گوێدا بدەم چاوە ڕاستەکەم، پووڵ و پارە نابێتە هاوسەنگی داوێنپاکی و پارێزگاری. دەبێتە خەنیمی ئەو، ئەگەر هونەرەکەت خۆشدەوێ ئەشێ چەکی نەجیمی و پارێزگاری لێنەستێنی، وەک چۆن محەڕەم مانگی دڵخۆشی ڕەوزەخوێن و ماتەمینی ڕاستەقینەی ئێمەی دەفـژەن و دەنگبێژانە، خۆشکێنی و ساردوسڕی خۆرەی ڕۆحی ژنانە، ڕوانینی ئەم چاوانەی تۆ ئەشێ ئەو خوایە بێت کە تاکوو ئێستا کەس بە چاو نەیدیوە! لەبەر چاوی پاک و ناپاک خۆت دوور بگرە. تەنیا بۆ هونەرەکەت بژی، نەختێکیش خۆڕاگر و قورس و سەنگین بە، ئەم ژن و کچانەی هاتوونەتە بازاڕی دڵبەری بەم کاڵایەوە قەت پەژیوان نەبوونەوە، لە ڕاوی دڵدا، بە وێنەی شێت بە نێچیرێک ڕازی و قەناعەت بکە، وەکوو خەزێنە وایە، بەڵام بەسەر ئەم خەزێنەیەوە حەزیایەک لە حەیا و حورمەت بکە پاسەوانی. هەرچەندە سەرتان دەهێشێنم، قسەکانی ئەم پیاوە زمانلووسە ئەوەندە کاری تێکردووم بە بزەی سروەیەک دەکەومە هەڵەکە سەما، وەک چۆن دەروێشان جەزمە دەیانگرێ و ئاگایان لە خۆیان نامێنێ، بەسەر زەوییەوە دەبمە پەڕە کایەک دەچمە حەوا و دێمەوە خوارێ بەخۆم نازانم چۆن پەپوولە بە ئاستەم پێ بەسەر پەڕەی گوڵدا دەنێ، منیش ئاوام، ئەم شارەم بە سەردا دەڕژێ، چەپڵەم بۆ لێدەدەن وەک گەڵای داران ئەسکەناسی سوور و شینم بەسەردا هەڵدەخەنەوە، جوانییەکانی دنیا لە باوەشم دەگرن، لە خەو و بەخەبەریدا جوانترین جلوبەرگی شاژنانی دنیام بۆ دەهێنێ، ئەو جلوبەرگانەی کە شایانی سەماکەرە بەناوبانگەکانە، بە وێنەی ساحیران دەمباتە نێو باغی پڕ لە گوڵ و ڕێحانە پڕ بە سییەکانم بەرامەی گوڵان هەڵدەمژم، لەبەرخۆمەوە ویرە ویرم دێت و گوڵوشە لە لێوم دەبارێ، لە دنیای خەون و خەیاڵمدا ملوانکەی ئاڵتوون و پاوانەی زێو و نیوتاجی ئەڵماسنیشانم بۆ دەهێنێ و لە زێر و زێوم دەگرێ. لە خەویشدا لێو بە کەنینم، وەک دەڵێن لێوی بێبزە درزی دیوارە.

سەیمیران، بە لاچاوێکەوە بەڵان نەک بە قینەوە چاوی بڕیە چاوە بازەکانی کە لە جوانیدا دەبوو ئەستێرەی گەلاوێژ سڵاوی بستێنێتەوە بە زمانێکی تەڕو پاراو گوتی:

ـ خەراپ نییە، بەڵام تۆ لە چی دوودڵی؟ ئەم کۆنە تریاکییە، بەراستی لە کاری خۆیدا زیرەک و دەست برِێکە! پلانی سەیرت بۆ دادەرِێژێ.

هوما بە خۆبادانێکی جوانی ژنانەوە، کە نیشانەی خۆراگری، بێخەمی و حەوسەلەی مرۆڤی لە بەرامبەر دژوارییەکاندا پێوە دیاربوو چاوی لە چاوی میران کرد و بە نازێکەوە کە گەزۆی لێدەباری گوتی:

ـ ئۆی، هەر باسی مەکە!

سەیمیران بۆ چرکەیەک لە جێی خۆی راوەستا خۆی لێ شیرینخێل کرد و پرسیی:

ـ داپەلە مەکە، وەک لە قسەکانی تۆدا بۆم دەرکەوت ئەو کەسەی باسی دەکەی رەنگە هەر ئەو حسێنخانی (زەربی) بێت، تارژەنی بەناوبانگ. پیاوێکی کەڵەگەتی داڵگۆشتە، سمێڵێکی قەیتانی هەیە و تۆزێکیش گنە. هەموو بەیانی ردێنی تیف تیفە دەکات، بۆینباخ و پاپیۆن دەبەستێ و کەمتر وایە مەست نەبێ، دەڵێی ماسییە برژاندوویانە، تەمەنی شەست و پێنج بەهار دەبێ، بەلانیکەمەوە، تریاک و ئەلکۆڵ تێکیشکاندووە، زۆربەی کات لە چایخانەکەی ژێر سەکۆ دادەنیشێ، بستە دووکانێکی لە حوریاوا هەیە، لە رۆژدا خولەکێک دەرگای دەکاتەوە و خەریکی چاککردنەوەی تار و تەنبوورە شکاو دەبێ، من ئەو پیاوە دەناسم، سێ ساڵ لەمەوبەر، بۆ جەژنی خەتەنەکردنی کورەکانم بانگم کردبوو، دوو سەماکەری جوان و ناوقەد زراڤی لەگەڵ خۆی هێنابوو، دەیانگوت ئەوە جووتە خوشکن، وەک لە بیرم مابێ یەکیان ناوی بەدری بوو، بەڵێ! بەڵێ! بەراستی ئەگەر ئەوانە ئەو رایهێنابێتن، لە ژێر دەستی ئەودا فێر بووبێتن سەبارەت بە هونەرەکەی خۆی هەرچەندی بڵێی کەمی باس کردووە، هەر ئەو بەدرییەی کە ناوم هێنا جلوبەرگی بە شێوە و مۆدەی گوڵ دەبەردا بوو، ئەگەر راستت دەوێ وەختێ بەو پۆشاکەوە لە جێی خۆی جووڵەی نەکردبایە، یان بە دەم سروەی خەیاڵەوە بە راست و چەپدا وەلەنجە کەوتبا لەگەڵ گوڵی بەراستی لێت تێکدەچوو، هێندە بەلەنجە و لار دەهاتن و دەچوون، واتدەزانی سەردەستەی پۆلی پەرییانن، نەرمە لەنجە و سەمای پەریئاسایی وایکرد لە میوانان بەبێ مەی مەست و مەیزەدە بوون، دوو رۆژ دواتر حسێنخانم بۆ خەتەنە سوورانی منداڵی جیرانەکەمان بانگهێشتن کردەوە، ئەمجارە، خوشکی بەدری، کە هەر ئێستا ناویم لەبیر چۆوە، سەمای خۆبادانی دەستپێکرد، بەم سەما و رەخسە هەجووی چارشێوی کرد و کرێتی ئەم دیاردەیەی نیشاندا، ئیتر من هەر لەو کاتەوە زانیم ئەم مرۆڤە فرەزانە و کابرایەکی کەم نییە.

هوما به بیستنی ئەم بابەتە سووریێکی ژنانەی لە خۆیدا، کە ئەمەش نیشانەی ڕازی نەبوونی پێوە دیار بوو، چارشێوەکەی سەری هەڵکێشا و بە منجە منج گوتی:

بەدری خوشکی گەورەیە، ئەو هێشتا سەردەستەی ئەوە، مێردەکەی ساڵێکە مردووە و منداڵێکی بۆ بەجێ ماوە، بەم سەماو ڕەخسە خۆی بەخێو دەکا، تۆ نازانی چەندە گوزەرانی تاڵ و ناخۆشی هەیە! بەڵام زۆر وەڕووی خۆی ناهێنێ، خوشکە چووکەلەکەشی وەک دیارە مێردی کردووە و ئێستا لە ئەهوازە، بەدری جوان هەڵدەپەڕێ، لە سەماکردندا زۆر زۆر بەنێوبانگە، بەڵام هێشتا حسێن‌خان قەبووڵی نییە و پەسندی ناکا دەڵێ لە زۆربەی سەماکانیدا دەڵێی دەست و لاقی بەخەیە، ڕەخسەکەی مرۆڤ نادوێنێ، چێژ نابەخشێ هەڵبەت جاروبارە لە منیش تووڕە دەبێ، دەڵێ جووڵەی تۆ پەلەی پێوە دیارە، بە تالۆکەی، وەک ئەوەی خێرا کۆتایی پێ‌بێنی و زوو خۆت ڕزگار بکەی بچی دانیشی هەر ئەم پەلە کردنە دوژمنی هونەرە و تۆش دەوەستێنێ بەڵام سەمای تۆ بزوێنەری هەست و هۆشە، دڵنیابوون و زیندەخەوە، شادی‌هێن و خەفەت‌بەرە، لەودیوی جووڵە و لەنجەتەوە شتێک هەیە، لە چەشنی کۆکائین هۆش و هەستی مرۆڤ دەڕفێنێ، ئەوە وەک سرودێکی یەزدانی وایە، وەک سەمای (زۆربا) دوورە لە نییەتی دزیوو ئارەزووی شەهەوەت، جیاواز لە هەوەسی حەیوانی، دنیای تۆ دنیای خەفەت و دوودڵییەکان، نەیاری و خۆپەرەستی، دەتوانم بێژم برسییەتیش دەخاتە لاوە، دەیانتارێنێ، ڕۆحی هونەری لێ‌دەچۆڕێ، وەک پەلکەزێڕینە لە پاش چەند ڕۆژ هەوری ڕووتاڵ و بارانی بە خوڕەم بە چەندین ڕەنگەوە بەرەو زەوی دەچەمێتەوە، یان وەکوو کەشە هەورێکی لۆکەیی وەسەرووی گشت هەوران دەکەوێ، چونکە جووڵە و خۆبادانی تۆ بەری لە خۆویستییە، هەناو و ماکەی هونەرە، کەروێشکەی باڵات، ئاواز و کێش و سەروای شێعری سەعدی و نالی‌ی پێوە دیارە، باس لە دووری و سووتان و لێوی حەبیبە دەکا، بەڵام ئەگەر نالی باس لە لێوی ئاڵ و پەڕەی گوڵ دەکا، تۆ خۆت هەناسەی یەزدانی پەڕەی گوڵی نێرگزی، کاتێ دەکەوییە سەماکردن، بە خەلسەی هونەردا شۆڕ دەبیتەوە ڕەمز و ڕازی کاری تۆ لە نێو ئەم خاڵەدا نوستووە، جۆرێک هات‌وچۆ و جووڵەی سەرسووڕهێنەری فێر کردووم، دەبێ قاچەکانم وەکوو خاچ دانێم و بە شەپۆلی چۆک و ئەژنۆم، بڕۆمە پێشێ، دەڵێ تاکوو ئێستا هیچ شاگردێک نەیتوانیوە فێری ئەم سەمایە بێت. لەبەر ئەوەی چەند شێوە جووڵە ئەشێ بە یەکەوە پیشان بدا ئێستاش خەریکم فێری جۆرە سەمایەک دەبم تێکەڵی هەیە لە هەڵپەڕکێی تورکی و کوردی؛ گۆرانییەکی بەیاتی هەیە، کچەکەی خۆی لەباتی دەیچڕێ، سەما و هەڵپەڕکێی ئەو، هەر وەکوو ئێوەش دیتووتانە، پڕە لە

تازەگەری، شەوق و زۆقێکی شاراوەی تێدایە، بینەر واقی وڕ دەمێنێ و بەسەر سوورمانەوە سەیری دەکا، خۆ ئەگەر لاسایی کردنەوەشی بێ، بۆ ئێمە کە تاکوو ئێستا شتیوامان نەدیوە لەوپەڕی تازەییدایە. ئەو گەرەکییەتی ئەگەر من بەرێتە نێو ئەم گرووپەوە، خاڵێکی ونبوو ئاشکرا بکات و دیدەی تامەزرۆیی دەوروبەری هونەرناسان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەڵێ من، منێک کە ئێستا دەمبینی، ئاوا لێقەوماو و سووک بە دڵێکی پڕ بە ژان و ئازارەوە پەنام بۆ هێناوی، ئەم پیاوە بەم زمانە چەورەی کە بنکڕی دەلەسە لێسدەدا ئەوەندەی بە شان و باڵمدا هەڵگوتووە، تەنانەت خۆم لێگۆڕاوە و باوەڕ ناکەم ئەوە خۆم بم.

سەیمیران بە بزەیەکی تاڵەوە چووە نێو قسەکانییەوە:

ـ ئەگەر حافیزی شیرازی وێنەی یارەکەی لە دەفری مەیدا بینیوە، ئەم پیاوە لە جوانی تۆدا سکەی ئاڵتوونی وەبەر چاو دەکەوێ، لەوانەیە من هەڵە بکەم، بەندەناس خودایە، ئەو کە دەزانێ جەوهەری هونەرمەندی لە زاتی تۆدا هەیە ئەمە جێی گومان نییە، هەر شتەی توانایی و بەرهەڤی خۆی پێویستە.

ـ تا ڕادەیەک هەروایە، بەڵام هەروەکوو گوتت، ئەو بەرلەوەی لە بیری مندا بێ بە فکری گیرفانی خۆیەتی ئەویش لە بنەوە کونە، زیاتر خەیاڵپڵاو دەکات و لە عالەمی خەو و بەخەبەریدا دەژی، نەک کارو کردار؛ هەر وەک بە قسەکانییەوە دیارە، فرەتر خۆ هەڵکێش و ئەوەی دەیبێژێ نایبێژێ! گوریسی بە دەوری دنیادا هێناوەتەوە و ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارێک بە تەمایە بە شەقاوێک بپەڕێتەوە، بەڵام وەختێ بەسەر ئەسپی خەیاڵەوە کەوتە خوارێ تازە دەزانێ لە ژێر لێفە شەڕەی پێخەفیدایە. قسەی وا دەکا سەرت سووڕ دەمێنێ، ئەو بالێتبازانەی ئەو دەگەڵیان بووە، هەر لە منداڵیڕا، لە تەمەن چوار پێنج ساڵییەوە کە ئێسقان و پێشەیان هێشتا نەرمە خەریکی ئەم کارە بوون، بۆ ماوەی دە، دوازدە ساڵ هەریەکەو بە توانای خۆیەوە، وانەیان خوێندووە و مەشقییان کردووە، زۆریەک لەو کەسانە نەیانتوانیوە دەورەکەیان بە سەرکەوتنەوە تەواو بکەن، یان ماندوو بوون و کشاونەتەوە، یان ئەوەی وەڕەز بوون، ئەم فەرمایشتانە قەت بە گوێی مندا ناچێ، منداڵان بە قوتووی شەمچەیەک گەورەترین گەمیە و کەشتی ساز دەکەن کە ئەمە لەسەر مێشکی هیچ سەنعەتکار و پیشەسازێک سەوز نابێ، لە دنیای خەیاڵی خۆیاندا ڕەوانەی ئۆقیانووسەکانی دەکەن. ئەویش بە بوونی من، تەنیا منێک، بە تەمایە سەمای بالێت و ئۆپێرایەک لە نەبوون بێنێتە بەرهەم و لە ئێراندا بە فیزێکەوە دەستی بنێتە کەلەکەی، ڕەنگە بەرامەی خۆبینی و تاریفاتم لەسەر هەستێ،

بەڵام با ئەمەت لێنەشارمەوە، تەنیا ئامانجم لەم قسەیە پەردە لابردنە لەسەر ڕاستییەکان، پێویستیش ناکات ڕێگەت پێبگرم و بە شانوباڵی خۆمدا هەڵبلێم و لە هیچی نەبوو لە تاریفی خۆم ڕابچم، ئەمەش بەجێی خۆی، بەم تاریفاتە تەنیا خۆم بچووک دەکەمەوە و باڵی خۆم دەشکێنم، تاکوو ئەوجێیەی بیر و ئاوەزم بڕ بکا، ئەم سەردەمەی ئێمە جارێ ئەم ئەتوار و ئایین و ئۆیینە پەسند ناکا. ئێوەش کە بەم گشتە ئەدەب و حەوسەلەوە تاکوو ئێستا گوێتان بۆ زۆروێژی و چەنەدرێژی من ڕاگرتووە، دەزانم لە ناخەوە پێمپێدەکەنی، یان ئەوەی گریانت دێ بەو ژیانەی من، دەڵێی ئاخۆم ئەمە چ دێو و درنجێکە، سەرەڕای ئەمانەش دەبێ دان بەوەدا بێنم، هەر وەک حسێنخان لێی حاڵی بووە، بە گیان و بە دڵ ئەویندار و لە هونەردا قاڵ بووم. لەوانەیە، ئەگەر ئەم هەست و ئێحساسە نەبووبا، بمتوانیبا هەتا ئەو ڕۆژەی مووی سپییم لە ئەژنۆیان دەهات لەگەڵ تەواوی کردەو ڕەفتارە دزێوەکانی مێردەکەم هەلمکردبا و پێمڕاکێشابا، ئەم ڕازەی لە ماوەی پێنج ساڵدا کە بۆ حاجی سەربە مۆرە، دەرگای بۆ تۆ دەشکێنم: ئەو دایک و بابەی باسم کردن دایک و بابی ڕاستەقینەی من نەبوون، ئەوان لە تەمەنی چوار ساڵیدا منیان لە قەرەچی و کۆچەران بە سەت مەن گەنم کڕیوە، ئاشقی سەرچۆپی من ببوون، لە دە ساڵیدا ناوبانگم بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە، بۆ ڕازاندنەوەی شایی و زەماوەندان، لە کامە ئاوایی دوورە و دەنگ پێیناگا، کەژاوەیان دەهێنا و دەیانبردم، وەک ئەوەی من بووک بم، پێش ئەوەی خۆم بناسم تەواری جوانیم لە دڵی سەدان کوڕە لاو و مێرخاسی ناو کوردانا هێلانەی خۆش کرد، هەلاڵەی گۆنا و شەوبۆی شابسکم ڕیشەی لە دڵی دەنگ خۆشاندا داکوتا، هەتا وای لێهات زڕبابم دووری خستمەوە، بۆ شارێکی نامۆی هەڵدێرام، ئەو بە هەڵکەوت ڕێی کەوتبووە ئەم گوندە، بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی کە گێژەڵووکەی شەڕ و ئاژاوە بمپارێزێ، وەختێکیش لە ماڵی حاجیدا بووم هەموو کەس دەیزانی لە سەما و هەڵپەڕکێدا هیچ کەس تام ناکا، بۆ مارەبڕین و زەماوەندان یەکەم کارتی دەعوەت و بانگهێشتن بە ناوی من دەنووسرا، یەکەم کەس بنەماڵە بە دەستی خۆی بۆی دەهێنام و زۆریشم بە قوربان و سەدەقە دەبوو کە دەست بە ڕوویەوە نەنێم، منیش هەروا سادە و ساکار ڕازی و پێمل دەبووم. هەر بۆیەش ئەم کارەم دەکرد، چوونکا کۆڕ و مەجلیسەکە تایبەت بە ئافرەتان بوو، دواتریش لە دڵەوە حەزم لەو کارە بوو، بەڵام مێردەکەم، تا بڵێی لە دنیا بێخەبەر و بلەوەز بوو، بۆ ئەوەی نێربوونی خۆی بەسەر منەوە نیشان بدا، بۆ ئەوەی پێمبڵێ ئافرەت هیچ دەسەڵاتێکی نییە، بێجگە لەوەی ڕێگەی چوونی لێدەبڕیم، تەنانەت لە پێشخانەکەشدا سندمی دەکردم، ئەمجاریش لە کۆڕی ڕاهێنانی

حسێنخاندا تەواو لە پێواردا کاری لەگەڵ دەکردم. ژنەکەی تەپڵی لێدەدا و کیژەکەشی دایرەی زەنگی. نەغمە و نەوای سێحراوی ئەو کە لە زەخمە و تارەکەی بەرز دەبێتەوە، دار و بەرد دەخاتە هەڵەکە سەما ئیتر خۆ باسی ئێمەمانان هەر ناکرێ! ئەوکاتەی خەریکی ژنیینە و بە دەم شەپۆلی ئاوازەوە ڕۆحی دەکەوێتە سەما، بە هیچ لایەکدا ناڕوانی. بەم تاریفەوە، وردترین جووڵەی هەڵپەڕکێ دەبینێ و دەیخاتە ژێر نەزەرەوە، ئەمەش لە کەشف و کەڕاماتی یان جادووی ئەو تەنیا فرەزانەیە، کە ئەو تێیدا تواوەتەوە و سەماکەری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئیتر هەمووی ئەوانە بەلایەک، منیش ویژدان و شەڕەف و نامووسی خۆم لە تەواوی ئەوانە زیاتر بەلاوە گرینگە و چیترم ناوێ، بە فەرمایشتەکەی خۆت ئەو بوونەوەرە کە لە نێو خەیاڵ و خەودا دەژی و لە گەنداودا بێ و ژەنگ نەگرێ و ڕەش نەبێتەوە، ئەشێ پۆست و ئیسقانیشی لە ئاڵتوونی خالیس بێت، منیش بە تەنەکە و مسی ئەو نابم.

سەیمیران، هەر بەمجۆرەی شان بەشانی یەکتر دەڕۆیشتن، هەنیشکی بە باسکی هومادا هێنا، لە بن لێوەوە گوتی:

- تۆ وا مەفەرموو، زۆر لەوە مەزنتری، ئەگەر زێویش بی هەر بە تۆ ڕازیم، تۆ لە زێوێکی، ئاڵتوونی کانەکانی ئەفریقا و سۆڤیەت قەت بە تۆ نابن.

هوما بەم پەسن و پیداهەڵدانە وەک گوڵێک ئاوی لە بن کرابێ ئاوا گەشایەوە، بۆ ئەوەی گومانی نەبێ لە جەستەی سپی و ناسکی قۆڵی بە بازنی بەرز کردەوە و گوتی:

- بەڵام فایدەی چی، ژن بەختی سپی بێ، ئەمن ناوچاوانم ڕەشە. یاخوا ئەوکەسەی لە ڕۆژی ئەزەڵ منی بە تووشی ئەم نابار و کرێتەوە کرد خۆشی لە خۆی نەبینێ نەحەسێتەوە، دیسان سپاس بۆ خوا کە دەستم لە دەستی بۆوە.

هوما چرۆی لێوی لە ترووکە کەوت و مات بوو، ئەم ڕستەیەی ئاخری مەتەڵی فکری سەیمیرانی ئاڵۆزتر کرد، بەڕاستی ئەو ژنە لە ناچاریدا یان بە نەخشەیەکی گەڵاڵەکراو ئەم پێشەکییەی هەڵنەچنیبوو بۆ ئەوەی خۆی لە ملی ئەو پیاوە توند بکا؟ بە گومان و دوو دڵییەوە لە ڕوخساری بەفرینی ڕاما، کە لەو شەوە تاریکەدا، ترووسکەی دەهات، عەزرەتێکی بێچارەنووس بەسەر تەوێڵیدا ببوو بە تەنکە مژێک، دوای ئەوەی چەند هەنگاوێکیان بە بێدەنگی هەڵێناوە، بە ئاوازێکی ئاسکەراییەوە کە سەمای ڕۆحی لێدەباری گوتی:

ـ ئەم چیرۆک و سەربردەیەی ژیانت بەڕاستی کاری تێکردم، ئەوکاتەی کەسێک بوێرانە دان بە تاوانی خۆیدا دەنێ دیارە بە دڵەوە پەشیمان بۆتەوە و ئەوپەڕی ڕەوشت و ئاکارجوانی خۆی نیشان ئەدا. ئەمما شتێکیتر هەیە لێتشاردوومەوە، دەمەوێ بزانم تۆ کە لەملاوە نەفرینت لێیهەیە و بە خراپی دەزانی ئەدی چۆنە مەشقی لێوەردەگری بوویەتە مزرەقی بەردەستی، بۆچی سکڵی ساردەوەبووی بۆ دەگەشێنییەوە؟ ئەگەر تۆ شۆق و حەزت لەسەر گوڵکردنی ئەم هونەرەیە، ئەم بابەتە ڕێت پێنادا لەبەردەستی ئەم لۆتییە پیرەدا کەوی ببی و بتکاتە تەسبێحی دەستی خۆی، بەم گشتە هیواو ئاواتەوە، بەم هەمووە خۆشی و گوڵبزەی جوانییەوە، چۆن دەبێ بیرێک لە داهاتووی خۆت نەکەیتەوە؟ بۆچی بەرخی لە شیر گیراوەت لەبەر دەمی گورگی برسی بەڕەڵڵا دەکەی؟ وەک دەڵێن، ئەوەی ماڵی لە دەم ڕووبارە، دەبێ ترسی لافاویشی لە دڵدا بێ.

ـ هەر من نیم بە تەنیا، ئەی منداڵەکانم بۆ ناڵێی، ئەوە گریمان من لە ئەڵماسێک بووم جوان و درەوشاوە، هیچ شتێ نەتوانێ بیرووشێنێ، ئەوە گەیشتم بەو پلەو پایەی ئەو بە خەیاڵ بیری لێدەکاتەوە دواتر چی، لە سەماکەرێک بەملاوە؟ وەک چەپکەگوڵی سەر مێزی دەوڵەمەندان، هەرگا بۆنم برا، فڕێم دەدەن. ئاخۆ ئەمە بۆ منداڵەکانم لە نێو هاواڵ و هاوتەمەنی خۆیاندا، لە نێو خەڵکی شار و دێدا نابێتە مایەی سەرشۆڕی و کەسری شانیان؟ ئیتر باسی نەهامەتی لەوە گەروەتر ناکەم، ئەگەر بێتوو براکانم پێبزانن چۆن ئەمەیان بۆ قەبووڵ دەکرێ، چۆن سەرم ناتاشن و نامکەنە پەندی ئاوایی، خۆ ئەگەر بە قەولێک بە نەفرینم بکەن و فڕێشم بدەن هێشتا دەزانم لە نێو خەڵکدا سەریان هەڵنایات، ئەوان کوردن و کوردیش بێغیرەت نییە، هەر لە کۆنەوە بۆ جوامێری بەنێوبانگن، ئەگەر زووتر لە بیری خۆمدا نەدەبووم، ئەو داوو و تەپکەیەی لە دەست و پێی من هاڵاوە سوور سوور دەزانم هەتاکوو ئێستا لە ئەوکم توند ببوو ئەستۆی هەڵبڕیبووم هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر بە گزی و دەهۆ ئەم بوونەوەرەم ڕاگیر کردووە، وەختێ دەتوانم لە دەستی ڕزگار بم و لەو ماڵەدا نەمێنم، کە هەرچی ئەو داوای دەکا و لە منی دەوێ کەم و زۆر پێیبدەمەوە، تەنیا هیوایەکیش ئەگەر هەمە سۆز و دڵۆڤانی تۆیە و بەس. حەز دەکەم بە شێوەیەکی گونجاو و حەیابەخۆ لەوێ بێمە دەرێ، دەرچوونم لەو ماڵە ئاوا بە پەنامەکی و بەدزییەوە زۆر ژیرانە نییە، چونکە دوارۆژێک هەیە و سبەی چاومان بە چاوی یەک دەکەوێ، دوای ئەوەی دەمەوێ لەم شارەدا بژیم، نەخۆشییەک هەیە لە ناوچەی باشوور، بە «پیوک» بەناوبانگە، نازانم بیستووتە یان نا، ئەمە

حسێن‌خان بۆی باس کردووم، شوێنێک لە جەستەی نەخۆش وەخوروو دەکەوێ، ئەو شوێنە دەبێتە برین، سەری کرمێک لە بن پێستەکە دێتە دەرێ، وای تەزم پێدادێ! نەخۆشییەکی پیس و بەئازارە، ئەگەر ئەو کەسەی تووشی بووە، بە بۆنەی ژان و ئێشەوە ئاگای لە خۆی نەبێ هەوڵ دەدا سەری کرمە بگرێ و ڕای‌کێشێ، بێ‌خەبەر لەوەی سەری کرم بە دەستییەوە دەپچڕێ و نەخۆشییەکەشی لێ پێس دەبێ، ئەو دەرد و خەمەی ئاوقای من بووە، کاکی‌برا، زۆر وەک ئەم پیوکە دەچێ، چاک‌بوو ئەم قسەیەم لە بیر مابوو، بەیانی کە هاتی بۆ ئەوێ تاکوو ئەوجێیەی دەتوانی هێدی و لەسەرەخۆ بە، بەشکوو کارەکە بە خێر و خۆشی تەواو ببێ، تا ئەو جێییەی بۆت دەکرێ، هەوڵ بدە ڕازی بکەی، هەر وەکوو گوتم، تا ڕادەیەک خۆشت دەیناسی، ئەو پیاوە پیر و نەخوشە بێ‌قرم و قاڵە، بێجگە لە تەماحی ماڵی دنیا کرمی هەوا و هەوەسی مردووە، عەشق و هۆگری بە هونەر، حەزێکی ڕووراست و حاشاهەڵنەگرە، بەڵام وەختێ ڕووبەندی لەسەر شەرم و حەیا هەڵگرت، ئیتر دەبێ لەبەری هەڵێی، خۆت دەزانی حەیا دڵۆپێکە، ئەگەر ڕژا تازە هەڵناگیرێتەوە، ئەو پیاوە ئەگەر دوور بێ لە هیچی و پووچی و پەستی لە زمان‌شڕی، دوور نییە لە دڵپێسی و ڕق و قین. من باش ئاگاداری ئەم لایەنەم، حەز ناکا، دەست‌خەرۆو بێ، ببێتە گاڵتەجاڕی ئەم و ئەو. ئەمەش بەجێی خۆی نابێ ژنەی لە بیر بکەین. ڕووشکێن و قسەڕەقی وەک خۆی کەم هەیە، سەبارەت بە من هەر باس و خواستێک بێتە گۆڕێ، لێم دەبێتە کرمی نێو برینی پیوک، ئەگەر بۆ جارێک بەم حەزە درۆزنەوە تەواوی دۆستانم لە خاسی و خراوی ئاگادار کردەوە، ئابڕۆی خۆم پێ‌برد، خۆ ناشکرێ وەک دێلی قوڕاویم بەسەر بێ، ئەگەر دەروجیرانی کۆنم دەزانن کەسێکی ئاخرشەڕم، هێشتا قسەیەکی وایان وەڕوو نەداوم لە دڵم کار بکا، زمانی خەڵک بەڵای خوایە، برای بەڕێزم، حەز ناکەم تووشی ئاواها چارەنووسێک بم، دەمویست ئەمە بێژم، ئەم پیاوە لە مێژە بە هیوای پووڵ و پارەی سوور و شین، کە سبەی خەڵکی خۆش‌گوزەران و دڵتەڕ بە دەرزیلە لەسەر سنگی سەماکەری تازەکاری دەدەن لە خۆشحاڵیدا ناوی خۆی لە بیر چۆتەوە، وەک مەڕی بەرخ‌مردوو لە خۆیم دوور ناخاتەوە، با دەست‌بەرداری هەمووشت بم، ئەو جێی باوکی بۆ من گرتووە، بە ناوی کچم کچم بانگم دەکا، دەڵێ تۆ لە جێی نێرگزی، هەر وەختێ لە کارەکەت وەڕەز بووی یان نەتتوانی، بە مێردت دەدەم و جیازی باشت ڕەگەڵ دەخەم، بەڵام حەز دەکەم مێرد نەکەی. لام وایە دەبێ تۆ وەک مۆمێک کە دەسووتێ و خۆی دەکاتە قوربانی گڕی ژیانت لە ڕێی هونەردا ببەخشی نەک هونەر بکەی بە قوربانی ژیان، سەر لەبەری ئەو هونەرمەندە گەورانەی، کە ناو و ناوبانگیان کەوشەنەکانی بەزاندووە بەم‌شێوەیە

بوون، منیش تەنیا گوێی لێدەگرم و هیچ نالێم. لەم گشتە بەهارە کێڵەی کە بۆخۆی دادەچێنێ تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆم قرۆقەپم کردووە و حەیای خۆمم پاراستووە  و لە قۆزاخەدا خۆم شاردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر لە قوڵکەدام بەر نەبمەوە نێو چاڵاوێک تا ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆتەوە، ئەو هەست و سۆزەی ئەو سەبارەت بە من چۆن هەست و حەزێک بووە، بەڵام بە درێژایی تەمەنم ئەوەندەی لە دنیا حاڵی بوویبێتم بوونەوەری ئەوەندە سەیر و سەمەرەم نەدیوە، ئەگەر سەری بگاتە پەرپەرۆچکەی ئاسمان دیسان لاقی لە سەر زەوییە، پابەندی زەوییە، ڕەگێکی لە حەیوانە؛ زولجەناحەینە، باڵی فریشتە و جەستەی ئەسپی هەیە زۆر باش دەزانم، ئەوەی لە دڵمدایە، ئەگەر بۆم هاتبایە سەر زمانم بەڕاستی لە هەمووشت دڵساردم دەکردەوە، ئەگەر ڕاستت دەوێ بە چەقی غەزەبدا چووە ئاوری لە چاو بۆتەوە، لە ڕق و قیندا چی خراپە دەستی لێنەدەپاراست، وازی دەهێنا لە خاپاند و درۆ و دەهۆ دەیزانی تازە ئەمانە بە کاری نایەن، لە چەشنی دێو و بەراز لەگەڵم دەجووڵایەوە، ئیتر پشتی دەکردە خوو و خدەی مرۆڤایەتی، دیواری حەیاو حورمەتی دەڕووخاندم، وەک تاووسی هێندووستان پەڕو باڵی ڕەنگینی دەکردم، وەک مەلی ئەوسانان شاپەڕی دەسووتاندم، بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە، یان هەر نەبێ بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەبەردەستیدا بم، پێمدەڵێ تەنانەت ئەگەر ناوێری لەم شارەدا دەستبەکار بین، یان ئەوەی لە کۆنەمێردەکەت و لە خزمانت دەترسی، واز لە هەمووشت دەهێنین و بارگەی سەفەر هەڵدەگرین، چ جێیەکمان پێخۆش بوو ڕوو لەوێ دەکەین، هەرجێیەک بە دڵی تۆ بێ، بۆ من زۆر گرینگ نییە، کچەکەم لەبەر مێردەکەی تازە لێرە هەڵناکەندرێ، تۆ بۆ من جێی ئەو دەگریەوە، تۆم لەگەڵدا بی، دووری ئەوم لە بیر دەچێتەوە، هەرچی تۆ بڵێی قسەت ڕەت ناکەمەوە یەکەم تۆ، دووهەم ئەو تارە کە بەلامەوە زۆر خۆشەویستە، یەحیاخان کاتی خۆی بە دیاری پێیداوم، دوای ئەمانە ژن و منداڵ، ئاخۆم لە وەڵامدانەوە بە گومانی؟ بۆ ئەوەی قسەیەکم کردبێ و لە ڕاستیدا لە بیری داهاتوودا بم بێدەنگیم شکاند و دەنگم کرد، هەڵبەت ئێوە خۆتان باشتر لە من ئاگادارن، کە دەستپێکردنی سەمای کچی باوان، وەختی هاتووە، من لەو شارەدا گەورە بووم دەزانم چییە و چۆنە، دەزانم چ مەترسییەک لە ڕێدایە، بەڵام هەر ئەم یەک وشەیە لیمبوو بە خۆرە، بۆ بەیانیدا هەر خەڵک بوو دەهاتن ماڵەکەی بەکرێ بگرن، هەر بۆیە ڕێگای بەرودوام لێگیراوە، جەمسەری دنیام لێوێک هاتۆتەوە، ئەمیش کەوتۆتە پەلەپرووزێ، ڕەمەزان ڕوو لە تەواوبوونە و بەهاریش لەڕێدایە، گوڵی بەهار لەگەڵ کاری ئەو سەر هەڵدەدا و دەستپێدەکا، وەختێ من زانیم لەسەر سەفەرە و ماڵەکەشی بەکرێ دەدا، باروبنە

دەپێچێتەوە و شۆخی وەڕاست دەگەڕێ، پەشیمان بوومەوە لەو یاری و دایە مەمدە بە گورگەیەم، تەنانەت بەم پەژیوانییەشی زانیم، بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی بە گرژی و مۆنییەکەوە تاکوو ئەم سەعاتە قەتم وا نەدیبوو لێیپرسیم:

یان ئێرە، یان جێیەکیتر، دەڵێیچی؟ زۆر زوو فکری لێبکەوە و وەڵامم لێت دەوێ!

ئێستا سێ ڕۆژە بۆ ئیمزاکردنی قەولنامەکەی دەستی دەستی دەکا، بە بوون و نەبوون چاوەڕوانی وەڵامی منە، دەیهەوێ هاوڕێ لەگەڵ یەکێ لە شاگردە باشەکانی و خێزانی کە لە ڕاستیدا خەڵکی ڕەشتە، بچینە دەرو دەشتی باکوور یان تەورێز.

هوما، بە شێوەیەک قسەکانی خۆی تەواو کرد وەک بڵێی لە بەرامبەر کارێکی جێبەجێکراودا ڕاوەستاوە و لە خۆبەدەستەوەدان بەولاوە چارەیەکیتری بۆ نەماوەتەوە سەری خۆی داخست و لێوی بە ددانی گەزی. سەیمیران لە بنەوە سەیرێکی ڕوخساری کرد، جوانی و بەختەوەری ئەدگاری دەتگوت هەتاوە لە پاش لێکردنەوەی بارانێکی خۆش لە بن هەوران سەری هێناوەتە دەرێ، دواتر بە نازێکی مەندەوە سەری جووڵاند و بە شێوەیەک کە ترسێکی خۆڕایی گاڵتەی پێدەکرد هەر لەوکاتەشدا هۆی دڵنیابوونی ئەو بوو گوتی:

- سبەینێ بە بوون و نەبوون وەڵامی دەدەمەوە، تۆی لەگەڵ خۆی برد و ئیتر ڕۆیشت، ئەو وادەزانێ ئەم وڵاتە بێخاوەنە!

هوما بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

- بەم بەدبەختی و کڵۆڵییەی من بەسەر خۆمم هێناوە، دەترسم ئەوەندەی دیکەش تووشی نەهامەتی ببم. بەخوا ئەگەر ئامۆزاکەم دەبیستێ وەختێک بەم کوچە و کۆڵانەدا هاتووم و چووم، کراسی قورئان لەبەر بکەم هێشتا باوەڕ ناکات و گوشاوگۆش سەرم دەبڕێ. دەی، تاکوو چەند چرکەیەکیتر بەجێت دەهێڵم، ماڵەکە هەر لەم کۆڵانەدایە یەکەم خانوو دەستی چەپ، لەوە زیاتر لەگەڵ من مەیە! لەوانەیە ئێستا ژنەکەی لەبەر دەرگای حەسارێ یان خۆی دابێتە بەر سێبەری دیوارەکە و چاوەڕێی من بێت، بێتوو بە یەکەوە بمانبینێ ڕیسەکەمان لێدەبێتەوە بە خوری، ژین و مانم بە تۆو تۆش بەم خوایە دەسپێرم کاکی خۆم. دیسانیش لێت دەپاڕێمەوە سبەینێ ئەگەر هاتی ئەوەندەی دەتوانی هێدی و لەسەرەخۆ بە، بە نەرمی لەگەڵیان وەجووڵێ، بیر و مێشکی خۆت بخەکار، لە بیرت نەچێ ڕەنگە بێجگە لەم دوو بابەتە کە بۆم باس کردی بییانووی دیکەش بگرێ و زۆرتر داوا بکا، لەو ماوەیەدا مەشقی پێکردووم پارەی لێمگەڕەک بێ، کراسێکی تۆڕی و جووتێک

پێڵاوی پاژنە بڵندی بۆ سەندووم کە جارێک لەبەرم نەکردوون، هەر لەکن خۆشی داماون، وست! ئەها یەکێک بەرەو ئێرە دێت، ژنە چاوبەست و دەمتەڕەکەی حسێنخانە! دەزانم بە دوای مندا هاتووە، دەیهەوێ بزانێ بۆ وەدرەنگی کەوتووم. بەوەی چاکە شەوکوێرە، ئەوە خۆی بە کۆڵانەکەدا کرد، دوانیوەڕۆیەک بەتەما بووم لە ماڵێ دەرکەوم، باوەڕی نەدەکرد بمهەوێ منداڵەکانم ببینم، دەیویست وەدووم بکەوێ، چووزانم ڕەنگە تاکوو ئەو گەڕەکەش بە شوێنمەوە بووبێ.

هوما هەڵوێستەیەکی کرد دیاربوو حەزی بە ڕۆیشتن نەدەکرد، دەستی کردەوە بە سرتە سرتەی خۆی:

ـ لەوە زیاتر با سەرتان نەهێشێنم، سەیدگیان ئیتر خۆت و خوای خۆت، تۆ هەموو کەسی منی!

سەی‌میران بە تێڕامانێکەوە کە سەری لەو کارە سووڕ مابوو، وەڵامی دایەوە:

ـ زۆر باشە، من غولام و خزمەتکاری ئێوەم، پشت بە خوا دەبەستم، ئەو کارسازی هەموو کارانە، ئێمەی بەندە چمان لە دەست نایا، داوای چی دەکەن لەوە دڵنیابە سەرپێچی ناکەم، ژیان و نامووسی تۆ دەپارێزم، جارێ تا سبەینێ ماڵئاوا.

ـ خواحافیز کاکە سەید، دوای سێ مانگ و نیو ترس و خۆف ئەمشەو لە سایەی سەری تۆوە تێر دەخەوم، ئەوەڵ خوا و دووەمیش تۆ، هەر لێرەوە بگەڕێوە.

بە پەلەپرووزێ و بە دابی پیاوان دەستی لەگەڵ لێکداوە و بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بە خێرایی خۆی کرد بە کۆڵانەکەدا، سەی‌میران چەند چرکەیەک لەوێ ڕاوەستا، هوما لە دەرگای دا، بە دەنگی دەرکەژەنە ژنێک کە لەوە دەچوو خێزانی حسێنخان بێ دەرگای کردەوە، فانووسێکی بە دەستەوە بوو بەر لە هەمووشت چراکەی لە دەمووچاوی بردە پێشێ و لەم بێوەژنە جوانە ڕاما:

ـ دا تەماشامکە بتبینم، چاو و دڵت ڕوون، وادیارە منداڵەکانت بینی، کچی خۆم ئێمەش هەر ئەمەمان گەرەکە، سەبارەت بە هەمووشت خاترتجەم بێ، وەرە ژوورێ چت دیوە لە نووکەوە بۆمان بگێڕەوە!

هوما بە دڵتەنگییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هەر وا چووم و هاتمەوە، بریا ملم بشکابا و نەچووبام، هەرچی لەم کاول‌بووەدا زۆرم قسە نەرکرد و زمانی خۆم گرێدا! لەگەڵ ئەم خوشکە سەرشینەی ئەم دشە داماوەم، دەتوانم چی‌بێژم. لەپاش دوو سەعات بێنەوبەرە دەتەوێ چیم دەست کەوتبێ؟ لە نێو قسەکانمدا بەبێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ ناونیشانی ئێرەم پێدا، خوا بکەم لە بیری چووبێتەوە، قەیدی چیدەکا، خۆ من نەچوومەتە

قەحبەخانە، تاکوو ئابڕووم بچێ، ئێرە ماڵی هونەرە، نەک توور و گێزەر، ئەوانیش لە ئەوەڵەوە دەیانزانی شێت و شەیدای هونەر بووم.

سەی‌میران بە دڵەڕاوکێوە، دوور لە بیر کردنەوە تاکوو نێوقەدی کۆڵانەکە ڕۆیشتبوو، هێشتا بە جوانی گوێی لە دەنگی ئەوان دەبوو. پیرێژن گوتی:

- ئەرێ کچی خۆم، بە کاری چی‌دێ، ماڵی کەست نەبردووە تاکوو بێن لێت بستێننەوە، نە کارێکی دزێوت کردووە، نە خراپەی کەسیشت وتووە، لەمەش بەملاوە تۆ بۆیە لە داری گەنمت خوارد بۆ ئەوەی لە بەهەشت بێیە دەرێ، لە کۆنەوە گوتوویانە سێ شت گەنج و جحێڵان دەکوژێ، دەردی عەشق و دووری یار و شەرمەزاری، لە زمان تۆوە بە مێردەکەم گوتووە هەر لێرە دەمێنینەوە، خۆ شارەکەی خۆمان تاعوون و گولیی تێ‌نەکەوتووە، هەر ئاوا سووک و هاسان بەجێی بێڵین و ڕوو بکەینە غەریبی، بەڵێ کچە جوانەکەم، ناوبانگ و سەرکەوتنت، هەر وەکوو حسێن‌خان باسی دەکا ئامێزی بۆ گرتوویەتەوە، دڵنیابە دەگەیتە جێیەک ئەوەی ئافرەتە بەخیلیت پێ‌دەبا، تۆ نازانی ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە هەرچی پیاوە ئاخ هەڵدەکێشێ بۆچی خوا نەیکردن بە ژن، ئەم جوانی و هونەرەی تۆیان بەقسمەت بووبا. بۆ ئەوەی هەوادار و ئاشقانیان وەکوو تۆ زۆر بێ!

جیڕەی دەرگای ژوورێ بە ئاستەم بەرگوێ کەوت ئەم‌جار هوما دەچووە باوەشی ژوورەکەوە، لەوکاتەدا سەی‌میران بە دڵ و مێشکی پڕپڕ لە فکر و خەیاڵەوە لە کۆڵانی تاریک و سێحراوی پیشەگەران دەچووە دەرێ لەبەر خۆیەوە گوتی:

- بۆ ئەوەی پووڵ و پارەیان وەچنگ بکەوێ عەجەب کارمامزێکییان ڕاو کردووە! ئەو مێردە ماڵوێرانە و سەرلێشێواوەی بڵێی چ بوونەوەرێک بووبێ ئاوا بە هاسانی پشتی کردبێتە ئەم سەروەت و سەفایە؟ چۆن دڵی هاتووە لەم حۆری و پەرییە دوور بکەوێتەوە؟ کێ دەزانێ، هەنگووین و کەلارەیان نەگوتووە، سەیرە! سەیر! جوانی و بەژن و باڵای ئەو ژنە سەری خواردووە و بۆتە بەڵای گیانی! لەوانەیە کابرا لە خۆشیاندا شێت بووبێ و نەیزانیبێ لەگەڵی بحاوێتەوە، قولە ڕەشە لەبەر تیشکی مانگەشەو جوانە، مێردی داهاتووی هەرکەس بێ هەر لە ئێستاوە بەختەوەرە!

شەوەکی ئەوەندە دوور نەبوو بەم خێراییە بگاتە بەردەمی، سەی‌میران سەراوی ئەگەرچی بە ڕوونی نەیدەزانی چی ڕوو دەدا، هەر وەک شێوەی خێرومەندان جوان و لە پێش چاوە بچووکترین ترس و دوودڵی لە خۆیدا هەست پێ‌نەدەکرد، چونکە دەبوو دەستی پەرییەکی بلوورینی دەریایی

بگرێ که دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردووە و یارمەتی لێدەخوازێ، ئەویش چ دەستێک هەر وەکوو گوتم لە چەشنی بلوورناسک وەک پەڕەی گوڵ، بۆ ڕزگارکردنی ئاوا زیندەوەرێک غیرەت و جوامێری گەرەکە هەر بۆیە میران زور مێرانە باسکی لێهەڵمالیبوو، بەتەمای ڕزگارکردنی تاووسی ئاڵتوونی بوو لە قەڵای دێوان. بۆ نەجاتدانی حەیا و ئابڕو هەستابووە سەرپێ. ئابڕوویەکی لێقەوماو هەرگا بچڕژێ و بڕووخێ لە هیلاکەتدا، گەرەکیان بوو وەک مەسیح بە گوڵمێخی ژەهراوی بە خاچیدا بکەن و دڵی نابەکارانی پێ بدەنەوە، ئەوە تاقیکردنەوە و ئەزموونێکە بە نسیبی مەزنە میران دەبێ وەک دەڵێن دار پیر دەبێ و جارێک باز بە سەریەوە دەنیشێ، ئاخۆم لەم دەورو زەمانەدا، هەرکەسە و بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی لینگ دەدا، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی ڕۆح نییە لە مەیدانی جلیتان و ڕمبازێندا؟ سەبارەت بەم بابەتە بە پێویستی نەدەزانی لە کن ژنەکەی دەنگ بکا، چونکە ژنان لە دەست باری کاری چاکە و خێراتدا قەت لەگەڵ پیاوان نین و ناشبن. بەم جگەرەکێشانەی کە نەیدەکووژاندەوە؛ لە نێو جێگاکەیدا، ئەم شەوە هەر نەنووست و خەریکی بیر کردنەوە بوو، ئاسکە کەوتبووە گومان و دڵەڕاوکێوە، بیری لەوە دەکردەوە ئەم پیاوە خێرومەند و بەختەوەرەی بەم گشتە سەرقاڵییەوە، نەکا تووشی کێشەیەک هاتبێ، هەر شتەی ئەگەر لە جێی خۆی دابنێن، کەینوبەینی نێوان سەیمیران و هوما مەتەڵێکی خستبووە بەردەمی سەیمیران، خۆشی نەیدەزانی چۆن سەرەندەری بکا، بەڵام ئەو پیاو بوو، پیاوان ئەگەر نەتوانن ڕەوتی ژیان و کاروباری خۆیان پێشبینی بکەن چارەنووسی خۆیان بە ڕەوت و ڕووداوی ڕۆژگار دەسپێرن، لە ڕێگەی ژیاندا مانەوە بە باش نازانن. ئەو زۆر بیری لە کێشەی حسێنخان نەدەکردەوە، هەرچەندە هوما وەک ڕمۆزنێک ناوی دەبرد، لە پێشچاوی سەیمیران کردبووی بە دێو و درنجێک، ئەو بیری لە خەزێنەیەک دەکردەوە لە شانس و بەخت یان پیلانێکی شەیتانی زۆر زیرەکانە (سەیمیران دڵنیا بوو پلانێک لەگۆڕێدایە) بە نسیبی ئەوی کردبوو، لە دنیای خەیاڵی خۆیدا بێستوون و تاقەوستانێکی دیکەی هەڵکەندبوو، هومای لەو تاقەدا بەسەر پشتی سەودێزەوە دەبینی بە بۆنی بسک و ئەگریجەی مەست و سەرسام ببوو، بەڵام بە چ بیانوویەک، بە کامە غیرەتەوە، دەیتوانی مرۆڤێک کە خاوەنی هەموو مافێکی ئازادی و ئینسانییە لە زیندان «لابیرنێت» و ڕکەی پێچەڵاوپووچی خۆیدا بەندی بکا؟ خوێڕیە پیاوی ئاوا، نازانێ دەست و دەمی بشوا پارووی لە قەدەر زاری نییە، ئەگەر کەللەی کای تێدانەبا، دەبوو بەبێ سەرئێشە هوما بە دەستەوە بدا، بۆ ئەوەی دوا ڕۆژ دار و فەلاقەی نەکەن، ئەوانە فکر و خەیاڵێک بوون لەو شەوەدا لەسەر مێشکی سەیمیران پوورەیان دابوو، ئەو چ شتێکی

سەبارەت بە زیندانی خەیاڵی لابیرنێت کە پاسەوان و حەساری پێویست نەبوو چیوای نەدەزانی بەڵام مانای ئەوی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەزانی، بۆرە پیاگی سازژەن، لەگەڵ تاو کەوتنی بەیانیدا بە دەنگی دەرکەژەنەی ماڵەکەی وەخەبەر هات، کەس نەبوو بێجگە لە نانەوای ناوبەدەرەوەی شار، تەلاری فکر و ئاواتی لەپڕ تێکرووخا، چما دڵی لە لێدان کەوت، وەک ئەوەی خوێنی لەشی تەواوو بووبێ، ڕوخساری بوو بە لیمۆی بێئاو، مۆغەرەی پشتی کەوتە لەرزین، بەمحاڵەشەوە دەخۆی نووسا بەسەر پێوە خۆی ڕابگرێ، ئەگەرچی ئەم دوو پیاوە، لەمێژ بوو یەکدییان دەناسی بەیەکەوە سڵاو و عەلێکیان ئەکرد. باری هەناوی ئەوان وەکیەک سەخڵەت بوو، هەر بۆیە هیچکامیان پێشدەستییان نەکرد. سەیمیران، لەو کاتەدا لێوی باری گرتبوو، ورەی دا بەخۆی و لێیپرسیی:

ـ کارم بە خانمێکە کەڵەگەت، ددانێکی زێڕی لە دەمدایە بە ناوی هوما خاتوون، ناوونیشانی ئێرەیان پێداوم، بەڵێ ئێرەیە، یەکەم دەرگا دەستی چەپ، مەنزڵی حسێنخان پێموانییە، هەڵەم کردبێ، مێردەکەی ڕایسپاردووم بەشکم بتوانم پێکیان بێنم، ئاشتیان بکەمەوە و وەک جاران بچێتەوە سەر ماڵوحاڵی خۆی.

بە دەم ئەم قسانەوە چاوێکی بە دەوری خۆیدا گێڕا و بە زمانی لێوی تەڕ کرد. ژنەکەی حسێنخان بە سەرو پرچێکی سوور و پەرێشانەوە، هاتە بەردەمیان پیر و ژاکاو تڵپانی تەڕی تێدا نەمابوو پسکە پسک گوتی:

ـ خانمە دانئاڵتوونییەکە مێردەکەی تۆی ناردووە؟ هەر ئەو پیاوەی سێ تەڵاقەی ناوەتە مستی؟ زارا ئەم کابرایە چی دەڵێ؟ چۆن شتیوا دەبێ؟!

سەر ڕێگاکەی بەردا تاکوو سەیمیران چووە نێو داڵانەکە، قسە و کرداری ئەم ڕەسووڵە بەم کەڕەی بەیانییە هەڵگری پەیام و دەسەڵاتێکی تایبەت بوو خورپەی خستە دڵی ئەم ژن و مێردەوە، ئیتر بتەوێ و نەتەوێ ئەوانی سست و بێدەسەڵات دەکرد، حسێنخان کە دەستێکی کەوتبووە ئەملاو دەستەکەی دیکەی کەوتە ئەولا، چوو تۆزێک دوور ڕاوەستا، مەحتەل مابوو بزانێ ئاخری کار بەکوێ دەگا، لە سووچی حەسارەکەوە مۆڕەیەکی لە ژنەکەی کرد و بە ئاماژەوە گوتی:

ـ نەمگوت مەهێڵە بە تەنیا نەچێتە دەرێ! هەڵۆ دەیڕفێنێ ئەوە بە چاوی خۆت دیتت.

وەختێ هوما، چارشێو بەسەر لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرێ لە ژوورێکی بە قوڕ سواخدراو لە سووچی حەسارەکەدا حسێن تەپڵچی بە نێوچاوانی پڕ لە غەزەب و شەڕەوە کە دڵپیسی و

لاساری پیوە دیاربوو تیی‌ڕاما بزانێ چۆن لەگەڵ ئەم ڕاسپاردەیە ڕووبەڕوو دەبێ و کارەکە بە کوێ دەگا بەڵام هەر لەو کاتەشدا زمانی ژنەکەی وەک چەقەنەی ئاش لە کار نەدەکەوت:

ـ من باوەڕ ناکەم، شتی‌وا هەر نابێ، چوار مانگە مێردەکەی هەواڵێک لە ئەو نازانێ لێی نەپرسیوە، نا، ئەم ژنەش شتی‌وا قەبووڵ ناکا!

بەڵام ئەم ژن و مێردە چاوبەستانە دەشیان‌زانی دەبێ بکشێنەوە و خۆ لەو کارە هەڵنەقوتێنن، وا خۆیان نیشان بدەن کاریان بەسەر کاری خەڵکەوە نییە. کارێک نەکەن بە زیانی خۆیان زمانیان بگەڕێ هەرچۆنێکە ڕێگە نەدەن ئەم تەوارە دەستە مۆیە لەمماڵە هەڵفڕێ، هوما بە هاتنی سەی‌میران تەواو دڵنیابوو کە درۆی لەگەڵدا نەکراوە، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی پەلەپەل لە خۆی نیشان بدا ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و هاتە بەردەرگای دالانەکە، بەڵام پێش‌ئەوەی قۆڵی کەواکەی سەید ببینێ ڕووی وەرگێڕا هەنگاوێک کشا دواوە، لەوکاتەدا خەریکی ڕاستەو پاستە کردنی چارشێوەکەی سەری بوو بەجۆرێک خۆگێل کردنی ژنانەوە گوتی:

ـ شتی‌وا نابێ، ئەگەر بە تەمای چوونەوە بام، بۆچی تەڵاقم وەردەگرت، خۆ شێت نەبووم دەستیان لێ‌نەوەشاندووم، کەسیش ناچاری نەکردبووم، نا، قسەی کەس هەڵی‌نەفریواندووم، ئەوجاریش کەسێک ئاوا خێرا لە کردەو کاری خۆی پاشگەز ببێتەوە، کەسێک کە دەزانێ تاقەتی دووری نییە و بەرگەی جوودایی ناگرێ بۆچی دەبێ نەزانێ لەگەڵ ژن و منداڵی خۆی نەسازێ؟ چۆن دەبێ ئەوەندە زمان شڕ و ئاکار پیس بێ، بۆ پێی‌وابوو لە کووچە و کۆڵانان هەڵی‌گرتوومەتەوە، شەل و کوێر و نووقسانم؟ خێر و خۆشیم لێ‌نەدیوە دەرد و ئازاریشی لە بیرم ناچێتەوە، دڵ بە چی ئەم پیاوە خۆش بکەم و بگەڕێمەوە بۆلای؟ ڕاست دەکا؟ لە ڕەفتار و کرداری خۆی پەشیمان بۆتەوە؟ لەمەودوا بۆم باش دەبێ و تاڵاوم بە گەروودا ناکا؟ لێم‌دەگەڕێ چۆن پێم خۆشە لەو ماڵەدا هەستم و دانیشم؟ زۆر باشە، منیش قسەم نییە، بەڵام ئەو خوشکە سەرشین و کتکە نەوتینەی کە بۆتە دڕووی نێوان مەم و زینان، چاوی دووسەرەی پێم هەڵنایا، لەوێ لابەرێ، نابێ ئەو لەو ماڵەدا بێت، ئەوجار ئەگەر بەڕاستی ژنی دەوێ بنێرێ بە شوێنمدا، بە نانی وشکی ڕازیم بەڵام لەگەڵ سەگ ژیوار ناکەم، شتێکی‌تر، ئەو منداڵانەی بۆ لێ‌سەندووم؟ چ قازانجێک دەکا؟ گەرەکیەتی لەوە زیاتر دەردم پێبدا، یان ئەوەی حەز دەکا ئەم هەناسەساردانە بێ‌دایک ئاوارەی کووچە و کۆڵانان بن هەر سەعاتەی یەکێ چەپۆکیان پێدابدا، کامیان؟! ئەگەر پێی‌وایە ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی من پەشیمان ببمەوە، ئەوە دەبێ بزانێ بەهەڵەدا چووە، بە منداڵەکانم ڕاوی من دەکا؟

باشترە دەستبەرداری ئەم گشتە نەفامییەی بێ منداڵەکانم بۆ بنێریتەوە، من ئەوەندەی پێویستم بە منداڵەکانمە ئەوەندە پێویستم بە نان و ئاو نییە، چ بگا بە مێردکردنەوە هەر بیریشی لێناکەمەوە، ئەوەی دەیڵێم لە قووڵایی دڵمەمەوە دێتە دەرێ، بەبێ زیادو کەم، هەڵبەت نان و نەفەقەی ئەم چوار مانگەش لە گۆڕێدایە، من هەر ناوی ناهێنم، کەسێک ئاوا بایدابێتەوە و ئاقڵ بووبێ ئەشێ دەرکی ئەم شتەشی هەبێ؟

هوما بە فیزێکەوە چاوێکی لە کچەکەی زارا و دایکی کە لە قەراخ حەوزەکە ڕاوەستابوون قرتاند، پیرێژن بە جووڵەیەکی نەشیاو لۆی چارشێوەکەی گرتوو واوەی هێنا، بۆ ئەوەی بە گوێیدا بچرپێنێ: نایەکی پێبڵێ و بۆ هەمیشە خۆت ڕزگا بکە، با ئەویش سەرینی خاترجەمی بنێتە ژێر سەری، کچەکەی ئەوی هێنا ئەولاوە بە دەنگێک تەنانەت سەیمیران گوێی لێبوو بە ڕوویدا هەڵشاخا:

ـ دایە، تۆ چیت بەسەر کێشەی خەڵکەوەیە، بۆچی بەرد دەخەیە سەر ڕێی ئەم و ئەو؟ خۆ ئێمە لەو نێوەدا ئاڵقەو لەرزانەی دەف و دایرە نین. هەرکەسە و بۆخۆی دەزانێ چۆن بژی، بۆچی خەریکی نووشتەی ڕەش دەنووسی؟ ئەو بەستەزمانە لەو پیاوە منداڵی هەیە!

هوما ڕووی کردە سەیمیران، ئەم قسانەی ئەم ژنە لە بیری بردبۆوە زمانی بەرۆژووە، خەریک بوو بۆ پێچاندنەوەی جگەرەیەک بچێتە بان سەکۆی بەرهەیوانەکە دانیشێ، هوما بە نەرمی گوتی:

ـ کاکەگیان هەروەک گوتم، لە پێشدا منداڵەکانم بداتەوە، بزانم بە دەستییەوە ماون، کەسێک گرێژەنەی دەرگایماڵی خۆی خراپ بکا، دەرگاکەی چۆن فڕێ نادا، ئەو با پیاویش بێ هەستی دایکانی نییە، هەتا لەو بەستەزمانانە دوور بم ناتوانم بێخەم دابنیشم و لەگەڵ ئەو قسە بکەم. مەل و مار بێچووی خۆی خۆشدەوێ چبگا بە ئینسان، لە پێشدا منداڵەکانم بۆ بنێرێ با چیدی لە دوورییان هەڵنەچۆقم با لەویش دڵنیا بم کە بەراستی هاتۆتە سەر ڕێگای ڕاست، ئەم پیاوە لە ئەمڕۆوە دەمڕاست و کارسازی منە، هەرکارێک، چ قسەیەکیان هەیە بەم پیاوەی بێژن، تەواو بوو.

بەم هێمایەوە مەبەستی لە حسێنخان بوو، ئەمەی گوت و گەڕایەوە بۆ ئەوشانی حەسارەکە، وەختێ سەیمیران لە دەرگای ژوورەکە دەچووە دەرێ قاقای ژنەکان هەتا دوور کەوتەوە بەڕێیکرد. ژیرانە تێگەیشت ئەم خاتوونە خاسە چارەی هەر ئەوەبوو بەمشێوەیە ڕەفتار بکات و بێتەگۆ، بەم گوتە و هەوایە تەواو دڵسارد ببۆوە، دەیان بیرۆکە وەک خەرەنگەز شاڵاویان بۆ هێنابوو. بیستبووی ئەوەی دڵی خاوێنە خەونی خۆش دەبینێ، بەڵام هیچ کارێک بێزەحمەت نابێ.

شوکری خوای کرد لە کاتی قسەکانی ئەم ژنەدا جگەرەکەی دانەگیرساند. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: ئەوەی من دیتم پارووی هەموو کەس نییە، بەڵام حەیف، بە هەزار تمەن بەنانێکە، ڕۆژێک دواتر لەگەڵ گەرمبوونی تاووبان خۆی گەیاندە دووکانی حسێن تەپڵچی لە گەڕەکی حۆریاوا، ئەوێ گوزەرێک بوو بە درێژایی کەمتر لە دووسەت مەتر ئاڵتوونفرۆش و بەزازان ئاوەدانیان کردبۆوە، ژن و ئافرەتانی جوان و تەڕپۆش ڕوویان تێدەکرد و بەمبۆنەوە تا بڵێی قەرەباڵغ بوو، ئەویش هەر ئەوەندەی دەرفەتێکیان هەبا، بەبێ ئەوەی کاری بازاڕیان هەبێ دەورێکی ئەم گوزەرەیان لێدەدا، ئیتر سەیمیران وایئیشان دا بە ڕێکەوت بەم گوزەرەدا هاتووە، هەروەها ویستوویەتی ئەحواڵپرسییەکی حسێنخان بکا، بەپێی کار و بەرنامەی خۆی تەنیا تایەکی دەرگای دووکانە بچووکەکەی کردبۆوە، جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو، لە نێو کۆگایەک دەسک و کووپی تار و کەمانچەدا، کە لەوانەبوو دوو ساڵێک لەوەپێش لەوێ کەوتبوون، خەریکی ژێلێدان و سازکردنەوەی سازێک بوو. ئەویش بە بێوازی وەک ئەوەی بێگاری پێبکەن. سەیمیران لە پشتەوە سڵاوی لێکرد، بۆ چرکەیەک پاڵیدا بە لاشانی دەرگاکەوە، وەختێ زانی کەس لەو دەوروبەرە ئاگی لێنییە خێرا خۆی خزاندە دووکانەکەوە، لە بەرایدا بە گفتولفتێکی شیرین و پیرانەوە وەک ئەوەی لەگەڵ هاوپیاڵەیەک بێتە ئاخافتن لە کار و کەسپی پرسیی، دواتر بە ڕاشکاوی باسی هاوساماڵە نەشمیلانەکەی هێنا گۆڕێ، واتە هوما خاتوون. حسێنخان مژێکی لە جگەرەکەیدا، بە ساردوسڕییەکی تایبەتەوە گوتی:

- دوێنێ دوای ڕۆیشتنی تۆ قسەی لەگەڵ کردم؛ ئەو هەر لەسەر قەرار و بڕیەی خۆیەتی. هەر ئەوەی تۆ بیستت، حەقی خۆیەتی، سەرەنجام ئەوە خولی ڕۆژگارە بەبێ ئەوەی ڕازی بووبێتین بە هاتنمان دەمانهێنێ و دەمانکاتە قەڵماسکی دەستی خۆی. هەرتاوێ بۆ لایەکمان تووڕ دەدا، هەتا دەمرین دەمانچەوسێنێتەوە. باوەڕ ناکەم لە قەبریشدا بحەسێینەوە! هەر ئەو منداڵانە، کە لە داهاتوودا جێی ئێمە دەگرنەوە، لە پاش ئێمە یادگار و تۆرەمەی ئێمەن لەسەر گۆی زەوی، وەک خۆشت دەزانی ئەوانە بۆ دایک مانایەکیتری هەیە تاکوو بۆ باب، داواکەی ئەو ویستێکی دایکانەیە، ئەو دایکە و حەقی خۆشییەتی. بەڵام با من قسەیەکت پێبڵێم بابی گشت قسەکان بێ، بڕۆ بە شوێن کاری خۆتەوە و وەدووی کڵاوی لار مەکەوە، ئەو ژنە خەریکە منداڵەکانی وەربگرێتەوە و دەبەی پێبکا؛ ئاخۆم تۆ لەگەڵ حاجی بەننا قەوم و خوێشن؟

سەیمیران گوتی:

ـ چ لەوە باشتر ئێمە دۆست و ئاشنای چەندین ساڵەین. لەوەش بەولاوە ئامانجی من کاری خێرە، خۆ دەبێ فکری ئەولاشمان هەبێ. بە عەشقی خولای هەنگاوم هەڵگرتووە، خەمی ئەو منداڵانەمە بە بێدایک هەر ڕۆژێکییان بە مردنێکە. وەک دەڵێن بۆ منداڵ ماڵی بێدایک وەک گۆڕستان وایە، ئەمڕۆ کاروباری خۆم بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی بتوانم گرێ کوێرەیەک لە ژیانی ئەم ژنە بکەمەوە حەز دەکەم لەگەڵ مێردەکەی قسە بکەم بەڵکوو هەرچی خێراتر ئەو ماڵە ئاوەدان بکەمەوە. وەرگرتنەوەی ئەو منداڵانە، وەختێ مارەی بکاتەوە و ئیتر وەرگرتنەوەی چی شتێکیتر لەگۆڕێدایە، ئەو ژن و مێردە کاری خۆیان لە ئەوەڵەوە تێکداوە، ئێستاکە خۆیان پەشیمان بوونەتەوە، دەبێ هەردووکیان بە دڵی یەکدی وەجووڵێن و ئەو نەڵێ سیر و ئەم نەڵێ پیاز، تەباو ڕەبا و سازگار بن، وەستا حاجی، هەرچی هەبێ ئەشێ قەبووڵی بکا، بەڵام من نازانم، لە دڵی هومادا نیم، ئەو بەتەمای چییە.

حسێنخان لەوکاتەدا خەریکبوو گرێی پەردەی تارەکەی بەردەمی بە ددان دەکردەوە و گوتی:

ـ تەواو لە بنی کوولەکەتدا، دەبێ مارە بەجاش بکرێتەوە. تۆ پیاوێکی گەڕیدە و دنیادیدەی، نانەواشت هەیە، ئەگەر نان جوان بە تەندوورەوە نەبرژێ دەبێتە هەڵمەخاو و لەسەر دڵ دەبێ بە قووڕ! دەبێ هەویرەکەی جوان هەڵبێ.

سەیمیران چیوا لەم قسەو باسانە تێنەگەیشت. بە توێکڵەوە قسەی دەکرد.. نەیدەزانی دڵی ئەم کەوڵە کۆنە چیتێدایە، درێژەی بە قسەکانی خۆیدا:

ـ هەروایە، بەختەوەرانە نانکەرێکی پیرم هەیە هەرکە لە دایکی کەوتۆتە خوارێ نێر نەبووە، بۆ شەوێک ئەو دەبەین و مارە بەجاشی دەکەین، تەنانەت ڕێگە نادەین چاویشی بە چاوی بکەوێ!

ـ ئەمە فکرێکی باشە، با بزانین ئەو دەڵێ چی.

بەڵام سەیرەکە لەوەدایە، تۆ، بۆ ئەوەندە بەخەمی؟ جا بۆ لەو دنیایەدا پیاو قاتە، یان ئەوەی لە نێوچاوی ئەو نووسراوە، هەر دەبێ ئەو حاجییە مێردی ئەو ژنە بێت؟! ڕەنگە تۆ بەختەوەری ئەو ژنەت گەرەک نەبێ. پیاوی چاک پەردەی شەرم و نێوانخۆشی ئەم دووانە وەک کەو و بێژنگی قەرەچی لێهاتووە. وەک ئەم حۆریا وایە حەیای پێوە نەماوە، ئەگەر تۆ بۆ خودا ئەو کارە دەکەی، دەتەوێ چاکەت وەڕێ بێ باشتر ئەوەیە هەرچۆنێک بێ منداڵەکانی بۆ بێنی، ئەوە کارێکە لە پیاو چاکان دەوەشێتەوە، خۆت بەوەوە ماندوو مەکە مێردی پێدەکاتەوە یان نا، لەوانەیە پێیخوش بێ ماوەیەک بە بێوەژنی دانیشێ، ئەو لە مێرد بێزراوە، تازە دانوویان پێکەوە ناکوڵێ، سەری خۆت

مەهێشێنە، با من پرسیارێکت لێبکەم: ئاخۆ ئێمە و خودامان حەیف و خەسار نییە، ژنێک بەم هەموو جوانییەوە، دەڵێی سەنەمی چیینە، بە ڤینووس دەڵێ برۆ بەملاوە، دەبێ ئەم شارەی لە بارتەقادا بدەی، تەمەنێک لە ڕکەی پیاوێکدا بێ تەشی برێسێ و پەڕۆوپاڵ بشووا؟ جێی داخ نییە قومری و قەناری لە کولانەدا زیندانی بکرێ؟ تۆ وەک من ئەو ژنە ناناسی، ئەگەر حەزی ماڵ و مێردی با بۆچی تەڵاقی وەردەگرت؟ خۆ شێت نییە پەنا بەرێتە بەر خواردنی تریاک، یان بەزۆر شێوەی دیکە کە بۆ باسکردن نابێ خەریکی خۆکوشتن بێت و لە منداڵەکانی دابڕێ؟ ئێستاش ئەو لە ماڵی مندا جێی خۆشە گەیشتۆتە ئەوشوێنەی ئاواتەخوازی بوو، وەک مەلێک لە قەفەز ڕزگاری بووبێ بە ئاسمانی بەختەوەریدا دەفڕێ و شەقەی باڵی دێ، هەوایەکی سازگار هەڵدمژێ، خوا ڕۆژی ئەوەڵ بۆ ماڵی منی سازکردبوو! بەبێ پەردە پێتدەڵێم، درۆ و دەهۆ بەکار نایات، پێنج ساڵ لەوەپێش، یەکەم ڕۆژێک هەر لەو گەڕەکە حازرەی ئێستا، لەبەر دووکانێکی وردەفرۆشیدا کە ئێستا کردوویانە بە شیرینیسازی، چاوم پێیکەوت، بە چاوێک ئەوەی من لە جووڵە و لەختولاری ئەودا دیتم «ئازیتا» بە دەست و لاقی بووداوە نەیبینی. نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم، چۆنت بۆ بگێڕمەوە تاکوو تۆش وەک من بچیتە بنجوبناوانی، بمبوورە، ئەگەر ڕاستت دەوێ: خۆ لە دنیادا تەنیا بۆ خواردن و مردن لە دایک نەبووین، منداڵمان ببێ و وەک ئاژەڵان ڕابوێرین، ئێمەی مرۆڤ ئەوەندە چارەڕەشین چ هیچ لە دنیادا نازانین. دڵ و دەروونمان پڕ بووە لە بۆگەنیوی ئاوشۆران، ئیتر چیکەمان گەرەکبێ، زۆر حەز بە ناز و نووز و گلەیی و بناشتی بێوەژنان ناکەم، کۆنفیسیوش دەڵێ: «لە باتی ئەوەی تووک و نەفرین لە تاریکی بکەیت، مۆمێک دابگیرسێنە.»

سەیمیران زەردەخەندەیەکی بۆ کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ منیش لە لادێ گەورە بووم، هەوای ئازاد و سازگارم هەڵمژیوە، لە زەنوێران دانیشتووم و لە ژێر تریفەی مانگەشەودا بلوێری شوان زاخاوی مێشکی داوم، سەیری شایی و دیلانیی کوڕ و کچانی کەنگرهەڵکەن و شەنگەبێریم کردووە، ئەو کوڕ و کچانەی دەچوونە گیادۆکڵێو و گێلاخە و مەندێ، دەزانم چی دەڵێی! هونەرمەند دنیایەکی تایبەت بەخۆیی هەیە، دوورە لە هیچ و پووچی. تۆ هەر لەو کاتەوە بە دوای ئەو ژنەوە بووی؟

حسێن تەپڵچی لە نێو خرتوپرتەکانی بەردەستیدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا، لاموایە مزراب بووبێ. وەختێ نەیدیتەوە بە پەنجەی دەستی زرنگەی لە سازەکە هەستاند، دواتر گوتی:

ـ خۆ ئەگەر منیش نەبام، یەکی‌تر ئەم کارەی دەکرد، من بە بۆنەی کەسپەکەمەوە ئەم خەڵکە دەناسم دەزانم ئەوانە کێن، ئەوەی بیبینێ بەزمی کەی‌خسرەوەی بۆ دەگێڕێ، هەموو کەس لە خودای داوایە بە بووکی ماڵی بێت.

ـ ئاخۆم نەخشەو پلانی عەشقێکی ئاوا هەر ئەو کەسانە بۆ خۆیان ساز نەکردبوو؟

ـ فکر و بیرۆکەی ئەو ژنە، یان دەبێ ڕاست‌تر بێژم ئەوە کاری یەکێک لە هاوبیر و دەستە خوشکەکانی بووە ئێستاش جاروبارە بە پەنامەکی دێنە سەردانی، سیلیا بەڵێ هاتەوە بیرم، هاوڕێ ژیرەکەی ڕۆزالیند لە شانۆدا بەم‌جۆرەی تۆ دەتەوێ ویلیام شکسپیر شاعیر و شانۆنامە نووسی بێ‌وێنەی ئینگلیز ـ ئەوەی لە قەفقاز هێنابووە سەر پەردە و پیشانی دابوو ـ ، منیش لەو نمایشەدا ژەنیار بووم وەک ئەوانی دیکە، سیلیای دووهەم بەو دەڵێ: وەختێ ڕێگەی شەرعی و عورفیت بۆ جودایی و تەڵاق لە دەست بۆتەوە هەروەک ئەو زیندانییە کە ئەبەدی بۆ بڕابۆوە (هەتا هەتایی) بە ئەنقەست خۆی مراند و لە زیندان ڕزگاری بوو، هەڵات، تۆش هەر بەم‌شێوەیە ئەوین و خۆشەویستی خۆت لەو پیاوە بگرەوە و خۆت بمرێنە و برۆ، وابێ لە دوای تۆ بە عومراتی ناوی ژنی بە دەم‌دا نەیەت. ڕەنگبێ ئەو فکر و قسەلۆکانە کە زۆریش جێی سەرنجە لە پێشدا هیچ و بێ‌تام بووبێ لە دەمی ئەو دوو هاوڕێیەدا، بەڵام حەز و هیوا وەک تیشکی مانگەشەو وایە ڕچە و بەرپێیان ڕووناک دەکاتەوە، ڕەفتارێک کە نەفسی شەیتانی تێدابێ، زۆر زووتر لە دەروونی مرۆڤ کار دەکا، ئەوان دوای ئەوەی ماوەیەک بیریان لەم بابەتە کردبۆوە، زۆر باشیان هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردبوو، ئیتر دەستیان لە گۆزەدا مابۆوە، بۆ ئەم کارە لە کوێوە دەست‌پێبکەن، ئیتر ئەوە بوو دەزانی ئەوین واتە ئەوانەی بۆسەیان بۆ دانابوو لە خۆشی گراوی شۆخ و نازداریان بە قاقای خۆیان داچڵەکێن و لە بەختی ڕەشیان ئەو کەسەی لە جێی عاشقی ناڕاست ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ بوو، کەسێک گێل و حەپۆلە، گیرفان و کەللەی وەک یەک پووچ و بەتاڵ بوو، ئەوانە خۆیان، مەست و بێخەم و داوێن‌تەڕان ناوداری شارن بە ئەنقەست کەسێکی ئاوا ڕووت و ڕەجاڵیان کردە داردەستی خۆیان، بۆ ئەوەی تەواری ئەوینداری بەسەر سەریەوە نەنیشێتەوە.

سەی‌میران وەک کەسێکی کە گوێزی بۆ بژمێرن بە بێ‌وازی ڕووی خۆی نیشاندا و قسەکەی ئەوی بڕی:

ـ ئەم ژنە شتێک لەو ئەوینداری و سینەسووتاوانە کە بوونەتە پڵاسی مەیخانە دەزانێ؟

- تا ئەوجێییەی من بۆنم کردبێ نا، نازانێ بەڵام هەستی بە زریانێک کردووە! دەزانێ قەل و داڵ بە دەوریدا دێن، خۆ لەوانەیە من بە هەڵدا چووبێتم، ئەی خۆ دارو بەرد نییە هەست و ئێحساسی هەیە ئەوەندەش بێئاوەز نییە، دۆست و دوژمنی خۆی نەناسێ، ئەگەر ترسێکی نەبا چۆن بەم جلوبەرگە کۆنەوە لە ماڵ دەهاتە دەرێ؟ ئەو پێی بە پۆلوانەوە سووتاوە، خۆ ئەگەر بۆی کرابا، تەقیلەی لە گەدەی مەڕ و بزن دەکردە سەری تاکوو هەرکەس بیدیبا وایزانیبا دزێوترین مرۆڤی ئەم شارەیە، ئەو ئەگەر حورمەت و حەیای خۆی دەوێ، باش ئەوەیە بە گوێی من بکا، من چاکەی ئەوم دەوێ، باشترین جلوبەرگ بۆ ئەو کەوە دەتوانێ دەمی ئەم خەڵکە بکاتە تاقی چرا، ستایشی بکەن و ئافەریمی پێبڵێن بەرگی پارێزگاری و تەقوایە کە دەبێتە ئەو هونەرە، زۆرجار ئەمەم بە گۆیدا داوە، مرۆڤی خاوەن هونەر قەت نامرێ، برۆ هونەر فێربە و پشتی خۆتی لێبکەوە.

سەیمیران زۆر بە کورتی گوتی:

- ئەی کە نەکرا، ژیانێکی خاوێن و بێئاژاوەی ماڵی مێردی چاک وبێهەرا باوەشی بۆ دەکاتەوە.

- بەڵێ پیاوی قیت و چاوی زیت زەبر و زەنگێکی هەبێ، نەک ئەو دێوە خەرەفاوە! ئێوە ئەگەر لە نزیکەوە حاڵ و ڕۆژی ئەم ژن و مێردەت دیبێ ئەوە لە من باشتر دەیانناسی ئەمیان بەم گشتە ئاکار و ئەتوارەوە، ئەویشیان بەو نێوچاو و خوڵکە جوانەوە. پووشووی بە پشتە ستۆیەوە بنێی ئاور دەگرێ، لەگەڵ کەڕو لاڵیش هەڵناکا، تازە بوونەتە کێرد و پەنیر و سیر و مار. نابێ چاوەڕوانی حاوانەوەی ئەم دووانە بی. زۆرم پێسەیرە چۆن شتیوا دەبێ، تۆ کە هەردوو لایان بە باشی دەناسی و تەوری بێدەم تیژ دەکەی ئەوان ئەو پردەیان تێکڕووخاندووە کە نەتوانن بە سەریدا وەپەڕن، خەریکی بە خۆڕایی لەو نێوەدا خۆت ماندوو دەکەی؟! بەڵام با ئەمەشت پێبڵێم - نا، دەبێ جارێ خۆم سەرکۆنە بکەم، سەبارەت بە ئێوە کە لەم شارەدا بۆ هەمووکەس جێی ڕێزن خەریک دەبوو دڵم ڕەش بێ ئەمە کارێکی نەگونجاوە بۆ نانەوایەکی بەناوبانگی شار، خۆی بباتە ڕێزی جاشان، کە دایمە خەریکی مارە و تەڵاقن، دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم؟

حسێنخان چاوێکی دۆستانەی بە ماناوە بڕییە مەشەدی میران، وەک ئەوەی هەناوی پشکنیبێ کە لەولای قسەکانییەوە هاتبێتەوە و هەمووشت بۆ ئەو وەکوو یەک وایە، درێژەی بە قسەکانیدا:

- تۆ کە خۆت باش دەزانی، من سۆسم چووە و تۆزم ماوە، پێشم لە سەر لێواری قەبرە، باوم نەماوە و لە ماڵی خۆمدا میزم کەف ناکا، چۆن دەتوانم تەماح لەو ژنە بکەم، تۆ ئەگەر بەندەناس بی، بە یەک تەماشای ئاسایی دەبێ بزانی ئەم کارە لە من ناوەشێتەوە. سۆمای چاوم نەماوە و پێستم

بەسەر ئێسقانمدا وشک بووە، چیم بۆ نەماوە لە دارای جوانیم، بێجگە لە بیرەوەری ڕۆژانی گەنجی، وەک ئەم هەنگەم بەسەر هاتووە پیری ڕەنگی کۆڕیبێ، بەم سۆز و هەوایەی کە لە کەللەمدا ماوە، ئەشێ گەرد و گوڵی هەڵاڵان بمژم و کەندووی لێبخنم، دانیشم و پاڵێ لێبدەمەوە و ئیتر وردە وردە چاوەڕوانی بای مەرگ بم گەڵای تەمەنم بوەرێنێ و بۆ هەمیشە سەر بنێمەوە، هێشتا نەمگوتوە و ناتوانم بێژم دەست لەو خاتوونە بەر نادەم، چوونکا بەڵێنی ئەو با زۆریش بۆ من گرینگ و گران بێ، لێم ڕوونە وەک سێبەری هەوری بەهارێ وایە، ئەو کەسەش کە بڕیاری داوە بۆ جارێکیتر خوانچەی بووکێنی بۆ ئەو شۆڕە ژنە بڕازێنێتەوە بە تەدارەک و مەبارەک بیگوێزێتەوە ڕەنگە یاسا و خەڵکی لە پشت بێ؟ خۆ ئەگەر من باوکیشی بایەم هێشتا نەمدەتوانی لەلای خۆم ڕایبگرم. بەڵام ناچارم ئەمەشت پێبڵێم، من وەک ئەو لوڕە دۆنەنەدیوە نیم، وەختێ عەرەب هاتنە سەر ئێران ئاڵتوونی خۆی بە زیو دەگۆڕییەوە.

سەیمیران، تەسبێحەکەی لە گیرفانی هێنادەرێ و دەستیکرد بە تەسبێحات، حسێن تەپڵچی کێشیدا بە قسەکانی:

ـ ئەگەر بەڕاستی دەتەوێ ئەو ژنە ڕابگری منیش بە شەرتی پیاوان چیم بۆ خەرج کردووە چیم لەلای ئەوە دەستی لێهەڵدەگرم و گەردنی ئازاد دەکەم، هەر ئێستا دەرگای دووکانم دادەخەم و دەچینەوە ماڵێ، وەک باوکێک کچەکەی بە مێرد دەدا، دەستی دەنێمە دەستی تۆوە، بەڵام وەک ڕۆژی ڕوون لێم مەعلوومە، ئەگەر تۆ لە هەربابەتێکەوە ژیانی دابین بکەی لە تەڕ بخوا و لە وشک بنوێ، کەنیز و کارەکەری بۆ بگرێ و بە کەتان و مەلمەل باوەشێنی بکەی، شیری چۆلەکەی بۆ بهێنیەوە هێشتا ناتوانی ڕۆحی سندم بکەی، زۆر جوان بیری لێبکەوە، ئەم کارە پێچومەنگەنەی زۆرە، ڕۆحی ئەو ژنە وەک تەواری ئەویندار و سەرخۆش وایە، دڵدۆڕاوی دنیایەکیتر و عالەمێکی تەڕپۆشە، عالەمێک کە تەنیا من بە ڕەمزو ڕازی دەزانم و دەتوانم پێیبسپێرم، ئەویش ئەو هونەرەیە کە ئەو شێت و شەیدایەتی، ئەگەر تۆ پێتوایە ماڵەکەی من بۆ ئەو دۆزەخە دڵنیابە ئەو وەک چۆن «ئۆردیس[٧]» ئەوی بە بەهەشتی ژیان قەبووڵە و هەر لەوێ دەمێنێتەوە، یان ئەگەر بچێتە دەرێ، زۆری پێناچێ دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە ئەم وتەیەت پێدەڵێم تاکوو بزانی لەگەڵ ئاوا ژنێک بەرەوڕوو

٧- ئۆردیس: ژنی ئۆروفە، وەختێ بە گریان و پاڕانەوەی مێردەکەی ژیانی هاتەوە بەرو زیندوو بۆوە، لە دۆزەخ هاتە دەرێ ئاوڕی بۆ دایەوە و دیسان گەڕاوە بۆ شوێنی یەکەمجاری.

دەبی، سەرەڕای ئەوەش ژانەسەری دیکەی بە دواوەیە، ئەویش جیازی پیتەکی ئەوە لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ ماڵی مێردی، ناشێ نەزانی عاشقانی ئەو دڵدز و دڵدۆزە لە خاس و خراو هێشتا چ ڕووی نەداوە، دەستی لەسەر هەڵناگرن، جارێ لە نێو هەور و ساودا ونیان کردووە، ئەوانگەل هەموو شەوێ لە مەیخانانی خوار و ژووری شار، خوێنی خۆیان لەگەڵ مەی تێکەڵ دەکەن و بە یادی وەسڵی یارەوە فڕی دەکەن، دەکرێ سووک و هاسان ئەمە پشتگوێ بخرێ؟ تۆ پێتوایە جارێکیتر چیرۆکی پڕ لە کارەساتی سولتان عەلیخانی زەند و خۆشەویستە جوانەکەی «شاخنەبات»، کە لە ڕاستیدا نازداری کەریمخان بوو لە پاشی مەرگی دەست ئەو کەوتبوو، دەبێ جارێکیتر لە مێژوودا زیندوو ببێتەوە و ڕووبداتەوە؟[۸] ئەمەش بەجێی خۆی، ئەوە بەراستی «ئێسفەنکس[۹]»ە بەسەر مرۆڤ و بە جەستە شێری مێیە، کردە و ئاکاری دوور لە لێکدانەوە و بەرپێوارە، دەتوانم بە ئیمانەوە بێژم ئەوەی مانای ئەشق و ئەوین بێ ئەو لێی نازانێ و بەم حاڵەشەوە بۆ ڕاوی گراوی خۆی وەکوو هێندووەکان بۆ گرتنی فیل، لەسەر ڕێگایدا چاڵێک هەڵدەکەنن کە پەڕینەوە مەحاڵ و ئەستەمە، لەمەڕ سۆز و دڵدارییەوە جەللادێکە سەربڕ، مەحکووم بە مەرگ لێی ناسڵەمێتەوە، هەر تاوەی لەسەر سازێکە و وەکوو ئاور بێئامانە، ئەوینی ئەو وەک مەمکەمژەی منداڵان وایە، هەڵخەڵەتێنە و تێربوونی نییە. ئەو ژنە نییە کە تۆ بیژمێری، سەهلە چواردیواری ماڵی مێرد، ئەوشارە بۆ ئەو بچووک و تەنگە، لە ماڵی من بچێتە دەرێ پیاڵەی شەرابە، بتەوێ و نەتەوێ لە نێو کۆڕی مەیخۆراندا دەستبە دەست دەیگێڕن. ئەو بۆ پیاوێک هەر وەک (ئەلبورز)ی ئەوینە ناڕاستەکەی باشە، نازانێ لەکوێ لەدایک بووە بەرو پشتی کێیە، ناشزانێ ئابڕووی بەری چ دارێکە، ئەمەش بازە، باز کە هەڵفڕێ تازە نیشتنەوەی ئەستەمە، زۆرم دنیا قونەکەو کردووە، بەشی خۆم شت دەزانم، فرەم خوێندۆتەوە زۆریشم چیرۆکان بیستووە، بۆ ئەو پیاوە دەبێ وەک پشیلە بە دەمیەوە بگرێ و لە حەوت کوون بیشارێتەوە، پیاوێکی بە ئیمان و خێرومەند و خاکەڕای وەک ئێوە! ئەوە من وتم جا ئیتر تۆش کەیفی خۆتە، ئەوە تۆ و ئەمەش کچە، هەروەک گوتم، هەر ئێستا دەچینەوە بۆ ماڵی خۆمان دادەنیشین و ئەگەر بەڕۆژوو نەبی پیاڵەیەک چایی دەخۆینەوە، بانگی دەکەمە لای خۆمان، لە پێش چاوی

---

۸- سوڵتان عەلیخان زەند، لە پاش مردنی کەریمخان مەحبووبەکەی بە ناوی شاخنەبات، بۆ جوانی بەناوبانگ بوو هەڵیگرت و خۆی لە بەزم و ڕەزمی سیاسەت شاردەوە و ڕووی کردە کرماشان، بەڵام چونکە محەممەدشا و دارو دەستەکەی حکوومەت نەیانهێشت بە خۆشی بیخوات، ئەوەڵ شاخەنەباتی کوشت و دواتریش خۆی.

۹- ئیسفەنکس: ڕمۆزنەی ئەفسانەی یۆنانی کۆن.

تۆ پێی‌دەڵێم بە مەیلی خۆی بکا، کەس ڕێی لێ‌ناگرێ، هەر لە ئەم سەعاتەوە هەرجێیەکی پێخۆشە ئازاد و ڕزگارە وەک ئەوەی ئەم «کامارگوی» بەڕەسەن ئێرانییەم قەت تاقە ڕۆژێکیش نەدیوە و نەم‌ناسیوە، بەڵام با بە سرتە ئەم وتەیەشت پێ‌بێژم، برای من تۆ ئەو ژنە لەگەڵ خۆت دەبەی، خۆ ئەگەر درەنگت ناسی ئەوە بزانە دەبێتە پەڕۆی شین بە سەرشانتەوە، بەردی بناخەت دەردێنێ، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ ئەگەر تەمەن باقی بێ، ڕۆژێک دێت یەکدی ببینینەوە.

سەی‌میران، وادیاربوو لەو دووکانە تەنگ و تۆزاوییەدا ماندوو ببوو و کۆڵنجی پشتی خۆی تەقاند و لەسەر کورسیلەکە هەستا، چووە بەردەرگای دووکانەکە و گەڕایەوە، بەبێ ئەوەی دانیشێتەوە گوتی:

- دەزانم زۆر بەهەڵەدا چووی، تۆ پێت‌وایە من لە هەڵەی ورد و درشتی لە هەمبەر دابەز و ڕووهەڵماڵاوی و بێژنگ‌فرۆشی ئەو ژنە لە ماڵی مێردەکەی خەبەرم نییە. لەتۆ وایە حەیا و حورمەتی خۆم خۆش ناوێ، دێم و بە دیواری کەسێکی ئاوادا سەر دەکەوم؟ ئەو ژنە سەت ئەوەندە جوان و خاوەن بەژن و باڵا بێ، نە بەقەت حورمەتی من لە نێو خەڵکدا، جێی خۆی کردۆتەوە نە وەسەر بەختەوەری ژن و منداڵەکانم کەوتووە، من ئەوە نانی ژیری و مەردایەتییە دەیخۆم، زۆر چاک دەزانم ئەوە منم پێویستم بەم خەڵکەیە، نەک ئەوان بە من. سەرەڕای ئەمەش تۆ پیاوێکی دنیادیدە و خوێندەواری، من ئەگەر بەتەمای ئەو ژنە بایەم، بۆ لە پشت‌سەرمەوە پارووم بۆ دەمم دەهێنا، چکارم بەم مەیدانە و ئەم گشتە حیکایەت و شانامەیە بوو؟ بۆ تۆ پێت‌وایە ماڵی مەلا ئەوەندە دوورە؟ ئەوەندەش منداڵ نیم تازە ڕەوڕەوەکەم فڕێ دابێ، ئەوجاریش خۆ ئەگەر ئێوە بەراستی بابی ئەو ژنە بان، ئەوەندە تووشی ژانەسەر نەدەبوون. ئەو دەمەتەقەیەشی نەدەویست و لەگەڵ ئەم خاتوونە خاسە قسەی خۆم تەواو دەکرد. تۆش پێت‌وانییە؟

- هەر بەڕاستی وایە، ئەبەمە دەڵێن قسەی پیاوانە. ئەمجار بزانە قسەم ماوە، ئەگەر تۆ لێرەدا مەبەستت بەرژەوەندی خۆت نییە ئەم کێشەیە زوو دەبڕێتەوە، گرینگە ئەمڕۆ چاوت بە وەستا حاجی بەننای مێردی ئەو ژنە بکەوێ؟ مەبەستم لەم پرسیارە ئەوەیە بێیە ماڵی ئێمە و لەگەڵ ئەم ژنە دانیشی و قسەی لەگەڵ بکەی، دەراوی دەمی تاقی بکەیەوە، هەروەک دەڵێن، جێگای ڕمب بکەوە ئەوسا بیچەقێنە. بۆ کاری ئاوا، کە تایبەتە بە ژن و مێرد و خاووخێزان عەجەلە کاری شەیتانە، کارێک مەکە دوایی لە ئەژنۆی خۆت بدەی، زۆرم دیوە و ئەزموونم زۆرە بۆیە پێت‌دەڵێم. هەرکاتێ زانیت دڵەڕاوکێ و گومانت هەیە و بیرت ئاڵۆزە، ئەگەر سەرەتای کارەکەش بە باشی دەبینی ددان بە خۆتدا بگرە و پەلەی لێ‌مەکە. بڕێک لەو

گرفت و کێشانەی هەودایان هاڵۆسکاوە پشتی تێبکە و بە وەخت و زەمانی بسپێرە، وردە وردە سەرەتای دەردەکەوێ، خۆ تۆ لە سایەی حەمدی خوداوە وەک من پیر نەبووی بکەویە پەلەپرووزێ.

دەمولێوی ڕەش و بارگرتووی حسێنخان بە زەردەخەندەیەکی فێڵاوی کرایەوە. پێڵووی چاوە کز و ماتەکانی نیشتنە سەریەک، بە ڕوویەکی سادە و ساکارەوە کە نەرمی پێوە دیاربوو لێیپرسی:

ـ دەکرێ ئەم پاشنیوەڕۆیە لە ماڵی خۆمان بە یەکەوە دانیشین؟

سەیمیران خەریکبوو لە دەرگاکە بچێتە دەرێ لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ ئەگەر نەگەیە سەرەمەرگ! ـ بەڵێ چاوەڕێم بە!

ـ سەعات چەندە دێی؟ پێم بڵێ با هەر دووبەدوو بێن ڕوخسەت بە کەسیتر نادەم.

ـ کاتژمێر پێنج، نەختێک درەنگ و زووتر.

ئەوەندەی سەیمیران لەم قسە و باسە لەگەڵ حسێنخان تێگەیشت و لێیهەڵکڕاند، ئەوەبوو یان زۆری حەز لێیەتی، یان ئەوەی پێی خۆشبوو بەمجۆرە کات ڕابوێرێ و بە زوویەک هوما هەڵبگرێ و ڕوو بکاتە شارێکی دیکە، هەر وەک ئەم فکرەی لەمێژ بوو لە دڵدا بوو بۆیە بەتەما بوو لە بەرامبەر یەک ڕایانبگرێ. ڕۆژی دوایی پێنج چرکە زووتر لە وەختەکە گەیشتە کۆڵانی سەنعەتکاران و تەقەی لە دەرگا هەستاند. کوڕێژگەیەک هات بە دەنگییەوە، هەر لە تەمەنی عەبدولی شاگردی خۆیدا دەبوو، بە بەژن و باڵا و جرتە و جووڵەیدا بۆت مەعلووم دەبوو لە ژێر سێبەری ئەم ڕەقاسخانەیەدا گەورە بووە، لەوکاتەدا کاکی میوانی بۆلای یەکێ لە ژوورەکان لەو حەسارە چوکەدا ڕێنوێنی دەکرد، گوتی:

ـ حسێنخان تۆزێک کاری هەیە، خەریکی مەشق و سەماکردنە، هەر ئێستا دێتە خزمەتتان.

سەیمیران، لە وریایی و لفتی فێرکراوی ئەو مێرمنداڵە سەری سووڕما، لەو ماڵەدا هەموو شتەکان بەپێی دەستوور و نەزم و نیزامە، چ شتی هەڕەمەکی و لەخۆڕا نییە، ئەمەش لە ژیانی خەڵکی ئاساییدا بەرچاو ناکەوێ، ڕەنگە لێرە پاساری و ملوچک کە بەسەر دار مێوی حەسارەکەوەن بۆ ئەوەی ڕوو بکەنەوە هێلانە و لە سەرما پەنا بگرن لەگەڵ پەلەوەری دەوروبەر جیاوازیان هەبێ. کوڕێژگە ڕاستی پێگوتبوو ئەو کە تازە پێینابووە گەرووی کۆڵانەکە سریوەی سازێکی بەرگوێ کەوتبوو، وەک دەنگی خۆشی تار. بەڵام تار نەبوو، ئەو زەوق و حەزە خاوێن و گیانە پڕ هەستەی کە بە دەست گیرو گرفتی ڕۆژگار و هەڵا و هەنگامەی کەسپوکارەوە تووشی ڕووشان و غەور لێنیشتن دەبێ مەگەر بە تینی بەسۆز و نەوای ئاواها چرکەیەک لە تەنگەژەی ژیان بێتە دەرێ و بە ئاسوودەیی پشوویەک هەڵبکێشێ، تەنیا شتێکیش کە دەتوانێ ئەم هەورە بڕەوێنێ و ئەم تاریکییە بشواتەوە مۆسیقایە و بەس. بەڵام ئەو

پەلەوەرەی بەسەر چڵی دارانەوە دەجریوێنێ و بە هەناسەی سروە چاو دەکاتەوە، زۆرتر و زووتر بۆ چڵەپۆیان سەر دەکەوێ و مەستانە پڕ بەدڵ دەچریکێنێ. دەنگی ئەو گیتارەی کە لەرزەی دەخستە دڵەوە، بە دەست و پەنجەی ژەنیارێک دەهاتە گوێ کە بیسەرەکەی نەیدەتوانی دڵ نەسپێرێ بەم نەغمە و ئاوازە یان ئەمە هەر بە بڕوای سەی‌میران ئەوەندە پڕجۆش و خرۆش بوو ـ پاڵەوانی ئەو چیرۆکە بەم گشتە حەیا و حورمەت و شاڵە سەوزەوە، بەم هەموو وەج و شان‌وشکۆیەوە کە هەر نەبێ لە گەڕەکدا هەیبوو نەیتوانی پێش بە بزەی سەرلێوی بگرێ شۆقی ئەدگاری بشارێتەوە، لەوانەبوو هەر وەکوو سەنعان زوننار بپسێنێ و دڵ بدۆڕێنێ، لەو ژوورەی تێی‌دا دانیشتبوو بەسەر کورسیلەکەوە چاوەڕوانی خاوەن‌ماڵی دەکرد، بۆ هەر شتێکی دەڕوانی ساکار و دڵنەویست بوو، پەپوولەی چاو بە لایدا نەدەچوو فەرش و مافوورە کۆن و بێ‌تین بوون، کورسی ڕەق و ڕووتی، ڕەفحە و تاقەی ڕووت، تەنیا چتێ کە دەکرا بڵێی لەم ژوورەدا بەکار دێت، کۆتەڵی عەنتیکەی مەڕمەڕینی پیاوێک بوو بە پێوە، بە شان و باهۆ، بە کەوایەکی شۆڕ و چیندار و ڕوخساری تەواو نوورانی بوو. بۆ دووری دەڕوانی و پەنجەی لەسەر ژێی چەنگێک دانابوو، بە شانی ڕۆژهەڵاتەوە دەرگایەک سەرنجی ڕادەکێشا کە ئەوی لە ژوورەکانی پەنای خۆی هەڵداوارد، پەردەیەکی مەلمەلی ئەرخەوانی پێدا شۆڕ ببۆوە، لەبەر ئەوەی کردبوویانەوە واتدەزانی بۆ ئەوەی لێرەوە بە میوان ڕابگەن یان چرایەک دابگیرسێنن «هەرچەندی ئەو ماڵە کارەبایان هەبوو، بەڵام وێدەچوو ئەوشەوە نۆرە کارەبای ئەم گەڕەکە نەبێ» کەسێک ئەگەر هات و ڕووی کردە ئەم دیوە پێویستی بە ڕۆشنایی نەبێ، ئەو پیاوەی کە چەنگی بە دەستەوە بوو ئیلهامی لە شێعری ڕوودەکی وەردەگرت و خاوەنی ڕۆحێکی بەرز و جەستەی ڕۆستەم بوو هەر لەو ژوورەدا سازی دەژەنی، وردە وردە خشە و خرمەی دەفە و دایرە تێکەڵ بە ئاواز و ناڵەی گیتار بوو، هەرچەند جاروبارە بزەی سروە بە نیمنازێکەوە پەردە ناسکەکەی لادەدا بەڵام سەی‌میران لەم وەتاغەی پەنایەوە کەسێک سەرنجی ڕانەکێشابوو، بیری لەو قسانە دەکردەوە ڕۆژێک پێشتر لەگەڵ ئەم تەپڵچییە کردبووی، سەرەڕای ئەم پیتۆڵی و سەربزێوییەی دەردەکەوت زۆریش لاسار و چەواشە نەبێ، ئێستاش بۆ دوولەت کردنی ئەم کۆلکە دارە، شەقە مشار پێویست بوو. دەبێ پەلە نەکەین و تۆزێک لەسەرەخۆ بین، کارێکی باش ئەوە بوو سەید کردی، لە بیری بوو پەنجا تمەن پارە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ، ئەمەش پوولێکی کەم نەبوو، بەڵام ئەوەی بۆ ئەو گرینگ بوو، شوێنی حاوانەوەی ئەم ژنە بوو، لەکوێ دای‌بنێ، نەک هێنانەدەرێی لەو ماڵە، بەر لەوەی بگاتە ئەو ماڵە دیاری بۆ هوما کڕیبوو لەگەڵ خۆی هێنابووی سندووقێکی چووکە و مەخمەرپۆش، بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ، عەبدولی شاگردی هەتا بەردەرگا بۆی هەڵگرتبوو، مەبەستی لەم دیاری و سەوقاتە ئەوەبوو بەر لە هەمووشت بە حسێن‌خان بسەلمێنێ، چی

له ژێر سەردایە، ئەگەرچی زۆری نێوان لەگەڵ درۆ و دەلەسە نەبوو ئەمما ئەو ڕێ و شوێنەی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بە باش دەزانی، بەم خەیاڵەی کە ببووە پەپوولە و بە دەم شنەی مۆسیقاوە مەست و سەرخۆش شانە و شانی گوڵانی دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ ئەم زیل و بەمە، ئەم مێلۆدی و کێش و سەروا دەوڵەمەند و سەیر و سەمەرەیە کە لە نێو باخی گوڵاندا بە هەموو جوانییەکانیانەوە ئەوەندە هەستبزوێن نین، کێ سەرقاڵی ڕەقسکێشان و سەمایە؟

دڵی سەیمیران کەوتە زرموکوت، سەید بۆ ئەوەی چاوی بە هوما بکەوێ ڕووبەرووی دەرگای حەساری دانیشتبوو؟، تاکوو بتوانێ دەرێ ببینێ، بەڵام هوما لە بنەوپاڵی خۆی بوو، لەو ژوورەی وا شەپۆلی مۆسیقا ئاوپرژێنی کوڵی دڵان بوو، حسێنخان سازی دەژەنی و ئەویش سەمای دەکرد، ئەم ڕاستییەش بە گۆڕینی کورسیلەیەک ئەولاتر دەردەکەوت، ئەم سەماچییە کراسێکی ئەتڵەسی «کارەبایی» زەردباوی بێقۆڵی لەبەردا بوو، کەلەکە باریک و داوێن شۆڕ، هەر وەک پەیکەرەی پەنا سۆباکە، پرچی کورت و پەرێشانی بە ڕەنگی سووری ئاڵەوە هەر وەک کەمەندی ئاشقان دەچوو! دەسماڵێکی شینی کەمڕەنگی بە شۆڕابە و وردە گوڵێنگەوە دابوو بەسەر شانیدا، لۆیەکی بە ددان گرتبوو، لە کاتی چەرخ و خولدا، دەهاڵا ئەستۆی بۆ ئەوەی ئەوەندەیتر جوانی شانومل و سینە و بەرۆکی نیشان بدا کە ناسک و شلوملتر لە ڕەحمەت و دلۆڤانی یەزدان بوو. لەختولار و جووڵەی خۆشبەزی وەک چاو شارۆکێی مانگی شەوی چاردە لە نێو هەور و ساودا، نەک دڵێک هەزار دڵی کەمەندکێش دەکرد. بە سەمای پڕ لە سێحر و ئەفسوونی چاوی بینەری پیرو دڵی شێخ و مەلای دەکردە شەمامەی سەرتاقی دیوەخانان، هەرتاوەی بە نەزمێک و هەر ساتەی بە بەزمێک وەک تاووسی پەڕوباڵ نەخشین بە دەم نەغمەی ساز و ئاوازەوە دەردەکەوت، ئاخۆم حسێن تەپڵچی هەواڵی ئەم دیدار و چاوپێکەوتنەی پێدابوو؟ داخۆم ئەم خۆدرخستنە لەم کات و ساتەدا بۆ ئەوە نییە شەرت و بەڵێن بخاتە ژێر پێ و بە عالەمی ئاشکرا ڕووی خەیانەت بنوێنێ؟ ئەم چوختی و تەپڵچییە بە ئەنقەست ئەم بەرنامەیەی ساز کردبوو، بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیدا لە بەزمێکی چاوەشانەدا بادەی ئەشقی پێبنۆشێ و غیرەت بنوێنێ، چونکە ئەگەر بۆ ژن چێژ وەرگرتنی عەشق بنەمای ژیانە، بۆ پیاو ئەوپەڕیەتی، ئاواها بیرۆکەیەکی دزێو و لۆتیانە لە کاتێکی ئاوادا هەڵقوڵاوی دەروونێکی چەواشەکارانە بوو، ڕێگای بۆ حاشا و پاکانە کردن نەهێشتبۆوە، بەبێ ئەملاو ئەولا حسێنخان گەرەکی بوو پێیبڵێ تازە ئەم ژنە پەردەی شەرمی دڕاوە، کاتێک مژی زەردەپەڕی ئێوارێ بە هەڵکرانی بەرقی ژوورەکە لەپڕ بزر بوو، میوانی بە شەرم و حەیا کە لەودیوە تاریکەدا پاڵیدابۆوە و بە سەرنجەوە دیڕوانییە ئەودیوی پەردەکە، تۆزێک خۆی کۆ کردەوە بێدەنگی قورسی خانەقا، ئارامی دڵخوازی مزگەوت و ئەو هەرواو هوریا

لەسەر یەکەی ئاواز و زرنگە و سەمایە هەمووی کار ناکاتە سەر ڕۆح و هەناوی پیاوێکی لەم چەشنە. بەمجۆرە وادەردەکەوت سەی‌میران بە دیتنی ئەم دیمەنە وەڕەز و بێزار بووبێ، یان ئەوەی لەگەڵ هەست و سۆزی پیرانەی یەکناگرێتەوە، ئیتر ئەمجارە هیچ شتێک بۆ ئەو بەرپیوار نەبوو، سەر و بسکی شانەکروی و چاو و برۆی قەترانی و وەسمە تێکێشراوی، ڕوخسار و بزەی شەکەرڕێژی گەردنی لە چەشنی گەردنی کەوی وەک مینای بێگەرد، نە باریک و نە زۆر بڵندی، کە ئافەتی ئەقڵ و هۆشە پیاوی دەوێ لە مەکری دەرباز بێت، کەلەکەی باریکی بەژن و باڵای زراوی شاعیرپەسەندی لیزگەی خەیاڵی دەخستە سەر بیری ژیری، سمت و پاشەڵی توند و پتەوی هەناسەی لە سینگی پیاوی خوادا قەتیس کرد خۆ ئەگەر نالی و قائانی ئێستا بمابان، بێ‌شک بیرو ڕایان دەگۆڕی و لە جوانی‌ناسیدا، لە داڕشتنەوەی ناسکە غەزەلدا دەبوو پێداچوونەوەیەک بکەن. بەڵام ئەوەی زیادە لەحەد سەرنجی سەی‌میرانی بۆلای خۆی بەکێش کردبوو شەقار و قڵیشی کراس و پاوپووزی جوانی، وەک دەڵێن «بەلەکی دەڵێی توورە». بە دڵنیاییەوە وەستاکارانی گۆڕەپانی هونەری پەیکەرتاشی بە درێژایی مێژوو ناتوانن لەم دیمەنە ڤینوسێک دابتاشن، تەنیا هەیکەلی ئەو شۆخ و شەنگە دڵکوژە بوو بەم سوورِ و سەمایەوە کە دەی‌توانی بە ئاگری بەتینی کڵپە بخاتە دەروونی حسێن‌خانەوە. پیرەپیاو لە شوێنێک ڕۆنیشتبوو تەواو ڕووبەڕووی ئەم حۆری‌لەقایە، بەجۆرێک گیتارەکەی بە خۆیەوە گووشیبوو وەک ئەوەی بێژی بوون بە یەک جەستە، هەروەک زەرووی بەرهەتاوێ جارلەگەڵ جار قەڵافەتی درێژ و باریکی دەچووەوە پاڵ‌یەک و کۆمتر دەبۆوە، چاوە زەق و لیڵەکەی لە کاتی ئاساییدا مەست و خومار بوو، بە هۆی فرەڕوانین و ڕەبەنی پڕپوو لە شۆق و هەوکردنی هونەر بەجۆرێک کە ترسی دەخستە دڵی بینەرەوە وەک ئەوەی هێزێکی نادیار لە دوولاوە گوشاریان بۆ هێنابێ، هەریەکەو بۆ شوێنێکی بەرن. کە ئیتر چ شتێک لەبەر چاوی نادیار نەبێ و بگا بە ئەوپەڕی ویستی دڵی، ئەم کردگارەی کە لەنێو ئەم کەلوە بچووکەدا دنیایەکی جێ‌کردۆتەوە، لە جەستەدا هێز و لە وزەدا جوڵە، و لە جوڵەدا ملوێن ملوێن دیاردە و شوێنی هێناوەتە دی، ڕازی ئەم بەدی‌هێنانەی بۆ پیاوێک درکاندبوو کە ئێستا هەروەک حەزیای تامەزرۆ و بۆ تێرکردنی دوو چاوی تینووی بۆنی خوێنی دەکرد. ئەگەر توانایی یەزدان ئەوەیە لە جەستەدا جووڵە بەدی‌بێنێ، بە زرمەی زەخمەی سازەکەی وەک ئەوەی گرێیەک بکاتەوە و شەیتانێک ڕزگار بکا، بە سەرو سەکووتی ئاڵۆزاوی بە دوو چاوی خانەی جینایەت و نییەتی پیسی دەروو ژووری هەتا بن‌میچ ئاخنیبوو، زیل‌وبەمی سەیر و بێ‌وێنەی ناڵەی ساز و سەنتووری هەروەک تاڤگە بەسەر تەواوی ئەرکان و هێمنی وجود و جەستەدا دەهاتەخوارێ، ئەوەندە هەژەند و ڕاکێشەر بوو تەنانەت مێز و کورسییەکانیشی هێنابووە جووڵە و ڕەقس و سەما. بەبێ نکوڵی لێ‌کردن هەر ئەو سێحرەی سەرپەنجە

شەیتانییە بوو هەوای ئەشقی سەما و خۆبادانی خستبووە دڵ و کەللەی ئەم خانمە شۆخ و شەنگەوە، لێرەدا ئەم ڕیبازەت و سەختییەی لەش و ئاکارە ئەم کارەی پێکردبوو، هەر بۆیە مەزەبی سرووشتپەرستی میترا تەنیا بۆ تاقیکردنەوە، موریدی باوەفای خۆی هاندەدا بۆ ئەوەی ئاویوسڵی بەسەردا بکات و لە پیسی و دزێوی بیپارێزێ، قەت وانەبوو سالوومە ئەو ژنەی کە لە مێژوودا بە خراپە ناوی هاتووە، بەم هەموو تەمەننا و پاڕانەوە کە سوڵتانی خونکار داوێنی گرت، ئابەمجۆرە خۆی نیشان نەدا و لەبەر دەمیدا سەمای نەکردووە، وەک ئەم کچە کوردە لەبەر دەمی ئەم ترياکی و پیرکونییەدا بە نەرمە لەنجە و خۆبادانی جوانتر لە جووڵەی پۆلی پەریان و بە لارەی مەمک و سووڕی سەرپنجە و ناز و عیشوە و گوڵبزەی شیرین کە هەوێنی ئەم هەموو سەماو لار و لەنجەیە بە سۆزی سازی ئەم موتربە بەنگییە، لە ناخیدا گیرسابوو. ڕۆحێکی شەیتانی هونەر و ئاواز ڕژابووە هەناوییەوە، ئەو سەماکەریە، لەگەڵ ئەو هومایەی ئەو دیتبووی و نێوانی لەگەڵ خۆش کردبوو زۆر لەیەک دوور بوون، نەک هەر ژن ئەوە بوونەوەرێک بوو زۆر لەولای مرۆڤ و ئینس و جنسەوە، خۆ ئەگەر لەو کاتەدا خەنجەرت لێدابا بەخۆی نەدەزانی، بەڕاستی ئەم گشتە هەستان و نیشتنەوە و باڵلێکدانە و ڕەوتوڕۆیینە لە مرۆڤێکی ئاسایی نەدەوەشایەوە، مەگەر ئەوەی بڵێین، هەوێن و جەوهەری ئەم سەماچییە تێکەڵە لەگەڵ کەفی گەرمە شەپۆلی تووڕە و بەلرفە و هاواری زەریای خرۆشانی و یەکەمین تیرێژی دەمەو ئاسۆی بەرەبەیان، خۆ ئەگەر لەوکاتەدا زۆربای یۆنانی بە چاوی دڵ سەیری بکردایە بە دڵنیاییەوە دەستی لە سەمای سەرنجڕاکێشی خۆی دەشووشت و تا ڕۆژی پەسڵان وازی لێدەهێنا، بەڵام ئەم ڕێگەیەی ئەمە هەنگاوی پێدا دەنا، قەت ڕێگەیەکی پاکان نەبوو، بەم حاڵەشەوە بەڕاستی نەتدەتوانی واز لە پەسن و ستایشی بهێنی و سەری کڕنۆشی بۆ نەوی نەکەی، ئەم خەزێنەی مێهرەبانی و جوانییە کە بینایی بۆ کوێر دەگێڕایەوە، دڵۆڤانی لە جوانیڕا تێکەڵ بە ڕەمزو ڕازی هونەر دەکرد و ئەقڵ و هۆشی لە تەماشاچی دەرفاند، هەروەک حسێنخان دەیگوت: ئەمە دیارییەکی یەزدانی بوو بۆ مرۆڤی سەرگۆی زەوی. ئیتر ئێستا ئەو هومایەی ئەو دەیبینی وەها پشتی کردبووە ژیانی وشک و ئاسایی، کە ئەم ژیانەش بۆ ئەو هەروا بوو، کامارگۆی بەڕەسەن ئێرانی تەنانەت هەڵسوکەوت و لەفز و گوفتاری جێی باوەڕ نەبوو! چ بگا بە تێکەڵبوون و هاوژینی لەگەڵ کرێکارێکی بێزەوق و وشک وەک حاجی بەننا و دەوروبەری. تۆپە گوڵێک بوو لەبەر بێن و بەرامەی خۆشی هیچ هەنگێک تاقەتی ئەوەی نەبوو توختی بکەوێ و هەلالەی بچنێ و بۆنی پێوە بکا و گەردو گوڵی هەڵبگرێ. بەڵام سەبارەت بە هونەر، بەبێ زیاد و کەم کە هەزاران عەیبوعار دادەپۆشێ دەتوانین چ داکۆکییەک بکەین؟ تەنیا ئەو کۆمەڵگا بەرینە بوو، دەیتوانی بەبێ ئەوەی ئەم جوانە بە بەشی خۆی بزانێ بوونی ئەو بە باوەشێکی ئاواڵەوە قەبووڵ بکا، ئەگەر

لەوپەڕی داوێنتەڕیشدا بوایە، هەروەک «فرینە[١٠]» کۆمەڵگا بە دەستی بژاردەکانی خۆی تاوانباریان دەکرد و دواتریش پەژیوان دەبوونەوە! تەنیا ئەم شتەی لەو کاتەدا هاتبووە بەرزەینی ئەم پیرەمێردە، ئەم بیرو ئەندێشەیە بوو کە لە بن لێوەوە خێراخێرا دەیگوت:

ـ نا، نا، ئەوە هەر دەبێ لێرە بمێنێتەوە نە باغ بێ خاوەن، نە گوڵ بێ پەرژین بێ. ئەم خێر و بەرەکەتە هەر بۆ ئەوان باشە!

هەتا ئێستا قەت وانەبوو لە فکر و خەیاڵی سەیدا جێبکەوێ، هۆنەر تا ئەم ئەندازەیە خاوەنی پلەو پایە بێت، لێیبگەڕێ ئەم دۆیە هەر بۆ ئەو دۆدانەیە چاکە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان بوو، ئەو سێحرو جادووە بوو کە لەژێر پەنجە و لەفزی ئەم پیاوەدا دەهاتوو دەچوو، بەڵام ڕواڵەتی پووڵێکی سووتاو نرخی بوو. بەڵام هونەر و گەوهەری لێدەباری و شنەئاسا لەنجەی وەگوڵی زەرد و سوور دەخست.قاڵبوون و تواننەوەی ڕاستەقینەی ئەو بینەری خۆی دەخستەوە بیری باربوودی مەزن، ئەو سازژەنە ڕۆحکێشەی کە بۆ مەرگی پەرویز دوایین مەقامی خۆی کۆک دەکرد، تاکوو لەپاش قرتاندنی قامکە هونەرچێنەکانی ساز و ڕووبابی لە ئاگر هاوێ و تا ئەو ڕۆژەی بە ڕۆح زیندووە پەنجە بە ساز و مۆسیقادا نەنێ و ئەژنۆی خەم لە ئامێز بگرێ. ئەگەر ئێستا ئەو خاوەن دەسەڵاتبایە، یان ئەم پیاوەی زێڕوەشان دەکرد و دیاری شایانەی پێشکەش دەکرد، یان هەر وەکوو «سێنێمار» لەسەر ئەم کوشک و قەڵایەوە کە بە دەستی پڕ هونەری خۆی ساز کرابوو بەریدەدایەوە و ملی دەشکاند. ئەو خەون و خەیاڵانەی لە نێو ئاوێنەی شێعری حافزدا ڕەنگی دابۆوە ئێستا بە ساز و پەنجەی ئەم پیرە خاوەن هونەرەوە، گوڵ و مەیگێڕ و بادە و پیاڵە گشتی هاتبوونە ڕەقس و سەما، بۆرە پیاوی ژەنیار بە کیمیای ئاواز و نەغمەوە جەستەی گۆشتنی بە هەوێنی هەناسەی ڕۆح تێکهەڵشێلابوو ئیتر نەتدەزانی لە پێواردا دڵی چیی‌تێدایە و مێشکی بەچییەوە خەریکە، ئەو دەست و پەنجەی کە بە سیم و تاریدا دەهێنا نەختێکیتر تینی وەبەر نابا، بەبێ ئەملاو ئەولا تەواوی دەرگاکانی دۆزەخ بەردەبوونەوە و هونەردۆست و ئیلاهەی هونەریش ئەوی بوون و نەبوون دەبوونە بەرکڵی شەڕ و هەوەسی ئەم لەهی و لافاوە.

سەیمیران کە لە دنیای عارفانەی خۆیدا وایزانی موسایە بەسەر کێوی توورەوە، لە ناکاو داچڵەکی لە خەوێکی قورس و کوفراویدا کە نەیدەزانی چەند کاتژمێر و چرکەیەکە تێیدا ماوەتەوە خەبەری بۆوە،

---

١٠- فرینە: ئەو ژنە جوانەی کە دادگای یۆنان بە تاوانی داوێنتەڕی محاکمەی کرد، ئەمیش لە پێشچاوی دادوەران خۆی ڕووت کردەوە وەختێ بە جوانییەکەی سەرسام بوون لە بڕیاری خۆیان پەشیمان بوونەوە.

دەنگ و نەوای خۆش، کە هەر وەک خرمەی باران و چریکەی مەلان دەهاتە گوێ، تەنیا بیسەری هونەرناس بەم ئاواز و ڕازەی دەزانی و لەو دەریایەدا دەیتوانی وەمەلە بکەوێ، ئێرە وەک ئەم شوێنە باریکە وابوو کەوا خوای هونەر دەسەڵاتی ئەهریمەنی خۆی بەسەر قوربانیدا دەسەپاند و نیشانی دەدا وەک ئەوەی ئەو ئەسترەی کە تاوانبار کراوە بە چەندجار مردن دەبوو و ڕووت و قوت خۆ لە ئاور هاوێ! ئەگەر ئەم هەموو پێش‌خواردنەوە و تۆبە و ئەستەغفارە نەبوایە کە خێراخێرا بە دەمیدا دەهات و ڕووی لە بێ‌شەرمی و ناحەزکاریی ئەوان وەرنەگێڕابایە، بە دڵنیاییەوە وەک شێری لە قەفەز دەرپەڕیو خۆی بە ڕەقاسخانەکەدا دەکرد و هەرچی وەبەر دەستی هاتبایە لە تارو کەمان و دەف و گیتار تەواوی لەسەری ئەم تەپڵچییەدا دەشکاند و مەیدانی سەمای بە خوێن سوور دەکرد، بۆ ئەوەی لەو شەوی قەدرەدا کە بیست و یەکەمی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بوو، لەوە زیاتر چاوی نەکەوێ بە لەش‌ولاری ڕەقاسە و سەرو سەکوتی ئەم دەهۆڵکوتە، بە شڵەژاوی لە دیوەکە هاتەدەرێ، شەڕابی ئەم دەنگ و هاوارە چۆڕابووە هەناوییەوە و تێکەڵ بە خوێن و ڕۆحی بێ‌خەوشی ببوو، تاکوو بێ‌هەواڵ نەبێ لە دنیای چێژ و هاودەمی خەرامانان، ئەوانە گشتی لە ناخیدا کڵپەیان سەندبوو، یاوتینی ئەم دیمەنە لێی‌بوو بە شەماڵی شێت وەک نەرمە تۆزێک لەگەڵ خۆی بردی، لە کاتێکدا لەرزو تاو پێچی دەدا و بەرپێی خۆی بە باشی نەدەبینی لە کڵۆمی دەرگاکە نووسا، بیکاتەوە ناڵە و بانگ و هاورێکی مەستانە کە تێکەڵ بە ماندووبوون و گوڕەیەکی پیرانە بوو، لە دوای ماوەیەک کار، بەم وشەگەلە کرڕەی لە هەناوی هەستاند:

- بلوور، بلوور، دوو چاوم، هەر تۆی هێزی هەناوم، ئێستا وەرە، یاشا!!

سەی‌میران لە داخ و حەیفان سوور هەڵگەڕابوو، پێت لێدابا دەتەقی! زۆر بە تاڵۆکە بە کۆڵانی سەنعەتیدا تێپەڕی، لە ڕاستیدا ئەم سەماکەرە مەزبووتو مەسخ‌کراوە لە ماڵی حسێن‌خان بەدەر لە ژێر تاقی ئەم ئاسمانەدا کوێی دیکەی هەبوو؟ چەندە باش بوو لەخۆڕا بۆ قسەکردن لەگەڵ حاجی بەننا خۆی نەکردە بەردی قۆچەقانی، چاو کەژاڵی سەماچی، بە داخەوە تازە لەوەی ڕابردبوو کارێکی بۆ بکرێ، دیواری حەیا و حیسمەتی وای هەرەس هێنابوو نەدەکرا بەرەریخی بەربەردا هەڵبچنن، ئەو لە مەیدانی ڕەقس و ئاهەنگدا ئەسیر و هەمیشە مەست و سەرخۆشێک بوو کە هۆش و ئاوەزی پارسەنگی کەرەگ بوو، هەرچەندی بە گریان و لالانەوەش دەستەودۆعا کروزابایەوە خێراتر دەگەڕایەوە سەر ئاکار و ڕەفتار و پەت و سنگی پێشووی، دیسانیش هەر ئەو پیرە جڵفە تەواوی ئەم حەیس‌وبەیسەی بەیانی زوو بەبێ پێچ‌وپەنا بەو گوتبوو.

# بەشی چوارەم

سەی‌میران سەروای بێ‌تاقەت و پەرێشان، بەبەر دەرگای دووکانەکەیدا دەهات و دەچوو بێجگە لە ڕۆژێکی تەواو لە ماڵێ چاوەڕوان مابۆوە، سێ ڕۆژی عەلەن‌تەواو بەیانی تا ئێوارێ لەم بەردەرگایەدا کات و ساتی بە خۆڕایی تێدەپەڕی و بۆ ئەوەی جێگەی بەتاڵی خۆی لە دووکانەکەدا پڕ بکاتەوە، بە بێ‌هۆ ئەمر و فەرمانی دەردەکرد، بۆ شاتر و تیری‌گێڕەکانی، بە ڕاست و درۆ دەستووری دەدا، دەستی لە کەتەو دەفری ئاردەکە دەدا، عەبدولی دەنارد بۆ شاخی ڕێوی! وای‌نیشان دەدا، چاوەڕێیە زوو بۆی بهێنێ، یان دادەنیشت و تەسبێحەکەی لە باخەڵی دەهێنا دەرێ و سەری قسەیەکی لەگەڵ حەبیب دادەمەزراند، کە بۆنی چاوەڕوانی پێوە دیاربوو، وەختێکیش لە نێوان ڕێبوارانی شەقامەکەدا لە دوورەوە چاوی بە خانمێکی چارشێو سپی دەکەوت بەرەولای ئەوان نزیک دەبۆوە، بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بمێنێ تەپوکوتی دڵی حەوت گەڕەک دەڕۆیشت، وەختێ خانمی چارشێو بەسەر نزیک دەبۆوە و دەی‌زانی «ئەو» نییە، دەرد و مەراق کرێوەی دەکرد بە سەریدا و ئەوەندەی‌تر چاوەڕوانی چاوی پێ‌دادەپچڕی و ژان و برکی پەیمان‌شکێنی و بێ‌وەفایی چڕنووکی بە هەناودا دەهێنا و وەک مار لە حەژمەتان پێچی لە خۆی دەدا و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- یانی‌چی؟ بۆ نەهات؟ ئەم ژنە بۆ ئاوا دەکا؟ داخۆ نایەوێ پیاوێکی کاسپکاری وەک من دەسخەرۆ بکا، یان کەسێک پەشیمانی کردۆتەوە؟

ئەو شەوەی وەبیری هاتبۆوە وا بە یەکەوە بوون، گریان و پاڕانەوەکەی، تکاو داواکانی بەدەم پیاسەکردنەوە لە کوچە و کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانی گەڕەکی سەرچاوە، ئەو سەماو دیلان و ڕەوت و ڕابواردنە کە لە قووڵایی دەروونەوە تین دەدرا، وەکوو سکڵی سوور وابوو لە هەناوی ئەم پیاوەدا، ئەمانەی بەبەر چاویدا زیندوو ببوونەوە و سەری لەم ئاگر و ئاوە سووڕ مابوو.

درێژەی چیرۆک، دوای ئاوەها ڕۆژێک کە سەی‌میران بە قین و ڕقهەستاوی لە ماڵی حسێن‌خان هاتە دەرێ، ئیتر نەی‌ویست تاکوو سێ ڕۆژ دوای ئەوە هەر بیری لێ‌بکاتەوە و خۆ لە

کاری هوما بگەیەنێ، بەڵام ئەم هەوڵ و ددانبەخۆدا گرتنە کارێکی مەحاڵ بوو، تا دەهات چرۆی عەشقی پیری دەترووکا و ئەو هەستە کە لەوانەیە سەرچاوەکەی ڕک و خۆشەویستی لەڕادەبەدەر و یان غیرەتی مەردانەی بۆتە باعیس بیرۆکەی ناشایست بورووژێتە ناو دڵ و مێشکی، زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکە و بۆ دواجار لە شوێنێک ئەو ژنە نەشمیل و هەوەسبازە ببینێ و پێیبڵێ کە گلەیی لێنەکات، ئەوەی ئەم بە ئەرکی سەرشانی زانیوە و لە دەستی هاتووە جێبەجێی کردووە، بەڵام خەتایەک کە هەبێ ئەوە لەلایەن ئەو ژنەوەیە، بە دەستی دەڵێ وەرەو بە چاو دەڵێ مەیە! ئەم یەکبان و دووهەوایە بۆ هەرکەسێک بێ تووڕە و تۆسن و لە دینی دەردەکا. لە چوارشەممە سوورتر، چیمان هەیە، ئەوەی لە چاڵی ئاور کەوتبێ چۆن بە ئاور خۆی دەکوژێنێتەوە، ئیتر بۆ ئەوەی لە تاریکی ئەم ڕووداوە ڕزگاری بێت، ژیر و ڕەندانە وەبیری بێنێتەوە ئەگەر ئەو وەک پەری ئەوسانان کە لە زەریادا مەلەوانان لاڕێ دەکا، ئەمەیان بە گیانی خۆی و تارژەنەکەی بەهەڵە چووە. سەیمیران ئەو کوڕە نییە فیکەی خۆی نەناسێ و بە کەوچێک ئاو بکەوێتە مەلە.

ئەو دوودڵی و ڕاڕایەی کە سەبارەت بە ئەو ژنە هەیبوو زۆر بە قایم و پتەوی نەدەزانی، بەڵام سەید لەوە بە گومان بوو کە ئەو قەرەجە و زۆریش دوور نییە کڵاوی نەنابێتە سەری و بە سۆخرەی گرتبێ.

ئیتر، سێ ڕۆژ ڕابرد و ئەو بەبێ ئەوەی یەکتر بە قسە ببینن، لە ماڵی حسێنخان هاتەدەرێ و دەرفەتی ژووان و چاوپێکەوتنێکی درێژ و باشی دەستکەوت بەبێ ئەوەی کەسێک مزاحیم و ئازاری بۆیان هەبێ، تەنگی نوێژی شێوان لەو کاتەدا کە بە گیرفانی پڕەوە بەرەو ماڵ دەبۆوە لە دەربازگەی بەردەمی گەرماوی سەرتیپ، حسێن تەپڵچی بینی کە لە نێو پاڵتۆکەیدا کوشمەی کردبوو، هەر دەتگوت کۆنە دەلاکە جانتاکەی نابووە بنپیلی، بە لارەلار و لاتراسکەوە کە نیشانەی نەخۆشی پێوە دیار بوو، ژنەکەی بۆی ببوو بە کۆڵەکە و بەرەو شەقامەکە دەپەڕینەوە، بەم ڕەوتوڕۆینەدا دیاربوو بۆلای دوکتۆر دەچوون، سەید بەتەما بوو ئەحواڵپرسی بکا، بەڵام خێرا بیروڕای گۆڕی و فکرێکی دیکەی بە مێشکیدا هاتبوو، هەلێکی باشی دەستکەوتبوو بۆ ئەوەی هوما ببینێ، ئەگەر لە ماڵ دەبوون قەت دەرفەتی ئاوای دەستنەدەکەوت، هەر ئەوەندەی دەنگی دەرگا بەرز ببۆوە، ژنە لە حەسارەکەوە هاتبووە دالان و بە دەرگا کوتانەکەیدا زانیبووی ئەوە لە دەرگا دەدا، بە ڕاکردن خۆی کردبۆوە بە وەتاغەکەدا، چارشێوی دابوو بە سەریدا لە گەڕانەوەدا بزە

لەسەر لێوو بە ناز و غەمزەیەکی ئاشقانەوە کە زۆری باوەڕ بە پیرۆزی خۆی نەبێ دەرگای لێهەڵگرتبوو، گوتبووی:

ـ هەر ئێستا لە حەوشە بووم لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەچم سەرێکی لێهەڵدێنم، پێتبڵێم، من وەک مشکی باڵدار وام، کە تاریک داهات دەتوانم لە هێلانەکەم بێمە دەرێ، ئەویش ئەگەر کەس لە ماڵ نەبێ و ئەو دەرفەتەم بۆ بێتەپێشێ، بەتەما بووم بە بیانووی نانکڕین بەسەر پێیەکەوە بێم بۆ دووکان.

ـ بۆ لە تۆ وایە من دایمە لە دووکانم؟! بۆچی دەهاتی بۆ دووکان؟

سەیمیران پاڵی بە لاشانی دەرگای حەوشەکەوە دابوو، بە چاوێک کە تانەو لۆمەی دۆستانەی پێوە دیاربوو سەیری بەژن و باڵای هومای دەکرد، ئەویش دەمو لێوی خونچە کردبوو بە نازێکی پەرییانەوە وەڵامی دابۆوە:

ـ ئاشکرایە بۆچی، بۆ ئەوەی بزانم بۆ ئەو ڕۆژەی هاتی بۆ ئێرە بەبێ ئەوەی قسەیەکت دەستبکەوێ یان دوو کەلیمە لەگەڵ ئەو قسە بکەی هەستای ڕۆیشتی؟ ئەگەر ئاکارێکت لە من دیوە و بەلاتەوە ناشیرین بووە، ئەوە تاوان لە من نەبووە، بێجگە لەوەش، مەگەر نەتدەویست ئەو هونەری منی شێت و شەیدای خۆی کردبوو دەستی دەئەستۆ بکەم و بۆ دواییینجار ماڵئاوایی لێبکەم؟ من هەر ئەو ڕۆژە بەر لەوەی تۆ بێیە ئێرە و لەگەڵتاندا بکەومە قسە و گفتووگۆ، لێم نەشاردەوە و ڕێکوڕاست بەم پیرەمێردەم گوت: ئەوەی ئەو لێیدەگەڕێ ئەوە من نیم، نە حەزم لە سەماکردن و ڕەقسکێشانە و نە بۆشم جێبەجێ دەبێ، بە قەڵەمێکی سوور دەورم خەت بدا، هەربینا، ئەمڕۆ و سبەینێ بەجێمهێشتی، بۆ ئەوەی منیش هەر وەکوو خەڵکی ئاسایی پێمخۆشە بژیم، ژیانێکی حەیا بەخۆیانەم هەبێ، سوێندم داوە، کاری بە کارم نەبێ و لێمبگەڕێ وەدووی چارەنووسی خۆم بکەوم، بۆم لە بنی کولەکەکە داوە ئەگەر دەستم لێهەڵنەگرێ و زۆرتر بمخاتە مەنگەنەوە شکایەتی لێدەکەم. دیارە دڵگەرمیم هەر تۆ بووی بۆیە ڕووبەڕووی ڕاوەستاوم و ئەوەی لە دڵمدا بووە بە گوێم هەڵێناوە، دەبێ هەر ئەمشەو هەر ئێستا لەگەڵ خۆت بمبەی، حسێنخانیش لەو وەختەوە بەرەوڕوو ئەم قسەیەم پێگوتووە نەخۆش کەوتووە. خێزانی دەڵێ خورپە کەوتۆتە دڵی ئەگەر بمرێ خوێنی بە گەردنی تۆیە.

بەم پێشنیارە کتوپڕە سەیمیران داچڵەکی نەیزانی چیبڵێ:

ـ حەی، لەگەڵ خۆم بتبەم؟! سەیرە، بۆ زووتر ئەمەت پێنەدەگوتم؟! خۆ من جارێ جێیەکم بۆ تۆ دابین نەکردووە، سەبرێکم لێبگرە، با فکرێکی لێبکەمەوە، بۆت جێبەجێ دەبێ بێی بۆ ماڵی خۆمان؟ خراپییەکەی لەوەدایە ئێستا شەوە، ئەگەر وانەبایە، بیرم لە شتێکی باش دەکردەوە، ئەویش ماڵی خۆمانە، ژوورێکی باشمان هەیە دەزانم تۆ پێیڕازی دەبی، جارێ بە دەست خۆمانەویە، بەڵام پێویستمان پێینییە، بە خێزانم گوتووە، بۆ ئەوەی ژووری میوان چۆڵ نەبێ و دەستی دزی پێنەگا باشوایە ئەم ژوورەی پەنای ئەو بدەین بە ماڵێکی کەمخێزان، یان کەسێکی ڕەبەن و حەیابەخۆ.

بە ژنەوتنی ئەم پێشنیارە، هوما چرۆی لێوی ترووکاندبوو بە سەرسووڕماوییەوە گوتبووی:

ـ بێم بۆ ماڵی ئێوە، بۆلای ژن و منداڵەکەی تۆ دەمکەیە دەرکەوان؟! فکری باش هەر ئاوا دەبێ! ئەوە کارت بۆ کردم، تەنیا جلشۆری و قەرەواشی ماڵانم کەم بوو، قەیدی ناکا زیندانیش بێ بە گیان و دڵ پێیڕازی دەبم، بەڵام بەو مەرجەی خێرا منداڵەکانم بۆ بێنی. کارێکم بۆ جێبەجێ بکەی بتوانم خۆم و منداڵەکانم پێی بەڕێبچین، ئەویش نەک هەموو کارێک، ئەشێ لە بیرت مابێ خۆت ئەو قەولەت پێداوم. بەمجۆرە من لە ژێر دەستوور و ئەمری تۆدام. بۆ هەرجێگایەکم بەری ئەگەر جەهەندەمیش بێ دەستت وەرێ ناهێنم و بەسەر بۆی دەڕۆم. بەڵام ئێستا وەختی نییە، دەزانم تۆش پێت جوان‌نییە، با سبەینێ بێ؟ وەک بیری لێدەکەمەوە ئەو ماڵە هەرچییەک بن کەیفی خۆیانە، دەرحەق بە من چاکەیان کردووە خراپەیان بۆم نەبووە، کارێکی جوان نییە منیش بە خراپە وەڵامیان بدەمەوە. ئەوە دەبێتە لە چاکە هەڵدان، بە گەرمی و گوڕی بەجێیان دەهێڵم، نەک بە دزی و فزی، بێجگە لەوەش، ڕەنگە وازوو نەیەنەوە، بەو شەوە تاریکە کەس بەدەروە نییە، ئەوەهاتوو بە فرسەتیان زانی و خۆیان بە ژووریدا کرد و ماڵەکەیان پێچایەوە، هونەرمەندان مرۆڤگەلێکی ڕووت و هەژارن، میوانگرن، نانێکیان هەبێ لەگەڵ میوانیان بەشی دەکەن، بەمحاڵەشەوە بۆچی دزو نامەردان شڕەیان برفێنن. زۆریش گوناحە، لەو ڕۆژەوە نەخۆش کەوتووە زۆرم زگ پێیدەسووتێ، باوەڕ ناکەم بمێنێ.

ئەوان جارێکیتر بەم شەوە لەو کۆڵانە چۆڵەدا لەبەر دەرگای ماڵەکە بازاڕی قسەی خۆیان گەرم کردبوو، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ژنە بە هەموو بارێک ڕازی بوو وەدووی سەید بکەوێ بەڵام پێیداگرتبوو لەسەر ئەو داواو گفتەی کە بە گوێیدا دابوو، بەتایبەت چوونی بۆ ماڵی سەیمیران، ئەوە بەلایەوە زۆر گرینگ بوو، ئەم لایەنە بۆ هەردووکیان جێی سەرنج بوو، ئەوەی بە مێشکی سەیمیراندا هاتبوو ئەوەبوو، هوما بە بیانووی کرێچی وەختێک بچێ لە دەرگای ئەوان بدات کە

بۆخۆی لە ماڵ بێ، چارشێو نوێژەکەی بدا بە سەریدا و بڵێ ژوورێکی کرێم دەوێ، دوو منداڵیشم هەیە دواتر دەیانهێنم، ژنەکانیش کە لە حەوشەدان لێیدەپرسن ئەی مێردەکەی، وەختێ دەزانن تەڵاقی سەندووە، زگیان پێیدەسووتێ، هەر لەو کاتەشدا ئەویش دەچێتە نێو ژنەکان و بەبێ ئەوەی وانیشان بدەن کە یەکتر دەناسن ڕازی دەبێ، ئەو وەتاغە بچووکەی بۆ چۆڵ بکەن، ڕوون نەبوو هوما چۆن بەم فکر و خەیاڵەی کە بۆی داڕشتبوو ڕازی بوو یان چۆنی بیر لێدەکردەوە، هەرچۆنێک بوو هیچکامیان فکرێکی لەوە باشتریان بەدڵ و مێشکدا نەدەهات، هەرچۆنێک بوو دەبوو بیرێکی لێبکاتەوە سەری داخست و لەوکاتەدا دەستی بە چوارچێوەی دەرگاکەدا دەهێنا گوتی:

- شەوێکی دوور و درێژە تا بەیانی فکری خۆم دەکەمەوە، ئەو نەخۆشکەوتنەی حسێنخان مەترسی لەسەر من کم کردۆتەوە، ئەم هەلاَت هەلاَتەشی ناوێ پەلە کاری شەیتانە، بەیانی چاوەڕێمبە، ئەگەر هاتوو دیار نەبووم، ئەوە بزانە لە جێیەکیدی هەولی خۆم داوە، هەرچۆنێک بێ ناهێلم لە من بێهەوال بی، جارێ زۆرم کار پێتە، بە پشتیوانی خۆمت دەزانم.

ئەوە، چاوپێکەوتن و کورتە ژوانێک بوو لەبەر دەرگای مالی حسێنخان بەم سەرەتای شەوەتاریکە و لەگەڵ هوماخانمی چارشێو چەرموودا، ناوو نیشانی کۆلان و مالی خۆیانی بە تەواوی پێدابوو، بەیانی چاوەڕێی دەبێ، لەو کاتەدا حسێنخان تەپڵچی و نەخۆش لەگەڵ ژنەکەی لە کۆلانە گەورەکە دەرکەوتن، ئەویش دوور کەوتبۆوە، بۆ بەیانیدا بە بیانووی شێوکردنی باخچەکەی حەسارێ خۆی بە گوڵداچەقاندنەوە خافلاندبوو، بەلاَم جارێ نە گوڵ سەوز دەبوو، نە یارەکەی ئەویش هاتبوو بۆ مالێ! قسەی پێشنیان چەندە بە نرخە، جوانان بێوەفان، نەک هەر ئەو ڕۆژە، تەنانەت سێ ڕۆژ ڕابرد و مانگ لە هەوران دەرنەکەوت، هەر وەک ئەوەی لە بیریشی نەمابێ. وەفای جوانان وەک شنەی شەماڵ وایە، دەمێک دێ و دەمێک نایە، وەک دەڵێن ئاشق و مەعشووق نیش و نووشیان زۆرە، ئەم دەردپێدانە هەنگوینی شانەکە فرەتر دەکا. بەلاَم جا بۆ ئەو ژنە بە تەمای دڵئەستاندنی دلی یاشێخ بوو؟ ئاخۆ هەروەک ئیشق و هەوای ڕۆژانی لاوی لە دەروونی خۆیدا هەست پێکردبوو، چاوی مەست و پەریئاسای ئەو ژنە گەنجە، ڕواڵەتی ئەوی چۆن دەبینی بەم سەرو ڕدێنە بۆزەوە، بەم تاقمی ددانەوە، ئەم چرچولۆچی تەوێڵ ڕوومەتە، وەفا و نیشانەیەکی پیاوانەی لێبەدی دەکرد، سەیمیران وایبۆدەچوو ئەم ژنە بەم هەمووو شۆخ و شەنگییەوە لەم شارەدا شای جوانانە، بەم گشتە دڵدار و دڵبەرەوە کە لە دوور و نزیک خەرمانەیان داوە لەو شارە

گەورەیەدا دەکرێ هەستی مردبێ و دڵی بۆ جووتی خۆی نەکورکێنێ؟ بەڵام هەرچی هەبوو ئەو گەلێک لەوە وریاتر بوو ئەوینداره‌کەی بە دەلاقەی ڕازەکانیدا شۆر ببێتەوە.

بەدەم ئەو بیرۆکانەوە، ئەو پیاوە کاسپکارە جگەرەیەکی لە گیرفانی هێنادەرێ بیکێشێ، وەبیری هاتەوە بەڕۆژووە، خەمەکەی لێقورستر بوو، گولۆپی دارتێلەکانی شەقام چەمۆڵەیان لە بیچمی شەو دەنا، بە تەواوی دڵی سارد ببۆوە، دەیزانی تازە لەوە دەرچووە بەم درەنگوەختە بێت و ببینێ، هیوابڕاو و پەرێشان کاتژمێرەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، بیست چرکەیەکی مابوو بۆ بەربانگ، قەندەکێشێک خۆی خافڵاند هەر ئەوەندەی دەنگی بانگی شێوان لە منارەی مزگەوتەوە دڵ و دەروونی ئاوپڕژێن کرد، بەو نان و خورمایەی حەبیب بۆ بەربانگی خۆی لە بەقاڵەکەی جیران دووکانی کڕیبوو، ڕۆژووەکەی شکاند، جارێ گریێ توێڵی نەکرابۆوە جگەرەی داگیرساند. چەندجارێک شەمچەکەی ڕاوەشاند و دوور فڕێیدا، لە پاش سێ ڕۆژ چاوەڕوانی و دڵەکوتە لێو بەبار و دڵ بەخەم چاوی ڕەشی کاڵ بۆوە و ژوانگەی بەجێهێشتوماڵی دڵی کە دوو حەوتوو دەبوو شایی تێدا دەگەڕا، بە تەمی خەم و خەفەتی خۆڕایی کونبڕی کرد. دەستیکرد بە سەرکۆنە و تانە و تەشەر و توانج لە خۆی کە بۆچی دەبێ ئەوەندە ساویلکە بێ دڵبدا بە بێوەژنێکی ئەوەندە بێکیفایەت، بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئەم پەری دەریایە، لەو کاتەدا کە وایبۆدەچوو دەبێ بە یەکجاری پشتی تێبکات و لە بیری خۆی بەرێتەوە بۆ ئەو وەک خەزێنەیەک وابوو کە بە خەون دەستی کەوتبێ بەم گشتە تام و چێژەوە جێی بڕوا نەبوو، بەم هەنگاوە شل و وردانەوە کە هەڵی دەهێنایەوە لەوە دەچوو بەرەو ماڵ بچێتەوە، پەشیمانیش نەبوو لەو نییەتە خێر و چاکەی لە سەریدایە و لەگەڵ ئەم نازدارەش بوونەتە دۆست و ناسیاو، ئەم چاوەڕێبوون و نەهاتنە، ژان و ئازاری لە دڵ چەندبوو، لەلایەن ئەو تازە دۆستەوە، هەروا کە بە شەقامەکەدا شۆڕ دەبۆوە لەبەردەم دەرمانخانەیەک لەودیوی جام و پەنجەرەکەوە ژنێکی چارشێو سپی سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا، لەسەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو، نوسخەو کاغەزی دەوا و دەرمان بە دەستەوە و نەخۆش و بێحاڵ سەری نابوو بە دەرگاکەوە، سەیمیران بە شڵەژاوی و دڵەکوتەوە خۆی گەیاندە نزیک دەرمانخانە، هوما نەبوو، هەورە برووسکەی فکرێک بە مێشکیدا تێپەڕی:

- نەکا لەمکاتی سەرد و سەرمایەدا بێکەس و بێدەر ئەم بەستەزمانە نەخۆش کەوتبێ؟ چووزانم، خۆ دار و بەرد نییە، ئافرەتە، ژن و شووشە وەک یەکوان، ئەم کۆنە تریاکییە، لە پێش چاوی ئەم ژنە خۆی کردۆتە شێخی سەنعان، بەو زمانەی ئەو هەیەتی مار لە کون دەهێنێتە دەرێ،

به کچم کچم و چاوەکەم هەڵیفریواندووە، وەک مار وایە بۆ ئەوەی نێچیری خۆی ڕاو بکا لەبەر دەمیدا خۆی دەتۆپێنێ، هەزار و یەک مەکروو ئەفسوون دەزانێ، جارێ ئەمە دانەیەک لە جادووەکانییەتی، ئەمە جادووبازە هەر سەعاتەی سێحرێک دەنوێنێ، وەک دەوڵەت وایە بە عەڕابە کەرویشک دەگرێ، ئەوانە بۆ کەس جێی باوەڕ نین، بۆ ئەوە نابن پشتیان پێببەستی، تەنیا ئەوەندەیان باوەڕ پێبکە بڵێن خوا و پێغەمبەر هەیە، قەدیمی درۆیان نەکردووە، ئەوەی دەهۆڵ و دمبەکی بە شانەوە بوو، ئەشێ ڕۆژەڕییەک لێیدوور بی! لە کۆڵانی سەنعەتکارانەوە بەرەو شەقامێکی دیکە تێهەڵبوو، هەروا هەودای خەیاڵی لەسەردابوو.

ـ ژنێکی ئاوا بێدەرەتان دەبێ چت لێبووێ، ئەوەی ڕاست بێ قەولێکی وایەنەداوە کە دێت بۆ ماڵی ئێمە، عەیبەکە لەوەدایە، تاکوو ئێستا نەمتوانیوە لە سووچێک داسەکنێم و بە وردی بیری لێبکەمەوە، قسەی لەگەڵ بکەم بزانم چی لە دڵیدایە، تا ئەوجێیەی بۆ من ڕوون بۆتەوە ئەو ژنە شەڕی ئەوەیەتی لەو ماڵە بێتەدەرێ، چارە هەر ئەوەیە خۆم مەحتەل نەکەم و بچم بۆلای ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکیش بێ چاوم پێیبکەوێ. خۆ ناکرێ هەر ئاوا بە ساردوسڕی بەسەر شتەکاندا تێپەڕم، جووڵە و ڕابوونەکان ئەگەر لە هەموو لایەک سەرکەوتنیان بە دواوە نییە، دانیشتن و دەست لەسەر دەستدانان هەر دواکەوتن و لە کاروان بەجێمانە، ئەبێ فێری ڕێ و شوێنی ژیان بێت و نەسرەوێ، ئەو ژنە بەم هەموو خۆشی خۆشییەوە کە بۆ خەلاسبوون لەو ماڵە هەیبوو، چۆن دەکرێ لەپڕ پاشگەز ببێتەوە، دەزانم ئێستاش هەر لەوێیە و لەوانەیە بەلایەکی بۆ هاتبێتە پێشێ.

ئەو مرۆڤە بە ئیمانە، کە لە دوو حەوتوو لەوەپێش تووشی ئەو شڵەژان و ئەشق و سەودایە هاتبوو، هەستی دەکرد وزە و توانای خۆی لە دەستداوە و سەری دنیای لێوێک هاتۆتەوە، هەر تاوەی خەیاڵێک و هەر ساتەی پەژارەیەک دەبوون بە دالاش و بە دەندووک و چڕنووک لەبەر یەکیان هەڵدەپچڕی، بیر و ئەندێشەی پیرانەی ئاوێتەی هەوا و هەوەسی ڕۆژانی لاوەتی ببوو گڕی حەز و ئەوین لە کۆنە کوانووی دەروونییەوە مەشقەلانی بوو، بەلام ئەو پیاوە بە ئەزموون و دنیادیتووە، چ ڕازێک لەگۆڕیدا بوو ئاوا گیرۆدە و شێت و لێوەی ئەم ژنە بوو، دووری، ئەو پاسەوانی ڕۆحە، کە زۆر لەوەپێشتر هاوڕێی یەکتر بوون. ئاخۆم هەبوونی ئەم خەزێنەی ئاکارە بەنرخەکە دیتوانی ئافرەتێکی ئاوا جوان و کاڵفام لەسەر هەڵدێرێک بگێڕێتەوە، باشتر نەبوو پیاوێکی پەنجا ساڵە وریای ئەم گەوهەرە بێت و لە دەستدرێژی جەردە و چاونەزیرانی بپارێزێ؟ بەراستی وایە، دەنا بۆ دەبوو بەم چاوپێکەوتنەی دواییە ئەم هەموو سۆز و دوودڵی و خۆ ونکردنە ئەوی

ئاوا ئازار دابایە، ئەو شەوە ئەگەر بۆی چووبایەتە ژووری، بەڕاستی ئەو ژنە ڕێی لێدەگرت؟ ئاخۆم لەم تاریکە شەوەدا لەبەر دەرگای حەسارەکەدا چەندجار ئەو هێزە هانیدابوو هەنگاوێک لێینزیک ببێتەوە و سووکەڵە ماچێک لەسەر چەناگە و لێوی بە نەبات گۆشکراوی بڕفێنێ؟ بەڵام ئەوکاتەی لە هەرێمی خۆپارێزیدا دێین و دەچین بیر و هرزی خاوێن و ئاکاری شیاو لەگەڵ چێژ و سەفایەکی کاتیناگۆڕینەوە؟ ئەم دوو شتە بە ئەندازەی شەیتان و یەزدان لە یەکتر دوورن؛ کاتێ گەیشتە کۆچەی سەنعەتکاران لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ ئێستا شەوە و لەوە دەچێ، وەک ئەو ڕۆژە حسێنخان و ژنەکەی چووبێتە سەردوکتۆر، زۆر لەوە دەچێ، ئەگەر هاتوو خوڵکی کردم بچمە ماڵێ، ئەقڵ ڕێگە نادا داواکەی ڕەتبکەمەوە، ئەگەر هاتوو، چووزانم،... ئەوەندەش شل نەپێچراومەتەوە شەیتان لە جووتم بکا، دەبێ تۆزێک وریا بم، دەبێ بزانم چیرۆکی من و ئەو کچە قەرەجە بەکوێ دەگا.

فکر و خەیاڵ دەستی لە کۆڵ نەدەکردەوە، دەتگوت کچە قەرەجە جگی گورگی بە پشتیدا هێناوە، بەڵام لە دوودڵی و گوماندا قەتیس مابوو، هەر بۆیە بیری لە ئابڕوچوونێک دەکردەوە، بۆ ئەوەی لەو کۆڵانە ناو زڕاوەدا کەسێک نەیناسێ، ملیوانەی باڵتۆکەی هەڵدابۆوە و لێواری شەپکەکەی تاکوو بناگوێ و سەرئەبرۆی دادابۆوە، هەردوو دەستی دەگیرفانی نابوو. شۆقی جگەرەکەی ڕووناکی خستبووە سەردەمو چاوی، جووڵە و ئاکاری، هەنگاو و ڕوانینی پڕبوو لە ترس و خەیاڵی بوون و نەبوون. لە گەرووی کۆڵانەکەدا کوڕێژگەیەک دەفرێکی نەوت بە دەستەوە بوو بە هۆی ترس لە خەیاڵات و تاریکی شانبە شانی ئەو هەنگاوی دەنا، تۆزێک ئەولاتر ماڵێک لە شوێنی قوماربازان بوو، دوو کەس خەریکی دەمەقاڵێ بوون، لەو کۆڵانە کوێرەدا کە جێی ڕاوگەی کامیران بوو، دوودڵ و ئاڵۆز ڕاوەستا بۆ ئەوەی ئەو هێز و تینەی بێتەوەبەر کە لەو ماوەیەدا بە بڕوای خۆی تووشی گرفت هاتبوو، ماڵەکە بە سەردەرانەیەکی قوڕینەوە، نەوی و ناتەواو لە تاریک و ڕوونی ئەم شەوەدا، کپ و داکەوتوو دانەچیرەی لێدەکرد، ئەویش لەو کارەی کە هێشتا بیسمیللای لێنەکردبوو، مات و حەیران مابۆوە، خواخوای بوو دەرگای ماڵەکە زار داپچڕێ و ئەو کەسەی ئەو بە تەمای بوو بێتە دەرێ و چاو و دڵی پێی ڕوون بێتەوە. لە دڵەوە گازەی کرد و لە جەددی خۆی پاڕایەوە ڕجای لێقەبووڵ بکات و دڵی نازدار حەیرانی لە بۆ نەرم بکا لە ماڵ بێتە دەرێ، بەڵام سەد داخ و مەخابن، نەیدەزانی بچێتە سەر بەحریش وشکی دەکا، بۆ پیاوێکی ئاوا ناسراو خەڵکخۆشەویست زۆر حەیف بوو لەو کۆڵانە بەدناوەدا، ئەویش بەم تەنگی نوێژی شێوانە کەسێک

ببینێ پێیبڵێ کاری بە کێیە، بەتەما بوو بچێتە پێشێ و دەستبەرێ بۆ دەرگاژنە و خۆی لەم گومان و دوودڵییە دەرباز بکات، بەڵام حەزیای ترس وەهای چاو لێسوور کردبۆوە، خێرا دەستی سارد بۆوە، شەرمی لە هوما دەکرد، لە سەرو ڕدێنی چەرمووی خۆی دەسڵەمییەوە زۆر ناوەخت بوو، چ بیانوویەکی بە دەستەوە نەبوو، دوو هێزی بەگوڕ لە ناخیدا دژ بە یەکتر وەستابوون ئەشق و ئەوین بەرەو ژوانگە پەلکێشیان دەکرد، خۆپارێزی بە هەڕەشەوە بەرەنگاری دەبۆوە:

«من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم

عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی

من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە دەچم

ئەو دەڵێ نا، ڕەشە، جێ ڕاوەگەیی شەیتانە نەچی»[11]

ـ سەبرت هەبێ! سەیمیران سەبرت هەبێ!

ئەو ژنە لەمەڕ تۆوە بۆچوونێکی دیکەی هەیە، بەم شەوە بۆکوێ دەچی؟

بیر و خەیاڵی خێرای ناومێشکی سەرچاوەی لە خەون و خەیاڵی نزمفامی و لاوەتی گرتبوو؟ جۆرێک هەڵیپێچابوو بەدەم هەستی ئاڵۆز و فکری سەیر و سەمەرەوە وای بە زەینیدا دەهات هەر لە یەکەم نیگادا لەگەڵ هوما وەک چوونە بەر ئاوێنە تەواوی ڕەمز و ڕازی ئاشکرا دەبێ. وەک چۆن سەربازێک گوێ شل دەکا بۆ فەرمانی ئەمیرەکەی! ئەویش ئاوا گوێی لە ترپەی دڵی خۆی بوو، وەک ئەوشەوەی لەبەر دەم سەوزەمەیدان چاوی پێیکەوت و شوێن پێی هەڵگرت، لە بەینی چوون و نەچووندا مەحتەل مابوو. نەیدەزانی چبکا، بۆچی هاتۆتە ئێرە و چارەی چییە، لە پاش ماوەیەک دڵەڕاوکێ وەک کەسێک ئەسپەک لە سەری دابێ، ڕووی کردە ئاخری ئەو کوڵانەی کە دەخزایە باوەشی شەقامەکەوە وەک بڵێی بۆ فکرکردنەوەیەک پێویستی بە پیاسەکردن بوو:

ـ نابێ نا، پەلە کردنی من کارەکە تێکدەدا و دەبێتە هۆی دڵڕەشبوونی، ئەو ڕەفتاری نەشیاوی من کارێکی ژیرانە نییە، چەند ڕۆژێکی دیکە خۆ ڕادەگرم و پەلە ناکەم، دەزانم ئەو کەسە نییە وەدووم نەکەوێ، من بە حەواوە جوڕەناڵ دەکەم!

لەپڕ هەنگاوی توند کرد، زۆر بە خێرایی، لە هەناوی کۆڵانە تاریکەکەوە، بە دوای ئەودا دەنگی هەڵاتنی لاقی دوو کەس وەخۆی هێناوە: یەکیان شاگری مۆبلسازەکەی ژێر سەکۆ بوو، ئەوی

١١- شیعری سەیدکامیلی ئیمامی زەنبیلی (ئاوات)ە.

بەباشی دەناسی، ناو و ناوبانگیش لەجێی خۆیدا قازانجی زۆرە، خەڵک بە چاوێکی دیکە سەیری دەکەن، زۆر جاریش بە زیانی کەسایەتی تەواو دەبێ، بازاڕی گەورەیی و شەڕافەتیش جارێک تووشی کەساسی ببێ، ئەویش بۆ هەتا هەتا دەرگای دووکانی لێهەڵپێکی، بەم پێوودانگە سەیمیران سەراوی، بەبێ ڕاوستان هەتا گەیشتە سەرشانی شەقامەکە گیر نەبوو، ڕوخساری سارد و نیوە ماندووی ئەو خەڵکەی لە سەرکاری ڕۆژانەیان دەگەڕانەوە بۆ نێو باوەشی گەرم و بەتینی بنەماڵەکەیان، تەق‌وکوتی عارەبانە و داشقەی سەرشەقام بە دوای ئەسپەکاندا بەدەم نەرمەغار و ڕاکردنەوە، ئیتر بەسەر یەکەوە هەراو هووریای ئارام و هیوابەخشی شەقامەکە چیرۆک و سەربردەی ڕەوتی ژیان و ئاکار و مانەوەی کۆمەڵگای لە سینەدایە، بیر و خەیاڵێکی تازە هاتبووە سەرمێشکی و ورەی وەبەر نابوو: ئاخۆ باشتر نەبوو هەر زووتر چاوپۆشی لەم ژنە بکردایە و چووبایە بە شوێن کاروباری ژیانی ئاسایی خۆیەوە؟ جابۆ بەڕاستی ئەو ژنە دڵی لێسەندبوو؟ ئەو چل و پێنج تمەنەی کە لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا بۆ ئەو ژنەی خەرج کردبوو کرێی مانگێکی دووکانێک بوو ـ پێویست بە وتن ناکا لە ماوەی دووجار چاوپێکەوتندا، هەرجارەی بە زۆری بیست تمەنی بۆ خەرجی ماڵێ دابوو بە هوما بەڵام ئەمە گرینگ نییە. پیاو جاریوایە تووشی زەرد و قازانج دەبێ، ئەمیش وەک ئەم خەڵکە، ئەو بە خەیاڵی خۆی بۆ ڕێگەی چاکە هەنگاوی هەڵگرتووە، بۆ ئەرکێکی مرۆڤایەتی و دینی:

«تۆ چاکە بکە و بیبە لە ئاوی هاوێ»[١٢]

بەم کۆپلە شێعرە کە لە چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەودا بیستبووی چیرۆکێکی‌تری وەبیر هاتبۆوە، تەواو لەگەڵ ئەم پێشهاتەی لە خۆی ڕوویدابوو یەکیان دەگرتەوە، دەستی بە ڕدێنە ماش‌وبرینجییەکەی خۆیدا هێنا، وەک ئەوەی تازە بیری لە ترس و ڕووداوێک کردبێتەوە سەرێکی بۆ لەقاند:

ـ ئەرێ پیاوی ژیر! تازە بەم تەمەنی پەنجا ساڵییەوە خەریکی دارگوێزم بۆ دەنێژی؟ کەسێک نییە پێت بڵێ پیاوی چاک خوا لێی‌گۆڕیوی، تەقەڵت لەسەر یەک نەماوە، ئەگەر وەختی خۆی ژنت هێنابا ئێستا نەوەو نەتیژەت هەبوو، شەرم ناکەی؟! پیری ئاخر شەڕ، بەلای ناخێرت ڕیش چەرمووی ماڵی خۆتی، خەریکە دەبییە مەستی مەیخانان، ئاگات لە خۆت بڕاوە، کوڕە جحێڵەی؟

---

١٢- چوارینەکانی خەیام، وەرگێڕانی هەژار

ئەگە ئەو شەوەی وەدووی ئەم پاشاخوڕە کەوتبووی کووچە و کۆڵانت گەز دەکرد ناسیاوێک بۆقەتەی ملی دەگرتی ئەوسا دەتزانی مەنێک چەند کیلۆیە؟! ئاخۆم ئەوکاتەی غوەڵام عەلی کۆنەفرۆش، هاوسەفەرەکەی خۆراسانت لەوکاتەدا زەندی ئەم شلوملەت گرتبوو لە قولکەی ئاوەکە دەتپەڕاندەوە، ئەمە بۆ تۆ لەلای خواوە ورياکردنەوەيەک نەبوو؟ ئێمە با وایدانێین ئەو پیاوە تۆی لەگەڵ ئەو ژنە دیتووە، ئەوکاتەی هیچی نەوتووەو دەنگی نەکردووە، پێتوانییە سبەی لە جێیەک لەلای ئەموئەو بڵێ فلانکەسم دیتووە لەو شەوەدا، لە فلانە کوچە لەگەڵ فلانە ژن کە بەرماوی هەموو کەسە، خەریکی گەشت و گەڕان بوون؟! ئێستا دین و ئیمان بەجێی خۆی، بەلای ناخێرت عەولادی پێغەمبەری بۆ چاوی ئەقڵ و ئاوەزت هەڵناهێنی؟ ! مەگەر ئەم شارە کاولبووەی ئێمە هەر ئەوە نییە کە پێیدەڵێن: بچۆ شارێ کەس نەتناسێ، خۆ هەڵکێشە پڕ بە کراسێ! چووزانی هەر ئێستاش زەنگت نەزڕابێ؟!

بێجگە لەو سندووقە جوانەی ئەو ڕۆژە لە یەخدانسازەکە بۆی کڕیبوو بە دەستی خۆی بۆی بردەبووە ماڵێ، لەو ڕۆژەوە لە چاوەڕوانیدا مابۆوە لە دووکانێک زۆری دیاری و سەوقات بۆ کڕیبوو پارەی دووکانداری دابوو بەڵام نەیهێنابۆوە، مەبەستی لەم کارە ئەوەبوو، ئەگەر ڕۆژێک ڕازی بوو وەک کرێچییەک هات لەو ژوورەی ئەوان دانیشت با لە نێو دەروجیراندا ڕووتوقووت نەبێ و بەخۆیدا نەشکێتەوە. دوور نییە هەر ئەم شتەش وایلێکردبێ لە بەڵێنی خۆی پاشگەز بووبێتەوە و ئەوی لە چاوەڕوانیدا هێشتبێتەوە. وردە وردە فکر و خەیاڵ وایلێکرد ئەو شتانەی کە بەتەما بوو لەبەر چاویان بگرێ وازیان لێ بێنێ و بچێتە لای دووکاندار پارەی کەلوپەلەکەی وەربگرێتەوە، بۆ ئەم بابەتە ئەوەندە پووڵ و پارەی بۆ گرینگ نەبوو، هەرچەندە پیاوێکی زەحمەتکێش بوو لە ئاڵوویڕدا زۆر چەنەبازی نەدەکرد. وەختێ پێینا دیوی ژووریێ دووکانەکە، خاوەندووکان بە بزەوە شتومەکەکەی ئامادەکراو نایە بەردەستی، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ تازە کارێکە و کراوە، ئەگەر ئەو شایانی ڕێزلێنان نەبوایە ئەوانەم دەبرد بۆ ئاسکەی خێزانم ئەوە بەرەجێژنانە و زۆریشی پێخۆش دەبێ، لە قەدیمەوە وتوویانە، هەتا خزمبێ بێگانە بەدەر، پێڵاوەکانی پاژنەبڵێندە و بۆ لاقی ئەو نابێ هەڵیدەگرێ بۆ کچەکەمان، یان ئەوەی بە کەوشی جیر دەیگۆڕێتەوە، کەیفی خۆیەتی، دەنا ئەگەر بە پێیکرد با بۆخۆی هەڵگرێ، بەستەکە بە کاغەزی جوانی کادۆیی پێچرابۆوە، نابوویە ژێر پیلی، فکری ماڵ و حاڵی تەبا و گەرموگوڕی خۆی خۆشی خۆشی و بزەی پەریانەی منداڵەکانی کە ئێستا باوک دەگاتەوە نێویان ڕوخساری تریفەباران

کردبوو، لە ڕاستیدا «سەروەت و سەفا»ی ماڵەکەی خۆی لە چاو ژنی خەڵک چ عەیبێکی هەبوو، یانی وەک بێژنگفرۆشێک نەدەهاتەوە؟ درۆیان نەکردووە: چاو نەزێریوات لێدەکا گوێدرێژی جیران بە هێستر ببینێ، ترووسکە و بریقەی چراتۆڕ لە دووکانی شیرینیفرۆشی بە شانی شەقامەکەوە وەبیری هێنایەوە ئەوە ڕەمەزان تەواو بوو جارێک منداڵەکانی دەمیان بە زولووبیا و نووقڵەقازی نەکەوتووە، بەتایبەت لەم کاتوساتەدا بتەوێ دەمی مندالان شیرین بکەی هێکجار سەیر و سەفای لەلایە، بەم هیوایە لەمبەری شەقامەکەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری شەقام، لە نێو سەرسووڕمان و تاسانێکی زۆر بە هێزدا، کە قەت لە چاوەڕوانی ئەودا نەبوو تەنانەت فکرو هزری ئەمەی نەدەسەلماند، چوار- پێنج هەنگاو لە پێش خۆیەوە چاوی بە «ئەو» کەوت، بەڵێ هوما بوو، لەگەڵ منداڵە شنێلسوورەکەی جاران، ژنێکی کورتەبالاش لە دوایەوە دەهات، دیاربوو ئەویش دایکی منداڵەیە و کچەکەی حسێنخان بوو، دڵی سەید لەپڕ دەستی کردەوە بە تەپوکوت بەم چاوپێکەوتنە کوتوپڕ و چاوەڕواننەکراوە ئەو هەڵکەوت و ڕێکەوتە - هەرچەندە لە شارە چکۆلەکاندا ئەم شتانە پەیتا پەیتا دێتەپێشێ ناکرێ پێیبێژین سوتفە و ڕێکەوت، وەها لەپڕ داچڵەکی و واقی وڕما، لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد و بەبێ ئەوەی بۆی گرینگ بێ کەسێکی لەتەکایە، وەک ئەوەی دۆست و هاوڕێیەکی چەندین ساڵەی تازە دیبێتەوە بە زمانێکی تەواو خۆمانە بە گەرمییەوە گوتی:

- ئای! هوماخانم، ئەوە خۆتی؟ یاخوا بەخێر بێیی وەڵڵا هەر تۆ قەول و بەڵێن بدەی! لە بەلا دووربێ، وامزانی شتێک ڕوویداوە، تۆ دەزانی ئەوە چوار ڕۆژە من چاوەڕوانی تۆمە، زۆرت بۆ بە پەرۆش بووم.

بەم دیمەنە هوما ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، لە ژێرەوە لێوی خۆی کرۆشت و لەوکاتەدا سەیری دواوەی دەکرد، تاکوو ژنەکەی هاوڕێی بیگاتێ، گوتی:

- هەر ئیستێ لەمەوبەر باسی ئێوەمان دەکرد، لێیدەپرسیم کاری من و حاجی بوو بەچێ؟ گوتم جارێ ئاغای سەراویم نەدیتووە هیچ هەواڵێکی تازەم پێنییە، چاوەڕێم لە کن ئەو خەبەرێکم بۆ بێنێ و لەو خەففەت و چاوەڕوانییە خەلاسیم بێ، دەڵێی بۆ منداڵەکانم فججەم کرد، خۆ یارەبی کەس نەخۆش نەبێ و کاری نەکەوێتە دوکتۆر و دەرمانخانە، هاتین دەرزی و دەرمانی حسێنخان وەربگرین، ئەم هەناسە ساردە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێیپێستر دەکا، نازانین چییەتی، پارەی ئەم چەند دەنکە حەب و دەرزییە دوازدە تمەن و پێنجقران بوو. ئەویش یەکێ لە دەرمانە باشەکانیمان

دەستنەکەوتووە، لەم دەرمانخانەیە گیر ناکەوێ، وەک دەڵێن تەنیا دەرمانخانەی «سلامەت» لە نزیک سەوزە مەیدان دەستدەکەێ، ئاوایان بە ئێمە وتووە، بەڵام بەم شەوە کێ هەیە بگاتە ئەوێ؟

رستەکەی تەواو نەکرد، بە زیرەکییەوە، کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بوو، دەرمانەکانی نابووە ژێر چارشێوەکەوە، چاوێکی لە کچی حسێنخان کرد و بەر لەوەی ئەو بێتە نێو قسەکانییەوە بە گوڵخەندەیەکەوە چووە سەر وتەکانی:

ـ جگە لەمانەش پارەمان لێبڕابوو، ئاغای سەراوی ئەم بەستەیە چییە کڕیوتە؟

ـ ئەم بەستە و بوخچەیە... ئەم بوخچەیە... پێتبڵێم، دیاری و سەقاتی مێردەکەتە بۆی ناردووی، دەیەوێ دڵت چاک بکاتەوە، من ناتوانم پێتبڵێم و ناشزانم چیی‌تێدایە! هەر ئێستا بەتەمابووم بێم بۆلای تۆ، دەمزانی چاوەڕێی ئەم هەواڵە خۆشە بووی، پێم‌وتووە هوما لە ماڵی خۆمانە، تاکوو ئێستا هەر ئەو لێی‌پرسیوی، با بزانم لەمەودوا تۆ چیدەکەی، بەهیوام بەم نزیکانە لەسەر ژیان و ماڵ و حاڵی تازەت، بە کەیفخۆشی بت‌بینم، سەیرە یانی حسێنخان ئاوا ناساخە؟ نوسخەکەم بدەیە، ئێوە بچنەوە بۆ ماڵێ، هەر ئێستا بە سواری فایتوونێک دەچم وەری دەگرم و خێرا دێمەوە.

کیژی حسێنخان، چارشێوی کریپی ڕەشی بەسەر خۆیدا دابوو، سادە و ساکار وەک ئافرەتێکی لادێیی زۆری خۆ لە چارشێو نەپێچابوو، چاو و برۆ کەژاڵ و کوڵمە گوڵین و چەناگەی باریک وەک خەرمانەی گوڵ. وەختێ نوسخەکەی دایەدەست هوما بە شەرمەوە سەری داخست، بە وردە بزەیەکی شەرمنانەوە سەری بردە نزیک هوما و چاو و دڵ ڕوونی پێ‌گوت و منداڵەکەی لێ‌وەرگرت:

ـ پیرۆزە، منیش مزگێنیم دەکەوێ، چەند خۆشە ئەمڕۆ و سبەی دەگەڕێیەوە سەرماڵ و ژیانی خۆت، شەقی مێرد لە نانی منەت خۆشترە. ئەگەر ئاغای سەراوی لەگەڵ تۆ دێتەوە، ئاوا من لە پێشەوە دەڕۆمەوە.

ـ نابێ، من و تۆ بەیەکەوە دەڕۆینەوە، ئەمیش زوو دەمانگرێتەوە.

وەختێ هوما ئەم ڕستەیەی تەواو کرد سەی‌میران دەستی لە فایتوونێک بەرز کردبۆوە، بە سەرنجەوە لەگەڵ قسەکانی ئەو نوسخەی وەرگرت و بەستەکەی بە دەستەوە بوو خۆی گەیاندە فەیتوونەکە.

ئەشقی پیری و هەواو هەوەسی منداڵانە لەگەڵ خەوی بەیانان ئەوەندە خۆشە، مرۆڤ واهەست دەکا باڵی گرتووە و بە ئاسمانێدا هەڵدەفڕێ سەی‌میران سەراوی کاتێ گەیشتە بەردەرگای ئەو

دەرمانخانەیەی وا ناوونیشانی وەرگرتبوو، دەرمانەکەی کڕی بۆ ئەوەی فەیتوونچی بەجێی نەهێڵێ باقی پووڵ و پارەکەی وەرنەگرتەوە. ئەو کەسەی حەب و دەرزییەکەی دایەدەست، بالاپۆشێکی خاوێنی لەبەردا بوو وەک چۆڕی شیر، چاویلکەیەکی «پەنس» لە چاویدا، پیاوێکی چلساڵە و سەرو ڕدێن سپی! وریا و ئاگادار، وادیاربوو تازە هاتبووە ئەم شارە، بە سەرنجێکی خێراو وردبینییەکی تەواو هەروەک بیرمەندانی تازەکار هەردوو بەری نوسخە و نوشتەی بالابەرزی چاو لێکرد و گوتی:

ـ ئەم نەخۆشە چیئێوەیە؟ هەرکەس بێت دیارە زۆر بەتەمەنە، هەر بۆیە ئەم گشتە دەرد و نەخۆشینە دەمیان لە هەناوی ناوە، ڕەنگە بابت بێ؟

سەیمیران گوتی:

ـ باوکی من، چل ساڵ دەبێ نەماوە، ئەم کەلاکە ڕۆژی چوار مسقاڵ تریاک دەکێشێ.

ـ کەوابێ بڕۆ لە فکری تابووتێکدابە؛ هەر کەسێک ئەم دەواو دەرمانەی نووسیبێ بنیادەمی ساخیش بیخوات هەڵناستێتەوە، چ بگا بەم پیرە تریاکیی و پێ لەسەر لێواری گۆڕە، دووکەڵی تریاک جەرگی کردۆتە هۆقەی بافوور، بێجگە لەم قسانە شەفا بەدەست خودایە، ئەوانەی فێری ئەم دووکەڵە بوون وەک مورتازان وان دەرد و مەرگ کاریان لێناکا!

وەختێ سەیمیران گەیشتە ئەوەڵی کۆلانی سەنعەتی، پیشەسازی، تازە دوو ژنەکە لە پێچی کۆلان ئاوا دەبوون، ڕەنگە ئەوان بە کارێکی دیکەوە مەحتەل بووبێتن، یان بە پێی منداڵەکە ڕۆیشتوون بۆیە نەگەیشتوونەتەوە ماڵێ، سەیمیران پەلەی نەکرد تاکوو ئەوان تۆزێک دوور کەوتنەوە، لە گۆشەی کۆلانەگەورەکەدا پێیان گەیشتەوە، بەهۆی ئەوە چارشێوی هوما سپی بوو لە تاریکیدا زۆر باش دەبیندرا، بەدەم ڕێگاوە ئاوڕی دەدایەوە بە ترسەوە دەنگی هەڵێنا:

ـ وەی، ئەوە تۆی بە دوامانەوەی؟! وەختابوو دڵم داکەوێ، ئەم کۆلانە کاولبووە چرایەکی تێدا نییە.

هەر ئەوەندەی هەرسێکیان چوونەوە ماڵێ، کچەکەی حسێنخان لە حەسارێوە دەوا بەدەست خۆی گەیاندە ژوورەکەی بابی، هوما میوانی خۆی بۆ لای ژووری نزیک دالانەکە ڕێنوێنی کرد. لەوکاتەدا خەریکی هەڵکردنی چرالامپاکە بوو گوتی:

ـ وادیارە ئەمشەو نۆرەی کووژانەوەی کارەبای ئەم گەڕەکە بێ، ئەم نێرگزخانمە ژنێکی زۆر دڵۆڤانە، مێردەکەی ئاشپەز و شێوکەری جەنابی سەرۆکی پارێزگایە، بەڕێزتان دەناسێ، لە بیرمە جارێک ناوی ئێوەم لە دەم ئەو بیستووە، لەگەڵ خەزووری دانوویان بە یەکەوە ناکوڵێ، دەڵێ پێیشەرمە بێژێ ئەم تارژەنە خەزووریەتی، حەز بە مردنی دەکا. نێرگزیش هەر قسەی مێردەکەی

دەکا، دەڵێ: تازە ئەو عومری خۆی کردووە، ئیتر نۆرەی ئێمەیە، بێجگە لەوە ئەگەر حسێن‌خان بمرێ، ئەم ماڵە تەواوی بۆ ئەو دەبێ.

سەی‌میران پێش‌ئەوەی دابنیشێ گوتی:

- پێم‌خۆش‌بوو چووبام دیدەنییەکم کردبا، نەک دڵی لە من هێشابێ با گەردنم ئازاد بکا.

- با نەزانێ باشترە، لەوە ناچێ نێرگز دەنگ بکا تۆ لێرەی، دەنگیش بکا هیچ نییە، هەر دەبێ ئەم کارە لایەکی بە لایەکدا بکەوێ؟

قسەکەی لە دەمدا بوو لە دەرگای ژوورەکەیان‌دا، نێرگز بوو، وەک ئەوەی ئەویش لێیان‌وەڕەز بووبێ بە کەنینێکی تاڵەوە گوتی:

- دایکیشم کەوتووە، ئەویش نەخۆشە، بڵێی کێ بزانێ کەڵەشاخ بگرێ، تۆ دەزانی؟ هەڵبەت وەختێ ئاغای سەراوی ڕۆیشتن، ناتەوێ سەماوەر هەڵبکەی؟ لێی‌بپرسە، لەوانەیە هێشتا بەربانگی نەکردبێتەوە.

هوما لەگەڵ نێرگز چووە ژوورەکەی ئەولاتر، لە حەسارەکەدا، نێرگز تکای لێکرد:

- تۆ خوا هەروەختێ دەڕۆی کەیفی خۆتە بەڵام ئەمشە و مەڕۆ، زۆرم پێویستی بە تۆیە.

- ئێی خوشکێ‌گیان بۆ ئەوەندە ساکاری، مەگەر من گەماڵی حاجیاوام، تەنیا بە کوت‌کوتێک، یان بەبێ ئەمەش وەدووی کاروانێک بکەوم و لەگەڵ یەکێ‌تر برسی و توونی بگەڕێمەوە، خاترجەم‌بە جارێ هەر لێرەم.

- کەوابێ ئەوشەو قەرارو بڕیی خۆت تەواو بکە، هەموو ڕۆژێک ئاوا هەڵناکەوێ، بەختت باشی هێناوە، هاکا ئەوانەشت لەگۆڕ نا.

نێرگز زانیبووی ئەمە بڕوبیانووە و چوونەوە لای حاجی‌بەننا نەخشە و پیلانێکە و هیچی‌تر، بەڵام ئەم یەکبان و دووهەوایە بۆ ئەوەیە یاری تازە بۆی لە بنی کوولەکە بدات.

بەڵام لەولاشەوە لە ژوورێکی چووکەدا، وەختێ سەی‌میران چوو لەلای سەرێ دانیشت، لە پێشدا بە دەستە سڕەکەی ئارەقەی توێڵ و لاملی وشک کردەوە دواتر قوتووی سیگارەکەی لە باخەڵی هێنادەرێ، بۆ ئەوەی ماندوویی وەحەسێ و جگەرەیەک دابگیرسێنێ! قوتووی جگەرەکەی لە داری «کەوت» و دەستکاری هونەرمەندانی کوردستان بوو، پشتەکەی بە وێنەی شێرێک نەخشابوو و پەنجەی بەسەر گۆیەکدا گرتبوو، زۆر وەستایانە کاری لەسەر کرابوو، دەستکارێکی جوان بوو، بە باوەڕی خاوەنەکەی ئەگەر حکوومەت بیزانیبا، دەیبرد لە ئەنتیکەخانە دای‌دەنا، بەبێ ئەوەی

سەبارەت بەم چێوکارییە شتێک بزانێ ئەوە دەسەڵاتی جیهانی ئینگلیزی نیشان دەدا، ئەمەی بە شتێکی جوانی مەشتیانە دەزانی، هەموو کەسێک بۆی نەبوو ئەمە بەدەستەوە بگرێ، هەروەختێ دۆست و ئاشنایەک ئەم قوتووە جوانەی دەبینی حەزی دەکرد جگەرەیەک دابگیرسێنێ، سەیمیران جگە لەم قوتووە قیبلەنەمایەکیشی هەبوو هەروەک بەردەمۆرەکەی دایمە لە گیرفانی کەواکەیدا بوو، بۆ یەکەمجار دەچووە هەر ماڵێک بەبێ ئەوەی لە کەس بپرسێ ڕووگەی دەبینییەوە و نوێژەکەی دەخوێند، بەڵام لێرەدا مەبەستی ڕووگە و نوێژ نەبوو ئەو ماڵە هەر لە ئەشکەوتی سمایلی قوڵی[13] دەچوو. شوێنی هەڵپەرکێ و ڕەخسی شەیتانان، نوێژی چی و ڕووگەی چی ـ بەڵکوو مەبەستی لەم کارە ئەوەبوو ئەو هەلەی بە دەرفەت زانی و هەتاکوو ژنە هاتە ژووری لە ئاوێنەی پشتی قیبلەنەماکەدا چاوی لە خۆی کرد، بۆ ئەوەی بزانێ ڕەنگی نەگۆڕاوە! بە چاوی مشتەری دەرو دیواری هەڵسەنگاند. زۆریش بابەتی ژیوارێ نەبوو، تەنیا شتێک سەرنجی بینەری دەڕفاند سندووقەکەی سەیمیران بوو کە بە دیاری بۆی هێنابوو. بنمیچی داهاتبوو، دەستەکی قورماوی و دیواری ڕەش و بۆر، چەند وێنەیەکی تازەی بە تاقەکەوە چەسپاندبوو لە پشت تۆپە پارچەکانەوە، زۆریان هەر وەک کاغەزەکانی ڕیکلام و تەبلیغاتی دوکتۆر ڕۆس تازە بوون. یانی ئەم ژنە لەم ژوورە ڕووت و ناخۆشەدا دەژیا؟ ئەوەبوو هەمووجارێ دەیگوت ماڵێکی خۆش و بێهەرام هەیە، پیاو بە چی ئەم ژنە باوەڕ بکا بە کارەکەی؟ ئەمە کێیە و کێ هەیە بەڕاستی سەر لەم ڕەمز و ڕازە دەربێنێ، ئاوا خەرابات نشینێکی بێئازار، هەروەک پەیکەرەیەکی شۆخ و شەپاڵ، چۆنە لە ئاواها جێیەکدا دەگیرسێتەوە، ئەوانە فکر و خەیاڵێک بوون خێرا خێرا سەریان دەکرد بە ژێر سەیوانی بیر و هرزی ئەم پیاوەدا، سەیمیران مەحتەل مابوو، ڕەنگە وای بیر کردبێتەوە ڕۆژێک سەروبنی ئەم چیرۆکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، زۆریشی خۆ بەم خەیاڵەوە ماندوو نەدەکرد، بەڵام ئەو لە سێبەر و ڕووناکیدا، مابۆوە، ئەوە وەک کابرای لێهاتووە لەلایەک سۆفی گۆشەی خانەقا و لەلایەکیش پیری مەیخانە بوو، لە نێوان گومان و باوەڕدا گیری کردبوو. ئەگەر ئەم ئەشقە لە دەروونێکی خاوێنەوە تەشەنەی نەکردبایە، تیشکی نەدەکەوتە سەر کۆشک و قەڵای ئەم عاشقە پیرە، هەرچۆنێک بێ، ئەم دڵبەرە لەو کۆنە مێردەی منداڵی هەبوو، وێنەی ئەوانی پیشان دابوو، سەیمیران لە دوورەوە حاجی دیتبوو، پیاوێکی کەڵەگەت و نەختێک چەماوە بوو، ڕوخساری درێژۆکە و شێوە ئەسپی هەڵکەوتبوو!

---

١٣- جەردەی بەناوبانگی شار، لە کۆندا.

کەلوپەلی بەننایی بە دەستەوە بەیانی و ئێوارێ بەبەر نانەواخانەکەی ئەدا دەهات و دەچوو، هەمیشە کۆت یان پاڵتۆیەکی دەدا بەسەر شانیدا، وەختێ بە ڕێگادا ڕادەبرد، چاوێکی دەنووقاند، بۆ ئەوەی دەستپێوەبگرێ، وەک ئەوەی پێیخۆش نەبێ لەگەڵ ئەم و ئەو سەرو سڵاوی هەبێ، زۆر کەس لەو کەسانەی لە چاخانەکان دادەنیشتن باوەڕیان وابوو لە کاروباری خۆیدا چیوای لە مێعمارێک کەمتر نییە، هوما کاغەزی تەڵاقنامەکەی نیشان دابوو، هێشتا جەوهەرەکەی وشک نەببۆوە! بەمنیشانەیە ڕێگەی دڵپیسی لە سەید بڕیبۆوە، سەبارەت بەو، ئەویش ئەگەر فکر و خەیاڵ دەستبەرداریبایە خراپ نەبوو.

ـ ئەم ژنە گەر خەتایەکی هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە و نەزانکارییەکانی، بۆ پەلەکردن و هەڵەشەیی خۆی هەر ئەمەش بۆتە هۆی تەڵاق وەرگرتنەکەی، لە دووریشەوە داکۆکی و قەزاوەت کارێکی شیاو نییە، هەر چۆنێک بووبێ حورمەت و حەیای بنەماڵەیی بۆ ئەو گرینگ بووە، دیارە لە کردەی خۆشی پەشیمان بۆتەوە. ناشکرێ هیوابڕاویشی بکەم.

لەپاش ماوەیەک چاوەڕوانی بە زەردەیەکی کاڵەوە پەردەی لادا و سەماوەری ئامادەی هێنا ژوورێ، بە شەرمێکی ژنانەوە وەک کەیخاتوویەکی ڕێکوپێک پرسیاری لێکرد، ئاخۆم بەربانگی کردۆتەوە؟ سەیمیران لە وەڵامدا وتبووی تەنیا چایی دەخواتەوە، ئەگەر بە زەحمەتی نەزانێ ئاوخۆرییەکی ئاو بۆ بێنێ. هوما سەماوەرە زەردەی پێچکەکورتی لە خوار دیوەکەوە لەسەر کەشەفێک دانا و دیسان ڕۆیشتەوە دەرێ، جەڕەیەک ئاو لەبەر هەیوانەکە بوو شەربەیەکی پڕ کرد و لەسەر بەری دەستی دانا و لە بەردەمی میوان ڕایگرت، وەختێ هاتەوە ژوورێ منداڵە شنێلسوورەکەی لەتەکدا بوو، دووکەڵ کێشەکەی خستە سەر سەماوەرەکە لە خوار دیوەکەوە دانیشت و بە چارشێوەکەی دەست و لاق و سەرو کاکۆڵی داپۆشی، تەنانەت نەیهێشت گوێزینگی لاقیشی بە دەرەوە بێ، تەواو گۆرەوییەکانی هەڵدەکێشا. سەیمیران ئاوەکەی خواردەوە و بە نەرمە بزەیەکەوە خۆشحاڵی خۆی نیشاندا، منداڵەکە لە چاو ئەو ڕۆژەی ئەو دیبووی، شەشمانگ گەورەتر ببوو، ژیر و ئاقڵتر، هەستی بە نامۆیی دەکرد و لە سەید ڕامابوو، پێیسەیر بوو ئەمە لێرە چیدەکا، سەیمیران قوتووی جگەرەکەی بە زەردەخەندەوە لەسەر بەڕەکە چەند جارێک ئەمبارەو بار کرد و بە دەنگێکی نووساو و ترسەوە، سەری قسەی دامەزراند:

ـ دەی هوما خانم، ئەمەش بوو بە گفت و بەڵێن؟ ئەم چاوەڕوانییەم نەبوو. باوەڕ ناکەم خەتایەک لە من ڕووی دابێ، کەسیش قسەیەکی نەکردووە، ئەگەر واش بووبێ، لەو خەتایەی نەمکردووە

داوای بەخشین دەکەم! ئەگەر پێت‌خۆشە هەر لە ئێستاوە، بەڵێنت دەدەمێ هەرچونێک تۆ بتەوێ، بە مەرجێک هەردووکمان ڕووڕاست بین ڕازی دەبم، ئەگەرچی دڵنیام دڵۆڤانی تۆ لەگەڵ من، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کوانووی دەروونم پڕ تین‌تر دەکا، هەر لە ڕۆژی بەرێ‌ڕا بە نییەت و ئاواتێکی خاوێن و گەرمەوە ڕووم تێ‌کردووی، شەرت و پەیمانێک مرۆڤ لەگەڵ خۆی دەی‌بەستێ بەهێزترە تاکوو لەگەڵ ئەم و ئەو، ئێستاش کە بەخت بە پیرمەوە هاتووە لەم ژوورە پەنایەدا هەرچی لە دڵتدا هەیە بەبێ ئەملاو ئەولا پێم‌بڵێ و لەروو دامەمێنە، لە ماوەی ئەو چوار شەو و ڕۆژەدا بەڕاستی بیرت لە پێشنیارەکە کردۆتەوە؟

هوما، لە جێگاکەی خۆی تۆزێک جووڵا و ئاسوودەتر دانیشت، بە شەرمێکەوە، وتەکانی هەوای دڵتەنگی و پەشیمانی پێوەبوو گوتی:

ـ ئاغای سەراوی چیتان عەرز بکەم، خۆ من ژنێک زیاتر نیم. هاتنم بۆ ماڵی ئێوە بەم‌وەخت و ساتەی بۆ من هاتۆتە پێشێ کارێکی باش نییە و دەزانم قسەی لێ دەبێتەوە، خۆ زاری ئەم خەڵکە مستی خۆت نییە بیقووچێنی، یان دەبێ سەر دابخەی و هیچ نەڵێی کە دیق دەکەی و وەرهەم هەڵدێنی، یان دەبێ ببی بە چەقەنەی ئاش، پێشنیارەکەی تۆ هەرچۆنێک بێ خەڵک بە چاوێکی دیکە سەیری دەکەن. دۆستایەتی ژن و پیاو ئەگەر لەسەر بناخەی برایەتی و خوشکایەتیش بێ یان حەزێکی ئەفلاتوونی وەختێ باسی کۆمەڵگای کۆن و دواکەوتە بێ، چ لەوە باشترە دوور بەدوور بێ، ئەمە شتێکە خۆشت باش دەزانی، دیواری ژنی بێ‌مێرد لە دیواری هەمووکەس نزمترە، ئێستاش ژیان لە نێو ئەم خەڵکەدا دەردێکی گرانە، ئەم هەموو خۆشاردنەوەیەش جێبەجێ نابێ.

بەدەم تەواوبوونی قسەکەوە کاکۆڵی منداڵەکەی لادا، لە تەنیشتی ڕاوەستابوو، سەی‌میران گوتی:

ـ ئەمانە قسەی دڵت نییە، تۆ بۆخۆت دەژی، ئەم خەڵکەی دەی‌بینی زۆربەی کرێچییە لەم شارەدا، تۆش وەک ئەوان خۆت‌دانێ، تۆش وەرە ژوورێک بۆخۆت بگرە و تێی‌دا دانیشە، چ دەبێ با ببێ؟ وا خۆمان نیشان دەدەین هیچمان ناناسین، کاریشمان بە کاری یەکدی نابێ، ئەگەر ڕاستت دەوێ من حەز ناکەم لە پێش‌چاوی من دوور بی دەمەوێ لە ماڵی مندا ژیانێکی خۆش و ئاسوودەت هەبێ، بەڵام من نازانم مەبەستت لەم خەڵکە، کێیە؟ ئەگەر مەبەستت ئەوانەی حەساری خۆمانە ئەوە ئەوان ئەوەندە دەست‌بەتاڵ نیین بین بە مڵەو دەرو ژووری ئەم و ئەو بکۆڵن، ئەوانەی کەشف و کەڕاماتیان هەیە و ئەوانەی سێحر و جادوویان خوێندووە دەزانن چت لە نێو چاوان نووسراوە تا بیخوێننەوە، بەبێ پەردە پێم‌بڵێ بزانم لە چی بەگومانی؟ تۆش مرۆڤێکی وەکوو ئەم

خەڵکە، ئەگەر لە چاو کەسێک شتێک نییە، لە هەزاران کەس دەوڵەمەندتری، با ئەمەشت پێبڵێم، لە نێو جیرانەکانی ئەمبەرو ئەوبەری خۆمان ئەوانەی من دەیانناسم، تۆ لە هەموویان سەلار و خانومانتری، تۆ نەتویستووە لەگەڵ پیاوێک گوزەران بکەی کە لە هیچ بارێکەوە بە دڵی تۆ نییە و ناشتەوێ عومرت بەزایە بچێ، بۆ دەبێ دەسەڵاتی ژیانی خۆشت نەبێ؟ بۆ مەگەر لەم شارەدا تۆ یەکەم کەسی تەڵاقت وەرگرتووە؟ دڵەگیان، ئەمانە قسەی ڕووتن. تۆ بتەوێ و نەتەوێ مێردبکەیەوە ماوەیەک بە تەنیا دەبی، پێویستت بە ژوورێکە شەوی تێدا ڕۆژ بکەیتەوە، لە چاو و قسەی ئەم خەڵکە بتپارێزێ، بۆ تۆ دەتەوێ لە ماڵی کەسێکدا ببی بە کارەکەر و قەرەواش، ئەگەر وای بیر لێدەکەیەوە ئەوە بزانە بەهەڵەدا چووی، وەک لە دڵی تۆدابم وایە، هەوڵی ئەوەتە کارێکی ئابڕوومەندانەت هەبێ، (نەمامێک بە دەست و زەحمەتی مرۆڤ بنێژرێ بە ئاوی ئەوین پاراو بکرێ و بە دڵ ئاگاداری بن، گەڵا ناوەرێنێ و قەت وشک نابێ)، ئەوە بنەما و بەختەوەری ژیانە، کارکردن و عەشق و هیوا، کۆڵەکەی تەلاری خاووخێزانە، بەڵام بە هەڵوا هەڵوا دەم شیرین نابێ، با من لێرەدا پرسیارێکت لێبکەم، ئاخۆم سۆزە و لۆراندنی هەوایەک، بەرامە و جوانی گوڵێک، لە باخچە و گوڵداندا، وەختێ لە کاری ماڵ دەبییەوە ناتحەسێنێتەوە، ڕۆحت تازە ناکاتەوە؟ دەزانم تۆش پێتوایە تازە دەبێتەوە، هونەر بەدی هێنانە، بەکار و خۆماندوو کردن بە دەستدێ، تەواوی ئەوانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەم و خەفەت و ماندووبوون لابەرێ، دەی کەوابێ سەبارەت بە تۆ باوەڕێکیترم هەیە، هەڵبەت بەهەڵە قسەکەم لێوەر نەگری، مەبەستم ڕەقس و سەماکردن نییە.

هوما پەڕییە نێو قسەکانییەوە:

- بەڵێ دەزانم، بەڵام لە بیرت ناچێ، کە هەر بەهۆی کارکردنەوەیە هزر و بیر دێتە ئاراوە، کەوابێ جوانییەکانی خدە و ئاکار کە بەشێکە لە ڕۆح و ئاکار و ئەزموون باڵادەستی هەیە بەسەر جوانی ڕوخساردا تۆ پێتوایە بەم خێراییە بتوانی قسەی چرکەیەک لەمەوپێشت بنێیە ژێرپێ؟ ئەگەر دۆزەخ ئەو جێگا گەرمەیە کە تۆ باسی دەکەی من حەز دەکەم ڕوو بکەمە مزگەوت.

سەیمیران قاقا پێکەنی و گوتی: حەتمەن تازە ئەم فکرە بە نەزرت گەیشت، نەک لەوە پێشتر، بەڵام ئەگەر پرس بە من دەکەی دەڵێم هاوڕێ لەگەڵ حسێنخان و گرووپەکەی بچۆ تەورێز یان شوێنێکیتر، ئەوە باشتر لەوەیە ڕووبکەیتە مزگەوت. هەر نەبێ بەلای خۆتەوە ڕووت سپییە، چونکە کەمەندی هونەر و ئارەزووت لە ڕێگەی هەستی مەعنەوی و زەوقی خۆتەوە ئەم خەڵکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لە مزگەوتدا ئەشێ پێچەوانەی ئەمە ڕەفتار بکەی، دەبێ لە گوناهان دووری

بکەی خۆت لە ئاوی تۆبە هەڵکێشی، وریای چاو و زمانت بی و بۆ ئەو کفرەی بە دەمتا نەهاتووە کەفارە بدەی، بەم ڕێ و شوێنەدا بچی و بە ئەسکۆی شەڕافەتەوە درۆزەگەری بکەی، من لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ تۆ بووم بە ئاشنا ئاکارو ڕەفتاری تایبەتی تۆم دیوە، زانیومە کە نەفسبەرزی و شەڕافەتی ژیان شتێکی ڕاستەقینەیە، کەسێک وا بێ دەتوانێ لە دەوروبەری خۆیدا بە ڕەنگی جۆراوجۆرەوە، دەست بەسەر داوێنی خۆیدا بگرێ و خۆی بپارێزێ.

ـ بەڵام کاکیبرا، ئەم بابەتە بۆ مرۆڤ، بەتایبەت ئەگەر ژنبێ ئیزنی پێنادا، بە تەنیا لە دەراوێک وەپەڕێ، ئەم و ئەو قۆڵی ببینن، سوار ئەگەر جارێک کەوتە خوارێ، دەبێ وریا ببێتەوە، وەک دەڵێن ئەوەی جارێک مار بیگەزێ لە پەتکی ڕەش و سپی سڵ دەکا، ژیانی ئابڕوومەندانەی مرۆڤ وەکوو جامی پەنجەرە وایە، دەبێ هەردوو ڕووەکەی پاکوخاوێن بێ، ئەگەر ئەم بەڵایەی ئێستا دەستبەردارم بێ، لەمەولا چاو دەکەمەوە و شێتانە سەر پێوەنانێم، واملێهاتووە تەنانەت باوەڕم بە خۆشم نەماوە. تازە پێموانییە نەک بۆخۆم بە کاری کەسێکیتر بێم، ئەگەر منداڵەکانم ورد نەبان خەمی چیم هەبوو، من دەبێ بەختەوەری خۆم لەماڵی کەسێکدا وەدۆزم نە دەیناسم و نە دەشزانم کێیە، کەی لێمپەیدا دەبێ و لە دەرگا دەدا، شێخ دەبێ یان شەیتان، ئێستا ئەم بەختەوەریەی کە هەر ناوی هەیە بە منداڵەکانمەوە لەو کۆنەمێردە هەمە وەک کتری شوانان دەرو و ژووری وەک قیلی ڕەشە، هەر بۆیە لێتدەپاڕێمەوە کارێکم بۆ پەیدا بکە لە نێو خەڵکدا سەرم هەڵبێ، ئەگەر ئەمجارە نێوچاوانم نەیهێنا و زەنگم زڕا، لەمەولا دەبێ ڕێگەیەکیتر هەڵبژێرم.

ـ ئەم ڕێگایە کامەیە، مزگەوت؟ ئەگەر بە قسەی من دەکەی بچۆرە کلیسا، بۆ ئەوەی ببی بە ئەرمەنی، بەمجۆرە دەتوانی لە دەیرەکانی ئەواندا جێگایەک بۆ تۆ وەبینم.

هوما بە لەفزێکەوە کە دەیزانی میوانەکەی تەوسی پێدا دەدا گوتی:

ـ نا، من لە دینی خۆم بێزار نیم.

ـ کەوابێ دەبێ بزانی دینی تۆ دەڵێ وازی وازیبوون نادرووستە و حەرام، کەسێک خاوەنی ئەم حاڵەتە بێ لە سەگ پیسترە، هەر بۆیە ئیسلام نەهی کردووە لە سەڵت و ڕەبەنان، خاتوونە بەڕێزەکە تۆ چەندە حەیا و حورمەتی خۆت بۆ گرینگە، من دە ئەوەندە، دوور بنواڕی خراپ نییە، بەڵام حەوتجار شۆڕدن زۆر هونەر نییە، کەسێک لە سەر گوێسوانەیەک ڕاوەستابوو، پێیانگوت واوەرە بەردەبیتەوە، هێندە واوەهات تا لەملاوە کەوتە خوارێ، ئەوەندە ڕاڕایی مەبە. بەتایبەت سەبارەت بە مێردکردنەوە، هەڵبەت من زۆرت لێناکەم، تا ئەو ڕۆژەی من چاوم بە سەرتەوە بێ

وەک کچی خۆم وای، ئاخۆم هەر بەم چاوە لە منیش دەڕوانی کە سەیری ئەم خەراباتنشینەی پێدەکەی، یان تیشکی چاریەک لە چاوی مندا دەبینی؟ (ئەم وتە و قسانە، ئەم بەخشین و لەفز و فامەی سەی‌میران گەڕابۆوە بۆ یەکەم ڕۆژی پێکەوە ئاشنابوونیان گفت و لفتێکی باوکانە و پڕ لە دڵۆڤانی.) شەرم و شکۆ درێژ دادڕێ و دەبێ و نابێ بنێ ئەملاوە، ئەم دارەی ئەتۆ لە منت گەرەکە هێشتاکە لێرە گوڵی نەداوە، کارکردنی تۆ لە دەرێ کارێکی نەگونجاو نییە، بەڵام لە چاو ڕەقاسییەکەت هەر جلوبەرگیان فەرقی هەیە، جارێ پێم‌بڵێ و لێم‌مەشارەوە، کەل‌وپەلی ناوماڵ هەرچییەکت کەمە دەنگ بکە؟ لە پێش هەمووشتدا، مافوورەیەک دواتر ئاوێنە، سەماوەر، نوێن‌وبان، هەرچییەکت نییە، خۆ من نازانم، کەسێک کە تەنیا بە چارشێوی سەریەوە لە ماڵی مێرد هاتبێتە دەرێ، چی هەیە لە خواو ویژدان و شەڕافەتی خۆی بەولاوە. ئەمەش لە گەورەیی خۆتە کە ددان بەخۆت‌دا دەنێی و خۆت بەرمنەتی ئەم و ئەو ناکەی، من دەمەوێ ئەم شانازییەم پێ‌ببڕێ داواکەم ڕەت نەکەیەوە، بەڵام گەورەترین بەختەوەری من ئەوەیە چرایەکی مەعنەوی و ڕاستەقینەت بۆ داگیرسێنم، کە ئەمیش مێردە، مێرد بۆ ئافرەت وەک چارشێوی سەری وایە. لە گشت عەیب‌وعارێک دەی‌پارێزێ، ژن و مێرد وەک دەستی ڕاست و چەپی مرۆڤ وان هیچیان بەبێ ئەم دووانە مرۆڤێکی تەواو نین، من بەوە ڕازی نابم تۆ بە کەیفی خۆت نەخشە و پیلان بۆ خۆت دابڕێژی، ئەم ڕێگەیەت پێ‌نادەم بە بێ‌مێرد لە خانووە چۆڵدا خۆت زیندانی بکەی، مرۆڤە مەزنەکان وتوویانە ئافرەت وەکوو گوڵ وایە خوا دایناوە بۆ بۆن‌کردنی پیاو. نازانم گوێت لە وتەکانمە یان نا، ئەگەر دی‌بیستی چۆنی لێک دەدەیەوە، ئیتر لە باوەڕی خۆمدا ئەوەی من دەستگیرم بووە، ژنە ئەویش وەک مرواری وایە، ئەگەر لە مل نەکرێ ئەوە ئەم بریقە و ڕەنگ و ڕووەی کە هەیەتی نایمێنێ.

هوما بۆ ئەوەی سەید بزەی سەرلێوی نەبینێ، سەری خستە پشت منداڵەکەوە و بە لۆی چارشێوەکە ڕوخساری خۆی داپۆشی، بە ناز و خەمزەوە گوتی:

ـ ئەگەر قسە لەسەر هەواو هەوەسە، ئەوەندەی کردم بەسە، بەم کەسە دەڵێن ئاقڵ و وشیار دووجار مار لە کونێک پێوەی‌نەدا. کاکەگیان من دەزانم ئامانجی تۆ خێر و چاکەیە، بەڵام ئەگەر دەتزانی جلوبەرگم نییە ئەم سندووقەت بۆچی بۆ هێناوم؟ ڕاستت دەوێ ئاغای سەراوی هەر بەم هۆیەوە نەمتوانی بێم بۆ دووکانەکەت، کارێکی‌وات کردووە، سەرم هەڵنایەت بێم بۆلات، نازانم چۆن چاکەت بدەمەوە. جۆرێک چاکەم لەگەڵ دەکەی نەدەتوانم دەستی پێوە بنێم، نە ئەوەی بۆشم قەرەبوو دەکرێتەوە. لە ماوەی ئەم چوار مانگەدا کە سێبەری مێردم بە سەرەوە نەبووە، هەر بەم

جله کۆنانەوە گوزەراندوومە. ئەگەر بیدەی بە کاریگەر و تیریگیرێک پێیڕازی نابێ! جلی تازەم نەکڕیوە بۆ ئەوەی قسەم بۆ ساز نەکەن.

بۆ چەند چرکەیەک چاوی تەوارئاسایی لە سەیمیران بڕی، بەو مەبەستەی بزانێ لە مەبەستی تێدەگا، ئەمجار بۆ ئەوەی واهەست نەکا زەبوونی خۆی نیشان داوە، گوتی:

ـ ئەمەش دەزانم تۆ دەتەوەێ دەرحەق بە من چاکە بکەی، ئامانجی دیکەت نییە و ناشتبێ، منیش پێشنیاری ئێوەم بەلاوە پەنسد و پیرۆزە و پێمباشە! بەڵام دەمەوێ بزانم ئەگەر هاتوو من لە ماڵی تۆدا بارگەوبنەم بە عەرزیدادا و خانمەکەت لاساری کرد و ناخۆشی کەوتە نێوانەوە ئەوسا تۆ چیدەکەی؟ وەختێ کەسێک هەوڵی کارێک دەدا، بیر لە ئەنجامەکەشی دەکاتەوە، ئەوە گریمان گوێت نەدا بە بۆڵە و نێوچاوان تێکنانی خێزانت. ئەو یارمەتی و ئاوڕدانەوەیەی تۆ بۆ من جا با بە نییەتێکی برایانەش بێ ئەم خێزانەی تۆ ناخاتە سەرفکر و دڵپیسییەوە؟

بۆ مەگەر من و تۆ لەو نێوەدا منداڵ هەڵدەخەڵەتێنین؛ من پێموایە ژنێک لە نێو مار و دووپشکدا شەو ڕۆژ بکاتەوە باشترە، نەک بەمهەموو ترس و دوودڵییەوە ژیان بەرێتەسەر، ترس و خۆفێک کە خەڵکی دەورووبەر کۆڵەوەژ لە تەندوورەکەی وەردەدەن، بۆ مەگەر هەر ئەم مرۆڤگەلە نەبوون تۆمەت و تاوانیان خستەپاڵ دایکی عیسای نەبی، بە چ ناو و ناتۆرەیەکەوە شاربەدەریان کرد؟

سەیمیران لە وەڵامدا گوتی:

ـ خێزانی من وەک مەڕی پێغەمبەر وایە، دڵ و دەروون پاک و حاواوە، قەت نەبووە لە قسەی من دەربچێ.

هوما بۆ ئەوەی فیتفیتە گڵینەکە لە ژێر سندووقی جلەکان بۆ منداڵەکە بێنێتە دەرێ لە جێی خۆی هەستابوو، وادیاربوو بە باشی ئەم وتەیەی ئاخری نەبیست، هوما هەر دەتگوت لاولاوە بە چناردا هەڵچووە، دڵی سەیمیرانی هێنابۆوە هەڕەتی لاوی، حەزی نەدەکرد فەڕڕوخ بەجێیان بهێڵێ لە کۆشی نابوو دەستی بە سەریدا دەهێنا، دەیزانی هەرجێیەک زارۆکی لێبێ شەیتان تۆختی ناکەوێ! مانەوەی ئەم منداڵە دەبووە هۆی گرێدانی دەمی خاوەنماڵ و تەنانەت سڵکردنی میوانیش. لەوکاتەدا کە فیتفیتەکەی دەهێنادەرێ هەر ئەو وەختەش کاکی میوان بە چاوی مشتەری لە بەژن و باڵای ڕێک و لەباری دەڕوانی، هوما لەو ژوورە تەنگ و بێدەرەتانەدا هەستی ئاسکۆکەیەکی سرکی هەبوو لە بۆسەی نێچیرڤانێکی پیردا بەڵام سەرەڕای ئەم گشتە لێزانییەی کە لە دڵ ڕفاندندا هەیبوو،

مەحتەل مابوو چۆن شاهینی ئاواتی هەڵفریوێنێ و بەسەر سەری شای دەوڵەتی داهاتوویدا بنیشێتەوە!

کاتێ گەڕایەوە و لەسەر جێیەکەی ئەوڵجاری دانیشتەوە لە درێژەی قسەکانی پێشوودا گوتی:

ـ هەر بە قسەکەی خۆت ئەگەر لە مزگەوت جێمنەبێ خۆ لە گۆڕستان ڕێمدەکەن؟

سەید میران کە لەوکاتەدا، چاوەکانی وەک موغناتیس کاری لێکرد بەخاتری ئەم قسەیەی سەرکۆنەی کرد:

ـ ئەوە نەبوو بەقسە، یاخوا لە بای مەرگ بەدوور بی، تیشکی ژیان هێز و وزە وەبەر چلەگیایەک، ڕووەکێک دەنێ، ئەم گڵ و خاکە ڕەقە بسمێ و سەربنێتە دەرێ، ئەمە چییە، ئەگەر هیوا و هومێد نەبێ؟ ئیتر خۆ مرۆڤ باسێکیتری هەیە، ئەویش ئینسانێکی ئاواجوان و جەحێڵ خاوەنی هەموو سەروەت و سامانێکی سروشتی و مەعنەوییە ئەم قسەیە بۆ کەسێک هاتووە کە شەشدەری بەختی لێگیرابێ.

لە کاتی ئەم وتانەدا سەیمیران سەیری وێنەی پشتی قوتووی جگەرەکەی دەکرد، گوتی:

ـ ئەگەر تۆش نەتەوێ بەم ڕێگەیەدا بچی کە تەواوی ژن و کچانی گەنج پێیدا ڕۆیشتوون، هەتا ماویشن هەر پێیدا دەڕۆن، دەبێ بزانی لە جاران زیاتر ئەم خەڵکە زارت لێدەکەنەوە، بە منت نەگووت بۆ هاتوویە سەر ئەم بڕوایە. دەتەوێ ئاخرەکەی بەکوێ بگا؟ ئاخۆم بەڕاستی حەز دەکەی ڕەبەن و تەرکەدنیا بی؟ یان ئەوەی لە پیاوان دڵت هەڵشێواوە و بێزار بووی؟ ئەگەر تۆ پێتوایە داپێمبڵێ بزانم ڕێگە چارە چییە؟

ـ هەر ئەوە، ئاغای سەاوی، ڕاڕایی نیم، بەڵکوو ترسە، ئەویش چ ترسێک، تۆقێن، من بێتوو بمهەوێ مێرد بکەمەوە، ئەوە دەبێ دەست لە جگەرگۆشەکانم هەڵبگرم، ئەو کەسەی منی لە ماڵی بابم هێنادەرێ و لە ماڵی خۆیدا بەندی کردم و منداڵەکانیشم لە خوێنی ئەون هەر ئەم کارەی لەگەڵ کردم، جەرگیدام بە تەندوورەوە، ئەم کەسەی ئەمڕۆ ماڵی بەختی من ڕووناک دەکاتەوە و باڵ بەسەر چۆلەکەکانم دەکێشێ ئاخۆم چ مرۆڤێک بێ!؟ خراپییان نەگووتووە یەکەم تەخت و یەکە بەخت، ئاسمانی بەختم باشی نەهێناوە ساماڵ و بێئەستێرەیە، ناکرێ بە بارێکیتر ئەم بەشە تاقی بکەینەوە؟ خۆ ئەگەر گرفتی من ئەم منداڵانە نەدەبوون لەم شارەدا بۆ دادەنیشتم، ڕۆژی ئەوەڵ دەگەڕامەوە بۆ لادێ، ئاشقە سووتاوەکەی خۆم ئەدۆزییەوە و پێمدەگوت دەست بنێ نێو دەستی کۆنەگراوی خۆت و هەمەدان بگرە و هاتین. هەرچییەکبێت بەس نییە بە دڵ و بە گیان منی دەوێ،

ڕەنگە دەنگم نەکردبێ کوڕەحەیرانی من خاوەنی ژنێکیترە لە شاری هەمەدان، قەیدیناکا، خۆ ئەگەر لە منیش ببێزرایە دەیتوانی ژنێکی دیکە بهێنێ، ئەگەر فرەژنی باش نەبووبا، بۆچی ڕەسووڵی خوا فتوای حەلاڵبوونی دەدا، بەڵام ئەمەی من پیاوێک نەبوو تەنیا ژنێک بەخێو بکا!

هوما، کە تازە ئەم درۆیەی لە دەم دەرپەڕیبوو لێوی خۆی گەزی و نیگای بەڕێی سەر ئەودیوی شووشە تاریکەکە کرد، دواتر گەڕایەوە سەر شۆقی لامپاکە، درێژەیدا بە قسەکانی:

ـ ئەگەر خەمی ئەم منداڵانەم لە دڵدا نەبوایە ئێستا لەمێژ بوو دەچوومە ژێر دەستوور و فەرمانی حسێنخانەوە و دەبووم بە جوانترین سەماکەری ئەم شارە و بە گەنداوی قوڕبەسەریدا ڕۆ دەچووم! نازانم ئەرک و چارەنووسم چی بەسەر دێت و چۆن دەبێ، یان هەر ئەوەیە کە ئێستا تێدادەتلێمەوە، نەک ئەوەی نەزانم زۆر چاکیش دەزانم، وەختێ ژن ئەم توانایەی نییە، یانی ئەم دەرەتانەی بۆ ناڕەخسێ کە بتوانێ هەروەکوو پیاوان نانی ڕەنجی شانی خۆی بخوات؛ یان دەبێ لەم دەورووزەمانەیەدا سەروەت و سامانێکی هەبێ کە نازانێ لە کوێوە هاتووە، ئەوسا بە بێخەم پاڵی لێبداتەوە، ئەگەر وانەبێ ئەشێ ملدابنەوێنێ و بچێتە ژێر نیری پیاوێکەوە و بۆ هەموو بەشێک ڕازی بێ و نانی سەدەقەسەری بخوات ڕەنگە ئێوە لە دڵ و دەروونی خۆتانەوە بە شتەکاندا بڕوانن. بەم ڕەشبینییەی منیش دڵتان بگیرێ، ناحەقم مەگرە لە سێبەری خۆشم ترسم هەیە و بە گومانم ئەمەش دەزانم کە پیاوەکان هەموویان لەیەک قووماش نیین. هەرکەس سمێڵی سوور بوو نابێتە هەمزەئاغا. تا ڕادەیەکی زۆریش حەقت پێدەدەم، بەڵام ناتوانم قسەی دڵ و خدە و تایبەتمەندی دەروونم بشارمەوە، تۆ نازانی چەندە لە نالەباری و زۆرەملی و داسەپاندن جاڕزم. کچانی حەوا وەکوو گەوهەروان ئەگەر خۆیان نرخی خۆیان بپارێزن کەس ناتوانێ قیمەتیان بشکێنێ، پیاو دەتوانێ لە هەموو جێیەکدا لەگەڵ ئافرەتدا بژی بەڵام بۆینییە بێڕێزی پێبکا، کەی ئەمە پیاوەتی و ئینسافە ژن بۆ ڕزگاری خۆی پشت بکاتە شەڕەف و حەیای خۆی، ئەم کارێکی کردبوو ئیتر بە جەرگم گەیبوو، من ژنێکی نەجیم و ساکار، چم بە ئێرە دابوو، نەفامی و کاڵی، سەتخۆزگە هەر یەکەم ڕۆژ خۆم هەڵواسیبایە!

ڕق و قین بەربینی هومای گرت و مات بوو، تەوژمی شەرمێک وەسەری کشا و ڕووی خۆی وەرگێڕا، لە ژێر هەوری چادرەوە بارانی ئەسرینی داوەراند و لە قوڵپەی گریانیدا، خەمی ئەوەمە کارێکم بۆ پەیدا بکەی لە چاڵ نەیێمە دەرێ و لە قوڵکە بکەومەوە، ئەم ترسە وای لێکردووم دڵم ڕەش بوو، ئەگینا چ ژنێکی جوان و جحێڵ هەیە لە دنیادا حەز بە تەنیایی و بێکەسی بکا؟ هەرچەندی هێشتا لەسەر قسەکانی خۆم سوورم لە تۆ دەپرسم پەنا بۆکوێ ببەم، چارەی من چییە؟

سەی‌میران بە تاقەت و حەوسەلەوە گوێی بۆ شلکردبوو، شێوەی قسە و ڕاوێژی بێدەسەڵاتی پێوە دیاربوو، بە لۆیی چارشێوەکەی ڕوومەت و چاوی سڕپییەوە، بەبێ ئەوەی لە سەید بڕوانێ بە دوودڵییەکی دوور لە شاردنەوە، گوتی:

- پرس بە من دەکەی چارە چییە، کەچەڵ ئەگەر دەرمانکەر بایە، دەرمانی سەری خۆی دەکرد؛ فکر و چارە لە دەست کەسێکدایە هەمووشتێکی بە دەستەوە بێ. لە بێلایەڕا دەنگی کێژی حسێنخان هاتە گوێ، بە شوێن منداڵەکەی‌دا هاتبوو، بە شەرمێکەوە سووچی پەردەی لادا و بە هومای گوت:

- ئەم منداڵە، لێرە تووشی زەحمەتتان دەکا، فەڕڕوخ وەرە بابڕۆین، درەنگە وختی خەوەکەت هاتووە، بەم شەوە ئەم فیتفیتەیەت لەکوێ هێناوە؟

ئیتر بەجۆرێک کە سەی‌میران ئاگای لێنەبوو لێی‌پرسی، میوانەکەت تا کەی لێرە دەمێنێتەوە، مەبەستی لەم پرسیارە ئەمەبوو، زووتر قسەکانیان تەواو بکەن و بچن بە یەکەوە دانیشن، منداڵ لە ژوورەکەدا هەڵبەز دابەزی دەکرد و دەی‌فیقاند، ئاخری لەگەڵ دایکی نەڕۆیشت، نێرگز بە تەنیا گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، هوما درێژەی بە قسەکانی‌دا:

- ئەوەندەی من تا ئەم تەمەنەم لە دنیا حاڵی بووم مرۆڤ وەختێ قەدری سلامەتی دەزانێ کە بە ئازارێکەوە بتلێتەوە، سواربوون جارێک عەیبە و دابەزین دووجار، ئاغای سەراوی.

ئەم تەوارە دڵڕفێنە زۆری خەفەت لە دڵدابوو، نەیدەزانی چۆنی دەربڕێ، ئەوەندە شڵەژابوو لێوی باری گرتبوو، بە جوانی قسەی بۆ نەدەهات بە نووکی زمانی لێوی تەڕ کرد و گوتی:

- ئاغای سەراوی، ئێستا کە خەریکم سفرەی دڵم لەلای تۆ هەڵدەڕێژم، لە ڕاستیدا حەز بە مردنی خۆم دەکەم، هەر بۆیە خۆم بە شەرمەزار دەزانم، بۆ ئەوەی من دایکم و خۆشبەختی منداڵەکانم گەرەکە، بەخاتری ئەوانە لەم چۆڵەوانییەدا بەدوای سەیوانێکدا وێڵم. لەمە زیاتر، دڵسۆزی من زمان و گفت و ئاماژەی کەسێکە لە دڵەوە باوەڕم پێیەتی و پیاوێکی دڵ و دەروونپاک و چاکەخوازە، ئەگەر من لە دڵی تۆدا جێگایەک مابێ بە وەفا و سەفاوە، ئاغای سەراوی جێی خۆم کردۆتەوە، ئەگەر توڕەش بووبێتم ئەوا خۆم سەرکۆنە دەکەم. ئێستا کە هەردووکمان قسەیەکمان پێ‌نەماوە، بۆ تۆز و غەوری سەر ئاوێنەکە نەسڕین؟ مرۆڤ کاتێ بۆی هەیە لە دەرگاوە بچێتە ژوورێ بۆچی بە دیواردا سەرکەوێ و لاقوقولی خۆی بشکێنێ، خەڵک لە خۆی بە گومان بکا، تۆکە تەمەنێک بە حەیا و ویژدانەوە ژیاوی، ئەم ئیزنە بە خۆت مەدە، حەیا و حوورمەتی ئافرەتێکی جەحێڵ بکەوێتە

مەترسییەوە کەس‌وکاری من تاکوو ئەمڕۆ عەیب و ئیرادێکیان نەهاتۆتەوەسەر. قەت سەرنەوی نەبوون پیاوانە ژیاون، تۆ ڕێگە مەدە ببمە پەڕۆی شین بە شانی ئەوانەوە، هەتا مردن هەر بەم ئابڕووچوونەوە سەر بەربدەنەوە، پیاوی ژیر ڕێگە نادا نە شیش بسووتێ و نە کەباب، ئەگەر مارەبڕینێکی کاتی، چوارچێوەی ژیانت لێ‌تەنگ ناکات ئەوا تەواوی گرفتەکان لەسەر ڕێ لادەچن.

بە چاوێکی پاک و مەعسوومەوە لە بەڕەکاڵەکەی ژێر پێی خۆیان ڕاما، هەردووکیان بێدەنگ مابوونەوە، بیریان لە قسەی خەڵک دەرکردەوە، فەڕڕوخ وەڕەز ببوو بیانووی هەبوو بچێتە دەرێ، ئەو بە ئارامی قسەی دەکرد، وای هەست دەکرد تۆزێک تەمی خەفەتی ڕەویوەتەوە منداڵەکە خێرا خێرا دەچووە بەرهەیوانەکە و دەگەڕایەوە، لە تاریکی دەترسا، ئاخری دایکی هات بە دوویدا و لەگەڵ خۆی بردی، لەم چرکەیەوە قسە و باسی نێوان سەید و خانەخوێ بارێکی‌تری پەیدا دەکرد، بە بێ‌پەردە و ڕوودەربایسی، بێ‌گزی‌وفزی، شەقڵی تاریکی؛ هوما شکاندی تاکوو ئەوەندەی دیکە لە دڵی سەیددا جێی خۆی بکاتەوە، زمانێکی ڕووت و ڕەوان چی هەڵدەڕشت لەبەر چاو و زەینی سەید دووڕ و گەوهەر بوو، بە نییەتی پاکی و سەفاوە، ئیتر ئەم پەردەی شەرمە لە نێوانیاندا نەما، تەنیا گفت‌ولفتی خۆش و هیوا و هومێدی ئەم دوو دڵدار و دڵبەرانە بوو لە نێواندا ئاڵقە دەبوون و تێک‌دەچڕان و لەبەریەک دەکشانەوە، سەید لە ناخەوە خزابووە نێو مەبەست و حەزی خاکەڕایی ئەم ژنەوە کە هەرچی دەیگوت لە دڵێکی ساکار و بێ‌فێڵ و پاکەوە سەرچاوەی دەگرت. هەر بۆیە ئەمیش لە دەروونی خۆیدا هەستی بە ڕووڕاستی و خێرۆمەندی دەکرد. یان ئەوە بۆ ئەو زۆر گرینگ بوو جوانترین ئافرەتی ئەم شارە لە ناخەوە بڕوای پێیەتی، هوما ئیتر لە بەینی هەور و ساودا نەمابوو، ئەوەی لە دڵیدا بوو هەمووی درکاندبوو. لە هەمووشت گرینگ‌تر شەو و ڕۆژ سەید بیری لێ‌کردبۆوە، قسەی بەدەستەوە نەمابوو، هەروەک هوما قسەکەی جوان بوو، نە شیش بسووتێ و نە کەباب، گەورەپیاوانی دیندار لەخۆڕا مارەبڕینی کاتیان دانەمەزراندووە، ئەم شتانەیان دیتووە بۆ ئەم کات‌وساتانە فکریان کردۆتەوە، هەڵبەت لە نێوان زانایانی شیعە و سونیدا دژایەتی و دەمەتەقە هەیە، بەڵام بۆ مەگەر ئەم ژنە لە وڵاتێکدا ناژی کە مەزهەبی قانوونی شیعەی دوازدە ئیمامی‌یە؟ جگە لەمەش سەید بوو، بە گۆشت و خوێنەوە شوێنکەوتووی ئالی‌عەباس (ع) بوو، لەم ڕێبازەدا شک و گومان لەم پیاوە نەدەوەشایەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم ژنەی سیغە کرد، بە چ زمانێک ئاسکەی خێزانی ڕازی بکا؟ ژنێکی ئاوا خانم و دڵ و دەروون‌پاک کەسێکی وای‌نەبوو سەرکۆنەی بکەن و بەم کارەی مێردەکەی تووڕە ببن، بەڵام ئەم خەڵکەچی، خزمەکانی‌چی، بە تانووت

و لاتاو کونەجەرگی ناکەن؟ خراپی کار لەوەدابوو، لەگەڵ ژنەکەی خدە و ڕەفتاری کۆنیان هەر مابوو لەگەڵ هەرکەسێک دەبوون بەدۆست وایاندەزانی بڕبڕەی پشتی خۆیان دۆزیوەتەوە هەستکردن بە پێکەوە ژیان دەگاتە جێیەک خزم و ئاشناش پێبزانێ، ئەگەر لە بەرامبەر ئەم داوایەدا بە چۆکدا بێ ئەوە دڵی ئاسکە لە خۆی دەڕەنجێنێ، لۆمە و سەرکۆنەی ئەم و ئەو کونەجەرگیان دەکرد، ئەگەر دەستی بە ڕوویەوە دەنا، ئەوە دڵی ئەم پەریڕوخسارەی لە خۆی دەڕەنجاند و کەرامەتی پیاوانەی خۆی ژێرپێ دەنا، لەوکاتەدا کە هوما چاوەڕوانی وەڵامێک بوو، فکر و خەیاڵی کۆڵ و کورتی لە تاریکترین دالانی بێدەرەتانیدا دەخولایەوە، سەری داخستبوو بە تاروپۆی بەڕە شڕەکەوە خەریکی یاریکردن بوو.

مارەبڕینێکی کورتماوە بۆ هوما وەک ئەوە وابوو دەمی گورگی لێبەسترابێ، بەڵام ئەگەر لێیان پرسیبایە، حەزی دەکرد سەید بە ـ نا ـ یەک خۆی دەرباز بکا، هوما ئێستاش کە لە ژوورێکدا لەگەڵ ئەم پیاوە دانیشتوون، نە خێزانی ئەوی دیتووە و نە دەشیناسێ، نەیدەزانی چۆن ژنێکە، پیرە، جوانە، ڕەفتار و ئاکاری چۆنە، تەنانەت ناویشی نەدەزانی، یانی بەڕاستی چ ویژدانێک ئەمەی بەلاوە پەسند بوو ئەم ژیانەی کە خێزانی هەیبوو بیشێوێنێ و حۆری لە بەرامبەر پەریدا ڕابگرێ و خۆشی لەم نێوەدا ببێتە ڕمۆزن؟ مرۆڤ دەم بنێتە جەرگی خۆی باشترە نەک نانی پیاوێک بە گەروویدا بچێتە خوارێ کە خاوەنی ژن و منداڵە، جا ئەمکارە با بۆ ماوەیەک یان تەنیا یەک کاتژمێر بێ، هوما زانی ئەم بێدەنگییەی سەید میران چی لە پشتە، سەید بەبێ ئەوەی سەرهەڵێنێ لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە ژنێک و چوار منداڵم هەیە؟

هوما لەو نێوەدا گێژ و شڵەژا و مەحتەل مابوو ئەوەی بە زمان بەیانی کردبوو هەڵقوڵاوی دڵ و مێشکێک بوو وەک ئەوەی کارتێکەری دەوا و دەرمان و خەیاڵاتێکی ڕەشی بەسەرەوە دیاربێ و بەسەر بیر و فکری خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نەمابێ.

ـ بەڵێ، زۆر چاک دەزانم ژن و منداڵت هەیە، دەزانم، بەڵام ئەوە تۆی دەبێ بوار ببینیەوە و خەمی ئەم گرفتە بخۆی، من لە گێژاوێکدا گیرم خواردووە بە هیوای یارمەتی، پەنا بۆ هەرشتێک دەبەم، کەوتوومەتە پەلەقاژە، حەیا و حورمەتم لە مەترسیدایە، منداڵەکانم ئاوارەی کووچە و کۆڵانن، ئەقڵم بڕناکات و دوو هەنگاو ئەولاتر نابینم.

ڕستەکەی نێوەچڵ کردو وەبیری فەڕڕوخ کەوتەوە، هەستا و خۆی گەیاندە بەرهەیوانەکە، دایکی بردبوویەوە. وەختێ دەنگی فەڕڕوخی بیست ئارام بۆوە و گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی،

دووکەڵکێشی سەماوەرەکەی لابرد و لەولاوە داینا، سەماوەر قوڵتە قوڵت دەکولا، قۆری ئاو تێوەردا و چایی دەم کرد. دەستیکردەوە بە قسەکانی خۆی:

ـ ئەمجاریش قەیدی چیدەکا، بۆ مەگەر من گوتوومە بە هۆی کەسێکەوە کە دوو ڕۆژە دەیناسی و لەگەڵی بووی بەدۆست، بە خاتری چارەڕەشێک ژن و منداڵی خۆت ئاوارە بکەی؟ بۆ مەگەر من کێم ئەو داوایەم لە تۆ هەبێ یان بەهیوابم ماڵی تۆ بشێوێنم؟ گۆشت و ئێسقان، ئاغای سەراوی لە یەکتر جوێ نابنەوە، منێک کە ئازاری جوودایی و تەڵاقم چەشتووە لە جگەرگۆشەکانم دابڕاوم، چۆن ئیزنی ئەوە بەخۆم ئەدەم ماڵوحاڵی کەسێکیتر بەسەریەکدا بدەم. وەختێ فکرو خەیاڵی ئاوا بە مێشکمدا بێ ئەشێ شاربەدەرم بکەن، مەگەر بمرم ئەگینا قەت فکری وا ناکەمەوە، کەسێک نیازی وابێ بۆچی حەز بە مارەبڕینێکی کاتی دەکا، واتە سیغەکردن، تۆ مارەکردنی یەکجاریت دەوێ، ئەمە ناچارییە، دەنا سیغە بۆ ژن بێڕێزی کردنە، ژێرپێنانی کەرامەتی ئافرەتە، ئاغای سەراوی، داوات لێدەکەم بە سەرنجەوە لە من بڕوانە، ژیانیش لە خۆت مەشێوێنە، وەختێ لەو ماڵەدا، یان هەرجێگایەکیتر، بە دڵی خۆت نێوماڵێکم گرت و تێیدا دانیشتم، بۆ ئەوەی قسەم نەیاتەوەسەر ناوێکم لەسەر دانێ، لە ژیانی ئاسای خۆمدا هەروەک هەموو ژنێک دەمەوێ سێبەری پیاوێکم بەسەرەوە بێ، هەرچەندە ژنی دیکەشی هەبێ، با بۆ ماوەیەکی کورتیشبێ، ئیتر هەر خۆت دادوەربە و دادم بپرسە، ئەگەر دەزانی خێزانت ناتوانێ لەگەڵ من وەکوو هەوێیەک سەری سازگاری هەبێ و لەگەڵم پێرابکێشێ، چۆن ڕازی دەبێ با بە دڵی ئەوبێ. من هەر لە ئەم چرکە ساتەوە، وەک کارەکەر و قەرەواشێک دەستی تۆ ماچ دەکەم، بۆیەش دەڵێم وەک قەرەواشێک لەبەر ئەوەی لەلایەنی تۆوە دڵنیام و هەست بە بێکەسی ناکەم ئەوە تۆی گیانی مامزێک لە چنگ گەلە گورگێک ڕزگار دەکەی. ئیتر ماوەتەوە بڕیاری خۆت، ئەگەر بتەوێ بمبەی بۆ ماڵی خۆت، ماوەتەوە ڕەفتار وئاکاری ژنەکەت، ئەوەی بۆ من گرینگە، با ژنی کاتی تۆش بم، ئەوەندەم کوێری دیتووە، هێندەم خەفەت خواردووە و بێحورمەتیم پێکراوە، مەگەر لەمەودوا نرخی ژین و ژیان بزانم. من بۆ سڵامەتی و بەختەوەری منداڵەکانم، ئامادەم نانکەری ماڵان بکەم، جل بشۆم، کەوابێ ئەگەر کارەکەر بم چ لەوە باشتر، لە ماڵی کەسێکی ئیماندار و داوێنپاکدا بم، پیاوێکی سەید و وەجاخزادەی وەک تۆ، ژنێکم خاکەڕایی و بە نان و پیازێک ڕازیم، نە کارم بە کاری تۆیە و نە هیچ شتێکم گەرەکە، هەر ئەوەندە ناوێکم بە سەرەوە بێت و لەم دەستە ئەژنۆیە ڕزگارم بێ، هیچیتر، خۆت زۆر باش دەزانی ئەم خەڵکە چۆنە، هەروەها ئەمەش دەسەلمێنی، بۆ ژنێک لە ماڵدا قسەی

خەڵک لە عەزابی گۆڕ ناخۆشترە، تکات لێدەکەم وام لێنەیەت دووکەڵی بەدبەختی و داماوی لەمە زیاتر بە چاومدا بچێ و ببم بە پەندی عالەم!

سەی‌میران بە تووڕەبوونێکی ئارامەوە گوتی:

ـ نا، نا، من ڕازی نیم، هوما خاتوون، چۆن شتی‌وا دەبێ، من زۆرتر لە تۆ پەرۆشی گوزەران و ئەم حاڵەم کە تۆی تێدای، سوێند بەم شاڵەم، بەو ئیمامەی پەنام وەبەر بردووە، لەو ڕۆژەوە چوومەتە نێو ژیانی تۆوە و سەربردەی پڕ لە ژان و کۆستی تۆم ژنەوتووە، ئاراوقارام لێ‌هەڵگیراوە، خەم و خەیاڵ هەڵم دەگرێ، لە هەوڵی ئەوەدام ژیانێکی هێمن و پڕ لە بەختەوەریت بۆ دابین بکەم، تاوان‌بێ یان چاکە و خێروومەندی، پەسندبێ یان ناپەسند، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشەویستی تۆ لە دڵمدا هێلانەی کردووە، هەر ئەو ئەوینەی کە بۆ جگەرگۆشەکانت هەتە، دەشزانم ئەوانیش وەکوو خۆت، شێوەپەری و خۆڕاگرن، زۆرچاکە، چ لەوە خاستر، بەڵام هوماخاتوون، خۆشت دەزانی هیچ نەبێ لە تۆ زیاتر دنیام دیتووە، هەر ئەوەنییە کەسێک کەسێکی خۆش بوێ حەز بە چاکەی دەکا نەک بە خراپەی، دەبێ ڕێگای چاکی نیشان بدا، نەک بە لاڕێیی‌دا ببیات، تۆ خانمێکی کەم‌تەمەن و بێ‌فێڵی، شیاوی خزمەت و ڕێز و حورمەتی، بە هۆی ناسازگاری بێ‌کیفایەتی مێرد و کەم‌ئەزموونی و کاڵفامی خۆتەوە بەبێ ئەوەی بوار بناسی و بیر لە داهاتوو بکەیتەوە قولت لێ‌هەڵماڵیوە و لە ئاوت‌داوە، وەختێ بەخۆت زانیوە ئاو بردووتی و کەوتوویە پەلەقاژێ، هەروەکوو باست‌کرد پەنات بۆ دارو بەرد بردووە، ئەگەر لە من دەپرسی هیچ شتێک بێجگە لە ژیانێکی خاوێن و بێ‌غەلوو غەش ناتوانێ ڕازی و بێ‌خەم و خەفەتت بکا، تۆ ئەمڕۆت لەبەرچاوە، من سبەینێ دەبینم، بەجێ‌هێنانی ویست و داوای تۆ بەلای منەوە ئەوەندە ئاسانە وەک موویەک لە ماست دەربکێشی، ئەمە شانازییەکی مەزنە بە نسیبی من بووە، ناوی کڵفەت و قەرەواش مەهێنە، تۆ تاجی سەری سەراوی و هومای بەختەوەری بەسەر سەرمەوە، هەروەکوو وتم، لەوە دەترسم بێنم گوڵ داچێنم تیکان سەوز بێ، مەبەستم لەم وتەیە خێر و خۆشی توویە نەک بەرژەوەندی خۆم، عەیب و خەفەت‌شتێک کە فکر و بیری من ئازار دەدا و شەرمی لێدەکەم ئەوەیە، ڕۆژێک بێت و بێژن سەی‌میران سەراوی بەم گشتە شاڵ و حورمەتەوە بەم هەموو ئیسم و ڕەسمەوە کە لە نێو خەڵکدا هەیەتی ویستی ژنێکی‌تر بهێنێ، حەیا و شەرمی وەلانا، بوو بە جاش، ژنەی مارە کرد و نەی‌داوە بە کۆنەمێردەکەی، خاتوونە نازدارەکە ئەگەر هاتوو دوای ئەوەی سیغەکەت تەواو بوو ئازاد بووی هەوا لە سەرت بدا و بگەڕێیەوە بۆلای کۆنەمێردەکەت ئەوسا تێدەگەی کە چەندە قسەکەم ڕاستە و هەڵگری چ ناو و ناویشانێک دەبم؟! پێم‌دەڵێی ناتەوێ مێرد بکەیتەوە، لە لایەن منەوە ئەم وتەیە وەک گوارە بە گوێتەوە بێ ئەگەر هاتوو چارشێوی

سەرت با بردی و کەوتە حەوش و حەساری وەستا حاجی‌یەوە نابێ بچی بیهێنییەوە. بەڵام ئەم قسەیەت بە کەسێک بێژە، دنیای نەدیبێ و ژن نەناسێ، ئەم ئافرەتەی کە خوا لە پەراسووی چەپی، ئادەم دەری‌هێنا، قەول و قەراریشی بۆ ئەوە نابێ پشتی پێ‌ببەستی! وەکوو گوڵ باسەفا و کەم‌وەفایە، ئیتر هەرچۆنێکی بژمێری و دانا و زانا بێ، دیسانیش پەراسوویەکی کەمە و چرای هزر و ئاوەزی کەم سۆڵەترە! بە قوڵی بیر ناکاتەوە سەرچڵ و بیر تەسکە، ئیش و کاری بە ئیشتیبا و غەریزییە، نەک لە ڕووی ئاوەز و ئەندێشەوە، زوو بڕیار دەدا و خێرا پەژیوان دەبێتەوە، بە قسەیەک هەڵدەچێ و بێ‌تاقەت دەبێ، هوما خاتوونیش ژنێکە هەروەک هەموو ژنەکان، لە چاو ئەوانیش فرە سەلارە. هەر ئەم فکر و خەیاڵانە دەوریان تەنیوە، قسەی دڵی خۆی نادرکێنێ، وازی وازی و کرچ و کاڵە، هەروەک چەند ڕۆژ لەمەوبەر گفتی پێدام و قەول و بەڵێنی بەجێ نەهێنا.

- بەڵێ، بەڵام قەولی یەکجاریم نەدابوو، گوتبووم بیری لێ‌دەکەمەوە.

- تەواو بەڵێنیت پێ‌نەدام، بەڵام چوار ڕۆژ منی خۆش‌باوەڕت چاوەڕێ کرد، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێرە قسەکەت بگۆڕی، دەزانم سبەی شتێکی‌تر دەڵێی هەر بۆیە منیش ئەوەندە حەوسەلە و تاقەتم زۆرە.

بزەی شیرینی هوما لەوکاتەدا کە هەوڵی دەدا لە ژێر توێی چادرەکەی بیشارێتەوە، کەوتە بەر گازی چاوە ڕاوچییەکانی سەی‌میرانەوە، سەی‌میران پێی‌خۆش‌بوو کە دەبێ لە بەرامبەر داواکانی هومادا بە چۆکدا نەیات، تام‌وچێژی بە قسەکانی دەدا بەڵکە ئەم بابەتەی لە بیر بەرێتەوە و خۆی لادا و دەستی دەستی پێبکا، لە ژێر سەیوانی برۆکانیەوە شاهین و بازی هەردوو چاوی سەیدانەی کەوتبوونە گەمارۆدانی هومای نێچیرخاس، زەردەخەندەیەکی بۆ کرد، هوما زیرەکانە بە هەوری چارشێوی مانگی ڕوخساری شاردەوە و تەواری لە دەست ڕاوچی ڕزگار کرد، هەرچەندە تاکوو ئێستا ئەم ئیزنەی بە خۆی نەدابوو، یان دەرفەتی وای بۆ نەڕەخسابوو، بە چاوی مشەتەری لە چاو و ئەدگاری سەید بڕوانێ و وردبێتەوە، ئیتر بە وردە نیگایەکی ژیرانە و بە ڕوانینی ئافرەتانەوە تێی‌ڕوانی و هەستی بە بۆنی جگەرەی کرد. بۆ ئەوەی زەردە خەندەی سەر لێوی نەبینێ پشتی دەستی کردە لەمپەر بۆ دەمی، بە ناز و شەرمەوە گوتی:

- تۆ چۆنی دادەنێی داینێ، هەرچۆنێک بین ئێمە لە ئێوە باشترین،

سەرەڕای ئەم خەم وخەفەتەی لە دەروونیدا کەڵەکە ببوون شلێر و گوڵاڵەسوورە لە شەرمی کوڵمە و سەرگۆنەی بەڕوودا کەوتبوون. خونچەی دەم، چەناگە و گەردنی وەک مینای بێ‌گەردی حەیای لە هاوجووتی دەسەند و دیمەنی دڵڕفێنی هەرەسی بە ئیمان و بڕوای جەدی گەورەی سەید میران هێنابوو،

هەرچەندە زەعیفە و شیاوی ئاوڕلێدانەوە بوو، بەڵام لەبەر چاوی سەی‌میران هەر بەم ئافرەتبوونەی خۆیەوە جوان و لەبەردڵان بوو، وتەکانی ئەم دواییەی وەک پەڕەی گوڵ بەسەر میواندا دابارین، بەڵام مخابن ئەم تاووسی مەستە، وریاتر بوو لەو ڕاوچییە چاوەڕوان کراوەکەی، بەجۆرێک سەری بەردابۆوە و خۆی لە ژێر باوەشی چارشێودا حەشار دابوو تەنانەت نەیدەهێشت قوڵکی بەرگەردنیشی وەدەر بکەوێ، تەنیا ئەوەی لە پێش چاوی سەید ڕووت و ئاشکرابوو دەست و پەنجەی میرزایی و جوانی بوو، هوما پیاڵە و ئیستیکانی چایی لە پشت‌سەری خۆی لەسەر تاقە بچووکەکە داگرت. ئاوی گەرمی تێوەردان سەماوەر بە ئاوازێکی نەرمەوە گیزەگیزی دەهات. هەڵمی ئاوی کوڵاوتوو ئاوێتەی شۆقی لامپا شووشەکە ببوو، کە لە نێوانیاندا هەڵکرابوو، ڕووناکی و گەرمایان بەم کۆڕ و ژووانگەیە دەبەخشی. ماوەیەکی کورت تێپەڕی و هیچکامیان درزی لێویان نەترووکاندبوو، ئەم مات‌بوون و بێدەنگییە، بە هەموو عیشوە و ناز و ئێشارەتێکەوە وەک بەرامەی گوڵی زەرد و سووری بەهاری ئاوپرژێنی گوڵی دڵی دەکردن و هەست و سۆزی بەسەر شانی پەپوولەی خەیاڵەوە بە دیاری بۆ دەهێنان. هوما بە شەرمێکی سڵۆک و ئاسکانەوە تێکەڵ بە دەست‌تێکەڵ‌هاتنێک چای جوان و بۆن‌خۆشی بۆ تێ‌کرد و لەبەر دەستیدا داینا، گڕی ئەشق و خۆشەویستی سەرەڕای ئەم گشتە خۆپارێزی و ددان‌بەخۆدانانە زۆرتر لە دەروونی میوان بە جۆش و کوڵتر بوو، سەی‌میران نەختێک خۆی قیت کردەوە و بە لەفزی ئارام و ڕەمزاوی خۆی شەقڵی بێدەنگی شکاند:

- ئەگەر حەزدەکەی با ئەم بەستە و کادۆیە بکەینەوە بزانین چی‌تێدایە؟ زۆریش لەوەناچێ بەنرخ بێ، بەڵام ئەوەی گرینگە بۆ ژنێکی ئاوا وازی وازی و ئەستەم‌پەسند کە دڵی لە ڕوخساریی جوان و پاکترە، با بزانین سەلیقە و پەسندی خاوەن دیاری چۆنە.

هێشتا قسەکانی ئەو تەواو نەببوو بەستەی لەسەر تاقە هێناخوارێ و هەڵی‌پچڕی. هەروەک ئەمەی لە بیر نەمابێ، جوانی شت‌ومەک دەمی پێ‌کردە تاقی‌چرا، وەی

- بەڕاستی بۆ قسە دانامێنی! کچی حسێن‌خان سەرەڕای ئەم هۆگری و هات‌وچۆیەی ئێوە بۆلای من، کەچی باوەڕی کرد حاجی دیاری و سەوقاتی بۆ ناردووم، بەڕاستی ئەم شت‌ومەکەت بۆکێ کڕیوە؟!

- بۆ ئەوکەسەی کە خۆی چاک دەزانێ چەندەم خۆش‌دەوێ.

سەید بۆ ئەوەی ساردوسڕی بە قسەکەیەوە دیار نەبێ، بە ئەدایەکی تایبەت لێوی خۆی گەزی، بە سیلەی چاو تێی‌ڕاما، هوما خۆی لەبەر تەوژمی نیگای ڕانەگرت، گۆنای شەکرەسێوی بە دەم قەمچی شەرمەوە سوور هەڵگەڕا، چاوی ڕەش و ئاشقکووژی سێحرێکی ئاهوراییی لە خۆیدا حەشار دابوو.

تاکوو بە مژۆڵی تیژی دڵی ئەوینداری خاوەن دین و پارێزگاری بپێکێ، وەختێ بەستە کرایەوە، جووتێک پێڵاوی بریقەداری پاژنە بەرز و جووتێک گۆرەوی، کراسێکی کەژی تەنک بۆ هەواخۆشی و چەندگلە قژگیرەی بسک و ئەگریجە، ئەوانەی لێوەرگرت هەرچەندە سووری کەوتبووە سەر لێو و ڕوومەتی سکڵی دەروونی گەشابۆوە، بەڵام هێشتا گرێی نێوچاوانی لەنێو مژی تەسکی ژوورەکەدا شاراوە نەبوو، دوودڵی و ناڕازیبوونی پێوە دیاربوو. وەختێ کراسەکەی ئەمباروبار دەکرد، شتێکی هەستبزوێن و منداڵپەسند بوو، زەردەی سەرلێوی بە ویستی خۆی نەبوو، بە شۆخ و شەنگییەکی تەواو خانمانەوە لە هەموو بارێکەوە فانیلەی بە خۆی گرت و تاقی کردەوە، وادیاربوو بۆ بەری کورت و تەنگ بێ، بۆ ئەوەی سپاس و پێزانینی خۆی نیشاندابێ گوتی:

ـ ئاوای مەبینە، ئەمە چندراوە و دوو ئاو بشۆرێ گەورە دەبێتەوە، لە خۆشیاندا دەبێ بڵێم، ئەوە یەکەم جارە فانیلەیەکی ئاوا جوانم دەبێ.

سەیمیران بە شادی و خۆشییەکی حەفسکراو لە بۆ پێملبوون و بە دڵەوەنیشتنی دیارییەکەی لە وەڵامدا گوتی:

ـ پێمخۆشبوو لە بەرتدا بمدیبایە، بەتایبەت پێڵاوەکانت، ئەگەر هاتوو گەورە و چکۆڵە بوون دەیانگۆڕمەوە، بەداخەوە ژمارەی لاقی تۆم نەدەزانی، بە ئەقڵی خۆم ئەمانەم بۆ هەڵگرتی.

هوما تەنانەت زۆر دژبینانە نووکی پەنجەی پێی لە کۆشی چادرەکەدا شاردبۆوە، هەتاکوو لە چاوی سەیمیرانی بشارێتەوە، سەید کە پێڵاوە تەختەکانی ئەوی لە پەنا دەرگاکە دیت، بەبێ ئەوەی هەستێتە سەرپێ، خۆی درێژ کرد و تایەکی هێنا و پێکی گرتن، وەختێ چی لێحاڵی نەبوو، خستییەوە سەرجێگاکەی خۆی.

ـ بە هەستی خۆم وامدانا دەبێ لاقت چکۆڵە بێ، نازانم دەزانی یان نا، سەر و کەڵلەی گەورە بۆ پیاو قاچی بچووک بۆ ئافرەت نیشانەی بەخت و ئیقباڵە، فانیلەکەت بە مەرجێک ملیوانەی تەنگ و قۆڵی کورت نەبێ تەنگییەکەی قەیدیناکا، ئەگەر تاقی بکەیەوە زەرەدێک لە خۆت نادەی، ئەگەر بە ئیرادی نازانی بیکە بەرت.

هوما لە بنەوە چاوێکی لێکرد.

ـ عەیبەکەی ئەوەیە ئەگەر جارێک لەبەرکرا، مەبەستم لە کراسەکەیە، وەری ناگرنەوە.

ـ ئەمە زۆر گرینگ نییە، تۆ خەفەتی ئەم بەشە مەخۆ، ئەمەیان بۆ کچەکەم دەگێڕمەوە و دانەیەکی باشتر بۆ تۆ دەسێنم. هەرچەند لە نێوان سەت دانە کراس‌دا ئەم فانیلەیەم بەدڵ بوو، ڕەنگی سەوزم زۆر خۆش‌دەوێ.

هوما زۆری حەز بە مشتومڕ نەدەکرد، بە مەکر و نازێکی کچۆڵانەوە کە نەختۆکەیەک قورس و سەنگینی پێوە دیاربوو کۆتەکەی بەری دانا و فانیلەی کرد بە سەر خۆیدا، بە گوشار و زەحمەتێکی زۆر کەوشەکان دەپێیەوە چوون. وەختێ دەپێی دەکردن چارشێوی دابوو بەسەر لاق و قولیدا، تەوژمی شەرم چزەی لەسەر کوڵمەی هەستاندبوو، هەر بۆیە لە حەژمەتان لێوی خۆی دەگەزی، بۆوەی چەند هەنگاوێک پێیانەوە بڕوات هەستا سەرپێ، چارشێوەکەی نەدایەوە بە سەریدا هەر بە دەستییەوە بوو بەڵام لە بیری چۆوە و لەسەر سندووقەکە بەجێی هێشت، لەوکاتەدا بە وردە هەنگاو ئەم‌سەرو ئەوسەری ژوورەکەی کرد و لە پێڵاوەکانی ڕامابوو تەنوورەکەی بانتر هەڵکێشا تاکوو قیت بەسەر پێوە ڕاوەستێ، چین‌ولۆچی بەرۆک و کەلەکەی ڕێک و لەبار کرد، ڕەنگی سەوزێکی کاڵ تێکەڵ بە ڕووناکی ئارامی دیوەکە بە بەرچاوی کاکی میوانەوە ڕەنگی پەلکەزێڕینەی وەبیر دەهێنایەوە، دەبوو زۆرتر بەم کەوشانەوە بێت و بچێ تاکوو بزانێ بە پێی تەواون یان بیان‌گۆڕێتەوە، ئەو کە بەم ڕەوت و ڕۆینەوە لەم وەتاغە بچووکەدا دەهات و دەچوو بۆ چرکەیەکیش جەردەی چاوی سەید لێی خافڵ نەبوو، ئەمە پەیکەرەی خوای جوانی بوو گیاندار و شل‌شل خەرامان هەنگاوی دەنا، بەم بەژن و باڵا جوانەوە کە ئێستا پێڵاوی پاژنە بڵندی لەپێ کردبوو کەڵەگەت و بەژن زراوتر دیاربوو، بەم پەرچەم و بسکە چەتری و کیژۆڵانەوە، گەردن بلوور و باڵا عەرعەری و پاشەڵی پڕ و کەلەکە باریک، گۆنای سێوی سوور، لەفزی شیرین، دوو چاوی تیرهاوێژ دەستی شیرینی لە پشتەوە دەبەست، هەبوونی پیاوێکی بێگانە لەم ژوورەدا، شەرم و شکۆی منداڵانە یان تەنانەت هەست‌کردن بە شاجوانی خۆی لە بەرامبەر شێخێکی چاوبرسی‌دا، تroوسکەیەکی دابوو بە ڕوخساری فەرهادکوژی کە تین و گەرمای هاوین بەسەر خورمای دڵڕەقی گەرمێنی ناهێنێ. ئەگەر لەم ساڵانەی دواییەدا، واتە ئەوکاتەی بانگەشەی لابردنی لەچک و چارشێوی ژنان داکەوت، زۆر سەیر نەبوو پاڵەوانە مێوینەی ئەم چیرۆکە لە بەرامبەر ئەم خەونەدا خۆی وەبینێ و تووشی شڵەژاوی بێت. بەڵام ئەم وەختە هەستی بەوە کرد، شتێکی شاراوە دنەی دەدا، وەک ئەوەی لە چنگ سەرما و بەستەڵەک ڕزگار بووبێ و سەهۆڵ‌بەندانی هەناوی تاوابێتەوە، دڵی عاشق و پیرانەی سەید حەزی دەکرد لەم کات و دەرفەتەدا باوەش بکاتەوە و شادی پەریان دەئامێز بگرێ پڕ بەدڵ بە خۆیەوە بگووشێ و لە شەهدی لێوی مەرهەم بنێتە سەردڵی بە زامی ئەوین کوڵەواری. ئەم ژنە کە یەزدانی مەزن بە بێ‌هۆ ئەم

جوانی و بەژن زەڕاڤییەی پێنەبەخشیوە تەنیا هەڵە و زووهەڵچوونێک ئاوای بەسەر هێنابوو، جگە لەوەی عەیب و ناحەزی لە ڕواڵەت و ئاکاریدا نەدەبیندرا، هەڵە و ڕەفتاری ناشیانەی هەرچەندە زەق و بەرچاویش بێ جوانییەکەی تۆڵەی بۆ کردۆتەوە و دەکرێ بە لارو لەنجە و چاوی گەلاوێژی ببەخشی، پەناهێنانی بۆ ئەو ماڵە و سەماکردنی لەبەردەم حسێن‌خان و عەیبو ئیرادی هەر ئەوەندە بوو کە شەونم بەسەر پەڕەی گوڵەوە هەیەتی، ئەم خۆشی و سەفایەی کە بەسەر ڕوخساری شێوە گوڵییەوە لە تروسکانەوەدا بوو، سەی‌میرانی هێنابووە هەڵەکە سەما، ئەمە پەیکی هیوا و ئاواتی نووستووی بوو، ئەو ژنە چارشێو بەسەرەی لە مەشەد چاوی پێی کەوتبوو لە خەیاڵ و زەینی ئەودا جوانترین ژنی دنیا بوو بەڵام لە بەرامبەر ئەم ئیلاهەی ناز و جوانییەدا، بە جگێکی سووتاو نەدەشیا، بەجۆرێک تین‌وتاوی ئەوین و خۆشەویستی ڕەگی لە دڵی ئەم پیاوە دیندارەدا داکوتابوو. بە بەکجاری سەنگەری بڕوا و پارێزگاری پێ چۆڵ کردبوو هەر بۆیە هوما بە ئاسانی مەرزەم نەدەبوو بۆ مارەبڕینێکی کاتی (سیغە)، لاقی هوما ڕانەهاتبوو بە پێڵاوی پاژنەبڵندی بریقەدار، لەپڕ وەرگەڕا بە نازێکی ژنانەوە زریکاندی، دڵی سەید لەو کاتەدا بوو بە پەپوولەیەکی باڵ‌زێڕین و بەسەر خونچەی لێوی هوماوە نیشتەوە، دێوی ترس و سام لە هەناوی ئەودا لە چەشنی هەورەبرووسکەیەک زڕەی لەو زنجیرە هەستاند کە زۆر لەمێژ بوو لە دەست و پێی سەید پێچرابوو، فریشتەی سەرشانی چەپی پێنووسی لە مرەکەبی قیرین هەڵکێشا تاکوو بە خەتی درشت نامەیەکی‌تر بخاتە سەر ئاکاری بەرێزی. بەڵام سەید میران سەراوی ئەوەندە لە گوناح و تاوان دوور بوو هەروەک گۆی زەوی لە تەنیا هەسارەی ساردی بێ‌هەواری مانگ، ئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەم یاسا و خوو، نزاکەت و بازنەیەن لە کۆمەڵگادا، ئەگەر گرینگی نەدەن بەم باس و خواسە، کە ویست و حەزی ئەم پیاوە کاسپکارەیە، ئەمیش حەزێکی چاکەخوازانە، بەڕاستی تێگەیاندنی ئەم خەڵکە کارێکی هەروا هاسان نەبوو ـ بتەوێ و نەتەوێ عەیب و ئیراد و عەلەم قەڵەمیان بۆ سازدەکرد، لەو کات‌وساتی شەوەدا بۆ دەبێ لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیدا پاڵی نەدابێتەوە و بۆچی شەیتان دوولینگانەی بەسەر ملیدا هێناوەتەوە و شەرم لە ڕیشی سپی خۆی ناکات لە ژوورێکی تەنگ و پەنادا، لەگەڵ ژنێکی ئاوا جوان و جحێڵدا چی‌دەکا؟ حەز و ویست لە قامووسی مرۆڤدا زۆریش غەزیزە و خۆماک نییە، مەیلییە و دەتوانی جڵەوی بەرنەدەی، کۆرشی مەزن سەرەڕای تەواوی وەس‌وەسەکانی لە (پانتەئازن)ی جوانی شاری شوشی نەڕاوانی، نەکا گیرۆدەی بێ و هۆش و ئاوەزی لەدەست بچێ، دڵی بدۆڕێنێ، داوودی نەبیش کەوتە ژێر تەوەژمی وەسوەسە و خەیاڵەوە، نەوەد و نۆ ژن لە حەرەمخانەکەیدا بوون، تەسلیمی ویست و هەوەسی خۆی بوو، پەردەی کەماڵی دادڕی و بە نەخشە و پیلان‌داڕشتن بەڵکە بتوانێ ببێ بە خاوەنی

نازدارەکەی؛ پیاوێکی زەبوون و بێدەسەڵات. لە سوێنەی بەدی هێنەردا قوڕی مرۆڤیان بەجۆرێک هەڵشێلاوە، تاکوو لە بەرامبەر جلوەی جوانییەکانی سروشتیدا حەزی خۆی بنوێنێ و لغاوی تاسە و ئاوات و هەستی لەدەست بەربێ و پەلامار بەرێت، ئەمەش باری سروشتی خۆی هەیە و هەر ئەشێ ببێ، بزەی شیرینی سەرلێوی زارۆ گرێی دڵ دەکاتەوە و شادی لە هەناو دەچێنێ. بۆ ئەوەی تەژییە لە ڕووناکی و شیرینی گیانی مرۆڤ، لە ئارامی و پاکی و بێتاوانی، ئیتر گشتی ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ درێژەدانی ژیانێکی بێغەل‌وغەش، سێبەری دارەبی، خوڕەی ڕووباران شنەی بەیان و دیمەنی زەردەپەڕ، سەفای ڕۆح و لابەری دەرد و پەژارەن بۆ مرۆڤ، ئەمانە لە بری ڕق و قین، هەڕەشە و کێشە و ئاژاوەن کە هەر هەموویان خوویەکی کۆنی سرووشتن، نێوان‌خۆشی و دۆستایەتی و ئارامی، بە ژیان دەبەخشن، بەری ئاسۆی هیوا ڕووناک نیشان ئەدەن. دووپشک دیمەنێکی دزێو و مورچڕک‌هێنەری هەیە، هەنگ و پەپوولە هەردوو جوانن (ئەگەرچی زۆر کەس خۆشیان ناوێ، هەرچونکە ئەمیش پێوەدەدا) هەر وەکوو خۆبەخت‌کردن و لێخۆش‌بوون دەگەڕێتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر نەفس و چەوتیدا، جوانیش بە نیش و نۆشەوە خدەیەکی سروشتی و یاسایەکی دەروونییە. هەرچەندە خەت و نیشان و سەلیقە و ڕەنگوبۆی جودا جودای لێدەبێتەوە، بەڵام بە گوێرەی زەمان و شوێنی تایبەت گۆڕانی بەسەردا دێ، هەربۆیە ئەو تەوژمە هەتاکوو کات‌وساتی بەسەر نەچێ دەست‌بەرداری هیچ گیاندارێک نابێ. سروشت وێناکانی دەستکردی لە چەشنی ژیان بە دەستەوە دەدا، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم ئاوێنەدا بوونی خۆی هەست پێبکا، ئەگەر بە جوانی لە ژیانی سەی‌میران ورد بینەوە، نیوەی تەمەنی پەنجا ساڵەی لە باغ و بێستان‌دا تەواو کردبوو، چاوی سەرمەستی دیمەن و ڕەنگی گوڵان، گوێچکەی بە جریوە و چریکەی بولبوول و قومری و قەناری، لووتی بە هەڵمژینی بۆن‌وبەرامەی گیاو گوڵ و پێست و گۆشتی ئاوێتەی سروە و لاواندنەوەی خۆشی دار و درەختی شێوە بەهەشتی ببوون. ئیتر بە دروستی ئەو پەردەمان بۆ لائەدرێ و باوەڕ دەکەین شۆق و زۆقی تەواو پێگەیبوو ڕۆحی زەریف و دڵناسک ببۆوە، بێجگە لە هەڵات هەڵاتی ڕۆژانەیدا بە شوێن سەروەت نانەوە، کە وەک حەزیا کات و ساتی لووش دەکرد، هێشتاکە دەرفەتی دەقۆستەوە و لە حەوش و حەسارەکەیدا گوڵ و سەوزەی دادەچەند. لە نێو تەواوی گوڵەکاندا ئەو زۆرتر گوڵی شەم‌دانی خۆش دەویست. چونکە سەوز و سوور تێکەڵ بە یەکتر بوون. دایمە خونچە و گوڵی دەکرد و لە چوار وەرزی ساڵدا گەش و جوان خەریکی دڵڕفێنی خۆی بوو. لە میوانداری و کۆبوونەوەی سنفی‌دا شۆخی و گاڵتەی بە هاوڕێیانی وشکەسۆفی دەکرد قەوانی خۆش و گەڕامافۆن یان هەر بە وتەکەی خۆی «سندووقی ئاواز»ی دەهێنا و چریکەی گۆرانی و سۆزی مۆسیقای دەخزاندە گوێچکە و

دڵی میوانانەوە، یان دەچوو لە چایخانەیەک بە کرێی دەگرت، هەرچەندە بە بیر و باوەڕ لە نێو بازنەیەکی ئەقیدەیی‌دا بوو، بەڵام ئەوەندش وشک نەبوو حەزیشی نەدەکرد باوەش بە سەرتاسەری باخی بەهەشتدا بکاتوو هەر بە تەنهایی لەژێر سێبەری داری تووبا وەحەسێی، زۆرجار وابوو سندووقی ئاوازی نەدەبردەوە بۆ خاوەنی و دەیگوت ماڵ و منداڵیش دڵیان هەیە و با چەند ڕۆژێک گوێی لێ‌بگرن. کەوابێ میران مرۆیەک نەبوو پشت بکاتە تەواوی ئەزموون و سەربردەی ژیانی خۆی، کێ دەزانێ؟ دڵ دەسەڵاتدارە و کەم وا هەیە مرۆڤ لە بەرامبەریدا بە چۆکدا نەهاتبێ، ماوەیەکی باش بەسەر شاباڵی خەیاڵەوە لە دیمەنی جوان و لەخت و لاری پەریزادەی دڵبەری ڕامابوو وەک ئەوەی بە خەیاڵی خۆی پەپوولەیەک بێت و لە بەهەشتی جوانی یەزدانیدا لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ بفڕێ و باڵ ببزێوێ، هوما کاتێک دانیشت و کەوشەکانی لە پێی خۆی داکەند، گوتی:

ـ هەرشتێک تۆ پەسندی بکەی ئەشێ عەیب و ئیرادی هەبێ و بەکار نەیەت؟ دیاری مێردی خۆم دەنێمە سەر هەردوو چاوم!

بەناز و لەفزێکی شیرین و جادووبازانەوە پیتی «مێرد»ی درکاند، لەم کاتەدا تەزووی خۆش بە گیانی میراندا هات و لەشی کەوتە مێرووله کردن. وەک تاووسی مەست خۆی لەنگاند و بە شەپۆلی بسک و پەرچەمی کەوانی دوو برۆیی داپۆشی و بە ئەمری چاوی شەڕەنگێزی تیری مژۆڵی هروژمیان کردە سەر قەڵای دڵی ئاشقی، ئەمە یەکەمجارە بە ئەنقەست هەوری لەچک و دەستماڵی لادابوو تاکوو بەڕاستی بە گراوی خۆی بسەلمێنێ کە خۆری ئەوینی چەندە بەتینە. بەڵام لینگێک لە پێڵاوەکانی، پێڵاوی چەپ وەک منداڵ لە مەمک نەدەبۆوە و لە پێی دانەدەکەندرا، بە زۆر و زەحمەت خەریکی داکەندنی بوو، کەچی بێ‌خەبەر لەوەی چارشێوی لەسەر بۆتەوە و پاوپووز و شلکەی ڕان و بەلەک وەک هوڕەی لۆکە، کە هەللاجان هەڵی دەپێچن پۆلووی ژێر خۆڵەمێش کەوتووی سەیدی گەشاندۆتەوە و گڕی لە دەروونی بەرداوە، میران بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت ئاوری جگەرەی بەربۆتەوە سەر کۆشی، ئەشق و هەوەس وەختێ ئاوێتەی یەکدی دەبن وەکوو گوڵ و بەرامە وان هیچیان لەیەک هاوێر ناکرێن، حەز و شڵەژان و برسێتی چاو و دڵی سەید میران لە جۆش و کوڵدا وەک شیر لە هەڵچووندا بوو. هەر ئایەکی گەرەک بوو گڕ لە خەرمانی ڕۆح و ڕەوانی بەرز ببێتەوە، پیاوێکی ژیر و بە بیر بوو، بەڵام تا ئێستا کە بەم تەمەنەی گەیشتبوو، قەت بەمجۆرە هەستی بە دلۆڤانی و دڵبەری ئاوا خاتوونێک نەکردبوو. ئیتر ئەمە ڕووداوێک هاتبووە پێشێ، بە گیان و جەستەوە بە حەز و تاسەوە هەڵدەچۆقا و دەسووتا، وەختێ هوما پێڵاوی لە کاخەزەکە دەپێچاو لەولاوە داینا هەستی بە بۆکڕووز و سووتانی شتێک کرد، چاوی بە

دەوروبەردا گێڕا، بۆسۆو بۆنی پارچە و پەڕۆ بوو، ئەم چاوگێڕان و وردبوونەوەیە سەیمیرانی لە سەیران و گەشتی باخی خەیاڵ هێنا دەرێ، ئاوری جگەرەکە بەربۆوە سەرکۆشی خۆی، بە قەرای دووگمەیەک پانتۆڵی تازە و خەتداری سووتاندبوو، هوما بە شڵەژاوی و خەمخۆری هاوژینێکی ڕاستەقینە یارمەتیدا و بە یەکەوە ئاوری تووتنەکەیان کووژاندەوە و زریکاندی:

ـ بەخوا حەیف، پێمناخۆش بوو، ئەوە تۆ بووی سووتای؟!

میران بە خۆیدا شکاوە، لە شەرمان ڕەنگی تێکچوو، دوو لێوی تامەزرۆی ڕامووسانێک زەردە گرتی:

ـ بەفدای چاوت بێ، دەیدەم بە خەیات چاکی دەکاتەوە، یەک تمەنی خەرجە.

ـ ئەگەر سافی خۆی دەست بکەوێ، وات بۆ ئەدرووەمەوە دیاری نەدا.

سەیمیران بەم زمانلووسیەی هوما بزە کەوتە سەرلێوی، بە بیانووی ڕۆیشتن هەستا سەرپێ، لەوکاتەدا خەریکبوو میوانی بەڕێ بکا، چارشێوی نەدابوو بە سەریدا ئەوەندە بەو فانیلە سەوزەوە جوان بوو دەتگوت کیژی چاردە ساڵەیە. سەیمیران بە تاسەوە وەک ئەوەی دڵی ڕوخسەتی ڕۆیشتنی پێنەدەدا باسکی گرت، لەمە زیاتر بوێری لە خۆی نیشان نەدا، چاوی لە چاوی بڕی و بە سێحر و جادووی چاوی مەستی ئەوەندەیتر دڵی کەوتبووە جۆلانێ، بە ورتە و وتەی پچڕپچڕ توانی ئەوەندە بدرکێنێ:

ـ بۆ ساتێکیش ناتوانم ئەمە قەبووڵ بکەم، تۆ لێرەبی و تاقەت ناهێنم بە تەنیا بی، ئێرە جێی تۆ نییە، زۆر بۆ من دژوارە لێرە بەجێت بهێڵم و بڕۆم، بەڵام بەداخەوە بەم بێوەختە هیچم لە دەست نایەت... هوماگیان، یەکدوو ڕۆژێک سەبرم لێبگرە چارەی ئەم دەردە دەکەم و فکرێکی لێدەکەمەوە.

هەر لەو چرکەدا گڵۆپی ژوورەکە گیانی وەبەر هات بۆ چەند چرکەیەک لە جێی خۆی ڕاوەستا، تاکوو لەبەر شۆقی خۆشی کارەبا پڕ بە دڵ لە بەژن و باڵای جوان و لەباری بڕوانێ، ئەو کە بە زمانی شەرع بۆی لە بنی کولەکە دابوو بەدڵ حەزی لێدەکات و بە هاوژینی قەبووڵیەتی. بەڵام هەنگی ڕوانینی تەنیا بەسەر پەرچەم و بسکی پەرێشانیدا گیرسایەوە کە هەر نەرمەی گوێچکەی داپۆشیبوو، ئەم دیمەنەی بە بیلبیلەی چاوی هەڵگرت و لە دەرگای وەتاغەکە هاتە دەرێ و بەرەو ماڵ بۆوە.

بەم شێوەیە ژوانگە چۆڵ کرا، لەگەڵ هومای چارشێو سپی، بەم گشتە سۆز و بەرامەی ئەوینە پڕ لە سێحر و جادووەوە کە لە چەشنی سەیادان قولاپی لە هەناوی گیر کردبوو بە وێنەی قەشەماسی خاوێر خاوێر بۆلای خۆی ڕایدەکێشا. بەڵام تازە چیرۆک دەستی پێدەکرد و خێڵی ئاشقان بەرەو هەوار

دەبوونەوە، پیرەلاوی دڵدۆڕاو کاتێ ژوانگەی بەجێ هێشت و ڕووی کردەوە کۆنەلانی، وەک کەسێک بە لاشانی دارستانێکدا ڕابېڕێ بۆن و هەوای سازگاری خەفەتبەری هەڵدەمژی و مەستانە ویرەویری بوو، خوێنبەرانی دڵ و جەستەی شەپۆل شەپۆل خوێنیان دەگەیاندە سەر مێشکی هەستی بە تین و گەرمای لەڕادەبەدەر دەکرد، کزەی زریانی شەوچێژ و ئارامی بە ڕۆحی دەبەخشی، پشتی لە شنەبا، هەڵکرد و جگەرەیەکی داگیرساند، هێور و لەسەرەخۆ بە کۆلانی پیشەسازاندا کەوتە هەنگاونان، وەک بڵێی بیست ساڵ گەنجتر بۆتەوە.

هوما بە ئاشکراکردنی ئەوینی خۆی لە دڵی ئەودا، ترووسکەی دابوو بە ژیانی و هیوای بە دڵی بەخشیبوو، تاکوو لە ماڵەکەی خۆی نزیکتر دەبۆوە، زۆرتر دەکەوتە ژێر ڕەهێڵەی فکر و خەیاڵەوە چرکەیەک لە تاریکیدا و چەند چرکە لە ڕووناکیدا، بە چاو و دڵ و مێشک لە نێوان دەبێ و نابێدا قەتیس مابوو، تازە دەهات تێبگا، کە ئەوانەی حسێنخانی تارژەن ئەو پیاوەی لە کاتوساتی گیانکەنشتدا بە ئاوی مەیخانە خۆی مۆمیایی کردبوو چەند حەق و ڕەق بوون و دەبوو بە ئاوی زێڕ بنووسرێن. بەڕاستی بۆی هەبوو بەم سەری پیرییە تەلاری حەز و ئاواتی لەسەر دڵ و ئەشقی ئەم خاتوونە دڵڕفێنە دامەزرێنێ، خاتوونێک کە تەنیا بۆ تاوێک هاونشینی و دەنگ و ڕاوێژی بیست ساڵ تەمەنی مرۆڤی بۆ دواوە دەگێڕایەوە و لە چنگ پیری خەلاسی دەکرد، شنەی خەیاڵ بە تەمای دەستەملان و پێگەیشتن پەڕ و باڵی بە مرۆڤ دەبەخشی و بە بەهەشتی بەریندا دەیگێڕا، وەک چۆن (جالینووسی حەکیم) بۆ تێپەڕبوون بە زەوی و ئاسماندا تەمەنێک بەم ئاواتەوە مێشکی خۆی ماندوو کرد و هەر بەم ئاواتەشەوە سەری نایەوە. حسێنخانی قوڕبەسەر ئەگەر ئەوشەوە مەلی گیانی دەفڕی و بەسەر باخی بەهەشتا شەقەی باڵی دەهات حەقی خۆی بوو، بۆ ئەوەی کاتێ بە نایەک وەلامی دابۆوە ئیتر بوونی لەم دنیایەدا چ سوود و قازانجێکی هەبوو؟ ئێستاش لە زەینی سادە و پاکی سەیمیراندا، دیمەنی ئەو ڕۆژەی هوما بە کراسی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە ڕەقس و سەماوە بەم هەموو جووڵە و خۆلەنگاندن و خۆبادانەوە هەر مابوو، ئیتر لە ڕێگای لۆمە و سەرکۆنەکردن پەڕیبۆوە و لە ئاوی پاکیدا بوو. ئاخۆم بە حەق چرکەساتێکی ئاوا هەر دەبوو لە ژیانی ئەودا بێتە پێشێ، کە بتوانێ لە تەنیایی خۆیدا بە شێوەی هاڕوون تێر تەماشای ئەم خاتووپەرییە بێت؟ ئەم خەون و خەیالانە لە دوای پێشنیاری ساکار و بە بێپەردەی ئەم ژنە ئیتر چیدی لەگەڵ حەقیقەت و ڕاستەقینە جیاوازی نەبوو لە دنیای بەخەبەریدا وەڕاست گەڕابوو، ئەمە بۆ ئەو ئەوەندە جێی سەرسووڕمان بوو، وەک ئەوەی کەسێک بۆ ماوەیەک لە مانگی چاردە ڕامێنێ و لەپڕ هەست بکا بەسەر شانی مانگەوە ڕاوەستاوە. بیر و ئەندێشەی پیرانەی ئەو ئەوەندە بە توانا نەبوو

ناخی ئەو خەونانە بکوڵێ و لە ژێر سەیوانی ئەم بەختەوەرییەدا پشوو بدات. بە ناچاری بە ڕابردووی خۆیدا شۆڕ ببۆوە، وەکوو بازەرگانێک بە دۆسیە و حیساباتی ڕابردوودا دەچۆوە و سیایی کار و هەوڵ و مامەڵەی ڕۆژانەی خۆی دەگرت. وا دەردەکەوت ژیانی ڕابردووی بە ڕەنج و زەحمەتەوە هێناوەتە سەرێ، کراسی بەری بە سەر تاتێکەوە هەڵدەگلۆفی و دەیشووشت، تا وای‌لێهات‌بوو بە خاوەنی ماڵ و منداڵ و چواردیوارییەکی پڕ لە سەفا و وەفا، خاوەنی کرێکار و شاتر و نان‌کەر گەلێک‌کەس بە سایەی ئەم مرۆڤەوە حەسابوونەوە لە نێو مەزن و منداڵدا ڕێزی هەبوو هەمووکەس بە چاوی گەورەیەک پێی‌دا دەڕوانی. بەم گشتە تێری و تەسەلییەوە بەم هەموو خۆشی و ئارامی و ناوبانگەوە، بە تەماح و هەڵپ‌هەڵپ و بەرزوونەی بوونەوە کە بەمجێیە گەیبوو خۆی لێ گۆڕابوو، ڕاستە کە دەڵێن تاکوو نانی گەنم هەیە بۆ کولێرەی جۆ دەخۆم، بەڵام غەدر و بێ‌وەفایی دەرحەق بە ئاسکەی خێزانی کە تەنیا خەتایەکی لەو ژنەدا بەدی دەکرد دڵۆڤانی و ساکاریەکەی بوو دەبوو ئەو پیاوە هێندە بێ‌ئینساف بێ؟ ئەمە زوڵم و ژێرپێ‌نانی حورمەت و کەڕامەختی ئەم خاتوونە دڵسۆزە نەبوو لەم ماڵەدا؟ ئەویش لە پاش چاردە ساڵ پێکەوە ژیان و سەرخۆش و دڵخۆش، تەباو ڕەبا، دایکی چوار منداڵی گەورە و چکۆلە، ئاخۆم کارێکی ژیرانە بوو ئەم ئافرەتە بێ‌تاوانە کە سووتاوی ماڵ و مێرد و منداڵی خۆیەتی هەوێی بەسەر بێت و تاڵاوی بە دەمدا بکرێ؟

وەختێ گەیشتە سەری کۆڵانەکەی خۆیان هەڵوێستەیەکی کرد، تاکوو بچێ شەمچەیەک بکڕێ لە دووکانی سەرکۆڵانەکە، کوڕێک کە هێشتا تیخی لە ڕدێنی نەدابوو بە جل‌وبەرگی قوتابخانەی نیزامەوە قیت‌وقۆز دە هەنگاو ئەولاتر دەهاتوو دەچوو، سەرشان و بەرۆکی کۆتەکەی ساف و ئوتووکراو لەم تاریکییەدا بریقەی دووگمە و کەمەربەندی دەهات، جگەرەیەکی لە قوڵی مستی‌دا شاردبۆوە، جارجارێک مژێکی لێدەدا بەڵام لەبەر ئەوەی تازەکار بوو لێی نەدەکاڵایەوە، سەید چەند جارێکی‌تریش ئەم کوڕە قەدو باڵاجوانەی لەم نزیکانە دیتبوو، وادیاربوو بە دەوری ئێرانی ساحەب‌خاتووندا دەهات، دیوار بە دیوارەوە بوون کچە جوان بوو لەوە دەچوو ئەم کوڕەی خۆش بوێ بۆیە بەم شەوە کەمەندکێشی کردبوو. سەید حەزی نەدەکرد گەنجێکی هەژدە ساڵە سەری کۆڵان بگرێ و شەوە ئاشقێنی بکا، کچی جحێڵی لە ماڵدا بوو، زۆرجار کە چاوی پێی‌کەوتبوو ویستبووی لێی‌بگەڕێتەوە و قسەیەکی پێ‌بڵێ:

ـ هەتیوە لووسکەیە، تۆ مەگەر لێرە جاوت ناوەتەوە؟! دایک و خوشکت نییە شەو و ڕۆژ لێرە قوت دەبییەوە؟!

بەڵام جاریٚ هەر بە ئەوەندە وازی لیٚهیٚنابوو بە مۆرەیەکەوە سەیری بکا و بەجیٚی بیٚڵیٚ. بەڵام ئەمڕایە خویٚندکاری قوتابخانەی نیزام هەر ئەوەندە چاوی بە سەید کەوت سەری دەقاپولکی خۆی گرت و بە هیٚمنی فیزماڵکی دایە و لەو دەوروبەرە نەما، یار خەزاڵی پازدە ساڵەی کوڕە دوور نەبوو ئیٚستا لە شیرین خەودا بیٚ، یان ئەوەندە ئاشقکووژ و وریا نەبوو بەم سەعات دەی شەوە بیٚتە کۆلاَن و لەبەر دەرگاوە خەریکی سەرەتاتکیٚ بیٚت، سەید پیٚکەنینی هات بەم دڵبەرو دڵدارە کرچوکاڵە. وەبیری هاتەوە ڕەفتاری ئەوڕۆژەی لەگەڵ ئەودا زۆر ناشیرین بووە، تەنانەت پیاوی ئاقڵ بەمچەشنە لەگەڵ کەسدا هەڵسوکەوت ناکا، پیٚیخۆش بوو هەر لەویٚ مابا و لە قوتووەکەی خۆی جگەرەیەکی تەعارف کردبایە، هەستی بە پەشیمانی لەڕادەبەدەر کردبوو و دەیزانی بەم کارەی دڵی ئەویندارێکی گەزیوە و دەرفەتی لەدەست دەرکردووە، بەڵام ئەمەش دەزانیٚ کە ئەم گەنجە تازە لە سەرەتای ڕیٚگەدایە و لاولاو ئاسا ئەوەڵی هەڵچوونیەتی بە بەژنی دڵداریدا.

لەمکاتەدا کە دەرگای حەسارەکەی دەژەنی و چاوەڕوان مابوو کەسیٚک بیٚت و دەرگای لیٚبکاتەوە، بەهۆی ماندووبوون و فکر و خەیاڵەوە دەستی بە سەردەرانەی دەرگا نەوییەکە گرتبوو، یەکناگا سەری بەرز کردەوە و فانووسیٚک بە دیوارەکەوە سەرنجی ڕاکیٚشا، بەڵام ئەوەندە بیٚتین و کەمسۆڵە بوو وەک بیٚژی بە گیانەڵلاوەیە، هەولی خۆی دابوو هەرنەبیٚ دەوروبەری ڕووناک بکاتەوە بەڵام نەیتوانیبوو. شەقام ماڵی گەڕەک نەوتی یەک شەوی خۆی بە سیٚ شەو دەسووتاند، هەر بۆیە وەک بیٚچرابیٚ وابوو، ئەم فانووسەشیان بە دەستووری سەیمیران بە شانی ئەم کولانەدا کردبوو، کاتیٚک کوڕەکەی خورشید دەرگای لیٚکردەوە ڕووی کردە دالانە پیٚچەلاوپووچەکە فکریٚک بە میٚشکیدا هات:

ـ ئەوساڵ پیٚدەنیٚمە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە، بمەویٚ و نەمەویٚ پیری بە پیرمەوە هاتووە، تووکی ڕەش بە سەرمەوە نەماوە لە سی و دوو ددانەی خۆشم بیٚبەشم. حەز و عەشقی لاوەتی و خۆڕادانی جارانم تەواو بوون و با بردنی، بەڵام سکڵی ئەوینداری ئیٚستاش بە کزە بایەک دەگەشیٚتەوە، منیش خەریکم هەروەک ئەم فانۆسە بە زۆری سۆڵەی خۆم ڕادەگرم. بەڵام نا، ئەوین و خۆشەویستی پیر نابیٚ و ناشیٚ ئاوا خیٚرا بە چۆکدا بیٚم، ئەوەی لە جەستەی مرۆڤدا پیر نابیٚ چاو و دڵە، ئیتر هەتاکوو چاویش ببینیٚ دڵ تەمەننای دەکا، خەڵکیش بەلای منەوە گرینگ نییە، چی دەڵیٚن با بیڵیٚن، ڕیٚگە نادەم ئەم دەرفەتە زیٚڕینەم لەدەست دەرچیٚ ئەم ژنە دەهیٚنم و هەر لەم ماڵەشدا دایدەنیٚم.

ئەوینی هوما کاریٚکی پیٚنەکردبوو هەروا سووک و سانا وازی لیٚبهیٚنیٚ.

# بەشی پێنجەم

دوو ڕۆژ بوو جەژنی ڕەمەزان تەواو ببوو و هەورێکی خەست و سپی ڕوخساری ئاسمانی تەنیبوو، سێ شەو و ڕۆژ بوو بەبێ بڕانەوە نەرمە باران لێی‌نەکردبۆوە، خەڵک بەم‌شێوەی حەزیان دەکرد ڕێگەی هات‌وچۆی ماڵەو ماڵیان نەبوو، وردە وردە پیرە شەماڵ تێی‌تووڕاند و هەوری ئاوسی گەواڵ گەواڵ کردن دەوروبەری عەسر بوو کوڕوکاڵ لە قوتابخانەوە دەگەڕابوونەوە، لە کۆشی حەسارە گەورەکەدا خەریکی یاری و هەڵبەز دابەز بوون. ئەم منداڵ‌گەلە بریتی‌بوون لە، بارام و بیژەن کوڕەکانی ئاسکە، جەواد و جەلال منداڵەکالنی خورشید و نوقرە، مستەفا، کوڕی حاجی‌خانم. یەکێ لە هاوساماڵەکان چەند منداڵی بچووکتر لەوێ بوون، بەڵام هەموویان بە یەکەوە کایە و یارییان نەدەکرد، لەبەرخۆیانەوە دەیان‌قیژاند و هەڵدەبەزین.

نوقرەی دایکی جەلال لە ژێرخانەکەدا حاوابۆوە، بە تەواوبوونی ئاوی پلووسک و بگرە و بەردەی منداڵاندا زانی باران خۆشی کردۆتەوە، مجۆعمەیەکی مام‌ناوەندی بە دەستەوە بوو بە دەسماڵێک سەری داپۆشیبوو لە پلیکانە تەڕ و قوڕینەکانەوە هاتە سەرێ و گەیشتە حەسارەکە، چارشێونوێژی بە سەرەوە نەبوو، ژنێکی داڵ‌گۆشت و سی‌چل ساڵە و گەنم‌ڕەنگ بوو، لەچک بەسەر و پانتۆڵی ڕەش دەپێدا، کۆتی هاوینی مێردەکەی دابوو بەسەر شانیدا زۆریش پێیەوە ناشیرین دیاربوو، جەلال کەسێک بوو کە بە تین‌وتاو منداڵانی هەڵدەبڕی و یاری لەگەڵدا دەکردن، چاوی بە دایکی کەوت مجۆعمە بەدەست بە زەردەخەندەوە لێی نزیک دەبێتەوە، مناڵانی بەجێ هێشت و لە سووچی داڵانێ پاڵی بە دیوارەکەوەدا، مجۆعمەکە نوقڵ و تۆشەی منداڵانی لەسەر بوو، سێ ڕۆژ بوو سفتاحی نەکردبوو بەهۆی بارانەوە، دوو قڕانی دەست‌مایە بۆ دانابوو، بەڵام مەگەر منداڵەکانی ئاسکە، ئەگینا، کامەزارۆک پارەی هەبوو لەم حەسارەدا بێت و بیدا بە نوقڵ و شیرینی.

نوقرە گەلێک تووڕە بوو لە منداڵەکەی خۆی، بڕێک لاسار و گوێ‌نەبیست بوو، وەختێ منداڵان لە قوتابخانە دەگەڕانەوە بە قسەی دایکی نەدەکرد بچێ لەسەر ڕێی قوتابخانە ڕاوەستێ و ئەم

شتانەی دایکی بۆی دەکڕی خوردی بکاتەوە. هەر ئەوەندەی شەو بارگەوبنەی دەپێچایەوە بە شاڵمل و سەرکڵاو و کۆت و کەوا، کوڕەی وا دادەپێچا ئەگەر لەسەر بەفر و سەهۆڵ خەوتبا سەرما کاری لێنەدەکرد. بەڵام هەر ئەوەندەی جەلال چاوی بە مجۆعمەی نوقڵ و نەبات دەکەوت دەتگوت مار و دووپشکی تێدایە ڕای‌دەکرد و توخنی نەدەکەوت، چەند ڕۆژ پێشتر لەبەر باران نوقڵەکانی تەڕ کردبوو، منداڵان لە دەوری کۆ دەبوونەوە وایان دەزانی ئەو نوقڵانەی لە دەم ناوە و تەڕی کردوون هەر بۆیە دەکشانەوە و لێیان نەدەکڕی. ئیتر نوقرە وەختێ دەم و لووتی جەلالی چاو پێکەوت زانی بێ‌فایدەیە نابێ ئەوەندە ددانی خۆی لەگەڵ سپی بکاتەوە، بەڵام مەحتەل مابوو نەیدەزانی نوقڵەکانی چی‌لێبکا، تەڕوبڕ هەمووی بە یەکەوە نووسابوون، نە لێیان دەکڕین و نە دەستی لە دڵی دەبۆوە فڕێیان بدات.

هیچ چارەی نەما، مجۆعمەی پڕ لە نوقڵی لەبەر هەیوانەکەدا بەجێ هێشت بەشکم جەلال لە کەری شەیتان دابەزێ و بیبات لە نێو منداڵان بیفرۆشێ. جەلال لە گەرووی داڵانەکەدا خۆی شاردبۆوە، دایکی جارێ هەر بە بزە و کەنینەوە ڕووی لە نوقڵە تەڕەکان بوو، بەڵام کاتێک زانی بە زمانی خۆش جەلال وەڵامی ناداتەوە بە سەریدا شریخاندی، دەمی کردەوە و شەرت و شووی دەرهێنا، ڕووی کردە دەرگای چێشت‌خانە لە نزیک چاڵاوەکە، بە ئاستەم دووکەڵ لە کڵاوڕۆژنەوە بەرەو ئاسمان لوول دەبوو، بە گلەیی و بۆڵەبۆڵ لە دەست منداڵی ئەم زەمانە و ڕۆژگارە ڕووی کردە ئاسکە خانم، کە خەریکی شێو سازکردن بوو:

ـ تۆ ئاگات لێیە ئاسکەخاتوون ئەم بستە منداڵە چۆن هەر لە ئێستاوە جوا بەجەنگی من دەکا؟! نازانم چی لێبکەم، دەی‌نێرمە قوتابخانە هەر دووسێ ڕۆژە هەڵدێ و دێتەوە، لە هیچ‌لایەک بەند نابێ، نە بە لێدان چاری دێ و نە عەقڵ و فامێکی هەیە، ئامۆژگاری و نەسیحەت بە گوێیدا ناچێ، ئەمەش لە نوقڵ فرۆشتنەکەی بۆ خۆشی حەزی لەم کارە بوو.

ئاسکە دووکەڵی بزووت و داروتەپاڵە چوو بوو بە چاویدا عاجز و پەرێشان دیاربوو، بزووتی لە ژێر مەنجەڵ هێنا دەرێ، بردی لە حەوزەکەی هەڵکێشا و کووژاندییەوە. وەختێ گەڕایەوە بۆ مەتبەخەکە گوتی:

ـ دەتەوێ قسەیەکت پێ‌بڵێم؟ پێت‌ناخۆش نەبێ خراپت بارهێناوە، دەرد و مشکڵی تۆ هەر ئەوەیە. ئەوەندەت بە دەمەوە داوە، تۆ دەبێ بە قسەی ئەو بکەی، جگە لە مەش هێشتا نازانی دەبێ چۆن تەربییەتی بدەی، خوا بە گوناهی نەنووسێ ئەم بەیانییە لەگەڵ حاجی‌خانم باسی تۆمان دەکرد و

هەر ئەمەشمان دەگوت، ئەوکاتی بەسەر جەلالدا دەتقیژاند. ئەمە نییە شێوەی منداڵ گەورەکردن، بە قیژە و هەرا کار چاک نابێ، مار بە زمانی خۆش لە کون دێتە دەرێ، دەبێ لەگەڵی بە سەبر و تاقەت بی.

ئەم جیرانە هەژارە دایمە ئەم وتەیەی لەسەر دەم بوو »گیانەکەم« لەبەر دەرگای مدبەخەکە هەڵترووشکا و بە پەرێشانییەوە گوتی:

ـ گیانەکەم ئاخەر من نازانم چی لێبکەم؟! وەرهەمی پێهەڵێناوم، ئەم هەموو دارکاری کردنە چارەی ناکا ئەی منی چارەڕەش قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆمدا؟ ئەگەر تاکوو ئێستا لە هەرماڵێکی دیکەدا بوومایە ڕۆژی هەزار جار شڕەیان لێفڕێ دەدامە دەرێ، خۆ ئەمڕۆ ئاگات لێبوو چ دەردێکی پێدام، خەریکبووم پێشی ئاوی بارانەم دەگرت تاکوو بە پلیکانەکاندا نەیەتە ژێرزەمینەکە، یەک بەمماڵە هاواری دەکرد. نان، نان، نان، دەڵێی بەچە خۆرەی لە زگدایە، شەو و ڕۆژ برسییەتی، وەڵڵاهی لە دەستی وەزاڵە هاتووم دیقی پێکردووم هەر ئەو سەعاتەی لەسەر سفرەی نانی کشاوەتەوە دەڵێی قڕی هات، هەر وەک قاتیوقڕی بە دەمەوەبێ وایە، هەر ئەوەندەی گوتم، ڕۆڵە سەبرێک بگرە بەشکم ئەو بابە سەربەقوڕەت سێ مانگە بێکار لەمماڵەدا دانیشتووە شتێک بۆ خواردن بێنێتەوە، لەقەی لەم گڵ و خۆڵەدا، لەبەر دەرگاکە پێشی ئاوم پێگرتبوو، تەواوی ئاوەکە هاتە ژووری ولاتم لێنەما، قولکەی ڕەژیەکەش پڕبوو لە ئاو ولاتم پڕبوو لە بەورنگ و خۆڵەمێش، ئەمەش لە کاری ئەم عەمەرکورتە، بریا شەوە بردبایەتەوە، من، ئەوە هاتم باشتری بکەم، خەراپترم کرد، خەوخەوی و ناڕەسەن و سەربزێوە، بابی لە خۆی خەرابتر، تازە ئەمەش بوو بە بیانوویەک کە بۆ شەڕو هەڵلای نێو ماڵ چەند شەو لەوەپێش بوو بۆی هەستا چەخسێکی بکوتێ، بەڵام خۆی خستە پشت منەوە و وەختاو وەختێک تکام بۆ کرد بە منی ببەخشێ، بەڵام گیانەکەم ئەمشەو چکەردەن؟ چبوو قازانج و زەرەدی منداڵی ئاوا؟ ئەمەش لە خێر و چاکەی شەو و ڕۆژ دایک و بابم بەراو بووە، نازانم بە چ زمانێک بیدوێنم، دەڵێی لە تاوڵی شەیتان دەرپەڕیوە، ئەم زستانەش بۆ ئێمە خێر و بەرەکەتی بە نێوچاوانەوە نەبوو، هەر ناڕوا و ببڕێتەوە، تەیر و داڵیش قڕانیان تێکەوت.

ئاسکە لەوکاتەدا لەگەڵ دایکی جەلال خەریکی برنج پاککردن بوو، گوتی:

ـ خەتای کێیە؟ پیاوەکەی تۆش، حەمرۆکەم نەمێنێ خۆ ماشاڵڵا ئەوەندە توند و تۆڵ نییە، هەروەک دەڵێن بۆ پیاوی دەستەوستان چ گەرمێن و چ کوێستان، ئەوە بەهاریش هات دوایە چی؟

بووجاری کردنیش بوو بە کارو کەسپ؟! هەتاکوو خەلەو خەرمانی تازە نەیەتە نێو بازاڕ، هەر دەبێ تار بژەنێ! کاروباری تاقەوسان و بێستانکاریش جارێ ماوەیەتی دەستپێبکا.

ئێوە بەخاتری چاڵە کورسی نەبوایە دەتانتوانی ئەم ژوورەی ئەمبەر ئاوەدان بکەنەوە، ئێمە لە ساڵدا تەنیا ڕۆژێک کارمان پێیدەبێ، مەشەدی پێیخۆشە، لە ڕاستیدا هەوڵی ئەوەمانە بیدەین بە کرێ، ئیتر چ لەوە باشتر ئێوەی تێدابن، هەروەختێ کورسیت هەڵگرت ئەو دیوە ئاوەدان بکەنەوە.

- یاخوا تۆ و مەشەدی هەزار ساڵبن گیانەکەم، خوا سایەی ئێوەم لە سەر کەم نەکا، ئێمەش تێیدا بین هەر سەعاتێ کارتان پێیبوو پرسکردنی ناوێ کاری خۆتانی تێدا بەڕێوەبەرن. ئەم ئاوە سوێرە مەڕێژە ئێستا چارەواکانی ئاشەوان دەگەنێ، دەیخۆنەوە، ئەی خۆ بڕیار وابوو خاوەن نانەواخانەکان ئەمشەو بێن لە ماڵی ئێوە کۆ ببنەوە ئەی بۆ هیچ دەنگ نییە؟

- قەرار وابوو، بەڵام مێردەکەم گوتی کەوتۆتەوە چەند ڕۆژێکیتر.

- یەکدوو ڕۆژە دەبینم مەشەدی وەک خەمێک لە دڵیدا بێ وایە.

- ئەم ڕۆژانە گیرو گرفتی زۆرە کاربەدەستانی شارەداری خەریکن گورپەیان پێدەڕەخسێنن، کوڕەکەت کەشەفە نوقڵەکەی برد و ڕۆیشت، ئەگەر دەزانی ئەمشەو بابی لێیدەدا، با بێتە لای منداڵەکانی من لەوێ بێ مێردەکەت هیچ ناڵێ، هەر وەک پێمگوتی، خەتای خۆتە، ئەوکاتەت لە بیرە تازە هاتبوونە ئێرە؟ هەر ئەوەندە لە خەو هەڵدەستا بەبێ ئەوەی دەست و چاوی بشۆرێ بۆ ئەوەی لەکۆڵ خۆتی بکەیتەوە بابۆڵەیەکت دەدا دەستی و دەتگوت دایک بە قوربانت بێ بڕۆ لەو کەلەوایەدا خەریکی یاریکردن بە.

ئاسکە خانم، وەک لاساییکردنەوەیەک بە دەنگی گیراوی نوقرەوە درێژەی بە قسەکانیدا:

- وەک ئەوەی کەلەواکۆن حەوشەو حەساری ماڵی بابی منداڵان بێ، هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە کە دەروژووری کرد، بەڕەڵات کرد و لێتنەپرسی لەکوێیە و چیدەکا، ئەمڕۆکەش لات و بەڕەڵڵای ئاوای لێکەوتۆتەوە، چارە ئەوەیە پێوەی بسووتێی. ئەگەر ئەم منداڵە سبەینێ وەک کوڕەکەی مورشید بوو بە لات و چەقۆکێش ئەووەختی تەنیا کەسێک کە لەو نێوەدا تاوانبارن دایک و بابی ئەم منداڵەیە، هەڵبەت ئەمە ڕاستە کوڕ دەبێ باوک زۆرتر ئاگای لێبێ بەڵام دایک، گەورەکردنی منداڵ لە ئەستۆی دایکە، منداڵ دەبێ شەرم لە دایک و بابی بکا؛ دەبێ ئەوەندە بزانی، بە جنێو و دارکاری و قسەی ناحەز منداڵ باش نابێ، لێدان و پێدادان منداڵ زۆرتر بێشەرم دەکا، بەیانیش لەلای حاجیخانم باسم کرد، ڕۆژێک بیژەنی کوڕم گرووی گرت و داوای زەڕەبینەکەی بابی دەکرد، پێمنەدا و گوتم لە

سندووقەکەی بابی‌دایە و کلیلیش بە من نییە، ئەشێ ڕاوەستێ تاکوو بابی دێتەوە، زیاتر بەهانەی گرت و پێی بە عەرزیدا کێشا، گوتی بە لاقی ڕووتی دەچمە بەرهەیوانەکە، بە تەوسەوە گوتم، ئافەرین ئەو کارە بکە! بەڵام ئەگەر قەلەکان چوون بۆ بابتیان گێڕایەوە نەڵێی دایە خەتای تۆ بوو، بۆ هێشتت بچن خەبەری بدەنێ؟! قسەکەم تەواو بوو خۆی خزاندە سووچی ژوورەکەوە و بە لیستووکەکەی خەریکی یاریکردن بوو، هەر لێم‌نەبیستەوە باسی زەڕەبین بکا، ئەبەمە دەڵێن ئاگالێبوون و عاملاندن. بەڵام خوشکی خۆم، تازە ئەم جەلالەی تۆ پێشەی ڕەق بووە، هەمووشت هەر بە شلکی دادێ، چەندجاری‌تر بە گوێمدا داوی، بینێرە بەر شوغڵ و کارێک با لەبەردەستی کەسێکدا فێری کاربێت. مەگەر ئەم مێردەی تۆ هەر ئاوا دەمێنێ نابێ خەمێک لە بەیانی بخۆن؟ ئاخەر خۆ هەر بخۆ و بڕۆ نییە. بیدەنە دەست پیاوێکی بەویژدان با لە کڵی بێنێتە دەرێ، وانەبێ بەملاو ئەولادا هەڵێ.

ـ گیانەکەم لەم شارەدا جگە لەم مێردەی تۆ کەسێک ناناسم بۆ من جێی متمانە بێت، باوەڕ بە کێ بکەم باشە؟ دڵم لە کەس ئاو ناخواتەوە، ئێوە ڕۆژی چەندە پارە دەدەن بە عەبدولە پیس، هەموو ڕۆژێک نانەکە دەهێنێتەوە، پێم‌خۆشە لەباتی ئەو جەلالی من بەرن بۆ نانەواخانە، ئەگەر لە بیرت بێ ڕایەتر بەگوێم هەڵێناوی، لە دووکانی ئێوە بێت دەبەستریێتەوە.

ـ وەک بزانم عەبدول ڕۆژی سی شایی وەردەگرێ و نانی سێ جەمەش دەباتەوە، بەڵام ئەو لە جەلال باوخۆشترە، خۆ ئەگەر گەورەتریش نەبێ حەز ناکا بە ناوی منداڵ بانگی بکەن، زۆر زیت و وریایە، ئاگات لێیە وختێ دێتە ئێرە، کارێکی پێدەسپێرم چەندە چوست و چالاک ڕادەپەڕێ و جێبەجێی دەکا، دەڵێی پیاوی گەورەیە بە دۆڵچە ئاو لە چاڵاوەکە هەڵدەکێشێ بەبێ ئەوەی چۆڕێک بڕێژێ، دەفرو گۆزەی لێ‌پڕ دەکا، کاروباری دووکان ڕادەپەڕێنێ بۆ هەویرشێلەکان لە مزگەوتەوە ئاو دەهێنێ و سوێنەیان بۆ پڕدەکا، خوێ دەهاڕێ و نانی ماڵان دەبات. دار و ئاوردوو هەڵدەچنێ و جێ‌باری ئاشەوانان گەسک دەدا، ئارد بەتاڵ دەکا و خۆ لە هیچ نابوێرێ، جەلال لە نانەواخانە چی لەدەست دێ، مەگەر بابۆڵە بادان؟!

ئاسکە قاقایەکی کێشا، لەم ڕستەیە تەنیا و تەنیا مەبەستی شۆخی بوو، هەودای قسەکانی دیسان هۆنییەوە:

ـ بەم حاڵەشەوە مێردەکەم و کرێکارەکان لێی‌ناڕازین دەڵێن بەینێکە ناجسن بووە و دڵ بەکار نادا، شەو درەنگانێک دەرگا بۆ لات و لووتان دەکاتەوە لە پەنا تەندووورە گەرمەکە بخەون، بەڵام لەبەر دڵی تۆ بە گوێی مەشەدی هەڵدێنم. بەڵکوو بەبێ ئەوەی ئەم کوڕێژگەیە دەربکا، جەلالیش بەرێتە دووکان.

باشە لەوێ دەخلافێ و تۆش عەزیەت ناکا، یان هەر نەبێ واز دێنێ لە سووڕانەوەی کووچە و کۆلانان. ئێوارانیش تێرو پڕ دێتەوە بۆ ماڵێ. بەڵێ نوقرەگیان ئەگەر نەتناردە فێرگە و قوتابخانە با لەکۆڵ کۆلانان ببێتەوە.

ـ دەزانم، ئەگەر ئەم چەند ڕۆژە زستانە بەسەر بچێ، دەیبەم لە جێیەک دایدەمەزرێنم. خوا عمری درێژ...

دایکی جەلال وتەکەی تەواو نەکرد ئاوڕیداوە بۆ دەرێ بزانێ بۆچی لەپڕ هەراهەرای مندالان لە حەسارەکەدا تەواو بوو؟ ئاسکەش کەوگیر بەدەست سەرێکی کێشا دیوی دەرێ، بەڵێ سەیمیرانی مێردی بوو چەترەکەی بەستبوو خانمێکی چارشێو سپی بە دواوە و جوتێک کەوشی پاژنە بەرز لەپێدا، گۆرەوی هەورێشمی قاوەیی هەڵکێشابوو بە پەنا ئەواندا ڕوو بە هەیوانەکە سەرکەوتن. ژنە توندو تۆڵ چارشێوی بە شانوملیدا دابوو، بە ئاستەم بەرپێی خۆی دەبینی، نەختێکیش لەبەر باران تەڕ ببوو. نوقرە بە هۆی ئەوەی چارشێوی بە سەرەوە نەبوو لە پشت دەرگای مدبەخەکە خۆی ماتدا، شەرمی دەکرد لە سەیمیرانی گەورەی بنەماڵە، بەلام سەید ئاوڕی لە ژنەکان نەداوە، مندالانیش زۆری لێدەترسان، بۆ ئەوەی ڕێزی بگرن ڕاوەستان و وازیان لە کایە و یاری هێنا، وەک بێژی بە سەدان چاو سەیری ئەو دەکەن سەری داخست و بەپەلە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت، ئاسکە لەپێشدا وایزانی ئەم ژنە پیاوەکەی لەگەڵ هاتووە زۆر بەلایەوە سەیر بوو، بەلام وەختێ هەردووکیان چوونە ژووری، ئاسکە تەزێک بە لەشیدا هات و پێی بە عەرزەوە وشک بوو، بە سەرسووڕمانێکەوە لە نوقرە ڕاما وەک ئەوەی لێی بپرسێ:

ـ ئەم ژنە کێیە لەگەڵ سەید میران؟

خوایە خێر بێت!

دایکی جەلال هەروەک ئەو واقی وڕما بوو.

هەستێکی نامۆ کەیخاتووی گەورەماڵی داچڵەکاند، خورپەیەکی کتوپڕ کەوتە دڵییەوە، بەپەلە برنجەکەی لە ئاو کرد و کارەکانی ڕاپەڕاند. دەستوپلی بە خاولی وشک کردەوە تاکوو بچێ بۆلای میران و ئەم ژنە، بزانێ چ باسە؟ غەریبەیە یان ئاشنایە؟ مسافیرە یان میوان؟ هەرچۆنێک بێ دەبێ بزانێ کێیە و چ کەسە. هەرکەسێک بێت ئەو لەسەریەتی بە میوان ڕابگا، نوقرە بە پێدزە خۆی کردەوە بە ژێرزەمینەکەدا، بەر لەوەی ئاسکە بگاتە لایان سەیمیران لەبەردەم خێزانیدا قوت بۆوە:

ـ کلیلی ژووری ئاودارخانە لەکوێیە؟

بە تەواوی ڕەنگی گۆڕابوو، شەرمی لە چاوی ئاسکە دەکرد، وەختێ ئەم قسانەی کرد نیگای خۆی لە ژنەکەی ئەدزییەوە.

ئاسکە بەپەلە خۆی بە ژووری دانیشتندا کردە، دەستە کلیلی لە گوڵمێخەکە کردەوە و بە ئەدەب و ئیحتەرامەوە دایەدەستی:

ـ ژووری ئاودارخانەت بۆچییە؟ ئەم ژنە کێبوو لەگەڵت؟

سەید لەوکاتەدا خەریکبوو پێڵاوەکانی بە لاجامەی دەرگاکە پاک دەکردەوە و قوڕەکەی دەسڕی تەنانەت سەری بەرز نەکردەوە چاو لە چاوی ئاسکە بکا، گوتی:

ـ میوانە و لێقەوماو، لە مێردەکەی جوێ بۆتەوە و تەڵاقی وەرگرتووە، هیچ جێیەک شک نابات، بۆ چەند ڕۆژێک لێرە میوانی تۆ دەبێ، مێردەکەی یان خزموکەسی دێن بە شوێنیدا.

ئاسکەی بەستەزمان و ساویلکە گوتی:

ـ وەی، هەناسەساردە، ناوی چییە؟

ژنی کێیە؟ بڵێی نەیناسم، یان مێردەکەیم نەدیبێ؟ نەکا ژنەکەی حاجی مەلایری بێت، هەویرشێلەکەی دووکان، دەتگوت هەمیشە شەڕیانە و پارەی ناداتێ، داوای لە تۆ کردبوو هەفتانە لە پارەی مێردەکەی بگێڕییەوە و بیدەی بەو؟

سەیمیران بە زەردەخەندەیێکەوە جوابی داوە:

ـ نا، هەونییە، ژنی حاجییەکەی دیکەیە، تۆ نایناسی، نەتدیوە، وەستا حاجی بەننا، دەڵێن ماڵی لە گەڕەکی فەیزاوایە.

ئاسکە بە خۆشحاڵییەوە:

ـ دەی باشە کارم بەوەنییە کێیە، میوانە و قەدری لەسەر چاوانە، شەوی هەینییە و میوان خێرو بەرەکەتە، ئەی بۆچی ئەم ژوورەی پەنای خۆمانی پێنادەی؟ ژووری ئاودارخانە نەختێ لە خۆمان دوورە، ناڵێی میوانە؟

ـ کەلوپەلی نێوماڵی هەیە، ڕەنگە ئەمشەو یان بەیانی بچێ بیانهێنێ، ئەم ژوورە بچووکە بۆ ئەو باشە، لەوانەیە شەرم بکا لە پەنا خۆمان بێ، من وامپێباشە، تۆ دەبێ ئەم شتانە لە من باشتر بزانی، ئێرە قۆناغی غەریبانە برۆ خێرا بەخێرهاتنی بکە.

لە کەوشکەنی وەتاغە گەورەکە، ئاسکە خاتوون ژنەمیوانی بە شەرم و نامۆیی بەخێرهاتن کرد و زۆر بە گەرمی ئەحواڵپرسی لەگەڵ کرد. هەردوویان شەرمیان لە یەکدی دەکرد. ترسێک دڵی

ڕێکدەگوشین میوان ڕەنگی بزرکابوو پەرێشان و مات، هەرئان دەستبکا بە گریان. ئاسکە لەموەختەدا حەزی نەدەکرد چاو لە چاوی ببڕێ و ئەوەندەیتر قورسایی شەرم و پەرێشانی بخاتەسەر، بەڵام حەزی نەدەکرد ئەم دەم و لێوە جوانە بە گریانەوە ببینێ، ژنە لە ژێر چارشێوەکەدا هەر جینگڵی لە خۆی دەدا، ئەگەرچی لەوکاتەدا سەیمیران لە خوار پلیکانەکانی حەوشەکە لە ئاسمانی ساماڵ ڕامابوو، باران ڕوخساری شۆردبۆوە و پەڵە هەورێکی پێوە دیار نەبوو، هوما حەزی نەدەکرد چارشێوەکەی لە سەری دابگرێ، ئاسکە بە دیتنی ئەم خانمە پەریشێوەیە کە دڵۆڤانی و خۆشەویستی لە ئەدگاری دەباری خەم و پەژارەی بەسەردا باری، بە هەرجۆرێک بێ بێوەژنبوون زۆر ناخۆشە، پیر بێ یان لاو، ئەم ژنەش ئاوا لێقەوماو نەیدەتوانی خەفەتی خۆی بشارێتەوە و بۆی گرینگ نەبێ تەڵاقدراوە و منداڵی بەجێ هێشتووە، ئاسکە وردە خەیاڵ دڵیان هەڵدەگلۆفی و بۆی بەخەم بوو؛ تەنانەت بەبێ ئەوەی لەسەر و ژێری ئەم ڕووداوە ئاگادار بێ وەک میوانەکە دەکۆشی دەردو پەژارەدا، پۆشێ بە ئاستەم قسەی بۆ دەهات.

ئاسکە میوانی برد بۆ ژووری دانیشتن، چارشێوی خۆێ پێدا بیدا بەسەریدا، چارشێوە تەڕەکەی لێوەرگرت، هوما بە شەرمەوە سەری بەردابۆوە لە ژێر کورسییە گەرمەکە دانیشت. ئاسکە سەماوەری بۆ هەڵنەکرد. لە دوای چوونەدەرێی سەیمیران یەکدوو جارێکیتر چوو لەلای دانیشت. بۆ ئەوەی ئەم شەرمەی بڕەوێ و تۆزێک بیدوێنێ، بۆچی تەڵاقی وەرگرتبوو، وەختێ زانی لە مێردەکەی کچ و کوڕێکی لفەودوانەی هەیە زیاتر زگی پێیسووتا، بۆ ئەوەی نەختێک دڵی بداتەوە تکای لە حاجیخانمی جیرانی کرد نێرگەلەیەکی بۆ ئامادە بکا، ئیتر ئەوی لەلا دانا و خۆی چوو بەلای نان و چێشتەوە، ئاسمان هەر لە ڕوخساری بووکی یەکشەوە دەچوو ئەوەندە ساف و لووس بوو. شنەی ئێوارە بەدەم نەرمەلەنجەوە مزگێنی بەهاری پێبوو، زۆری نەمابوو بۆ خاکەلێوە زەوی لە خەوی قورسی زستان وەخەبەر بێت و خۆی بکێشێتەوە و دەرودەشت بخەملێ، دەمکێشەکەی لەسەر مەنجەڵە پڵاو لابرد، بزانێ دەمی کێشاوە، ئاوری ژێر قابلەمەی خۆرشتەکەی کز کرد. بۆنی خۆشی پڵاو وەک مژ لە مدبەخەکەدا وەستابوو. ئاسکە هەموو شەوانی هەینی خواردنی خۆش و پڵاوی لێدەنا، ئیتر وادەبیندرا کارێکیتری نەمابێ، چاوی بە دەوروبەری داگێڕا، سەوزەی خواردنیش پاک کرابوو، ئاوی برنجەکەی داینابوو بۆ چارەواکانی ئاشەوان سارد ببۆوە، بە ئەسپایی بردی لە پێشۆرەکەی حەوزەکەدا بیسمیللای کرد و بەتاڵی کرد. هەر شتەی لە شوێنی خۆی بەڕێوجێ داندرابوو، لە دڵی خۆیدا فکری لە حاڵ و ئەحواڵی میوانەکەی دەکردەوە، جارێ نەیدەزانی ناویشی چییە، بیری لە جوانی

و خەتوخاڵ و چاو و برۆی کردەوە خێوی ترس و نیگەرانی ئازاری دەدا، بەم پرچ و بسک و قژە کورتەوە کە وەک چەتر بەسەر گۆناو گەردنی سافییەوە وەستابوو دڵی ئاسکەی کرمێ کرد، چاو و برۆ و مژۆڵی بەریز وەستاوی بێجگە لە خۆشەویستی و دڵۆڤانی، فرە سێحراوی و جادووباز دیاربوو. فانیلەی چەسپ و سەوزی لە کەلەکەی توند ببوو سینگ و مەمکی قوتی شەرمیان لە چاو دەسەند. ئاسکە سەری سووڕمابوو میران ئەم پەریزادەیەی لە کوێ هێناوە و چ کەسێکە؟ بڵێی ئەم مانگی تابانەی بە بێچارشێو دیتبێ؟ هەرچەندە باوەڕێکی زۆری بە سەیمیرانی مێردی هەبوو، بەڵام فکر و خەیاڵ ورووژابونە سەرمێشکی، دڵی لە ڕکەی سینگیدا پەیتا پەیتا لێیدەدا، تەنیا ئەوەندەی لێحالیبوو، هەر ئەم دوانیوەڕۆیە تووشی هاتووە و لەوەپێش نەیدیوە، ئەگەر وانەبا پێشتر دەنگی دەکرد، باوەڕی وانەبوو شتی لێیوەشارێ، بڵێی ئەم چەند ڕۆژەی پێشتر حاڵ و حەوسەلەی نەبوو هەر بەهۆی ئەم ژنەوە نەبووبێ؟ هەرچەندە دەکۆشا فکری بە لایەکدا نەدەسرەوت، هەنگی خەیاڵی بەسەر هیچ گوڵ و گەڵایەکەوە ئارامی نەدەگرت، تا ئەمڕۆ هیچ ناحەزیەکی لە میرانی مێردی نەدیبوو، بەڵام چبکات بە دەست وەسوەسە و خەیاڵەوە، بڵێی شتێکی لە بنسەردا نەبێ؟ ئاسکە دەیزانی ئەمشەو هەمووشت ئاشکرا دەبێ و ڕوون دەبێتەوە.

حەممال و باربەرانی ئاشەوان هاتن و بارە گەنمەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، بەمدەمە و ڕۆژپەڕینە حەوشوحەسار بوو بە مەیدانی قەپان و پڕبوو لە جەنجاڵی.

هومای چارشێو چەرمگ ئەمشەوە لە ژووری بەردەست لەگەڵ ئاسکە و منداڵەکان بە یەکەوە نووستن، سەیمیران چووە ژووری میوانان، بەیانی کاتی نانخواردن وەختێ میوانەکە چووبووە دەرێ سەری قسەی دامەزراند:

ـ هەناسەسارده تەمەنێکی وای‌نییە، دەڵێ دوو منداڵی ئاوەڵ دووانەی لە مێردەکەی هەیە، نازانی لەسەر چی تەڵاق دراوە؟ سەیمیران بە مەهدی کوڕیەوە سەرقاڵ بوو، لە بەردەمی بابی لەسەر لێفەی کورسییەکە بە پێوە ڕاوەستابوو، هۆشی لەلای ئاسکە نەبوو. سەیری مەهدی دەکرد نانەکەی لە چاییشیرین هەڵدەکێشا و دەیخوارد، بە بێوازی وەڵامی خێزانیداوە:

ـ دەتەوێ بزانی بۆ تەڵاق دراوە؟ ئەم هەموو ژنەی تەڵاق ئەدرێن بەخاتری چییە؟ ڕەنگە بە یەکەوە نەسازابن. هیچی بە تۆ نەگوت؟

ـ ئەویش هەر ئەمەی گوت کە تۆ گوتت. دەڵێ دشەکەی ئاوری کردبۆوە و ئەو ماڵەی دابوو بەیەکدا، ژیانی لێتاڵ کردبوو، بۆ ئەوەی منداڵەکەی لەبار ببات ویستبووی دەرمانخواردی بکا، وەک

باسی دەکا مێردەکەی تەنیا هەر ناوی پیاوی لەسەرە، گەمژە و گەڵحۆیەکە بۆخۆی، بە پێلاقە لێیداوە و منداڵی چوارمانگەی لەبار بردووە، وادیارە مێردەکەی زۆریش تەمەندار نییە، ژیانی سەگمەرگی و وەک بڵێی هەویسەری هەبووە! ماڵ و خانووی خۆیان هەبووە، لە ماوەی دوو ساڵدا بۆخۆی سازی کردووە، هەر ئەوانەی بۆ باس کردم.

ـ تەواو بوو، ئەوەی هەبووە و نەبووە لێت پرسیوە و ئەویش وەڵامی دایویەتەوە، چیتر ماوە بپرسی؟

ـ نا، من هیچم لێنەپرسیوە، ئەمە بۆ خاوەنماڵ جوان نییە، یەکەم شەو میوانی هەڵپێچی و پرسیاری لێبکا، بەبێ ئەوەی گرێی دڵی بکەمەوە بۆخۆی هەڵیدایە و باسی کرد. زۆرم پێسەیرە پیاوێک لەو ژنە منداڵی هەبێ، ئەویش ژن ئاوا جوان، چۆنی تەڵاق دەدا؟ گوناحیشە، چکارم بە کاری ئەم و ئەوە، ژن و مێردن بەیانی بۆ یەکتری پەژیوان دەبنەوە، تۆ کە نە مێردەکەی دەناسی و نە ئەم ژنە، چۆنت پەیدا کردووە؟

ئاسکە مەبەستێکی وای‌نەبوو لەم وتەیەی، بەڵام ئەم پرسیارە گرێی خستە دڵی سەی‌میرانەوە، بە بیرو خەیاڵەوە محتەل مابوو، سووتووی جگەرەکەی کردە تەپڵەکی بەردەستی، فکری کردەوە و گوشاری بۆ مێشکی خۆی هێنا شتێک بێژێ خێزانی نەکەوێتە گومانەوە، زۆر بە ساردوسڕییەوە گوتی:

ـ لە مزگەوتی حاجی حەمەتەقی سڵاوی نوێژەکەم دایەوە، مامۆستا، بە پەنامەکی ئاگاداری کردم. ئەم ئافرەتە جێیەک شک نابات پەنای بۆ ئەم مزگەوتە هێناوە، خزموکەسی لێرە دوورن، ڕەنگە مێردەکەی بۆی پەشیمان ببێتەوە، هەرچۆنێک‌بێ لێقەوماوە و کەسی نییە، دیارە ئێرە ماڵی خودایە، بەڵام خۆ ناشێ زەعیفەیەک لێرە بمێنێتەوە، بیرم کردەوە لە تۆمان پیاو خاستر نییە، بۆ ڕەزای خوا چەند ڕۆژێک ڕێی بدە با لە ماڵی تۆ بێ، لە دەستت دێت ئەم خێرە بکەی خوا چاکەت ون ناکا؟

هوما هاتەوە ژوورێ و ئەویش قسەکەی بڕی. ئاسکە، هەرچەندی باوەڕی کرد بە قسەی‌میران بەڵام دوودڵ بوو، ئەگەر وابێ، ئەم دیدار و بەزمە هی شەوی ڕابردووە، نەک ئەم دوانیوەڕۆیە، سەی‌میران لەوەپێش بیری لەم سەعاتە کردبۆوە، هەر بۆیە لە بەینی خۆیاندا بە هومای وتبوو، کە حاجی بەنناى مێردی دەناسێ و ئاشنای خۆیەتی هەوڵدەدا ڕێکیان بخاتەوە، ئەم فکرەی میران دەیتوانی تا ڕادەیەک ئاسکە لە دەست گێژاوی خەیاڵی خراپ ڕزگار بکا، هەرچەندی هومای هێنابووە ماڵی خۆی بەلام چ بڕیارێکی نەدابوو چیدەکات و چی ناکات، هومای شێوەگوڵ و بەژن و باڵاجوان،

بەم گشتە جوانی و لەنجەو لارەوە، ئاسکەی هەناسەسارد ناحەقی نەبوو دڵی کرمێ نەبێ و کێچ دەکەوڵی نەکەوێ، بەڵام ئاخۆ ئەو دەیتوانی بە قسەی ژنە دڵی نەرم بێت و هەوساری حەیا و هەوەسی بەڕەڵڵا بکات، دەست بۆ کارێک بەرێ نە خێری ئەم دنیای هەبێ و نە ئەولاش؟ ئەگەر وابێ نابێ کارێک بکا دوارۆژ بە بەرد لە ئەژنۆی خۆی بدا، زۆر لەوەپێش مەشەدی ئەم خەیاڵ و بیرۆکانە هەڵیانپێچابوو، بەڵام وەک دەڵێن جاریوا پیاوی ژێردەست نابا بۆ کارێک پەشیمانی لەدوو بێت. جاریوابوو بیری لێدەکردەوە هەر ئەوەندەی ئەم ئاسکەە ناسکەی لە ماڵدایە و پەنای داوە خێر و حەسەناتێکی گەورەی بە نەسەیب بووە و تازە لەوەش دەرچووە بتوانێ دوو دڵ ڕازی ڕابگرێ، ئاردی چووە و تۆزی ماوە. هەر ئەم قسە و نەقڵی پێشینانە ئەوی ڕازی کردبوو، پێیوابوو ڕۆژێ جارێک چاوی بە چاوی جوانی بکەوێ تۆخژنی پێدەدات و سووکنایی دێ! بەڵام مەعلووم بوو ئاسکە دەیزانی میران مێردی ئەم ژنە ناناسێ و ناشزانێ کێیە. بە قسەکانیدا دەردەکەوت شتێکی بەرپێوار لە ئارادایە و سەیمیران لە بنەوە فکر و زکری سەرقاڵە و ئەو قسانەی ئەو دژ بە یەکترن. ئاسکە وەختێ دەیزانی ئەوان بە سرتوخورت ئەدوێن و زۆر قسەیان بە ڕەمزو ئاماژەیە، دەترسا کۆگای لێتێک بچێ و تانوپۆی ڕەشماڵی ژیانیان تاڵکێش بێت، ئەدی چۆنبوو فکری سەیمیران لە مزگەوت گیرسایەوە؟ دیاربوو هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ هوما چووبوونە مزگەوت، قسەکەشی ڕاست بوو، دەیتوانی سوێند بخوا، ئەوان لە مزگەوتەوە هاتبوونەوە بۆ ماڵێ. مەلای مزگەوت پێیوتبوو ئەگەر لەدەستی دێ تەلیسێک خەڵووز و چەند مەن نان بدا بەو فەقیرو لێقەوماوەی پەنای وەبەر مزگەوتەکەیان هێناوە، ڕووی سواڵ و داواکردنی لە خەڵک نییە، ئەمەش قسەی چلەی زستان بوو، نەوەک ئەم نیوەڕۆیەی ئەو باسیکرد.

ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی ڕۆژان سەیمیران درەنگتر لە جاران لە ماڵ چووە دەرێ. خۆی خافڵاند تاکوو دەوری چۆڵ بوو، بتوانێ پەردە لادات و بە ئاسکە بڵێ دنیا چ باسە! بە گوێی هەڵێنا کە ئەو ژنە سێ تەڵاقەی لە مێردەکەی وەرگرتووە و تازە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک بچێتەوە لای.

ئەگەر هوما بە هۆی غەریبی و شەرمەوە بە فکری خەمەکانییەوە نەیتوانیبوو لەگەڵ ژنی خاوەنماڵ خێرا نێوانی خۆش بکات و گەرموگوڕ بێ، نەشدەکرا ئاسکە ڕووی نەداتێ و لەگەڵی ساردوسڕ بێت. ئەو کە دایمە لە ئەمرو نیای مێردەکەیدا بوو، ژنێکی ئەوەندە کاڵ نەبوو، میوان بە چاوپێکەوتنی پەشیمان ببێتەوە، وەک دەڵێن ئەگەر نانی جۆ بوو خولکی گەنمین بوو، ئەویش ئافرەتێکی ماڵ لێتێکچووی وەک هوما، هەر ئەو ڕۆژە سەیمیران لە ماڵ چووە دەرێ، گەسکی لە ئاسکە سەند و

دەروژووری داماڵی، هەر شەوێ کە باسی ژیان و خەمەکانی خۆی کردبوو گەورە و بچووکی ئەو ماڵە ئاگادار بوونەوە، بەمپێیە خورشید و نوقرە باوەڕیان وابوو سەیمیران کڵفەت و قەرەواشی بۆ ئاسکەخاتوون گرتووە، ئاشکرایە ژنێکی ئاوا خانم و بەماڵداری، دڵۆڤان و نەرمونیان، ماڵیش دەتگوت کاروانسەرایە بەیانی تاکوو ئێوارێ لە خۆ نەدەبۆوە، مافی خۆی بوو ئەگەر کڵفەتی بۆ بگرێ، کارێکی ئاوا زۆر سەیر نەبوو لە شانوباڵی سەیمیران دەکاڵایەوە، تاکوو ئەوجێیەی دەروجیران ئەو پیاوەیان دەناسی نهێنیکار و گەلێک بەوەج بوو. پیاوێکی دەستودڵکراوە بوو، دەبوو لە هەر بابەتێکەوە پشتی لێبکەیەوە، خۆی وەک خاوەنماڵ نیشان نەدەدا، لەگەڵ کرێچیدا وەک برا وابوو دەستی کەسی لە گۆزەدا نەدەبەستەوە، زۆری پارەی کرێنشینی بەلاوە گرینگ نەبوو، باوەڕی وابوو ئەوان مرۆڤن چواردیوارییەکیان پێویست بوو، کەس نەیبیست جارێک بێژێ کرێچیم هەیە، تەنیا دەیگوت جیرانەکانم، لە هەر کاتوساتێکدا ئەگەر ئاسکەخاتوون بە یەکجاری وەبن کاران بکەوتبایە، قەت وانەبوو ئاوڕێکی لێبداتەوە، تەنانەت فوویەکی بۆ لە سەماوەرەکە بکردایە، بێجگە لە قەندشکاندن و قەڵەشتنی دار و کۆڵکەی سۆبا و تەندوور بە ئامان و زامان دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەبرد، ئەگەر ئەو ماڵە ئاو بیبردبایە ڕەشی لەسەر سپی دانەدەنا! بە کەموکەسری دەزانی پیاو لە ماڵدا یارمەتی خێزانی بکا، هەستی دەکرد لە نرخ و ڕێزی کەم دەکاتەو، دەشیزانی ئەو ژنانەی لە حەسارەکەدا بە بێمنەت ئاوڕ لە خێزانی دەدەنەوە و یارمەتی دەدەن. ئیتر هەرچۆنێک بوو سەیمیران پیاوێکی خۆبەزلزان و دەمارگرژ نەبوو، خۆشییەکان بە هی خۆی بزانێ و زەحمەت و چەوسانەوەش بۆ خێزانی بەجێ بهێڵێ.

بەڵێ، ئاسکە خانم پاڵیدابوو بە لێواری بەردەشینەی بەرهەیوانەکەوە، لەبەر شەرم و خەجاڵەتی شەتڵی ئارەقە ببوو و یەکدوو جارێک هەوڵیدا گەسکەکە لەدەست میوانەکەی وەربگرێ، ئەمە کارێکی جوان نەبوو، بەڵام چبکا خۆی ڕازی بەم کارە بوو، هەرچەندی زۆری هەوڵدا گەسک و خاکەنازی لەدەست دەربێنێ، بەڵام هوما لێیدەپاڕاوە و دەیگوت تۆ بچۆ لە ژوورێ دانیشە و ڕاحەت پاڵی لێبدەوە، ئاخۆم بەمشێوەیە دەکوشا لێفەی منەت لەسەر خۆی لابدات؟ بە تاقە شەوێک ئاسکە خۆ گا و کەڵی لەبەر پێدا نەگوشتبۆوە و هێلکەی سیمورغی لە کێوی قافەوە بۆ نەهێنابوو، ئەی بۆچی وایدەکرد، چاکەی چی دەدایەوە؟ یانی گەرەکی بوو خۆی لەلا شیرین بکات و لە دڵی ئاسکەدا جێی خۆی بکاتەوە؟ ڕێزی لێدەگرت بۆ ئەوەی گەورەیی و حورمەتی خۆی نیشان بدات، یان بۆ ئەوە ئەم کارەی دەکرد، بڵکوو بتوانێ نەختۆکەیەک خۆی لە چنگ دێوی خەم و پەژارە بشارێتەوە؟ ئەوکاتی

هێشتا لایلۆن و باخە و ئەمجۆرە شتانە تێکەڵ بە ژیانی خەڵک نەببوون. میوانی مەحتەل و بێکاری ئاسکە ژێرڕاخەری خەوی بیژەن کە هەموو شەوێ کوندەیەکی میز پێدا دەکرد بەبێ ئەوەی لە چاوی جیرانەکانی وەشارێ و گوێ بە قسەی ئەوان بدات، تەنانەت بەباشی ناوی ئەوانی نەدەزانی، دەیشۆرد و بە یارمەتی ئاسکە دەیاندا بە تەنافەکەدا، زوو وشک ببێتەوە، لە تەواوی کارەکانی نێو ماڵدا بە ئەشق و عەلاقەوە کاری دەکرد و وەک ئەوەی بە ماڵی خۆی بزانێ دەستی بە هەموو شتێکەوە دەسووتا، ئیتر وای لێهاتبوو ئاسکە وەک خوشکی خۆی تەماشای دەکرد، بەڕاستی خانم و خاتوون بوون هەر لە خۆی دەکالایەوە، ئەو وای بۆدەچوو مێردەکەی پێی‌وتووە لە کاروباری ماڵدا یاریدەی بدا لە هەڵس‌وکەوتیدا وەک تازە بووکێک دەچوو، تەنیا بەڕێ‌وشوێنی ماڵەکەی نەدەزانی، ئەو ژنەی کە دەیگوت ماڵی مێردەکەی بۆ ئەو وەک دۆژە وابووە، ئەو ژنێک نەبوو بۆ کاروباری نێوماڵ دابمێنێ، لە ماڵی خۆیدا کار بە دەستییەوە کوڵابوو. ئاسکە لە زمان خوشکی سەی‌میران بیستبووی کە ئەو ژنە ئەوەندە خان‌ومانە ماڵی لە ماڵی پاشا ڕەنگین‌ترە، مێردەکەی مێرد نەبوو، ئەگینا کەس نەبوو لە بەرامبەریدا بڵێ ماڵ و حاڵم هەیە، نێوان‌خۆشی و گورج‌وگۆڵی هوما بیر و فکری دراوسێکانی ئاڵۆز کردبوو، ئەو ژنانە ڕۆژ نەبوو قۆڵ هەڵنەماڵن و یارمەتی ئاسکە خانم نەدەن هەر بەم بۆنەشەوە بوو لەلای خاوەن‌ماڵ و خێزانەکەی ئەوەندە شیرین بوون، بەهار و پاییز بەبێ منوتۆیی دەستیان لە کاراندا بوو، هەر لە شیو و کوڵەوە بگرە تا دەگا بە هاڕەکردن و ساوەرکوتان و هەرشتەبرینەوە و وردکردنی خوێ و نۆک لە ئاوکردن، لەپە کردن و دانەوێڵەی زستان، بۆ میوان‌داری و جەژن و هەرکارێکی‌تر هەرەوەز لە ئارادا بوو بەبێ ئەوەی کەس چاوەڕوانی دەستەوام بێ. خەمی ئەوان لەوەڕا دەستی‌پێ‌کردبوو ئاسکە تازە کارەکەری جوان و وریای لەبەردەستایە کار بە ئەوان ناسپێرێ، بەڵام واش نەبوو لە کۆنەوە گوتوویانە شایەک کەلکی دەکەوێتە گەدایەک، ئەو ترسەی لە دڵی ئاسکەدا هێلانەی کردبوو ژنەکانیش هەستیان پێ‌کردبوو، ئاسکە ئەوەندەی متمانە و باوەڕ بە سەی‌میران هەبوو، ڕێگەی بە بیرۆکە و خەیاڵی ڕەش نەدەدا دڵی غەور بگرێ، بەڵام وەختێ دەیدیت هومای دیدەمەست لەو ماڵەدا بەبەر دەمی میراندا دێت و دەچێ، ئەویش بە چ لارو لەنجەیەکەوە هەر وەک شاعیری دەفەرمێ: «جوانە ڕەوت و ڕۆینت گیانە لەبەر سایەت مرم» بۆ مەگەر هەر ژن نەبوو شێخی سەنعانی لە دین وەرگێڕا؟ جوانی خۆی لە خۆیدا ئاورە، ئاوریش لە خەرمان نزیک بێ ڕوحمی پێ‌ناکا و دەی‌سووتێنێ، چیرۆکی ئەم ژنە لە مزگەوتەوە هاتە ماڵی میران و لەوێشەوە بە کۆڵاناندا تەشەنەی کرد وەک دەڵێن گۆزەی سوور ئاوی دەڵاند. ڕۆژ نەبوو ژنانی گەڕەک بە بیانووی بردنی ئاو خۆیان

نەکردبایە بە حەساری ماڵی میراندا، بەڵام خۆ سەید دنیای قونەکەو کردبوو نەدەبوو ئەم ژنە بێنێتە ماڵێ، ئەو ژنانە زیاتر لە قسە دەگەڕان، تاکوو بزانن دەیناسن، لەوە پێش دیتوویانە یان نا، ئەم ژنە خۆ ماسی نەبوو، خۆبکا بە ڕووباراندا، مزگەوتیش خانەی خودایە، ئیتر خۆ بەردی بە کەعبەدا نەدابوو، هوما فانیلە و پێڵاوی پانیەبەرزی دانابوو، لەچکە سپییەکەی ئاسکەی دابوو بە سەریدا و ژێرچەنەیەکی لێدابوو، بەم کارەی دەموچاوی زۆریەک لە جیرانەکانی بەستبوو، وەختێ لە کار دەبۆوە و دەچوو لاقی لە ژێر کورسی دەکێشا و خۆی بە بێژنەوە سەرقاڵ دەکرد. دەیگوت دووانەکەی ئەویش چوار ساڵیانە، (هومایوون و کەتایوون)، زۆر لە بیژەن دەچن. ماڵەکانی نێو حەوشەکە زۆر و کەم خوویان پێ‌گرتبوو.

خۆشیان دەویست، بەڵام وەختێ دەیانزانی حەز ناکا پرسیاری لێ‌بکەن بۆچی تەڵاقی وەرگرتووە ئەوانیش دەنگییان نەدەکرد. ئەرێ خۆ زمانی ئەم خەڵکەش گرێ نادرێ، ئەوەی زۆر حەزی دەکرد سەر بکا بە کڵاو ڕۆژنەی ئەم و ئەودا تەنیا خورشیدخاتوونی خێزانی ئاغاجان بوو.

- ڕەنگە مەلای مزگەوت، بسک و کاکۆڵی خەپەرە و جوان و گەردنی ڕووتی دیتبێ، بۆیە وتوویەتی، پێم‌باش نییە لە مزگەوتێ بمێنێتەوە.

نەنە سەفییە، دایکی حاجی‌خانم، پیرێژنێکی بە تەمەن و سەرسپی و خۆش‌مەشرەف بوو، بەبێ مەحتەل‌بوون گوتی:

خۆ من ئەو مەلایەم نەدیوە و ناشزانم چ کەسێکە. هەرکەس‌بێ، ئەوەندە دەزانم فرە ڕیش‌چەرمگ نەبووگە تاکوو بتوانێ گەردنی ڕووتی ئەم فریشتەخاسە بشارێتەوە.

حاجی‌خانمی کچی گوتی:

- جێی‌خۆیەتی ئاسکە خاتوون ئەم خەبەرە خۆشە بەرێ بۆ شیرین‌جان خانم، دایکی جەواهێر ئەو لە شتی‌وا دەگەڕێ، دەیکاتە شانۆ و نوقڵی مەجلیسی میوانەکانی. جا ئەتۆ بزانە فریشتەیەک لە خێڵی شەیتان خۆی خستۆتە پشت دوانگەی مزگەوتەوە، مەلاش بەدەم لاحەو لەوەلاوە گەرەکی بووە لە مزگەوت دەری‌پەڕێنێ.

شیرین‌جان خانم، هەر ئەو ژنە مەجلیس‌خۆشە بوو سەری مانگ و بنی مانگ بە بیانوویەکەوە ژنانی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆ دەکردەوە لە پشت کۆنسول‌خانەی ئینگلیز.

دەمەو عەسر هوما لە دەرگای حەسارێ چووە دەرێ، دوای کاتژمێرێک حەماڵێک بە دواوە کەلوپەلێکی چەندان زۆری پێنەبوو گەڕایەوە، خاتووخورشید بە بیانووی یارمەتی‌دانی خۆی گەیاندە

ژووره چکۆله، شتومەکی هوما تەنیا ئەو سندووقە بوو سەی‌میران بۆی کڕیبوو، لەگەڵ بڕێک خرتوپرتی سادە و ساکاری ژنانە و تەشت و تاسی گەرماو. هەر لەو عادوسەدا سەی‌میران وەژوور کەوت، بە دەستووری ئەو ئاسکە دوو مافوورەی زیادی ژووری بەردەستی برد و لە ئاودارخانەدا ڕای‌خست، وەختێ ژوورەکەیان ئاوەدان دەکردەوە سەی‌میران پاڵی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دابوو، سەیری دەکردن. ئەو ڕۆژەش هەر وەک ڕۆژی ڕابردوو نەچووبوو بۆ دووکان. بۆ ئەوەی لەم فاسیلەیەدا قسەگەلێک لە نێوان خۆیاندا تاووتوێ بکەن، هەر خۆی بۆ هێنانی کەل‌وپەلەکەی لەگەڵی چووبوو بۆ ماڵی حسێن‌خان. لەم بەینەدا، بەختی سەی‌میران باش یان خراپی هێنابێ، حسێن دمبەکچی بە جێ‌وبان کەوتبوو یاسینی لەسەر بوو. ژنەکەی حەزی نەدەکرد چاو لە چاوی هوما ببڕێ. هەرچەندی حەقی خۆی لەوەپێش نەغدو پوخت لێ‌وەرگرتبوو، هەڵبەت لە گیرفانی سەی‌میران، چما بیانووی بە دەستەوە بوو گوتی:

ـ تۆ وەختێ لە ماڵێ نەخۆش کەوتووی ئاوا ئاگام لێت‌بووە، تۆ مێردەکەی منت لە جێدا خست! هەر نەبا، با ئەو هەستابایەتەوە ئەوسا بڕۆیشتایەی؟ خراپەی حسێن‌خان چبوو بۆ تۆ؟ ئاغای سەراوی وەختی خۆی زەعفەرانم بۆ ئەو خانمە کڕیوە و بۆم دەم‌کردووە، بیست تمەن پارەی منی بەلاوەیە!

سەی‌میران چاوێکی لە هوما کرد، سەری داخستبوو، لەسەر ئەوە نەوەستا بزانێ وایە یان نا بەڵام درۆیەکی کرد بەقەت خۆی، زەعفەرانی دەم‌کراو بۆ لەبار بردنی منداڵ دەدەن بە ئافرەت بیخوات.

سێ ڕۆژ دوای ئەوەی هوما هاتبووە ئەو ماڵە، دوو کاتژمێری مابوو بۆ نیوەڕۆ سەی‌میران لە کۆڵانەکەدا گەڕایەوە، ڕۆژێکی تاووساو هەوای سازگار ڕۆحی وەبەر مردوو دەنا یەک‌دوو ڕۆژ بوو باڕن لێی کردبۆوە و درەک‌وبان هەڵمی لەسەر هەڵدەستا، سەید کۆت و باڵتەی دانا و چووە سەر سەربان. گژوگیا و گەنمێک تازە سەریان هێنابووە دەرێ هەڵی‌کەندن و ملی‌نا لە باگردێن لێدانی بانەکان. جگە لەوەی بیژەنی لەگەڵ خۆی بردبوو دەی‌دواند، هەموو جارێ کە دەگەیشتە لێواری گوێسوانەکە، دزەیەکی دەکرد و سەرنجی مدبەخەکەی دەدا، ناحەقی نەبوو، «کوڕە جحێڵەی سەر سەربانێ بوو» هوما لە بەردەستی ئاسکەدا کاری دەکرد و سەرقاڵی قسەو باسی خۆیان بوون. ژنە بە زیرەکییەوە ئاسکەی ئەدواند و بەبێ ئەوەی هەڵە بکا هۆشی لەلای کوڕە حەیرانی بوو، سەی‌میران لەمێژ بوو پێی نەنابووە سەرسەربان، دەورێکی بە سەربانەکەدا لێدا و گوێ‌سوانەکانی تەپاندەوە و دەستێکی بەبەر پلووسکەکاندا هێنا، سەربانەکان بۆ ساڵی داهاتوو پێویستییان بە سواخ‌کردنەوەیەکی باش هەبوو، بە هۆی بەرزی گەڕەکەکەوە لەو بانەڕا بە جوانی شان‌وملی شار دەبیندرا، ماڵ و

خانووبەرەی گەورە و بەرین بە سەربانی کورت و سەرسەوەزەوە دەرو دەشتێکی زۆری پڕ کردبوو، هەر دەتگوت لێرەوارە سەوزی دەکردەوە.

له دوورەوە دەنگی شڵپوکوتی خوری شۆردنی ژنان دەهات، زۆر کەس هاتبوونە دەرێ و لەبەر بەربەڕۆچکان خۆیان هەڵخستبوو، یەکێ فەرش و بەڕەی دەتەکاند، ئەویتر جلی بە تەنافدا دەدا، یەکیتر پەنجەرەی ماسیوی سەرماتەزیوی دەکردەوە میوانداری لە هەوای بەهاری دەکرد.

شنەی شەماڵ و چریکەی مەلان هیوا و هومێدی تازەی بە ژیانی گیانداران دەبەخشی بەتایبەت تۆرەمەی بابادەم. وەختێ لە سەربان هاتەخوارێ هیچ کارێکی نەبوو بۆ ئەوەی کات ڕابوێرێ چەند چرکەیەک لەبەر دەرگای مدبەخەکە ڕاوەستا و کەوتە دواندنی ئاسکە، ئیتر ئەم دوانیوەڕۆیە کۆبوونەوەی سنفی بەڕێوەدەچوو لە پاش چەند ڕۆژێک دواکەوتن، ئاسکەش لەمێژ بوو ئەرک و فەرمانی خۆی بەجێ هێنابوو میوان با بێت، هیچ کەموکەسری نییە، هوماش ئەوە لێرەیە ئیتر لە چی کەمە، تەنیا خەمێک کە ئەو هەیبوو ـ ئەی خۆزگە لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا دایمە لەو چەشنە خەم و مەلوولیانە هەبایە ئەویش دەبوو لەو کاتەوە کە یەکەم کەس دێتە ژوورێ و ئاخرین کەس دەچێتە دەرێ، مەعلوومیش نەبوو چەند کاتژمێر وەخت دەبا، ئیتر خۆ هەر ئەوەنەبوو دەبوایە تەواوی ئەو ژنانەی کە دەبوو خۆ داپۆشن لە ژوورەکانیان سەر وەدەر نەنێن تاکوو چاوی پیاوی بێگانە لێیان دور بێ و نامەحرەم نەبینن. سەی‌میران حەزی نەدەکرد لەوکاتەدا کە پیاوەکان لەوێن، ژنان بە ئازادی لە ژوورێ بێنەدەرێ و بە کەیفی خۆیان بە حەسارەکەدا بێن و بچن یان کەسێک ببیان‌بینێ، ئەمەش لە خووخدەی پیاوانەی ئەو بوو، هەرچەندە لەمەڕ ژنانەوە ئەوەندە ڕێگر و ئیزنی نەدەدا بە کەس سەردەربێنێ، زۆرتر حورمەتی خۆی دەبردە سەرێ، ئەمجاریش سەی‌میران، ئاسکەی ڕاسپاردبوو دانیشتن لەمماڵەدا ئابەمجۆرەیە، لێی‌پرسیوبوون نانی نیوەڕۆ سازبووە؟ بە ڕووی خۆشەوە چەند تەوسێکی پێدادان و دەستی مەهدی گرت، لەوکاتەدا بەردەستی ژنەکانی گرتبوو لەگەڵ خۆی بردی بۆ بەرهەیوانی ژووری بەردەست. لەوێ وەرەزی خۆی بەسەر دەبرد و یاری لەگەڵ زاڕۆکەکەشی دەکرد، بەڵام کۆتری چاوی بەسەر گوێسوانەی جێ‌یەکی‌ترەوە نیشتبوو، ئەم خۆشیەش کە لە چەند ڕۆژ لەوە پێش‌ترەوە لە دڵیدا هێلانەی کردبوو هومای شلوملی بەمگشتە ئاوات و ئارەزووەوە هێنابووە ماڵێ، ئەمانە بەم چەند شەوەی هوما لە ماڵەکەی خۆیدا بۆی‌ببوو بە ئازار و تاسەیەکی هەناوتەزێن. هەست و دەروونی بێزووی بە ئارامی دەکرد، وەک ئەوەی بەسەر دنیاوە نەبێ وابوو.

هوما شتی پێویست بوو چووە وەتاغەکە، سەی‌میران دارە دارەی بە کوڕەکەی دەکرد، بەدوای ژنەدا خۆی‌کرد بە ژووریدا، بیژەنی لە هەیوانەکە بەجێ هێشت. بیژەن دەم و لووتی نا بە شووشەی دەرگاکەوە هونەری منداڵانەی خۆی بە بابی نیشان دەدا، لەودیوی شووشەکەوە پان و فلّچ دیاری دەدا، بابی بەم دیمەنە بۆی پێدەکەنی هانی‌دەدا زۆرتر وابکا، بە چاویش هەر لە هومای دەڕوانی، چاوی مەست و گەلاوێژی هوما بە هۆی پیازوردکردنەوە ئاوی تێزابوو، سەی‌میران دڵی دەیکورکاند. بە دڵنیاییەوە، بە هەوڵ و ئەزموونی دێرینەوە وەک دەڵێن ڕاو بۆ کۆنە ڕاوچی سەخت و دژوار نییە، بۆ ڕامکردنی شێری بەردەستی فەن و فێڵی زۆری دەزانی، سەری قسەی دامەزراند:

- وەک بزانم نەهاری ئەمڕۆکەمان (قورمەسەوزییە) شلە، ئاخۆم دەبێ چەند خۆش و بەتام بێ، هوماخانم، پێت‌نەوتم شۆرەتت چییە؟

- هوما سەربەرز و سڵۆک وەڵامی دایەوە:

- هومای زەندی، بە چوارپشت دەچینەوە سەر بنەماڵەی کەریمخانی زەند.

- کەریمخانی زەند؟ نووری عەلانوور، کەوابێ ئەمشەو دەستاوی خانمێک دەخۆم لە ماڵباتی مەزنە میرانە، هەر لە ئێستاوە بە بۆنەکەی مەست بووم باوەڕ ناکەم کەس تێری لێ‌بخوات؟! کەس بۆی ناخورێ!

- بۆچی وادەڵێی ئاغای سەراوی؟ خۆ من خاریجی و جوودا دین نیم، بە پیسم بزانی و دەستاوی من نەخۆی؟

- نا، هوماخانم، تۆ خراپ لە من تێگەیشتی، دەستی تۆ دەستی فریشتە و پەریانە و خواردنەکەشت، خواردنی بەهەشتییە، دەزانی چۆنە تۆ لێرە میوانی منی و لە کوێی دنیادا باوە میوان کار بکات و خواردن بۆ خاوەن‌ماڵ دروست بکا؟ چاوجوان ئەوینی.... تۆ «پیتی خۆشەویستی هاتە سەرزمانی و گێڕایەوە» دەزانی چی پێ‌کردووم؟ لە کۆنەوە وتوویانە، میوان تا سێ ڕۆژ بەرز و بەڕێزە.

- ئەی لە دوای سێ ڕۆژ؟

- لە دوای سێ ڕۆژە خوێنی شیرینە. بەم قسە خۆشانە ڕوخساری هوما وەک گوڵ دیاری‌دا، ڕووی تێ‌کرد و گوتی:

- دەی دەی! خوێن‌شیرین و گۆشتی نەرم پێشە و ئێسقانی لەگەڵە، پیاو وریا نەبێ لە گەرووی دەگیرێ، «بە وریاییەوە چاوێکی لە بیژەن کرد لە نێو دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو، دواتر گوتی:»

هەرچی زووترە کار و ئەرکی من ڕاپەڕێنە!

ـ ئەرێ، ئەرێ، منیش هەر ئەوەم دەوێ، نێچیر نابێ ماتڵی بکەی زوو سەری ببڕی دەنا گۆشتەکەی حەرام دەبێ، ئەهاها هاها.

هوما بە نیونیگایەکەوە برۆی لێهەڵتەکاند و گوڵبزەیەکی نیشاندا، چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و لەسەر کومێدەکە ئەوی گەرەکی بوو دەستیدایە، زۆری نەمابوو چەند پیاڵە و دەفرێک بەربداتەوە، میران ویستی یارمەتی بدا، بەڵام نەیکرد، قوتووی سەوزەی وشک و زەعفەرانی بە دەستەوە بوو، چادرەکەی ئاسکەی کە دابوو بە سەریدا ڕوخساری تێدا شاردەوە و بە خۆبادانێکی شیرینەوە لە وەتاغەکە چووە دەرێ، وەختێ بە پەنا دەستی میراندا ڕادەبرد، سەرگۆنای سووری وەک دڵی پڕ ئەوینی خاوەنماڵ هەڵدەبەزی. بەڵام تا ئەو وەخۆ کەوت و جووڵایەوە چێژ لە کوڵم و بەرۆکی همای بەختەوەری وەربگرێ و تێکەڵ بە بەرامەی بەهاری بکات، نێچیری خۆشبەزی گەیشتەوە بەردەرگای مدبەخ. بۆ چەند چرکە دواتریش میران بوو بە پەیکەرەیەکی گۆشتین و جووڵەی نەکرد. بە شڵەژان و ئارەزوویەکی نێرانەوە حەپەسابوو، ئاخۆم لەوکاتەدا، ئەسپی هەوەس لە مێشکیدا چ جلیتانێکی هەبوو؟ لەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا بە تەمای چ فکرێک بوو ئاوا بە دیتنی ئەم ژنە دەسەڵاتی مێشک و هەناوی خۆی نەمابوو؟ گەرای ئەم ئەشقە چ فەلسەفەیەکی لە پشتەوە بوو ئاوا بێشەرمانە کەمتر لە ماوەی دوو چرکەدا لە دڵیدا گوڕاو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە دەبوو تەنگی پێهەڵچنیبوو، چارە چبوو؟ دڵ و مێشک ببوون بە گۆڕەپانی ئەندێشە و خەیاڵ و خەفەت، سەری دنیای لێوێک هاتبۆوە، ئینجا بەبێ ئەوەی بواری دەستبکەوێ لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ خوا هاوار لە جوانی ئەم ژنە! ڕوەت و جووڵانی هەر هەمووی ڕەقس و سەمایە! دەڵێی کۆترە لەنجە دەکا، خونچەی گول لە بەرامبەریدا بەشەرمەوە سەر دادەخا، گفتولفتی شیرینی ئەقڵ و کەماڵی، دڵێک و سەت دڵ ئاشقی دەبێ، بە گیان و دڵ بۆی سووتاوم ساتێ نەیبینم وادەزانم دنیام لێئاخر بووە، خوای بانیسەر مەگەر هەر خۆت وەفریام بکەوێ ڕێگەم نیشان بدەی؟! وەختە لە سوێی ئەو بتاوێمەوە!

هەر وەک تاسەباران هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، لەوکاتەوە کە پەنجە بچووکەکانی مەهدی بە دەستەوە بوو، بەرێدا، ناردی بچێ بۆلای براکەی، بە یەکەوە یاری بکەن، چووە لای باخچەکە، ئۆقرەی نەدەگرت، خەرمانی هەناوی بە دەست ئاور و تینوپاوی ئەشقەوە دەسووتا و هەڵدەچۆقا ئەگەر بە چاوی دڵ سەیرت بکردایە دووکەڵ و چرەچرمانی حەوت گەرەک ئەولاتریش بازی دابوو، ئەو ئاخ و هەناسەیەی ئەو هەڵیدەکێشا، مەگەر قەیسی وێرانەماڵ لە دووی لەیلایە، یان مەم بۆ زین

ئاوا سووتابی...، دەچووە پێدی حەسارەکە و دەگەڕایەوە بۆ بەرهەیوانێ، ئاوری ئەوینی هوما بە هەر هەنگاوێک کە ئەو هەڵی دەهێنایەوە، زیاتر خۆش دەبوو، فرەتر کڵی دڵی نێڵ دەدا و تەشەنەی دەکرد بۆسەر مێشکی، خۆ ئەگەر ئەم حۆری‌لەقایە، هەر ئەوەندەی ئیزن بدایە و توپە گوڵی کوڵمی بۆ هەنگی تامەزرۆی ڕابگرتایە، ئارامی و ئۆخژن دەکەوتە دڵ و گیانی و عیسانەفەس ڕۆحێکی تازەی بەبەردا دەچوو، یان ئەگەر پەری ئیلهام بە گوێیدا بچرپاندایە پیرۆزی تۆش وەک گرتنی دەروازەی تروا بە دەستی ئاشیل، مەرگی لەگەڵدایە، بێ‌گومان بەسەر بۆی دەچوو گرژی نەدەکەوتە نێوچاوانی. وەک شاعیر دەڵێ: «سەرێ نەبێتە سەرگەردی ئازیز / یاخوا داوەرێ وەک گەڵای پاییز.»

زۆری شێعر دەزانی، بەڵام تەنیا ئەم کۆپلەیەی لە بیر مابوو، پێش ئەوەی هوما ببینێ لە جێی خۆیدا ئەمە وێردی سەرزمانی بوو، وەک بڵێی بۆ دڵی ئەو وتراوە، ئەگەر ئەم پیاوە بێجگە لە چوارچێوەی ماڵدا بە ڕووڕاست و دڵۆڤان و نێوانخۆشی بە ناوبانگ بوو، حەزی نەدەکرد بە بۆنەی ئارەزوویەکی کاتییەوە دڵی بەوەفای ئاسکە بشکێنێ. دیسانیش هەر بەخاتری ئەم نەرم‌ونیانی و ئاکارەوە بوو، دەترسا ئاگری ئەوینی پەرە بستێنێ و دووکەڵی بچێ بە چاوی خاوو خێزانیدا، ترسی پەیمان‌شکێنی بەڵێن ژێرپێ‌نان سات بەسات دای‌دەچڵەکاند. لەم کارەی کە بڤە و دەستی بۆ نەبردبوو تۆقیبوو، ئەم ئەشقەی لەم ڕووەوە بە دزێو دەزانی لە ئاکار و ویژدانی جوامێری ژێرپێ دەنێ نەک شەرعی و مەزهەبی، پەژیوان ببۆوە، هەر دەبوو یەکەم ڕۆژ وازی لێ‌هێنابایە، تازە دەیزانی دووگی چەور بێ‌بەڵا نییە، ئەوکە لەگەڵ عەسڵان ئەم هەمووە هەستابوو و دانیشتبوو، پیاوێکی کاسب و حیسابگەرێکی ئاوا لەزەبر بوو، چۆن‌بوو لێرەدا کورتی هێنابوو؟ بەم تەمەنەوە تفڵی دڵ پێش‌قەتاری بوو. تەنیا شتێک لەگۆڕێدا بوو، ئەویش ئەوەبوو سەی‌میران لە کۆڵانی پشت ماڵی خۆیان شووشەیەکی پڕ لە زەرق و بەرقی دۆزیبۆوە و نابوویە بن باخەڵی و هێنابوویەوە خەریک‌بوو بە دیار خاوو خێزانی تەباو ڕەباوە دەرگای بکاتەوە بەبێ ئەوەی بزانێ ئەمە ئاوری قودرەتە و چواردیواری ماڵی بە ژن و منداڵەوە هەڵدەتەکێنێ.

بەڵێ، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە چوو کۆت و باڵتەکەی لەسەر بەردی سەکۆکە هەڵگرت و باڵتەکەی کرد بە بزمارەکەدا و کۆتەکەشی‌دا بەسەر شانیدا، بەبێ ئەوەی کارێکی هەبێ چووە وەتاغی میوانان، ماوەیەکی مابوو منداڵەکان لە قوتابخانە بێنەوە و دانیشنە سەر نەهارخواردن، وەبیری هاتەوە ڕۆژی جەژن تابلۆیەکی کڕیبوو، ئێستا بیکا بە شانی دیوارەکەدا، بە باشی زانی لەم فرسەتەدا هوما بانگ بکاتە ژوورێ با ئەم تابلۆ و پەیکەرە جوانانە ببینێ، پێی بڵێ ئەم عەسرە سی کەس لە ئەندامانی

پیشەیی دێنە ئەم ماڵە ئەو چ کارێکی لە ئەستۆیە، چۆن هەڵسوکەوت بکات باشە، جگە لە شەرم و حەیای ژنانە، نابێ هیچ کەسێک ببینێ، هێشتا چارەکە سەعاتێک تێنەپەڕیبوو گوێی لە ترپەی پێی هوما بوو لە کەوشکەنەکە، پەردەکەی لادا، بە دەنگێکی پیاوسالاری بانگیکرد، ژنە چووبۆوە ژوورەکەی خۆی هوما بە ترس و دوودڵی‌یەوە گەڕایەوە، ڕەنگی بزرکابوو، چاوەکانی پڕبوون لە پرسیار، هەروەک ئەوەی قەت ئەم پیاوەی نەدیوە و نایناسێ.

- وەرە ژووری کارمپێتە، دەمەوێ ئەم تابلۆیە هەڵواسم، لە دورەوە سەیری بکە، بزانە خوار نەبێ.

ئەوەی گوت و پەردەکەی داداوە و لەبەر پەنجێرەکە واوەهات، بە هەیەجان و شڵەژاوییەکی کەموێنەوە لەبەردەم هومادا شەرم دایگرت، بۆخۆی پێی‌سەیر بوو بۆ دەبێ ئەوە لە بەرامبەر ئەم ئافرەتەدا نەرم بێ‌دەسەڵات بێ، هوما بە دوودڵییەوە مات ڕاوەستابوو، پەردە زەڕیەکەی بە حەواوە ڕاگرتبوو، بە هۆی دادرانەوەی پەردەکان وەتاغەکە زۆر ڕووناک نەبوو، زۆر بە ساردوسڕی بۆی ڕوانی، ئەوە سێ ڕۆژ بوو لەو ماڵەدا بوو بۆ یەکەمجار بوو هاتبووە دیوی میوانان، ئەوەی لە یەکەم نیگادا سەرنجی بینەری لەم ژوورەدا بۆلای خۆی بەکێش دەکرد، فەرش و مافوورەی بەنرخ و پڕگوڵ بوو، پەردەی تازەمۆد بە دابی گەورەماڵان، لە پێدی وەتاغەکە میزێکی درێژۆکەی لێبوو سەماوەر و پیاڵە و چادانی بەنرخی بەسەرەوە بوو، چواردەوری دیوەکە بە سەندەڵی و کورسی جوانی دانیشتن پڕ ببۆوە، لە بەردەم چەند کورسییەکەدا تەپڵەکی ژیکەڵە داندرابوو، جگە لەمانەش بۆ ئەو کەسانەی فێری دانیشتنی سەرکورسی نەبوون بالیفەی نەرم و هەورێشم داندرابوو، شەمدانی و چلچرای پیرۆزەیی ئاوێنەی سەرتاقەی گەورە و سەرپۆشی گوڵاوتوون، شەمدانییەکی سێ لقی گوڵ بەسەر، سەماوەرێکی وەرشۆ، بێجگە لە ئەو دانەیەی لەسەر مێزەکە بوو، دەوری و دەفرو ئامانی ئەنتیکە، جام و بلووری دەستکاری ئیسفەهان بە سەلیقەیەکی جوانەوە لەسەر ڕەفحە و تاقان ڕیز کرابوون. دەوروبەری سۆباکە بە تەختە کوورەوە نەخشاندبوویان بە پارچەی تۆڕی و ڕەنگاوڕەنگەوە. سەر تاقە و بەرتاقە و ڕەفحە بە تۆڕی پوولەکەدار ڕازابۆوە، هەرچەندی وەتاغەکە دیمەنی تابلۆی زۆری پێوە دیاربوو بەڵام چەند وێنەیەکی پیاوخاسان جوانی و ڕەونەقێکی زۆری دابوو بە دیوەکە، بە هۆی ئەوەی کەمتر دەرگا و پەنجێرەی دەکرایەوە وەتاغەکە بۆنی جەللا و ئەڵکۆلی ئەم تابلۆ و پەیکەرانەی بە خۆیەوە گرتبوو. بۆ کەسێک کە تازە هاتۆتە ئێرە هەڵسەنگاندنی ئەم ئەنتیکەخانەیە زۆر سەختە، بەڵام دیمەنی ئەو وێنەی پیاگخاس و مزگەوت و مەنارانە بوو لەو کاتەوەختەدا، بۆیە هوما وێرای ڕوو بکاتە ژوورەکە. یەکەم تابلۆیەک کە سەرنجی ڕاکێشا وێنەی فریشتەیەک بوو بە ڕوخسارێکی

نوورانییەوە بە دوو شابالی سپی و جوانەوە، ڕەمبێک بەدەستەوە شەیتان لە ژێر پێیدا کەوتبوو، دوای ئەوە وێنەی نوورانی ڕەسوولانی یەزدان و ئیمام و پیاوچاکان بوو. هوما ئەوەندە بە دڵەوە سەیری ئەم وێنانەی دەکرد و خەیاڵی بردبووی ئاگای لێنەبوو چارشێوی سەری خزیوە و لەسەر شانوملی جوانی وێستاوە، سەیمیران لە پەنایدا ڕاوەستابوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ لەکەیەوە تا ئێستا چارشێوت فڕی داوە؟

هوما گوتی:

ـ وێنەی ئەم ئیمام و پێشەوایانەت بۆ لێرە هەڵواسیوە، خۆ ئێرە تەکیە و خانەقا نییە؟ بۆ مەگەر لەچکە بەسەرردادان کارێکی هەڵەیە؟

ڕووی لە سەید وەرسووڕاند سەیری تابلۆکانی ئەوبەری دیوارەکەی کرد، سەیمیران گوتی:

ـ عەیب؟! ئەگەر ڕاستت دەوێ من حەز دەکەم ژن دایمە لەچکە بدا بە سەریدا، ژن نابێ ئەم ئیزنە بە خۆی بدات پیاوی نامەحرەم مووی سەری ببینێ. مەزهەبی ئێمە زۆری حەدیس و چیرۆکان هەیە، کە دەبێ ئافرەت مووی سەری بە دەرەوە نەبێ بۆ شاردنەوەی ڕوخساری ژن ئەوەندە پێداگری ناکا، بۆ سەرو پرچی دەیکا. ژن دەتوانێ بەبێ ڕووبەند بەرەو ڕووگە ڕاوەستێ و نوێژ بخوێنێ، بەڵام ئەگەر بێتوو تاڵێک لە مووی سەری بە دەرەوە بێت نوێژەکەی بەتاڵە و دەبێ هیچ.

هوما بە جوانی چارشێوی داوە بە سەریدا:

ـ لەم ڕۆژانەدا دەنگۆ داکەوتووە، مەقنە و چادرە نامێنێ، بڵێی ئەمە ڕاستبێ؟

ـ زۆریش سەیر نییە وابێ، هەروەک پیشتێن و عەبا باوی نەماوە، ئێستا یاساغە. دەسرەو مێزەر و کڵاو یاساغە، مەندیل و کڵاوی پەهلەوی لەسەر لاچوو، ئەمڕۆکە ئەم خەڵکە بەد ودم بوون، هەرچی بێژن هەروا دەبێ! چارشێو قەڵایە بۆ ژن، ئەمە پیلانی فەرەنگە، دەیانەوێ حەیا و ویژدانمان نەمێنێ، قورئانمان لێبستێنن دینی ئیسلان لاواز بکەن.

هوما بۆ دووەمجار سەیری دەوروبەری سۆباکەی کرد دەتگوت بووکی ڕازاوەیە، ئەم بەشە لەم نێوەدا هەروەک دیکۆڕات و بەرجامخانەی زەمبەرفرۆشان ببوو بە جەردەی چاوی هەر تەماشاچییەک، بەڵام لە پێش چاوی ئەو وەک مەزارگەی خۆی دەبینی کە بە سەریەوە ڕاوەستابێ. هەناسەیەکی شاراوەی هەڵکێشا و لە نێوان بیر و فکری ئاڵۆزدا گوتی:

ـ دەڵێن ئەوکات ئەشێ ژنەکانیش هەروەک پیاوان کڵاو بکەنە سەریان و لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بن؟ ئەیەڕۆ قوڕ بەسەرم! لەم ئابڕوچوونە! ئەی چۆن دەبێ؟

ـ دەی ئەوە دیارە چۆن دەبێ، تەواوی ئەمانە نیشانەی دنیائاخربوونە! هەر دەبێ ڕووبدا، دەبێ شەرم و حەیا لەلای ژن و پیاو هەڵبگیرێ و ویژدان و بەرەکەت تەواو ببێ، شارەکان هەروەک دیتووتە ڕێگەو بانیان ببێ بە هێڵی ئاسنی و پیتی (لا اله الا الله) نەمێنێ، تابووت لاچێ و دلیجان و فەیتوونی لەجێ دابنێن، دین و ئیمان و باوەڕ و پیاوەتی بشۆرێتەوە و زوڵم و زۆر و فیسق و فوجوڕ بە وڵاتێ وەربێ. تا مەهدی نەیەت هەر ئاوا دەبێ و ئەمە قسەی پێشەوایانە ڕەتبوونەوەی بۆ نییە، ئەمڕۆکەش نەبێ سۆزی ڕوودەدا.

سێبەری ئەم وتە و حەدیسانەی ئەم پیاوە بڕوادارە قورسایی خستە سەردڵ و مێشکی هوما خانمەوە، بە خەمەوە بوو کە ئەو حاڵ و ڕۆژە نەیەتە پێشێ ژن و پیاو دەرپێ فڕێ دەن. ئیتر وەک بێژی لەگەڵ هەڕەشەیەکی قورس ڕووبەڕوو ببۆوە قایمتر چارشێوی هێنا سەرلووتی تەواو خۆی داپۆشی، کە بچێتە دەرێ، چاوی لەسەر تابلۆ گەورەکە گیرسایەوە، لەسەر کورسیەک لە پەنا مێزەکە داندرابوو. وەبیری هاتەوە سەید بۆچی قاوی کردبوو، بۆ ئەوەی قسەیەک بکا لێیپرسی:

ـ ئەم تابلۆیە بوو دەتکرد بە دیوارەکەدا؟ پۆشینەکەی لەسەر لادا، بە سەرسووڕمانێکەوە کە نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ:

ـ ئەیەرۆ چەند عەیبە! ئەم ڕووت و قووتانە کێن؟ نەکا بتەوێ ئەمانەش لێرە بکەی بە دیوارەکەدا؟

ـ هەو، بە خودا تەواوم کرد، ڕووتی چی، ئەوانە ئادەم و حەوان، بۆ مەگەر تۆ دایە و بابی خۆت ناناسی؟ ئەوکاتی وەک ئێستا بەرگ و پۆشاکی ئاوا جوان نەبوو، ژن و پیاو بەبێ ئەوەی نەزەری خراپ بکەن و بە عەیب و عاری بژمێرن بە یەکەوە دەژیان، تەنیا بە چڵ و گەڵای داران عەیبی خۆیان دەشاردەوە، ئەم ڕووتی و بێبەرگییە بە سەدان ساڵ هات و ڕابرد، تۆرەمەی بابادەم بێکراس و دەرپێ دەژیان. تا ئەوەی جەمشید هات و جلوبەرگی بۆ مرۆڤ ساز کرد. ئەوانە ڕووتن، بەڵام نازانن ڕووتبوون چ مانایەکی هەیە.

سەیمیران بە پچڕپچڕ قسەی بۆ دەهات، هوما کە هیچ لە مەبەست و مەنزووری ئەو تێنەدەگەیشت، بەلای وێنەکەوە مەحتەل مابوو، سەید زۆرتر لێی نزیک بۆوە، حەزی نەدەکرد دەنگی بچێتە دیوی دەرێ، تا ئەو دەچووە پێشێ ژنە زۆرتر دوور دەکەوتەوە، میران دڵ و مێشکی بە تاسەی ڕامووسانێکەوە بوو، بەڵام بەم خۆکلا گرتنەی هوما تا دەهات دەردی کاری دەبوو، ئیتر وەک ئەوەی لە دەفرێکی مسیندا شیر هەڵبچێ و چارەی نەمێنێ پەردەی شەرمی بە هەروو دەستی دادڕی، وەک گورگی برسیی گەییە بەردەمی و لەسەر چادرەوە توونـد باسکی و زەندی گرت.

هوما، هەروەک مێشێکی میوان نەبێ وابوو. زولف و ڕوخساری چرۆی دوو لێوی وەکوو شەوبۆ و سوورەهەڵاڵان پڕ بۆن و بەرامە بوون. سەیمیران بە تەماح و تەمەنناوە چاوی تامەزرۆی لە دوو چاوی خوماری بڕی و بە لێوەلەرێوە بە پاڕانەوە:

ـ هوما جوانەکەم!

هەر ئەوەندە و قسەی بۆ نەهات، یاووتای دڵداری هەروەک بورکانێک چیای ئەندامی شڵەقاندبوو. زمانی چووە بەست گلێنەی چاوی لە ئامێزی زۆهرە و موشتەریدا توانەوە، چ چارەیەکی نەمابوو لە بەرامبەر گڕی بەتینی ئەم چاوانەدا، تەواوی وتە و جووڵە و ڕاژانی ئەم پیاوە لە بڵێسەی دەروونەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەویش دەیزانی ئەم تین و سووتانە بە بێهۆ نییە، بەبێ درۆ و دەهۆ گفتی پێدابوو چارەی دەردی دەکا، ئیتر بۆیە دەستی گرتبوو هێنابووی بۆ ماڵی خۆی، ئەوە سێ ڕۆژ و شەوە بەبێ ئەوەی خەو لە چاوی بکەوێ، هەوڵ دەدا بۆ دەرەتان و ئاوەها فرسەتێک، تاکوو بزانێ فکری چی لەژێر سەردایە و بەتەمای چییە؟ بۆچی خەریکە دەستی و ئەمڕۆ و سبەینێی پێدەکا؟ لەم چرکە ساتەدا کە دوو چاوی پڕ لە حەز و ئارەزووی میران بە تەمەناوە لە چاوی چەقیبوون، بێگومان وتەیەکی هەبوو کە بیدرکێنێ. هوما هەندی ترس و دڵەڕاوکێ دڵی ڕێک دەگوشی، بەڵام ئەو لە کوڵ و لە جۆشتر بوو، چاوەڕێ بوو بزانێ ئاخری وتەی دڵی ئەم پیاوە چییە و چی لەو دەوێ؟

ـ ئاسکە سلۆکی چاوکەژاڵم، دەبەسیەتی دیقت پێکردم؟

سەیمیران هەردوو دەستی لە دەوری کەمەری وەرێنابوو، ڕەنگی ڕوخساری تەواو گۆڕابوو ددانی ددانی نەدەگرت، هەوڵیدا لە چەشنی هەنگ لێو بنێ بە پەڕەی لێوی ناسکییەوە، هوما دەستیهێنا و کردی بە لەمپەری بەردەمی خۆی، وەک ئاسکی لەداو کەوتوو دەلەرزی و دەکۆشا خۆی ڕاپسکێنێ، سەری بەملاو ئەولای شانیدا هەڵدەسووڕاند. بە هەردوو دەستی بەرگری لە ڕوخساری خۆی دەکرد، ئەم دەمو لێوە شانەی هەنگوینە لێینەدەکاڵاوە تووڕە و مڕومۆچ بێ، لەم چنگە پەڵماسییەدا چارشێوی سەری کەوتە خوارێ، لەچکەی بەربۆوە و سەرو کاکۆڵی جوان و شانوملی ڕووت و پڕ لە خاڵی ئەوەندەیتر ئاگری دەروونی میرانی خۆش کرد. بەم گشتە هەوڵ و خۆماندوو کردنەوە سەیمیران بە ئاواتی خۆی نەگەیشت، دەستی لێهەڵگرت و وەک لاوێکی هیوابڕاو دڵشکاو لە جێی خۆی مات و کڕ پێیدا ڕوانی. هوما زۆر تورە بوو بەڵام چی لە دەست نەدەهات، بە ئەدا و ئەتوارێکی ژنانەوە خۆی بادا و لە هەموو قەول و بەڵێنێک شیرینتر دوو زللەی بە ئەسپایی لە ڕوومەتی میران سرەواند.

لەچکەکەی هەڵگرتەوە و لە شێوەی ئاسکی سڵۆکی لە چنگ ڕاوچی بەربوو خۆی ڕزگار کرد و یەکدوو جار گورگە ئاوڕی دایەوە ئاشقی نامورادی لەوێ بەجێهێشت. لە ژوورە بچووکەکەدا دڵی وەک چۆلەکەی سەربڕاو هەڵدەبەزی، وەک چۆن مەلوچک باشوو دەیهێنێ و دەیبا، هەستی دەکرد تەواو ڕەنگی ئەدگاری بزرکاوە، دۆڵپای ترس و پەرێشانی دوولینگانەی بەسەر ملیدا هێنابۆوە و قورسایی مۆتەکەی لەسەر سینگی هەست پێدەکرد. لە سووچێکی وەتاغەکە، داسەکنی و لەچکەکەی داوە بەسەریدا، بەڵام گریی لێنەدا، پەلەی ئەوەی بوو ئارام بێتەوە و لە دەست دڵەکوتە نەجاتی بێ زۆری لۆمەی خۆی کرد:

ـ ژنەتیوە سەربەهەشە، ئەمە کار بوو تۆ کردت؟ نەدەبوو خۆت بکردایە بەمدیوەدا. ئەوە هاتوو لەو وەختەدا ژنەکەی وەژوور کەوتبا، یان یەکێ لە منداڵەکانی لە فێرگەڕا هاتبایەتەوە لە حەسارەکەوە دەنگی هاتبایە، تۆ چت دەکرد، لە جێی خۆت گیانت دەرنەدەچوو؟! ئیتر ئابڕووچوون چۆنە؟

بەڵام بەختی ئەو باشی هێنابوو هەر وەک ئەوەی ئەم تەنیشتی حەوشەیە چاوی کەسی بەسەرەوە نەبێ وابوو. تەنانەت هیچکەس بەبەر ئەم دوو وەتاغ و ئاودارخانە و هەیوانەدا تێنەدەپەڕی، چ بگا بەوەی مل بەرز بکاتەوە و بزانێ لە ژوورێ بە چییەوە سەرقاڵە. وردە وردە کە دەهات هێور دەبۆوە ڕەنگی دەهاتەوە سەردۆخەکەی جارانی و نەختێک شڵەژانی پێوە دیاربوو. بە لۆی چارشێوەکەی تۆزێک خۆی باوەشێن کرد. ئەم چرکە ساتەی ماوەیەک لەمەوپێش ڕووی دابوو کە خەریکبوو بۆ هەمیشە نرخی لە پێش چاو و دڵی میران دابەزێنێ، زۆریش تەماشایی و سەیر بوو. لەبەرخۆیەوە کەوتە بیرکردنەوە:

ـ زۆرم پێسەیرە، ئەم پیاوە هەرچەندی بە سەرو پۆتلاکیدا پیرەمێردە بەڵام بە دڵ زۆر گەنجە. دەڵێی کوڕە جحێڵەیە لە هەوەس ناکەوێ، زۆر ئاشق دیارە. تینێکی بەهێز سەرتاپای لەشی داگرتبوو، نەیدەزانی چیبکا، ئەوەندەی بە خۆیەوە کوشیم، لەوانەبوو پەراسووەکانم تێکبشکێنێ، هەروەک بە تەمەنی مێوینەی نەدیبێ وابوو، (زەردە کەوتە سەرلێوی) ئەم هەناسە ساردە، لەو ڕۆژەوە منی هێناوەتە ئێرە وەک جووەکەی بەسەر هاتووە، لە هەردوو دینەکە بووە، دەستی بە من ناگات و توخنی ژنەکەی خۆشی ناکەوێ، نازانم لەبەرچی خۆی گێل کردووە، چی لەژێر سەردایە تێناگەم؟ ئەگەر منی دەوێ ئەم ترس و دزەدزەی لە چییە، بە هەڵوا هەڵوا دەم شیرین نابێ، من کە تازە لەم ماڵەدام، دەبێ زۆر بە وریایی هەڵسوکەوت بکەم، خۆم قورس و سەنگین ڕابگرم، هەر وەک تا ئەلحانیش ئاگام لە

خۆم بووه، جارێ با ئەوەندەی‌تر سەماوەری ئەوینی بێتەکوڵ ئاخری وای‌لێدێ بمبا بۆ ماڵی مەلا و مارەم بکا.

بەدەم ئەم فکر و خەیاڵاتەوە لەپڕ ڕوانینی لە شوێنێک گیرسایەوە، ڕوخساری دلۆڤان و میوانگر و لە دڵەوە نزیکی ئاسکە بەم زەردە خەندەی کە دایمە لەسەر لێویەتی بە پێش چاوییەوە ماق مابوو، ئایا لە تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێ یان بیر لە بەختی خۆی دەکاتەوە؟ وەک قاتڵێک دەچوو کە خەونی جینایەتێک وەخەبەری هێنابێ فکر و خەیاڵی ڕەش بە هەموو بارێکدا خەریک‌بوو بەسەر یەکدا هەڵی‌دەشێلا و سزای ڕۆحی دەدا، ئەوەی کە ئێستا بۆ ئەو بۆتە خەنیم و دڕووی مەم‌و زینان کەسێکە وەک خۆی ئافرەت، خاوەنی چوار منداڵ، سەرتاپای لەشی کەوتە لەرزین، ئەم وتەیەی وەبیر هاتەوە، هەوێ، هەوێ‌ساری، هەر لە نۆ ساڵیرا بیستبووی، وەختێ دایکان لە منداڵی کچیان تووڕە دەبوون، پێیان دەگوتن: یاخوا سەرت شین بکەی ڕەبی هەوێت بەسەر بێ، ئافرەتان لە ماڵی مێرد هەر بەم وتانە داخی دڵی خۆیان دەردەکرد، بەرلەوەی بچێتە ماڵ‌مێرد و بزانێ مێرد چییە بەم قسانە قەڵس بوو بێزار بوو لەم وتە دزێوە، بەڵام ئێستا؟!

ـ ئاخ چم‌کرد بەخۆم؟ ئەوە هاتوو ئەم پیاوە مارەی کردم و بووم بە خێزانی، ئەم ژنە ساکار و دڵ‌سۆزەی کە ئاگای لە مەحموودی بێزەواڵ نییە و لەم ماڵەدا ئاغا و کوێخا بۆخۆیەتی، ئەمڕۆش ڕەشبەختێک بەسەری دەچێ و چرای بەختەوەری دەکوژێنێتەوە، ماڵ و حاڵی وەک چەپکی گوڵی لێدەبێتە دڕکەڵان و بەم هەموو ئاوات و ئارەزووە منداڵی گەورە کردووە و دڵی بە ژیانی خۆی خۆشە بڵێی لەمەودوا ئەم ڕووناکییەی بۆ بمێنێ و هەروەک جاران دڵی بە ماڵ و منداڵی خۆش بێ؟ منی بەخت‌ڕەشی ماڵ‌وێران چبکەم؟ ئەم دوو منداڵە هەناسەساردەم، ئەم دوو پەپوولە باڵ هەڵپڕووزاوەم چ نەهامەتییەک بوو ڕووی تێ‌کردن، هەر لەدایک بەر بوونەوە وەک من نێوچاو ڕەش بوون بزەی سەر لێویان وشک بوو. هانا بۆکێ بەرم؟! (کێ هەیە بە دادم بگا؟!) ئەمەش لە کڵۆڵی خۆمە، ئەمەش بەخت و نسیب بوو خوا بە منی بەخشی، هەر خۆی لە کاران باش دەزانێ، یەکێ دەخاتە تاڵی و ئەوی‌تر دەخاتە خۆشی، دەنا منیش چییم لە ژنی خەڵک کەمتر بوو، چارەم چییە بەشی منی وا داوە، ڕۆژی ئەوەڵ وای لە نێوچاوان نوسیوم. هەر دەبوو کاتێ لە دایک بەربوومەوە لە کۆش و باوەشی دایک و باب محرووم و بێ‌بەش بم. منداڵەکانم لە داوێنی خۆم و خۆشی لە ماڵ و منداڵ و مێرد و هەموو خۆشییەکی ئەو دنیایە دوور بم. بڵێی دوو منداڵەکەم ئێستا ژینیان چۆن بێ؟ چ ئازارێک ببینن بە دەست بابی غەزەب و پووری سەرشینەوە! ئەوە کەی باوکە، ئەگەر غەزەب نییە چییە؟ باوک چۆن سوێند دەخوا،

هەرساعاتێ بچم بییانبینم، گۆشاوگۆش سەریان ببڕێ، ئەمن دەیناسم دەزانم ئەمە چ بڕەکێکە، ئەگەر ڕقی هەستێ خوێن بەرچاوی دەگرێ، کەس ناپارێزێ، شەلم کوێرم کەس نابوێرم! چبگا بە ڕوحم و موحەبەتی باوک ویژدانی ئینسانیشی نییە، ئاخ گورگی کێوانیش بە من نەبێ!

ویستی هەستێ و وێنەی منداڵەکانی لە مجرییەکە دەربێنێ لە تاقەکەدا دایبنێ، تۆزێک تەماشایان بکا، کەمێک سووکنایی بێت، هێزی نەبوو لە جێی خۆی تەکانێک بدات و بجووڵێ، وایدەزانی دڵی لەخۆ بۆتەوە، وردە وردە غوربەتی هەستا و لیزگەی ئەسرین گلارگلار بەسەر گۆنای گوڵێنیدا خزین بۆ شێوی بەرۆکی، بێئەوەی جێیەک ببینێ، تەنانەت ئاگای لە فرمێسکەکانی بێت، لە شوێنێکی نادیار ڕامابوو، تاپۆیەک ڕووناکی ژوورەکەی شلوێ کرد. هوما لە ژێر هەوری پەژارەدا سەری بەرز کردەوە، ئاسکە لە نێو دەرگاکەدا ڕاوەستابوو پێیدا دەڕوانی:

ـ هوماگیان، دایکەکەم بۆ پەرێشانی؟!

هوما بەخۆیدا شکاوە و سەری داخست، ڕووی نەبوو چاو لە چاوی ژنێک ببڕێ کە بەقەت دایکێک دڵۆڤان و ڕووخۆش بوو، بێپێچوو پەنا و بێغەڵو غەش بوو، ئیختیاری لە دەست بۆوە و وەک بارانی پەڵە ڕۆندکی هەڵوەراند و سنگ و بەرۆکی لە خووس گرت، ئاسکە بە شڵەژاوی و دەستتێکەڵ هاتنەوە وەک دایکێک کیژی خۆی دەئامێز بگرێ باوەشی پێدا کرد و شان بەشانی دانیشت، ئەویش کە گریانێک بەربینی پێگرتبوو لێیپرسی:

ـ ڕۆڵەگیان بۆ دەگری؟ لە چی عاجزی، چی تۆی پەرێشان کردووە، دایکەکەم لە منی مەشارەوە! من حەز ناکەم میوانی خۆم مات و پەرێشان ببینم، ئەوجاریش تۆ میوان نی،ماڵی خۆتە نابێ هەست بە نامۆیی بکەی، وەک خوشکی خۆتم حیساب بکە، هیچم لێمەشارەوە! چەندێ لەمەوبەر هیچ خەبەرێک نەبوو، قسەی خۆشت دەکرد، پێدەکەنیت، چبوو بۆ کتوپڕ گۆڕاییی چیت بیستووە وا پەرێشانی؟

هوما ناچار وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ نییە، داکی گلارەخانم، بۆ بەختی خۆم دەگریم، گلەیی لە کەس ناکەم، ئەو مێردە ناپیاوەم! ئەو لەخوا نەترسە، بە قسەی خوشکە چۆڵبڕەکەی هەڵیداشتم، ئەویش لە وەختێکدا کە منداڵەکانم هێشتا دەستیان بە داوێنەوە بوو نەیاندەتوانی خۆیان تەڕ و وشک بکەنەوە، هەڵیانواردین، جەرگیان بە کوچکەوە دام، جگەرگۆشەکانی خۆشم هەر وەک منیان بەسەر هات، بۆیە ئاورم تێبەربووە خوشکێگیان ئەو هەناسەساردانە چووکەڵەن، تۆ خوا ناحەقم مەگرە، لێم بە ئیراد مەگەرە وانازانم

بەسەر عەرزەوەم، بەبێ ئەوان هەرچییەک دەخۆم وادەزانم دەکەوێتە کۆشمەوە، نازانم چیم بەسەر دێ، بۆ دوارۆژی خۆم دەگریم، ئاخۆم چارەنووسی من شیاوی ئەوە نییە شینی بۆ بگێڕیم؟!

ناحەقت ناگرم خوشکێ‌گیان، عەمرۆکەم نەمێنێ هیچ شتێ بەقەدی عەولاد شیرین نییە، بەڵام ئەوەندە خۆت هەڵمەچۆقێنە، تازە کارەو هاتووە لە چیت کەمە؟ جوان نی، کە هەی، خانمی، پاکو خاوێنی، عومرێکی وات نییە تازە ئەوەڵی دەمتە، لە هیچت کەم نییە، هەموو کەس منەتت دەبا، بۆ دەبێ بگری ئەم فرمێسک هەڵوەراندنەی پێناوێ، ئەوەندە خەم و خەفەت مەپێچەوە لە سایەی خواوە ساخ و سڵامەتی، کوێر و شل نی، نابێ خۆت بڕەنجێنی، (وەک دایکێک دەستی هێنا و ئەو قژانەی بۆ لاداوە هاتبوونە بەرچاوی) تۆزێک دڵت گەورە بێ و ددان بە خۆتدا بگرە، ئەم ماڵە بە ماڵی خۆت بزانە، ئێمە لە بەرامبەر تۆدا خۆمان بە خاوەن‌ماڵ نازانین.

سەی‌میرانی مێردم وەک برای تۆ وایە، منیش خوشکی تۆم، تا ئەو ڕۆژەی ئینسانێک داوات دەکا و تۆ بە ئەم ماڵە ڕازی بی قەدرت لەسەر چاومە.

گریانی لەکوڵ و لەجۆشی هوما پێشی قسەکردنی لێگرت، بەڵام ڕوخسار و چاوی پڕ لە فرمێسک و هاواری پڕ بوو لە پاڕانەوە:

ـ نا، نا، خوشکێ شتی‌وا مەڵێ!

ـ بۆچی، لەبەرچی؟ تۆ چۆن فکر دەکەیتەوە؟ یان ئەوەی لەم ماڵەدا خۆت بە غەریب دەزانی و هەست دەکەی بۆ ئێمە بووی بە سەربار؟ چی ئازارت ئەدا؟ دووری منداڵەکانت؟ زۆر سەیر نییە، ئەو کۆنە مێردە دڵڕەقەت لەبەر منداڵەکانیشی بێ پەشیمان ببێتەوە و بێت خۆی بدا بەسەر کەوشەکانتدا؟

هوما بە چاوی پڕ لە گریانەوە لە ئاسکە ڕاما، لەو ماوەیەدا نەی‌ویستبوو ئاسکە نیگەران بکات، ئەم ڕازەی نەدرکاندبوو، سەری کردە سەرڕانی و لە قوڵپەی گریانیدا:

ـ ئەو... سێ‌تەڵاقەی... داوم. تازە من چۆن دەتوانم بچمەوە ئەو ماڵە؟ تازە لەوە دەرچووە، من و ئەو خوشکە لاڕشکاوییەی دانوومان بە یەکەوە ناکوڵێ، بە یەکەوە بمانخەنە دیزەیەکەوە گۆشتمان ناکوڵێ، من نامەوێ تازە چاوم بە چاوی ئەوان بکەوێ، حەز ناکەم ئەگەر مردیشم ئەم ناپیاوە مەیتەکەم هەڵبگرێ، بەڵام نامەوێ لە منداڵەکانم دوور بم، لە پێشدا ئاوا بیرم لێ‌نەکردبۆوە، من ئەگەر ئەم منداڵانە نەبوایەن لێرە چیم‌دەکرد، بۆ ئاوا ئاوارە و وەیلان دەمامەوە، هەر یەکەم ڕۆژ دەگەڕامەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان، بە پێیان دەگەڕامەوە، بەڵام چبکەم لەبەر ئەم پەپوولانە دەستم لە دڵم نابێتەوە، ئەگەر ئەوانەم نەبایەن ئێستا حەوت کفنم ڕزاندبوو، حازرم قەرەواشی بکەم نانکەری ماڵان بکەم جل

بشۆم هەزار کوێرەوەری بە گیان بکڕم بەڵام چاوم لە چاویان بێ. خۆزگە نەدەمردم و بۆ جارێکی دیکە دەمدیتن تێر بۆنم پێوە دەکردن!

هەردوو دەستی لەسەر دڵی دانا و گریان و هەنیسکدان تەنگی پێهەڵچنی، بە سەختی هەناسەی دەردەهات، وەک مار گینگڵی لە خۆی دەدا، ئاسکە بەم قسەیە دانەچڵەکی، کە چەند ڕۆژە دەنگی نەکردووە و سێتەڵاقەی لە مێردەکەی وەرگرتووە، بە پێچەوانەوە زۆری بۆ بە پەرۆش بوو، دایک هەروایە ئەو دوو منداڵەی «گلارە و بارام» هەتا نیوەڕۆ لە قوتابخانە دەهاتنەوە دڵی لە مستیدا بوو. دەیزانی ئەم بێوەژنە ناسک و نازدارە چ ئازارێک دەچێژێ، هەر بۆیە گوتی:

ـ دەزانم چ دەردێک دەچێژی، ناحەقت ناگرم، ئازاری دووری فرە بەژانە، ئاخ خوشکێگیان، چی لەگەڵ دەکرێ یاخوا ئەو مێردەت نەحەسێتەوە، خودا دەست بە عەمری نەگرێ، بەڵام دڵنیابە هەروا نابێ تەنگانان بەریان کورتە، کەس ناتوانێ منداڵ لە دایک و دایک لە منداڵ بستێنێ، ئەو خەڵکە ئاوای لێقەبووڵ ناکەن، تف و لەعنەتی دەکەن، دایکەکەم، یەکجار وا لە خۆت مەکە، گریان چارەی دەردان نییە، تۆ ناو و نیشانی ماڵەکەیانم بدەرێ، قەولت پێدەدەم، ئەمڕۆ نا، ـ لەبەر ئەوەی عەسر میوانمان دێت بەیانی کە منداڵەکانم بەڕێی مەدرەسە کرد، دەچم بێچوولەکانت دەبینم و هەواڵت بۆ دێنمەوە، هەر خۆم زۆرم دڵ پێوەیە بیانبینم. بەشکم بتوانم بە تکاو پاڕانەوە بە مەکر و زمانی خۆشبێ بۆ چەند سەعاتێک لەگەڵ خۆم بیانهێنم تاکوو چاوت پێیانبکەوێ. ئێتر هەستە دەمووچاوت وشک بکەوە، ئەوە منداڵەکان لە فێرگە هاتنەوە، برسییانە دەبێ نانی نیوەڕۆیان بدەمێ، سفرەم داخستووە، هەمووشتێک حازر و ئامادەیە، مەشەدی و منداڵەکان چاوەڕێی تۆن. لە ئەمڕۆکەوە هەتا سەتساڵیتر لەم ماڵەدا میوانی من بی نامەوێ فرمێسکت ببینم. گریان شوومی باشی نییە، وەختێ پێکەنین و خۆشی هەیە، سەما و گۆرانی هەیە، ئێتر شین و گریان بێمانایە، تۆ چاو لەم دار بیبیەی نێو حەسارەکە بکە، نەتدیوە بە هاتنی بەهار چۆن گەشاوەتەوە ئەوەندە وردە گەڵای دەرکردووە، هەوای خۆشی مانگی خاکەلێوە دڵ و مێشکی مرۆڤ دەحەسێنێتەوە، هەر لەم ڕۆژانەدا، بە یەکەوە دەچینە سەرچاکی، قەبری سەیزادە فاتمە[١٤] لەوێ دەست لە کێلان وریێنە و بەردێک بە کێلی گۆڕەکەوە بنێ، مرادی خۆت لەو بخوازە، ئێمە هەفتانە ژنەکان کۆبوونەوەمان هەیە لەمەولا تۆش لەگەڵ خۆمان دەبەین. پێمبڵێ بزانم شتی هونەری لە کار و ئیشی ژناندا چی دەزانی، ڕەقس و سەماکردن دەزانی؟ بەم ژنانە و

١٤- گڵکۆیەکی پیرۆزە لە کرماشان. گۆیا خزمەتکاری حەزرەتی مەعسوومە بووە.

دەستەخۆشکانەت دەناسێنم، جارێک لە نزیکەوە لەگەڵیان دانیشی قەت حەز ناکەی لێیان دوور بی، ئیتر هەر لە ئێستاوە دڵت مەکووژە، دڵت تەڕەی بخوازیٚ!

هوما سەری بۆلای ئاسکە وەرسووڕاند، سەرەڕای گشت پەژارە و چارەڕەشی خۆی زەردەخەندەیەکی خستە سەرلێوی، بۆ ئەم تەوسەی پێیدادا، ئەگەر لەم سەعاتەدا مێردێکی بە دڵی خۆی دەست بکەوتایە چەندە خۆی بە بەختەوەر دەزانی، ئاسکە زۆر خۆمانە بە گوێیدا چرپاند:

ـ تۆ ناڵێی سێ تەڵاقەت لێوەرگرتووە، تازە بیری لێمەکەوە، پیاوی ئاوا هێندە بێقیمەتە بۆ ئەوە نابێ پێڵاوەکانتی پێهەڵبگری، هەموو کەس منەتت دەبا، لەوانەیە خۆشبەختی تۆ لەوەدا بووبێ تاسەر ژنی ئەو کابرایە نەبی، تازە لە دووی چووان مەچوو، بەڵێنت دەدەمێ کوڕێکی جوانچاکی نێوقەد باریک و خاوەنعەسڵ و نەسەبت بۆ ببینمەوە بەرد بنێتە سەردڵی کۆنە مێردەکەت، چاوی بەرایی نەدا لەم شارەدا دانیشێ و لێدا و بڕاوات. با بچین بۆ نێو ژنەکان لەگەڵیان ئاشنا بی، تۆ لەگەڵ ئەوان ڕووت خۆشبێ، ئیتر تەواوە، ژن با مانگی چاردەش بێ، با بەژن و باڵای جوانیش بێ، ئەگەر ساردوسڕ و بێ دەمودووذ بێ ئەوە بزانە دەرگای بەختی لەسەر داخراوە، تۆ بزانە دایکەکەم، بولبوول کە ئاشقی گوڵ دەبێ بەخاتری جوانییەکەی نییە، بەهۆی بۆن و بەرامەی خۆشیەتی، ئافرەتیش وایە سەرو زمان خۆشی کەمەندی دڵی پیاوە، لە بیرت نەچێ، ئەوێ جێی دەستلەئەژنۆ وەرێنان و شینگێڕان نییە، ئەوێ شوێنی ڕەقس و سەمایە جێی گۆرانی و قاقا و پێکەنینە.

هوما لە بنەوە فرمێسکەکانی هەڵقوڕاند و گوتی:

ـ خوا ماڵت لێتێک نەدا، ئاسکەخاتوون، قەتم چاکەی تۆ پێنادرێتەوە، تا ئەوڕۆژەی ماوم کەنیز و قەرەواشی کەوشەکانی تۆم. (لەوەدابوو دەستبکاتەوە بە گریان بەڵام خۆی ڕاگرت.) تۆ برۆ منیش بەدوای تۆدا دێم.

ئەو ڕۆیشت و هوما زۆر بێتاقەت لە جێی خۆی هەستاو چووە بەردەم ئاوێنە چکۆلەی سەر تاقەکە. نەختێک بە خۆیدا ڕوانی و بەو دەستماڵەی بە دەستییەوە بوو چاوە تەڕەکانی وشک کردەوە، دەرگای مجرییەکەی کردەوە و دڵ پڕ لە خەم سەیری وێنەی زارۆڵەکانی کرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە شوێنی خۆی داینانەوە، مژۆڵەکانی ڕێکوپێک کردەوە و بە نەرمی دەستێکی سووراو و سپیاوی تەنک بە گۆنایدا هێنا، جارێکیتر بە وردی سەرنجی ڕوخسار خویدا، بە هۆی پەژارە و گریانەوە تۆزێک ژێر چەناگەی هەستابوو، ئەمەش ئەوەندەیتر ملو بەرگەردنی جوان کردبوو، هەوری گریان و خەفەت هێشتا بە ڕوخسارییەوە مابوو، هوما پێیخۆش بوو سەیمیران بەم حاڵەوە ببینێ و بزانێ

گریاوە، ئەوە کامە ژنە، ئاوا تەمەنی کەم بێت و حەز نەکا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و ماڵ و ژیانی خۆشی هەبێ لەگەڵ مێردی باش دانەنیشێ و ملدانەخات؟ بەم هەموو دەرد و خەفەتەوە، کە تێکەڵ بە فکر و خەیاڵن، ڕێگە نادەن بۆ چرکەیەک منداڵەکانی لە بیر بچێتەوە، قسە و هیواپێدانی ئاسکە دڵدانەوەی ئەم خاتووونە بەڕێز و ئەو سۆز و عەشقەی کە سەی‌میران بۆ ئەو هەیەتی زۆری خۆشی لە دڵ دەچەند و بەوجۆرەی فکری لە میران دەکردەوە ئاسۆیەکی ڕوونی لە بەردەم خۆیدا دەبینی. لەوە دڵنیابوو ئێستا سەی‌میران بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و ئەلاقەوە چاوی لە دەرگاکە بڕیوە تاکوو هەر ئێستا تیشکی یەزدان دەربکەوێ و بیدا لە تاریک‌خانەی دڵی پڕ لە تاسەی، دەیزانی کوێر چەندە بە تەمای چاوە، میرانیش ئەوەندە بە هیوای ئەوە، هەر بۆیە دڵی بە ژیانی داهاتووی خۆش بوو، حەزی نەدەکرد ڕوومەتەکانی سیس و ژاکاو دیاری بدا، بەر لەوەی لە دیوە چکۆلەکە بچێتە دەرێ دیسانیش لە سووچی چارشێوەکەوە سەیرێکی خۆی کرد لە ئاوێنەکەدا، زەردەخەندەیەکی ئاشقکووژی تاقی کردەوە بە لێوە تەڕەکانی، هەر ئەو بزە شیرینەی کە بۆ یەکەمجار دڵی میرانی پێ ڕاو کردبوو.

## بەشی شەشەم

بەڵێن وابوو هوما دوو سێ شەوێک وەک میوان لە ماڵی سەیمیران بێ، بوو بە هەفتەیەک و هەفتە بوو بە پازدە ڕۆژ، نەبرا لێیپرسی و نە کەسێک هات بە شوێنیدا، ژنە پێی خۆشبوو لەو ماڵە بمێنێتەوە کەیفی لە ڕۆیشتن نەبوو، وەک ماڵی خۆی دەهات و دەچوو خەریکی کارکردن بوو، وادیاربوو بەم بارودۆخە قایلە، لەو ڕۆژەوە پێی نابووە ئەم ماڵە قەڵەو و جوانتر ببوو، بەیانان بەر لە هەموویان لە خەو هەڵدەستا و لە چاڵاوەکە ئاوی هەڵدەگوێزا و ڕەژی دەگەشاندەوە و سەماوەری تێدەخست، منداڵەکانی ئاسکەی لە خەو هەڵدەستاند و دەستی بیژەنی دەگرت و بە قسەی خۆش دەیبرد لەسەر حەوزەکە دەست و دەموچاوی بۆ دەشووشت، فێری کردبوو سەری بە لایەکدا شانە بکا، لە نێو منداڵەکانی ئاسکەدا ئەوەیان کە نەدەچووە قوتابخانە زورتری خۆشدەویست. دایمە بە شوێنییەوە بوو، شەوانە تا خەوی لێدەکەوت چیرۆک و هەقایەتی بۆ باس دەکرد، زۆرجار قاچیان دەکێشایە ژێر کورسی و قسەی بۆ دەگێڕایەوە، هەروەختێ باسی گوند و گوندنشینی بۆ دەکرد، هەرچەندە پشتاوپشتی لە دێهات هاتبوونە سەر دنیا و بە نان و ئاوی لادێ بەڕێچووبوون بەڵام چۆن خراپ بوو ئاوا زەمی لادێ و ژیان و گوزەرانی دەکردن و بە تیتاڵی و دزێوی ناوی دەهێنان! دەتگوت ڕەنگە ئەوە دەبێ وەلەدی تاران بێ و قەت داری گەنمی نەدیوە، زۆربەی کۆبوونەوەی ئافرەتەکان لە نێوان کاتژمێر دووەوە تا چواری ئێوارێ درێژەی دەکێشا، پێیان دەکێشا ژێر کورسی گەرم، بێخەم و خەفەت بازاڕی گاڵتە و جەفەنگیان خۆش دەکرد ئەوەش تەنیا بۆ کاتڕابواردن و دڵخۆشی خۆیان بوو. میوانی مەشرەفخۆشی ئاسکە زۆری سەربردە و نەقڵ و نەزیرەی خۆش دەزانی، ئەوانەی گوێبیستی دەبوون قاقا پێدەکەنین و لەسەر گازەرای پشت دەکەوتن. ئیتر هەروەک ئاسکە بۆی ڕوون ببۆوە، هوما جگە لە کێشەی منداڵەکانی لەوێرا چوار پێنج ساڵ دەبوو هەوای شاری هەڵمژیبوو لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ڕاهاتبوو، قەت ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە و بۆ هەمیشە لە لادێ بژی.

جارێک لە زمانی خۆیەوە بیستبووی: ئاسکەخاتوون تۆ خۆت فکری لێبکەوە، ژیان چەندە لە گوندی دشوارە، منێک ئەگەر هەفتەی جارێک و دووجار نەچمە گەرماو گوزەرانم لێهەڵدەگیرێ و

دەڵێی دنیا بەسەر سەرمەوەیە، کەوابێ من چۆن دەتوانم لە دێدا بژیم، خەڵکی دێهات جارێ چی لە گەرماو و پاکو خاوێنی نازانن، خۆ ئەگەر فێری ژیانی شار نەبام بۆم گرینگ نەبوو منیش سایلی ئەم خەڵکە، جگە لەوانەش، نە هاوژینێکی باش شک دەبەم، نە دڵم لەوێ خۆشە، هیچی نییە کە من دڵی خۆمی پێخۆش بکەم! چخوا بەرداره، تەنیا شەخس و چاکێک هەیە بە ناوی «وەیسی قەرەنی» زیاتر ژنان دەچنە سەری و داوای مرادی خۆیانی لێدەکەن و داوای لێدەکەن لەلای یەزدان بۆیانا بپاڕێتەوە، بەڵام خوشکێ هەروەک نەفەرێکی قسەخوش دەیگێڕایەوە جارێک بۆ مەرازی دڵی خۆی چووبووە سەروەیس ئیتر بۆ هەمیشە تەمبێ بووە هەتا ماوە بەم شاخ و کێوەدا هەڵنەگەڕێ! دەیگوت وەیسی چی ، خوای لێڕەزا بێ دەڵێی عەرزی خودا قات بووە لەسەر ترۆپکی ئەم چیایە وەفاتی کردووە، نە داری لێیە، نە ئاو و نە ئاوەدانی. ڕێگە دوور هەڵەموت تەواو ڕۆژە ڕێیەکە تا دەچییە سەرێ، ئەوەیە شوێنێک کە خەڵکی چۆخەسپی دڵیان پێیخۆشە و دەچنە زیارەت و سەیران بەسەر نووکی ئەم شاخەوە، ئاوایی چی! ئەگەر باخێکی هەبێ ئەوە مڵک و ماڵی ئاغایە و ڕەعیەتی هەناسەسارد مەگەر بۆ پمەڕەکاری و بێگاری بچێتە ئەوێ، دەنا پێی بەوێدا بچێ لاقی دەشکێنن، بەڵام خوا بیبڕێ چی لەوێ زۆرە مێشەکوێرە، مێشوولە چاوی ئینسانی دەردێنن! مێشوولەی مالاڕیا ئەگەر بە فیلەوە بدات یەکتەختە لە عەرزی دەدا، وەختێ شەو دادێ ژیانی ئەم خەڵکە ئیتر ژیان تازە ژیان نییە، خۆهەڵکڕاندن و خۆخوراندنە، لەولاشەوە بۆنی پەینو پاڵ و دەوە و تەپاڵە هەر بۆ باس کردن نابێ. ئاوی چۆخە سپی بۆ خراپی بەناوبانگە ئەوەی لێیبخواتەوە زگی وەک مەشکە هەڵدەستێ، ئیتر من چۆن بەم دێیە دڵ خۆش بکەم، وەسیەتبێ ئەگەر مردیشم لەوێ مەمنێژن، جا نازانم خوانەکا ڕۆژێک کوڕە مامم بێ بەشوێنمدا و بە زۆر بمباتەوە قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆمدا، دەبێ من چبکەم؟

جوانی و نازداری و ڕەوتو لاری ئەم تاووسی خواییە، قەت لەگەڵ ژیانی لادێ حاواوە نەبوو، ژیانی سادە و ساکاری لادێ بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە با لەولاوە بوەستێ میوانی ئاسکەخاتوون ڕۆژی بەرێ یەزدان بۆ شارنشینی ساز کردبوو، هەر بۆیە بە دڵ و بە گیان لەگەڵ خاسو خراپی شار تێکەڵ ببوو، بە هەموو شتێکی شار سازگار بوو، وەک چۆن ماسی بەبێ دەریا ناژی ئەویش بەبێ شار وشک دەبوو! هەروەک حسێنخانی تەپڵچی دەیگوت، ئەم ئافرەتانە وەک داری گوڵەباخوان بەر لەوەی تاو بکەوێ چرۆ دەردەکەن و خونچەیان دەپشکوێ، خۆ ئەگەر هوما دەنگیشی نەکردبایە، هەموو مرۆڤێکی ژیر و وشیار دەیزانی ئەم ژنە تازە ناچێتەوە بۆلای دێ و

دەست لە شار هەڵناگرێ، ئەم ڕاستییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە ئەدگاری ئەم ژنەوە دەردەکەوت، هەڵبەت ئاسکەش لەو نێوەدا نەیدەتوانی گوێ بە هیچ نەدات و بێخەم دابنیشێ، پێیوابوو کەس بۆی نییە قسە لە کاری خوادا بکا، بەڵام چوونەوەی هوما بۆلای کۆنە مێردەکەی زۆر ئەستەم بوو. ئاسکەی نەرمونیان و بێخەبەر لە دنیا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدەم فکر و خەیاڵەوە ئاڵۆزتر دەبوو.

ئەوە پازدە ڕۆژی تەواوە سەیمیرانی مێردی شەوانە ناچێتە ژوورەکەی خۆی لەلای ئەوان بخەوێ، لە ژووری میوانان دەنوێ، ماڵەکە ئەو حاڵو هەوایەی جارانی نەمابوو، ئاسکە بەینێک بوو ئەمەی دەزانی بەڵام وەڕووی خۆی نەدەهێنا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کە تێپەڕ دەبوو، لەو ماڵە خۆشەی جاراندا، ئەمڕۆ، هەستی بە گریمانەیەک دەکرد، ئەویش هوما بوو لە هەر ساتو کاتێکدا کە لەگەڵ میران چاویان تێکدەچەقی، لە دڵەوە خودا خودای بوو هەرچی زووتر برایەک یان ئامۆزایەک کە دایمە هەڵیاندەکێشێ و لە تاریفاتیان تێر نابێ بێن و پیلی بگرن و لەگەڵ خۆیان بیبەن، ئەگەر وایلێهاتبایە ئیتر خۆی دەیزانی چی بکا، ئەگەر ڕۆیشتبایە چ لەوە باشتر، دەنا ئەوکاتی کاسەی خۆی جوێ دەکردەوە و نەدەبووە دمەڵی نێوچاوانی. جل و پەلاسی زۆری دەدایە و ئەویش یەکێک بوو وەک باقی هاوساکان لە ژووری ئاودارخانەدا، ئاسکە کاری بە کاری نەدابوو. تا ئەو ڕۆژەی مێردی دەکردەوە لەوێدا دەماوە، خەرج و گوزەرانی ئافرەتێکی لێقەوماو بۆ ئەوان بارگرانی نەبوو، هەر ئەو خواردنەی بۆ خۆیان درووست دەکرد بەشی ئەویشی دادەنا، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ پێوکەوشی لەوێ نەکەوێ بە منداڵەکانیدا سێژەمە خواردنی بۆ دەنارد. بیری لەوەش کردبۆوە کە ئیتر لەمەولا کاری پێدا نەدات و داوای یارمەتیشی لێنەکا، هەرچۆنێک بێ بگەڕێتەوە بۆ دۆخەکەی جاران.

ئاسکەی بەستەزمان بۆ ساتێکیش وانەبوو هەوری فکر و خەیاڵی لە ئاسمانی بیر و ئەندێشەیدا بڕەوێن. بەڵام شتەکە بەلایەوە ئەوەندەش خەست نەبوو بە یەکجاری عەزابی بدات و کارێکی وابکا میوانەکەی پێبزانێ کە بۆتە مووی بەرلووتیان، یان سەیمیران لێی بڕەنجێ و بە ناحەزی لەگەڵی وەجووڵێ. ئاسکە لەو ماوەیەدا کارێکی نەکرد جیرانەکان پێبزانن.

بەیانییەک هەروەک ڕۆژانی پێشوو چووبوو لە وەتاغی پێنج دەرگا جێوبانی مێردەکەی کۆ بکاتەوە «ئەم وەتاغە ئەگەرچی سێ پەنجێرە و دەرگایەکی زیاتری تێدا نەبوو، پێیان دەگوت پێنج دەری» لە کاتی گەسکدانی ژوورەکە تێپەڕیبوو پەردەکانی لادا و پەنجەرەکانی کردەوە و شەپۆلی هەوایەکی بەهاری هرژوومی کردە ژوورێ، بەرامەی کۆنی نێو دیوەکەی شاردەوە، تیشک و

ڕووناکی بە تەواوەتی باوەشی بە وەتاغەکەدا کرد. لە حەساریَ ژنەکان کاردار و بێکار لەسەر لێواری حەوزەکە دەوری سەفییەخاتوونیان دابوو قاپ و کەوچکییان دەشووشت بەدەم زریکە و شریخەوە قسەی بۆ دەکردن. هوما لەلایان دانیشتبوو، ئاسکە دەستەنوێنەکەی پێچاوە و لە جێگای خۆی دانا، گۆشەی فەڕشەکەی هەڵداوە بزانێ مۆریانە لێی‌نەداوە، لەسەر ڕیشکۆی فەڕشەکە چاوی بە قژگیرەیەکی ئاڵتوونی کەوت، یەکەمجار وای‌زانی قژگیرەی خۆیەتی، بەڵام وەختێ دەستی‌دایە بەرچاوی تاریک بوو، تەزێک بە سەریدا هاتوو لەبەر پێیەوە دەرچوو! ئەو قژگیرەی وای‌نەبوو، گیرەکانی خۆی ڕەش بوون، گلارەی کچی بە مۆدی قوتابخانە بسک و کاکۆڵی لادەدا و بە پارچەی سپی دەیبەستێ، ئەم قژگیرە ئاڵتوونییە تای ئەم گیرانەیە هوماخانمی میوانی لە قژی دەدا، چەند چرکەیەک بوو بە دەستییەوە ئەمبارەوباری دەکرد، لێوی خۆی دەکرۆشت و پێیدا دەڕوانی. گەسکەکەی لە دەست بەربۆوە، لە ڕاستیدا چەند ڕۆژ لەوەپێش هوما وتبووی دانەیەک لە قژگیرەکانی لێ‌بزر بووە، بەڵام چاوی ئاسکە خانم ڕوون! قژگیرەی ئەو لە ژووری خەوتنی سەی‌میران چیدەکا؟ حەفتەیەک لەوەپێش بوو هوما لەچکەی سەری فڕێدا، دەیگوت پێی‌ڕانەهاتووم ملم عەزیەت دەکا بڵێی ئەو ژنە، کەی هاتبێتە نێو وەتاغی پێنج دەرییەوە؟ چۆن هاتبێ؟ بۆ دەبێ ئەو پێی‌نەزانیبێ؟! قەت باوەڕی نەدەکرد لەگەڵ سەی‌میران کەین‌وبەینییان هەبێ، بە خۆی گوت دڵت چابێ! ناحەقی نەبوو لەو ژوورەدا کاس‌و وڕ بێ، ئەم ژنە شەو و ڕۆژ لە بەردەستی خۆیدا بوو تەنانەت بۆ نوستنیش لەلای خۆی بوو، وەختی خەوتن ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی لە دیوی خۆیانەوە هەڵدەپێکا، ئاسکە ژنێکی خەوسووک و لەسەر هەست بوو، شەوانە تاکوو دڵنیا نەبایە لە تەواوی دەرگا و پەنجەرەکان سەری نەدەکردە سەر سەرین. ئاسکە بە تەواوی مانا کەی‌خاتوویەکی ڕێک‌وپێک بوو لەو ماڵەدا، بۆ هەمووشت بەمشوور بوو، لە ماڵێکی ئاوا گەورە ماڵدا، هەر لە کاروان‌سەرا دەچوو ئەگەر گەورەیەکی باشی تێدا نەبێ دوو ڕۆژی پێ‌ناچێ داری بەسەر بەردەییەوە نامێنێ، دوور نییە یەکێک خۆ دابگرێ و لە کات و وەختی باش‌دا فرسەتی دەست‌بکەوێ و دەستی خۆی بوەشێنێ، لەوکاتەوە کە مێردەکەی بە تەنیا دەخەوت شەوانە بە دەنگێکی بچووک ڕادەپەڕی گۆڕانێکی ناخۆش لەو ماڵەدا پەیدا ببوو، شەوانە تا بەیانی لە خەو و بەخەبەریدا بوو، دڵنیا بوو لە ژووری میوانان، لە دیوەکەی خۆیان دەترسا، لەسەر ئاڵقەڕێزەکەوە قفڵێکی پێدا دەکرد بۆ خاترجەمی. ئەی بڵێی؟! یانی؟!

ئاسکە وای‌دەزانی وریای هەمووشتێکە، دایمە چاوی بە سەریەوە بوو، قەت ڕوخسەتی ئەوەی نەدەدایە وەختی نووستن بۆ چرکەیەک بچێتە ژوری مێردەکەی، کەمتر وابوو ڕێگە بدا هوما بچێ جێگا بۆ میران پێدا بدات، یانی بڵێی ئەو ژنە ئەوەندە بێ‌شەرم بووبێ خۆی خزاندبێتە پاڵ سەی‌میران؟ ئاخۆم سەی‌میران بەم تەمەنەوە بەم هەموو دۆعا و لالانەوە و تەسبێحاتەوە، بەم گشتە نوێژ و ڕۆژوو و دینداریییەوە ئاوای لێهاتووە، بەسەر مندا بە دۆش دەژەنێ؟! قەت باوەڕ ناکەم، بەڵام خۆ ئەگەر بێتوو خەریکی دزەکردن بێ زۆری پێناچێ تەقەڵی دەردەکەوێ.

ئاسکە لەپڕ شڵپێکی لە خۆیی‌دا و بەم ڕق و قینەوە کە هاشاوڵی بۆ هێنابوو خۆی گەیاندە بەرپەنجەرەکە بۆ ئەوەی بانگی هوما بکات و لێی‌بپرسێ، ئەوەیە قژگیرەکەی تۆ وا لێی‌دەگەڕای؟ با بزانێ ژنە چ وەڵامێکی دەداتەوە، بەڵام لەوکاتەدا هوما چووبۆوە دیوەکەی خۆی، ئاسکە بۆ ماوەیەکی کورت لەبەر دەرگا ماتڵما، لەو بڕیارەی دابووی خێرا پەشیمان بۆوە، گیرەی بسک و ئەگریجەی خستە گیرفانی و ڕۆیشت بەلای کارەکانی خۆیەوە. وەختی ئەم پرسیارە نەبوو هەڵی‌گرت بۆ کاتی خۆی. سەیریش نەبوو ئەم قژگیرە بێ‌نرخە هی ئەم ژنە ماڵوێرانە نەبێ، لەو ڕۆژەوە کە ئەو ژنە هاتبووە ئەم ماڵە تەنیا جارێک هەڵکەوتبوو پێی بنێتە ئەم وەتاغە گەورەیە، ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە لەچکەی بە سەرەوە بوو، لەوەپێش‌تریش لە ڕەمەزاندا جارێک خاوو خێزانی ئازەرنۆش ڕەئیسی بەشی دەغڵو دان دوانیوەڕۆیەک میوانیان بوون، لەوە نەدەچوو قژگیرەی بسکی دایک و کچەکانی بێ، لە نیوەی ئەو مانگە پیرۆزەدا بوو بنەماڵەی بەڕێز حاجی لەتیفی تارانی دۆستی خۆشەویستی مێردەکەی لەگەڵ دایک و نۆکەر و منداڵان دەچوون بۆ زیارەتی کەربەلا دوو شەو میوانی سەی‌میران بوون و لەو وەتاغە گەورەدا نووستن. بەڵام ئەم پیرێژنە کە لەبەرچاو کوڕەکانیش دەست‌نوێژی هەڵنەدەگرت قژگیرەی لەکوێ بوو؟ لەورۆژەوە تاکوو ئێستا دە جاری ئەم ژوورە گەسک داوە، شتی وانابێ، ئەم گیرەیە دەکرێ گیرەی سەری هوماخانم بێت. دڵاودڵی ناوێ و بۆی مەگەڕێ.

ئاسکە دەرگا و پەنجەرەکانی پێوەدا و چووە حەوشە هوماش لەگەڵ ئەو گەیشتێ، مەهدی بە باوەشەوە بوو لەگەڵ کچەکەی سەی خاتووسەفییە خۆیان وەبەر تیشکی خۆر دابوو قسەیان دەکرد. ئاسکە چووە پەنایان ڕاوەستا، ژنە چارشێوەکەی لە سەری داگرتبوو لەبان سمتی گیرسابۆوە، بە ئەداو ئەتوارێکی جلفانە ڕاوەستابوو لەسەر پاژنەی لاقی خۆی با دەدا، بە شێوەیەکی چاو پڕ لە هەوەس و نێرخوازانە لەنجەی دەکرد، ئاسکە بە دوو چاوی پڕ لە قینەوە پێی‌دا ڕوانی،

دەیویست بزانێ ئاخۆم بەڕاستی ئەو حەیا لێهەڵگیراوە، وادەزانێ تازە بلویرەکەی ئاو بردوویەتی بۆ پیاوەکەی چۆتە ژووری؟ لاگیرەکەی سەری لەبەر تیشکی خۆر بریقەی دەهات لەگەڵ ئەوەی ئاسکە دۆزیبوویەوە تای‌یەک بوون. هەرچەندە ئاسکە تەواو دڵنیا بوو بەڵام سەبری گرت بزانێ چی بەچی دەکا: ئەگەر حەزی بکردایە لێی لەقاو بدات ئەوە بە باشی دەیتوانی و زۆریش هاسان بوو.

ئەم گومان و خەیاڵاتە وای لە ئاسکە کرد ئیتر لەمەولا زۆر چاوی بەسەر هوماوە بێت و بە وریاییەوە سەرنج بداتە هەڵسوکەوتی مێردەکەشی. بەمجۆرەی سەید قسەی بۆ کردبوو تەواو دڵی کرمێ ببوو لە ئاشنایی ئەم سەید و زەندییە! بەم ڕووگرتن و چاوبەستانەیدا لەبەردەم سەی‌میران تەواو دەرکەوت فێڵ و دەهۆیە و ئاسکەی بەستەزمانی پێدەخەڵەتێنن، ئەو قەڵفڕێن و دیزە بەدەرخۆنە کردنەی میرانیش دیاربوو هێلکە لە قەل شاردنەوەیە.

پیاوە شاڵسەوزەکەی ئەوجاران بەیانی زوو لە ماڵ وەدەر دەکەوت و دەچوو بەلای کەسپ و کاری خۆیەوە و نیوەڕۆ، یان تاریکانی شەو دەهاتەوە، بەڵام ئێستا لەو وەختەوە ناسکە هوما پێی ناوەتە ئەم ماڵە ڕۆژ نییە بەبێ هیچ کارێک دوو سێ کەڕەت خۆ بە ماڵێدا نەکاتەوە. پەڵە هەورێکی بە عاسمانەوە دەکردە بیانوو ملی دەنا لە باگردێن لێدانی سەربانەکان، شێوکردنی باخچە و دووکانی سەوزە و کەوەر، هەڵپاچینی سەرو گوێلاکی شۆڕەبییەکەی حەسارێ، یان تەنانەت خاوێنکردنەوەی شووشەی دەرگاو پەنجەرەکان. ئەوانە کارگەلێک بوو ئەو پیاوە لە خوداترسە بۆ ئەوەی بیانووی دەستبکەوێ خۆی پێوە سەرقاڵ دەکردن. هەروەختێ لە ژوورەکەدا بە دەوری یەکدا کۆ دەبوونەوە و هوما لەوێ نەدەبوو، سەی‌میران خێرا منداڵێکی دەنارده شوێنی، دەیگوت:

ـ گوناحە بە تەنیا بێ، ڕەنگە هەست بە غەریبی بکا، یان بە خەیاڵی خۆی وابزانێ لێی وەڕەز بووین.

هەروەک بە نەبوونی هوما مات بوو کەسی نەدەدواند، دەتکوت کەرەکەی تۆپیوە. بە عالەمی ئاشکرا وەختێ ئەو دەهات و لەگەڵیان دادەنیشت کەیف کەیفی خۆی بوو. قسەی خۆشی دەکرد و بە گەرمی دەیدواندن و پێدەکەنی. هەر دەتگوت حەوت مێشی لە کونێکدا دیتۆتەوە. بە سەعات لە گوێی کورسی دادەنیشت و وەک مریشکە بەکورک جووڵەی لە خۆی دەبڕی و لە ماڵ نەدەچووە دەرێ، هەروەک هیچ کارێکی نەبێ، ئەو کارو کردەوەی میران تارمایی ڕەشی بەسەر ماڵەکەدا هێنابوو، زۆرجار دەچوو دەستنوێژی هەڵدەگرت و بەبێ ئەوەی ڕکاتێک نوێژ بخوێنێ بەرگ و لیباسی بکاتەبەری و لەماڵ دەرچێ، دەهاتەوە سەر جێگاکەی خۆی دادەنیشتەوە. قوتووی جگەرەکەی لە گیرفانی دەهێنا دەرێ و لەسەر کورسییەکە دای‌دەنا. سەری قسەیەکی دادەمەزراند،

نەیدەبرپیەوە دەبوو بە حیکایەتی هەزارو یەکشەو ئاسکە وەڕەز دەبوو، بەڵام بە ناچاری گوێی دەدایە و هیچی نەدەگوت بە پێچەوانەی جاران قەت لە شێوو فراوێنی نەدەپرسی و هەرچییەکیان لە بەردەم دانابایە دەیخوارد و دەکشایەوە، لەوەتەی ئەو ژنە هاتبوو بەیانیان پارەی زۆرتری دادەنا و دەیگوت خواردنی باش دروست بکەن. پێیخۆشبوو دایمە سفرەیان ڕەنگین و پڕ بێ و حەزیشی نەدەکرد لە خواردنی بازاڕ کەڵک وەربگرن، دەیگوت سەوزە و کاهوو سفرە دەڕازێنێتەوە، ترشی ئیشتییا دەکاتەوە و مرەبا لە ماڵێ هەیە و پارەی ناوێ. منداڵان هەر ئەوەندەی چاویان لێخافڵ بکردایەن دەچوونە سەر کووپە و مرەبایان لێس دەدا، هەروەختێ ئاسکە بە شتێکەوە دەستی گیرابا، یان خێرا بە دەنگی میرانەوە نەچووبا ئەو نێوچاوی لێتێکدەنا و چاوی لێسوور دەکردەوە. بەیانییەک ئەمری کرد نان و خوانێکی باش بۆ نیوەڕۆ بڕازێنێتەوە، کاتێ نیوەڕۆ هاتەوە بۆ ماڵێ شاگرد کەبابی عەینووڵای وەدوای خۆی دابوو بە تەبەقێک کەباب و نەعناوە، ئاسکە نەیدەزانی ئەم هەموو خەرجکردن و پێدادانە بۆچییە؟ لە داخ و ڕقدا بەشێکی کەبابەکەی دا بە منداڵەکانی خورشید و نوقرە، بۆخۆی دانەیەکی خوارد و بەشی خوشکەکەشی دانا، لەوکاتەدا سفرەی ڕادەخست لەپڕ میوانێکی خۆشەویستی میران وەژوور کەوت کە لەو ماڵەدا ڕێزی لەسەر چاوان بوو. ئەویش ڕەزاخانی ئاشەوان پیاوێکی بە دەهەند و میوانگر بوو، ماوەیەک بوو باری ئەوانی دەبرد بۆ دووکان. هوما خۆی کردەوە بە ژوورەکەی خۆیدا، سەیمیران لە کاتێکدا بەرەوپیری دەچوو بە مەشرەفخۆشییەوە گوتی:

ـ ئاگات لێیە ئاسکە، تۆ دەڵێی بۆچی کەبابت هێناوەتەوە، تۆ نازانی بە دڵ دەمگوت میوانم دێت.

لەو هەموو کەبابە تەنیا دوو شیش مابۆوە، خۆ نەشدەکرا ئەم دوو دەنکە لە پێش میوانی دابنێ و خۆشیان دەم بە قوتەوە بگرن. یان بۆ منداڵەکانی دابنێ و...، ئاسکە خێرا جەلالی نوقرەخاتوونی ڕاسپارد، زوو بچێ سینییەک کەباب بکڕێ و بۆیان بێنێتەوە، ڕەزاخان کوڕی ئەم پیرێژنە قسەخۆشە بوو کە ژنانی لە خۆی خڕ دەکردەوە و خەم و خەفەتی لە دڵ دەسڕین، ئەگەر شیرین خاتوونیش ڕێی لەم کۆڵانە بکەوتایە سەرێکی لێدەدان و ئەحواڵپرسی دەکردن. ورد و درشتی ئەو ماڵە خۆشیان دەویست، ئەگەر دەستو دڵ کراوەیی و بەخشین و پێدادان بە هیچ و خۆڕایی کارێکی شیاوە ئەوە ئەم پیاوە چل ساڵ تەمەنە هەر دەڵێی کوڕە میرە ژنەکەشی نەماوە، ئیتر چ لەوە باشتر، ئەگەر پاروو لە زار داکەوێ بۆ کۆش چاکە.

ئیتر کەی خاتووی ئەم ماڵە لەو ماوەیەدا لەگەڵ مێردەکەی هەستابوو و دانیشتبوو بە هەموو ڕەمزو ڕازێکی میران ئاشنا بوو، دەیزانی هەروەختێ میوانێک دێتە ئەو ماڵە سەیمیران وایدەزانی خەنییان کردووە، پێیخۆش بوو چی شک دەبا لەوکاتەدا لە پێش میوانی دانێ. ڕۆژانە کە دەچووە چاییخانەکان لە نێو دۆستاندا یەکەم کەسێک بوو کە خێرا دەستیدەکرد بە گیرفانیدا، بەڵام بۆ ئەو میوانە بەرز و بەرێزە ئەوەندە خۆشحاڵی لە خۆی نیشان دەدا، وەک ئەوەی لە لووتی فیل بەربووبێتەوە. تەواو شێواز و بەرنامەی ئەو ماڵە گۆڕدرابوو، ئەویش کەسێک کە نەیاندەزانی بە کوێدا هاتووە و لێیان پەیدا بووە، بەیانان ئەگەر دەنگی شیرفرۆش هاتبا و شیریان نەکڕیبا ئەوە ئیتر داری تەڕ و سەڵای سەگ بوو لەو ماڵە، لە ماوەی دوو حەفتەدا چوار جاریان لەو ماڵەدا حەلیم[15] خواردبوو، شەوانە هەرکە پێی دەنا دیوی ژووریێ لە چەشنی کوڕە جحێڵان چاوی دەگێڕا و ویرەویری دەهات، تازە چراتۆڕی سەندبوو هەڵیدەکرد و لە ژوورەکەدا هەڵیدەواسی، دەرو ژوور دەتگوت مانگەشەوە، منداڵان بەردەبوونە قلیو بلی و قسەی خۆش و گێڕانەوەی مەتەڵ و شەوچەرە و کاتڕابواردن. بەم کارانەی وایکردبوو بەیانی درەنگ وخەبەر بێن. جاران کەم دەستبڵاو بوو! ئەمجار خراپتری کرد، منداڵان پووڵ و پارەیان لێوەردەگرت و دەیاندا بە قەڵەم و دەیانتاشی، دەفتەری دوو خەتیان پێدادەهێنا و دەیاندڕاند. نە حیسابێک لەگۆڕێدا بوو نە دەیزانی لە ڕۆژدا چەندەی پارە پێداون. منداڵانیش بۆیان گرینگ نەبوو، گولە و دەرمانی بایزئاغا، شەق لە کەندەڵانی! بە بێئەوەی کەس داوای لێکردبێ شەوێک لە کاتی نانخواردندا ڕووی کردە بارام و گوتی دووچەرخەی بۆ دەکڕێ (پاسکڵ) وەختێ گەورەتربوو موتۆڕسیکلێت، بەختەوەرانە وایلێهاتبوو داهاتی ڕۆژانەی یەک بە دە بوو، کار و بەرنامەی قۆشەن و سپا بۆی ببوو بە دووگی چەور، نێوانی لەگەڵ ناوەندی پیشەیی و شارەوانی لەوپەڕی باشیدا بوو. هەر ئەوشەوەی بڕیاری دووچەرخەی دابوو بە بارام هوما دەستووریدا لە بانگی میللی حیسابی پاشەکەوتیان بۆ بکاتەوە. ئەمە فکرێکی تازە و جوان بوو لەو ماڵەدا، پێی خۆشبوو لەمەودوا هەر وەک ڕابردوو بەم زمانە کۆنە بانگ لە بابیان نەکەن بابە، بەڵکە بیژەن «ئاغا» ئەمەش بیرۆکەیەکی باش بوو. هەروەک لە ناخەوە بابی جەلال و بارام یەکیان نەدەگرتەوە، دەبوو لە ڕواڵەتیشدا هەروابن. ئیتر هەر لەو وردە پێشنیارانەی کە ئەو دەیدا و ئاسکەش حەزی پێدەکرد ئەمەبوو بۆچی ئەم منداڵانە دەبێ لە ماڵەوە

---

١٥ خواردنی بەیانان؛ پێکدێ لە گەنم و گۆشتی کوتراو، بە شەکر و ڕۆنەوە.

به کوردی قسه بکەن! هەر ئەوە بۆتە هۆ نەتوانن لە دەرێ لەلای فارس‌زمان، زمانیان بگیرێ و قسەیان بۆ نەیەت، بۆ ئەوەی زمانیان ڕەوان بێ با بە فارسی باخێون. بۆ دەبێ هەروەک بنەماڵەی ئاغاواتان کۆت و شەڕواڵ لە پێ نەکەن و بە بێژامەوە لە ماڵێ دانەنیشن باشوایە ئەم جلوبەرگە کوردییە ئیتر لەبەر نەکەن و پاتۆڵی جافی شیاوی عەشایر و لادێ‌نشینانە! بۆ هەر یەک لە منداڵەکان ناوێکی داتاشیبوو، وەک شابارام و بیژەن‌خان، نەک هەر ئەو خاوو خێزانە، بەڵکوو هەوڵی دەدا بە زمانی لووس ئەوەی لەو حەسارەدایە بۆلای خۆی ڕابکێشێ، درۆ نییە کە دەڵێن دووپشک بە کلک پێوە دەدا ژن بە زمان. هەرچەندی ڕەفتار و هەڵس‌وکەوتی سەی‌میران سەبارەت بە ئاسکە گەرم و لەوپەڕی باشیدا بوو بەڵام ئاسکە هەستی بەوە کردبوو ئاسمانی ژیانی هەورو هەڵا گرتوویەتی، کوانووی وەفا و موحیبەتی میران تەواو سارد بۆتەوە. ئیتر بتەوێ و نەتەوێ ئەو پیاوە وەک جاران نەمابوو. ئاسکە ئەم نەهامەتییانەی تەواوی لە چاوی هومادا بەدی دەکرد. دەڵێن مار خۆشی لە سیر نەدەهات دەچوو لەبەر دەرگای کونەکەی شین دەبوو. لەبەر سەی‌میران زاتی نەبوو ئەگینا چارەی نەدەویست، هەر وەک خاتوو سەفییە دەیگوت، ئەو چۆلبڕەی سەی‌میران تازە پەیدای کردووە، وەک ئاوری ژێر کا وایە. بە شەوی تاریک دە لیزگە ملوانکە دەهۆنێتەوە و ناهێڵێ کەسیش پێ‌بزانێ، خۆ ناشکرێ تەواوی خەتاکە بخەینە سەرئەستۆی هوما، وەختێ سەی‌میران لە ماڵ نەدەبوو دەچووە دەرێ، ئەوندە خانم و خاتوون بوو جیرانەکان سوێندیان بە سەری دەخوارد. خۆ ئەگەر سەی‌میرانی لێ‌دەربچێ زۆر بە بێ‌ئەهەمییەت لە پیاوەکانی دەروجیرانی دەڕوانی، وەک گوڵمحەممەد و ئاغاجان، تەنانەت کوڕە جحێڵەکەی خاتوو سەفییەش، هەرچەندی ڕەبەن و ڕێک‌وپێک بوو، وای‌نەدەزانی سەریشی پێوەیە، بە سەری ڕووتی بە پێش چاوی باربەرەکانی ئاشەواندا دەهات و دەچوو، وەختێ عەسر سەی‌میران دەهاتەوە گەنم بدا بە حەمباڵەکان و بەڕێیان بکا، هەر ئەوەندەی دەنگی پێی دەبیست خێرا خۆی دەگەیاندە چادرەکەی، دەنا لەچکە و چارشێوی ژنێکی دەڕفاند و دەیدا بەسەر سەریدا، یان خۆی دەخستە ژێر چارشێوی یەکێ لە خانمەکان. ئەگەر ئەمەشی بۆ جێبەجێ نەبوایە لە پەنایەکدا خۆی دەشاردەوە. بەهەر شێوەیەک لە دەستی هاتبایە ڕووی خۆی دەشاردەوە نەکا بە سەری ڕووت خاوەن‌ماڵ ببینێ. چەند جارێک پێش هاتبوو سەید ڕوو بکاتە وەتاغە گەورەکە و هەر لەبەر دەرگاوە بە گەرم‌وگوڕی سەری قسەیان دابەستبوو. بەڵام ئەم ژنە زۆر لەوە وریاتر بوو، کە ئەوان بیری لێبکەنەوە، خێرا قاوی دەکرد لە منداڵەکانی سەی‌میران بۆ ئەوەی بە تەنیا نەبێ گلارە یان بیژەنی لەلای خۆی گل‌دەداوە، هەیوانی وەتاغە

گەورەکە لەوپەڕی دەرگای حەساریَ بوو، وات‌دەزانی بەرهەیوانی جیرانی ماڵی میرانە. وەختیَ سەی‌میران لە هەیوانەکەدا لەگەڵ هوما خەریکی قسە و باسی خۆیان بوون، ئاسکە چوو لە باخچەکە خۆڵەمێش بێنیَ، دەفرە دارینەکەی پیَ‌بساویَ، بشزانیَ کەیخودا میران بۆچی بەری ناوە بە بەری هوماخانمەوە. میران بۆ ئەوەی بیژەن هەڵفڕێنیَ پووڵی پێداو ناردی لە دووکانی دەریَ شەمچەی بۆ بکریَ. هوما بە شڵەژاوی بیژەنی ڕاگرت، لەوکاتەدا کە لە ژووریَ دەهاتە دەریَ گوتی: کوڕەکە مەنێرە دەریَ هەرئێستا شەمچەت بۆ دەهێنم. ئاسکە بۆ ئەوەی کارێک نەکا ئەوان پێی‌بزانن سووسەی کردووە، خۆی کردەوە بە مدبەخەکەدا، وەختیَ هوما شەمچەکەی لەو وەرگرت و دایەدەست میران و گەڕایەوە حەسارەکە، تەواو ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو دەتگوت نقورچکی لێگیراوە، بۆ ئەوەی قسەیەکی کردبیَ گوتی:

ـ ئێوە بێجگە لە قەند و ڕۆن و ئارد و برینج، ئەو ڕودە شتانەی‌تر تاق‌ولۆقە لە بازاڕ دەکڕن، ئەمەش بە بڕوای من وەختیَ بە دەستەوە هەیە و جێبەجیَ دەبیَ بە یەک‌کەڕەت تەواوی ئەو شتانە بکڕە و لە ماڵدا دایَ‌نیَ، وەکوو نەوت، برنج، بیبار، زەردەچێوە، شەمچە. قسەکەم بە ئیراد وەرمەگرە، کاتێک کەی‌خاتووی بەندکراوی ماڵ بووم بە ئاواتەوە بووم ئاوا بە ڕێک‌وپێکی ماڵ بڕازێنمەوە، بەڵام مێردەکەم هەو نەبوو هیچ حیسابێکی بۆ من نەدەکرد، تاکوو منیش بۆی بکەم، بەڵام خۆ ئەگەر مەڕمان نەبووە لە پەرێزیَ، پشکەڵمان دیوە لە هەوێزیَ. بە ئاغای بیژەن‌خانم وتووە پووڵ و پارە دانیَ، ئەم دوانیوەڕۆیە دەچین لە بازاڕ تەواوی ئەم کەل‌وپەلانە دەکڕین و دەی‌هێنینەوە، شتی چکەچکە بەرەکەتیشی نییە.

هەرچەندە ئاسکە، فکر و خەیاڵ دەی‌هێنا و دەیبرد بەڵام ئەم بیرۆکە و بەرنامەگەلەی هومای زۆر بەدڵ بوو. خاتوو سەفییە لەوکاتەدا پاڵی‌دابوو بە دەرگای مدبەخەکەوە، نێوچاوانی تێکنابوو. سەی‌میران لەوکاتەدا بەتەما بوو بچێتە دەریَ خۆی گەیاندە بەردەم ژنەکان، سەرەڕای تەواو نەبوونی پێشنیارەکانی هوما، بە خوڵک و خوویەکی خۆشەوە ڕووی کردە میوانی لەبەردڵانی و گوتی:

ـ کەوابیَ هەروەک وتت لەمەولا شەمچە و تووتن و پەڕی من دەکەوێتە خۆڕایی؟ ئیتر چ لەوە باشتر دەبیَ، هانیَ ئەوە دە. پازدە بیست تمەن پارە، بچن چی پێویستە بۆ ماڵ بیکڕن، بەڵام با ئەمەشتان لە بیر نەچیَ، دووژمنێکتان بۆ زیاد بووە ئەگەر وتتان کێیە؟

خاتوو سەفییە وەڵامی دایەوە:

ـ کەڵکەمەری دووکاندار.

هوما گوتی:

ـ پووڵەکانی ئێمە بۆ ئەو شیرین بوو نەک بۆ خۆمان، دۆستی ئاوا هەر نەبێ باشە.

ئەو خۆشیخۆشییەی سەیمیران و ئەم جرپەجرپەی ئێستا کە لێیپەیدا ببوو تەواو دیاربوو چی بەچییە، وەک دەڵێن بە خشەخشیدا نازانی گامێشە، بە مشەمشیدا نازانی گامێشە. ئاسکە ناحەقی نەبوو ئەگەر بێژێ میران خەرەفاوە، کەوابێ چۆن ددان بە خۆدا بگرێ و دڵی نەتۆقێ. هەر بۆیە گوتوویانە ئازا جارێک دەمرێ و ترسەنۆک هەزارجار، خاتوو سەفییە هەمووجارێک وریای دەکردەوە ئاگای لە خۆی بێت. ئەم پیرێژنە زۆرزان و دنیادیدە بوو، لەگەڵ حاجیخانمی کچی بۆ ئاسکە وەک خوشک وابوون، ئاسکە لەو ژنە بێفکرانە نەبوو لەلای هەمووکەس پرێسکەی دڵی بکاتەوە و ئەمونەو لە کاروباری ماڵی خۆی ئاگادار بێ، زۆری دڵ بە ماڵو مێردی خۆی خۆشبوو، کارێکی وایﻨەدەکرد مێردەکەی شەرمەزار بێ و لەلای خەڵک سەری هەڵنەیات، ئەم ددان بەخۆدانانە تا کەی؟ خەبەر و باسی قژگیرە وردە وردە لە بیر دەچۆوە، هەستان و دانیشتنی مێردەکەی مزگێنی دڵداری لەگەڵ هومای شۆڕەلاوی بە گوێدا دەچرپاندن. تەواویان دەیانزانی هوما جوان و نەرم و نیانە، بەڵام نەکئەوەی هیچ عەیب و ئیرادێکی نەبێ، هەروەک حاجیخانم دەیگوت لە چەشنی تەواوی کوردەکان نەختۆکەیەک لووت کوڵ بوو! بەڵام پیر و جوان هەرکە بۆ یەکەمجار دەیبینی دڵی لە دەست دەبۆوە و ئاشقی دەبوو، ئەگەرچی حاجیخانم ئەم قسەیەی کردبوو بەڵام هەمیشە دەچوو ڕووبەڕووی دادەنیشت و چاوی لە چاوی دەبڕی تەنانەت جیرانەکانیش بە گەورە و بچووکەوە وەک ئەو ژنە ئاشقی چاوەمەستەکانی ببوون.

ڕۆژێک سەیمیران هەروەک جاران لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، لەلای سەرووی هەموویانەوە، هوما ڕووبەڕووی بوو لە خوار کورسییەکەوە نان و چای نیوەڕۆ خورابوو. منداڵەکان چووبوون بۆ قوتابخانە، لەو کاتەدا ئاسکە دەچووە دەرێ، گەڕایەوە و سەماوەرە ساردەکەی لەسەر کورسی هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردی، ئەم کارانە دەبوو هوما ڕایپەڕێنێ، بەڵام دانیشتبوو لاقی لە ژێر کورسی کێشابوو. سەیمیران قسەی بۆ دەکرد. وایدەزانی ئەگەر لە نێو وتەکانی سەیدا هەستێ و بچێ بەلای کارێکەوە بێڕێزی پێدەکا. ئاسکە کتوپڕ خۆی بە ژووردا کرد چاوی هەڵەی نەکردبوو، مێردەکەی بەلای چەپدا دەستی هێنابوو زەندو بازنی هومای دەکوشی، یان تازە خەریکبوو پەنجەی دەگرت هوما زۆر بە زیرەکی ڕوخساری خۆی داپۆشی. ئاسکە خۆی لێگێڵ کردن وەک ئاگای لە

هیچ نەبووبێ، بەڵام لەوکاتەدا حەزی بە کوێربوونی خۆی دەکرد نەک ئەم دیمەنە ببینێ. بەڕاستی لە چرکەیەکی بچووکەدا، یان بە ڕوانینێک دەیتووانی لە تەواوی ڕەمز و ڕازی ئەوان تێبگات و ڕۆمانێکی قەبەی لێ‌ساز بکا، ڕۆژی دواتر هەر دووبەدوو لەگەڵ بێژەنی کوڕی دانیشتبوو لێی‌پرسی:

ـ بزانە دایکی خۆت چیت پێدەلێ، ئەم بەیانییە وەختێ من لە مدبەخەکە خەریکی ماسی چاککردن بووم ئاغای بابت لەگەڵ هوما چییان دەکرد لە ژوورەکەدا؟

منداڵە وەڵامی داوە:

ـ هیچیان نەدەکرد، دانیشتبوون بە یەکەوە قسەیان دەکرد. هوما پێی‌گوتم بچم دڵق بکڕم قەرارە چاویلکەم بۆ ساز بکا. لەو چاویلکانەی لە بازاڕ داوام دەکردن. هەر ئێستا دەچم لە داخڵەکەم قەرەپووڵ دەربێنم.

ـ نا نا، پێویست ناکا، لە داخڵەکەت پارە دەربێنی، پووڵت بۆ چییە؟ بۆ دڵق؟ بۆخۆم دەچم چاویلکەت بۆ دەکڕم، باشە پێم‌بێژە بزانم جگە لە قسەکردن چی‌دیکەیان دەکرد؟ هوما چۆن دانیشتبوو؟ ئاوا وەک من چارشێوی دابوو بەبەر دەمیدا، یان دەموچاوی بە دەرەوە بوو؟

ـ نا وەختێ تۆ هاتیەژوورێ سەری داپۆشی لە پێشدا چادری دابوو بەسەر شانیدا.

ـ چۆن؟ دانیشانم بدە با بیبینم.

ـ ئەرێ، بەم‌جۆرە.

ـ زۆر باشە، منیش هەر ئەوەندەم دەوێ، ئیتر هەمووشتێکم بۆ ڕوون بۆوە، ئەو ژنە ئەگەر من دەبینێ سەری دادەپۆشی نەک ئاغای بابت.

ـ باشە پارەم بدەرێ دڵق دەکڕم!

منداڵە نەی‌دەزانی چی بەسەر چییەوەیە. بەم پرسیارانەدا بۆی دەرکەوت دایکی لە شتێک نیگەرانە، بۆیە ئاگای لێ‌بوو هەناسەیەکی هەڵکێشا، تازە دەیزانی هەرچی ئەوان وتوویانە بە قازانجی دایکی نەبووە، هەر بۆیە لە دڵی خۆیدا هەستی بە پەشیمانی دەکرد. بە دیتنی ڕوخساری دایکی دڵی پڕببوو، زۆری هوما خۆش‌دەویست، شەوانە سەری دەنا سەرڕانی و چیرۆک و حەقایەتی تیتل و بیبلی بۆ دەگێڕایەوە. دەستە چکۆلەکانی دەگرت و دەیبرد بۆ سەربانی خۆیان و لەو بانەڕا سەیری دیمەنی شاریان دەکرد. دایکیشی زۆر خۆش‌دەویست، وەک هەموو منداڵێک بەڵام ئەم ژنە مەشرەف‌خۆشە خۆی خزاندبووە دڵی بچووکی ئەم تولفەشەوە لەو ڕۆژەوە ئەو هاتبوو ماڵەکە

ڕووناکییەکی خۆشی تێکەوتبوو زۆربەی وەختەکان بابی لە ماڵ بوو، یان زووتر لە بازاڕ دەگەڕایەوە، بە قسەی خوش و یاری لەگەڵ منداڵەکان کاتی دەبردەسەر، بوونی هوما بەختەوەری ئەوانی تێکنەدابوو، ژنێک لەگەڵ هەموویان ئارای خۆشبێ و دایمە بزە لەسەر لێو و بە مشوور بێ چۆن دەبێ ئەو ماڵە پیاوخراپی بکەن و لێی دڵپیس بن؟! بۆ مەگەر چاکەی ئەو نەبوو بیژەنی ئەوەندەیتر لەلای دایکی خۆشەویست کردبوو؟ بیژەن منداڵێکی زیت و وریا بوو گوێڕایەڵ و قسەخۆش بوو، دەیزانی بابی هومای خۆشدەوێ.

بەڵام ئاسکەی دایکی، خەفەت و پەرێشانی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، باوەڕی بە قسەی منداڵەکەی هەبوو، دەیزانی بیژەن درۆ ناکا چیدیوە هەر ئەوەی بۆگێڕاوەتەوە، کەچی لە نێوان دوودڵیدا مەحتەل مابوو! نەیدەزانی لەگەڵ ئەو ژنە دووزمان و دووڕووە لەگەڵ ئەم تێلبازە چی بکا، جارێک دەیگوت ڕووی نادەمێ و لەگەڵی لالووت دەبم با تەواو تێبگات ئیتر وایلێدێ بۆخۆی هەستێ بڕوات، بەشکەم نان و نمەکی ئێمە بیگرێ و کوێر بێ. نازانێ بچێ لە جێیەک خەریکی دڵداری خۆی بێ قازانجێکی پێبگا؟ ئەم پیاوە لە جێی باوکی ئەوە بۆ ڕەزای خودا و سەدەقەسەری منداڵەکانم ڕێگەی داوە و هێناویەتە ئێرە، بۆ دەبێ ماڵمان بشێوێنێ؟!

ئەوڕۆژە ئاسکە تەواو بەریچاوی تاریک ببوو، زۆرتر لەو ڕۆژەی قژگیرەکەی دۆزیبۆوە، بەڵام جارناجارێک دڵخۆشی خۆی دەداوە و دەیگوت ڕەنگە وانەبێ من لەخۆڕا فکر و خەیاڵ هەڵیگرتووم. کەچی خێرا پەشیمان دەبۆوە و حەزی نەدەکرد لەو ماڵەدا چاوی بە چاوی هوما بکەوێ، بەڵام گوڵەسوورەی سەیمیران بەو هیوایە نەهاتبووە ئەو ماڵە خێرا بە هاسانی بچێتە دەرێ، ئەو بۆ ئاسکە وەک میوان وابوو، جارێ خەریکە جێپێی خۆش دەکا. ئاسکە لە کوێیەتی! خۆ ئەو لە دڵی سەیمیراندا نییە بزانێ ئەوەی لەبەرچاوانە لەبەردڵانە، بۆیە جارێ هیچ دەنگ نییە،
ئاسکە دوای قسەکردن لەگەڵ بیژەن بە نیشانەی دڵمەندی و قسە لێدەرکێشان بە میرانی گوت:

- ئەی بۆ کەسێک نایەت لەم ژنە بپرسێ؟ کشە کشە پۆپەڕەشە میوان ڕۆژێک و دووان خۆشە؟! خۆ ئێرە ماڵی مەلا نییە.

سەیمیران لچێکی لێهەڵقورتاند:

- ئەمن چووزانم، ڕەنگە کەسوکارەکەی پشتیان تێکردبێ، یان لەوانەیە ئەو کەسوکارەی ئەو باسی دەکا هەمووی درۆ بێ.

- جا بۆ دەبێ درۆ بکا؟ ئەی بەتەمای چییە؟

سەی‌میران مات بوو، بۆی گرینگ نەبوو ئاسکە بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام ئەم مات‌بوون و دەنگ‌نەکردنەی میران ئاسکەی دڵنیگەران‌تر کردبوو، ئەورۆژەی ئاسکە چوو لە ماڵی کۆنەمێردەکەی منداڵەکانی بۆ بهێنێ، مەبەستی ئەوەبوو بەڕاستی قسەی ئەو ژنە تاقی بکاتەوە، کەسێک ڕاسپێرێ برایەک، ئامۆزایەک، یەکێک بێ بە شوێنیدا، تەڵاق وەرگرتنی ئەم ژنە لە مێردەکەی و ئاوا جوان و جاحێڵ میرانیش کەوتبووە بزەبز ئاسکەی بە تەواوی پەرێشان کردبوو، هەزار ڕێگەی تاقی کردەوە تاکوو شتێکی لێ‌حاڵی بێت، بەهەر جۆرێک بێ لەم ماڵە دەری‌پەڕێنێ جارێک بەو ناو و نیشانەی لە هومای وەرگرتبوو خۆی گەیاندبووە گەڕەکی فەیزاوا، بەڵام هیچ کە ماڵەکەی نەدیبۆوە زۆر چاک باران خووساندبووی لەو کووچە و کۆڵانە تەنگ و تاریکانەدا، دوای ماندووبوون و گەڕانێکی زۆر بە ڕەقەی ڕێیەدا گەڕابۆوە بۆ ماڵێ، لە ڕەنگو ڕوخساری هومادا جوان دیاربوو حەزی بە ئەم گەڕانەی ئەو نەدەکرد. گوتبووی خوشکی مێردەکەی منداڵەکانی ناداتێ، پێی‌خۆش نەبوو هەتا مێرد نەکاتەوە کەس بە جێو مەکانی بزانێ، ئەمەش بە تەواوی مانا قسەیەک بوو! هەرچەندە دایمە وێنەی منداڵەکانی ماچ دەکرد و دەینا بە سینگییەوە دەگریا و هەناسەی بۆ هەڵدەکێشان، هەر ئەورۆژە ناونیشانێکی وای نەدابوو بە ئاسکەخاتوون تەواوی ئەو گەڕەکە سەروبن نەکا، دواتر دەست‌بەتاڵ بگەڕێتەوە، ڕۆژێک ئاسکە هەر بۆ تاقی‌کردنەوەش بووبێ لەگەڵ مەهدی چوون بۆلای دوکتۆر، منداڵە تووشی هەڵاتمەت هاتبوو، لە گەڕانەوەدا سەرێکی لە فەیزاوا هەڵێنابوو. ئیتر ئەمجارە ئەوەی وەدووی کەوتبوو وەدەستی کەوت، بەڵام باوەڕی نەدەکرد، نەکا درۆیان پێ‌وتبێ، لە نێو قەدی کۆڵانە تەنگەکەدا، جاری پێشتر وای‌زانیبوو ئەو شوێنە هەو نییە گەڕابۆوە، ڕەنگە لەبەر بارانە زۆرەکەش بووبێ وازی لە گەڕانەکەی هێنابێ، بۆیە نەی‌پرسیبوو.

وەختێ لە دەرگای حەساریێ‌دا خوشکی مێردەکەی هوما بە دەنگییەوە هات. بەپێی ئەو ناوونیشانەی لە هومای وەرگرتبوو ئەوی ناسییەوە، ژنێکی تێکسمڕاوی قەڵەو بوو، دەموچاو هەڵمساو و پڕ لە چرچو لۆچ، بە ڕواڵەت مڕومۆچ و بزۆز دیاربوو، دەتکوت تازە لە دەست چەلەحانێیەک نەجاتی بووە، وەختێ زانی ئەو ژنە منداڵێک بە ئامێزەوە لە دەرگای ئەوانی داوە و لە تەڕەف هوماوە هاتووە، بەبێ ئەوەی سەری سووڕ بمێنێ و بۆی گرینگ بێ بە زەردەخەندێکی تاڵەوە بە سەرتاپای باڵای ئاسکەیدا ڕوانی، دواتر بەدەم بیرۆکەیەکەوە هەناسەیەکی لە قورگی خۆیدا خنکاندوو دەستو پلی خۆی هەڵگلۆفی، ئاسکە ئەوەندە ژنەی بە ساردوسڕ و نێوچاو تاڵی دیت خەریک‌بوو لەبەر دەرگاوە بگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا هەنگاوێک بۆ دواوە گەڕایەوە، بەڵام بەباشی

نەدەزانی ئەو کارە بکا، پیرێژن بە مۆنەوە سەیری دەکرد و لێوی خۆی دەکرۆژی و پەنجەکانی خۆی دەتەقاند یانی بڵێی هەروەک حاجی وەستا هەڕەشە و گوڕەشەی کردبوو منداڵەکانی سەربڕیبێ؟! بێژی بەرلەوەی بێت دەرگاکە بکاتەوە دەستی نەنابێتە بینی منداڵەکان؟! کەس نازانێ ئەمانە چ گیانلەبەرێکن ئاسکەخاتوون لەگەڵ ئەوەی شانۆی مەکبیسی نەدیبوو تەنانەت شانۆنامەکەشی نەخوێندبۆوە، ئێستا لیدی مەکبیسی خوێنخۆری چاوبەستی لەبەر دەمدا بوو بە کۆڵێک پەشیمانی و تاوانەوە، یەکەم پیتێک کە هاتە سەرلێوی لیدی مەکبێس ئەوەبوو:

- دەستی براکەم خۆشبێ دەردێکی پێداوە ئەشێ تا دەمرێ بناڵێنێ. بەڵام بەڕاستی خراپەی ئێمە چی بوو؟! جگە لەوەی چاکەی ئەو و منداڵەکانیمان دەویست؟!

ئاسکە بە ترس و دڵەکوتەوە گوتی:

- خوشکێگیان تێناگەم ئێوە باسی چیدەکەن. ئەمن هوما ناردوومی بزانم منداڵەکانی چۆنن ئەگەر ڕێگە نادەی بیانبینم ئەوە هەر لێرەوە دەگەڕێمەوە، نە دەزانم بۆچی منداڵی بەجێهێشتووە و نە خەبەریشم هەیە کەی لە مێردەکەی جوێبۆتەوە.

- من کارم بە ڕابردووی ئەوان نییە. وەرە ژووری ئەوسا دەزانی من دەڵێمچی. وەرە ژووری سەتئەوەندەیتر لەو ژنە دڵپڕ بین کارمان بە ڕاسپاردەی ئەو نییە.

ئاسکە نەیدەویست پێ بنێتە دیوی حەسارێ. بە تکای ژنە تا نزیک داڵانەکە ڕۆیشتە پێشێ و لەوێ دانیشت. کچ و کوڕێکی بەقەت یەک کە دیاربوو لفەو دووانەکەی هوما بوون لەوسەری داڵانەکەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، بزانن کێیە هاتووە لە دەرگای ئەوانی داوە، هەر ئەوەندەی پوریان دەرگای حەسارێی پێوەدا و گەڕایەوە خێرا خۆیان کردەوە بە ژێرزەمینە نزمەکەدا و دەرگایان لەسەر خۆیان پێوەدا. کۆنە دشەکەی هوما کە ناوی مەلووس بوو، بە تانەوە گوتی:

- وادیارە هوما زۆر خەمی منداڵەکانییەتی، لەو ڕۆژەوە براکەم تەڵاقی داوە دیارە چ ژنێکە. ئەوەنییە دیاری و بووکەشووشەی بۆ کڕیون بە تۆدا ناردوویەتی؟!

ئاسکە بە سەرسووڕمانەوە چاوی لە دەستی خوی کرد، زانی ژنە بە تەوسەوە ئاوا دەڵێ، مەلووس دیسان بەو زمانە تاڵەی درێژەیدا بە قسەکانی:

- ئەگەر ئەوەندە ژنێکی عەسڵو جسنە و منداڵەکانی بۆ گرینگ بوو، بۆ بەخاتری هەتیوە بەڕەڵایەکی لووسکە تەڵاقی وەرگرت؟ لە براکەم تێری خواردبوو، وەڕەز ببوو؟ بۆچی دابوویە لانی بێشەرمی، ئەگەر چاوی نەیدەبینی خۆ لووتی کون بوو، یان پێیخۆشبوو هەرشەوەی بە دەست

کەسێکەوە بێ و ڕوو بکاتە کۆڵانە زەنگزڕاوەکان؟ لەو ڕۆژەوە براکەم زانیویەتی لە چ کوڵان و ماڵێکە هەر ئەوەندەیە شێت نابێ. یان ئێستاش وەک شێتی بەسەر هاتووە. جاریوایە بە قەستی کوشت لەو منداڵانە دەدا، دەڵێ چۆنکێ لەو ژنەن با هەر نەمێنن! جاریواشە لەسەر کۆشی خۆیان دادەنێ و دەیانلاوێنێتەوە، من نازانم ئەو بە تەمای چییە؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە ڕۆژێک ئەو منداڵانە یان کەسێک دەکوژێ! ئەوەی منی پەرێشان کردووە ئەوەیە ناچێ بەلای کارو کاسپییەوە. هەر نەبێ بای دەرێ لێیبدا تۆزێک مێشکی ئارام دەبێتەوە. یانی هاتنی تۆ ئەمڕوکە بۆ ماڵی ئێمە گرفتێک حەل دەکات، خەمی براکەم کەم دەکاتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە ئەگەر وەڵامم بدەیتەوە حەزدەکەم بە پیاڵەیەک چایی لێرە دەمت شیرین بکە؟

ئاسکە ئیتر دڵەکوتەی نەمابوو، باری منداڵەکەی گۆڕی و دای بەسەر ئەو شانەیتریدا، گوتی:

ـ نا، زۆرت سپاس دەکەم، چایی ناخۆمەوە، وەدرەنگی کەوتووم دەبێ بڕوم، ئەمە دوو جارە من دێمە ئەم گەڕەکە. ئەمجارەیان منداڵەکەم هێنابوو بۆلای پزیشک، دەبوو من خۆم بە ئێوە ناساندبا، بزانی ژنێ کێم، کە لەو شارەدا ناسراوە، بەڵام ئێستا لەبەر چەند هویەک ئەوە با بمێنێ بۆ جارێکی دیکە، تەنیا ویستم پێتبێژم لەو ڕۆژەوە هوما لە براکەت جوێ بۆتەوە لە ماڵی مندا دەژی. دەتوانم بەم ڕۆژە ڕووناکە سوێند بخوم ـ نابێ ئینسان هەرچییەکی بینی خێرا باوەڕ بکا، کوا لەکوێن ئەو منداڵە بەستەزمانانە، دایکی داماویان لەوانەیە سوێی بۆیان بێتەوە.

مەلووس هەر لە جێی خۆیەوە بانگی هومایوون و کەتایوونی کرد. هەردوویان وەک قوتابی دەورەی مەکتەبخانە مات و مەلوول هاتنە بەردەرگای ژێرزەمینەکە. ئاسکە بە زمانێکی دایکانەوە گوتی:

ـ وەییش بەستەزمانانە! بۆ دەبێ ئەوانە بە ئاوری ئەم ژن و پیاوەوە بسووتێن؟! منداڵ بە بێدایک ڕەنگی مردووی لێدەنیشێ، وەڵڵاهی ئەوە تاوانێکی گەورەیە.

کۆرپە بە باوەشەوە هەستا سەرپێ، هەردووکیانی هێنا لای خۆی دەستی بە سەردا هێنان و لە بری دایکیان ماچی کردن. وردە وردە مەلووسخانم تووڕەییەکەی نیشتەوە و تەکیدا بە دیواری پەشیمانییەوە، ملینا لە دەردەدڵ کردن و شکایەت و گلەو بناشت، لە ژنێکی بێسەرە و بەرە و هەڵەو هەرزە، بە قسەکانیدا وادیاربوو زۆری شت لە دڵدایە و حەز ناکا بێژێ، خەریک بوو تاریفی چاکە و ئاکاری باشی خۆی دەکرد. بەڵام ئاسکە دەیزانی وەختێ دەرگای لێهەڵگرت چ خولکێکی هەبوو، دەیگوت بۆیە ئەو دوو منداڵەی لەو ژێرخانەدا بەند کردووە تاکوو نەچنە کۆڵانێ و لەگەڵ

منداڵی خراپ فێری قسەی دزێو و جوێنفرۆشی نەبن. وەختێ باسی منداڵانی بێئەدەبی کۆڵانی دەکرد، بە چاوە بزەکانی بە ئاسکەی دەگوت، من لەو دایکانە نیم، تەنانەت منداڵان ناوێرن تێکەڵ بە منداڵی من بن. ئاسکە دەستی سارد بۆوە و دەستی لەسەر شانی منداڵەکان لابرد تاکوو بچن یاری بکەن، لەوە نیگەران بوو حاجی بەننا لەپڕ بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، ئەمە خوشکی بێ دەبێ براکەی چیبێ؟! مەلووس بە قسەکانیدا وا دەردەکەوت ئەگەر ئاسکە پێشنیاری بردنی منداڵەکانی هوما بدا، ئەوە ڕازییە هەردووکیانی بداتێ. بەڵام ئەو ژنە فکرێکی دیکەی لێکردبۆوە، باسی بردنی منداڵانی نەهێنا گۆڕێ. هەر بۆیە خۆی بوارد لە ناوی خۆی و مێرد و ماڵەکەیان. دەیزانی بۆ ئەوە نابێ ناوو نیشانی ماڵ بدا بەم بەعزە مروڤانە، ئەوانە ئاوا کەمجیکەڵدانە و خێرا وەک شیر هەڵدەچن، گەڕەکیان بە سەردا دەڕێژن. لەگەڵ مێردەکەی هەردووکیان تێوە دەگلێن. هەوڵیدا بۆ خەلاسبوونی لە دەست ئەم ژنە بیانوویەک وەبینێ و زوو خوداحافیزی بکا، گوتی بۆ کرێچیتان نییە، هەر ئەو پرسیارەی ئاگری ڕق و لاساری ژنە چلو پێنجساڵەی خۆشتر کرد، هەزار و یەک دەلیل و بورهانی هێنایەوە، کە ورچ و بەرازت لە حەوشەدا بێ باشترە لە یەک جیران و کرێچی! ئیتر تۆفیر ناکا، ژن بێ، پیر بێ، جوان بێ، هەر ئەوەندە تەواو، کرێچی بێ دەبێ ڕوژەڕێیەک لێی دوور بی.

بەدەم و ڕاوێژی پیرێژنە سەر ئاسنینەدا وادیاربوو، ئەگەر ئاسکە هەوڵی خۆی لەگەڵدا بایە خۆشبوو هوما بگەڕێتەوە بۆلای حاجیبەننا و منداڵەکانی. ئاسکە لە گەڕانەوەدا بۆ ماڵێ هەستی دەکرد هەنگاوێکی باشی هەڵگرتووە. بو ئاشت کردنەوەی ئەو ژن و میردە. لەملاشەوە مزگێنی دەکەوت منداڵەکانی هومای دیتووە، چونکە دایکیان باوەڕی وابوو تازە لە منداڵەکانی دیدارئاخر دەبێ! پێیدەگوت منداڵەکانی ساخ و سلامەتن. ئاسکە دەیزانی هەرچەندە هوما بە قسەکانیدا پێمل نییە بچێتەوە لای حاجی وەستا، بەڵام ئەگەر بە گوێیدا بخوێنن ئەوە تەواو دەگوڕدرێ، خۆ ئەگەر لە ماڵی باب و برای بایە ڕەنگبێ بە قسەی کەسی نەکردبایە و قسە هەر قسەی خۆی بایە، بەڵام ئەمڕۆکە ئەو سەرباری خەڵکە و لە ماڵی نامەحرەمدایە، ئەم ژیانەش بە عالەمی ئاشکرا بۆ ئەو زەحمەت و ئازار بوو. نەشدەکرا متمانەت بە قسەکانی هەبێ، لەولاشەوە وێدەچوو ئەم خوشک و برایە ڕابردوو لەبیر ببەنەوە، پشت بکەنە ناحەزیەکان و ڕازی ببن هوما بگەڕێتەوە، ئەوەی لەو نێوەدا ببو بە گرێ سێتەلاقە کردنی هوما بوو؛ هەروەک دەگوترێ ئەمەش دەست نییە لە گۆزەدا مابێ بۆ هەر قفڵێک کلیلێک هەیە، هەر لە کۆنەوە مەلاکان بۆ ئاواها گرفتێک بیرێکیان کردۆتەوە؛ مارەبەجاش! کەوابێ ئەگەر گرێکە بەم نینۆخە بکرێتەوە ئەوا حاجی وەستا ڕازی دەبێ و کار

تەواوە، ئەگەر بێتوو ئەو ژنە مل بەم کارە نەدا؟ بەڵێ کێ دەزانێ ئەو ژنە تا ئێستا لەکوێ بووە، ئەو گەڕەکە پیسانەی مەلووس ناوی بردن، بۆ براکەی باس کراوە چ شتێک بە بێهۆ ناگوترێ، بەڕاستی دەبوو باسی ئەم سەردانەی ئەمڕۆکە کردبووی بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە.

شەوێ، هەرچی هەبوو نەبوو ئاسکە بۆ میرانی باس کرد، بە میرانی گوت، هەرچۆنێکبێ حاجی بەننا پەیدا بکا، بەڵکە خەمێک لەو منداڵانە بخۆن و ئەو ژنە بەرنەوە سەرماڵ و ژیانی. وەختێ ئەم قسانەی دەکرد هوما لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، سەیمیران کەوتە نێو فکر و خەیاڵەوە تۆزی سەرقۆڵی کراسەکەی تەکاند و بە بێوازی بێئەوەی بڕیارێک بدا گوتی:

ـ بابزانین چۆن دەبێ.

ئاسکە لچی لێهەڵقووتاند و گوتی:

ـ چۆندەبێ بوو بە قسە؟! هەرچی زووتر لایەکی بە لایەکدا بخە، ئەو ژنەتیوەت بۆچی لێرە ئەسیر کردووە، خۆ تۆ باب و باپیری ئەو نی. تاکوو ئەمڕۆکە چاوەڕێ بووین برایەک، کەسێکی بێن بە دوویدا و نەهاتن. ئێستا بەتەمای چی؟! ئەوان، هەروەک دشەکەی دەیگوت، یەکەم ڕۆژ و دووەم ڕۆژ هەواڵی تەڵاقوەرگرتنی هومایان زانیوە. کەس نازانێ ئەم ژنە چی لەژێر سەردایە وا ئەوانیش پشتیان تێکردووە، هەروەک قەت خوشکیان نەبووبێ، پێنج مانگە تەنیا و بێکەس لەم شارەدا وێڵ و سەرگەردانە، مەشەدی ئەوەی دەیلێم سەرپاکی قسەی خانباجییە، سەگ تاکوو گوڕوێ نەبێ چۆن بەرەڵڵا دەکرێ، وەخۆ بکەوە، تاکوو حاجی گەرماو گەرم پەشیمان بۆتەوە و لە هەوڵی ژنێکیتردا نییە، برو مەلا بەرەو لێی مارە بکەوە. بەمجۆرەی من ئەوماڵەم دیتووە هەموویان چاوەڕێن هوما بگەڕێتەوە.

بەم قسانەی ئاسکەدا وادەردەکەوت هیچ ڕێگەیەک نییە لە بەردەم هومادا، بۆ چوونەوەی بۆلای مێردەکەی، تەنیا لەسەر قسەیمیران ڕاوەستاوە، سەیمیران بە ساردوسڕی وەڵامیداوە:

ـ ئەگەر تاکوو ئێستا کەسوکاری ئەو ژنە نەهاتوون بە شوێنیدا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێغیرەتی ئەوان، کوردەکان کچ بە مێرد دەدەن ئیتر کاریان بە چارەنووسی نییە و ئیزنی پێنادەن بە تۆراوی بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوان، هەر بۆیە لەو بابەتەوە کەمتەرخەمن!

ئەو نەیدەویست بەم خێراییە ئەم ڕازە بدرکێنێ و بڵێ، کەسوکارێکی وایNییە ئەو بە حەقداری خۆی حیسابیان بۆ بکا، ئاسکە بەم قسانە قایل نەبوو، هەر بۆیە بە سەرکۆنەکردنەوە گوتی:

- پیاوەکەگیان، پیاوەکەگیان، تۆ زۆر خۆشباوەڕی، یاخوا جێگای هەردووکمان نێوەڕاستی بەهەشت بێ. هەروەک باسم کرد، دوور نییە ئەگەر بەخاتری حەیای خۆیان بۆ هەمیشە پشتیان تێکردبێ؟ نامەوێ زەمی کەس بکەم و گۆشتی کەس بخۆم! ئەمڕۆ من کە چووم بۆ گەڕەکی فەیزاوا گوڵباجی تەنیا ئاه و ناڵەی لە دەستی هەبوو، بۆخۆشت دەزانی خەڵکیش بە کەیفی خۆی قسە دەکەن و بۆی تیدەچێنن. بەڵام با ئەمەش بڵێم دڵم لەو ژنە گۆڕاوە، پیاو ئەقڵی خۆی بکاتە قازی. ئەگەر من ئەقڵم هەبێ ئەو ژنە کارێکی کردووە دزێوتر و مەزنتر لە هەڵەیە، لەوەدەچێ ڕەفتار و ئاکاری ناحەزی هەبووبێ، بۆیە کار بەمجێیە گەیشتووە، هەر بۆیە کەسێک لێی ناپرسێ، ئیتر کارم بەوە نییە ئەم چوار مانگە لەکوێ بووە، لەگەڵ کێ ژیاوە، دیارە ئێستا نایەوێ کەس بە سڕی بزانێ و خزم و کەسی بە جێوو مەکانی بزانن. هەر ئەو ساعەتەی من مەهدیم بۆلای دوکتۆر بردووە، ئەویش چاوی ڕشتبوو لە ماڵ دەرکەوتووە، بەر لەوەی من بگەمەوە ماڵێ ئەو نیوسەعات زووتر هاتبۆوە!

- ئەو قسانەی ئاسکە لە گوێی سەیمیراندا دەنگی دەدایەوە، دیسان وتی:

- ئەم دوانیوەڕۆیە خەریکی شێو و کوڵ بووم هەر نەهاتە دەرێ بپرسێ تۆ چیدەکەی، وەک ڕۆژان نەماوە و تەواو هەڵسوکەوتی گۆڕاوە.

سەیمیران سەری بەرز کردەوە بە نێوچاوان تاڵی و مۆنێکەوە کە تایبەت بە خۆی بوو پرسی:

- پێی نەگوتی چۆتە کوێ؟! لێت نەپرسی؟!

ئاسکە بە تانەو تەشەرەوە - حەی! چۆن نەمپرسی! جا بۆ چەند ڕۆژ لەوەپێش نزیک بانگی شێوان، مەهدی بە باوەشەوە بوو بە هەوای ئەوەی تاکوو بەردەرگای حەساری بچێ لە ماڵ چۆتە دەرێ، وەختێ هاتۆتەوە ژووری دوو سەعاتی پێچووە، دەنگی کردووە لەکوێ بووە؟! کێ دەزانێ ئەم ژنەتیوە خەریکی چییە، ئەوەندە گەوجەژنە نافامێ تانە لە شوێنە. ئەمجاریش لەم سەعاتە بەدوواوە منیش ڕووی نادەمێ کارم بە کاری نییە.

وادیاربوو سەیمیران هیچ وەڵامێکی بۆ ئاسکە پێنەبوو، نێوچاوانی تاڵتر کرد و سەری داخست، ئەوشەوەی ئاسکە باسی کرد، سەیمیران زۆر بە تووڕەیی لە هومای پرسیبوو بۆکوێ چووە بۆ درەنگ هاتۆتەوە. لە وەڵامدا گوتبووی چووبووم ژوورێکی بەکرێ بگرم! - چاوێکی لە نینۆخەکانی خۆی کردبوو بە مڕوومۆچییەوە وتبووی: حەزناکەم چیدی سەربار بم، هەر دەبێ بیرێک بۆ خۆم بکەمەوە، نەتبیستووە دەڵێن، کشەکشە مامرە ڕەشە میوان ڕۆژێک و دووان خۆشە!؟

ئاسکە وەختێ زانی مێردەکەی فکر و خەیاڵ هەڵیگرتووە بە دڵنیابوونێکی تازەترەوە درێژەیدا بە قسە و باسەکەی:

ـ چاو لەوە مەکە تەمەنی کەمە وەک ماستی مەییوو وایە، دیارە تا بڵێی چاوی جوانە بەڵام زۆری چاو بینیوە، کە ئەلحان هەر بە دەست خاوەنییەوە دەمێنێ، ئەگەر ڕەسەن بایە لەسەر ئاخوڕی ئێمە چیدەکرد!

سەیمیران بە فکرێکی منداڵانەوە گوتی:

ـ هەر ئەلحان بانگی دەکەمە ئێرە و لێی دەپرسم بزانم ئەم بەیانییە لەکوێ بووە؟!

ـ بە تۆ بڵێ بۆکوێ چووە، ئەمەش بوو بە قسە، بۆ مەگەر ئەو گفتی بە تۆ داوە ئەگەر لە ماڵ ڕۆیشتە دەرێ پێتبڵێ بۆکوێ دەچێ و لەکوێ بووە؟! ئەوە ماڵانگەڕێکە ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ، ئەتۆیی بەستەزمان چەندە ساکاری وادەزانی منداڵ لە بێشکە دەنێی، جگە لەوە کەیفی خۆیەتی خوای دەکرد دەرپێکەی دەدا بە شانیدا! تۆ بۆچی خوێنی خۆت تاڵ دەکەی؛ نە کچی تۆیە پێیبێژی وابکە و وامەکە، نە کڵفەت و قەرەواشی منە تاکوو دەستووری پێبدەم. ئافرەتێکە بە بێمێرد، هەوساری لە ملی خۆییدایە. هەروەک خاتوو سەفییە دەڵێ تا ئێواری کۆڵانان بگەڕێ کەس نییە بڵێ بۆ وادەکەی، ئەوە ئەگەر شتێکی لە بن سەردا نەبێ با بچێتە دەرێ قەیدی چیدەکا. خۆ مریشک نییە لینگە کەوشی بە قاچەوە ببەستن، نەچێتە ماڵی دراوسێ و جیران. ئەوە وەک ماکەو وایە لە نێر دەگەڕێ، ناحەقیشی ناگرم گەنجە و تازە هەوەڵی دەمییەتی، بێوەژنیش باسێکیتری هەیە. چیبکا، سبەینێ تاڵی ڕەش لە سەریدا نەمێنێ چرچی دەموچاوی شۆڕ ببێتەوە کێ هەیە پێیبڵێ خاڵە کەرت بە چەندێ!؟ تۆ نازانی ئاگای لە خۆی بڕاوە لە ماوەی ئەم سێ هەفتەیەدا کە هاتۆتە ئێرە ڕۆژ نییە نەپەڕێتە سەرسەربان، تۆ لە ماڵنی ئاگات لێبێ، سەر لە کاری دەرناهێنم لەم سەربانە چی دیوەتەوە. نەمدەویست لەلای تۆ دەنگ بکەم بەینێکە کوڕەکەی فەرەجخانی مالک، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بۆتە داهاهۆڵ لە سەری کۆڵانەکە، هەر دەڵێی نۆبەدارە لەوێ ڕادەوەستێ، هاوساماڵەکانی کۆڵان لەو ڕۆژەوە ئەم خانمە لێرە گیرساوەتەوە لێمان لووت خوارن. دەڵێن جاروبارە لات و بەڕەڵڵا سووسەی ئەم دەرکو بانە دەکەن، دیارە لە هەرلایەک کەلاک هەبێ قەل و داڵ پێدەزانن. نەدەکرا ئەم شتانە لە تۆ بشارمەوە. بە بۆنەی ئەم سەرشینەوە سرتوخورت کەوتۆتە نێو خەڵکی گەڕەک، دەزانی من لە چی دڕدۆنگم؟

سەی‌میران گوێی بۆ قسەکانی خێزانی شل کردبوو، لە بنەوە چاوی لێکرد، ئاسکە شێوەی قسەکەی بەم‌بارەدا خست:

ـ لەوە دەترسم ڕۆژێک لەم ماڵەدا هەتا ئێمە چاو دەکەینەوە زگ بێتە بەرچاوی! جا ئەووەختی وەرە ئەم کەرە لەم قوڕاوە بێنەدەرێ، تۆش پێت‌وانییە؟ بۆ ئەوەی خۆی بدا بە کۆڵی تۆدا بڕوا ناکەی دەست لە هیچ بپارێزێ؟

ئاسکە، تازە قسەکەی لە دەم دەرچووبوو، ئەوەی نەدەبوو بیڵێ گوتی، چاوی لە چاوی میران چەقاند، بزانێ چ کاردانەوەیەکی هەیە لە بەرامبەر ئەم قسانەدا، فکر و بیری هاتەوە سەر قژگیرەکە، دەی‌ویست شتێکی دیکەی بۆ ڕوون بکاتەوە؛ ئەگەر بۆت گرینگ نییە لێرەبێ چ لەوە باشتر خێرا دەستی پێوەنێی و با لەم ماڵەدا نەمێنێ.

سەی‌میران لەم قسانەی خێزانیدا شکی بۆخۆی نەدەچوو، هەروا کە لە ئاسکە ڕامابوو یەک دووجار چاوی ترووکاند، واتە ئەم قسەلۆکانە بەلایەوە بێ‌نرخە، یانی ئاسکە زۆر لەوە بەرزترە باسی ئەم‌جۆرە شتانە بکا، ئەو شەوە هەر ئەمەیان ڕست و بایاندا، سفرەی شێویان ڕاخست و هوما هاتە ژوورێ، سەی‌میران تا ماوەیەک بێدەنگ و سەری دەبەر خۆی نابوو. بە تووڕەییەوە حەزی نەدەکرد سەیری ژنە بکا، بەڵام بۆ چەند چرکەیەک بەم‌حاڵەتە مایەوە، کاتێک سەماوەر بە گیزەگیز بێدەنگی ژوورەکەی شکاند، بەبێ ئەوەی لە بیری چووبێتەوە لە وەختێکی باش دوو بەدوو لەگەڵی دابنیشێ پێی‌بڵێ بۆچی ئەو ڕۆژە بەیانی لە ماڵێ چۆتە دەرێ، وەک جاران گرێی نێوچاوانی کرایەوە و کەوتە بزەبز. بە قسەی خۆش کەوتە دواندنی منداڵەکانی و گاڵتە و گەپی لەگەڵ دەکردن. بەڵام پەپوولەی چاوی لەسەر کولم و لێوی هوما دەسووڕایەوە. هەرچییەکی دەگوت ئەڕای دوو چاوی شاهینی ئەو بوو کە لە خوار کورسییەکەوە دانیشتبوو مەهەدی نابووە سەرکۆشی، ئەم قییافە و ڕوانینەی میران بە خۆیەوە گرتبوو، دەتگوت کوڕێکی پازدە بیست ساڵانەیە زەردەخەندەی بان‌لێو و قسەکردنەکەی بە تەواوی لە ژێر نیگای ئاسکەدا زیت و زیندوو و ئاشکرا بوو، لەوبەری کورسییەکەوە دەستی دەبرد و سنگ و مەمکی مەهدی ختیلکە دەدا، یاری بە منداڵە کرد و قامکی دەنا دەمی بۆ ئەوەی گازی لێ‌بگرێ، تا وای‌لێهات ئاسکە خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەبێ ئەوەی داوای لێبووردن بکا، پیلی مەهدی گرتوو لە کۆشی ژنە هێنایە دەرێ. منداڵەکان خەریکی نان‌خواردن بوون مەهدی بە باوەشەوە هێنا و بردی کە بیخەوێنێ، لەو ماوەیەدا کە تەواویان دەوری کورسییەکەیان دابوو هوما بە ئەدا و ئەتواری کچانەوە چاوشارۆکێی دەکرد و لەچکەکەی سەری دەکردەوە و

دەیبەستەوە. وەک ئەوەی قەڵسە بگێڕێ، بە چاوێکی پڕ لە خۆڕاگرییەوە سەیری میرانی دەکرد. بەڵام بە مەبەستێکەوە، قسەکردنەکەی ئەگەرچی شەرمێکی ڕواڵەتی پێوە دیاربوو تەنانەت بە بێ‌عیشوە و ناز نەبوو، هەروەک خۆمات‌کردنەکەی ڕەمز و ڕازێکی جادووبازانە بوو. ئاسکە ئەوشەوە بە قەرای ئەو سێ حەوتوویە شتی لێ‌حاڵی بوو، هەورێکی تاڵ بەرەو ئاسمانی ژیانی بەڕێوە بوو، میران و میوانی ئازیزی بەم‌هەوایە کەیفییان ساز بوو، کەوابێ چارەی ئەو لێرەدا چیبوو؟! لافاوێکی بەهێز دەوری خانووی بەختەوەری دابوو هەرئان دارو پەردووی ڕامالێ، لەوڕۆژەوە ئەم ژنەتیوە بەلای ناخێری هاتبووە ئەم ماڵە میران، میرانەکەی جاران نەمابوو، کەوتبووە گێژاوی فکر و خەفەتەوە. چیبکا کوڕە جحێڵەی دڵدۆڕاو بوو! بە دەست کچە قەرەجەوە، ئەوەش نەهامەتی بوو لە نێو پێنج‌سەت نوێژخوێندا مامۆستا سەی‌میرانی دەست‌نیشان کردبوو! ئەمەش لە قازانجەکانی مزگەوت و نوێژخوێنەکانی، بەڵام ئێستاش بۆ ئاسکەی بێچارە جێگای گومان بوو ئەم فەرمایشتەی مێردەکەی.

منداڵەکان نەبێ یەکە یەکە خەویان لێکەوت، تا درەنگانی شەو ئەوان دانیشتن، ناسکەهوما وەنەوزی دەدا، چاوە مەستەکانی ببوون بە هێلانەی کۆتری خەو، بەڵام بە زۆرەملی خۆی ڕاگرتبوو تاکوو میران وابزانێ گوێی بۆ چیرۆکی سەربردەی ڕۆژگاری لاوەتی ئەو شل کردووە، کاتێ بە تەواوی خەو شلی کردن سەی‌میران کەوڵپۆسەکەی دا بەسەر شانیدا و چووە دەرێ، ئاسکە بیژەنی بردە سەرجێخەوەکەی، جلە گەرمەکانی لەبەر داکەند، لەمێژ بوو لە خوار کورسییەکەوە نوستبوو، لەوکاتەدا بە چاوێکی تەژی لە ڕق و قین، بێزاری و بەهیچ نەگرتن سەیری هومای کرد، کە خەریک‌بوو فانیلەکەی دادەنا و خۆی بۆ خەوتن حازر دەکرد. بیری دەکردەوە چۆن بتوانێ ئەم تەوارە هەڵفڕێنێ، بێتوو توزێک ژیر و وریا نەبێ شابازەکەی لە دەست دەبێتەوە. ئەو ژنەی وا ڕووبەرووی دانیشتووە چبگا بە پیاو، ئافرەتیش شەیدای ئەم قۆڵ و باسک و شان‌وملەی دەبێ، ئیتر خۆ سەی‌میرانی مێردی دارو بەرد نییە و مرۆڤە و چاوی دەبینێ و ئارەزووی هەیە، وەک ئەوەی لە ژێر دیوارێکی هەرەس بردوودا ڕاکشابێ ترسی لە دڵدا بوو هەرئان بە سەریدا بێت. هەرچەندە کراسی لەبەردا بوو چاوێکی لە سنگ و بەرۆکی خۆی کرد. بەڵام ئەم لەکوێ و ئەو لەکوێ! لەوکاتەدا دەرگای ژوورەکە کرابۆوە مێردەکەی کەوڵپۆس بە شانەوە مژی لە جگەرەکەی دەدا، بەبێ ئەوەی بێتە ژوورێ لە نێو دەرگاکەدا ڕاوەستا بە دەنگی بەرز پرسی:

ـ ئەو جلانە هی تۆ نین بەسەر تەنافەکەوە؟ بەمجۆرەی ئاسمان نێوچاوی تێکناوە ئەمشەو دەبێ باش بباریێ، ئەرێ بەڕاستی، لە بیرم نەبوو پێتبێژم، میرزا نەبی و هاجەرخانمی خێزانی کە چەند ڕۆژێک بوو چووبوون بۆ هەرسین هاتوونەتەوە و منداڵەکەیان نەخۆشە، باش وایە بچی ئەحواڵپرسی بکەی.

لەپڕ دەرگای ژوورەکە زاری داپچڕی و دیسان میران قوت بۆوە، هوما کراسێکی ڕکابی لەبەردا بوو خۆی دەکێشاوە لە جێی خۆی داچڵەکی و کەوتە دەستتێکەڵ هاتن. کراسەکەی بەری لەگەڵ چارشێونوێژەکەی نابووە ژێر سەرینەکە، ناچار پڕیدا چارشێوەکەی ئاسکە و بە ناباری دای بە سەر خۆیدا، لەو ماوە کەمەدا کە نەدەگەیشتە چرکەیەک ئاسکە بە نیگەرانییەوە ئاگای لە چاوی برسی مێردەکەی بوو، کە هەروەک زمانی مار بە سەر دار و بەرددا دەگەڕێ، ئەویش بەسەر شانوملی ڕووتی هومادا دەگەڕا، چاوی لەسەر هوما و قسەکانی لەگەڵ خێزانی بوو. هەرچەندە شەو درەنگ بوو ئیتر وەختی قسە و باس نەبوو، ئاسکە خۆی بۆ نەگیرا و لێیپرسی:

ـ کام منداڵی نەخۆشە؟ تۆخوا کەی چووی بۆ ماڵی ئەوان؟

ـ نا، میرزا نەبیم لە قەپانی گەنم دیت، هەردووکمان بەپەلە بووین، نە من لێمپرسی و نە ئەویش دەنگی کرد.

بۆئەوەی ژوورەکە سارد نەبێتەوە دەرگاکەی لەسەر پێوەدان و هاتە ژوورێ، بەبێ ئەوەی پێڵاوەکانی دابکەنێ لە خوار کورسییەکەوە لەسەر لێفەکە دانیشت، سووتووی جگەرەکەی کردە سەر کەشەفە گەورەکەی سەرکورسییەکە و دەستیکرد بە قسەکردن:

ـ نازانم کامیەک لە منداڵەکانی نەخۆشە، دەیگوت هاجەریش هاواری پشت و لاقی دەکا، هەر بۆیە زۆر لەوێ بوون. بەر لە جەژن هاتوونەتەوە بۆ شار، بەیانی بچۆ ئەحواڵپرسییان بکە. بزانە کامەیان نەخۆشە، لەوانەیە منیش بێم. ڕەنگە دیاری و سەوقاتی بۆ ئێمەش هێنابێ، ڕۆنە کەرەی هەرسین چیوای لە پەنیری سۆنقۆر کەمتر نییە، بچۆ ئەم جلانە لە تەنافەکە بکەوە، ئەمشەو دایدەرێژێ، بەهارە و نەورۆزی کوردانە، هەوری بەهاری وەک جحێڵی بانان وایە ئاشق و دڵ پڕ لە جۆش و خرۆش. زەوی و زار دەبووژێنێتەوە، دەرو دەشت دەخەملێنێ.

سەیمیران بە تەواوی شڵەژابوو، ڕەنگو ڕووی پەڕیبوو، لێوی باری گرتبوو، دەنگی نووسابوو. وەختێ خۆڵی جگەرەکەی دەتەکاندە سەرکەشەفەکە ئاسکە سەرنجی دەستەکانیدا کە

دەلەرزین. دەتگوت سەری بە دیواردا داوە هۆشی بە خۆیەوە نەمابوو، کەوتبووە هاتەران و پاتەران. چاوەکانی ڕاست و چەپ کەوتبوون.

نەهامەتی ڕووی تێکردبوو! میردەکەی گەڕابۆوە بۆ تەمەنی چاردە و پازدە ساڵی، بە داوی چاوی ڕەش و گەردنی پڕ خاڵەوە ببوو، تەنانەت لە ژوورەکەدا شەرمی لە ژنەکەی نەدەکرد. لە دڵی خۆیدا نەیدەگوت ئەمە مرۆڤە ئەقڵ و ئاوەزی هەیە و چاوی باش و خراپ دەبینێ، بەڵام لێرەدا ئاسکە خاوەنی هیچ ماف و دەسەڵاتێک نەبوو. مێردەکەی زۆری ئاگا لەو ژنە بوو، هەر بۆیە ئەمیش پێی ناخۆش بوو. هەڵبەت میران سەرێکی ئاسوودەی نەبوو، لە ناخەوە لەلای خودا و بە چاویشدا شەرمەندەی لای خێزانی بوو، ئەگەر ئاسکە چاوی لێ‌خافڵ بکردایە، بەم‌شەوگارە درێژە کە هەروەک گورگی برسی دەوری مێگەلی دابێ خۆی نەدەگەیاندە ئەم شەکە مێوە؟ یانی ئەم پیاوە ئەوەندە خۆڕاگر بوو؟ ئەمە لە چاو نەزێری میران بەدوور نەبوو ئەگەر تەنیا لە چەند چرکەشدا بۆی بلوێ خۆی نەخاتە نێو کەژاوەی ئەم گوڵ‌ئەندامەوە. ئاخۆم هەر لەم چەند چرکەیەدا کە بە بیانووی جگەڕەکێشان لەوێ دانیشتبوو لەبەر دەمیدا بە چۆکدا نەهاتبوو تاکوو پەچە لەسەر ڕوخساری لابدات و بە وێنەی بت‌پەرستان بە لێوە لەرزە و ڕۆحێکی شڵەژاو مل‌بنێ لە ڕاموسانی؟

سەی‌میران لە دوای تەواوبوونی سیگارەکەی چەند چرکە دواتریش هەر لەوێ دانیشتبوو، بەڵام چونکە قسەیەکی پێ‌نەبوو بەم بەهانەیەوە تۆزێکی‌تریش لەلای بمێنێتەوە و چاوی تینووی بین بنێ بە ئاوی زوڵاڵی کانی چاویەوە، مەجبوور بوو هەستێ، لەبەر ئەوەی لە ژوورە گەورەکەدا دڵبەرێکی‌تر چاوەڕوانی دەکرد، بەڵام نەک بە ئەندازەی ئەم ناسک و نازدارە. ئەو بە دەست فکر و خەیاڵەوە دەهەژا و دەستووتا، کاتێک لە دەرگاکە دەچووە دەرێ ئاسکە بەسەر میراندا زریکاندی و ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی هەڵپێکا، وەک خەمی هومای بێت گوتی:

ـ ئەیەڕۆ خوشکێ ئەمە...، خۆت داپۆشە!

هوما خەو لە چاوی تۆرابوو، بەم دەنگدانەی ئاسکە وەخو هاتەوە، تازە زانی چەندە بەحەیا و شەرم ڕووبەڕووی جەنابی سەید بۆتە بوتی شان‌وشل ڕووت، ژنی خانەخوێ کە وەک گوڵ خزمەتی دەکرد و وەک چاوی ئاگای لێی‌بوو، چەند ڕۆژێک بوو وادڵی لێ پیس کردبوو بۆیە کەم جاریش بوو دەنگی دەدا، هەڵبەت ئاگای لە کەین‌وبەینی لەوەپێشیان نەبوو کە چەند شەو ژوان و قسە و باس و گفت‌ولفتیان لە نێواندا بووە، بەڵام ئەو هەر ئەو دەنگدانە سادە و ساکارە وەک تیرێک وابوو ئاراستەی شەرەف و عیزەتی نەفسی ژنانەی خاتوو هوما دەکرا، بەبێ ئەوەی بە هۆی ئەم کارە

بزانێ و ئەم گشتە داخ و دیقە نەپێچێتەوە و چیدی ورەهەمی پێهەڵنەهێنێ بیری لەوە دەکردەوە بە شێوەیەک لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، دەرگای ژوورەکەی کردەوە و چوو جلەکانی لەسەر شانی تەنافەکە داگرت. وەختێ هوما و ئاسکە چوونە نێو جێگاکەوە، هوما قسەکەی ئەو ڕۆژە کە بە نیوەچڵی مابۆوە هێنایەوە گۆڕێ:

ـ نەبوونی مێرد بۆ ژن دەردێکی گرانە، بریا کەسێک هەڵکەوتبایە، خۆ ئەگەر لە چەند شتێک بگەڕێین بێژنی بۆ پیاو باشترە، هەرچەندە من لێرە وادەزانم لە ماڵی بابی خۆمدام بەڵام لە فکری ئەوەدام، هەرکە یەکەم پیاوێک داوام بکا و لێمبپرسێ، بۆم گرینگ نییە کێیە و کێی پێدەڵێن ئامادەم خۆمی لێمارە بکەم و بچم بەلای ماڵ و ژیانی خۆمەوە. هەرچیم بۆ دێتەپێشێ کڕنۆشی بۆ دەبەم و خۆم بە دەست چارەنووسم دەسپێرم.

ئاسکە گوتی:

ـ خراپی کاری ژن ئەوەیە وەک کەو لە قەفەز کراوە، تۆش لەم گەڕەکەدا نامۆی کەس نات‌ناسێ، هام‌وشۆی کەس ناکەی، ئەگەر بزانن ئەم ماڵە خانمێکی ئاوا جوان و ڕێک و لەباری تێدایە و لەسەر سوارە، دڵنیابە هەر پێمان دەکرێ وەڵامی خوازبێنی‌کەر بدەینەوە، ئەم خەڵکە بە چیدا بزانن ماڵی سەی‌میران ناسکە هومای تێدایە؟

ـ بەڵێ، ئەوەی تۆ دەیڵێی تەواو ڕاستە، دەبێ پەلە نەکەم، مووروو‌ی کون هەمووکەس هەڵی‌دەگرێتەوە، سەبارەت بە حاجی دەبێ بڵێم هەروەک خۆت باست کرد، ئەوەندە پەشیمان بۆتەوە لەباتی فرمێسک خوێن لە چاوی دێ، منیش ئامادەم ددان بە پەشیمانبوونەوەی خۆمدا بێنم، بەڵام بەو مەرجەی ئەو فیلەمێوەی خوشکی لەو ماڵەدا نەمێنێ، یان هەرنەبێ لە ئاست ژیانی من قەمتەری بکات، بەڵام من تێناگەم مارەبەجاش ئێتر چ بەزمێکە؟ ئەی لە خۆم خەجاڵەتێ، یاخوا کەس تووشی ئەم نەهامەتییە نەبێ.

ئێتر هەتا شەو شەق بوو ئەم دوو ژنە هەر قسەیان کرد و حیکایەتی ڕۆستەم و زۆرابیان بۆ یەکدی دەگێڕاوە، بە شۆخی و گاڵتە ڕایان‌بوارد. ئاسکە ئامۆژگاری دەکرد، یەکەم تەخت و یەکەم بەخت، هەرچۆنێک بێ لەو پیاوە منداڵی هەیە و منداڵیش دۆزەخ بۆ دایک دەکاتە بەهەشت، مێردێک ئەو ژنەی خۆش‌دەوێ منداڵی لێی‌هەبێ.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو خانم و خاتوون لەسەر ئەو نەخشە و بەرنامەی شەوی ڕابردوو دایاننا بوو خۆیان لە دەسک نابوو بچن بۆلای مەلووس‌خاتوون. بەڵام بە هۆی ئەوەی باران و

شلێوە بوو لەوە دەچوو حاجی لە ماڵێ خەوتبێ، هوما ترسی لە دڵدا بوو نەیدەویست لەگەڵ ئەو بەرەوڕوو بێتەوە، ئاسکە لە خۆی ڕانەدەدیت بەو سەرما و کرێوەیە لە ماڵ بچێتە دەرێ، بە قامکەکانی تالعەی گرتەوە خراپی بۆ هات! پاتۆڵێکی نیمداشتی مێردەکەی بە دەستەوە بوو، تازە بە تەمای لە پێکردنی نەبوو، بەتەما بوو هەڵیبوەشێنێ و بیکا بە کەوایەک بۆ پیرەژنی کوڕی، بۆ پڵاوی شەوێ هوماخانم خەریکی برنج پاککردن بوو لەسەر کەشەفێک، فانیلەکەی سەیمیرانی لەبەردا بوو، شکی سەیمیرانی بڕیبوو بە بێلەچکە و چارشێو دانیشتبوو، بە گەرموگوڕی ئاسکەی دەدواند و بازاڕی قسەی خۆش کردبوو، جارجارە ئاسکە قامکی دەنا سەرلێوی و چاوی لە چاوی دەبڕی، بەشێکی مێشکی بیری لەوە دەکردەوە هەتاکوو دەنگ نەکات و کێشەی ئەم ژنە بە لایەکەدا نەخات دووکەڵەکە هەر دەگەڕێتەوە بۆ چاوی خۆیی. بیرو ڕای جیرانەکانیش بەگشتی هەر لەسەر ئەمە کۆک بوو دەبێ هەرچۆنێک بێ دەستی ئەم ژنە بگرێ و بیباتەوە کن ئەو پیاوەی چەند حەفتە لەمەوبەر حەڵاڵ و هاوسەری ئەو بووە، ئەوە کارێک نەبوو هوما بە تەنیا هەنگاوی بۆ هەڵبگرێ، نە سەیمیرانیش بە شوێن ئەم کارەدا دەچوو. ئاسکە زۆری حەز لەم درێژدادڕییەی هوما نەبوو، وەک ئەوەی تاقەتی گوێگرتنی نەمابێ ئاماژەی کردە کراسەکەی بەری هوما و گوتی:

- ئەم کراسانە تازە لە نێو خەڵکدا بۆتە مۆد، ئای بۆ زستان کەیفی لەلایە، چسپ و پڕ بە بەر، خودا دایناوە بیکەیتە بەرت وەک منداڵان لەسەر بەفر خۆی پێوە بتلێنیتەوە، بە سەیمیرانم وتووە کراسێکی ئاواش بۆ من بکڕێ! بەڵام نەک لەو ڕەنگەی بەری تۆ، من شینی کاڵم پێجوانە، چیم پێجوان بێ سەیمیران ناڵێ نا، دایمە لە خوا دەپاڕێمەوە نیوەی عومری من بدا بەو؛ ئینسان وەختێ مێردی ئەم و ئەو دەبینێ چ بوونەوەرێکن یان باسی خراپی نەوعە پیاوێک دەژنەوێ تازە دەزانێ پیاوی خۆی چەندە چاکە و دەبێ بە گەوهەر هەڵیبکێشی، وەڵڵاهی ئەوە چاردە ساڵە لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەژیم خراپیم لە خۆمدا دیوە لەوم نەدیوە، ڕاستە ئەو ڕەفتار و ئاکاری تایبەت بە خۆی هەیە و من لەگەڵ چەند شتێکی ئەو نیم، بڕێک دەستبڵاوە، حەز و عەلاقەیی جوانانی هەیە تا بڵێی بۆ ماڵی خۆی دەستقوچاو نییە. حەز دەکات خۆی نانی وشکی بخوات، بەڵام ئەگەر کەسێک هاتە ماڵەکەی داییبنێتە سەر سفرەی ڕەنگین. منیش ئەم ماڵە بکەم بە هێلکەیەک و بیدەم بەم دیوارەدا دەستم وەڕێ ناهێنێ، بەرچاوتەنگ نییە و زوریش دڵاوایە، ئەوە لەو ماوەیەدا دیتووتە چۆنە، تەنانەت لە دەرەوەی ماڵیش ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ پووڵ و پارەیە، بەخشەندە و خاوەن کەرەم و دڵۆڤانە، ئەمەشی باشە قەت بۆ ئەوە چاکە ناکات چاوەڕوانی هەبێ و بەتەمای نان بە قەرزدان نییە،

ڕیباباز و خاپینۆک نییە. بۆ وێنە جارێک لە ئاڵوویری گەنمدا قازانجێکی باشی کردبوو کە هاتەوە چارشێوی بۆ ئەو حاجی خانمەی هاوسامان کڕیبوو، دەست و دڵی ئاوایە، زورجار بە شۆخی و جەفەنگ سەر دەخاتە سەری و دەڵێ ئاخری ڕۆژێک دەبم بە زاوای دایکت، واتە دەیخوازێ، لەگەڵ خاتوو سەفییەش نێوانی خۆشە پێیدەڵێ زاوا زێڕینە! منیش قەت نێوچاوی لێتاڵ ناکەم، دەزانم پێیان ڕادەبوێرێ، خۆ لە حەسارێکی ئاوا گەورەدا ئەم هەموو خەڵکەی تێدایە، ئەگەر دوو قسەی خۆش و دوو جەفەنگ نەبێ ئەوە ئیتر هیچ دەبێتە گۆڕستان و ئەشێ کەس ووتەی لە دەم دەرنەیەت، حەنەک و جەفەنگ تام و چێژی ژیانە، بەڵام بەو مەرجەی کەس لە بەڕەی خۆی پێ زیاتر ڕانەکێشێ، لەم بابەتەشەوە لە سەیمیران خاترجەمم، پیاوێکە بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ.

دیارنەبوو ئاسکە مەبەستی لەم شێر و ڕێوی هێنانەوەیە چییە، دەڵێن بە مێشوولەیان گوت پێوەدان لەم گیزەگیزە خۆشترە، بەڵام بۆچی قسەی دڵی نەدەکرد و لە چی دەترسا بەرپێوار بوو؛ بنە دەرزییەکی بە دەستەوە بوو لە بەینی ددانەکانی دەژەنی، چاوێکی لە حەوشەکە کرد بزانێ خۆشی کردۆتەوە یان هەر دەبارێ، پۆلێک پاساری ڕەشەنگیان دەست نەدەکەوت خۆیان گەیاندبووە بەرهەیوانەکە، بە سریوە سریو بە شوێن داندا دەگەڕان. دووانیان زۆر بێشەرمانە هاتبوونە بەردەرگاکە و خۆیان دەکرد بە نێو کەوشەکاندا خێرا دەهاتنەوە دەرێ، ئاسکە فکری کردەوە ئەگەر ئێستا بارام لە ماڵ دەبوو یان خۆی تاقەتی هەبوایە بێژنگی بۆ دادەنان و چوار پێنجێکی لێدەگرتن. ئاسمان دەستی لە شەنکردن هەڵگرتبوو. سەرتا سەری تەنافەکە بەفری لەسەر هەڵنیشتبوو. هەرجارەی لە شوێنێکەوە بە بێدەنگ دەکەوتە خوارێ و لە زۆر جێگای گوێسوانەکان تەنکە بەفر هەڵکوڕما بوو، قەل و قالاو قیرەیان دەهات و بەبێ ئەوەی دەنگی قاچیان بێ دەنیشتن و قنەیان دەکرد. مێردەکەی نوقرە گەرەکی بوو سەربانەکان دابدات بە پەیژەکەدا سەرکەوت پاسارییەکان ترسان و تێکڕا هەڵفڕین.

هوما گوتی:

- ئەگەر دڵت دەیگرێ پێشکەشت دەکەم. ئەگەر ڕاستت دەوێ منیش شینی کاڵم پێجوانە. شین بوایە لەگەڵ ئەم وەنەوشەیەی بەرم جوانتر دەکالایەوە.

هوما لە خەیاڵی خۆیدا وایلێکدایەوە، دەبێ سەیمیران لەمەڕ ئەم فانیلەیەوە قسەی بۆ ئاسکە کردبێ، ئەگەر کەسێک بۆ ڕەزای خودا پەنای ژنێک بدات و لە مزگەوتەوە بیهێنێتەوەتە بۆ ماڵەکەی خۆی! بۆ ئەوەی لە نێو جیرانەکاندا ڕووت نەبێ کراسێکی بۆ کڕیوە، ئیتر خۆ کارێکی خراپی

نەکردووە، ئەو کە تەواوی هەوڵ و دەولی چاکەکاری و ڕەوشتپاکی بوو، بڵێی هوما بە مەبەستی تاقیکردنەوە ئەم قسەیەی نەکردبێ، تۆزێکیش ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو، بۆ ئەوەی خۆی داپۆشێ و شەرمی بشارێتەوە فانیلەکەی هەڵکشابوو بۆ بن زەردە لیمۆی ئەگەر سەیمیران لەوکاتەدا لە سووچی پەردەوە چاوی پێیبکەوتبایە دوور نەبوو خۆی لە دەوری بگێڕێ، چینی کراسەکەی هێنا خوارێ و بە ناز و نووزێکەوە گوتی:

ـ زۆر جوانە، ئەسپی پێشکەشی دیانی ناژمێرن. بە سەدەقەی جەردی بم، هەروەک شاڵی خۆی حەزی لە کراسی سەوزە.

ئاسکە بە ژنەوتنی ئەم قسەیە وایزانی گۆزەیەک ئاوی ساردیان بە سەردا کردووە، بۆ چرکەیەک دەستی لە کارەکەی ڕاگرت و بە سەرسووڕمانەوە لە هوما ڕاما، لێوی بە ددانی گەزی و لە جێی خۆی مات بوو. بە ئەقڵی خۆیدا زانی ئەم پێڵاوانەشی تازە کڕیوە یان کەسێک بە دیاری پێیداوە، یەکەم شەو بەم کەوشە بریقەدارانەوە پێینابووە ماڵەکەی سەیمیران هەر دەبوو لە یەکەم ڕۆژەوە بیزانیبا بە بێهۆ نییە، ئەم ژنە ئەوەندە ئەم فانیلە و کەوشانەی بەلاوە پیرۆزە، بەڵام قەت دڵپیسی لە مێردەکەی نەکردبوو کەوابێ بۆی گرینگ نەبوو هوما بۆچی ڕەوشتی منداڵانەیە هەر ئەوکاتە سەرقاڵی کارەکەی خۆی بوو بە زمانێکی جامبازییەوە گوتی:

ـ منیش لەمەولا لەباتی کەوشی پاتە پێڵاوەی پاژنە بڵیند لە پێ دەکەم، هەر لەو کەوشە پاژنە مێشوولانەی تۆ، ئەوانیش سەیمیران بۆتی کڕیوە؟

وەختێ سەری بەرز کردەوە ڕوانینەکەی ئاسایی نەبوو، برۆی هەڵتەکاند، هوما تازە وریا ببۆوە ئەوەی نەدەبوو بیڵێ گوتوویەتی، هەر ئەوکاتە ڕەنگێکی هێنا و برد، بەبێ دڵنیابوون وەڵامیداوە:

ـ ئەوانەش ئەو بۆی کڕیوم، بەڵام بە پارەی خۆم. پارەی کراسەکەشم پێداوە، زۆر لە پێڵاوەکان ڕازیم بەڵام بۆپێم نابن، با بچم بیبانهێنم تاقیان بکەوە، بەڵکوو بۆ پێت ببێ دەیاندەم بە تۆ.

هوما بێئەوەی ماتڵی جوابدانەوەی ئەوبێ کەشەفە برنجی نیوە پاککراوی خستە بان کورسی و دیسان تێکەڵ بۆوە، هەستا سەرپێ تاکوو بچێ لە دیوەکەی خۆی کەوشە پاژنە بڵیندەکان بێنێ، وەختێ چووە دەرێ هەستی کرد تەوێڵی گەرمە، بیری کردەوە باشبوو گوتی بە پوڵی خۆی بۆی کڕیوە، وەختێ گەڕایەوە کەوشەکانی لەسەر کورسییەکە دانا، ئاسکە بە بزەیەکی کاڵەوە لێیپرسی:

ـ بۆ کەوشەکان، میران چەندەی پارە داوە؟

ـ پێموتی، هەردووکیان بە پارەی خۆم کڕدراوە، ئیتر نازانم دانەی بە چەندە.

ـ تۆ چەندەت پارە پێداوە؟

ـ حەوت تمەن.

ـ حەو تمەن؟! میران دەیگوت، دە تمەن!

هوما بە نێوچاوتێکنانێکەوە کە جاروبارە نیشانی دەدا و دوورەنگی ئەوی دەردەخست هاوکات لەگەڵ زمان تەڵەکردن و قسە بۆنەهاتن گوتی:

ـ دواتر باقی پووڵەکەم پێداوە.

ئاسکە وەختێ درۆ و ڕاستی بۆ دەرکەوت، تاسێک بە سەریدا هات، بۆ خۆی شەرمی کرد لە حەیا و بێحورمەتی ئەو ژنە، ئەگەر لەو سەعاتەدا بە گاز ئازای ئەندامی پچڕیابایە ئۆخەی نەدەهاتێ، هەر بۆیە لەو حەلەدا هەستی بە تێکچوونێک کرد و بۆ ئەوەی ئەم گومان و بێدەنگییە لە نێو بەرێ هەوڵیدا باسەکە بگۆڕێ و قسەیەکیتر دابمەزرێنێ، ڕوانین و نێوچاوانی ئەو ژنە وای کار تێکرد توانای نەبوو زمانی بگەڕێ، تەنانەت بیر و هۆشی بە تەواوی لەلای خۆی نەمابوو، هەر بۆیە بە ددانی تەقەڵی سەر ئەژنۆی پاتۆڵەکەی دەپچڕی، ئەگەر ئەم ژنە و ئەو پیاوە هیچیان لە ژێرسەردا نییە ئەوە بۆ دیزە بە دەرخۆنە دەکا؟! لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ واوالێکراوی سۆزانی! وەک کەو سەری کردووە بە بن بەفردا، وادەزانێ کەس نایبینێ، ئەرێ بە سەری بابت! ئەوەی هەیە و نییە پێت وەدەر دەخەم پەلە مەکە با ئەو درۆزنەی مێردم بێتەوە ماڵێ، لە پاش پەنجا ساڵ تازە خەریکە تێهەڵدەچێتەوە، دەبێ بەزمێکت پێبگێڕم، ئەم دەرگایە نەبینییەوە کە پێیدا هاتوویە ژوورێ، خەیاڵی خاوت کردووە؟ پووچت کرد داوای کڵاوی قووچت کرد.

ئاسکە، وایبۆچوو ئەگەر بە زیرەکی و هوشیاری لەگەڵی نەجووڵێتەوە لە گەڕەکدا حەیایان دەچێ، تۆ چاو لە ڕوخسار و قەڵافەتی مەکە، وەک دۆستی ناوەجاخ وایە لاقت دەگرێ، ئەوە مێشهەنگوینە، دەبێ قانگی دەی، چاو لەو نەرم و نییانییەی مەکە، (مەیژە مەترسە گورگ برسییە، گورگی کەوڵە مەڕ جێی مەترسییە). بەڕاستی فکرێکی گەوجانە بوو ئەگەر لەو ماڵەدا ئەو ژنە بە ملۆزم و خەتەرێکی گەورە نەزانێ.

تازە ڕۆژ پەڕیبوو، فریا نەکەوت لەگەڵ جیرانەکان یانی خاتوو سەفییە و کچەکەی قسە بکات و سەبارەت بەم کراس و کەوشانە پرسیان پێبکا، بەپەلە هەستا چوو بەلای شێو سازکردنەوە،

سەی‌میران وەختێ هاتەوە بۆ ماڵێ بەر لەوەی هیچ قسە و باسێک بێتەگۆڕێ چاوی بە خوڵک و نێوچاوانی ئاسکە کەوت، هەستی بە ئازارێک کرد. کەوڵی نان ڕاخرا و لە گلارەی پرسی:

ـ بانگی هوما،ت کردووە؟

کچە چاوێکی لە دایکی کرد بزانێ ئەو چی دەڵێ. ئاسکە دەفرێکی چینی لە بەردەست دابوو خەریک‌بوو بە ئەسکۆی دەی‌شێواند. بە ڕووگرژییەوە گوتی:

ـ دەمویست شێوەکەی بۆ بنێرمە دیوەکەی خۆی لێی‌بگەڕێ با شەوێک نانەکەمان بە دڵەوە بنووسێ. ڕەنگ‌بێ بۆ ئەویش ئاوا باشتر بێ، هانێ گلارە ئەم دەورییە چێشتەی بۆ بەرە، ئەمەش نان و سەوزی و خوێدان بینێ بان کەشەفەکە، ولات بەستوویەتی وریابە لەسەر پلیکانەکان نەخزێی، میران گوێم‌لێبگرە کارم پێتە.

ڕەنگو ڕووی ئاسکە بە تەواوی تێکچووبوو خۆشی هەستی کردبوو لەبەر ناڕەحەتی دەستی دەلەرزێ، سەی‌میران قەڵس و تووڕە پێکیدادا بوو، لە بن لێوەوە گوتی:

ـ دەتەوێ چی‌بڵێی؟ ئەگەر حەز بە هاتنی ئەو ناکەی بۆ ئەم ژوورە، ئەم ئەخمو تەخمەت لەچییە، (بە زەردەخەندەوە چاوی لە گلارە کرد. وەکئەوەی ئەو قسەکەی بسەلمێنێ) چلەوە باشتر، لەو ڕۆژەوە هاتۆتە ئەم ماڵە لە قەرەواشێک بانتر خۆی نیشان داوە، ئەوەندەی من دەیبینم بە عەرزەوە ناوەستێ و خەریکی کار کردنە، بێجگە لەوەی خزمەتی تۆ دەکا کاری بە کاری کێ داوە؟

ـ وەڵلا تەواوم کرد! جا بۆ ناڵێی جاران ئەو لێرە نەبوو ماڵەکە پیس بوو، بەسنییە ئەو لێرەیە ئەگینا سەگ بە گووەوە دەی‌بردین! زۆرم پێ‌سەیرە قەت وام لە تۆ ڕانەدەبینی.

میران بۆئەوەی ئاوری دەروونی خێزانی دامرکێنێ زۆر بە حەوسەلە قسەی دەکرد. مەهدی بە دەوری شەربەتەکەدا دەهات و دەچوو، ئاسکە چۆڕێکی بە دەمییەوە کرد. منداڵە کەوتە دەم‌تەقاندن و چاو نووقاندن. سەری هەڵدەتەکاند و گوتی: بەح بەح!

دایکی هەڵی‌گرت و لەسەر کورسییەکە داینا، پڵاو و گۆشتی کردە سەر دەورییەکە و نایە بان سینی و دایە دەست کچەکەی بیبا بۆ هوما، ژنە لە دوای بانگی عەسر بەولاوە، کە ئەم قسانەی لە دەم دەرپەڕیبوو، ئاسکەش زۆری لێ‌تووڕە بوو خزابووە ژوورەکەی خۆی. سەی‌میران گوتی:

ـ گلارە، ئەم کەشەفە لەسەر کورسییەکە دانێ با دەستت ماندوو نەبێ، (کچە بەم قسەیە کەیفی سازبوو) ئاسکە، چییە قسەتان لەیەک هەڵبەزیوەتەوە؟ دیسان لە ماڵێ چۆتە دەرێ، یان کەسێک قسەیەکی کردووە؟ چی‌بووە، ئەوەندە مرو مۆچی؟ لە بەیانییەوە موو بە نێوانتاندا نەدەچوو.

ئاسکە، ئەوەندە داخ لەدڵ بوو، زۆری نەمابوو هەرچی هەیە و نییە هەڵیبرێژێ و بۆی لە بنی کوولەکە بدات، بەڵام ددانی بە خۆیدا گرت و دەنگی نەکرد، جارێ وەختی ئەوە نەبوو، میران زۆر تووڕە بوو، دەرینەدەخست، ئاسکە بە هەموو خدە و ئاکارێکی ئەو ئاشنا بوو هەر ئەوەندە بەس بوو باسی فانیلە و کەشی پاژنەبڵندی بکردایە، وەک گورپەکەی پووره ئامان پڕیپێدا دەکرد و لە خۆڵی دەگەوزاند. ئەمیش لەو خراپتر تووڕە و ئاڵۆزاو بوو، هەوڵی دەدا بە ئارامی وەجووڵێ و لە جێی خۆیدا قسەیەک بکا، ئەوەندە پەشۆکابوو دەستی لە دەفری شەربەتەکە درا و نیوەی بەسەر فەرشەکەدا ڕژا، لەوکاتەدا لەگەڵ گلارە خەریکی پاککردنەوەی قاڵییەکە بوون بە لالووتێکەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ ناخۆشییەکمان نەبوو، بەڵام با پێتبڵێم، حەزناکەم بێتە ئەم ژوورە، لێیبگەڕێ با لە دیوی خۆی دابنیشێ، نامەوێ یاریدەم بدات و کارم بۆ بکات، کارم بە کاری نییە، تا ئەو ڕۆژەی کەسێکی بۆ پەیدا ببێ و بیبا و بڕوات، یان کەس‌وکاری بێن و بیبەن و بڕۆن. با هەر لەم ژوورەی خۆیدا بێ، تا ئەوجێیەی بۆم بکرێ هەر خۆم هەوڵی بۆ دەدەم. بەڵام ئەوەندەش بزانە ئەو ژنە سادە و ساویلکە نییە، نامەوێ پێی بەم دیوەدا بێت و بێ ڕووبەرووی تۆ دابنیشێ، بۆم قەبووڵ ناکرێ، سبەی ئەم خەڵکە چی بە من دەڵێن؟! هەر لە ئێستاوە دەروجیران بە چاوێکیتر لە من دەڕوانن، تەوسم پێدادەدەن و تانەم لێدەدەن. خەتای خۆم نییە حەز بە چارەی ناکەم میران هەر بۆیە وەک مار پێچ لە خۆم دەدەم. هەمووکەس دەڵێ هوما لەگەڵ مێردەکەت کەین‌وبەینی هەیە!

سەیمیران لەوکاتەدا خەریکی قرتاندنی نانەڕەقە بوو، زۆر بە دڵەوە گوێی بۆ قسەکانی ئاسکە نەگرتبوو، کاری بەوە نەبوو شام و نەهار چی ئامادە کراوە، بە پارو پارو خۆی نیوەتێر دەکرد. عادەتی کردبوو بە نانی وشکی، بەم پێشنیارەی ئاسکە قایل بوو کە هوما لە دیوی خۆی شێو و فراوێنی بخوات، بەڵام ئەو بیرێکی دیکەی لێدەکردەوە، هەربۆیە بەم قسەی ئاخری ئاسکە زۆر تێکچوو:

ـ جیرانەکان! جیرانەکان! جیرانەکان با بە گۆڕی بابی خۆیان قاقا پێبکەنن بۆ قسەیەکی دەیکەن! بۆ من لە دەمی ئەوان تفیوم تاکوو بزانن من و هوما کەین‌و بەینمان هەیە؟ ئەم خەڵکە چەندە بێچاو و ڕوون! من نازانم ئەم مەردومە بۆ ئەوەندە نەفام و بوختانچین؟ گەرەکیانە بزانن ئەم خەڵکە چیدەکەن و چیناکەن. بێکار و بێبارن بەو خەڵکە هەڵنەشاخێن چیبکەن. نەقڵەکەی مێردی خورشیدخاتوونە لە چایخانە بۆی تێچاندووم! گوتوویە قسەکەی مزگەوت سەرپاکی درۆیە و

سەی‌میران زۆر لەمێژە نێوانی لەگەڵ ئەم ژنە خۆشە و فریوی‌داوە تەڵاق لە مێردەکەی وەربگریَ و لە خۆی مارە بکا. بەڵیَ ئاسکەخانم منیش بەینێکە دەزانم ئەم دەروجیرانانە خەریکن قولاپەمان دەگرن. هەرئێستا لە پێش چاوی تۆ ئەم خوێڕییەپیاوە بانگ‌دەکەم بێتە ئێرە و دوو تفی لە نێوچاو دەکەم، پێی‌دەڵێم دوو ساڵ حەمباڵ و بەردەستی من بووی نان و نمەک کوێری نەکردی خەریکی درۆ و دەلەسەی؟! ڕەحیم ئاژانی بۆ بانگ دەکەم تا پێی‌بڵێی مەنێک چەند کیلۆیە.

ئەم قسەیە زۆر ناخۆشە! ئەم خەڵکە بۆ دەبیَ نانیش بخۆن و نانداێنیش بدڕێنن؟! وەرە لەم وڵاتەدا نەوێری چاکە و پیاوەتیش بکەی، ئەگەر ژنێکی جوان و جحێڵ تەڵاق لە پیاوی خوێڕی و بەڕەڵڵا وەربگریَ پێی‌دەڵێن لیَی‌گەڕێن با ببێتە سۆزانی و جندەخانەکان جێیەتی، کوێرن خاس و خراو ناناسن. باسی ئەم بەناو پیاوانە ناکەن ژنەکانیان لە ماڵ دەردەکەن، بە کەسێک دەوەڕن کە داڵدەی ئافرەتێکی لێقەوماوی داوە، ئەوان دەست بە کڵاوی خۆیانەوە بگرن با نەیبا، کاریان بە کەس نەبیَ، قسەی خەڵک ناخۆشە، دەنا دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابیَ.

«هوما لەگەڵ مێردی تۆ کەین‌وبەینی هەیە!» کیَ ئەم فەرمایشتەی بە تۆ وتووە؟ هەڵبەت خاتوو خورشید ژنی ئەم هەتیو مچەیە، یان نوقرەی براژنی، ئەگەر ڕاستت‌دەویَ دڵم لە خاتوو سەفییە و کچەکەی ئاو ناخواتەوە، هەرچەندی زۆریش قورس و سەنگینن، بەڵام ئەوانیش ئەم نەخۆشینەیان هەر لەگەڵە. نازپەری ژنی کەربەلایی هەباس کاری بەم کارانە نییە. من باش دەزانم. ئەگەر ئەم ژنە تۆزێک ئەم جوانییەی نەبوایە و هەر وەکوو زەڕی دەم لار و وەک ڕووباب چاوخێل بایە، دڵنیام کەس کاری بە کاری ئێمە نەدابوو، هەر ئەمە بۆتە باعیسی بەدبەختی ئەو، با هوما نەبیَ و حۆری و پەری بیَ، من تەنیا لە ڕێی خودادا پەنای ئەم ژنە چارەڕەشەم داوە، ئەگەر مەبەستێکی دیکەم هەبوایە خۆ کارێکی ئەوەندە گران نەبوو، دەمتوانی هەر یەکەم ڕۆژ بیبەم بۆلای شێخ لوتفووڵڵا و لەویَ مارەی بکەم! تەنیا تمەنێک پارەم دەچوو، ئەم کارەم لە دەست دەهات بەڵام نەمکرد.

سەی‌میران هێشتا گرێی نێوچاوانی گرژ بوو خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی، لە کورسییەکە دوور کەوتەوە و پاڵی وەدەستەنوێنەکەوە دا، ئاسکە دەفری پڵاوەکەی هەڵگرت و لەسەر سفرەکە داینا، هیچ کەیفی نەبوو. لە بن لێوەوە گوتی:

- میران خۆت کچت هەیە قسەی‌وا مەکە!

هەر ئەو عاجزی و نێوچاو تێکنانەی مێردەکەی بە عالەمی ئاشکرا نیشانی دەدا کە خەتایەتی، چ قسەیەکی پێنەبوو بۆ خۆپەڕاندنەوە، ئاسکەش ئەوەندە نەفام نەبوو دەیزانی بە بێهۆ قەڵس نابێ، کارەکەی لە ژێر سێبەر هاتۆتە بەر ڕووناکی، چۆنی لێدەشارێتەوە، ئاسکە وتی، بۆ نەتکرد لەسەر چی ڕاوەستابووی دەبوو بیکەی!

سەیمیران لامپاکەی لە نێوەڕاستی کەشەفەکە لابرد، جگەرەکەی کووژاندبۆوە، سەرلەنوێ دایگیرساندەوە، کاتێ مژی لە جگەرەکە دەدا، ڕوومەتی بە قوڵدا دەچوون. تووتن چووبووە ژێر زمانی تفی کردەوە و هەر وەک هێشتا تووڕەیی بە توێڵییەوە مابوو گوتی:

ـ من ئەو ڕۆژە نەمدەزانی دەبێ بزانن لەکوێ دەخۆیی لەکوێ دەڕی! گەرەکیانە ئابڕووی خەڵک ببەن! لە قاوەخانان دانیشن و باسی ئێمە بکەن، زۆر چاک دەزانم هەمووی قسەی دەروجیرانە دەڵێن خۆی لەو ژنە خۆش کردووە، نەشمکردووە خەریکن بە زۆر پێمدەکەن!

ئاسکە بەم قسەیە بەندی دڵی داکەوت، لەو کاتەدا خەریکبوو پڵاوی دەکردە سەردەورییەکەی بیژەن، دەستی بە کەوگیرەکەوە ڕەق بوو. لەژێر لێوەوە زمانی تانەو تەشەری بەکار هێنا، لێیپرسی:

ـ میران دەتەوێ چیبکەی، ناوێکی لەسەر دابنێ؟

ـ ئەرێ، زمانی ئەم مەردمگەلە دەبەستم! سیغە بێ، مارە بێ، هەر ژەهرەمارێک بێ، با چیدی چەقەیان نەیات. تازە دەزانم ژیان وەک جلوبەرگی لێهاتووە ئەوەندەی بۆخۆتە دە ئەوەندە بۆ خەڵکە! جا بۆ من لەوەپێش ئەو ژنەم ناسیوە، زانیومە مێردەکەی کێیە؟ ئەوانم دیتووە؟ بۆ من برۆی ئەوم پێجوانە لێرە ڕامگرتووە تازە ئەم قسانە بۆ من نەهاتووە لە ڕێزەی ئەم کاردانەدا نیم، دەری دەکەم با بڕوات.

ئاسکە خۆی خستە نێو قسەکانی:

ـ بۆ مەجبووری هەر دەبێ دەریبکەی، کێ قسەی وایکردووە؟ ئەم لێقەوماوە پەنای بۆ ئێمە هێناوە. یەکێکە وەک ئەم دراوسێیانە، کاری بە کاری کەس نییە، بەڵکوو لایەکی بەلایەکیدا بکەوێ.

ـ دەمی ئەم خەڵکە چی لێدەکەی؟

سەیمیران لە دوورەوە دەورییە برینجکەی کێشا بەردەمی خۆیی، مێشی تووڕەیی بە نێوچاوانییەوە هەڵنەفڕیبوو، بۆ ئەوەی قسەکەی بڕیبێتەوە ڕووی کردە گلارە کە هێشتا هەر بەسەر پێوە مەحتەل مابوو بە پەڕۆشییەوە چاوی لە دەمی دایکو بابی بڕیبوو، گوتی:

ـ تازە بچۆ ئەمشەویش بانگی بکە با بێ لەگەڵ ئێمە نانەکەی بخوات، بەیانی فکرێکی بۆ دەکەمەوە، یان هەروەک وتم، سووکەمارەیەکی دەخەمە سەر و خۆم لە دەست ئەم کێشە و هەڵڵایە قوتار دەکەم، یان ئەوەی ناهێڵم دڵمەند بێت جوابی دەکەم، ئابڕوو و کەرامەتی خۆم لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

ئاسکە ئارام ببۆوە، لە بنلێوەوە بۆڵاندی:

ـ چەم بێچەقەڵ نابێ، گلارە بچۆ بانگی بکە!

ئەمشەوەش، هەر وەک شەوانی ڕابردوو تێپەڕی، لە دوای شێوخواردن، هەباسەکوێری جیرانیان (کەربەلایی) بۆ شەونشینی هات بۆلای سەیمیران. هەرچەندە مڕومۆچی پێوە دیاربووە، بەلام بەخاتری میوانەکەی کەوتە جەفەنگ و قسەی خۆش، بەلام دوای ئەوەی میوان ڕۆیشت خەت و هێڵی نێوچاوانی تێکپەڕین. قوتووی جگەرە و مۆدنەی هەڵگرت و بەبێ ئەوەی دەرگاکە پێوەبدات، بە ڕقهەستاوی چووە دەرێ و خۆی کرد بە ژووری پێنج دەریدا.

ئەوشەوە، فکر و خەیاڵ وەک هەنگەژاڵە دەوری ئاسکەیاندا و خەو لە چاویدا بوو بە بووکی تۆرەنۆک. لە ڕاستیدا چاوی چووە خەو نەچووە خەو لە جێی خۆی ڕاپەڕی وەک ئەوەی گوێی لە زرمەیەکی بەهێز بووبێ، نەیزانی لە کەیەوە خەوی لێکەوتووە، کاتژمێری پشت سۆباکەی لە بیر چووبوو قورمیشی بکا، چرکەی لێ بڕابوو، لە بێدەنگی ژوورەکە دەترسا، بە خەیاڵی خۆی وایدەزانی میران چووە هوما بەرێ بۆلای مەلا سیخەی بکا، گوێی لە پرخەی هوما بوو لەوبەری کورسییەکەوە خەوتبوو، قسەکانی سەیمیران لەپێش چاوی ببوون بە دێو و درنج، دەیزانی میران هومای خۆشدەوێ، ئەوە شتێک نەبوو حاشای لێبکا، دەی کەوابێ چۆن دەزانێ هەر ئێستا ئەم کارە ناکا؟!

لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەبابی بەیانی بە ئەسپایی لە جێگاکەی هەستا و ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی لابرد و بە پێدزە خۆی گەیاندە بەردەرگای ژووری پێنج دەری، میران کە هەستی بە دەنگی دەرگا کرد پەشۆکاو لە جێی خۆی ڕاست بۆوە، ئارەقچنێکی لەبەردا بوو دەرگای دیوەکەی کردەوە، بۆ ئەوەی باپەڕ نەبێ خێرا خۆی خزاندەوە نێو جێگاکەی، پۆستینەکەیدا بە شانیدا و بەم تاریکییە جگەرەیەکی داگیرساند. ئاسکە چارشێوە سپییەکەی لە خۆی کردەوە وەک تازە بووکان خۆی دەئامێزی هاویشت، لێفەکەیدا بەسەر خۆیدا و دیسان لای‌برد:

ـ وەی ئەم ژوورە چەندە ساردە! خۆ بمزانیبا ئاوایە قەت نەمدەهێشت بە تەنیا لێرە بخەوی، تۆ دایمە هاواری لاقو قولت دەکەی، (سەی‌میران زۆرجار بە ژانی لاقێشەوە دەینالاند.)

نێوچاوانی ڕۆشن بۆوە و شەپۆلی خەیالاتی هوما لێی دوور کەوتبۆوە:

ـ ئەم چەند شەوە ئاوا سارد نەبوو، بارینی ئەو بەفرە هەواکەی گۆڕیوە.

دەستێکی بە سەروچاوی خۆیدا هێنا و لە بن لێوەوە گوتی:

ـ خودا بەخێری بگێڕێ! لا اله الاالله! چەندە خەونێکی ناخۆشم دی، چیبوو، نازانم، لەکوێ بووم، خەریکبوو لە گۆمێکدا بخنکێم؛ لە بیرم چۆوە.

هەولێدا وەبیری بێتەوە بەڵام نەیتوانی. لە کەلێنی پەردەکەوە چاوی لە دەرێ کرد، تاریک و ڕوونی بەیانی بوو، بەڵام کەس کەسی نەدەناسی، لە گیرفانی جلیسقەکەی کە بەسەر کورسیلەکەوە بوو کاتژمێرەکەی دەرهێنا و بە وردی لێی‌خورد بۆوە، لە نێو تاریک و ڕوونی ژوورەکەدا بە نابەدڵی گوتی:

ـ جارێ زۆری ماوە ڕۆژ بێتەوە. دوای شەش سەعات ئەمبارەوبار کردن تازە خەریکبوو خەوم لێبکەوێ تۆ لە دەرگاتدا، شەیتان خەجاڵەت بێ!

ئەمەی ئاخری تەواو بە شۆخی بوو، بۆئەوەی نەختێک بخەون، ئاسکە گوتی:

ـ ئەگەر دەتەوێ بخەوێ بخەوە، من کارم بە تۆ نییە، ئەگەر حەز ناکەی لێرە بم ئەوە دەچمەوە لای منداڵەکان!

ـ بۆ حەز ناکەم لێرەبی؟ تازە خەوەکەم پەڕیوە.

ژنە بە زمانی لووس و نەرمەنازێکەوە لێی‌پرسی:

ـ کابراگیان، بۆ خەوت لێ‌نەکەوتووە؟ هەر لەبەر ئەوەی وتم جیرانەکان وادەڵێن لەوە قەڵسی؟ ئەم قسەیەم تەنیا لە دایکی حاجی‌خانم بیستووە، ئەویش بۆخۆت دەزانی چەندە حەنەکباز و گاڵتەچییە. خاتوو سەفییە ژنێکی دڵپاک و بێ‌فڕو فێڵە، قەت نییەتی خراپی نییە لەو قسانە دەیکا، دڵیشی بە قسەی کەس غەور ناگرێ، دەڵێ ژیان بەم قسە و گاڵتە و گەپەوە خۆشە دەنا ئینسان دیق دەکا و دەمرێ، چبکا هەناسەساردە، جەرگ سووتاوە، زاواکەی غەدری لێکردووە، کچەکەی هەروا ماوەتەوە، ئەی ئەگەرکوو بەم شتانە دڵخۆشیخۆی نەداتەوە بە چی بیداتەوە، هەمووکەس ناتوانێ ئاوابێ، ناکرێ لێی بە ئیراد بگری، بەڵام من وامپێ‌باشە هەرچۆنێک بە چاکی دەزانی کارێکی بۆ

بکەی و ئاوا بە هەناسە ساردی نەمێنێتەوە، جوان نییە ئەم بێوەژنە بەم تەمەنە کەمەوە لە ماڵی بێگانەیەکدا بێ، ئێرە پیاوی جحێڵی تێدایە، کابراگیان تۆ پێت‌وایە قسەکەی من خراپە؟

ئاسکە نەیگوت منیش ئەمشەو خەوم لێنەکەوتووە، بە وردە نازێکی زیرەکانەوە لێی نزیک بۆوە و پاڵی‌پێوەدا، بەڵام میران هەروا لەگەڵی سارد و سڕ بوو، دەمو لێوی نا بە ڕوومەتی زبرییەوە، دەستی بە سنگ و بەرۆکی تووکنی‌دا گێڕا و لە ملی توند کرد و لە ژێر لێفە ئەتلەسییەکەدا، بزر بوون. سەی‌میران گوتی:

ـ خوا بیبەخشێ، باوکم بوو هاتبووە خەونم، بە یەکەوە چووبووین بۆ حەج، بەڵێ، نە ماڵ بێ‌دەنگ و هەرا دەبێ و نە قەبریش بە بێ‌عەزاب.

زۆری هەوڵدا بە تەواوی ئەم خەونە سەیر و سینەمایەی دیتوویەتی وەبیری بێتەوە. ئیتر بەبێ ئەوەی بیر لە قسەکانی ئاسکە بکاتەوە خۆی خستە سەر ئەو شانەی دیکەی و باری نووستنەکەی گۆڕی. وەختێ خێزانی خۆی خزاندە ژێر لێفەکەوە لەشی وەک سەهۆڵ وابوو تازە گەرم داهاتبوو، لە دوای مانگێک دووری لە ژنەکەی گەشت و سەیرانێکی وشک و بەتاڵ و لە باخێکدا کە تەنانەت دەست‌بردن بۆ لق و میوەی بڤە بوو چبگا بەوەی دەم شیرین بکات و مەزەی بچێژێ، ئێستاش بەم دەستە زبر و پەنجە ئەستوورانەی خەریکی بەی‌کوشین و هەڵگڵۆفینی سینە و شلکەڕان و بەلەکی تورت و ناسکی ئاسکەیە، دەست لەهەر جێیەک دەبزێوی چێژی خۆشی پێدەبەخشێ و بە دەم سەیر و سەفاوە ئەم گەرمە باوەشە ئۆخژنی دەداتێ. بە غیرەتەوە نەیدەتوانی لە چاوە ڕەشەکانی ژنەکەی بڕوانێ کە مەستی بادەی خۆشەویستی و مەکری ژنانە بوو، چونکە وای بیر دەکردەوە خەریکە بە خەون و خەیاڵی پیرانەوە نەینووکی ئەشق و ئەوینی شلوێ بکا. لە پاش ئەم قسە و باسەی شەوێ کە لە نێوانیاندا ڕێسراو هەڵوێزنرا، بە وتەکەی خۆی شەش سەعاتە هەر ئەم‌دیو ئەودیو دەکات و خەوی لێ‌نەکەوتووە، ئاخری وای بڕیاڕ دابوو، ئەم ترس و دزە دزە وەلابنێ و بەپێی شەرع و یاسا بچێتە پێش و خاتیمە بەم کێشەیە بهێنێ و دەست لە ئەستۆی بووکی ئاواتی وەرێنێ. بەڕاستی لەم بابەتەوە بە یەکجاری لەسەر فکرەکەی سوور بوو، بەڵام بۆ چەقاندنی ڕمب و نێزەی جێگای ڕمبی نەکردبۆوە، شەرمی دەکرد، لە چاوی هاوژینی دێرینی و لەو منداڵە جوانانەی، لە دوست و زۆربەی هاوڕێکانی، (لە نێو هەموویاندا شەرمی لە کاکە ڕەزاخانی ئاشەوان و دایکی ئەو پیاوە بوو کە بەڕاستی خۆشەویست و دۆستی ڕاستەقینە و گیانی بەگیانی سەی‌میران بوون. ئاسکە لەگەڵ جەواهێرخانمی خوشکی ڕەزاخان دەستەخوشک و گیانێک بوون لە دوو جەستەدا) بە فکر و بیرێکی

ئاڵۆزەوە خەمی هومای لەسەردا بوو، ئەم گشتە جوانییە، ئەم عیشوە و نازە کە بۆتە هۆی قسە و باس و ئازار و عەزییەت تەنانەت ماڵ و ژیانی خاووخێزانی بەم بۆنەیەوە تووشی گرفت و ناتەبایی هاتوون، لە لایەکیتریشەوە کە بیری لە وەسڵی دڵبەری دەکردەوە سی مەل‌ئاسا خۆی بەسەر لووتکەی قافەوە دەبینی، سەری لێشێوا بوو نەیدەزانی بەرەو چ لایەک بڕوانێ، لە نێوان باخ و بێستاندا مەحتەل مابوو، لە بەینی ئاو و ئاوردا گیری کردبوو، ناو و ناوبانگی جارانی لە نێو خەڵکی شاردا، قسە و تیرو تانووتی ئەم و ئەو دەست‌هەڵگرتن لە بەژن و باڵای هوما، دەردی دوو ژنە، هەرچەندی سەری دەهێنا و دەیبرد، ڕووی دەکردە هەرلایەک هەر شوورەیی و لەمپەر بوو. بیری دەکردەوە فکری بە هیچ جێیەک نەدەگەیی! خەزێنەیەکی باشی دیتبۆوە نەیدەزانی لە چ شوێنێکدا حەشاری بدات، لە لایەکەوە دەیزانی پیاوی دووژنە هەموو جەرگی کون‌کونە، لەولاشەوە دەستی لە دڵی نەدەبۆوە کە هەر ئاوا بە هاسانی لە دەستی ببێتەوە، ئەوە مانگێکی ڕەبەقە سەری بۆتە گۆڕەپانی هەزاران فکر و ئەندێشەی هەمەجۆر و هەر سەعاتەی بیرۆکەیەک ڕەشماڵی خۆی تێدا هەڵدەدات و هەرتاوەی چەند شەڕکەرێک پێک‌هەڵدەپڕژێن. هەر ئەم فکر و خەیاڵانە کە بە ڕۆژ شانەی دەکردن و دەی‌ڕستن و دارو تەونی دەنایەوە و شەویش حەجمانی لێ‌هەڵدەگیرا و سەدان ڕەنگ و گوڵی ڕەش و سپی لەسەر ئەم قاڵییە دەبینێ و دەمێک دەبوو بە باخات و دەستی هومای دەگرت و تێیدا دەسووڕایەوە و جارێکیش دەبوون بە حەزیا و هەڵیان‌دەلووشی، ئیتر هەرچی هەبوو لە سوێی یار و حەژمەتی دڵداری نەیدەتوانی بەربەستێک بۆ لافاوی هەوا و هەوەسی هەڵبەستێ! خۆ ئەگەر خۆی لەم گومان و دڵەڕاوکێیە دەرباز بکردایە و باسێکی ویژدانی لە ئارادا نەبوایە، ئەوە تێکەڵ بوون و بە دەست‌گرتنی هوما بۆ ئەو وەک ئاوخواردنەوە وابوو، سەرەڕای گشت ئەمانە زۆر تەکی نەدابوو بە دیواری ویژدانەوە، خۆ ئەگەر پاڵیشی پێوەدابێ، ئەوە لە ڕووی کۆمەڵگا دامابوو، هەر ئەو کۆمەڵگایەی هیم و بناخەی لەسەر دزی و گزی و فزی ڕۆنرابوو هەوەس‌بازی و سەروەت و سامان برا گەورەی هەموو شتە کێ دەستی درێژترە شا بە سەپان ناگرێ و عەیب و ئیرادیش ماست نییە بە لێوی زیانی خۆرۆوە دیاربێ، ئەمە هەر لە کۆنەوە واهاتووە و واچووە، نە مەرگی هەژار ڕەنگی هەیە و نە تڕی دەوڵەمەند دەنگی هەیە، ئەوکاتەی سەی‌میران سەراوی لە ژێر لێفەی ئەتڵەسیدا سەری لەسەر سینگی خێزانی دانابوو، بەبێ ئەوەی پێلوو ببزێوێ وەک ئەوەی هێشتا خەواڵوو بێت گوتی:

ـ تۆ پێتوایە ئەگەر بۆ ماوەیەک ئەم ژنە سیخە بکەم و سووکە مارەیەکی بخەمە سەر، کارێکی خراپە؟ یان زەرەدی بۆ پەز هەیە؟ بەڵێنت ئەدەمێ نایبێ!

ئەو لەلای خۆی وایلێکدابۆوە بۆ ئەوەی کۆسپێک لەبەر دەمدا نەبێ جارێ سووکە مارەیەکی لەسەر دانێ و دواتر ئازادی بکا، بەڵام دەیزانی بەمکارەی بێحورمەتی بەو دەکا، ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر خاپاندن و فرتو فێڵ، ئاسکە بە بیستنی ئەم وتەیە کە هیچوەختێ چاوەڕوانی نەدەکرد بە تەکانێک خۆی لە ژێر میران دەرباز کرد و هەردوو چاوی لێدەرپەڕاند:

ـ ئەوە بۆم ڕوون بۆوە بەقەی چڵەپووشێک منت بۆ گرینگ نییە، نە مانای خۆشەویستی دەزانی و نە حورمەتت هەیە بۆ ژن و منداڵی خۆت، دەتەوێ لە نێو خزموکەسدا گەمار و بێقیمەت لەبەر دەرگای حەسارت بکەوم! بەڕاستی حەیف بۆ ئەو عەمرەم کە بە زایە چوو، ئەمجار تێگەیشتم؟ من بۆ تۆ مردوو تۆ من بە هیچ نەگرتوو، ئەوە من نیم! من ئەو ژنە نیم تۆ ئاوا بتوانی بمکەی بە قەڵماسەنگی دەستی خۆت، ئەم زمانەی تۆ هەتە تەنیا بۆ ڕاو و تەڵەکەبازی بەکاری دەهێنی و خەریکی دادۆشینی، قەت ئەو حەقەت پێ نادەم! دەینم بە ملت، جەزیای دنیام لەگەڵ کێشای.

ـ ئەگەر ئەم کارە لە بەرژەوەندی خۆمان بێ ئەو حەقەم دەدایتێ. ئەوڕۆژەی لە مزگەوتەوە هێنامەوە مامۆستا پێشنیاری پێکردم، ئەو چەند ڕۆژەی لە ماڵی خۆتە عینوانێکی لەسەر دابنێ، بەڵام من لەبەر خاتری تۆ نەمکرد، ئێستاش سوێند بە وێژدانم دەخۆم کە چ بە فەرمی و نافەرمی بێ یان لە ژێر هەر عینوانێکدا بێ لە سنووری خۆم تێنەپەڕم. ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە دەمی گورگ لە خۆمان ببەستین! ئەگینا دڵت غایلە نەکات تازە من بەم تەمەنەوە کە عومری پیرەمەرێکم بۆ ماوە، دەنکدەنک تاڵی ڕەش لە سەرمدا هەیە هەوای ژنهێنان لە سەری دابێتم، ئەویش ئافرەتێکی ئاوا چەلەنگ و دەلال، ئەوەندەش سەهەندە نیم. واشنییە، تۆ خراپ بیری لێدەکەیتەوە، ئێستا زۆرتر لە جاران بەلای منەوە عازیز و خۆشەویستی، قەتیش وانابێ خۆشەویستی بەینی من و تۆ سارد ببێتەوە، بەتەمام لە دوای ئەم ئاگری نەورۆزە سەفەرێک بکەین و بتبەم بۆ خۆراسان. دەزانم بە هۆی کاروباری نێوماڵ و ماندووبوونی لەڕادەبەدەر بەینێکە جاڕز بووی، دەڕۆین هەوایەک دەگۆڕین بۆ چەند ڕۆژێک تۆزێ شەکەتی و ماندووبوون لە خۆمان دەتەکێنین با ڕۆحمان نەختێک نوێ ببێتەوە، تەواوی ئەو شوێنانەی لەوەپێش دیتوومن پێیدا دەگەڕێین و نیشانتی ئەدەم. ئیتر چ لەوە خۆشتر لە وەرزی بەهاردا بچی بۆ سەفەر. بەڵام بەو مەرجەی خۆت منداڵ نەکەیەوە و هەرچییەک دەڵێم گوێم لێبگرێ. دوای ئەوەی ناوی سیخەم لە سەر دانا ئەو لەلای ماڵەکە بەجێ

دەهێڵین و گفتی بڕێک دیاری و سەوقاتی پێدەدەم و ئەویش دڵی خۆش دەبێ تاکوو ئەوکاتەی دەگەڕێینەوە ئاگای لە منداڵەکان دەبێ، وەختێکیش هاتینەوە تۆ هەر ئەو خانم و خاتوونەی جاران و منیش میری گیانەکەی خۆتم. ئیتر وەختێ من کارم بە کاری نەبێ و بە لایەوە نەچم دیارە، چ شتێک ناقەومێ، لەو ماڵەدا لەگەڵمان ببێتە شەریک و برابەش. هەروەختێ بمانەوێ لێرە نەمێنێ هیچمان لە هیچ و دەبێ زۆریشمان سپاس بکا، دەتوانێ بچێتەوە بۆلای حاجی بەنناى کۆنەمێردی یان هەر گەمژەیەکیتر با بڕوات مێردی خۆی بکاتەوە.

ئاسکە هەروەک کەڕ بووبێ وابوو، بە نیوەنووزەیەکەوە کە تەواو بێدەسەڵاتی و هیوابڕاوی پێوە دیاربوو گوتی:

- یانی بەڕاستی تۆ مرخت لەو ژنە خۆش نەکردووە؟ تۆ وادەزانی من ئەوەندە کاڵفام و گێلۆکەم؟ نازانم لە کوێوە ئەم قسانە دەکەی، میرانگیان من دەزانم خەریکە گیانت بۆ ئەو ژنە دەردەچێ. پێوەدان لەم وزە وزە باشترە، چیم لێدەشاریەوە هەرچی هەیە و نییە لە دیمی تۆدا بەدی دەکەم، بەر لەوەی پێو کەوشی لێرە بکەوێ ئێوە کەینوبەینتان هەبووە، لەوکاتەوە بەتەمای بوویی، پارەت بەسەردا هەڵدەخستەوە فانیلە و کەوشی گێلاسی پاژنە سناریت بۆ کڕیوە.

سەیمیران بە خۆشخولقی درۆزنانەوە بە وریایی تەواوەوە، وەڵامیداوە:

- فانیلە و پێڵاو؟ بۆ هەرکەسێک دوو شتی ئاوای بۆ ژنێک کڕی ئیتر ئەوە حەزی لێدەکا؟ دەبوو بە ئەم هۆش و ئاوەزەی تۆ هەتە تا ئێستا دادوەرێک بای. کار لە خۆی جوان بوو ڕەسووڵی نازدار، ئیزنی نەدا بە ژنان ببن بە «قازی و قەزاوەت» بکەن، ڕەنگبێ ئەم شتانەی دیتبێ خۆ زۆر دوور نییە.

خێزانی بە توندی بە گژیدا چوو:

- چی دوور نییە؟ چی دوور نییە! مەنجەڵەکەی مەلا نەسرەدینە زابێ؟! من دەزانم ئەم چوختییە کێیە، بۆ ناڵێی قەت نیوەشەو خۆی دەپاڵت نەخزاندووە پێتوایە من منداڵم مەلۆتکەم دەکەی؟! ئەرێ بە سەری خۆت! «تۆخنی ناکەوم». ئێوە جارێ بۆ یەکدی حەرامن ئاوا دەکەن، نەخوازە ڕۆژێک ببنە حەڵاڵ و هاوسەری یەک! ئەم قژنە سەرەیە و تۆ بە بڕوای خۆت شاڵت سەوزە؟!

سەیمیران دۆش دامابوو لە بەرامبەر ئاسکەدا، ئەوە چی دەگوت:

- ئاسکە تۆ دەڵێیچی، خەریکی دەڕاوێنی، هوما شەو لە ژوورەکەی دێتە دەرێ و خۆ دەکا بە ژوورەکەی مندا - من کە سەیمیران سەراوی و حەڵاڵ و هاوسەری چەندساڵەی تۆم، سوێند

دەخۆم بەو شاڵە سەوزەم، بەو پێشەوایەی دەستم بە قفڵەکەی گرتووە، ڕۆحیشم ئاگا و خەبەری لە هیچ نییە. تۆش کە ئاوا دەبینم یان دەڕاوێنی، یان ئەوەی کە مێشکت تێکچووە، بۆچی، شتیتریش هەیە، ئەوەی لەلای تۆ خەیاڵە لەلای من بەتاڵە، بزانە چەندە بە هەڵەدا چووی، لە پاش پازدە ساڵ پێکەوە بون، دوای چوار زەڕنەقوتە هێشتا مێردی خۆت نەناسیوە، ئەمەش بەلای منەوە جێی داخ و مخابن نییە.

ژنە سەری داخست و بە خۆیدا هاتەوە. لە ڕاستیدا وادیاربوو هەڵەی کردبێ، لە پاش ماوەیەک ماتبوون گوتی:

ـ میریگیان بمبوورە، دەزانم ماوەیەکە بە تەواوی فکر و هۆشم لەلای خۆم نییە، شەوانە بەدەم خەوەوە ڕادەچەنم، خەونی ئاڵۆز دەبینم. ترس و خۆف دامدەگرێ و خێرا قەڵس دەبم. بەڵام سوێندت دەدەم بەو پێشەوایەی دەستت بە قفڵی گرتووە و بە وێنەی ئەم پێنج پیاوەچاکە، دەبێ ڕاستم پیبێژی، تۆ ئەو ژنەت خۆشدەوێ؟ ئەگەر سیغەی بکەی کارت پێینابێ؟

سەیمیران چاوە تیژەکانی چەقاندە نێوچاوی ئەسرینتێزاوی ئاسکە. زۆر بە بێتاقەتی و بە لۆمەوە پێلووی بە یەکدادا و ڕووی لێوەرگێڕا، کچی بەیان پەنجەی بە تەوێڵی ئاسۆدا هێنا و شووشە و جامی پەنجەرەکان ڕووناکاییان تێکەوت. جریوە و جیکەی پاساری لەگەڵ یەکەم گزنگی هەتاو چاوی بەیانیان ڕاموسی، میران هەروا پرسیاری خێزانەکەی بێوەڵام هێشتبۆوە، لە جێوبانەکەی هاتە دەرێ، جلیسقەی بێکۆتی کردە بەری، کەوڵە تیسکنەکەی دا بەسەر شانیدا بێئەوەی لە ئاسکە بڕوانێ لە ژوورەکە چووە دەرێ. چەند چرکە دواتر دەنگی کرانەوە و پێوەدانی دەرگای حەساری بەرز بۆوە، ئاسکە زانی کە مێردەکەی لە چەشنی مراوی پێویستی بە ئاو هەبوو بۆیە خێرا لە ماڵ دەرچوو، ئەو کە لەسەر گازەرای پشت ڕاکشابوو باوەشێک پرچ و کەزی بەسەر بالیفەکەدا پەخش و پەرێشان کردبوو، بە دوو چاوی ڕەش و دارماڵ لە خەفەت و خەیاڵ لە دەستەکی میچەکەی دەڕوانی کە بە ڕەنگ و ڕۆنی بریقەدارەوە بەدەم ڕووناکی بەیانییەوە دەترووسکانەوە، بەدەم هەناسەیەکەوە پێخەفی بەجێهێشت و وەکوو بووکی شەو نەخەوتوو هەستا سەرپێ، لێفە و دۆشەگی کۆ نەکردەوە، ئەم هاتن و چوونەش چ خەمێکی لە دڵ نەسڕی، تەنیا ئەوەبوو وەک مەلی پەڕەوازە بوو دوای چەند کاتژمێر لە جووتی هەڵبڕاو گەڕایەوە بۆسەر هێلانەکەی خۆی.

هێشتا زارۆڵەکانی لە ئامێزی فریشتەی خەودا بوون، هوماش لە خرپەی خەودا دەستەملانی کوڕەحەیرانی خۆی بوو! زەندی ناسک و سپی و سۆڵی بەسەر بالیفەکەوە نیگای ئاسکەی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئەو کە تا ئێستا ئەوەندە بە ڕق و قینەوە بە کەسیدا نەڕوانیبوو لە حەژمەتان لێوی خۆی بە ددانی کرۆشت. هوما جووڵەیەکی کرد باسکی دەژێر پێخەفەکە ڕاکرد. بەدەم خەوەوە لێوی خۆی مژی و سەرگۆنای ڕاستی بە پەنجە خوراند. ئاسکە لە نێوان دڵپڕی و گریانەوە بە خۆی گوت:

ـ ئەم چاوبەستە پێشئەوەی بێتە ئێرە لەکوێ بووە؟! بۆچی ناچێتەوە بۆ ئەو جێیەی لێیبووە؟! چی لە گیانی من دەوێ؟!

پەشێو و سەرلێشێواو، نەیدەزانی چبکا مێردەکەی ئەوە بە عالەمی ئاشکرا پێیگوت، بەتەمایە ئەم ژنەتیوە سیغە بکا، ئیتر ئەوە بەڕاستی چڵکە هەورێکە بەری ئاسمانی ئەم ژنە دەتەنێ کە چاردە ساڵە لەوپەڕی خۆشی و بەختیاریدا پێکەوە بوون و ئێستاش هەرچی هەسارە و خۆر و مانگی ئەشق و ئەوین و دڵۆڤانییە دەیشارێتەوە و لێسی دەدا، تەوژمی بۆغز و قین بە شێوەیەک دەیهەژاند کە نەیدەتوانی بە فکرێکی ژیرانەوە گرێیەک لە گرفتەکەی ڕەها بکا، تەنیا شتێک کە دڵخۆشی پێدەدایەوە ئەوەبوو ڕەنگبێ مێردەکەی بەم گشتە کەڵکەڵە و هەوەسەی کە لە سەریدایە دڵی نەیەت غەدری لێبکات و داخ بنێتە سەردڵی.

لە دوای خواردنی بەرقلیانی بەدەم ئەم هەموو ڕق و قینەوە لە ماڵ دەرچوونی سەیمیران ئاسکەش خۆی کۆ کردەوە و سەتڵ و جامی هەڵگرت و گەرماوەکە بگرە و هاتم. هەرچەندە حەفتەیەک زیاتر بوو ئاوی حەمامی نەدیبوو تەنیا خۆی پشیلەشۆر کرد و خێرا گەڕایەوە لە بیری مابوو قەولی بە هوما دابوو بە یەکەوە بچن بۆلای مەلووسخانم. بەڵام هوما لە ماڵ نەبوو جیرانەکان چاو پڕ لە پرسیار دەوریاندا و پیانوت:

ـ مێردەکەت هاتەوە بۆ ماڵێ و سەعاتێک لەو ژوورە چکۆلەدا بە یەکەوە قسەیان کرد و دواتر دوو بەدوو هەستان و چوونە دەرێ.

هوما دەرگای ژوورەکانی لەسەر گازرای پشت کردبۆوە، ئاسکە بە بیستنی ئەم هەواڵە وایزانی ئاسمان بە سەریدا بەربۆوە، لەپڕ ڕەنگی مردووی لێنیشت و لە جێی خۆی وشک بوو، لەوە دڵنیابوو هومای بردووە بۆلای مەلا، بۆ ئەوەی بێکار دانەنیشتبێ و دڵخۆشی خۆی دابێتەوە گوتی:

ـ زۆر باشە، با بزانم ئەگەر سیغەی کردبێ لەم ماڵەدا ڕێیی نادەم، بۆ کوێی دەیبا بیبا، ڕووبابە بچۆ خێرا قوفڵێک لە دەرگای ئەم دیوە چکۆلە بدە و کلیلەکانم بۆ بێنە با بینێمە گیرفانم.

کچی نوقره خەریکی کردنەوەی بوخچەی حەمامی ئاسکە بوو خێرا بە دەنگ قسەکەیەوە چوو. لە دوای نیوسەعات دەرگای حەسارەکە باڵی کردەوە و خانم و ئاغا وەژوور کەوتن. ئەو قەلەی ئاسکە بە دڵ لێیدەترسا بەسەر درەختی حەسارەکەوە قڕاندی، هوما سەری داخستبوو خۆی لە ئامێزی چارشێویدا مات کردبوو. لەوکاتەدا وەک بڵێی یەکەمجارە پێی نابێتە ئەم ماڵە یەکڕاست بەرەو هەیوانەکە لوول بوو، وەختێ زانی دەرگای ژوورەکەی داخراوە لە پەنا کەوشکەن و دیوارەکە ڕاوەستا. سەیمیران وەک تازە لە مەیخانەڕا گەڕابێتەوە دیم و ڕوخساری ئەرخەوانی بوو، هەر لەبەر دالانەکەوە کە دەچووە ژوورێ چاوی بە ئاسکە کەوت یەکدوو ژنی هاوساکان مات و پەشێو لەبەر دەمی دانیشتبوون ڕووی کردە ژوورەکەی ئەو، هێزێکی نادیار واوەی هێنا ئەمەش شەرم و بەخۆدا شکانەوەی تاوانێک بوو کە دەرحەق بە هاوژینی خۆی کردبوویی لە بان سەکۆی تەڕو ساردی بەرهەیوانەکە دانیشت بە قۆڵی کۆتەکەی ئارەقەی تەوێڵی کە نیشانەی شەرم و پەرێشانی بوو سڕیەوە، ئەو بستە ئاسمانەی بەسەر حەسارەکەوە لەنگەری گرتبوو تاوتاو چارشێوی هەورانی وەسەر ڕوخساری کیژی خۆرەتاو هەڵدەکێشا و جارجاریش شنەیەک دەهاتوو بەلەز ڕایدەماڵین، تەنکە بەفری کۆشی حەوشەکەش زریقەو بریقەی دەهات. وەک بێژی خشت و خاڵی ئاڵماسیان بە حەسارەکەوە کردووە. پلووسکەکان، تکەتک کەوتبوونە چۆڕە چۆڕ، لاجانگی دارو دیوار شۆڕاوەی ئاوی پێدا دیاربوو. جیرانەکان کێبوون، جگە لە خاتوو سەفییە و کچەکەی و نوقرەخانم، ئەوانیش وەختێ دیتبوویان میران نەچووە ژوورێ و لەبەر هەیوانەکە دانیشت خێرا خۆیان کووزوو کردبوو بۆ ژوورەکانی خۆیان. ئاسکە بە خێسەیەکەوە لە میرانی ڕوانیبوو هەرچەندی دەیویست ددان بە جەرگی خۆیدا بنێ بە بوغزێکی ژنانەوە لێیپرسی:

ـ لە سەلای سبەینێوە دوو بەدوو چووبوون بۆکوێ، بۆلای شێخ لوتفوڵلا؟

سەیمیران لە بنەوە تەماشایەکی کرد و خێرا سەری داخست:

ـ گوێی مەدەرێ ئاسکە، ئەو ژنە هەتا ئەمڕوکە میوانی تۆ بووە، لەمەولاش هەروا، ئیتر بیبڕەوە و تەواویکە.

ئاسکە بە قەو لێوی خۆی گەزی لە حەژمەتان دەتگوت بە دوو کەسان ڕایدەوەشێنن. میران بەبێ ئەوەی چاو لە چاوی بکا، سەری دەنێو کۆشی خۆیدا بوو وەک خەتابارێک درێژەیدا بە قسەکەی:

ـ ورده ورده خەریکبوو ئابڕووم ببەیتە ئابڕۆی بێژنگفرۆشان، نامەوێ لە پاشملە تانەو تەشەری ئەم خەڵکە بژنەوم، بێجگە لەوەش ژنێکی ئاوا، بێکەس و لێقەوماو چ خوابەرداره ئاوارەی کوچە و کۆڵانی شار بێت، جوان و چەلەنگ و هەوەڵی دەمییەتی، ژیان و ماڵ و مێردی گەرەکە ـ ئاسکە بەبێ ئەوەی ڕاوەستێ قسەکەی تەواو بکا یان بپرسێ بە ماوەی چەند ڕۆژ سیغەی کردووە لەوکاتەدا فکری ئەوەی نەبوو:

ـ زۆر پیرۆزە، بە یەکەوە پیر و غەڕا بن، ئاخری گوررزی خۆت وەشاند!

ئەم ئاگر و ڕقەی لە دەروونی ئاسکەدا گرپە گرپی بوو لەگەڵ ئەدگار و دوو چاوی مەستی زۆر لەیەک دوور بوون. ئیتر ئەوە هەر خۆی دەیزانی چۆن بەدەم داخ و دیقەوە هەڵدەچۆقێ، هێندە بە دەست عەزاب و خەفەتەوە ڕادەژا چیدی خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و چووە دیوەکەی خۆی، لە پەنا دەرگاکە هەڵتووتەکا و دەستی لە ئەژنۆیان وەرێنا و پشتی بە دیوارە ساردەکەوەدا، فکر و خەیاڵ دەستاو دەستییان پێکرد، بەم کەساسییەوە زۆری پێنەچوو فکری تا چ جێیەک بڕی نەکرد. خێرا خۆی گەیاندەوە بەردەرگای ژوورەکە، سەیمیران هەر لە جێی خۆی بوو. جگەرەی هەڵدەپێچا، لە بن لێوەوە بێدەسەلاتی خۆی نیشاندا:

ـ بۆ لەوێ دانیشتووی؟ شەرم لە من دەکەی؟ بۆ ناچییە پەردە، تۆ زۆر لەمێژە بە تەمای ئەم سەعاتە بووی، بۆ پێ لە عەیبی خۆت نانێی، ئەو ژنە زۆر لەمێژە لە خشتەی بردووی، من دەمزانی تا سەگ دەوەڕێ ئەو دەردەپەڕێ بڕۆ خۆشی لە خۆت، هێلکەی مامری ڕەش و سپی هەر یەک تامە.

ورتەی لە خۆی بڕی و دەستە کلیلەکانی توورِ هەڵدا بۆ بەرهەیوانەکە، هەر لەم دەمو دەستەدا گلارە و بارام لە قوتابخانەوە هاتنەوە بۆ ماڵێ. لەبەر هەیوانەکەوە بە شەرمێکی منداڵانەوە سڵاویان لە بابیان کرد و خۆیانکرد بە ژوورەکەدا. ئاسکە مات و مەلوول بێتاقەت و دڵشکاو کەوڵی نانی لە پشت پەردەکە هێنا دەرێ و لە بان کورسی ڕایخست فراوێنی ئامادەی بە ڕیز دانا، منداڵان دەوری سفرەیاندا، ئەوانیش بە دیتنی چرِو چاوی دایە و باوە زانییان دەبێ دووکەڵێک بە چاویاندا چووبێ، سەیمیران ڕاست بۆوە و دەستەکلیلی کرد بە بزماری بەرهەیوانەکەدا، کەوشە قوڕاوییەکانی تەکاند و وەکئەوەی داوای لێخۆشبوون و ئاشتبوونەوە بکا وەلای سەرووی منداڵان کەوت. مەهدی خستە سەرڕانی و پاروویەکی بە دەمەوە کرد. هەروەک نە بای دیبێ و نە باران ڕووی کردە گلارە و بارام؛ لە وانە و مەدرەسەی پرسین، بۆ نەورۆز چ پاتۆڵ و کراسێکیان

بۆ بکڕێ، لەوبەری پەنجەرەی جیرانەکانەوە سەرەتاتکە و تێکڕامان بوو، هەر تیری نیگای ژنان بوو بەرەو ئەدگاری هوما لە کەوان دەردەچوو. ژنە تۆراوی قوونده‌رکان ئەمڕۆ خانم و خاتوونی ماڵە و ئەشێ لە سوور و ساتی شەوی زاوایی‌دا بێ، بەڵام جارێ هەر لە جێی خۆی وەستاوە کەس نایات سەرو ماڵی لە پایەندازی دابنێ. ئاخری چوو دەستی گرت و بردی بۆ ژووری خۆیان ئەگەر ئەمە خۆفریودان بوو بەڵام لە ڕاستی‌دا بە چی دیاربوو هەر وەک مێردەکەی دەیگوت بە تەمای بەدەستگرتنی سیغەی کردبێ؟ بەڵام لەولاشەوە هوما، هەتا ئەو سەعاتەی ئەویندای نەگەیاندە خزمەت مامۆستا هەر لە ترس و دوودڵی‌دا مابۆوە، بتەوێ و نەتەوێ لە هەر چرکەیەکدا لەگەڵ ئاسکە یەکتریان دەبینی. ئێستا کە هەوری ترس و دڵەراوکێ ڕەوی بۆوە غیرەت و وزەیەکی لەخۆبایی لە مێشکی‌دا پاپۆکەی خواردبۆوە، بۆ ئەوەی سەرسارد و داماو دەست لەسەر دەست نەمێنێتەوە چارشێوی ترسی لەسەر خۆی فڕێدا لەوکاتەدا ئەم پەندەی وەبیر هاتەوە: نە مار کلکی لە بیر دەچێ و نە باخەوان مەرگی کوڕی، لە دڵی خۆیدا گوتی: لەم سەعاتەوە شەڕ دەستپێدەکات و یونین[16] تۆڵە خۆی دەکاتەوە ئەمە چ ژنێکە هەوێی بەسەر بچێ و سەردەبەر خۆی بنێ و وەک مەڕی پێغەمبەری کز دابنیشێ؟ ناچار بە دەست ئەو فکر و خەیاڵەوە خۆی لەدەسکنا بۆ بەرگری کردن لە خۆی. لە ڕاستیدا، تا ئەم حەلە ویژدان و ڕەوشتی ژنانەی خۆی لە بەردەم دەروجیراندا بە دزراوی دەبینی. مارەبڕینی لە سەی‌میران بە گشت خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هەست کردن بە حەسانەوە لە ژێر سەیوانی ماڵ و مێردا دەبینی. ئەمەش بەلایەوە سروشتی بوو زۆریش خۆی بە سەرکەوتوو دەزانی، هەرچۆنێک بێ خاوەنی هەبوو خۆی بە شەریکی پیاوێک دەزانی و لەمەڕ کەی‌خاتوویەتی و ژنێکی نێوماڵ هیچی کەم نەبوو، کەوابێ پیاوێکی وەک سەی‌میران بڕوادار و خاوەنی ئەسل و نەسەب و حەیا بەخۆی دەستکەوتبوو وەک ئەوەوایە ڕێوی بە پیرەوە هاتبێ جاران کە براو خزموکەسی نزیکی پشتیان تێ‌کردبوو خۆیان بە خاوەنی نەدەکرد، ئەمڕۆ دەتوانێ سەری قیت ڕابگرێ هێچ شەرمیش لە داوێنی خۆی نەکا، لەسەر سفرەکە هەموویان بە دەوری یەکەوە بوون هەرچەندە دەستێکی بە دەموچاوی‌دا نەهێنابوو بەڵام هەروەک کچۆڵان بە شەرمدا کەوتبوو لە بەردەم سەی‌میران و ئاسکەدا سەری هەڵنەدەهات. ئاسکە وەختێ جوانی و خەرمانکی زێوینی دەموچاوی ئەو ژنەی دەبینی هەرەسی بە تەلاری چەندین ساڵەی هێنا و شابازی

١٦- یونین: خواژنی یونانی، هاوژینی خودای خودایان.

چاونەزێری لەسەر هێلانەی تەواری ڕفاندووە و هەودای پەیمانی نێوانیانی پێپساند؛ زیادە لە جاران ئاگری قینی بڵێسەی دەسەند و حەزی دەکرد گۆشت و ئێسقانی بەسەر یەکدا بکرۆژێ بەڵام بەمحاڵەشەوە زگی پێیدەسووتا و قاقا بۆی دەگریا، بە بەختی ئافرەتان کەنینی دەهات! کاتێک هوما چووبووە دەرێ لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی:

ـ خانمە سیغەیی، هەوێ خاتوون! بزانە کچانی دایکە حەوا چەن چارەڕەش و داماون. بۆ پارووە نانێک چۆن پێمل دەبن، سیغەی هەرگ بە سەر وەدوای کڵاوی لار کەوتووی، خەمی نانت بێ شووتی هەر ئاوە!

شەو کاتی جێگاپێدادان، بووک و زاوای پیر و لاو، بە قنەکردن خۆیان خزاندە ژوورە چکۆڵە، هەرچەندی شەو لە تەمەنی جحێڵی کەم دەبۆوە، بەڵام بەم کاتژمێر دوازدەیە خاتوو سەفییە و کچەکەی هاتن لەلای ئاسکە دایانکوتا، ئەم دایک و کچە زۆر دلۆڤان و جیرانخۆش بوون. خەمیان لە دڵی ئەم و ئەو دەسڕی و تۆزیان لە ڕوخساری دۆستان دەتەکاند. هەر بۆیە ئاسکە وەک دایک و خوشکی خۆی چاوی لێدەکردن. خاتوو سەفییە تاڵی ڕەش لە سەریدا نەمابوو بەڵام دایمە لەچکەی دەدا بە سەریدا و نێوانیشی لەگەڵ خەنە و ڕەنگ خۆش نەبوو، عومری خۆی کردبوو؛ ئەو جەرگسووتاوی عەولادی بوو کوڕێکی سی ساڵەی هەر لەم ماڵەدا جوانەمەرگ بوو، بەوە زۆر تێکشکابوو، سەرەڕای ئەم کارەسات و کۆستە گەورەیە، هێشتا حەنەکچی و قسەخۆش بوو، پیر بوو، بەڵام لەگەڵ پیران پیر و لەگەڵ لاوان گەنج بوو لەگەڵ کوڕ و کچێکی کە دوای ساڵێک زەماوەند بە بێوەژنی هاتبۆوە لای دایکی و مێردە وەدووی ژیانی خۆی کەوتبوو لەو حەسارەدا دەژیان، ڕەوشت و ئاکاری حاجیخانم دوای پێنج ساڵ ڕاکردنی مێردەکەی بە پێچەوانەی دایکی زگسووتاوی لەوپەڕی ئارامی و هێمنیدا بوو.

ئیتر ئەم دوو ژنە، تا سەلای سبەینێ دەوری ئاسکەیان چۆڵ نەکرد. ئاسکە نازلێشێواو خۆ دایک نەبوو بە ترسی کچۆڵەی پەنجە بە خەنەوە چاوەڕوان مابێتەوە کەی زاوا لە پەردە دەردێ، ژنێک بوو بە تەنیا کوتکوتێک مێردەکەیان ڕفاندبوو، لەم چرکە ساتانەدا پێ بەپێی هەنگاوی ڕەشی شەو مۆتەکەی نەهامەتی بە چەپۆک بەسەر سەریدا دەدا و ژوورەکەش تا دەهات تەنگ و تەنگتر دەبۆوە و گۆڕەو شاری دەدا، بێگومان ئەگەر ئەو پیاو بوایە و کەسێک ژنەکەی داگیر کردبایە دەرو ژووری بە خوێن سوور دەکرد. بەڵام مخابن ئافرەت بوو و بێدەسەڵات؛ هیچی لە دەست نەدەهات! ئیتر هەرچۆنێک بوو خاتوو سەفیەی دلۆڤان لە ناخەوە هەستی بە ئازار و خەفەتی ئەم ژنە

کەمئەزموونە دەکرد، دڵداری دەدایەوە و هیوا و هومێدی وەبەر دەنا، ئەوە ئاگرێکە و کە فووکوڵێک زۆری پێناچێ دادەمرکێ و تەواو دەبێ، ئەم هەموو داخ و دیقە نە پێچێتەوە و خۆی خەڵاس نەکات. ئیتر چیدی لەدەست دەهات دڵی ئەم خاتوونەی پێبداتەوە؟

«دایکەکەم ئاسکە، وەختێ دەزانی مێردەکەت دڵدۆڕاوی ئەو ژنەیە، خۆت پەرێشان مەکە، گڕی پووشووە زوو تەواو دەبێ، مەشەدی میران ئەلحان وەک گای سەر مانگابەکەڵ وایە هەوا دەکەلەیدایە و بە کەس داناکەوێ، تۆ ناتوانی پێشی پێبگری دەبێ بەری بۆ بەرەڵڵا بکەی مل پێوەبنێ و زۆر خۆی ماندوو بکا، چارەی هەر ئەوەیە، شیوەن و دەگژڕاچوون کارەکە خراپتر دەکا، تۆش چاکی مەکە با خراپ نەبێ، تۆ دەبێ ئاگات لە خۆت بێ، لەگەڵی نەرم و بەسەبر بی، بە دەمیدا هەڵمەشاخێ شووڵ مەکە بە کونی زەرگەتەدا، بە زمانی خۆش و ڕەوشتی هێمنی لەگەڵی وەجووڵێ و بوغز و کینە بنێلاوە، هەروەک هیچ نەقەومابێ و ماڵ و مێردەکەی جارانە، ئەگەر قەولی زیارەتی پێداوی بە زمان بیگرە و زیاتر بە دەوریدا وەرە با شەرت و بەڵێنی بەجێ بهێنێ، (پیاو کاتێک لە ژن نزیک دەبێتەوە خووی منداڵی هەیە لاساری دەکات و گڕوو دەگرێ)، ناشێ ئەم قسەیەت لە بیر بچێ بە باری قەڵڵایەک حازرە ملی خۆی بۆ ژن بشکێنێ! بە ماشەڵڵایەکە وەک ئەسپی تۆسن دەتوانی ڕامی بکەی، لووتداژەنین و نەدواندن و بۆڵە و خوتە کارساز نییە، قسەی دایکی خۆت بکە بە گوارە و بە گوێچکەتدا هەڵیواسە، چ ڕۆژێک و چ ساڵێک داوێنی مەگرە و لێی مەپاڕێوە، پێینەڵێی دەست لەو ژنە هەڵبگرێ و تۆی خۆشتر بوێ، بە قسەم نەکەی خراپ دەبینی، وەک کچی خۆم ئامۆژگاریت دەکەم نەرم و نیانبە، لە جاران زیاتر تەکی پێوە بدە بێتوو لەبزت دەلەبزی نەگەڕێ ئەوە هەموو خێر و خۆشییەکی ئەم ماڵەت لە دەست دەبێتەوە. بۆخۆت دەزانی گوێچکەی پشیلە بقرنجێنی خێرا دەترنێ، سەبر و قیناتت هەبێ و ددان بە خۆتدا بگرە، هەر کەیخاتووەکەی جارانی و سەرقاڵی ئیش و کاری خۆتبە، خێرا قەڵەمی دەست و پێت نەشکێ و بەڵێنت دەدەمێ لە بەری دەبەزێ، دیسانیش دڵنیات دەکەمەوە مەشەدی میران زۆریش عاشق و هەوەسباز بێ هەر مانگێکە و بە قوندا دەکەوێ بەجێی دەهێڵێ و پشتی تێدەکا، ئەم قسانەی منت لە بیر نەچێ و بتبینم و تاریفت کەم.»

ئەم پەند و ئامۆژگارییە ژیرانەیەی ئەو ژنە کە هەر دەتگوت گاندی دەرسی داداوە زۆری کار لەسەر ئاسکە کرد و ڕێگایەکی فرە ئاقڵانەی وەبەر نابوو. بۆ ئەوەی کەس بە خۆی خۆش نەکا، گوڵی زەردەخەندەی لەسەر لێوی پشکووت، حاجیخانم بە پەرۆشەوە پرسی:

ـ دایە، ئەی منداڵەکەی؟! ئەوە هاتوو سبەی زگی پڕ بوو؟!

خاتوو سەفیە بۆ ڕازیکردنی دڵی ئاسکە لەم شەوە مۆنەدا باری قسەکەی ئاوا گۆڕی:

ـ بەڵێنت دەدەمێ ئەگەر خۆی حەزی پێنەکا ناتوانێ لەمماڵەدا ببێ بە دایک، ئەو کە بە گفتی خۆی جارێک منداڵی لەباری خۆی بردووە، ئەوەندەی ئەقڵ و هۆش لە سەردا هەیە کە بزانێ ئاوس‌بوون بۆ ئەو هات و نەهاتە، جگە لەمانەش، ئەو بەتەمایە بەلای ناخێری بگەڕێتەوە بۆلای حاجی کۆنەمێردی، ئێستاش بێنێ دانەیەک لێرە بخاتەوە؟!

کاتێک دوو ژنە جیران بەجێیان هێشت بەبێ ئەوەی فکری زگپڕبوونی هوما مێشکی بەجێ بهێڵێ دڵخۆشی خۆی دایەوە:

ـ ڕاست دەکا خاتوو سەفیە، ئەم هەموو خەم و خەفەتەی پێناوێ ژنی سیغەیی و کاتی، پێی لەسەر سەهۆڵ بەندە، با جارێ تێری لێبخوات، ئەوسا بە نەرمی دەچمە بنگوێیەوە، تاکوو سیغەکەی هەڵوەشێنێ.

وردە شەپۆلی دوو چاوی لە کاتێکدا منداڵەکان لە غوڕابی خەودا بوون کەرویشکەی کرد و هەناسەیەکی پڕ لە بۆکڕوزی هەڵکێشا، لەووەختەدا بە ئەسپایی خۆی خزاندە پاڵ مەهدی بچکۆلەی فکر و خەیاڵی خستییانە سەرپشتی ماینی یاڵچەرمو لەگەڵ خۆیان بردیان. هاودەمی ئەم شەوە مرچ و مۆنە کە بۆ ئەو هەتا مردن لە بیر نەدەکرا، کۆرپە و منداڵە نازدارەکانی بوون بێخەبەر لە فکر و ئەندێشە و تەماح و چاوچنۆکی گەورەکان خەونیان بە لیستووک بووکۆکە و مرۆبەفرینەوە دەبینی، چرا لامپاکەش شۆقێکی کزۆڵەی بە ژوورەکە دەبەخشی، دیوار و دەستەکەکانی شەوکوژ دەکردن. دوای ئەویش کاتژمێری لاشانی سۆباکە پەیتا پەیتا چەپۆکی دەدا بەسەر پیرێژنە سەرئاسنینەی شەودا و ماشەری تەمەنی مرۆی هەڵدەوێزنی و دڵی ئەم خاتوونە تەمەن سی ساڵەی ڕادەژەنی:

هوما! هوما! سیغە! سیغە!

ئیتر دەڵەکی شەو بە قازانجی حەریف هەر خۆی دەکێشاوە و بەری ئاسۆی بەیانی بەرنەدەدا و لە چەشنی مۆتەکە و دۆڵپا ئەم هەناسە ساردەیان سەنگاوبەرد نابوو.

ئەو ئاوای لێکدابۆوە، مێردەکەی هەروەک گفتی پێدابوو هومای وەک ژنێکی کاتی سیغە کردووە، لە ڕاستیدا سەی‌میران هەر ئەم فکرەی لە سەردا بوو، بەڵام ئەم ژنە زۆر چوختی بوو، بەڵێنیدا بە میران بۆ ماوەیەک سووکە مارەیەکی ببڕێ، کەچی وەختێ دەنگی وەسەر دیواری ئەو کەوت ئەمەی بە زیانی خۆی زانی و ملی بۆ دانەخست، سەیدی دڵدۆڕاو، ورتەی لە دەم دەرنەهات،

گڕی دڵداری فره بەتین بوو، ئەی هەر ئەو نەبوو پێیدەگوت بە گیان و بە دڵ خۆشیدەوێ؟ دەی کەوابێ سیغەی چی؟! کێ کۆستەی دیوە بستێ ڕیشی بێ؟ بووک و زاوای گەنج و پیر، لە مزگەوت نێوانیان تێکچوو، هەڵبەت لەسەر مارەبڕین و سیغەکردن نەبوو، سەیمیران بەتەما بوو بە قسەی مامۆستا تۆبە بە هوما بکا، بەڵام هوما ئەم کارەی بە بێحورمەت دەزانی و بە سووکایەتی پێکردنی دادەنا، ئەگەر ئامۆژگاری مامۆستا نەبایە هەرگیز ڕازی بەم کارە نەدەبوو، دوای خوێندنی چەند سوورەتێک و تەواوکردنی دەستوورەکانی دینی کە بیست دەقیقەی نەکێشا، ئیتر هەر وەک بە دڵی هوما بوو لە مزگەوت هاتنە دەرێ و ڕوویان کردە دەفتەرخانە، لەوێ لەسەر ئەم بڕیارە ڕێککەوتن و مارەی بڕی کە لە ماڵێدا کاری بە کاری ئاسکە نەبێ و بە بێدەنگ و هەرا دابنیشێ، بۆ ئەوەی کێشە بۆ ئاسکە ساز نەکا ئەم بەڵێنەی لە هوما سەند. بەڵام ئاخۆم ئەم قەول و قەرارە کە بۆ خاپاندن و چاوبەستن بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەکرا لەو ماڵەدا ئەم ژنە نازلێشێواوەی پێ فریو بدرێ؟ هەر ئەو ڕۆژە لە پاش مارەکردن، کاتی بەیانی هوما وەختێ لە ڕۆخی حەوزەکە خەریکی شۆردنی پیاڵە و ئیسکان بوو سەرەڕای ڕاسپێریەکانی قورس و توندو تۆڵی سەیمیران و شەرت و بەڵێنی خۆی، قسەیەکی بە حاجیخانم کوت، ژنە بە هوشیارییەوە لەوسەری هاتەوە، بۆ زیاتر دڵنیابوون، خاتوو سەفییە داریوشی کوڕی کە نیوەڕۆ هاتەوە بۆ ماڵێ، ناردی بۆ دەفتەرخانەی سەر شەقامەکە. ئاسکەی سەربە هەوی سەعاتێک دواتر ئاگادار بۆوە میرانی مێردی ئاخری دەستی خۆی وەشاند.

# بەشی حەوتەم

هەواڵی مارەکردنی هوما وەک کوتکی ئاسنگەران زرمەی لە تەوقیسەری ئاسکە هەستاند. بەمجۆرە هوما بوو بە ژنی شەرعیی سەیمیران. یان هەروەک دەڵێن بوو بە هەویی ئاسکە. لەو ماڵەدا هەقی بەسەر هەمو شتێکەوە هەبوو، بێجگە لەوەی هوما جوان و شۆخ و لەبەر دڵان بوو ـ هەر ئەمەش ببووە هۆی پەرێشانی و دڵەڕاوکێی مێردەکەی. ئەویش بێفێڵ و تەڵەکە و بێدرۆ و دەهۆ، ئیتر هەرچۆنێکی حەساو بکەی هوما بۆ سەیمیران بووکی تازە بوو، هەروەک دەڵێن: تازە هاتۆتە بازاڕ کۆنە بووە دڵازار. ئاسکە هەتا وەختاوەختێک هۆشی لەلای خۆی نەبوو، ناحەقی نەبوو سزای ڕۆحی چەشتبوو، نە هێزی بەرەڤانی و خۆپارێزی هەبوو نە توانای شیوەن و دڵبەتاڵ کردنی هەبوو کە خەشی خۆی برێژێ، بەبێ ئەوەی لە ژوورەکەی بێتە دەرێ هەروەک بە دار لە سەریان دابێ دەکەوت و هەڵدەستاوە و ڕەتی دەبرد و لاتراسکەی دەبەست؛ هێزی ئەژنۆی نەمابوو هیچ کارێکی لە دەست نەدەهات، دوو ڕۆژ بوو خۆی و منداڵەکانی مۆری زەوادیان نەکردبوو، یان نەیاندەزانی چی دەخۆن و چیدەکەن.

لە گەردوونەی ژیاندا زۆر کاتی واهەیە مرۆڤ حەز بە چارەی کەس ناکات، پێشی خۆش نییە کەس بیدوێنێ و خۆشی بوێ، لە هەموو کەس و لە هەموو شت، تەنانەت لە خۆشی بێزارە، وەک ئەوەی هیچ هێزێکی بۆ نەمابێتەوە و لە گشت بوارەکانی ژیان دابڕابێ وایە، نە تاقەتی کارکردن و ڕاپەڕینی هەیە و نە ئیشتییای خواردنیش دەکا، بە دڵ حەز دەکا کپ و مات لە سووچێک تەنیا و بێدەنگ دابنیشێ لە خاڵێک ڕابمێنێ، یان ئەوەی ڕوومەتی بە ئەسرین خووساوی نوقمی بالیفان بکات و بیر لە هیچ نەکاتەوە، ئەمەبوو ژیان و حاڵ و ڕۆژی ئاسکەی وێرانەماڵ، بە سەر زیندوو بوو بەڵام مەیتی خۆی بە کۆڵ دەگێڕا، بێزاری و نامورادی پەڕوو پۆی پێوە نەهێشتبوو، داواکاری خورشیدخانمی ڕەت کردەوە، قەول وابوو بچێ بە شوێن نەنکە باجیدا کڵفەتەکەی جارانی، بێت و چەند ڕۆژێک لەلای وەمێنێ، دڵشکاو و هەناسەسارد. نەیدەزانی بە کامە هیوا و ئاواتێک دڵی خۆی خۆش بکات و لەمەولا بۆچی بژی، هەروەکوو دەلوو ماخولیا دەسووڕایەوە و لەبەرخۆیەوە دەیڕاواند:

- له سەربانیڕا خۆم هەڵدەدێرم، پێیدەڵێم خۆم دەچاڵاوەکەی حەساریٚ دەهاوم.

سەیمیران کاتێک بیستی هەموو کەس زانیویەتی هومای مارە کردووە، خۆی لە ئاسکە دوور دەگرت و زاتی نەبوو توخنی بکەویٚ، شەوانە هوما دەچووە ژوورە چکۆلە و ئەوانیش لە ژوورە گەورەکە دەنووستن. جاریٚ کەم کەس بە ڕاست و ناڕاستی ئەم دوانەی دەزانی، میران بە باشی دەیزانی ژنە گەورەکەی چەندە لێی دڵ بەئازارە و بە خوێنی سەری توونییە، بە زەردەخەندەیەکی دەروونی و نیوەشەرمێکەوە کە هەڵقولاوی فکرێکی فەلسەفی و ژیرانە بوو چاوەڕوان مابۆوە ڕق و قینی ئاسکە لە کوڵ بچێتەوە، ئەوسا بە زمانلووسی و خاپینۆکی داوای لێبووردنی لێبکا، لەو هەلو دەرفەتەدا جاریٚ بۆی ڕوون بوو دەنگۆی مارەبڕین بە کوێدا و چۆناوچۆن کەوتۆتە سەر زار و زمانان، هوما سوێندی بۆ خواردبوو لەمەڕ ئەم بابەتەوە لە ئەلف نەهاتۆتە بیٚ. بەم پێوودانگە سەیمیران بڕیاری وابوو لەسەر گفتی خۆی سوور بیٚ و هەرکەس پرسیاری کرد بێژیٚ هوما سیغەیە. بەڵام وەختیٚ زانی ئەم چەپکە گوڵە خاتوو سەفییە بە ئاویدا داوە دیسان هەر قسەی خۆی بوو. ئاسکە ئافرەتێکی خۆشباوەڕ و دڵارام بوو، خۆ ئەگەر بەم گفتانە ڕازی نەبوایە، دەیتوانی لەگەڵ خۆی بیبا بۆ دەفتەرخانە لەویٚ ڕاست و درۆی بۆ ڕوون دەبێتەوە، میران بۆ ئەم کارە ئامادە بوو.

بەیانی سێیەم ڕۆژ، لە دوای بەرکولێک کە خورشیدخانم لە ژووری منداڵەکانەوە بۆی هێنابوو ( چەند ڕۆژێک بوو بەبیٚ نانی بەیانی لە ماڵ دەچووە دەریٚ) بەر لەوەی لە دەرگای حەساریٚ بچێتە دەریٚ بەسەر پێیەکەوە خۆی گەیاندە لای ئاسکە، منداڵەکانی هێشتا نەچووبوون بۆ قوتابخانە، دەرگای ژوورەکە وەک مرۆی مەشرەفخۆش بزەی لەسەر لێو بوو، میران چەند جارێک کۆخی و ئاسکە لە ژوورێوە ژنەوتی و ڕوخساری لەسەر پشتی باڵنجەکە شاردەوە، دڵشکاو و بیٚهیواتر لەوە بوو ئەو مێردە بیٚعەهد و پەیمانەی ببینیٚ و لەگەڵی ڕووبەڕوو ببێتەوە، هەواوبان لەوپەڕی خۆشیدا بوو، نەختێک بەفر لە کۆشی حەسارەکەدا مابۆوە، کووچە و کۆڵان ئەوەندە کزر ببۆوە جلوبەرگی نویٚ بکەیتە بەرت و قوڕاوی نەبیٚ هەر بۆیە سەیمیران لە ژوورە گەورەکە کۆت و شەرواڵی نەورۆزی ڕابردووی کە لە پارچەی فاستۆنی سوورمەیی خەتدار بە درووونی دابوو کردییە بەری و بە بیٚپاڵتۆ، کەوش و پێڵاوی تازەی بریقەی دەهات، بەجۆرێک خۆی شیک کردبوو دەتگوت تازە زاوایە لەگەڵ بووک بۆ پاکرانەوە دەچیٚ بۆ ماڵی خەزووران، هەر ئەوەندە وەژوور کەوت بەم شڕواڵەوە وەلای سەریٚ کەوت و لە جێگای جاران لێیدانیشت، لە چاوترووکانێکدا مەهدی خۆی

دەئامێزی باوکی هاویشت، بەم سەیر و ڕوانینەدا ئەم منداڵەش دەیزانی دایکی خەمێکی لە دڵدایە، میران بەو پەڕۆیەی سەرشانی منداڵەکە لووتی بۆ خاوێن کردەوە، تەماشایەکی گلارەی کرد و دەیزانی ئەویش لە بابی قەڵسە لەلای خوارەوە خۆی سەرقاڵ کردبوو، بە لێوەلەرە و چاوی پڕ لە ئەسرینەوە سەری بەردابۆوە.

ـ گلارە بەتەما نی ئەمڕۆ بچی بۆ قوتابخانە؟ خۆر گەیوەتە سەر حەسارەکە، دەزانی سەعات چەندەیە؟

دەنگ و ڕاوێژی تێکەڵ پێکەڵ و تووڕەیی پێوە دیاربوو، سەری سووڕاند و چاوێکی لە کاتژمێری تەنیشت سۆباکە کرد:

ـ ئەمە چییە، ئەم کاتژمێرە خەوتووە؟

کچە بە ئاستەم پێلووی بەرز کردەوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ قورمیشمان نەکردووە.

ـ بۆچی قورمیشتان نەکردووە؟ هەستە بچۆ بۆم بێنە با قورمیشی بکەم.

لە نێو خرتو پرتی نێو ماڵدا ئەم کاتژمێرە کاتی خۆی ئەگەر چوار تمەنی پێدرابێ هەر وەک سەگێکی بە وەفا لەو ماڵەدا جێگای تایبەتی بۆ خۆی کردبۆوە، ئەویش بەژدارێک بوو لەو ماڵەدا، بەم ساز و سەنتوورە خۆشەی ئەم سەعاتە لێی دەدا هەموو پارشێوان خەبەری دەکردنەوە، چرکە چرک و دەنگ و ئاوازی ئاوێنەی ژیانی ئەم ماڵباتە یان هەر نەبێ دەروونی ئاسکە بوو. هەر بۆیە کەس نەبوو لەو ماڵەدا خوشی نەوێ و نەیپارێزێ، بۆ قورمیش کردن کەس نەدەچوو بەلایەوە سەیمیران نەبێ، وەختێ کاتژمێرەکەی قورمیش و میزان کرد و دایە دەست کچەکەی تاکوو بینێتەوە شوێنەکەی خۆی، بارام لە بەردەم تاقەکە ڕاوەستابوو چاوی بە پەڕتووکەکانی خۆیدا دەگێڕا، پێیگوت:

ـ ئەی تۆ بەرگ و لیباست کردۆتە بەر، بۆچی مەحتەل ماوی؟ بە تەمای چایچی قوتابخانە بێ بە شوێنتدا؟ دیسان لەگەڵ منداڵانی کوچە و کۆڵان زۆرەوانیت گرتووە؟ نەتدیوە گیرفانت تا کوێ دادڕاوە. بۆ نەتداوە بە دایکت بۆت بدوورێتەوە، جارێ قەیدی ناکا، یەکدوو دەرزی بەرۆکی لێدە، نیوەڕۆ کە هاتییەوە بۆت چاک دەکا، برۆ باوکەکەم، برۆ قوتابخانەت وەدرەنگی دەکەوێ، عەسر ئەگەر توانیت وەرە بۆلام لیباسی نەرۆزت بۆ دەکڕم. هانێ ئەمەش پارەی ڕۆژانەکەتان.

دەستی کرد بە گیرفانیدا و مشتێک قۆشە و قەرەپووڵی هێنادەرێ، سکەیەکی پێنج شایی تێدابوو دای بە گلارە؛ ئەمەش یەکێکە لە نەهامەتی ئافرەت و بەختەوەری نێرینە، لەبەر ئەوەی سکەیەکی دە شایی تازە و بریقەدار بە نەسیبی کوڕەکەی بوو!

منداڵەکان پارەی خۆیان وەرگرت، کیژۆڵە بە چارشێوی سەرتاپا ڕەشەوە و براکەشی شیک و ژیکەڵە جانتای کردە شانی و دەرزییەکی بەرۆکی لە دەرگای گیرفانیدا و بێدەنگ و گوێڕایەڵ هەرکەسە و ڕێگای قوتابخانەی خۆی گرتەبەر، سەیمیران ڕووی کردە خێزانی کە هێشتا سەری لە سەر بالیفەکە و چارشێوی بەسەر خۆی هەڵکێشابوو:

ـ ئاسکە بۆ بێدەنگی؟! (دەستی لەسەر شانی دانا) چیبووە، بۆ وەڵامم نادەیەوە؟! ئەوە چییە، بۆ دەگریت؟

ژنە بە چاوی پەنماو و پڕ لە گریانەوە، ڕەنگپەڕیو و دۆشداماو، وەک ئەوەی کەوتوویی گرتبێ بە ئارامی ڕاست بۆوە و لەسەر جێوبانەکە قنچکەی کرد. دڵ بە کوڵ و چاو بە فرمێسک بەبێ ئەوەی لە نێو چاوی میران بڕوانێ بە لۆیی چارشێو نوێژەکەی ئەسرینی لە ڕوومەتی سڕی. لەولای کورسییەوە بیژەنی زیت و سەرشێت دانیشتبوو، لە چاو قەڵافەتی وردی تەنیا سەری بە دەرەوە بوو. لووتی نابوو بە نەردەی کورسییەکەوە بە چاوە ڕەش و زیتەکانی کە تەژی بوون لە خەم و پەرێشانی سەیری دایکی دەکرد. سەیمیران بە لەبزێکی هێدی و لەسەرەخۆ ئاسکەی دواند:

ـ ئاسکە، من وامدەزانی بەڕاستی تۆ ژنێکی زۆر ژیر و ئاقڵداری قەت وانییە خۆت بە بابەتێکی ئەوەندە بێنرخەوە ماندوو بکەی، ئەم فینگە فینگ و شیوەنەت لەچییە؟ لەخۆڕا خوێنی خۆت تاڵ مەکە، تۆ نازانی من بەم کارەم حەیا و ئابڕووی ئەم ئافرەتە لێقەوماوەم کڕیوەتەوە، بەڵکوو هەر لەم بەینەدا دەروویەکی بەخێری لێبکرێتەوە، زۆر شت هەیە ڕەنگبێ جوان نەبێ لەلای تۆ باسیان بکەم، دوای ئەم گشتە قسە و ئامۆژگارییە ئەم چاوەڕوانییەم لە تۆ نەبوو، ئەتۆیەکی سەرەژن و کەیخاتوو، دەر و ژوورم لێ پڕ بکەی، میران تازە هەڕەتی لاوەتی و بزەبزەیەتی و دوای هەواو و هەوەس کەوتووە، بەڵام ئەم قسە و ڕەفتارە لە خانمێکی وەک تۆ نەدەکاڵاوە.

ئاسکە چاو پڕ لە ڕۆندک و نەفرەت ڕووی تێکرد و بەدەم لێوەلەرەوە گوتی:

ـ میران، میران، بەم ڕۆژە ڕووناکە ئەم درۆیانە چییە؟ کوڕە عەیبت کرێ بەرد دەبارێ! پێتوایە گەمژە و گێلۆکەم؟! دەست بدە بەم قورئانەی بان سەماوەرەکەدا مارەت نەکردووە؟!

وتەکەی نیوەچڵ کرد. بە شێوەیەکی ناشیرین چەند جارێک لچ و لێوی هەڵقورتاند. ئەم بوغز و ڕقەی لە ماوەی ئەم دوو سێ ڕۆژەدا لەسەر دڵی ببوو بە وەرهەم، لە ئەوکی سەری کرد و دای لە قوڵپەی گریان ئەویش چ شیوەن و گریانێک، دارو دیواری دەهەژاند و بەردی دەتاواندەوە، کاری لە دڵی جیرانەکان و تەنانەت سەی‌میرانیش کرد. مەگەر لە کاتی مەرگی ئازیزان و شینگێڕی ڕەوزەخوێندا، ئەگینا قەت گریانی ئاوای لە خێزانی نەبیستبوو، بەڵام ئەم گریان و لۆراندنە کزەی لە جەرگی میراندا هەستاندبوو، شەپۆڕ و شینی ئاسکە وای‌نیشان دەدا ئاسمان و زەوی هەرەسی هێناوە و هەربینا بە سەریدا هاتنە خوارێ و بوون و ژیانی نوقمی زەوی دەبێ. (وەک بزە و پێکەنین قفڵی دەم و لێو دەکاتەوە، گریانیش کوڵی دڵ دادەمرکێنێ.) سەی‌میران بە تەواوی لە ناخەوە تێکڕووخابوو، بەم گریان و لێوەلەرەیەدا بۆی ڕوون بۆوە خێزانی چۆتە دەفتەرخانە و پێیان وتووە سەی‌میران هومای مارەبڕیوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەبوو بە سەریدا بێو و دڵنەوایی بکا، زۆر ئاسایی گوتی:

ـ چیبووە! بۆ مەگەر ئاسمان ڕووخاوە؟ پەلاماری ماڵ و ناموسی خەڵکم داوە؟

ـ حەێف بۆ ئەم چەند ساڵە وا تۆم نەناسی حەیف!

ـ ئەلحان بمناسە! ئەلحان بمناسە! کوێر بێ چاوێک نەیاری خۆی نەناسێ، خۆ بەردم بە ماڵی کابەدا نەداوە؟!

ئەو جگەرەی هەڵپیچابوو نەی‌کێشا و خستییەوە نێو قوتووی سیگارە دارکەوتەکەوە، بە تووڕەیی لە جێی خۆی ڕاست بۆوە. لەبەر دەرگاکە پێڵاو و گالۆشەکانی هەڵکێشا و پێویستی بە پاژنە هەڵکێش نەبوو خاتوو سەفییە و خورشیدخانم بە دەنگی گریانەکەوە هاتبوونە بەرهەیوانەکە، بەبێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە بە بەردەمیاندا تێپەڕی و لە دەرگای حەسارێ چووە دەرێ.

لە دەم دەرگاکەدا لەگەڵ عەبدولی شاگردی لووتیان بە لووتی یەکدا تەقییەوە، تازە دەستووری دەرکردنی دابوو، کوڕێژگە لە بەیانییەوە بێکار بوو لەو دەوروبەرە دەسووڕایەوە، هەر ئەوەندەی چاوی بە سەی‌میران کەوت لە گۆشەی دەرگایەک خۆی مات کرد. میران قاوی کرد و ئەسکناسێکی پێنج قرانی بۆ فڕێدا و تێی‌ڕاخوڕی:

ـ بڕۆ ئێتر لەو نزیکانە نەت‌بینم! بێرەدا بێیەوە دەتدەمە دەست پۆلیس.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ ئەم منداڵە لەخۆڕا لە من ڕەنجاوە، سەرەڕای ئەم گێلۆکەو خەوخەوییەی قامکێکی کوڕی نوقرە دەهێنێ، بەڵام تەنیا ئەم هەتیوە دەیزانی جاران هوما لە کوێ بووە، واچاکە پێی بەم گەڕەکەدا نەیات خەتای خۆم بوو، دەبوو یەغدانەکە بدەم بە عارەبانەچییەک بردبای بۆ ماڵی حسێنخان.

لە ژووریدا، ژنان دەوری ئاسکەیان دابوو، بە بانگ و سەلا دەگریا، خاتوو سەفییە دەیزانی ئیتر سەیمیران لە شانی کۆلانەکە ئاوا بووە، بەبێ ئەوەی گوێ بە هوما بدات لە ژوورەکەی خۆیەوە دەژنەوێ یان نا بە دەنگێکی کچانەوە گوتی:

ـ خۆت لەبەر گڕی ئاورەکە دادەنیشی و دووکەڵەکەشی دەکەی بە چاوی ئەودا، ئاش کاری خۆی دەکات و چەقەنە سەروچاوی خۆی دەشکێنێ، بەم خودایە پیاو چاکتان تێدا نییە، ئەگەر بشبێ، دەبێ بە لۆکە بیکرێ و بە نەوتی ڕەش ئاگری بدەی ژن بەم گشتە جەماڵ و کەماڵەوە چ ئەقڵێ ڕێگە دەدا هەوێی بەسەر بێنی، ئاخە ئێوەی پیاو، بۆ دەبێ ئەوەندە غەدار و بێدڵ و ئەوین بن؟! سڵاو لە ئەقڵ و ئاوەزتان!

ئەم ڕق و قینە کە لە دڵی ئەو ژنەدا بوو هەمووی دەگەڕایەوە بۆ داخ و دیقی زاواکەی لە دەست ئەو دەناڵی و بە سەری میرانیدا دەماڵی. کچەکەی بە سەردا دابۆوە و تێیتەقاندبوو، ئاسکە تەوێڵی لەسەر کەشکەژنۆی دانابوو بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە لاواندنەوە و دڵدانەوەی جیرانەکان شۆڕابەی فرمێسکی بە چاودا دەهاتە خوارێ، ژنان زۆری لە دەور گەڕان و خۆیان بە قوربان و سەدەقە کرد. سکڵی دەروونی وەژێر خۆڵەمێشی هەناوی کەوت و مات بوو، نێرگەلەی ئامادەیان هێنا و دایانە دەستی، جیرانەکان لە بێدەسەڵاتی خۆیان لە دەست ڕۆژگار و بەختی ڕەشی ئاسکە گازاندەیان دەکرد. بۆ ماوەیەک مات و بێدەنگ خەیاڵ بردنیەوە و دواتر خاتوو خورشید وەزمان هات و پرسی:

ـ چۆن زانیت مارەی کردووە؟

حاجیخانم وەڵامی داوە:

ـ وەختێ هوما لەسەر پێشۆرەکەی حەوزەکە ڕۆنیشتبوو دڵنیابووم سەیمیران مارەی کردووە، سیغە نەکراوە، ژنی سیغەیی نابەنە دەفتەرخانە، سیغە نائاساییە و تاوانیشە، دواتریش براکەم نارد بۆ دەفتەرخانە و درۆ و ڕاستییم بۆ دەرکەوت.

خاتوونخورشید بە تانە و تەشەرەوە:

ـ هەر نەیانکرد مستێک نەقوڵ و مێوژمان بدەنێ و دەممان شیرین بکەن. هەر نەبێ نوقڵی کوردییان پێدابایەین[١٧].

حاجیخانم گوتی:

ـ ئەم ژنە ڕێی ناکەوێ بە نوقڵی کوردی زارمان شیرین بکا، بە هەڵواکەی دەم شیرین دەکەین. خوابکا من هەڵواکەی بۆ ساز بکەم. تاسەر ئەم ماڵە جێگای ئەو نابێ.

ئاسکە خاتوون ڕک بەرببینی گرتبوو گوتی:

ـ من چەندە شل پێچراومەتەوە! زگم پێیدەسووتا، بۆی بە پەرۆش بووم. لەلای من دەیگوت، بووم بە بەردی قۆچەقانی خۆشم نازانم لە کوێ دەکەوم. دەبڕۆن لێیبپرسن جێگا نەمابوو بەسەر کۆشی ئەم ژنەدا بکەوی دایکی چوار منداڵە؟!

چاوەکانی وەک گۆمی خوێن وابوون. دیسان خەریکبوو مل بنێتەوە لە فرمێسک هەڵوەراندن.

حاجیخانم سەریدنا بە شانییەوە و ئارامی کردەوە، کچەکەی نوقرە بەم دیمەنە وا تێکچووبوو، ئەم بەستەزمانە هەرچەندی گوێچکەی گران بوو، وەختێ چڕو چاوی وایلۆک چڕو شینگێڕانی بینی هەستی بە خەفەت و دڵتەنگی کرد. کیژی خاتوونخورشید بە نیوەبزەیەکی کاڵەوە شەرمن و بەرپێوار گوتی:

ـ کاتێک دەنگی گریانی خانم دەهاتە دەرێ هوما لەسەر حەوزەکە بوو. لەبەر شەرم و حەیای خۆی فیزماڵکی دایە و دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی پێوەدا.

حاجیخانم بەرپەرچی قسەکەی داوە:

ـ دڵنیابە وانییە، ئەم ژنە نە ترسێکی هەیە و نە دەشزانێ خەجاڵەتی چییە، ئەگەر یەکسەعاتە لەو ژوورە سەر ناهێنێتە دەرێ، خەریکە بۆ چاوبەستنی مێردەکەی خۆی ساف و لووس دەکا، خۆی لەگوڵ دەدا، بیست ڕۆژی تەواو ئەم ژنە لە ماڵی خۆیدا بە دەورو بەریدا هاتوو قەدر و حورمەتی گرت. ئەمەش دەستخۆشی و چاکە بوو دایەوە. ماڵ لە ساحێوماڵ حەرامە!

خاتوونخورشید گوتی:

ـ ئەگەر بیزانیبایە شەرم و خەجاڵەتی چییە، کاری ئاوای نەدەکرد و بەسەر ژن نەدەهات. کەسێک نییە لێیبپرسێ پیاوێک بۆ تۆ قات بوو هاتی و لە پێی مێردی ئەم ژنە بهاڵێی و ئەم ماڵە بە

---

١٧- نوقڵی کوردی: برێشکە، گەنمە شامی هەڵتۆقاو.

یەکدا بدەی، تا ئەمڕۆکە کەس دڵی لێی‌نەڕەنجاوە و لە پەپوولە بێ‌ئازارترە، یاخوا سەی‌میران نەحەسێیەوە وەک دڵی ئەم ژنەت شکاندوە. کچەتیوە ئەگەر وەختی مێردت هات نەچی کاری وابکەی! بە سەری زیندوویی ئامۆژگاریت دەکەم ئاگەر بتەوێ سەر بە هەوێ مێرد بکەی شیری مەمکانت پێ‌حەرام بێ بۆ کوڕەکەشم هەروا، ئەویش دوو ژن بێنێ شیری خۆمی حەڵاڵ ناکەم. دەزانی ئەووەختی چیت دێتە ڕێ؟ تاکوو ئەو ڕۆژەی سەر دەنێیەوە ئازار دەبینی و ناحەسێیەوە.

کچە بێ‌ئەوەی شەرم دایبگرێ و ڕەنگی بگۆڕێ، بزەیەکی سارد و کاڵ دەمی پێدا چەقاند. زەڕی کچۆڵەیەکی سوور و سپی تا ڕادەیەکیش ناسکۆڵە بوو، بە چکۆڵەیی لە سەربان بەرببۆوە، دەماری (عەسەب) بناگوێی پچڕابوو لاچاوی چەپی نەختێک ئەستوور بوو.

لەپاش ئەم دڵداری و دڵخۆشی‌دانەوە ژنگەل هەستان و یەکەیەکە بڵاوەیان کرد و چوون بەلای کار و ماڵی خۆیانەوە، ئاسکە هەرچەندە دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو، چەند ڕۆژێک بوو فرمێسکی سوێری بەسەر ئاگری دەروونیدا دەباراند. بە تکاو تەمەننای خاتووسەفییە هەستا بە فکری نانی نیوەڕۆی منداڵەکانی بێت، بۆخۆشی دەیزانی لەبەر منداڵەکانیش بێ نابێ پەژارە دایگرێت. ئەو فرمێسکەی لە چاوی دایکەوە دەتکێ، وەک ئەوە وایە ئاسنێک بەسەر دڵی منداڵەکەدا توابێتەوە .

یەکەم شەپۆلی شین و شەپۆڕەکە بەو جۆرە تێپەڕی. بە رواڵەت هاتبوو و رابردبوو بەڵام لە راستیدا دەردەکە بێدەرمان نەبوو. هەر وەک چۆن جنۆکە و شەیتان دەچنە کلێشەی بنیادەمەوە و تووکی لێ دەکەن و شەیتان چووبووە جەڵدی پیاوەکەیەوە و ڕێی لێ هەتلە کردبوو و خشتەی بردبوو. سەی‌میران بە پێچەوانەی قسەکانی ئەم سەرەسۆدرەیەی بە هیوای خۆشتر کردن و ئاوەدانی ماڵ یان خزمەتێکی ئینسانی کردبێ و هەنگاوێکی باشی لە ڕێگای مرۆڤایەتی هەڵگرتبێ، وانەبوو، بەڵکوو بۆ دامرکاندنی ئاگری هەوەس و لغاوکردنی ئەسپی ئارەزوو و ئیشتیای پیاوانەی ئەم ژنەی مارەبڕیبوو. خوا بەدبەختی بەسەر شانی کەسدا ناهێنێ، ئەوە مرۆڤە دەبێ چاو و گوێی بکاتەوە، هەتاکوو نەیبیژێ ناشێ بیپێژێ، بەڵام جارێ میران لە کوێیەتی، ئەوەی جاران دەیبینی خەونێک بوو تەواو بوو، سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی هێدی و لەسەرەخۆ و خزمدۆست بوو لاساری دەکرد و ملی بادەدا، ئەگەر کەسێک هەبوایە بە چەند قسەی جوان و تانەو تەشەر و ڕوونکردنەوەیەک پێیانگوتبا هەتاکوو پەلت گواوی نەبووە فریای خۆت بکەوە، دوور نەبوو درەنگی بخات و نەچێ ئەم ماڵانگەڕە تەڵاق نەداتەوە، کوا ئەو دەیزانی ئەوەی پێشوو لەبەری بەزیبوو بۆیە یەخەی خۆی لێ‌هەڵتەکاند؟ ژانەسەر بە شێلان چاک دەبێ نەک بە قوربان و بە

سەدەقە بوون. ئاسکە دڵی بەوە خۆش بوو ئەم ژنەتیوەی لەسەرماڵێکی قورس مارە نەکردبوو ـ سەت تمەن هەزار دینار، ئەگەرچی پارەیەکی کەمیش نەبوو بەڵام هەروەختێ میران لێی بێزاربایە ئاسکە بەبێ ئەوەی گوڵ و گوارەی خۆی بۆ بفرۆشێ ئەم پارەیەی دەنا مشتی مێردەکەی بچێ زوو تەڵاقی بدات، لە هەموو شت گرینگتر ئەوەبوو هوما لەو ڕۆژەوە دەرگای ئەم ماڵەی قەڵەشتبۆوە، تۆوی دووبەرەکی و نەحاوانەوەی چەندبوو. ئەمانە خەیاڵ پڵاو بوون ئاسکە پێیان دڵخۆش بوو ئەگینا ئەو ژنە گوڵمیخەکەی ئەوەندە شل داکوتابوو بە هاسانی هەڵیبکێشێ و بگەڕێتەوە بۆلای کۆنەمێرد و منداڵەکانی. مارەیی خۆی وەردەگرت و کاری سێتەڵاقی حاجیش خاتیمەی پێهاتبوو.

جیرانەکان باوەڕیان وابوو، ئەگەر ئاسکە هەر دانەکەوێ و ژیرانە وەجووڵێ، پێشئەوەی هوماخانم زگ بێتە بەرچاوی دەتوانێ دڵی سەیمیران بەدەست بێنێتەوە و سێتەڵاقە بنێتە مشتی، بڕوا و قەت نەگەڕێتەوە، لە بەینی ژنەکاندا پوورە بەگم دایکی خاتووخورشید، کە خۆی بە کەیخودا و سەرەژنی گەڕەک دەزانی و پێیوابوو موو لە ماست دەردەکێشێ پێشدەستی کرد و ئامادەبوو بچێتە لای بووکی تازە و بیدوێنێ، دەراوی دەمی تاقی بکاتەوە بزانێ دەڵێ چی، وەختێ بزانێ ئەویش هەر بیری لەلای منداڵەکانییەتی بە گوێیدا بخوێنێ و پێیبڵێ ئەوە جێگای تۆ نییە خێوەتت لێهەڵداوە، ئەم پوور بەگمە شتێکی باشی کە هەیبوو ئەوەبوو بێجگە لەم گشتە نەخۆشی و کوێرو کوترییەی کە هەیبوو، پیرێژنێکی قسەزان و فامیدە و وردبین بوو، قسەی کاڵی بە دەمدا نەدەهات و ئەوەی دەشیوت دواتر دەهاتە دی، وەک نهێنیزان وابوو. پێشئەوەی شەل و بێچاو بێ جگە لە تەشیڕێسی و گۆرەوی و دەسرازەچنین، هۆرپە هەڵکردنەوە، دەڵاڵی قاپوقاچاخ و ئەندازەفرۆشی ماڵانی دەکرد. دەچووە ماڵی سامان‌دار و دەوڵەمەندان، ئەوانەی گەورەی ماڵیان ڕوویان کردبووە خۆرنشین و عومری درێژیان بۆ بنەماڵە بەجێ هێشتبوو، کەلوپەلی نێوماڵی بۆ خورد دەکردنەوە و پارەکەی دەدا بە وەرەسەکانیان، مشتەری و کڕیاری نەغد و دەستپڕی پوور بەگم سەیمیران بوو لەو بنەپاڵەوە، ئەم ژنە پیرە ئێستا ببوو بە سەرباری ژیانی گوڵمحەممەدی کوڕی، زۆرجار گوڵمحەممەد لە پاشملە دەیگوت:

ـ دایکم پووڵ و پارەی زۆرە و دەژێر زەوی و کونەمشکاندا شاردوویەتەوە، بە ئێمەی نادا.

بۆ دواندن و قسەکردن لەگەڵ سەیمیران گەر هەباس کەربەلایی ڕیشچەرموو، مێردەکەی پەرینازی هاوسا ماڵەکەی خۆیان ئەویش پیرەمێردێکی بەتەمەن و بێبەش لە دنیای ڕوون هەر بستێکی مابۆوە، لەو ڕۆژەوە مێزەر و عابایان قەدەغە کرد لە سووچی ماڵ خزی و نەهاتە دەرێ،

لەگەڵ خێزانی سڕو بێدەنگی لە خۆی خرابتر، زستان و هاوین لە کۆشیماڵدا نەدەهاتنە دەرێ و تەنانەت دەرگای ژوورەکەشیان نەدەکردەوە، پەری‌ناز بە بیرەوەرییەکانیدا دەچۆوە و پیرەمێردیش عابابەشان بە دانیشتنەوە ڕووی دەکردە ڕووگە و بە نوێژانەوە سەرقاڵ دەبوو، دەنا تەسبێحی دەگێڕا و زیکر و دوعای دەخوێندن. هەموو جارێ دەیگوت لە ساڵی گرانی هەشتاوهەشتدا[18] تەمەنی سیازدە ساڵ بووە، چیرۆک و سەربهوردەی تاڵ و شیرین و زۆر وزەوەندی دەزانی و لە شەونشینیەکانیدا باسی کردبوون و ئاسکە لە بیری نەدەچۆوە و بەلایەوە زۆر بەڕێز بوو، هەر لە ڕاستیدا ئەم شەوانەش قەت لە بیر ناچنەوە، ورد و درشتی ئەم ماڵە ڕێزی کەربەلاییان یەکجار لەبەر بوو.

هەر ئەو ڕۆژە عەسر بۆ یارمەتی‌دان و گلە و گازندە ئاسکە خۆی گەیاندە ماڵەکەیان، پیرەمێرد سەری سووڕما و زۆریش پەرێشان بوو. پەرێشان لەوەی بۆچی سەی‌میران ئەگەر بە نیازی کارێکی ئاوا بوو نەچۆتە کنی و پرسی پێ‌نەکردووە، تاکوو بە دەلیل و بەڵگە پەشیمانی بکردایەتەوە و نەی‌هێشتبا ئەم ژنە مارە بکا، هەروەک پەری‌ناز دەیگوت ئەو حاجی بەننای کۆنەمێردی هومای دەناسی و دیتبووی؛ زۆر شتی لەمەڕ ئەم کابرایەوە دەزانی، لە شارە چووکەکاندا خەڵک بە عەیب و عاری یەکدی دەزانن. ئەگەرچی لەوەپێش لە پەری‌نازی خێزانی ژنەوتبوو میران چی کردووە، بەڵام خۆی لە هەموو شت بوارد، دیسان سەبارەت بە تەڵاق و چۆنییەتی هاتنی هوما بۆ ماڵی ئەوانی پرسیاری کرد، کاتێک لە سەرڕا هەموو شتی بە گوێی خۆی بیست، دەی دەیەکی بۆ کرد و چەند جارێک سەری ڕاوەشاند. ئەدگاری ئەم مرۆڤە مەسیح شێوەیە بەڵام کۆر و نابینا، وای‌نیشان دەدا زۆر لەمێژ بووە پێش‌بینی ئاواها کارێکی لە میران کردووە، بەرلەوەی ئاسکە سەبارەت بەم کێشەیە لێو ببزێوێ، دەست‌پێش‌خەری کرد. هەر ئەمشەو سەی‌میران دەبینێ و قسەی دەگەڵ دەکات، ئاسکە تەواو ڕەنگی مردووی لە ڕوو نیشتبوو بە نیوە نووزەیەکەوە پێی‌ووت، سەی‌میران پەژیوان ببێتەوە، مارەیی چی بێ بۆخۆم ئەی‌دەمێ، پیرەمێرد هەستی بە ڕێژنە فرمێسکی ئاسکە کردبوو بە زمانێکی باوکانە بەڵێنی‌دایە کە دڵنیابێ:

- بڕۆ کچی خۆم هیچ خەفەت مەخۆ! بۆخۆم دەزانم چۆنی بدوێنم. بڕۆ ئاگات لە چاوەکانت بێ، ئەو دەبێ بگری بۆ بەختی ڕەشی تەنیا کەسێکە، تۆ شوکور عەولادت هەیە و پێنج کەس پێکەوەن،

---

١٨- ١٩١٠.

تۆ کە چوار پێچکەی خۆت داکوتاوە نە ئاو دەتبا نە ئاور دەتسووتێنێ، وەکوو ئەم کورسییەی پێمان تێکێشاوە جێگات قایمە. ئەو بێفکرە تەختەی ورەگەڕاوە، تۆ برۆ هۆشت بە منداڵی خۆتەوە بێ.

هەر ئەو ڕۆژە بەرلەوەی شەو پەردەی ڕەشی بەسەر باڵای شار هەڵبکێشێ و پیرەمێرد دەستی بگاتە گوێچکەی سەیمیران و قسەی لەتەکدا بکات پوورە بەگم لێو بە کەنین گەڕایەوە، بەم زمانە لووسەی لەو ژوورە بەرتەنگەدا بە جوانی زاخاوی مێشکی دابوو دواندبوویی و ئاوی گوێی دادابوو، نەک بە دوو زمانی هەڵداشتن، بەڵکوو بە عینوانی دڵسۆزی و کوڵۆ لەسەر ڕێ لابردن، تێیگەیاندبوو چ هەڵەیەکی مەزنی کردووە و چۆن خۆی هەڵدێراوە پێیوتبوو، ئەگەر نایەوێ عەمر و جوانی بە زایە بچێ، بەم گشتە جوانی و تەمەنە کەمەوە کە هەیەتی، تاکوو ئەمڕۆ باخی جوانی بە بەرە و بولبولان بۆ گوڵی ڕووی دەچریکێنن، تاکوو لەم سەیدە پیرە منداڵی نەبووە و نەبەسراوەتەوە فکرێک بۆ حاڵ و ڕۆژی خۆی بکا، زۆر حەیفە عومری با بیبا بە سۆزەی شەماڵ. هوما لە وەڵامدا وتبووی، بە خودا و ڕەسووڵی هەرچی دەکا و دەکرێنێ ڕووی نییە ئاسکەخاتوون ببینێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە لای کۆنە مێردەکەی ڕازی بەم مارەبڕینە بووە، بۆ ماوەیەکی کورت ژنی کەسێکیتر بێ، ئێستاش دەسەڵات بەو پیاوەیە ئەگەر ئەمڕۆ تەڵاقی بدات باشترە نەک بەیانی.

ئاسکە هەر خێرا ئەم هەواڵەی گەیاندە کەربەلایی هەباس تاکوو بزانێ دنیا چ باسە، کەربەلایی وتی:

- ئەگەر ڕاستت دەوێ ڕەنگبێ مەشەدی هەر بۆئەوەی ئەو ژنە بتوانێ بگەڕێتەوە بۆلای منداڵەکانی ئەو کارەی کردبێ، چووزانێ بە تیرێک دوو نیشانی نەپێکابێ، جارێ پێمبێژن ئەو هومایەی ئێوە باسی دەکەن دیمی ڕاوکردنی ماوە؟

ئاسکە بە ساردوسڕی وەڵامی دایەوە:

- بەشی خۆی جوانە کەربەلایی، بەڵام بۆ دەبێ پیاوان هەر فریوی چاویان بخۆن و ئەوەندە خاوو خلیسک بن؟ بۆ دەبێ هەرکە لە دەرگای ژوورێ چوونە دەرێ چاو و برۆ ڕەشێکیان بینی وەک زاڕۆڵە وڕک لە بووکە شووشە دەگرێ، خێرا داوا بکەن و ژنی خۆیان تەڵاق بدەن یان هەوێی بەسەر بێنن؟

- هەڵبەت ژنان وابیر دەکەنەوە، بەڵام بە پێی شەریعەتی ئیسلام کە خەوش لەو بیروڕادا نییە من و تۆ ناتوانین ڕەتی بکەینەوە. ئەم حەقە بە پیاوان دراوە و مێردەکەی دەتوانێ ئەگەر بۆی هەڵبسووڕێ ژنێکیتریش لە خۆی مارە ببڕێ، ئەمە یاسای موسڵمانانە و ئەو هەویرەش فرە ئاو

دەبا، بەڵام تۆ لە قسەکانم ئاوا تێمەگە پشتیوانی لە پیاوەکەت دەکەم. نا، من سەرەڕای هەموو ڕێز و حورمەتم بۆ مەشەدی ئەم کارەی لێقەبووڵ ناکەم و سەرکۆنەشی دەکەم.

کیژی خاتوو سەفییە تازە هاتبووە ژووریّ و پاڵی بە دیوارەکەوەدا و گوتی:

ـ ئەگەر ژنە بە خۆشی خۆی نەڕوات بە بەزم وەدەری دەنێین. لەو ڕۆژەوە ژنی سەیمیرانە خۆی بە کونی ژووریدا کردووە و سەر ناهێنێتە دەریّ، مەلا مەلای کردووە و کەس نادوێنیّ، ئەگەر لەو ماڵەدا وەک هەویّی ئاسکەخانم بمێنێتەوە دەبیّ وەک بایەقوش بە تەنیا بژی، ناوی دەنێین بایەقوش.

بەڵیّ، هەر ئەوشەوە، سەیمیران هاتەوە و دووای ئەوەی لە ژووری گەورە گەورەکە بە تەنیا شێوی کرد پیرەمێرد پەرینازی ناردە شوێنی، ئەگەر کاری نییە و تاقەتی هەیە سەعاتێک تەشریف بێنێتە لای ئێمە حەز دەکەم برێک دانیشین و قسە بکەین. سەیمیران هەرچەندی ماندوو بوو گەرەکی بوو بخەویّ ڕازی بوو بچیّ بۆلای کەربەلایی هەباس، هەرئەوەندەی پەریناز لە پلیکانەکان چووە خواریّ، هوما وەک مشک لە کون هاتە دەریّ و خۆی کرد بە ژووری گەورەکەدا، سرتەیەکی لەگەڵ سەیمیران کرد و خێرا گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، میران بە دڵ دەیزانی کەربەلایی بۆچی بە دوویدا ناردووە، گوێی بە قسەکەی هوما نەدا. بە ئەخم و تەخمێکەوە هەستا و کەوڵە تیسکنەیدا بەسەر شانیدا جگەرەی داگیرساند و چووە خزمەت کەربەلایی هەباس، لەبەر دەرگاکەی ئەوان ڕوو بە لە حەسارەکە بوو بەبیّ بەرهەیوان، لە پلیکانەکان وەسەر کەوت و بۆ ئاگاداری چەند جارێک کۆخی، دەنگی نووساوی پیرەمێرد لە ژوورەکەوە بەرز بۆوە:

ـ فەرموون مەشەدی میران، فەرموون، کەوێڵی خۆتانە، بە هاتنی ئێوە ئاوەدان بۆوە، ناتوانم بێمە دەریّ داوای لێبووردن دەکەم، خۆ تۆش ماشەڵڵات لێبیّ ئەوەندە سەرقاڵی ناپەرژێیە سەر هیچ، تۆ بفەرموو کاممان ساردوسڕین ئەوە زستان تەواو بوو جارێک یەکترمان دیوە؟ لە بیرم نییە چیرۆکی کابرای بەقاڵ و پێغەمبەرم بۆ گێڕاوییەتەوە یان نا؟ مرۆڤ کە ئیش و فەرمانی زۆر بوو هاوڕیّ و دۆستانی لە بیر نامێنیّ، دانیشە با بزانم دنیا چ باسە؟ ئافرەت سەماوەرەکەت هەڵکردووە؟ مەشەدی چاخۆرێکی لە زەبرە.

سەیمیران دەیزانی لە شەو و ڕۆژدا ئەو ژن و مێردە پیاڵەیەک چایی ناخۆن. هەر بۆیە خێرا وتی، چایی ناخۆم، ئەوانیش بێدەنگەیان لێهێنا و زۆریان لێنەکرد. ژووری ئەم ژن و پیاوە شان بەشانی دیوەکەی ئاسکەوە بوو. تەنانەت دەرگایەکی بەسەر هەیوانەکەی ئەواندا دەکرایەوە، دایمە

لە دیوی ژوورێوە داخرابوو دیزە و گۆزە و کووپەڵەیان پێوە نابوو، لە دوای شێو خواردن بیژەن وێنەی دەکێشایەوە و دەیکرد بە شان و ملی دیوارەکانی ئەم ژوورەدا، بە خەیاڵی خۆی تەکیە و خانەقای دروست کردبوو.

لە ماوەی ئەم یەک سەعاتەدا کە سەیمیران لەوێ دانیشتبوو، ئاسکە وای نەدەزانی شەوە یان ڕۆژە، سەت جار دەمرد و زیندوو دەبۆوە، ئۆقرەی نەبوو، سەرەڕای ئەم گشتە ئەقڵ و ئاوەزەی خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و چوو لە پشت دەرگاکە خۆی لێگرتن بزانێ دەراوی دەمی مێردەکەی چییە ئەگەرچی بۆیەی ڕەشی شەو دەرو دیواری ڕەش داگێرابوو بەڵام ئاسکە ناچار بوو لە شوێنی خۆی بچەقێ و پاڵبدا بە دیوارەکەوە، هەروەختێ هوما لە دیوەکەی خۆی هاتە دەرێ لەوێ نەیبینێ. لەوکاتەوە منداڵەکان هەستیان بە ئازار و خەفەتی دایکیان کردبوو ئیتر وازیان هێنابوو لە هاروهاجی و یاری کردن. تاکوو ئاسکە باشتر بتوانێ گوێ لە قسەیان بگرێ. کز و بێدەنگ دەوری کورسییان دابوو ئەوان بە تەنیا نەبوون حاجیخانم لەلایان مابۆوە، ئەویش بێدەنگ هەر تاوەی لە خەیاڵێکدا بە تەمای تاڵە تیشکێک لەوێ چاوەڕوانی هاتنە ژووریێ ئاسکەخاتوون بوو. مەهدی چکۆلەی لەسەر کۆشی دانابوو، ڕەش و سپی لێک نەدەکردەوە، وێنەی لاپەڕەکانی نیشان مەهدی دەدا، چاوێکیشی لە بەرهەیوانەکە بوو، نەکا هوما بە بیانووی کارێک یان ئاو هەڵگوێزان بێتە دەرێ و ئاسکە لە بن ئەو دەرگایە ببینێ، زێدە لە منداڵەکان بارام لە پڕ فکرێکی کردەوە، بەبێ ئەوەی ئەوان لە نیازی خۆی ئاگادار بکات، بە ئارامی سەری کرد بە بن لێفەکەدا، لە ژێر ئەم لێفە تاریکەدا چاو بە فرمێسک لە خودای خۆی دەپاڕایەوە بەزەیی بە دڵی چکۆلانەیدا بێت و بابی تاکوو دوو ڕۆژی دیکە هوما تەڵاق بدات، لە دڵی پاکیدا بەڵێنی دا بە خودای تاقانە کە ئیتر لەمەولا بە سەرپێوە هەڵنەمیزێ و ئەو چوار قرانە قەرەپووڵەی لە کاتی نەوت کڕیندا دووکاندار لە بیری چووبوو پێیبداتەوە لێیوەربگرێتەوە و بیدا بە سواڵکەرێک.

لە پشت دەرگاکە، ئاسکە هەرچەندە گوێی شل کرد و لەسەر هەست بوو نە هیچی بیست و نە زانیشی باسی چیدەکەن. دوور لە دەرگاکە دانیشتبوون دەنگیان نەدەهاتە دەرێ، درزێک بە بەژنی دەرگاکەدا هاتبووە خوارێ، لەو قەڵەشەوە مێردەکەی دەبینی لە شانی چەپی کورسییەکە ڕۆنیشتبوو قەلافەتی لەو شەوەدا بچووکتر دیاری دەدا، ڕەنگ و ڕوخساری تەواو مێرانە و سەر پڕ ئەندێشە لەبەر دەمی خۆی دەڕوانی، بەبێ ئەوەی بزانێ چی لە سەردا دێت و دەچێ، جارێک لەسەر پشتی کورسی یاری بە قوتووی جگەرەکەی دەکرد و جارجارەش بە هۆی قسەکانی خانەخوێوە سەری

دەلەقاند پەریناز دوور لە کورسییەکە پشتی لە پیاوەکان بوو لە فکر و خەیاڵی خۆیدا پرچی پەریانی بە شانە دەکرد. پیرەمێرد شانی ڕاستی کورسی گرتبوو، دەتگوت ژیژکە خۆی کردۆتەوە، بە جووڵە جووڵی سەیمیراندا وادەردەکەوت زۆر لەو شەونشینییە بێزارە، زۆری پێنەچوو هەستا و بەدەم خواحافیزی کردنەوە هاتە دەرێ، بەجێگەی ئەوەی ڕوو بکاتە ژووری منداڵەکان لووتی وەرسووڕاند و بە نێوچاوانی مۆن و تاڵەوە خۆی کرد بە وەتاغە گەورەکەدا، ئاسکەی دڵناسک هەستی کرد کە ڕیشچەرمووەکەی نەیتوانیوە بەنی سەیمیران با بدات، هیچی بۆنەکراوە، لە بێهیواییدا هێزی پێی نەبوو لە پەریناز بپرسێ چییان کرد و ئاخری قسەکە بە کوێی گەیشت. ئەم ژن و مێردە پیرە دوو کاتژمێر لە کاتی خەوەکەیان تێپەڕیبوو، بە دوای سەیمیراندا چرایان کووژاندەوە و خزانە ژێر کورسی گەرموگوڕ، ئەگەر لە ماوەی ئەو یەک سەعاتەدا سەیمیران کەلیمەیەکی باشی بە قازانجی ئاسکە لە دەم دەرپەڕیبا بێگومان پەریناز خێرا هەواڵی خۆشی دەگەیاندە ئاسکەخاتوون، کە هیوای بە گفتی سەیمیران هەبێ. ئەو شەوە سەگی کۆڵانان خەو چووە چاویان ئاسکە نەچووە چاوی، فکر و ئەندێشەی دزێو و دڕدۆندگ هەروەک چقڵ و چاڵووک بە سەر لەشیدا دەتلانەوە و لە جەرگ و دڵی ڕادەچوون. ئەم لەپڕ گۆڕانەی مێردەکەی وەک ئاوری قودرەت بەربووە گیانی، هەر بۆیە حەزی دەکرد هەردوو چاوی کوێر بێ و هوما نەبینێ، ئاخۆم بەڕاستی ئەوە ناحەقی و غەدر نەبوو لە بەرامبەر ئەم ژنە جوان و وەفادارەیدا کردبوویی؟ یانی هیچکەس دڵی بەم ژنە نەدەسووتا و ئەم ڕەفتارەی سەیمیرانی بە ناشایست نەدەزانی و سەرکۆنەیان نەدەکرد؟ کەوابێ بۆ دەبێ ئەو ژنە هەناسەسارده لە ژێر تاوان و زوڵم و زۆردا بتاوێتەوە و دەستەو داوێنی مێردەکەی بێت وەک جاران وەرگەڕێ بۆ نێو ماڵ و منداڵی تەباوو ڕەبای؟ هەر وەک هەباس کەربەلایی گوتی، هوما تەنیا کەسێکە و ئەوان پێنج کەسن. هوما تەنیا باڵ و ئەوان دە دەست بوون. هوما قەلی سەردەرانە و ئەوان لە ماڵی خویاندا نیشتەجێ بوون. ئەوان لەو ماڵەدا چوار پێچکەیان بە زەویدا بردبووە خوارێ، هەر ئەم بیرۆکانە فرەتر دەیانهەژاند و هەناویان دەکۆڵی، بەم چەند ڕۆژە دەرد و ئازارە ئاسکەی نەرم و دڵناسک دایکی چوار منداڵی ژیکەلانە و جوان، وەک بەفر تاوابۆوە دەتگوت خۆڵی قەبرانی بەسەردا باریوە، پەپوولەی ڕۆحی پەرێشانی لە ڕکەی زەرد و زەبوونی جەستەیدا هەوڵی دەدا هەر ئانو سات ئەم زیندانە تاریک و شێدارە بەجێ بهێڵێ، کەروێشکی خەیاڵ هەردەمەی بە لایەکیدا دەبرد و دەیسووڕاند و لە بێدەسەلاتی و دەرەتانیدا دڵتەنگتر لە پێشوو دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و دەستەو ئەژنۆ سێ

کوچکەیێ هەڵدەتووتەکا. هەر فکرێکی کە نوێتر بوو لەسەر مێشکی لە پاش سەعاتێک دەبوو بە خۆرە و دڵ و ئێسقانی پێکەوە دەکڕاند، لەبەر خۆیەوە دەیگوت، سبەی بەیانی پێشئەوەی زەدرە لەسەران بدات و تیشکی خۆر مالان بئەنگێوێ و پیاوان بە نیازی کارو کاسپی ڕۆژانەیان لە ماڵ بچنە دەرێ بەبێ سلاو و ئەحواڵپرسی کوتو مت لێیان بپرسێ:

ـ ئێوە کە حاڵ و ڕۆژی منتان دیوە، کێ ماڵ و حاڵی ئەو مێردەی منی هەبوو، لە چی کەم بوو ئێوە بێژن، ئاخۆم لەگەڵ ئەو ژنە ئەمە غەدر نەبوو لە منتان کرد؟ ئەم ژنە ماڵی منی نەشێواند، ماڵ و مێرد و ژیانی لێداگیر نەکردووم؟ ئەوان چی دەڵێن؟

بە ئەدەب و حورمەتەوە دەڵێن:

ـ بەڵێ ئاسکە خاتوون، هەموو کەس دەزانێ حەق بە تۆیە و ئەوان ناحەقییان دەرحەق بە تۆ کردووە.

ـ دەی کەوابێ من هەرئێستا زۆر بە ناحەزی ئەم ژنەتیوە سەر بەهەشە وەدەر دەنێم و دیزەیەکی ڕەشی بە دوودا دەشکێنم.

ـ هەی ئافەریم ژنی ئازا، تۆ دەبوو یەکەم ڕۆژ ئەو کارەت بکردایە، با هیچ ژنێک نەیوێرابا سەر بە هەوێ مێرد بکا و پیاوەکانیش شەرم بیگرتبان ئەمە کارێکی نامرۆڤانەیە دەرحەق بە خێزانی خۆیان دەیکەن، بۆ مەگەر هێلکەی مریشکی ڕەش و سپی هەر یەکتام نییە؟ هەر تامێکە، بەلام پیاوان لەگەڵ خۆشیان درۆ دەکەن، ئەوان ئارەزوومەندن، هەوەسباز و چاوچنۆکن، هەر ئەوەندەی لە دەرگای حەساری خۆیان پێیان بردە دەرێ مێشی چاویان بەسەر پاشەڵی ئافرەتی ئەم بازاڕەوە دەنیشێتەوە، تامەزرۆن تامەزرۆ ژنێک بە دەمیانەوە پێبکەنێ وادەزانن خەلات کراون، لە بیریان دەچێتەوە ژن و منداڵیان هەیە، حەیا و نامووسیان هەیە، کەسێک حورمەت بۆ حەیا و نامووسی خۆی دابنێ بۆ خەڵکیشی دادەنێ، ئەمانە کەللەیان گەرمە درەنگ بە برینی خۆیان دەزانن، هەتا لاقیان بە پیسیدا نەچێ بۆن ناکەن، دەنا سەیمیران لە چت کەم بوو، ژنی جوان و بە ماڵداریت نەبوو دڵسۆز و مێهرەبان نەبوو، ماڵی گەرم و گوڕ و منداڵی عالو سالی نەخستبۆوە، کوڕی جوان و کاکۆڵ زێڕین، کچی شۆخ و شەرمنی نەبوو، ئەی بۆچی وایکرد تێری خواربوو؟ لەچی؟ سەت سواری میوان بە سەردا ڕژابایە وامدەزانی تاقە سوارێکە کەی بە کەمو کەسری ماڵی خۆی زانی، نانی لە ماڵدا نەبوایە کارێکم نەدەکرد کەس پێبزانێ، کەی ئەوانە پیاون، خۆ پیاوبوون هەر بە ڕیش و سمێڵ نییە، ئەگەر سمێڵ حەساوە پشیلەش پیاوە، کوا، ئەوەندەی کوڕەکانی ماچ دەکرد، قەت

ڕووی بە گلارە دەدا؟ ئەوەندەی ئەوانی دەنا سەرکۆشی جارێک دەستی بە سەری ئەم کچۆڵەدا دەهێنا؟ ئەم پیاوانە بۆ کەمکردنەوەی هەوا و هەوەس نەبێ پێتوایە ئافرەتیان خۆشگەرەک بێ؟ پێمدەگوت پیاوەکە، ئەوەندە لە پێش چاوی ئەم کچە بە کوڕەکاندا مەنووسێ، ئافرەتە و دڵی بە خۆی دەمێنێ (مێهر و محیبەتی دایک و باوک بۆ عەولاد بەتایبەت بۆ کچ وەک باران و تیشکی تاو وایە بۆ سەر گوڵ و گیا، کچ گوڵە، ئەم دووانەی لێببڕێ، سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ، کچ بۆ ماڵ وەک چرایە، هەرماڵێک ئافرەتی تێدا نەبێ، کچی تێدا نەبێ چارداخێکە بێدەلاقە، تەلارێکە بەبێ دەرگا و پەنجەرە)، ئێستاش ئاسکەخاتوون ئێمە گەورە و بچووکمان حەق بە تۆ دەدەین و پشتیوانی لە تۆ دەکەین. بە داری دەستی وەدەری دەنێین، ئەگەر یەک کەسە تۆ هەزار کەست لە پشتە، دەست لەسەر دەست دامەنێ و بیری لێمەکەوە شوان تاکوو پتر دانیشێ مەڕەکەی دوور دەکەوێتەوە.

ئاسکە ئەمشەوە لەسەر جێخەوەکەی هەر ئەمبارەو باری کرد و بەدەم ئەم فکرانەوە گێژی دەخوارد و چەرخ و خولی بوو، لە دڵی خۆیدا دەروجیران خەڵکی گەڕەک هەموو بۆیان لە ئەستۆ دەدا، کە سەیمیران زوڵمی لێیکردووە، بە شەرتێ یەکەم هەنگاو هەڵبگرێ تەواویان لە پشتی ڕادەوەستن! دەی ئەگەروایە ئەم هەموو خەم و خەفەتە لە پای چی؟ چەند وەختە خەریکی شەنو کەو بێژانە، دەبەسیەتی هەستە بێپێژە! ئەگەر هاتباو چارشێوەکەی لە خۆی پێچابا ـ یان چارشێوی بۆچیبوو هەر بەم لەچکە و دەستماڵ و جلوبەرگە کوردییەوە لێیڕاست دەبۆوە و دەرگای پێدەگرت، کەی دەتوانێ زمانی بگەڕێ؟ بۆ ئەم خەڵکە هەر دەبێ بڵێن فلان سوارچاک و فیسارە جوامێر، ئەی بۆ مەگەر ئەمە شێرەژن نەبوو، بۆ تاوانە ئەگەر ژنێک ڕابپەڕێ و لەسەر حەق و مافی خۆی وەجواب بێ؟ بۆ ئافرەت هەر بەخاتری ئەوەی مێوینەیە نابێ زمانی بگەڕێ و تۆزی سەری بتەکێنێ؟ ئەگەر هومای لەو حەسارە وەدەر نابایە خۆ سەیمیران سەری نەدەبڕی، نەشیدەتوانی لەگەڵی بەشەڕ بێ، تەنیا سێ ڕۆژ دەچووە وەتاغە گەورەکە و توورە و پەشیمان قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد و لە شەرمەزاریدا چاوی لە چاوی ئاسکە نەدەبڕی، ئاسکە زۆری دڵخۆشی خۆی داوە بەشکم بتوانێ سەرخەوێک بشکێنێ، بەڵام نەیتوانی، لەگەڵ کازێوەی بەیان دای لە جام و شووشەبەندان ئاسکە مەحتەل مابوو وەخۆ بکەوێ یان دەست لەسەر دەستان دابنێ، وەختێ تیرێژی خۆر چڵە تیشکی کردە ملوانکە و دەئەستۆ و بەرۆکی گوێسوانانی کرد، ئاسکەی شەو نەخەوتوو، بەهۆی پەرێشانی زۆر و گوشاری دەمارەکانی سەر و مێشکی، لە چاو ڕۆژان درەنگتر لێفەی لەسەر خۆی فڕێدا و لە جێگا هاتە دەرێ، هەستی کرد تەواوی نەخشە و پیلان و بیرۆکەکانی

ئەوشەوەی بۆتەوە هیچ، بۆچی ڕیسەکەی ببۆوە خوری، خۆشی نەیدەزانی، لەبەرخۆیەوە، دەیگوت ئەم خەڵکە هەر قسەیان هەیە، کێ لەم ڕۆژگارەدا خەمی کێیەتی، تەنانەت سەیریش نەبوو ئەگەر پێیپێبکەنن، پێیبێژن شێت بووە، مێشکی تێکچووە، ئەمە کارێکی نەکراو بوو، خۆ ئەگەر بشکرابایە، ئەو ژنە خاوەنی ئەم زاتە نەبوو، ئەوە غیرەت و ڕووهەڵماڵاوی دەوێ، لەولاشەوە بەتەما بوو بەرقلیانی بدا بە منداڵەکانی و دواتریش خەریکی سازکردنی نان و خوانی نیوەڕۆ بێ. سەری سووڕ مابوو ئەمشەوە بۆ ئەوە شاباڵی فڕینی هێزو ورەیان پێدابوو. بۆ دەتگوت هەڵۆیە و بێچووی مامری ڕفاندووە و بە حەواوە خەریکە کەوڵی دەکا، جاریوایە مرۆڤ بەدەست ئەم فکر و خەیاڵانەوە دەگاتە سەر قوللەی قاف.

ئاسکە دوای ئەوەی نانی بەیانیدا بە منداڵەکان و سەیمیران لە ماڵ چووە دەرێ، خۆیکرد بە دیوەکەی پەرینازدا، پیرەمێرد لەسەر جێگای هەمیشەیی خۆی وەک بڵێی شەوێکە نەخەوتووە دانیشتبوو، وەک پیری چلەکێش دەستەکانی بەرەو دەرگای باری ڕاگرتبوو بۆ دووری دەڕوانی و بە ئاستەم لێوی دەجووڵا، یان نوێژی دەخوێند، یان زیکر و دۆعا، هەرچەندە ئاسکە سڵاوی وەپێش خۆی کەوتبوو بەڵام زۆر درەنگتر هەستی پێکرد. دوای ئەوەی خێزانی پێیگوت ئاسکە لێرە بە نیوەنوورزەیەکەوە پڕ لە خەفەت و گلەیی گوتی:

ـ ئەو مێردەی تۆ وەک ئەوەی لە جێگایەکیتر تووڕەیان کردبێ، ئەوەندەی لێرە دانیشت دوو قسەم لێنەبیست، دوو قسەی نەکرد تاکوو بزانم هەوێنی ئەم ماستە زۆرە یان کەمە، بەڵام تۆ تاقەتت هەبێ و پشت بە خودا ببەستە، بەڵکوو بتوانم لە دەرفەتێکی باشدا بیدوێنم.

ئیتر سەری بەرز کردەوە و پێڵۆی لەسەر چاوە قەلپووچەکانی لادا، وەک ئەوەی بیهەوێ بیبینێ یان بیرەوەری و خەونەکۆنەکانی بە زەینییدا تێپەڕیبوون، لەوکاتەدا بە لەبزی پڕ لە هیوا و خۆشی کە هیچ غەل و غەشی پێوە دیار نەبوو ئەمەش لە چاوگەیەکی پاک و زووڵاڵەوە دەهاتە دەرێ وتی:

ـ من هەر ئێستا خەریکبووم دۆعای (امن یحیب)م بۆ تۆ دەخوێند. لە یەزدان دەپاڕامەوە وادیاربوو شەوی ڕابردوو دیسان گریاوی؟

پەریناز وتی:

ـ ئەو نەبوو مەگەر پێمنەگوتی، دەنگی خاتووخورشید بوو، ئەوە چەند ساڵە دەنگی ژنانی ئەو حەسارە لێکناکەیتەوە؟

ـ دەی، کەوابێ ئەو نەبوو، ئەرێ کچی خۆم برۆ بەڵکوو ئەو خودایە و دۆعای خێری من چاکەت وەڕێ بێت، مێردەکەت بگەڕێتەوە سەر خەت و لە کەری شەیتان بێتە خوارێ، ئاگات لە چاوەکانی خۆت بێ، تا لە دەستت نەبنەوە قەدریان نازانی.

ئاسکە گەڕاوە بۆ ژوورەکەی خۆی، تا دەهات دیواری هیوا و ئاواتی زێدەتر زگی دەدا و هەرەسی دەهێنا، تاریکایی پەژارە و خەم لە دڵ و مێشکیدا خەستتر دەبۆوە، زۆری بێخەوی کێشابوو، سەری خۆی بۆ ڕاگیر نەدەبوو، ڕەنگپەڕیو و لێو بەبار چاوەکانی مات ببوون و دەکزانەوە سەر و مێشکی چڵی دەدا، بە ئاستەم هێزی لەبەردا مابوو، حەزی نەدەکرد، میران بەم ڕووخاوییە ببینێ و دڵی لێی بشێوێ، دوانیوەڕۆ لەبەر تینی تاوی بەرپەنجەرەی ژوورەکە ڕاکشاو نەختێک بووژایەوە.

وەختێ کەربەلایی هەباس هیچی بۆ نەکرا، ئاسکە میرزا نەبی هاوڕێ و هاوکاری میرانی وەبیر هاتەوە، زۆر نێوانیان خۆش بوو، لە برا خاستر بوون، ئەم ژنە کلۆڵ و هەناو سووتاوە، ئەو پیاوە نیان و مێهرەبانەشی خستە زەحمەت و پاڕانەوە، بەڵام بەر لە هەنگاوەکەی هەستی بە دڵساردی خۆی دەکرد. لێرەشدا دوای ئەم گشتە سەرکۆنە و تیرو تانووتە، سەیمیران زانیبووی، چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بەڵام لەبزی دەلەبزی ئەویش نەگەڕابوو، بەو مانەیەی برایەتیمان بە جێگای خۆی هەرکەسە و کاری خۆی بۆخۆی باشتر دەزانێ، ئاسکەی بێچارە لەوێش دەم لە بۆش بوو.

ئەو ڕۆژەی بۆ ئەوەی هەواڵێک بەدەست بهێنێ چارشێو نوێژەکەی دا بە سەریدا و مەهدی بە باوەشەوە، لەگەڵ بیژەنی کوڕی چوون بۆ گەڕەکی «چەنانی» هاجەرەخاتوونی خێزانی نەیهێشت بۆ نانی نیوەڕۆ بگەڕێنەوە، دیاربوو ئاسکە پێیخۆش بوو بمێنێتەوە، لەو ڕۆژەوە تووشی ئەم کارەساتە هاتبوو ماڵەکەی خۆی لێببوو بە زیندان و حەزی دەکرد لەگەڵ کەسێک دابنیشێ و نەختێک لە خەمەکانی بدا بەدەم بادا، هاجەرەخاتوون زۆری پێخۆش بوو، نەخۆشینەکەی ڕوو بە باشی بوو. کاتێک میرزا نەبی مێردی هاتەوە ناردی بەشوێن منداڵەکانی ئاسکەدا کە لە قوتابخانە گەڕابوونەوە تا ئەوجێگایەی دەگونجێ لەگەڵ مەشەدی میران بۆ نەهاری ئەمڕۆکە میوانی ئەوان بن.

لەو میواندارییەدا، بەبێ ئەوەی لەوەپێش، بەرنامەی بۆ داندرابێ، وەک ئاشتبوونەوەی خێزانێکی لێهات بە یەکەوە، لەسەر حەزو داواکاری میرزا نەبی خاتوو هومایان لەگەڵ خۆیان برد. ئاسکە بەبێ ئەوەی کەس تکای لێبکات، یان خانەخوێ ڕووی لێبنێ دەستپێشخەری کرد و

لەگەڵیان ئاشت بۆوە و هومای ماچ کرد. هەروەک هەموویان دەیانزانی ئاسکە هیچی لە دڵیدا نەبوو. بەتایبەت خۆشی دەیزانی لە ماوەی ئەم چەند شەو و ڕۆژەدا بە هۆی خەم و پەرێشانی و دەنگداگۆڕان سەی‌میرانیش وەک جاران نەچۆتە سەرسفرە و تێر زگی نانی نەخواردووە، حەزی نەدەکرد ئەم ڕەوتە درێژە پەیدا بکات و چیدی هەوری ڕەش ئاسمانی ژیانییان بتەنێ. سەی‌میران لەو شەوەوە، کە لێفە و دۆشەکی بووک و زاوایی خۆی دابوو بە هوما و بردبووی لە ژووورە چکۆلەکە دای‌نابوو، ئیتر بەبێ ڕاخەر و پێخەف مابۆوە، شەوانە لەو ژووورە گەورەدا کەڵپۆسی دەدا بەسەر خۆیدا و هەتا بەیانی دەستەملانی بالیفەی وشک و سڕ دەبوو، بەڵام هێندە بە دەمار بوو دەنگی نەدەکرد شەو تا بەیانی بە دەم سەرماوە چەق و چۆیەتی، ئەوانە قسەی بەرکوسی و گاڵتە و جەفەنگ بوون کە بە سەرو گوێلاکی سەی‌میراندا دەدران. میرزا نەبی و تەنانەت سەی‌میرانیش بە لەفزێکی ئاشکرا و ئاشتیانە سەبارەت بە دوو هەوێ و یان بە گفتی ئەوان دوو خوشک قسەیان دەکرد و باسیان لە حاوانەوە و تەبایی و پێکەوە ژیان دەکرد. دنیایەکی سەیر و سەمەرەیە، تەنانەت میرزا نەبی بۆی دەرکەوت هەر دەبوو سەی‌میران ئەم کارەی بکردایە، ئەم کارە بەلای ئەوانەوە زۆر ئاسایی بوو، ئەوەی لە دڵی گران دێت تەنیا ئاسکەی خێزانیەتی، ئەویش وادیارە دڵی نەرم بووە و هەورە تاڵەکە ڕەویوەتەوە. ئیتر باسێک لەم بابەتەوە هەر نەکرا و لە بیریان چۆوە بۆچی لەو ماڵە کۆ بوونەتەوە، قسە و باسیان هێنا سەرکاروباری نانەواخانە و سنف و کارو کەسپی ڕۆژانە، لە بەشی پارێزگاوە داوای سەی‌میرانیان کردبوو، لە هەوەڵی بەیانییەوە لەو دایرە مەحتەل مابوو و ئێستاش کە ئێستایە نەیتوانی جەنابی سەرۆکی پارێزگا ببینێ و بزانێ چ کارێکی پێی‌بووە، فکری لێکردەوە هەر بۆ کاروباری دەنگدانەکەیە، چەند ڕۆژێکە ئاگاداریان بە نێو بازاڕدا بڵاو کردۆتەوە، ئەو کە بەڕێوەبەری بەشی پیشەیی بوو، مافی ئەوەی هەبوو بە ناوی کەسێکەوە دەنگبدا، سێ‌سەت دەنگ لە گۆڕێدا بوو، سەرۆکی پارێزگا لە تۆرەمەی ماڵباتی قاجارەکان بوو، کەسایەتی‌یەکی سیاسی و بەناوبانگ و چەند ساڵێک وەزیری دەسەڵاتداری حکوومەتی شا بوو لە لەندەن. لە پێش ئەوەشدا حەوت هەشت ساڵ لەمەوبەر بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی کرماشانی بە دەستەوە بوو، دیارە لەم شارەدا خەڵک لێی ڕازی بوون و ئەم حەز بە مانەوەی خۆی لە دەرەڤە دەکا، هەر بۆیە سەی‌میران خۆشی دەویست و ڕێزی لێدەگرت. لە دەنگدانەکەی ڕابردوودا، وەختێ بەڕێوەبەرانی بەشی پیشەیی شاری کۆ کردبۆوە ڕێزێ زێدەی لە سەی‌میران گرتبوو:

ـ «بەخێر بێی ئاغای سەی‌میرانی خۆمان، دۆستی لەمێژینەی خۆم، پێویست بە ناساندن ناکا کەس نییە لەم شارەدا بەڕێزتان نەناسن. پێم‌بڵێ! دووکانەکەت هەر لە شوێنی خۆی ماوە؟»

پیاوێکی ئەوەندە سەرقاڵ و پڕگێرە و کێشە، هەڵبەت ئەگەر هەرکەسێکی‌تر بایە سەری سووڕ دەما.

ئەم هاوڕێ گەلە بەهۆی ئەوەی کاریان هەبوو لە عەسرێکی زوودا ژنانیان بەجێ هێشت و لە ماڵ چوونە دەرێ.

ژنان کە دەوریان چۆڵ بوو سەری قسەیان دامەزراند و گلەو بناشت هاتەگۆڕێ و ئاسکە بە بەرچاوی هاجەرەخاتوونەوە، زۆری هوما سەرکۆنە کرد و دایەبەر تیرو توانج، هوما نەیهێشت ئاسکە قسەکانی تەواو بکا، دای لە قوڵپەی گریان و خۆی خستە بەردەست و پێی ئاسکەخاتووندا، بە شیوەن و گریانەوە ماچی کرد و گوتی:

ـ تۆ هەرچییەک دەڵێی من بەقسەت دەکەم، بڵێی بڕۆ دەڕۆم، بڵێی بمێنەوە دەمێنمەوە، تەنانەت ئەگەر بێژی بمرە دەمرم، بە دەستی خۆم گۆڕم بۆخۆم هەڵکەندووە، مردن بۆ من لە هەمووشت باشترە، بەڵام وەرە وەک خوشکی چاک دۆعا و نزام لێ‌مەکە، ژنێکی بەختەوەر نیم، کلۆڵ نەبوایەم ئێستا لە پەنا منداڵی خۆم دەبووم.و بمبوورە خوشکێ منداڵم هەیە و منداڵم وردە!

بەم قسەیە ئاسکە لەم حاڵە هاتە حاڵێکی دیکە و خۆی سەرکۆنە کرد، نە دەبوو دۆعای لەم ژنە چارەڕەشە کردبایە، سەیریش نییە ئەگەر سەی‌میران پێی‌وتبێ هەرچۆنێک بێ بچۆ دڵی چاک بکەوە، ئیتر ئەم ژنە خەم لەدڵە بۆی دەرکەوت هەوێکەی ئەو قەولانەی بە پوورە بەگمی دابوو ڕاست نەبووە، خۆ ئەگەر واشی وتبێ، ئاسکە و هاجەر یان کەسێکی‌تر نەیان‌دەتوانی ئەو ژنە ڕازی بکەن ئەو ماڵە بەجێ بهێڵێ.

دەمەوئێوارێ هەردوو ژنەکەی سەی‌میران گەڕانەوە بۆ ماڵێ، سەی‌میران پارەی پێدابوون بە سواری فەیتوون بڕۆنەوە، بەڵام ئاسکە پێی‌خۆش بوو بە پیاسە و بەدەم قسەکردنەوە بچنەوە بۆ ماڵێ و ئەو پارەیەشی پاشەکەوت بکا. بێژەن و مەهدی لەتەک دایکیاندا مابوونەوە، یەکیان بە باوەشەوە بوو، ئەو دوانەی دیکە لەگەڵ کوڕە گەورەکەی هاجەرەخاتوون هەر لەو ماڵە نانی نیوەڕۆیان خواردبوو چووبوون بۆ قوتابخانە. تیشکی زەردەپەڕ دابووی لە شووشەبەند و ئاوێنەبەندی باڵەخانە و دووکان و فرۆشگاکان و دیمەنێکی تەواو زێڕکفتی بە باڵای شار بەخشیبوو، خەڵک بە گەرمی بە شەقامەکاندا هام‌وشۆیان دەکرد و لەبەر دەرگای دووکانەکان کەل‌وپەلی جوان

و سەرنجڕاکێش ڕێبوارانی بۆ ماوەیەک دەوەستاند، بە توێکوڵی گوێز و هەنار و پیاز هێلکەی مامریان ڕەنگ کردبوو، گەورە و بچووک ئاشقی دەبوو. منداڵان ئاگری نەورۆزیان کردبۆوە و لە دوور و نزیک دەنگی تەقو کوتی تۆقتۆقە دەهات و بۆنی دووکەڵ و بەهار ئاوێتەی یەکدی ببوون. کەسێکی وەک ئاسکە ئاوا سەرقاڵ و منداڵدار کە نەدەپڕژا سەری خۆی بخورێنێ، تەنیا ساڵی ڕایەک ئەم هەلو دەرفەتەی بۆ هەڵدەکەوێ، سەرێکی ئەم بازاڕە بدات، ئەگەر هیچیش نەکڕێ خۆ چاوەکانی لەم گشتە زەرق و بەرقە ئارەزووی دەشکێ، ئێستاکە هەوێکەی وەک قەرەواشێک داوەتە دوای خۆی و منداڵەکەشی پێهەڵگرتووە، چ لەوە باشتر خەمی دڵی بڕەوێنێ و خەفەتی ڕۆحی داتەکێنێ، بەڵام کە ئاخۆم وەختێ ئەم ژنە خانم و خاتوونە لە پێشەوە هەنگاوی دەنا بڵێی کوڵی دڵی دامرکابێ و چکێک لە ئازاری دەروونی لە کەمیدا بێ؟ ناکرێ بینەر بە چاوپێکەوتنی ڕوخساری بڕوا بکا ئەم ژنە ناسۆری سارێژ بووە و دەرد و مەرگی تەواو بووە، هەروەک دەڵێن ئەو هەزار کونی لە جەرگدایە، ئەگەر بێژین بە هاتنی هوما کێوی خەفەت بە سەریدا نەڕوخا غەدرمان لە ئاسکە نەکردووە، ئاسکە بە ماڵ و مێردی خۆیەوە سووتابوو، ئەو ڕۆژانەی وەبیر دەهاتەوە بە ساج و تەندوور نانی دەکرد و پارەی بۆ سەیمیران کۆ دەکردەوە، داخی ئەو مێردە پێنەزانە دەردی ئەوی کاری کردبوو. ئەو ماڵە بە میرانەوە خۆش نەبوو، ئەوە بوونی ئاسکە بوو ئەو ماڵەی ئاوا ڕەنگین ڕاگرتبوو، ماڵ ئەگەر لە نێو ماڵاندا تاقە، ئەگەر ناوبانگی دەڕوا بێگومان کەیخاتووی باشی تێدایە، ماڵ و ژنیان وتووە، هەرماڵێک منداڵی عالو سالی تێدا بوو تەباو ڕەبا بوو ئەوە باشییەکەی بۆ ژنی خانەخوێ دەگەڕێتەوە، ماڵێک کە قۆناغی غەریبانە و هەمیشە کوانووی گەرمە ئافرەتی باشی تێدایە، ژنی چاکی تێدایە و بەڵام هەزار حەیف و مخابن بۆ ئەم پیاوگەلەی لە چەشنی سەیمیران کە ناتوانن ڕێزی یای ئاسکەی خۆیان بگرن.

ئاسکەی بەستەزمان جارێ تەنیا چارەی ئەوەبوو ئەم ژینە تازەیە قەبووڵ بکات و پێڕابکێشێ، ئاسکە تاکوو ئەم حەلە یەکشتی لە بیر چووبۆوە ئەویش ـ خوا بوو! بەهۆی پەرێشانحاڵی نەپاڕابۆوە تەنیا گریابوو. هەر خودا کەریمی کارسازە لاڵانەوە و پاڕانەوە سوکنایی بە دڵ دەبەخشێ و مرادیش حاسڵ دەکا، مێردەکەی خۆی لە دەسک نابوو بەم نزیکانە بچێ بۆ مەشەد. لە ماڵی میرزا نەبی باسەکەیان تازە کردەوە کە نیازی زیارەتیان هەیە و بە یەکەوە سەفەر بکەن، میرزا نەبی قەولی بە هاجەرخانمی خێزانی دابوو بیبا بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا. خۆشی لە خۆی، سەیمیران بە گەرموگوڕی پێیوتبوو هەربینا وەڕێ کەوتین وردە وردە خۆت ئامادە بکە، ئاسکە

وای‌دەزانی ڕێوی بە پیریەوە هاتووە، ئەم هەواڵە زۆری دڵخۆش کردبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، هاوار و سکاڵای خۆم دەبەم بۆلای ئیمامی غەریب، هەروەک سەدان کەس هاواریان وەبەر بردووە و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووە، بەڵکە ئەویش لەلای یەزدانی مەزن بۆیان وەپاڕێ و گرێ‌کوێرەی ژیانیان بکرێتەوە، ئەو تەنیا دۆعا و ڕجایەکی هەبوو، لەلای ئەم پیاوچاکە، بچووک و بەلای ئاسکەوە یەکجار گەورە بوو. بەرلەوەی هوما لە سەی‌میران منداڵی ببێ، سەی‌میران تەڵاقی بدات، هەر ئەوەندە کڵاوسوور دەست بە داوێنی بگرێ تازە هەڵکەندنی لەم ماڵەدا مەحاڵە و هیچ دۆعا و پاڕانەوەیەک ناتوانێ دەستی‌پێ لەم ژنە هەڵبگرێ.

کاتێک گەیشتنەوە ماڵێ، ئاسکە بەبێ ڕاوەستان بانگی نوقرەی جیرانی کرد - هەڵبەت ئەگەر گوڵمحەممەدی مێردی ڕازی بوایە هەواڵێکی خۆشی بۆ ئەو پێ‌بوو، ئەو ژنە لەو ڕۆژەوە کاروباری مێردەکەی ساردوسڕ ببۆوە، کاری بوجاری وانەبوو پێی بەڕێ‌بچن، هەمیشە گلەیی لە خاوەن‌ماڵ هەبوو: سەی‌میران بەڕێوەبەری دایرەی ئارد و نانە و میردەکەی منیش بێکاروبارە. ئاسکەخاتوون خەڵکی ئەم ڕۆژگارە فرە بێ‌ڕەحم و دڵن ئاوڕ لە کەس نادەنەوە!

لەو ڕۆژەوە ئاسکە سەی‌میرانی ڕازی کردبوو جەلال چووبووە نانەواخانە و لە جێگای عەبدول کاری دەکرد. بەڵام هێشتا نوقرە ڕازی نەبوو، تەمای وابوو مێردەکەشی لەوێ دامەزرێنێ، بۆیە دەڵێن کەسێک پێتدا پیوازێ دووان- دووانت لێ‌دەخوازێ. ئاسکە، پێش‌ئەوەی هوماخانمی بەسەر بێت داوای لە سەی‌میران کردبوو، کارو کەسپێک بۆ پیاوەکەی نوقرە پەیدا بکات، بەڵام وادیاربوو میران بە لالووتێکەوە جوابی دابۆوە:

- خەڵک چی‌لێبکات ئەم زستانە لە بن کورسی نەهاتۆتە دەرێ، بۆ دەبێ من دەستی بگرم و بیبەم لەسەر کار داینێم، ئەمەش بەجێی خۆی، مەگەر من نەمبرد بۆلای عەللافباشی ڕۆژی چوار خەڵوار گەنمی بۆ پاک بکا؟ تەتەڵەکارێکی ئەوەندە لە زەبر نییە، هەمووکەس منەتی بکێشێ، هەر بۆیە بێکارە، خۆ ناچم باوەشێنی بکەم، دەڵێ عەللافخانەی چی، سەگ ساحەبی خۆی ناناسێ، کەس لێی‌نەپرسیوە خاڵە کەرت بە چەندە، دەرگای هەمبارێکیان لاکو مۆر کردووە و لەم تورەهاتانە، بچم لەبەر عەلافباشی بپاڕێمەوە هەموو بەیانییەک بە کالیسکە و فەیتوونەوە بچێتە شوێنی! بۆخۆی بیبا بۆ سەرکارەکە و بیهێنێتەوە، ئەو کار ناکا دەنا خاوەنکار پەشیمان نەبۆتەوە، بۆ ئەو چ فەرقی هەیە تەقی‌بێ یان نەقی بێ، کرێکار دەبێ ئازا و وریا بێ، کارکردن ماندووبوونیشی هەیە بۆڵە و خوتە و

قسەی ناخۆشیش دەبستێ، ئەوە عەلافخانەیە چاک و خراپی تێدایە پیاو دەبێ ئازا بێ و بەشی خۆی بپچڕێ، جاران وانەبوو زۆری دڵ بە کارو کەسپی دەدا، بەڵام دەبێ کەسێک کارەکە بداتە دەستی.

ـ باشە، تۆ کارێک بدە دەستی.

ـ ئاخەر تۆ هەر دەڵێی کار! بەڵام خۆ دەبێ کارێکی وای بۆ پەیدا بکەم پیاو لەڕووی هەڵبێ لەلای خوا و عەبدی خوا سەری هەڵبێ؟ شاتری و تیریگێڕی وەستایی دەوێ، هەمووکەس ناتوانێ تەرازوودار بێ، ئەم کارە پیاوی خۆی دەوێ ئەگەرکوو بشبێ من قەت نایەم حەبیب لەسەر کارەکەی دەر بکەم و براکەم لە جێی دابنێم، گوڵمحەممەد، خودا دایناوە بۆ پێمەڕەکاری و جۆماڵکردن و کەردوو هەڵدان. پێمسەیرە ئەمساڵ کەس پێی‌نەگوتووە بۆ بێستانکاری، مەگەر کرێکارەکانی خۆم دەربکەم ئەو بەرمە جێی ئەوان. بەهیوای مێردی خوشکی بوو، کارەکەی خۆی لەدەست دەرچوو، دەڵێن تێکۆشین بە هیوای جیران وشکە.

ـ بە قسەی من بکات دەینێرم بۆ هەرسین، ئێستا وەختی کاروباری نێوباخە، من کرێکارم گەرەکە، وەختی ئاوداشتن و پاککردنەوەی باخە، دەتوانێ ژنەکەشی لەگەڵ خۆی بەرێت، من پیاوێکی بێئینساف نیم، گوێز بتەکێ کارمان تەواو دەبێ، پەنجا تمەن و دوو خەرواڵ گەنمی دەدەمێ. ئەوە هەواڵێکی خۆش بوو ئاسکە دەیدا بە نوقرە، پیاوەکەی لە خۆشیان دەبوو هەر کڵاوی حەوا بدا و بیگرێتەوە بە قسەی میرزا نەبی حەقەکەی بۆ زیاد دەکرد. نوقرە ئەوێ بۆ دوو منداڵەکەشی زۆر باش بوو، جەلالیش لە کاری دووکانەکە نەجاتی دەبوو، عەبدول دەچۆوە سەر کارەکەی خۆی، ئەوەی ڕاستی بێ لەو ڕۆژەوە بە قسەکەی ئاسکە جەلالیان بردە نانەواخانە و نانی عەبدولیان بڕی ئێتر ئاسکە وایدەزانی هێلانەی مەل و مراوی تێکداوە، زۆری هەست بە پەشیمانی دەکرد. نە دەبوو ئەم منداڵە بەستەزمانە بە دەرکردن بدا، هەمیشە بە دەست عەزابی ویژدانەوە ئازاری دەبینی، باوەڕی وابوو خوای عەبدول تووشی ئەم بەڵایەی کرد هەوێی بەسەر بێت، خەڵک کەوا بۆ هەتیوو دەکا، ئەو بەرگی لەبەر داڕنیبوو، عەبدول نە دایکی هەبوو نە باب هەروەک لە زمان خۆیەوە ژنەوتبووی خوشکێکی نەخۆش و شەپڵە لێداروی هەبوو، تەنیا عەبدولی شک دەبرد پارووە نانێکی بۆ بەرێتەوە، بەڵام ئاسکە هەر لە یەکەم ڕۆژدا لە بیری چووبۆوە. بڵێی دۆعای ئەو ئافرەتە نەخۆشە کاری لێ‌نەکردبێ؟ بۆ دۆعا و نزا شتێکی هەروا کەمە؟ لەو ڕۆژانەوە کە ناڕاحەتی کەوتبووە ئەم ماڵە، دوای مارەبڕینەکە، ئەو هەواڵی هەمووشتی هەبوو، کوڕێژکەیەک دوو جار هاتبووە بەردەرگا، یەکەم ڕۆژ بیژەن هێنابویە دالانەکە و نانی پێدابووو ئاسکە فکری وابوو، ئەگەر

پێیڕەشی ئەم ژنە بەمماڵەدا نەهاتبایە، پێیخۆشبوو بۆ بەردەستی خۆیان بیهێنێتە ماڵێ و مەهدی پێبسپێرێ، منداڵەکانیتریشی لەلەی بۆ گرتبوون لە ماڵدا دایمە خزمەتکاریان هەبووە، بەڵام لەو ڕۆژەوە هوما هاتبوو چشتێک وەک خۆی نەمابوو چبکا تازە ئەمەش لەو خێزانە جوودا نەبوو. ئاخۆم بە هێنانی خزمەتکارێک نانخۆرێک بەو ماڵە زیاد نەدەبوو؟

بەڕاستی بە بۆنەی ئەم جیرانە دەستکورتەوە عەزابی دەبینی ئەگەر ئەوان چووبان بۆ هەرسین، ئاسکە نیازی وابوو ژوورەکەی ئەوان بەکرێ نەداتەوە، چدەبوو ئەو ژێرخانە بەتاڵ بوایە، گەنم و کەلوپەلی ماڵیان تێدا دادەنا، ئەگەر پێیان خۆش نەبوایە بچنە هەرسین کەس کاری بە کاریان نەبوو، لە جێی خۆیان دادەنیشتن. نوقرە و دشەکەی زۆریش دانوویان بە یەکەوە نەدەکوڵا، ژنێکی بێدار و بارو خۆشڕاپەڕ بوو، زۆری خۆ لە خورشید نەدەگەیاند. لە گشت کاراندا دەتگوت هەلووکە، تا بانگیان دەکرد بچێتە ژوورەکە، خاتوون خورشید دەگەیشتێ وایدەزانی شتێکی بۆ خواردن دەدەنێ، ئەگەر دەچووە ژوورەکە لە پێشدا دەچووە سەرتاقەکان، ئەو ژنە بێمەبەست و دڵۆڤان خێرا ئامادە دەبوو دەیگوت:

ـ بەڵێ، گیانەکەم کاری چیت پێمبوو؟

نەختێک خۆی دەخلافاند و قسەی دەکرد، هەروەک وتمان هەمیشە «گیانەکەم»ی لەسەر دەم بوو، چ نوقرە و چ گوڵمحەممەدی مێردی یەک لە یەکتری مێهرەبان و بەحورمەت بوون. عەیب و ئیرادێک کە هەیانبوو بێکاری و بێداهاتی ئەوان بوو.

ئەمجاریش ئەم ژنە هەژارە بە خاتری جیرانەکان و بەتایبەت خاوەن ماڵەکەی پێیئیراد بوو، ئەنا هەر ئەوشەوە مێردەکەی دەنارد بۆلای میرزا نەبی قسەی لەگەڵ بکا، گوڵمحەممەد لە ئەوەڵی بەیانییەوە چووبووە دەرێ و سەعاتێک لە شەو تێپەڕیبوو هێشتا نەهاتبۆوە ماڵەکەی خۆی.

ئەو ڕۆژە ئاسکە لەگەڵ مێردەکەی ئاشت ببۆوە کاتێک سەیمیران هاتەوە ماڵێ یەکڕاست ڕووی کردە ژوورەکەی ئاسکە. پێشئەوەی بنێرێ بەشوێن هومادا، بە زمانێکی زۆر خۆمانە و گەرموگوڕ چەند قسەیەکی لەگەڵ کرد:

ـ ڕاستە ئەمڕۆکە هوما ژنی منە، بەڵام ئەو چ حەددی هەیە وەک تۆ بێ، هاتنی هوما بۆ ئەو ماڵە وەک نەقڵەکەی مەشکە ڕەقەیە بە جێگای بووک هاتووە، من بۆیە ئەوم هێناوە لەبەر دەستی تۆدا بێت و بچێ، وەک کارەکەر و قەرەواشان خزمەتت بکا، تۆکە ئاوا دایمە سەرقاڵ و کەیخاتووی گەورە ماڵی تاکەی دەتەوێ ژنە جیران بێن کارت بۆ بکەن و یارمەتیت بدەن؟ ئێستاش کە باری

قورسم لەسەر شانت سووک کردووە، دەبێ زۆریش دڵخۆش بی. ئەویش لێرەدا بەرمنەتی تۆیە. چاوی کوێر بێ ئەگەر خزمەتی منداڵی تۆ نەکات. ئەو دەبێ دەمی گڵاو بکات بتوانێ جێی تۆ بگرێتەوە، بەڵام تۆش دەبێ گەورەیی خۆت ڕابگری و وەک دوو خوشک لەو ماڵەدا سەر بەیەکەوە بنێن و کارێک بکەن جیرانەکان نەزانن دوو هەوێ لەم ماڵەدا دەژین.

ئاسکە دەیزانی مێردەکەی لە بنەوە بڕەوبۆ ئەیەوێ شەڕ و هەڵا داکوژێ ئەم قسانە دەکا. چارەشی نەبوو بەم وتانە دڵی خۆی ڕازی نەکردبایە چی دەکرد؟ ئەگەر شەو و ڕۆژ گەڕابایە و خەفەتی خواردبایە بەڕاستی دڵی دەتۆقی و دەمرد. هەروەک هاجەرەخاتوون دەیگوت بەداخ و دیقەوە منداڵەکانی دەکوشت. تەنیا چارەی ئەوەبوو پێیڕابکێشێ ورتەی لە دەم دەرنەیات هیچ چارەیەکیتری نەبوو.

وە سبەینێڕا ژیانێکی نوێ دەستیپێکرد. شەوانە سەیمیران بە نۆرە هەر شەوەی لەلای یەکیان بخەوێت. شەوەکانی تاق و جووت دانا، شەوی جووت لەلای خانمە چکۆڵە و شەوانی تاق بچێتە ژووری ئاسکە خانمی گەورە، شەممە شەوەکانیشی جووت حیساب کردبوو شەوانی هەینی هەروەک پیاوان ئازادن ئەویش ئازاد بوو لە هەرلایەک بێ کەیفی خۆیەتی، ئەو دابەشکردنی شەونووستنە لە هەوەڵەوە بۆ ئاسکە ناخۆش بوو چەند جارێک فکری کردەوە بە سەیمیران بڵێ شەوانە توخنی هوما نەکەوێ و نەچێتە ژووری ئەو، بەبێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێ لەم بابەتەوە هەستی بە بێدەسەڵاتی دەکرد. مرۆڤ تاکوو گرفتێکی بۆ نەیێتە پێشێ نازانێ چەندە لە ژێر گوشاردایە، چەند ساڵ بە بێدەنگ و هەرا لەسەر ماڵ و ژیانی خۆش و تێرو پڕ و ئاسوودە لەپڕ کوندێک وەژوور بکەوێ و هێلانەی لێبڕوخێنێ چاکە ئاواش هەر ماوە کەس نەوێرێ پێیبڵێ لێرە هەستە بچۆ لەوێ دانیشە! هوما ئەو شەوانەی سەیمیران لەلای خەوتبا یان بە تەنیابا بەیانی لە پێش هەموویاندا لە خەو هەڵدەستا، سەماوەری ئامادە دەکرد لە مدبەخەکە.کەوش و پێڵاوی منداڵانی مەدرەسە ئەگەر قوڕاوی بوایە دەشووشت و وشکی دەکردەوە. ئیتر تاکوو شەوی داهاتوو ئەو ژنە لەو ماڵەدا کاری دەکرد و دەهاتوو دەچوو درەنگانێک دوای هەموویان بۆ خەوتنەکەی دەچووە ژووری خۆی دەخەوت. سەیمیران تەنیا ئیجازەی ئەوەی پێنەدابوو لەبەر دەرگا شت بکڕێ و بە تەنیا لە ماڵ بچێتە دەرێ، دیاربوو زۆری دڵ بەو ژیانە خۆش بوو هەر بۆیە بەبێ ماندووبوون وەک ماینی کەحلان لەو ماڵەدا دەهاتوو دەچوو. ئەم دڵگەرمییەی هوما ببووە خەمێک لە دڵی ئاسکەدا، جارو بارەیەک دەهاتە سەر پێشۆرکەی حەوزەکە و دەستنوێژی هەڵدەگرت و خۆی

دەکردەوە بە ژووورە چکۆڵەکەدا و ئەگەر کەسێک لەوێ نەبوایە نوێژی دەکرد. بەڵام ئاسکە بەبێ ئەوەی بە کەس بێژێ بە دڵ دەیزانی و تەنانەت بۆی هەبوو سوێند بخوات کە هوما نوێژ نازانێ.
لەو سەروبەندەدا کە تەنیا حەوتەیەکی مابوو بۆ شەوی نەورۆز کێشەکانی ئاسکە جیاوازتر لە جاران بوو، کاری نێو ماڵ زیاتر ببوو، ئامادەکردنی بەرگ و لیباسی منداڵان، کۆت و پانتۆڵی ئاغا بیژەن، ماشێنی بەرگدورینی نەبوو و نەشیدەزانی بە ماکینە کار بکا، بەڵام ئەم کارە وردانە بەلای ئاسکەوە وەک ئاوخواردنەوە وابوو، ئەو تەقەڵ و درووومانەی ئەو لێیدەدا، ماکینەی چین و ژاپۆنی بەروودا دەخست.

ژنان ڕۆژێکیان دانا بۆ ماڵهەڵگرتن و فەرش تەکاندن و داماڵینی دیوار و بنمیچ، ئەو ڕۆژە سەروچاوی خۆیان داپێچاو و چارشێویان لە خۆیان توند کرد و ئەوەی لەو دوو ژوورەدا بوو بردیانە دەرێ و گەسکیان لێدا، فەرش و مافوورە زۆریان لاکێش و کەنارە بوون، بە یارمەتی نوقرە و خاتووخورشید تەکاندیانن. شووشە و ئاوێنەبەندیان پاک و خاوێن سڕی، پەردە و دەفری چینی و بلووریان هەموو شووشتن، تەندوور و چاڵە کورسیی ژووری میوانیان پڕ کردەوە، هەرچەندە ئەوە کاری دوو پیاو بوو، باسی نوقرەمان کرد، مێردەکەی لەگەڵ میرزا نەبی ڕێک نەکەوتبوو، ئەو دواتر بە سەیمیرانی وتبوو نەمزانیوە منداڵی هەیە، ئەوان بە کاری نێو باخ نایەن پەشیمان بۆتەوە، منداڵی گوڵمحەممەد تەواوی لق و چڵی دارەکان دەشکێنن. ئەوکارە بۆ کەسێک باشە خەڵکی دێیەکە بێ، گوڵمحەممەد بۆ ئەوە نابێ باخی پێبسپێری. ه

هەتاو لە خورنشیندا مات بوو، سەیمیران هاتەوە بۆ ماڵێ، ژوورەکان بە بۆن و بەرامەیەکی خۆشەوە ڕاخرابوون. هەر شتەی لە شوێنی خۆی پاڵی دابۆوە، تەنیا پەردەکان مابوون وتوویان پێدا بێنن. ئاسکە زۆری تاریف لە هوما کرد بۆ کارجوانی و سەلیقەی مۆدەی داب و دەستووری شارنشینی باش دەزانێ. یەکێ لە دەرگا و دەربەکان ماسبوو دوای کرانەوەی، ژنەکان بۆیان دانەدەخرایەوە، بانگی سەیمیرانیان کرد. دەرگای ژووورە گەورەکە بوو. هوما ئەوەندە ماندوو بوو لە ژووورە بچووکەکەدا چارشێوی بە خۆیدا دابوو سەری کردبووە سەر دەستی و خەوی لێکەوتبوو، میران و ئاسکە بۆ چرکەیەک لەبەر دەرگاکە ڕاوەستان بزانن بەڕاستی خەوتووە یان بەخەبەرە، لە جێی خۆیدا جووڵایەوە و ورتەیەکی لە دەم دەرهات، سەیمیران کە ئاسکە لە پشتییەوە ڕاوەستابوو بە دەست ئاماژەی بۆ کرد و لە بن لێوەوە گوتی:

ـ وستبە، بەدەم خەوەوە قسە دەکا!

ناسکەهوما دەسماڵی سەری داکەندبوو بەم نوێژی شێوانە ڕوخساری دەتگوت مانگی چاردەیە لە پەردەی شەو هاتۆتە دەرێ، بسک و ئەگریجەی هەروەک پەپوولە دەوری شەمی گۆنایان دابوو. مژۆڵی ڕەش و درێژی کە زۆر لەمێژ بوو لە جەرگی میران کاریگەر بوو بە دەم خەوێکی خۆشەوە لە حاڵی فریشتەخەودا بوون گوڵبزەیەک کەوتە سەرلێوی و بە ئاستەم دەتزانی دەڵێ‌چی:

ـ مەبەستت ئاسکەخاتوونە؟ حاحا، حاحا، بەڵێ بەڵێ، حاحا، حاحا...

ئاسکە بە دڵەکوتە و پەرێشانییەوە تەماشایەکی سەی‌میرانی کرد و لێی‌چووە پێشێ، تاکوو باشتر لە قسەکانی حاڵی بێت، بەڵام ئەمجار پچرپچڕ و ڕەوانتر دەستی‌پێ‌کردەوە:

ـ نانا، قسەی‌وا مەکە!... زۆرم خۆش‌دەوێ... بێژەن وەک کوڕی خۆم وایە، ... جارێ‌نا.

هەناسەیەکی سارد لە دەروونێکی پەرێشانەوە قسەکانی پێ نیوەچڵ کرد. لەگەڵ کێ ئەم قسانەی دەکرد، فریشتە، مرۆڤ، یان شەیتان؟ تەنانەت سەی‌میران پیاو و دنیادیدە بوو بەزەیی پێداهات ئیتر چ بگا بە ئاسکە، نەیدەزانی خەوتووە یان لە بەینی خەو و بەخەبەریدایە، بەسەر سەری هوماوە ڕاوەستا و زۆریش زگی پێی‌سووتا، سەیریش نەبوو لە خەو و بەخەبەریدا زۆر شتی نهێنی بدرکێنێ، بەڵام هوما بەبێ ئەوەی دەنگ و هەرایەک بێ لەپڕ چاوی هەڵێنا و وەک منداڵێک بە تەنیا لە ژوورێکی تاریکدا خەوتبێ بە ترسەوە ڕاست بۆوە، چاوی لە چاوی هەردووکیان بڕی، سەی‌میران بەم دیمەنە قاقا پێکەنی، ئاسکە خێرا باوەشی پێدا کرد و ئەملاوئەولای ماچ کرد:

خوشکێ‌گیان! خوشکێ‌گیان! ئاوا منت خۆش‌دەوێ و نەمزانیوە!

هوما مەحتەل مابوو نەیدەزانی ئاسکە باسی چی‌دەکا، سەی‌میران بە چرکەچرک خۆی کرد بە نێوانیاندا و دەستی لە مل کردن، کوڕانە هومای ماچ کرد و بە دڵسۆزییەوە گوتی:

ـ لەم تاریکاییەدا بۆ لێرە خەوتووی؟ بەدەم خەوەوە قسەت دەکرد.

ئاسکە بە نیگەرانییەوە لێی‌پرسی:

ـ نەت‌دەزانی دەڵێی‌چی؟

هوما سەرێکی هەڵتەکاند، واتە نازانم، منداڵانە باوێشکی‌دا و وەک ئەوەی دیسان بخەوێتەوە سەری کردە سەرشانی پیاوەکەی، سەی‌میران گوتی:

ـ حەی، حەی، خۆ خەریکە بخەوێتەوە، دەڵێی منداڵە خۆی‌داوە بە سەرشانمدا، دەستی لێ‌بەردەدەم دەکەوێ، زۆر باشە لێت‌دەگەڕێم با بخەوی.

بە ئەسپایی هومای لەسەر قالییەکە ڕاکێشا، بۆ ئەوەی خەو بەریبدات ملی نا لە گالتە و گەپ، خێرا خێرا خێلکەی دەدا و چەنە و لێوی دەگەزی، لە پاش چەند ماچ و ڕامووسانێک سیّبەسیّ چوونە ژوورە گەورەکە، شۆق و هاشەی چراتۆڕ هەناسەی لە تاریکی بڕیبوو، سەیمیران باوەشی بە هومادا کرد و سوورێکی پێوەلێدا ئەویش دەستی دەئەستۆی کرد. ئاسکەش لەولاوە سەیری دەکردن خۆی بە شانی چەپی میرانەوە هەڵواسی، سەیمیران وەک ئەوەی دوو تەلیس ئارد هەڵبگریّ، هەریەکەی دا بن پیلێکی هەرچەندە هوما بەژن زراف بوو بەڵام وەک ئاسکە قورس و پتەو نەبوو، هەردووکیان چێژ و خۆشییان بەم پیرەمێردە دەبەخشی، لە نێوەڕاستی ئەم ژوورە گەورەیەدا کە بە سەلیقەی ئەم دوو خاتوونە ڕازابۆوە سەیمیران هەریەکەی لەسەر ڕانێکی دانابوو وایدەزانی پاشای سەر تەختە و شاژن دەوری داوە، هەرجارەی یەکیانی ڕادەمووسی و یەکیانی قدیلکە دەدا، بۆنی پێوە دەکردن و نقورچکی لیّدەگرتن، گۆنای سێوی هەڵدەمژین و بۆنی بە بسک و ئەگریجەوە دەکردن. ئەم چێژ و خۆشییە خودا بۆ ژن و پیاوی حەڵاڵ کردووە، هەوێنی ژیانە لە نێو خاووخێزاندا، ئەو خەونەی چەند شەو لەوەپێش دیتبووی وەبیری هاتبۆوە، وەک بیرەوەرییەک یان وەک ڕووداوێک، بەبەر چاوییەوە زەق و زیندوو، لە ڕاستیدا ژیانیش هەر خەون و خەیاڵێکە و بەس، بەڵام خەونێک کەس نەیدەویست ڕاڤەی بکات و لێکیبداتەوە لەگەڵ باوکی ڕەحمەتی و چەند کەسێکی نەناس لە زیارەتی ئیمام ڕەزا بوون. دەپاڕایەوە و پارچەی سوور و سپی و سەوزی لە چەشنی ئاڵای ئێران دابوو بەسەر شانیدا، ئەوە لەباتی ئێحرام بوو، هەڵبەت ئەوە ئاواتی هەموو موسڵمانێکە ڕۆژێک بچیّ بۆ زیارەتی ماڵی خوا، بەڵام ئاخۆم لێکدانەوەی ئەم خەونە ئێستا هەر ئەوە نەبوو بە چاوی خۆی دەیبینی؟ لایەکی جوانی و پاکی و سڵامەتی بوو، واتە هەر ئەو ڕەنگە سوورەی ئیحرامی، ئەو بەشەیتری خۆشی و ئارامی و سەیر و سەفای ژیان، واتە هەر ئەو ڕەنگە سەوزەی ئێحرامی، دیمەن و ڕوخساری هوما، بە یازو لاجانگی تیفـتیفە دراو و ناسک، بە تاوو تینێکی سێحراوی هێزی وەبەر دەنا، تین و گوڕی گەنجی و جوانی پیّدەبەخشی، دوو چاوی خەواڵووی پڕ لە وەفا و دلۆڤانی ئاسکە ژیان و بەختەوەری دەدا بە منداڵەکانی. خۆشی و ئارامی و حەسانەوەی پیّدەبەخشی، بە سەر و ڕیشی سپی و خاوێنەوە لە نێوان ئاڵای ئێراندا بە ڕەنگی سەوز و سوورەوە، ئێستاش کە دەهاتەوە ماڵیّ شەرمی دەکرد لەلای جیرانەکان سەری هەڵنەدەهات. زۆری دڵ بە ژیان و ماڵ و خێزانی خۆش بوو، بە هیچ جۆرێک هەستی بە پەشیمانی نەدەکرد، لە کاتی نوێژ و تەسبێحاتدا شوکری یەزدانی دەکرد و هیوای بەختەوەری دەخواست و خۆی لە دنیای بەرزەنیشاندا دەبینی و بزەی دەهاتە سەرلێو.

پەنجا تەواو بوو لە عومری جوانی

مەگەر لەمەولا قەدری بزانی.

وەسبەینیڕا بڕیار وابوو لە دوای تەواوبوونی ماڵهەڵگرتن و پاک و خاوێنی هەردوو ژنەکان بە یەکەوە بچن بۆ گەرمای بازاڕ، ئەوە ئاخرین حەمام بوو لە کۆتایی ساڵی کۆندا، ئیتر بەرەوپیری ساڵی تازە دەچوون، لفکە و سەتڵ و جامی حەمامیان ئامادە کردبوو ئاسکە چارشێوی ڕەشی دابوو بە سەردا، بۆ چەندجار جیرانەکانی ڕاسپارد ئاگایان لە مەهدی و بیژەن بێت هەتا دوو منداڵەکەی دیکەیان لە قوتابخانە دێنەوە. لە بێڵایە بووخچەی حەمام ئامادە داندرابوو، مەحتەلی هوما بوو، چووە داڵانەکە، هەوێکەی زۆری مەحتەل کردبوو، لەوەدابوو خۆر بێتە سەرماڵان، ئاسکە نیگەرانی ئەوەبوو ڕۆژ درەنگ بێ، وردە وردە جاڕز بوو بە تەوسەوە گوتی:

ـ ئەرێ هوماخاتوون! بۆ ساز نابی ئەوە نیوەڕۆیە، ئەوە چییە دەڵێی بە بووکی دەچی! دەترسم ئێمە بچین و جێگا نەمێنێ، بە بووکی هاتی ئەوەندەت پێنەچوو؟!

هوما دوای قۆنەقۆنێکی زۆر هاتە حەسارێ و بەتەما بوو بڵێ زۆری دڵ پێوەنییە بێت بۆ حەمام، بوخچەکەی خۆی هەڵگرتەوە.

هەر لە بەیانییەوە بیانووی ئەوەی هەبوو گەرماوەکەی سەرتیپ گەرم نییە و ئاوەکەی لیڵە و دەچنە گەرماوێکی دیکە، ئاسکە وتبووی ئێمە دایمە دەچینە حەمامی سەرتیپ، کیسەکێش و دەلاکی ئەوێ دەیانناسن و جگە لەوانەش، ئەم گەرماوە لە ماڵی خۆیانەوە نزیکە، هوما هیچ وەڵامێکی نەدابۆوە، ئاسکە زۆری پێناخۆش بوو، نەیدەزانی چۆنی تێبگەیەنێ، بەڵام وادیاربوو هوما تۆزێک لالووتە ئاسکە وایزانی دەبێ لەوە لالووت بێ کە بووخچەی حەمامی پێهەڵدەگرێ. مانگێک بوو هوما لەو ماڵەدا بوو، ئەوەندەی چووبوو بۆ حەمام هەر بە تەنیا و کەسی لەگەڵ خۆی نەبردبوو. وادیارە ئەمجارەش حەزی لێبوو بە تەنیا بچێ. بڵێی مەبەستێکی هەبووبێ لەم تەنیاییەی؟ ئەگەر شتێکیوا لەگۆڕێدا بوایە تاکوو ئێستا مەعلووم دەبوو، ئاسکە بەبێ ئەوەی زۆری بۆ بێنێ گوتی:

ـ قەیدیناکا لەبەر ماڵەکە تۆ لە ماڵبە و دوانیوەڕۆ بچۆ بۆ حەمام، یان سبەی بەیانی، بۆ فراوێنی منداڵەکان نەختێک دڵلەدوا بووم ڕەنگە حاجیخانم پێینەکرێ نان و چاییان بداتێ و پێیانڕابگا، ئێستاش تۆ کە هەر لە ماڵێ دەمێنییەوە، خوشکیگیان، لە دەورووبەری کاتژمێر دە، بیژەن و مەهدی لەگەڵ تۆ نێوانیان خۆشترە تاکوو لەگەڵ خاتووخورشید. وەک دایکی خۆیان دەستیان بگرە و بۆمیان

بێنە بۆ خەزێنەی گەرماوەکە. ڕووتیان دەکەیەوە و دەیاندەیە دەستم، بەبێ ئەوەی زۆرت مەحتەل بکەم دەیانشۆم و لەگەڵ خۆت بییانبەوە بۆ ماڵێ.

جاران هاوماڵەکان ئەم کارانەیان بۆ ئاسکە دەکرد. بەڵام زۆر جێی سەرنج بوو هوما تەواو سەر و خولکی تێکچووبوو، ئەم تکایەشی وەرنەگرتوو بە قسەی ئاسکەی نەکرد:

ـ ئەگەر ڕاستت دەوێ من ئەمڕۆ هەر پێم خۆش نییە لە ماڵێ بچمە دەرێ، سەرم زۆر دێشێ و دەمەوێ پشوویەک بدەم.

ئاسکە زۆرتر چووە فکرەوە، تەماشایەکی کرد و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ بڵێی مەبەستی چیبێ؟ بێتوو نەبێ شتێکی لە ژێر سەردایە، بەخۆڕایی لە ماڵ نامێنێتەوە؟ دەبێ بە جیرانەکان بێژم وریای بن، خوایە خۆم و منداڵم بە تۆ دەسپێرم.

ئاسکە بوخچەی حەمامی هەڵگرت و کاتێک گەڕایەوە سێبەری دوانیوەڕۆ لەبەر پێی دیوارەکاندا بوو. منداڵان نان و چایی خۆیان خواردبوو و ڕۆیشتبوون. سەی‌میران ئەم نیوەڕۆیە نەهاتبۆوە، هوما بە پێچەوانەی دانی‌بەیانی بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی کرد و عافییەت و پیرۆزی پێگوت، بیژەن و مەهدی لەگەڵ خاتووخورشید چووبوون بۆ گەرماوەکە و لە دوای حەمام کردنیش بە پاک و خاوێنی هاتبوونەوە و لەبەر بەرۆچکەی بەرهەیوانەکە دانیشتبوون هەر ترووسکەی سەرو کاکۆڵ و دەموچاویان دەهات. ڕوومەتی خڕو پڕیان دەتگوت سێوەلاسوورەیە بریقەی دێت. هێشتا نەگەیشتبووە بەرهەیوانەکە مەهدی چکۆلە بەرەوپیری دایکی هەڵات و خۆی دەئامێزی هاویشت. ئاسکە چەند جارێک جگەرگۆشەی ماچ کرد و بە سینگی خۆیەوە کوشی هەرچەندی زۆریش برسی بوو بە زمانێکی دایکانەوە بە دەنگی بەرز ئەم گۆرانییەی بۆ کچەکەی گوت:

کابانم و کابانم خاوێنە دەرکوبانم

شووشەی هاڵ و ئاوێنە هەمووی پاک و خاوێنە

ئاوی گولان دەدێرم

چێوی هەڵدەوەژێرم.

هەرچەندە ئاسکە کوڕەکەی بە باوەشەوە بوو بەڵام هەمیشە حەزی دەکرد ئەم شێعرە بە دەنگ و ئاواز بچڕێ، وەختی‌خۆی گلارە منداڵ بوو ئەم گۆرانییەی بۆ دەگووت هوما لێی‌پرسی، ئەمڕۆ ئایا حەمام قەرەباڵغ بوو؟ ئاوی گەرماو و خەزێنە لیخن نەبوو؟ ئاسکە ئەوەندە لە گەرماوەکەدا مابۆوە، سپێنەی چاوی سوور هەڵگەڕابوو، هێشتا پرچەکانی هەروا خاو بوون، خێراخێرا نانی دەخوارد و

ناچار وەڵامی هەویکەشی دەدایەوە، بە یەکەوە باسەکەیان گەرم بوو، گرژی و تووڕەیی بەیانی تەواو ببوو. چایی دوای نەهاری خوارد و هوما ئیستیکان و حاجەتی نیوەڕۆی کە لەبەر هەیوانەکە دانابوو یەکجێ هەموویی بردن بۆ سەرپێ شۆرکەی حەوزەکە، خێرا بیانشۆرێ و بەروبوخچەی هەڵبگرێ و بچێ بۆ حەمام. خاتوو سەفییە لەوێ خەریکی شتشۆردن بوو لەگەڵ خاتووخورشید کە لە ژوورەکەی خۆی بوو بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، لەووەختەدا کەلوپەلی حەمام و بوخچەکەی ئاسکەیان هێنایەوە، ئەو کەسەی ئەو شتانەی لە حەمامەوە هێنایەوە میمکە ئەسغەر بوو، ژنێکی کزەلۆکینەی سوور و سپی، ئەوەندە لە گەرماودا کاری کردبوو چاوەکانی تەواو مات و پڕ و وشەدار بوون، ئەوەی هەرکەس ئەم ژنە زەحمەتکێشەی دەبینی وایدەزانی گەورە کچی دەساڵەیە دایمە کەنینێکی بڵحانەی بە دەمەوە بوو واتدەزانی بەڕاستی مرۆڤێکی تەواو نییە و خەمێک لەمێژە دەستەملانیەتی، ئەگەر ئەو ژنە خەبەر و باسی هومای بۆ ئاسکە ئاشکرا نەکردایە ڕەنگبێ ئێستاش ئەم سەرو سرە هەر لە ژێر پەردەدا بمابایەوە، ئاسکە مەمکی نایە دەمی مەهدی و لەبەر هەیوانەکە تەخت دانیشت. هەرچەندە لە شیر گرتبوویەوە بەڵام جارجار هەر دەیدایە، بانگی کرد:

ـ میمکە ئەسغەر ئەوە هاتی؟

ئەو ژنە خزمەتکارە بۆئەوەی دەستخۆشانەکەی وەربگرێ هەر ماتەماتی بوو بە دەنگێکی پڕ لە شەرمەوە وەڵامی داوە:

ـ بەڵێ خانم، شتەکانم بۆ هێناویەوە، کارت پێمنییە بڕۆم؟

ـ وەرە کارم پێتە، بۆ زووتر نەهاتی چایەک بخۆیی، دەزانم سەرت ناپەڕژێ چایەک بخۆیی، وەرە کارێکی چووکەم پێتە.

دوای ئەوەی خزمەتچی گەرماوەکە گەیشتە بەردەرگای ژوورێ، ئاسکە هەستا و لە پشت پەردەی ژوورەکە، گەروانکەیەک چایی و برێک قەندی بۆ دانا و لە ژێر فەرشەکەش یەکدوو شایی قەرەپووڵ هەڵگرت:

ـ وەرە میمکە ئەسغەر، ڕەنگە تاکوو ساڵی تازە بتبینم، (مەبەستی لە نەورۆز بوو) نەڵێی نەیزانی، ڕیشۆڵی ئەم جارەت، بە خۆڕایی گران بوو! دەتگوت گڵە سوورەیە، تەواوی گیانم دەکزێتەوە.

ـ ئاسکەخانم ئەوە خەتای من نییە، ئێوە زۆر ناسک و نازدارن کیسە و لفکەکەش زبر بوو، کەس گلەیی لە ڕیشۆڵی من نەبووە.

ـ بۆخۆت ئەوانە ساز دەکەی؟

ـ نا خانمگیان، ئەوانە خێزانی حەمامچی دروستییان دەکا، دەیدا بە من بیفرۆشم بە مشتەرییەکان، پارەی ئەم شتانە هەر بۆ ئەوە.

ئاسکە چەند پرسیاری دیکەی لە خزمەتکارەکەی حەمامی سەرتیپ کرد، ئەو ژنە کیسەکێش و دەلاکی ئەو گەرماوە بوو، بەهۆی ئەوەی بەیانی نەورۆز بوو، بەیانی تا ئێواریێان دانابوو بۆ ژنان، لە پشت پەردەکە چەند بنە قەندیتری هێناو دای بە ژنە، ئەویش خستییە پاڵ شتەکان و لە چارشێوەکەی پێچا، پێیگوت:

ـ بۆ شەوی جەژن، برێک برنجم داناوە بۆ مندالەکانت هەروەختێ دەستت گەیشت وەرە بیبەوە بۆ مالێ، ئەم ژنە زەحمەتکێشە دەیزانی ئاسکە زۆری بۆ باشە، دنیایەک سپاس و تەشەکووری لێکرد لە خوا پاڕاوە قەت ناهومێد نەبێ، ئاسکە بۆئەوەی چکەچکە لە حەوزی حەفەتی هەڵگوێزێ، بە سرتەوە پێیگوت، ئاخری هەوێی بەسەر هات:

ـ میمکە ئەسغەر، دەڵێن گەرماوەکە لیخن و ڕتووبەتی هەیە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ کە هاتییە دەرێ تا ماوەیەک هەموو گیانت دەکزێتەوە ئەونییە منیش چاوم سوور بووە دەڵێی خوێی تێدایە، گەرەکمە ئیتر لە سالی تازەوە، بچمە گەرماوی فیرووزە، تاریفی پاکو خاوێنی دەکەن. پێمخۆشە بتبەمە ئەوێ ئامادەی لەگەڵم بێی؟

میمکە ئەسغەر بە ڕێگاوە بوو بڕواتە دەرێ، لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا. بە چاوە بێمژۆڵەکانی بە سەرنجەوە لە هومای ڕوانی پشتی لەو بوو لە لێواری حەوزەکە دانیشتبوو، دیسان گەڕایەوە:

ـ دەزانم بەڕاستت نییە خانم، حەمام نییە لەم شارەدا وەک گەرماوی سەرتیپ بێتەوە، دەوڵەمەند و ئاغاوات هەموو دێن لەو گەرماوە خۆ دەشۆرن، نەتبیستووە حەمامی فیروز جنۆکەی لێیە؟ ئەوەنییە سالی کەسێک لەوێ دەمرێ!

میمکە پێینایە ژوورەکە و بە نیشانەی پرسیار ئاماژەی بۆلای هوما کرد، ئەو ژنەی خەریکی حاجەت شووشتنە کێیە؟ ئاسکە بەبێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا بە تەوسەوە گوتی:

ـ ئەمە جیرانی تازەمانە! میمکە ئەسغەر هەمیشە لە سەگی نووستوو بترسێ.

میمکە لەم ڕستەی ئاخری چ حالی نەبوو، لووتی هەڵقوتاند و چووە بنگوێی ئاسکەوە:

ـ ئۆی خوشکێ، کێ ئەم جیرانەی بۆ تۆ هێناوە؟ دەزانن کێیە؟ ئەم ژنەتیوە کەس نییە نەیناسێ!

ئاسکە، بە تاڵۆکە لە جێی خۆی ڕاست بۆوە و لە نێوەڕاستی ژوورەکە بە سەرسووڕمانەوە لێیپرسی:

ـ بۆ ئەوە کێیە؟ میمکە ئەسغەر تۆ لەکوێ دەیناسی؟!

ـ ژنێکی ناسکۆڵە و چاو و برۆ جوان نییە، پرچەکانی کۆرپە دەکات و بە ناز و لەنجە دێت و دەچێ؟ جاران لە کۆڵانی سەنعەتکاران بوو، ڕووبەرووی گەرماوی سەرتیپ، بەو ناونیشانەی دیانێکی ئاڵتوونی لە دەمدایە، لە ماڵی کابرایەکدا بوو خاوەنماڵەکەی پیرێژنێک بوو بە ناوی زارا، خەڵکی ڕەشت بوون. پیاوەکەی تەپڵ و دایەرە لێدەدا و پیرێژن کار و پیشەی ئەوەیە ژنە تۆراو بخاتە داوەوە و ئیتر چووزانم... بە ئەوانە خۆیان بەخێو دەکەن، بەڵێ ئێستاش ئەوان هەر لەو گەڕەکەدا دەژین.

ئاسکە بۆ چەند چرکەیەک لە جێی خۆی وشک بوو خەیاڵ بردییەوە، هەر ئەودەمەی هوما هاتبوو کەسێک هەواڵی پێیدا میرانیان لەگەڵ پیرێژنێکی ئاوا و ئاوا دیتووە لە کۆڵانە تەنگەکەی پشت ترۆمبیلخانە، سەیمیران پارەی ژماردووە و داوییە بە ژنەکە، بەڵام وەختێک ئەم پرسیارەی لە مێردەکەی کردبوو ئاوای وەڵام دابۆوە:

ـ ڕەزیەخاتوون ساحەب مەتڵەب، قەرەواشەکەی ناردبووە بەردووکان داوای ئیجارەکەی کردبوو، لە کۆڵانەکەدا تووشی هاتم و پارەم پێدا.

ئاسکە هەرچەندی دەیزانی میمکە کار و دەردی زۆرە، زۆری لێکرد و نەیهێشت بڕوات، پەردەی دەرگاکەی دادایەوە و لە سووچێک داینا و بە پرسیار کردنەوە خافڵاندی، ئەو شتێکی وای سەبارەت بە هوما نەدەزانی، بەڵام هەر ئەوە بۆ ئاسکە تەواو بوو، ئەو عاشقەی هومای لەوێ دانابوو، پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە و چاو و برۆ ڕەش بوو، کۆتی قوڵە و چەرمی دەکردە بەری و شەڕواڵی دەرەلینگ تەنگی لە پێ دەکرد. دەست و بازۆڵە کورت و لەسەر لۆق بوو، بەم بەرگەوە قەڵافەتێکی سەیری دەنواند.

ـ میمکە ئەسغەر، تەواو بوو؟ تۆزێک بیر بکەوە دەزانم زۆر شتیتریش هەیە بێتەوە بیرت! حەز دەکەم بزانم ئەم جیرانە تازەمان لەوەبەر کێ بووە؟ وادیارە زۆر قوون بەگێچەڵە. مێشکت هەڵکوشە بزانە چت دێتەوە بیر!

ـ بەڵێ، ئەم هەتیوە وەک دەڵێن لەسەر ترۆمبیل کار دەکا. جارێکیش لەسەر ئەم ژنەتیوە چەقۆی وەشاندووە، چەند کەسێک خەریکبوون بیرفێنن. زۆرتر لەگەڵ زارا ڕەشتی کە لە ماڵ دەردەکەوتن و دەهاتنە بازاڕ دەمدیتن، تەنیا جارێکیش هاتنە گەرماوەکەی ئێمە، هەروەک وتم ژنەتیوەیەکی داوێنتەڕە و کرێکارەکانیش زۆریان خۆ تێهەڵدەساوی، منیش کرێکاری ئەم حەمامەم، شووکەشم لەوێ دەلاکە، بەڵام ئەمەش لە من بژنەوە، ئەم خەڵکە دوو بەشن، لە هەموو کەس فرەتر بە حاڵ و ئەحواڵی خەڵک

دەزانن، یەکیان سەلمانی و ئەویتر حەمامی! خوشکیگیان نەتبیستووە لەگەڵ عەسلان هەموو فەسلان؟ ئەو بابانوێرانە دەڵێی مانیی کەحلانە، هەموو پیاوێک حەز بە سواربوونی دەکا، بەڵام فایدەی چی، نەختێ کەماڵ باشترە لە دنیایەک جەماڵ، هەر ئەوەندەی دەهاتە گەرماوەکە و خۆی ڕووت دەکردەوە ژنان دەتگوت گای قەشانیان دیوە سەیریان دەکرد و چەمۆڵەیان لێدەنا، وەختێ خۆی شۆرد و هات بڕواتە دەرێ ژنی خاوەنگەرماو پێیوت تکات لێدەکەم جارێکی دیکە مەیە ئەم گەرماوە.

ئاسکە دەیزانی هەرچی میمکە ئەسغەر دەیڵێ خیلافی تێدا نییە، بەبێ ئەوەی خوشکی کۆنە مێردەکەی زۆر شتی بۆ باس کردبوو، بە ئەداو ئەتواریدا دیاربوو ئەم ژنە پاشەڵی خاوێن نییە، بەڵام هەرگ بەسەر سەیمیران، کە نەیدەزانی سەتی کردووە بە قوونەوە، تازە گوڵ و گوارەی دەوێ، ئاسکە وایدەزانی حەوت مێشی لە کونێکدا دۆزیوەتەوە هەروەک چۆن (بوود)[١٩] لە مەنزوومەی هەتاویدا هەسارەیەکی دۆزییەوە خۆشحاڵ بوو، ئەویش بانگی خاتووخورشیدی کرد و ئەوەی ژنەوتبووی بۆی گێڕایەوە، خورشید نەیکردە ناپیاوی بۆ ئەوەی خەبەرەکە بە قازانجی ئاسکە تەواو بووە، چەپۆکێکیدا بە سەریدا:

ـ کەوابێ، چاو و دڵت ڕۆشن! بۆ ئەو هەوێ بەناوبانگەی مێردەکەت بە سەری هێناوی.

لەوکاتەدا میمکە لەوێ نەمابوو، برنجەکەشی لەگەڵ خۆی بردبوو، ئاسکە بەدەم هەناسەیەکی ساردەوە سەری ڕاوەشاندبوو، وەکئەوەی بڵێ:

ـ چیبکەم دایکەکەم، بڵێمچی خاتووخورشید!

لەوکاتەدا هوما لە حاجەتشۆردن تەواو بوو بوخچەی نایە بنپیلی بچێ بۆ حەمام، خاتووخورشید ڕاوەستا هەتا ئاوا بوو، ئیتر لەگەڵ ئاسکە هەر ئەو دەیگوت و ئەویتر بۆی دەسەندەوە:

ـ وەک دەڵێن ڕیش و مقەست بە دەست خۆتەوەیە، بێژە بزانم گەرەکتە چی بکەی، تا ئەوجێیەی من بزانم ئەو کۆڵانەی ڕووی لە حەمامی سەرتیپە یەکدوو دانەیەک نەبێ ماڵی باشی تێدا نییە، ئەگەر جوان سەیری بکەی کەسانێکی تایبەت بەوێدا هاموشۆ دەکەن:

ئاسکە گوتی:

ـ دەی دەی، ئەوجار تێگەیشتم، تۆ بڵێ ئەم گەڕیدەیە بۆچی ئەمڕۆ لەگەڵ من نەهات بۆ حەمام، تەنانەت ڕازی نەبوو ئەو دوو منداڵەم بۆ بێنێ بیانشۆرم، واهەر نییە، ئەم پرچبڕاوە کارێکی هەبوو

---

١٩- Bode ئەستێرەناسی ئاڵمانی.

بۆیە ئێمەی بەڕێ کرد. ئۆی! لە خۆم خەساریێ خەڵک برق دەیگرێ مێردەکەی من فتیله، دنیا چەند سەیرە بە کەحێلی خۆی ڕازی نەبوو ورچی هێنایە سەرماڵ، بۆیە دەڵێن مانگ هەر لە ژێر هەوردا نامێنێ، ئەوە خوای ئاسکە بوو سڕی ئەویش ئاشکرا بوو.

ئاسکە چەند ساڵ بوو لەگەڵ ئەو مێردەی دەژیا، دەیزانی خدەو ئاکاری چۆنە، لە ڕەوشتپاکی ئەو شک و گومانی نەبوو، بەڵام ئەوەندەی سەری دەهێنا و دەبرد باوەڕی نەدەکرد چۆن سەیمیران دەچێ کاری وادەکا، بزانێ هوما خراپە و دەشیهێنێ. نا، شتیوا نابێ، نەک هەر ئەو، هیچ پیاوێک کاریوا ناکا، کەسێک ڕێز بۆ خۆی و بنەماڵەی دابنێ دەست بۆ کاریوا نابات، تەنانەت خاتووخورشید کە زۆریش خۆشباوەڕ بوو بڕوای نەدەکرد سەیمیران هاموشۆی زارا ڕەشتی کردبێ، ناسراو بە زارا دەتیری، ئەم شتە یانی بێدینی پشتکردن. لە خوا و پێغەمبەر ئەمە بێشەرمییە، بێناموسییە، سەیمیرانێک پێیخۆش نەبوو کچەکەی خۆی کە پازدە ساڵیەتی بنێرێتە قوتابخانە، دەیگوت خوێندەواری بۆ ژن نەهاتووە گوناح و ئیرادە، سەیمیرانێک دەتگوت مەلائیکەیە بەم حەسارەدا تێدەپەڕی هەموو ژنەکان شەرمیان لێدەکرد، بۆ کەس دەیوێرا لە پیر و جوان بە سەری ڕووتی سەر دەربێنێ و بێتە بەرهەیوان و نێو حەسارەکە بەبێ ئەوەی یەک و دووی لەگەڵ بکا، شڕەی دەدا بە کۆڵیدا و دەریدەکرد. چۆن دەچێ هەوسار بەربوویەکی ئاوا دینێتە نێو ئەم ماڵ و حاڵە خۆشەی خۆی؟ شتیوای بۆ قەبووڵ ناکرێ، کەس باوەڕ ناکا با قسەی خەڵکیش لەوێ ڕاوەستێ سەید شتیوا ناکا، ئەوەنییە هوما چۆتە مزگەوتەکە، ئەوەنییە بە مەلای مزگەوتی وتووە لێقەوماوە و پەنایەک شک نابا، ئەوەنییە سەیمیران وتبووی نەیدەیوە و نەیناسیوە، باوەڕ ناکەم درۆ بێ.

ئاسکە فکری کردەوە بەڕاستی وەسیلەیەکی باشی دەستکەوتووە، قسەکانی میمکە ئەسغەر لەوکاتەدا ئەفسانەی سیمورغی وەبیر هێنایەوە. کە ڕۆستەم بە شووڵی گزیچار ڕووئینتەن دەکوژێ، لەبەر خوای خۆی دەپاڕایەوە بەرلەوەی ئەم ژنەتیوە لە میران ئاوس بێت تەڵاقی بدات و بە پەڕۆیەکی پیس کلکی بگرێ و لێرە بیباتە دەرێ، خوا کارسازی کارانە، ئەوەنییە میمکە ئەسغەری بۆ پەیدا بوو. لەبەردەم خاتووخورشید و نوقرەخانم قەول و بەڵێنیدا مەڕێک بکاتە قوربانی و خوانی بیبی سێشەممەی نەزر کردووە، وەختێ سەیمیران هومای تەڵاقدا، پەشیمان ببێتەوە و وەرگەڕێ بۆ نێو ئامێزی بنەماڵەکەی جارانی. مەهدی لەوکاتەدا لەسەریەک دووجار پشمی، ژنەکان ئەمەیان بە چاک زانی و گوتیان خێرە شوکور، نوقرە وتی:

ـ نەکا، خانم لە خەزێنەی گەرماوەکەدا پەلکەکانی هۆنیبێتەوە، بۆیە ژنی بەسەر هات!

ئاسکە وەڵامی داوە:

ـ نا خوشکیگیان، دووساڵیش دەبێ پەلکەم نەگرتۆتەوە، بەڵام ئیتر لەمەولا دەیانهۆنمەوە با پرچەکانم درێژ ببنەوە، دەڵێن ئافرەت هەرچەندی پەلکەی درێژ بێ ئەوەندەش بەختی بەرزە.

ئەوەندەی هوما چووە حەمام و هاتەوە ئەم ژنانە هەر قسەیان کرد. هەر ئەم دەیچنی و ئەو شەپیتکەی پێوە دەدا. خاتووخورشید لە ژوورەکەی ئاسکە نەمابوو، بەڵام دوو ژنی دەمەوەر، واتە دایک و کچی هەمەدانی پێشتر لە ماڵ نەبوون، ئێستا ئەوانیش هاتن و جێگای ئەویان گرتەوە، قسەی هەموویان لەسەر ئەوەندە ساخ بۆوە، کەسێکی گەورەتر ڕاسپێرن وەکوو شیرین جانخانم دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان، ئەو جیرانی ئەوان نەبوو، سەیمیران قسەی لێقەبووڵ دەکرد، ئەو دەیتوانی ئەم خەبەرەی پێبگەیەنێ. پێویست بوو بە هۆی ئەوەی ئەو ژنە هەرچی بیستبایە ئەوەی دەگوت، نەختەو پوخت بە دەلیل و بەڵگە هەموو شتی بە گوێدا بدەن و پێیبڵێ هەرچی زووتر چاو بکاتەوە ئەوە کەوی گەردن بەخاڵە فریای خۆی بکەوێ چۆن ئەو نەیناسیوە، عەیبی گەورە شارێک پێیدەزانێ، ئەو ژنە لە جوانیدا پڕە لە ئەقڵدا قڕە، کەس ئەسپی چاک نابەخشێ ئەم ژنە عەیبی نەبایە چۆن تەڵاق دەدرا، ئیتر ئەوەی لازمە ئاسکە و حاجیخانمیان لەگەڵ دایکی بچن بۆ ماڵی حاجی بەننا و زیاتر سەبارەت بە هوما پرسیار بکەن و قسەیان دەستبکەوێ، بەڵکوو دەلیلی تەڵاقدان و بەرۆک لێدادڕینی مێردەکەی بۆ ئەوان ڕوون ببێتەوە. سەیمیران بۆ ئاگادارکردنەوەی ژنەکان لە حەسارەکەدا، هەر لەبەر دەرگاوە چەند جارێک کۆخی. ژنان خێرا سەروچاوی خۆیان لە بن چارشێودا شاردەوە و بە شەرمێکەوە سڵاویان لێکرد و هەرکەسەی ڕۆیی بەلای کاری خۆیەوە، لەو ڕۆژەوە ژنگەل زانیبوویان سەیمیران ژنێکی دیکەی هێناوە زیاتر لە جاران خۆیان دادەپۆشی و ڕوویان لێحەشار دەدا، جحێڵ و جوانان خۆیان لادەدا و لە ژێر پەچە و چارشێوەوە چاوی شەرمیان بەردەداوە و تێیڕادەمان. وەک مرۆیەکی غەددار و بێکیفایەت سەیریان دەکرد، دوو ژن و سێ ژن لە ڕوانگەی ئەوانەوە کارێکی حەیوانی بوو، جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە چیدایە؟ هەروەک یەک ناخۆن و ناڕین؟ یانی ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بەوەی لەبانترە بە کەیفی خۆی هەرچەندی ئارەزووی هێنا بگرێ و پێدا بفسێ؟ زۆربەی مرۆگەل ڕووی حەیوانی دڕندەیان سپی کردۆتەوە، تەماح و هەوەسی بنیادەم کەی وەک ئیشتیا و ئارەزووی ئاژەڵانە، ئاژەڵ کوا بەمچەشنە دڕندە و بێسفەتە، مرۆڤ بەچی دادەکەوێ؟ دەبڕێ، دەدڕێ، دەسووتێنێ دەڕووخێنێ، حەیوان بەشی زگی خۆی ڕاو دەکا و دەکشێتەوە، بەڵام بنیادەم هەدا نادا، داناکەوێ، چاوی لە زگی گەورەترە، میران چۆن دەبوو ئەم ئیزنە بەخۆی بدات ئەم بەڵایە بەسەر

ژنەکەی بێنێ، ئەو لە هەموو وەختێکدا لە ژن، ژن و لە پیاو پیاو بووە، ئەم پیاوانە کەس نایانناسن، داران لە دوورەوە سەریان سەوزە، ئەوانە بە شەو جەردە و بە ڕۆژ مەردن.

سەیمیران دەرگای ژوورەکەی کردەوە ئاسکە خەریکی هەڵکردنی چراکە بوو، منداڵەکان لە پێشدا سەلامیان لە شاچراغ و دواتر لە بابیان کرد. سەیمیران دەتگوت ڕۆن قازیان لە قالبی داوە بە گەرموگوڕی جواوی سەلامی منداڵانی داوە، ئاسکە تەختۆکەیەک دەمووچاوی تیفتیفە دابوو بە نیمناز و مەکرێکەوە یەکدوو هەنگاو بەرەوپیری چوو، دەستی دا ماهووتەکە و تۆز و ئاردی سەرشانی بۆ تەکاند. لە بن لێوەوە خۆی لە دەور گێڕا و شانێکی لە شانیدا، میران کرمی سەری بزووت و دوور لە چاوی منداڵان (نەک وەک جاران) وردە ماچێکی لە لێوی دزی، ئەو ماچە تەواو بۆی ئەویتری پێوە دیاربوو. بەپێی ڕاسپاردە و دەستووری سەیمیران قەول وابوو هەڵسوکەوتی ئەم دوو ژنە لەو ماڵەدا لەگەڵ یەکدی و لەتەک سەیمیران ئەوەندە گەرموگوڕ بێ وەکئەوەی هەریەکە و لە ماڵی خۆیەتی و زۆریش لە یەکتر دوورن ئەگەرچی خەرجی ماڵ یەکبوو ژنەکان نیوەڕۆ و شێو لە دەوری کەوڵێک کۆ دەبوونەوە بۆئەوەی هەبلەخەرجی نەکەن. شەوانە هەرکامێکیان نۆرەیان بوایە سەیمیران لەوێ دەمایەوە و ئەویتریش دەخزایە دیوی خۆی. تاکوو بەیانی کاری بە ئەو نەدەبوو، هەمیشە لە ژوورەکەی ئاسکە شێویان دەکرد. دەبێ بێژم ئەو قانوونە سەیمیران بۆی دانابوون. ئەوشەوەش نۆرەی ئاسکە بوو.

دوای شێوخواردن، هەروەک شەوانی ڕابردوو لەلای ژنان، سەیمیران کەوتە یاری و قدیلکەدانی منداڵان بەتایبەت مەهدی چکۆڵە، هەرچەندە هوما حەوت توێخی لە خۆی داماڵیبوو بەڵام ئەوشەوە نۆرەی نەبوو میرانیش زۆری سەرنج پێنەدا، ئاسکەش بەشی خۆی جوان و دڵڕفێن، چاوی گەورە و مژۆڵی هەڵگێڕابۆوە و کەوانی ئەبرۆی باریک کردبوو، کل و وەسمەش ئەوەندەیتر کارساز بوون، تاویدوانیوەڕۆ گۆنای گەزیبوو لەبەر پەنجەرەکەوە، ئیتر ماندوویی ئەم چەند ڕۆژەی لە لەش دەرچووبوو. پەلکەی ڕەش و قەترانی وەک ڕەشمار بەسەر شانیدا شۆڕ ببوونەوە و سەریان لە بەرۆک و شیوی مەمکانی دەسوو، ئەمە دایمە ویستی خۆی بوو ئەم دوو مارە پاسەوانی بەهێ و بەرۆی بن و ئەم موعجیزە و سێحرە لە ڕاستیدا لەلای هوما بوو، ژنە جادووبازانە گوڵی بزەی دەنا سەرلێوی و بە برۆ و ئیماژە پێیدەگوت ناتەوێ لەم باخ و بێستانە تاوێ میوان بی؟ تەماشا لێو و کولمی وەک سێوم! (بە دزیەوە قوپچەی بەرۆکی ترازاند تاکوو دۆڵی مەمکانی نیشان میران بدات) چاوبەست نیم بەڵام لەم سەرەتای بەهارەدا کۆخ و هەرمێم بۆ هێناوی، ئاسکی تاتار نیم بۆی موشکم

پێیە، نۆرەی چوونە سەربێستانی ئاسکەیە بەڵام گوڵی باخی شلک و ساوای من حەز بە بێنکردنی تۆ دەکا. ـ وەختێ هوما هەستا و ڕووی کردە ژوورەکەی خۆی ئاسکە ئۆخەی بە دڵیدا هات. منداڵان بۆ ئەوەی جلوبەرگی جەژن تاقی بکەنەوە خۆیان شیک کرد و بە بەردەمی میراندا بە ڕێژە ڕۆیشتن. مەهدی بە پێڵاوی سوورەوە بە دابی عەسکەری یەکدوو، یەکدوو، چەند جارێک قاڵییەکەی شێلا، ڕایەکێش کەوت، تێکڕا پێیپێکەنین. بارام دووچەرخەی وەبیر بابی هێناوە، قەرار وابوو بۆی بکڕێ. سەیمیران دەستی بە سەریدا هێنا و گوتی بەهیوای خوا دوای جەژن، وەختێ لە مەشەد هاتمەوە لە تاران بۆت دەکڕم، لەوکاتەدا سەیری کچەکەی دەکرد بە ئاسکەی وت:

ـ گلارە، ئێستا دەتوانێ بنووسێ و وەخوێنێ ئەگەر کوڕ بوایە لەگەڵ خۆم دەمبرد، بۆئەوەی حەوەجێم بە کەس نەکەوێ زیارەتنامەم بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام میرزا نەبیم لەگەڵە، خەممام نییە. بەومەرجەی پەشیمان نەبێتەوە و مەحتەلمان نەکا، تۆزێک وازیوازییە.

ئاسکە پەڕەی دوو لێوی لێکدا و گوتی:

ـ هاجەر بەنیازە هەردوو منداڵەکەی بهێنێ.

لەم قسەیە، مەبەستی ئەوەبوو بێجگە لە مەهدی، بیژەن لەگەڵ خۆیان ببەن. سەیمیران لە جوابدا گوتی:

ـ هاجەر کارێکی باش ناکات، ئەو نازانێ ئەو منداڵانە لەوێ بۆ یان دەبن بە سەربار، لێتناگەڕێن بە دڵی خۆت زیارەت بکەی، بردنی منداڵێک زەحمەتی زۆرە چبگا بە دوانیش!

منداڵەکان هێشتا ڕانەهاتبوون بە ناوی تازەی بابیان، جارێک دەیانوت ئاغا، تاوێک دەیانگوت بابە. ئاسکە ئەوەندەی سەرنجی دەدا نەک هەر سەبارەت بە منداڵەکان نەگۆڕدراوە بەڵکە هەوڵ دەدا ئەم کردەیەی خۆی بە شیلەی محیبەت و دڵۆڤانی داپۆشێ و بە چرای ڕووخۆشی زێدەتر پرشنگ بخاتە سەر تاریکی نێوانیان. منداڵەکان خەویان لێکەوت و ئاسکە هەرکەسەو بردنی لەسەر شوێنی خۆیان ڕایکێشان. ئەمە کاری هەموو شەوێکی بوو. ئەوشەوە سەیمیران لەلای ئەو مابۆوە، نۆرەی خۆی بوو. هەرگا ئەو بیرو فکرە بە مێشکیدا دەهات هەموو گیانی دەلەرزی، نەکا بە قەولی شاعیر لە باخی گوڵچنین دەستی وەڕێ بێنێ و باخەوان گازی کانەیکەی. وەک ئەوەوابوو بە کەسێک بڵێن چەند ڕۆژیتر دەژی و بە چ ئازارێک دەمری، ئەوەندەی بۆیکرا جوانترین زەردەخەندەی خستەسەر شانەی هەنگوینی لێوی بۆ ڕاوکردنی یاری دێرینی، دەتگوت زمانی چۆتە بەست و هەرچەندی دەکا چرۆی لێوی بۆ ناترووکێ، دڵەکوتە و ترسێک کە خۆشی نەیدەزانی لەچیڕایە گەمارۆی دابوو. هەناسەی بۆ

شەوانی لاوەتی و ڕابردوو هەڵدەکێشا نە کەسێک هەبوو لێیبترسێ و نە خەنیم و دڵبەرێکیتر لە بنەوپاڵەوە بۆسەی بۆ نابۆوە زۆر شەوان دڵی شکاندبوو، زۆرجار بەبێ دەستەملان خۆی لێتۆراندبوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت ئەم دڵانە وەکوو چینی و بلوور وان هەتاکوو نەیانچرژێنی و نەشکێن قەدریان نازانی. هەستی دەکرد ئێستا زۆرتر لە جاران پێویستی بە خۆشەویستی و ئاگالێبوون هەیە، ئاواتی ئەوەبوو زۆر زوو بتوانێ ڕەقیبی کلۆڵ و نامەبارەکی لەسەر ڕێگای خۆی لابەرێ و بە محیبەت و گەرمتر لە جاران دەست لە ئەستۆی میرانی خۆی وەرێنێ.

وردەوردە گەردوونەی کاتژمێر بەرەو ماڵنووستنان گلۆر بۆوە، لەبەرئەوەی کورسییەکە بۆ منداڵان بەجێ بێڵن جێگای خۆیان لەولاوە ڕاخست، جاران ئاسکە منداڵەکانی لە بەرێک دەخەواند و خۆشیان لەودیوی کورسی دەنووستن. بەڵام ئێستا فکر و خەیاڵ وایلێکردبوو لە بیری نەمابوو، ئەگەر هوما لە نۆرەی ئەودا بە تەنیا دەخەوت، ئەویش هەرچۆنێک کەیفی لێبا دەنووست، وەختێ هەردووکیان خزانە ژێر لێفەکەوە، ئاسکە هیلاک و ماندوو بوو گوتی:

ـ ئەمڕۆکە هەتا بڵێی گەرماوەکەی سەرتیپ قەرەباڵغ بوو! ڕێی ڕێدار نەبوو، دەرزیت هەڵخستبا نەدەکەوتە عەرزی، لە بەیانییەوە لەوێم بانگی نیوەڕۆ وەبەرم کەوتووە، بە عومری خۆم شتیوام نەدیبوو.

سەیمیران دەستی بە دەرگای دەمییەوە گرت و باوێشکیدا، وەک بڵێی بەردی بە شان کێشاوە، گوتی:

ـ دەتەوێ بەمشەوی جەژنە گەرماو چۆڵ و هۆڵ بێ؟ هوما خەوتووە یان بەخەبەرە؟

ـ ئەووەختی بیژەنم بردە سەر گونجە چراکەی کووژابۆوە خەوتبوو، ئێمە نەبێ جیرانەکان کەس بەخەبەر نییە، تۆ دەزانی ئەمڕۆ لەگەڵ من نەهات بۆ حەمام، دوانیوەڕۆ بە تەنیا ڕۆیشت.

ـ چۆن شتیوا دەبێ، بە ئێوەم نەگوت بەیەکەوە بچن. مەگەر پێمنەگوتی هەرکارێک دەکا دەبێ بە ئیزنی تۆ بێ و بۆ هەرجێگایەک دەچێ بەیەکەوە بن؟!

بە گوڕەی سەیمیران مەهدی ڕاپەڕی لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت. دایکی لێی دوور بوو دەستیکرد بە گریان. ئاسکە هەڵیگرت و بردییە لای خۆی، بە نەرمە لایلایە پشتی تەپاندەوە و گوتی:

ـ بەڵێ تۆ واتگوت، بەڵام ئەوەی دەبێ بە قسەت بکا کێیە؟ ئەم هەمووەی لەبەر پاڕامەوە ئەو دوو منداڵەی بۆ نەهێنام لە گەرماوەکە بیانشۆرم. نازانم بۆچی لە حەمامی سەرتیپ بێزارە ـ کەیفی خۆیەتی

من له پاشمله چکارم پێیداوه، ڕەنگە دەردێکی هەبێ لەلای من دەنگ ناکا، لەوانەیە لە ڕووی نەیات لەگەڵ من بێتە دەرێ، ڕەنگە پێیخۆش نەبێ کەس بە سرپوترپی بزانێ.

سەیمیران بەم قسەیەی ئاخری زۆر تێکچوو بەڵام دەنگی نەکرد. کۆتەکەی بەری داکەند و لەسەر بالیفەکەی پشتسەری دانا، مەهدی لە پەنای دایکی خەوی لێکەوت. ئاسکە بە لەبزێکی شیرین دڵخۆشی داوە تکای لێکرد:

ـ میریگیان لێتدەپاڕێمەوە، ئەوەندەی هاتییە لای من ناوی ئەو ژنە مەهێنە، ئەگەر دەکرێ لە بیری خۆتی بەریەوە باشترە، ئەوەندەی دەبینم لەو ماڵەدا ئەو ژنە هەوێی منە و جێگاکەی لێگرتوومەتەوە، بە عالەمی ئاشکرا تەم وەسەر چاوم دەکشێ، لەوەتەی ئەو هاتووە ئەم ماڵەی خۆم لێبۆتە زیندان. تۆ گیانی ئەم تولفەی نێوانمان ئەم ژنەت خۆشدەوێ؟

میران تۆزێک قنج بۆوە و شانی خستە سەربالنجەکە و بە زمانێکی ئارام بەڵام تۆزێ تاڵی پێوە دیاربوو گوتی:

ـ ئاسکە بۆچی ئەوەندە دڵپیسی دەکەی؟! ئەو ژنە سەت ساڵی دیکەش بە پێی تۆ ناگاتەوە، ئەو قەرەواش و کڵفەتی بەردەستی تۆ و خزمەتکاری خۆت و منداڵمە ئیتر چ بارگرانییەکی بۆ تۆ هەیە؟ نە بەشی تۆی خواردووە و نە جێگای پێلێژ کردووی. لەو ماڵەدا نانی خۆی دەخوا و کاری خۆی دەکا.

ـ دەیباشە عەمر و چاوی من، وەختێ ئەم هەوایەت لەسەردا بوو بۆچی لەلای من دەنگت نەکرد تاکوو بۆت لە هەوڵدابم و کچێکی حەیابەخۆ و داوێنپاکت بۆ پەیدا بکەم هەمووکەس ڕەحمەتبوویی دایک و بابیان کردبایە، نەک ئەم ژنەتیوە، هێندە گەڕاوە پەردەی دڕاوە، کەی تۆ و ئەو بابای عەیارەیان گوتووە، ئەوەیە دەردەکە میریگیان من پێوەی دەناڵێنم! بیستوومە دەڵێن سەیدەکان هەتا میزیان کەف بکا بە دوو ژن و سێ ژن داناکەون، بەڵام نەک لەگەڵ ئەوە!

سەیمیران نێوچاوی تێکنا و گوتی:

ـ وادیارە تۆ دەزانی کێیە و چکارە بووە؟! ئاسکەخانم، ئەو ژنە هێشتا بە چاکی ناوی تۆ و جیرانە دەمشڕەکانت نازانێ خەریکن ناوو ناتۆرەی وەدوو دەدەن؟!

هەستا و بە قونەوە لەسەر جێگاکەی دانیشت. ئاسکە وەڵامی دایەوە:

ـ ناوو ناتۆرە؟ دەیکە باوەڕ ناکەی بچۆ لەمو لەو بپرسە! بزانە خەڵکی ئەم شارە چی دەڵێن. تۆ چووزانی چەندجار قەلی لە قوون هەڵفڕیوە؟! حەزم دەکرد ئەم دوانیوەڕۆیە لە ماڵ بوایەی ڕاستییەکانت بە گوێچکەی خۆت ببیستایە. یەکێ لە بەردەستەکانی حەمام، میمکە ئەسغەر کەلوپەلی

حەمامی بۆ هێنامەوە شتیوای سەبارەت بەم ژنەتیوە دەزانی شتیوای لێدەگێڕایەوە هەر مەپرسە! ئەوەی من لەو ژنەم بیست ئەگەر تۆ بتبیستبایە لە جێی خۆت وشک دەبووی، خەتای من بوو خۆم بۆ ڕاگیر نەکرا، بریا هەروا بێهەواڵ بوایەی تاکوو کەسێک لە دەرێ پەردەی لەسەر ئەم حەقیقەتە بۆ لادایەی. ئەوەندە بێئابڕووە لە گەرماوی سەرتیپ چەپڵەیان لێتەقاندووە و وەدەریانناوە، پێتوایە بەردەستی حەمامچی ئەو ژنەی ناخۆش دەوێ؟ خۆ ئاوی لە تەندووری ئەو نەکردووە، ئەو ژنە هێشتا نازانێ هوما بەسەر من هاتووە، بەڵێ، هەر بۆیە لەو گەرماوە دەریانکردووە، لەخۆڕا نەبوو نەدەهات بۆ حەمامی سەرتیپ، ئامادە بوو بچین بۆحەمامی فیرووزە، یان حەمامێکیتر، تۆ ئەوەندە بەدەماری ئامادە نەبووی قسەکەم تەواو بێ لە دەمتدام، تۆ نازانی خانم بۆ ئەوەی خەڵک بخاتە تەحا، تەحا و چاوی خاوەنی کوێر بکا، بە بیانووی دەستنوێژ دەچێتە سەر پێشۆرکەی حەوزەکە و قۆڵ و باسکی سپی و چەرمگی بۆ کوڕی سەفییەخانم هەڵدەماڵێ، نوێژ لە بندەستی بدا، ئەو جادووبازە، کێبووە، لە کوێ سەری خۆی بەقوڕدا کردووە، من لەوە سەرم سووڕماوە ئەو پیاوە چاکەی من، چۆن تووشی بووە بە تووشی ئەو بابانوێرانەوە؟ ئەوە کەسوکاری خۆی لەبەری بەزیون یەخەیان لێهەڵتەکاندووە تۆش هەڵتگرتۆتەوە و ماڵی خۆت پێئاوەدان کردۆتەوە؟ لە هەمووشت خراپتر مارەت کرد و لە جێوبانی منت خزاند؟! ئەوەبوو چاکەت دەرحەق بە من. چاردە ساڵە حەڵاڵ و هاوسەری تۆم دەبوو ژنە گزیرم بەسەر بێنی؟! تۆ چۆن باوەڕت بەوە کردووە، بە حەوت ئاو هێشتا تەڕ نابێ.

سەیمیران لەباتی ئەوەی بە سەرنجەوە گوێ بداتە قسەکانی ئاسکە ـ ئەوشتەی ئاسکە لەوی دەویست هەروەک ئەوەی دەلووکارێک قسەی بۆ بکا، ڕووی لێوەرگێڕا، لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاکشا و چەند چرکە دواتر دیسان ڕاست بۆوە. کەمەکێک مەحتەلما، ئەوجار هەستا پێ، ئاسکە وایزانی دەیەوێ ئاو بخواتەوە، یان شۆقی چراکە کز بکات، لە دڵی خۆیدا گوتی: هەر بیکووژێنمەوە باشترە، هەرچەندە زۆر تووڕە و پەرێشان بوو بەڵام وەبیری هاتەوە ناکرێ شەوەکەی لە خۆی تێکبدات. ئەوە شەوێک بوو دوای چەند ساڵ بووک و زاوایی وەبیری هاتبۆوە، ئەوشەوە یانەی دڵان بوو، دەبێ کارێک بکا، بەڕاستی هومای لە بیر بەرێتەوە. هەروەک ژیران بە تەکبیرن، ئەوین هیمی ئارەزووە خۆشەویستی دڵۆڤانی لێدەکەوێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە سەیمیران دەستیدا کۆتەکەی، کلیلەکان بە ئەستۆی دیوارەکەدا کرابوون هەڵیگرت و لە دەرگای ژوورەکە چووە دەرێ.

ئاسکە قسەکە لە دەمیدا بوو بە سندان. بە سەرسووڕماوی لەسەر جێی خۆی دانیشت. مێردەکەی بۆچی وایکرد. بەمشەوە لە ژوورە گەورەکە کاری چیبوو کلیلەکانی هەڵگرت؟ بڵێی سەبارەت بەم

هەواڵە چۆنی فکر کردبێتەوە؟ ئاخۆم خەبەری هەمووشتێکی هەیە؟ یان ئەوەی ئەم قسانەی بە تەوهین و ناحەق دەزانی، ئاسکە کاسو وڕ سەری سووڕمابوو. تەنیا گوێی لە جیرەی دەرگاکە بوو. بە دڵنیایی زانی مێردەکەی بەم وتانە تێکچووە و تۆراو و بە دڵمەندی بەجێی هێشت.

سەی‌میران پێی‌وابوو ئەو قسە و قسەلۆکانە کە وەدووی هومای دەدەن، خۆ ئەگەر هاتوو ڕاستیش بێ بۆئەوە نابێ گوێی لێ‌بگرێ، هەر یەکێک لەو ژنانە بەم گشتە فڕوفیشاڵەی کە دەیان‌کرد خۆیان لە مەمکەخۆرەیەک بە پاکتر دەزانی و لۆیی چارشێویان عەرزی دەماڵی، ئەگەر ئەوانە لە جێی هوما بایەن مەعلووم نەبوو ئێستا چ ناوو ناونیشانێکیان بە سەردا دەبڕین. ئەویش بەم‌حاڵ و ڕۆژەی ئەو ژنە تێی‌کەوتبوو، یانی ئەوان‌بایەن چەندجار خۆیان دۆڕاندبوو؟ ئەو هەڵەیەی هوما کردبووی سەی‌میران دەیگێڕایەوە بۆ کاڵفامی و بێ‌گەورەیی ئەو، ئەوە گرینگ بوو ئەو ژنە سەرەڕای هەواو هەوەسی لاوەتی هێشتا بەتەمای ژیانێکی خاوێن و ئاسایی بوو هەروەکوو هەموو ئەو ژنانەی لە ژێر سێبەری ماڵ و مێردی خۆیاندان. بێجگە لەمانە، ئاسکە مەبەستی ئەوەبوو تێکەڵ بە ساختەچێ و داوێن‌پیسان بووە. میران وای بیر نەدەکردەوە، کەوابێ ئەم خەڵکە لە هیچی‌نەبوو بۆ قسە دەکەن؟ ئەگەر ئەو ژنانە دەیانزانی پێش‌ئەوەی بە گفتی ئەوان ئەم ژنە بێ‌کەس‌وکارەی بردۆتە مزگەوت و تۆبەی پێ‌کردووە، ئاخۆم وازیان لێدەهێنا و پاش‌ملە قسەیان نەدەکرد؟ وادەبوو قوون بدەنەوە سەر دەرپێی خۆیان و ئەوەندەی لێ‌نەڕێسن؟ یان ئەو هەموو تانووت و ناتۆرەیە دەبووە بەردی پڕ بە مست و ئەم ژنە بێ‌تاوانەیان پێ بەدرباران دەکرد؟ جوانی و تاوان وەک قیلی کەوای سپی وایە، ئەمە شتێکە لە هومای ڕوودەوە، هەڵەیەکی چووکە بەسە بۆ کەسێک سەدان قسەی وەدوو بخەن و شاربەدەری بکەن، ئەو ژنانە هەر ئەوەندە قسەیەکیان وەدەست بکەوێ ئێتر باسی سەرە، کەربەلایی هەباس و میرزا نەبیش بۆ ئەوەی خاووخێزانی لێ‌ئاڵۆز نەبێ وتبوویان تەلاقی بدە و با ئەویش بڕوا بەلای ژیانی ئاسایی خۆیەوە، دۆست و هاوڕێکانی دەیانگوت سەی‌میران لەوەپێش ئاشنایەتی لەگەڵ هوما بووە، ئێستاش کێ ئەم قسانەی بەو گوتبوو نەیدەزانی، ئەمەش بەجێ‌خۆی خۆ ئەو ئافرەتە کارێکی خراپی نەکردبوو خەڵک چۆن بیریان دەکردەوە کەیفی خۆیان بوو. هەر ئەو ڕۆژە بردبووی بۆ مزگەوت و تۆبەی پێ‌کردبوو، ئێتر ئەمەش پاکبوونەوەی دڵ و دەروونی ئەوە لە گشت فکری خراپ و دڵپیسییەک. ئێتر ئەوەندەش شل نەپێچرابۆوە خێرا بەقسەی ئەم و ئەو دەرهەڵبێ و تەلاقی بدات، جێی‌تێرامان بوو ئەو خەڵکە خۆیان بە ژیر و ئاقڵدار دەزانی و گای نێریشیان بە گون دەناسی، هەڵبەت کەربەلایی هەباس ڕاستەوخۆ شتێکی نەدرکاند. ئەوەی لە دەمی هاتەدەرێ نەسیحەت و

ئامۆژگاری بوو. بەڵام هەر ئەو پیاوە لە بیری چووبۆوە ناشێ کاری بە کاری نێوان ژن و مێرد و کێشەی خاووخێزان نەبێ؟ یانی ئەو پێیخۆش بوو کەسێک بەبەر چاوییەوە زەمی عەسکەری کوڕی بکا؟ لەوەدەچوو بە تکاو پاڕانەوە، لە تاوانی کوڕە نەفرینکراوەکەی خۆشبێ؟ ئێستا کە ژن و منداڵی هەیە و خەریکە سەرو ڕیشی سپی دەبێ، ئەگەر وابوو بۆچی ئەورۆژە سەیمیران زەحمەتی وەبەر خۆی دابوو خوانی ڕازاندبۆوە و زۆریەک لە دۆست و هاوڕێیانی بانگ کردبوو، پیرەمێرد بەم گشتە ئاوەزەوە هەر ئەوەندەی زانیبووی عەسکەر لە نێو خەڵکەکە دانیشتووە، دەیانەوێ بیبەخشێ و لە تاوانی خۆشبێ، هەستابوو چووبۆوە ژوورەکەی خۆی و دواتر گلەیی لەو کردبوو؟

سەیمیران چۆنی فکر دەکردەوە کەیفی خۆی بوو، ئەوەی بۆ ئاسکە گرینگ بوو ئەوەبوو مێردەکەی هومای خۆشدەویست. دیاربوو حەزی نەدەکرد لە پاشملە باسی کەس بکا و لە قسە بکۆڵێتەوە، باوەڕی وابوو غەیبەت و ناوهێنانی ئەم و ئەو تەنیا خۆهەڵکێشانە و ئاژاوە نانەوەیە، ئەویش قەت زەمی کەسی نەدەکرد. ئەوانە با بمێنێ، بەڵام با ئێمە بەڕاستی بزانین ئەو قسانەی کە ئاسکە دەیکردن و شێوو وەردی دەدانەوە مەبەستی ئەوەنەبوو هوما لە بەرچاوی مێردەکەی ڕەشی بکا. ئەی بۆ دەبوو ئەم سەیدە ئەوەندە سست بێ ڕاست و دروستی شتەکە لێکنەداتەوە؟ ئەوشتەی ئاسکە بەتەمای بوو لەمێژ بوو کاڵ ببۆوە، لەخۆڕا چیلکەی لە کونی هەنگەژاڵە دەژەنی، خۆ ئەو بۆی ڕوون نەبوو مێردەکەی لەوەپێش چۆنی ئەو ژنە ناسیوە، با هەر نەشیناسیبێ ئاخۆم دەردێک لەسەر ئەو سووک دەکا؟ بەڵام ئاسکە زۆر لەوە پەشیمان بوو خێرا هەمووشتێکی لەلای جیرانەکان درکاند و سەیمیرانیشی تێگەیاندبوو. نەشیدەزانی چیبکا، فکری کردەوە هەرچۆنێک بێ بچێ سەیمیران بێنێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. لەگەڵی نەرمونیان بێت و لێیبپرسێ بۆچی لێیتۆراوە و بۆ بەجێیهێشت. یانی ئەوانەی ئەو گوتبووی دوور لە ڕاستی بوون و چاوی ڕەشی دڵبەرەکەی پێکاڵ ببۆوە.

ئاسکە لە نێو جێوبانی ساردیدا بیری لە سەیمیران دەکردەوە و بە دەم وردەخەیاڵەوە هەناسەی هەڵدەکێشا، بتەوێ و نەتەوێ، دیسان گوێی لە جیڕەی دەرگای ژوورە گەورەکە بوو. ئەوەندە لەسەر هەست نەبوو هەر بۆیە پێیوابوو گوێی زرینگاوەتەوە، وەک دڕکێ لە جەستەی ڕاچێ داچڵەکی و لە جێی خۆی ڕاست بۆوە، لە بێدەنگی شەودا گوێچکەی سووک کرد و بەسەر زینی خەیاڵەوە گوتی:

ـ ئەگەر ئەقڵم هەبێ ئەم ئاورتێبەربووە خۆی خستە پاڵی.

بۆئەوەی مەهدی وەخەبەر نەبات بە ئەسپایی لە جێخەوەکە هاتەدەرێ، بۆ دڵنیابوون سەری بە سەر منداڵەکاندا گرت. بیژەن بەدەم خەوەوە دەرۆیشت لیفەکەی پێدادا، دەستیدا چارشێو نوێژەکەی و بە پێدزە چووە حەسارێ و لەوێشەوە خۆی گەیاندە بەرهەیوانە گەورەکە، ئاسمان ساماڵ و زریانیش نەختێک درِبوو، هەرچەندە بە توێی کراسێک هاتبووە دەرێ بەڵام هەستی بە سەرما نەدەکرد. دەنگی سرتەسرتی میران و هوما نەک لە ژووری گەورە، بەڵکە لە ئاودارخانەکەوە دەهاتە بەرگوێ، کەوابێ ئەوە سەیمیران بوو خۆی خزاندبووە دیوەکەی هوما، رەنگە بەم نیوەشەوە بە هۆی تووڕەبوونی زۆر هەرچی بە دەمیدا هاتبێ بەم ژنەی وتبێ، ئاسکە هەناسەی لە رِکەی سینگیدا قەتیس کرد و بە بێخشپە گوێچکەینا بە دەرگای ژوورەکەوە، دەنگی زەریف و بەئاستەمی هومای دەبیست:

ـ ئەوە هاتی قەزات لە من! ئەوە چۆنە خۆ ئەمشەو نۆرەی ئەوە؟

ـ گوێ بەو مەدە. بەبێ تۆ خەو ناچێتە چاوم، لە خەو رامپەڕاندی؟

ـ بە ئاستەم خەو دڵی گرتبووم، لەم ژوورە سارد و سڕەدا تەنیا و بێهاودەم چۆن خەوم لێدەکەوێ، گوێم لە خشپەی پێت بوو نیوەعومر بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم بەم نیوەشەوە بڵێی کێبێ خۆی دەحەسارەکە خستبێ! بەڵام وەختێ زانیم تۆ بووی دڵم ئاسوودە بوو. دەستت بێنە بزانە چۆن دڵم لێدەدا، وەی! ئەوە بۆ دەستت دەڵێی سەهۆڵە!... ئەرێ، بۆ پێم ناڵێی چۆنبوو ئەوت بەجێهێشت، بەم کارەی تۆ لەگەڵ من دەیکاتە ناخۆشی. نامەوێ ئەو بەرنامەی بۆت دانابووین تێکیبدەی. با ماڵەکە ناخۆشی تێنەکەوێ!

ـ بۆ چاوی مەستت لێمدەگەرِێ، پێتوایە نازانم ئەورۆکە چۆنت خۆ لەگوڵ داوە؟! تۆ بۆ من هەموو یاسا و برِیارێکی؛ گیانی سەیمیران جارێ لەم قسانە بگەرِێ.

ـ کەسەکەم! تۆ ئەوەندە منت خۆشدەوێ؟ چۆن باوەرِ بکەم.

بتەوێ و نەتەوێ دەنا ئاوایە، ئەگەر ئەمشەو لە باخەڵی تۆدا بمرم ئۆخەی لە دڵم دەکەوێ. تۆ کوولەکەی رۆحی خوا لە بەهەشتەوە بۆ منی ناردووی. بۆچی نازانی تۆ گشت کەسمی. ئەوەندەی گەڵای داران تۆم خۆشدەوێ و بەقەی خیزی رووباران ئەوم ناخۆش دەوێ و لێیبێزارم، حەز ناکەم هەناسەی بەرگوێم بکەوێ، وەختێ لەلای ئەوم وادەزانم رۆحم لە بەند و زینداندایە.

هەرچەندە میران نزمتر قسەی دەکرد بەڵام لێیحاڵی دەبوو. ئاسکە تەواو شڵەژابوو هەستی بە ترپەی دڵی خۆی دەکرد. دەستی لەسەر دڵی دانا و بە نیگەرانییەوە ئاوی دەمی قوتدا، گوێی لە دەنگی هوما بوو کە دەیگوت:

ـ نەتگوت چۆنبوو هاتی بۆ ئێرە؟ نێوانتان تێکچوو؟ یان بە دزییەوە هاتی؟ بە جیرەی دەرگای ژووره گەورەکەدا، لەوە دەچێ پرسیاری یەکەم ڕاستبێ، بۆچی پێمنالێی قەزات لە گیانم؟

ـ ئەرێ هەروایە. سەرو کڵاومان تێکچوو، چاویان بەرایی نادا من و تۆ پێکەوە بین، ئەو ژنە لەورۆژەوە زانیویەتی مارەکراوی منی، وادەزانێ بەسەر سکڵ و پەنگردا دێتو دەچێ، ڕۆژێک هەباس کەربەلایی ڕادەسپێرێ و شەوێک میرزا نەبی دەکاتە تکاکار، ئێستاش کە دەزانێ هیچی بۆ ناکرێ، خەریکی شەڕو مارەکەیە.

سەی‌میران مات بوو هوما بە تاسەیەکی ژنانەوە پرسی:

ـ دەڵێچی؟ چی‌وتووە؟ من لەو ماڵەدا ئاگام لە هیچ نییە و چمنەبیستووە، ئەم دوانیوەڕۆیە هەتا چوومەتە حەمام و هاتوومەوە، لە ژوورەکەی خۆی لەگەڵ ژنی جیرانەکان دەرگایان لەسەر خۆیان پێوەداوە و سەریان کردووە بە نێو یەکدا، بۆخۆم دەزانم ئەو سرتو خورتە هەر بۆ لێفەکەی مەلایە!

ـ گوێی مەدەرێ چاوە ڕاستەکەم. با هەر بوەڕن، چاویان دەرێ، ئەوان نازانن دڵێکە و شاعەباس بردی.

ـ بۆ لێم دەشارییەوە! بەخوا دەبێ پێم‌بڵێی!

ـ تۆ بۆ هەر پێت‌خۆشە بزانی لەوە دەچێ کەسێک وتبێتی تۆ لە ماڵی حسێن‌خان بوویی، ژنەتیوە ئەوەندە گەوجە نایەوێ بزانێ لە دەرودەشت نەدۆزراویتەوە، سەرم نەکردبووە سەر سەرینەکە دەستی‌پێ‌کرد. ئەی چەندەی لێ‌دەڕێسێ، بەم قسانەی زۆرتر لەبەر چاوم دەکەوێ، ئاوی دەریا بە دەمی سەگ گڵاو نابێ، هاتمە دەرێ و بەجێم‌هێشت. هوما بە نەرمە نازێکەوە گوتی:

ـ دەزانم کوێی دێشێ، دەبێ دەست لە دڵیدا، چونکە ئاوای کردووە سبەی‌شەویش مەچۆوە لای ئەو. تۆخوا لێی‌گەڕێ گۆڕو گیانی بێت.

ـ کەسە گیان، تازە چاوی ڕەشی کاڵ بۆوە، قەتی لەلا ناخەوم. لێی‌گەڕێ شەو تا بەیانی دارەڕای بن میچەکە بژمێرێ.

هوما بە زەدەخەندەیەکەوە قسەکەی میرانی دووبارە کردەوە:

ـ با داران بژمێرێ، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە تاقەتی ناچێ، تەواوە هیچی‌کەی ناوێ.

ئاسکە گینگڵی دەدا و چنگو پلی خۆی هەڵدەگلۆفی، بێ‌ئارامی وەک ڕەشاوی شەو چۆڕابۆوە نێو هەناوی، دنیای لە پێش‌چاوی بووە چاڵی دۆزەخ. وایدەزانی بەسەر لێواری هەڵدێرەکەوە ڕاوەستاوە. ئاخۆم ئەوە هەر ئەو سەی‌میرانەکەی ساڵی ساڵان بوو هەر ئەو مێردە بوو ئاسکەی لە ڕۆحی خۆشتر

دەویست، ئێستا شتیوا دەڵێ؟ ئەگەر هەرکەسێکی دیکە بایە لەباتی ئەو بەمشەوە ماروموور لە هێلانەی گەرم و نەرمی خۆیدا خەریکی حەسانەوەیە ئەوماڵەی بەسەر یەکدا دەڕووخاند. دیسان جووڵەی نەکرد و گوێی هەڵخست، چەند چرکەیەک ورتەیان لێبڕا و دواتر چپە و سرتەی میران دەستیپێکردەوە. فشقو هۆڕی ژنە و شەقەی ماچ و ڕامووسان! چریکەیەک لە بن مەمکی ئاسکەوە هەستا و بەشان و ملیدا گەیشتە ئەوکی، تەوژمی ژانێکی بەقەوەت دڵی سادە و بێکینەی ڕێککوشی، ئاخۆم ئەوە چنگ و چڕنووکی ئەم داگیرکەرە چاوبەستە نەبوو وا کزەی لە هەناوی هەستاند. وەختێ دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی وەک تارماییەکی سەرلێشێواو لە حەسارەکەدا مەحتەل مابوو، تاریکە شەو سەرتاپای ئەو ماڵەی لە بێدەنگی هەڵکێشابوو، سریوە لە دارو بەردەوە نەدەهات. هاوساماڵەکان زۆریان چراکانیان مردبوو تێکڕا لە خرپەی خەودا بوون. ژنە وایدەزانی بەسەر پێوەیە، ئەوەندە پەرێشان بوو لەسەر تۆقی سەر دەخولایەوە، دەرگا و پەنجەرەی ژوورەکان بە بەرچاوییەوە ببون بە دێو و درنج. لەم تاریکەشەوەدا دڵدارێک نەبوو بۆ ساتێک بیلاوێنێ. مەگەر ئەو کاکێشان و هەسارە بزۆزانەی لە بانسەری بوون. ئاسکە سەری بەرز کردەوە و لە تەشقی ئاسمان ڕاما. دوو گلێنەی ژێر کۆمای خەفەت لەسەر شانی حەوتەوانان گیرسانەوە. یەکێ لەو کۆمەڵە ئەستێرانە بە ئاورینگ و پرشنگی زەرد و سوورەوە گوڵئەستێرەی لێدەبۆوە و دەورووبەری خۆی تیشکاوێژ کردبوو، ئاسکەی دڵناسکی هەناسەسارد، هێزی نەبوو بەسەر پێوە ڕابوەستێ شانیدا بە پشتی دیواری بەرهەیوانەکەوە و دەستی لە سنگی گێڕا و قۆپچەی بەرۆکی ترازاند و لەوکاتەدا کە ئەو دەستەیتری بەرەو ئاسمان بەرز کردبۆوە، لە بن لێوەوە چەند بۆڵەیەکی لێوەهات هاواری بۆ خوای بانیسەری برد و سنگی کوتا، چیتری لە دەست دەهات، لە سنگکوتان و نەفرین بەملاوە ئەگەر تووک و دۆعا چارەسازە دەبا کەس ئەم مافەی لێزەوت نەکا.

# بەشی هەشتەم

وەسبەینیڕا ماڵی سەیمیران دەتگوت جەنگی مەغلووبەی تێکەوتووە، هەتا دەروجیران پێیانزانین کار لەکار ترازا، تازە ناسکە هەتاو سەرچڵی دارەبی ڕادەمووسی، چرۆی تازە کەمو زۆر تروکابوون و گوڵ و وردەگەڵای زەرد و سپی بە دەم نەرمەبزەوە خەریکی چاوشارۆکێ بوون. مەلووچک و پاساری کە هێشتا ترسی سەرما و سۆڵەی پیرە زستانیان لە دڵدا مابۆوە بەسەر لق و چڵی دارانەوە دەیانجووکاند و دەیانجریواند و باڵیان دەکردەوە و سنگیان وەبەر گەرمای کەمتینی بەیانی دابوو، کاتژمێر لەسەر شەشی تەواو کەرویشکەی دەکرد. ئاسکە بۆ ئامادەکردنی چایی بەیانی لەبەر دەرگای مدبەخەکە خەریکی خەڵووز گەشاندنەوە بوو، ئەم کارە لە ڕاستیدا لە ئەستۆی هوما بوو، بەڵام ئەو بەیانییە بە پێچەوانەی ڕۆژان هێشتا لە خەو هەڵنەستابوو، لەوەدەچوو بەخەبەر بێ بەڵام بە ئەنقەست لە ژێر لێفەی شەو نەیاتەدەرێ، دەنگی وردە کۆکەی سەیمیران بەم بەیانییە زوو هەستابوو بۆ نوێژکردن لەودیوی دەرگای داخراوی ژوورە گەورەکەوە دەهاتە ئامێزی حەسارێ، ئاسکە ئەوەندە پەرێشان بوو دەستی دەلەرزی، خەڵووزگەشێنەوەی بە زەویدا کێشا و پۆلوو پەنگر پرژو بڵاو بوو، ئاسکە بەبێ ئەوەی بکەوێتە پەلە پڕوزێ، لەسەر بەردچینی حەسارەکە ملینا لە خەڵووز کۆکردنەوە، ئەوەندەی ڕق و قین لە دڵدا بوو لە ژێر لێوەوە بۆڵاندی:

ـ منداڵ لە لانکە دەنێ، لەو وایە نازانم دوێنێشەو لەکوێ خەوتووە، وادەزانێ وەختێ لە من دەتۆرێ و بەدزییەوە خۆ دەکا بە ژوورەکەی ئەودا ئیتر ئاگام لە هیچ نییە. قەرەواش! قەرەواش! بە گوێمدا دەخوێنێ کڵفەت و قەرەواشی بۆ گرتووم؛ بەقوربانی ئەو خودایە بم وا خێرا ئەوانە خۆشەویست دەکا، ئەمە دوو ڕۆژە قەرەواشە، حەتمەن سبەی دەبێتە تەڕەماش؟ بەخوا دەزانم تازە لەمەولا من لەو ماڵە پەتی سەوەتەش تەواو نیم. دوای چاردە ساڵ کوێرەوەری، پاش چاردە ساڵ هیوا و هومێد، ئەوە هەڵمگرتەوە، قوربەسەری چ ژنێکە، بۆ من ئاوابوو، بۆ ئەو چۆن دەبێ، لە خۆم خەسارێ کەمم کوێری دی؟ کێ ڕەنجی کێشا و کێ نیشت لە سایەی؟ بە ڕۆژ نانکەری، بە شەو کاڵەچنین، لە خوری تیسکێک لە ڕۆنی نیسکێک، ماڵم پێکەوەنا، هەی عەمرت نەمێنێ ڕۆژگار تف لە

نێوچاوانت خاکی خەسرەوانی تۆ کەی بە چاکەی چاکان دەزانی. ڕێحانەم داچەند وشکە تاڵووم هەڵگرتەوە!

دەستیکردەوە بە ڕەژی گەشاندنەوە، لەوکاتەدا هوما بۆ دەستو دەموچاو شوشتن خاوێر خاوێر لە ژوورەکەی خۆی هاتەدەرێ، هێشتا چاوی بەخەوەوە بوو بەبێ ئەوەی خۆ لە ئاسکە بگەیەنێ چووە سەر لێواری حەوزەکە، دەستی بە ئاوەکەدا هێنا، گوێی هەڵخست بۆ تیرو تانووتی ئاسکە، هێشتا دەمووچاوی نەشۆردبوو سەری بۆلای ئاسکە وەرسووڕاند. بەجورێک هاوساکان نەژنەون، خۆی لێتۆوڕە کرد:

ـ ئەو بۆڵە بۆڵەت لە چییە؟ ئەوە لەگەڵ کێتە؟

ـ کێ لەگەڵ تۆیەتی. پێوەندی بە تۆوە نییە خانم.

هوما بەبێ ئەوەی هۆشی لەلای خۆی بێ یەکدوو شڵپیدا بە دەموچاوییەوە، وەختێ لەسەر پێشۆرکەی حەوزەکە هەڵدەستا بە لەفزی گلەو بناشت نەک شەڕ و هەڵڵا گوتی:

ـ ئەی پێوەندی بە کلاولارەوە هەیە؟ بەیانییەک نەمتوانی زوو لە خەو هەستم، خۆ دنیا کاول نەبووە؟! یان وادەزانی قەرەواش و کارەکەری تۆم؟

ئاسکە پێیخۆش نەبوو وەڵامی بداتەوە، لە ترسی ئەوەی دەست بنێنە قژی یەکتر هەموو گیانی دەلەرزی، پۆلووە خەڵووزی کردە ژێر سەماوەرەکەوە و دووکەڵکێشەکەی بەسەردا کرد. بۆ ئەوەی مندالان لە خەو هەستێنێ بەپەلە خۆی کردەوە بە ژوورەکەی خۆیدا بەلام هێشتا تەواو نەچووبووە دیوی ژوورێ گوتی:

ـ نەخێر خانمی خانمان، من قەرەواش و کارەکەری تۆم. لەمەبەولاوە تۆ خانم و من قەرەواش! ئەو کەسانەی بەڕەڵڵای کووچەو کۆلانانن زوو خۆشەویست دەبن، ئەوەی بێحەیا و بێشەرمە لەلای مێردی خۆی جێگای زۆر گەرمە.

هوما لەسەر پلیکانەکان گوێی هەڵخست بزانێ ئاسکە چی دەڵێ، بە ئارامی لە ژوورەکەدا دەمووچاوی وشک کردەوە و هاتەوە بەرکەوشکەنەکە، دەستی بە گۆشەی هەیوانەکەوە گرت و ملی بۆلای حەسارەکە لار کردەوە و سەیری ژووری هەوێکەی کرد. بۆ چرکەیەک چاوی لە چاوی بڕی ئەو هێشتا لە بێڵایە بوو. ئەوجار وەک ئەوەی ڕازێک بدرکێنێ بە ئاماژەی دەست گوتی:

ـ دەزانم کوێت زۆر دێشێ، هەر ئەوەندەت ماوە لێکببییەوە!

ئەو قسانەی هوما پێشدەستی کردنێک بوو بۆ سازبوونی شەڕ و ئاژاوە لە ماڵەکەدا، ئاسکە چۆن دەیتوانی خۆی بخواتەوە و دەنگ نەکا، گلارە و بارام بە دەنگە دەنگی ئەوان وەخەبەر هاتبوون و لەبەر هەیوانەکە سەیریان دەکردن. بە تووڕەبوونێکی دایکانەوە کردنییەوە بە ژوورەکەدا، دیسان گەڕایەوە و گوتی:

- من خەریکم لێکدەبمەوە بابەی عەیار! دەڵێی مامری ئاشەوانی، من کارم بە کاری تۆداوە؟ خاتووخورشید تۆخوا ئاگات لێیە ئەم چاوبەستە خەریکە گورپەم پێدەڕەخسێنێ؟!

ئاسکە وەک جاو سپی ببۆوە، ژنە جیران لە مدبەخەکە خەریکبوو پەنگری هەڵدەگرت، بەم دیمەنە واقی وڕمابوو، ئێستا ژنی حەیابەخۆی گەورەماڵ پێی شەرم بوو بێتە حەسارەکە و ئاگای لەو شەڕە بێ لە پشت دەرگای ژوورەکەی خۆی گوێی هەڵخست. هوما دیسان هاتەوە بەرکەوشکەنەکە قەرەچەناخانە پەردەی شەرمی دادڕی و گوتی:

- من بابەی عەیار نیم، دەزانم کێ مامرئاشەوانە، زۆر بەرز مەفڕە نزم ئەنیشی، دەمت گرێدە و وازم لێبێنە، بەخوا دەسم هەڵماڵم کارێکت پێدەکەم بابە دەواری شڕی نەکردبێ، ئەگەر لەبەرت دادەنەوێنم بۆ ئەوەیە تۆش ڕێزم لێبگری دەنا بە گەسکە کۆتەرەیەکت حەساو ناکەم.

هەرچەندە هوما کەمتر لە ئاسکە نەیدەشریخاند، بەڵام نەختێ هێورتر بوو، بە شێوەیەک لەفز و کەلامی تێکنەچێ سەری بۆلای ئاسکە هەڵتەکاند.

لە ناو ماڵیشدا ئەوەندە گرینگی بە چارشێونوێژ نەدەدا، تەنانەت زۆریشی لێبێزار بوو، لەوکاتەدا چارشێو خزیبوو بۆ سەرشانی، گەردن و لایەکی بەرۆکی سپی و ناسکی وەدەرکەوت. دیاربوو شەڕەکە لەسەر ڕق و ئێرەیی پێبردن بوو، بەڵام مەعلووم نەبوو لە چی گڕنەیان گرتووە، هەردوو هەوێکەش زۆر لەخۆڕازی بوون.

ئاسکە دەمی ڕانەوەستا و جواوی داوە:

- تۆ دژوێن بە من دەدەی تێهەڵدراو؟! هەمووکەس قسە بکا تۆ قسە مەکە، ئەگەر چاکبایەی لە پاش دوو زگ وەدەریان نەدەنای، بچۆ وڵاتێ کەس نەتناسێ خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ، پێتوایە نازانم کێ بووی حەیاتکاوی ماڵانگەڕ!

داریوش برای حاجیخانم بۆ ئاوهەڵگوێزان چووە سەر چاڵاوەکە، کەنجێکی بیست و سێ ساڵانەی زۆر کەڵەگەت نەبوو، شیکەلانە و زۆریش شەرمێون بوو، پێشئەوەی ناسکەهوما بێتە ئەو ماڵە هەڵسوکەوتی زۆر خۆمانە بوو، تەنیا کەسێک بوو دایک و خوشک و خوشکەزایەکی لەو ماڵەدا

بەخێو دەکرد کرێکاری دایرەی ڕێگاوبان بوو، لە هیمایدا ڕەفتاری منداڵانە دەبیندرا، لەچاو تەمەنی دە ساڵ منداڵتر دیاری دەدا، زۆرتر لەو کەسانە دەچوو لە پیریشدا هەروا گەنج دیارن. ئیتر ئەو کارمەندە گەنجەی دایرەی ڕێگاوبان بەم دەنگ و هەرایە لە خەو ڕاپەڕیبوو بەبێ ئەوەی ئاو هەڵگوێزێ و دەست و چاوی بشۆرێ ئافتاوەی لە قەراخ حەوزەکە بەجێ هێشت و گەڕایەوە، هوما هەروەک نە بای دیبێ و نە باران چارشێوی داوە بەسەر خۆیدا، بە تیر و تانووتەوە کە دیاربوو ئەویش حەزی لە شەڕ نەبوو ڕووی کردە ئاسکە و گوتی:

ـ حەیفەکەی کەس نییە لێت بپرسێ بەچێ دەنازی، گوتم با دەم نەکەمەوە.

ئاسکە بە غەزەبەوە بە سەریدا شریخاندی:

ـ تۆ عێل و تایەفەیەکت بەزاندووە هەر ئێرەت مابوو؟

پەنجەرەکانی ژووری گەورەکە هەموو داخرابوون، بەڵام سەیمیران بە جوانی گوێی لە شەڕە دەندووکەی ژنەکانی بوو، بەم بەیانییە گەڕەکاو گەڕەک دەنگیان دەڕۆیشت. سنگ شێری پشت ماکەر قەفی سمێڵی بردبوو بە نێو دەمیدا و بە ددانی دەیگەزی بێئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێ گوێی لێگرتبوون. ئەم چەقەو هەرایە تا دەهات زیاتر دەبوو، ئەویش لەو کاتوساتەدا پیاوی هاوساکان هێشتا لە ماڵ بوون. میران کە خۆی بە قوڵە میرێک دەزانی ئەم بەزمەی زۆر لە دڵ گران بوو، وایدەزانی عالەم تف و لەحنەتی دەکەن. ئەم ژنانە کە بەم بەیانییە پەردەیان دڕابوو، بڵێی ئیتر ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکیان نەبێ؟ بڵێی لەمەولا بەیانی سەیمیران پیاڵەیەک چایی بە گەروویدا بچێتە خوارێ و ناوی خوا بێنێ و بڕوات بە شوێن پارووپەک ناندا؟ ئەو ژنانە لێیبگەڕێن یەکیان لە بەرهەیوانەکە و ئەویتر لە کەوشکەنەکەوە سەنگەر لە یەکتر نەگرن و بەبێ گوێدان بە حورمەت و کەرامەتی بنەماڵە و دەروجیران ڕەهێڵەی دژوێن و قسەی ناشیرین دەیەکتر نەسرەوێنن؟ بە بڕوای ئەو خەتای ئاسکە بوو بەم تلووحی بەیانییە ئاوری شەڕی هەڵایسان. ئەوبوو دەیگوت غەدرم لێکراوە، ڕقی لە هوما هەڵگرتبوو بەبێ هیچ قسەیەک شەڕو هەڵلای خستبووە نێو ماڵەکەوە. وەک قەرەچی دەیشڕیخاند و هەموو جیرانەکانی هێنابووە سەیری خۆی. سەیمیران هەمیشە ئەوی لە هوما بە عاقڵتر دەزانی وەک سەرەژنێک لێیدەڕوانی. وەختێ ئەم زریکاندنەی دوایەی لە دەم بیست ئیتر خوێن بەریچاوی گرت و خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا. کەوڵەمووی خۆراسانی لە شانی داڕنی و بە لایەکدا فڕێیدا و بە نێوچاوانی گرژ و مۆنەوە دەموو ددانی بەسەر یەکدا دەکرۆشت بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ، هوما لە بێڵایە هەر ئەوەندە چاوی بە میران کەوت بە تاڵۆکە خۆی کردەوە بە ژووری

خۆیدا و ئاڵقەڕێزی دەرگاکەی هەڵپێکا، ئاسکە لە دەم دەرگای مدبەخەکە سەماوەری کولاتووی بە دەستەوە بوو دەیبرد بۆ ژوورەکە چایی دەم بکا، سەماوەری وەرشەو وەک دڵی ئەو لە کوڵ و لە جۆش بوو. میران هێور هێور گەیشتە سەری و توند مەچەکی دەستی گرت، لەولاوەی سەماوەر داینا. بێئەوەی لە مەبەستی حاڵی بێت چوونە بەرهەیوانەکە و لەوێرا بۆ ژوورەکە، وەختێ پێیان نایە نێو ژوورەکەوە بەبێ هیچ پرسیار و وەڵامێک کوێت ژان دەکا با بیکوتم، مست و شەق و شەپلاغە جێگایەکی ئاسکەی چارەڕەشی بە ساغی نەهێشت:

ـ باوەحیزی کەران‌دایکاو، چاوت نوقاندووە و دەمت کردۆتەوە دەتەوێ ئابڕو و حەیام بەری؟ گەماڵباب! تۆ کەنگێ ئەوەندە ڕووهەڵماڵاو بووی دەتەوێ دەروجیرانم پێخۆش بکەی؟!

ئاسکە هەردوو دەستی کردە لەمپەر بۆ سەروچاوی و سەری دەکۆشی خۆی‌نا. تا ماوەیەک نووزەی دەرنەهات دواتر لە بن لێوەوە گوتی:

ـ دەستخۆش لێمدە حەقی خۆمە تیمهەڵدە دەستخۆش سەی‌میران لێمدە، لێمدە!

جیرانەکانی نێو حەسارەکە بە ژن و پیاوەوە کە ئەم دیمەن و دەنگ و هەرایەیان زۆر پێناخۆش بوو بە نیگەرانییەوە گوێیان گرتبوو. ئەم زرمو کوتە لە چەشنی ڕەشەبا دڵ و هەناوی ئەوانی هەڵتەکاند ئەم ژن و پیاوانە حەقیان بوو زۆر بەخەم بن، ئەو ماڵە چەندای چەند ساڵە مەکۆی ئارامی و حەسانەوە بوو قۆناغی غەریبان و لێقەوماوان بوو ئەمڕۆکە بۆتە گۆڕەپانی نێوان دوو هەوێ‌ساری، ئاسکەخانم، جاران خانمە گەورەی ئەم بنەماڵەبوو جارێک کەس نەی‌بیست بە دەنگی بەرز بزریکێنێ و وشەی دزێو بە دەمیدا بێ، جارێک گلەیی و دڵمەندی لە کەس نەبوو، کەچی ئێستا بە هۆی ژنەتیوێکەوە ئاوا بێحورمەتی پێدەکرێ و کەسایەتی لە ناو دەچێ. لەو ماڵەدا ئەگەر دەنگ و هەرایەک بووبێ تەنیا خورشید و ئاغاجان بوون، ژن و منداڵی دەکردەوە بە ژوورێدا و دەرگای لەسەر پێوەدەدان قایشی شەڕواڵی لێهەڵدەگرتن یەک بەیەک دەیکوتان. قیژە و گریان دەرو ژووری پڕ دەکرد. دەنگ و هەرای پوور بەگم و بووک و نەوەکانیشی لەلایەکی دیکەوە ژیانی دانیشتوانی لەم حەسارەدا دەکردە قوزەڵقورت. زۆرجار جیرانەکان پێیان پێدەکەنین، لەپاش قەدەرێک ئاغاجان لە ماڵ دەچووە دەرێ، بۆ ماوەیەک خۆی ون دەکرد. هەروەختێ تمەنە پووڵێکی دەست دەکەوت مەنێک نان و تۆزێک گۆشتی دەکڕی و دەهاتەوە بۆ ماڵێ. ئیتر ژن و مێرد هەروەک هیچ نەبووبێ لە نێوانیاندا سەرخۆش و ڕووخۆش دادەنیشتن، جاروبارە ئەم بگرە و بکووژەیە لەو

ماڵەدا ڕووی دەدا و بێزارکردنەکەشی دەهاتەوە گۆڕێ، ئەم شەڕ و هەرایەش خاتووخورشید سازی دەکرد و دارەکەی دەدا دەست مێردەکەی، دایمە گرمەی دەهات و بۆ تاوێک نەیدەبڕیەوە:

ـ قوڕ بەسەرم بۆ سەروەرم؟!

بەڵام هەرچی هەبوو لەو ماڵە هاواری برسییەتی و نەداری بوو وەک دەڵێن سفرەی پڕ ئاشتی ماڵە، مەگەر مردن ئەم هەراو بەزمەی کپ بکردایە، شەڕ و هەڵلای ماڵی سەیمیران لەسەر تێری بوو لە خۆبایی بوون و لووت بەرزی بوو. ئەم دوانە زۆر لە یەک جیاوازن. سەیمیران سەروای هەرچەندە زۆر تووڕە بوو کەمەکێک بەهۆی ڕقهەستاوی چاوی بەرپێی خۆی نەدەدی و ئەوەندە بە ناحەزی کێشای بەسەر ئاسکەدا، بۆ ئەوە وایکرد هەردوو ژنەکەی چاوترسێن بکا، دیاربوو ئەوەڵ خەتای ژنە گەورەکەی بوو بەڵام بۆ تۆقاندنی ژنی چکۆڵە ئەم کارەی کرد. دیارە خۆ ئەویش بێتاوان نەبوو ئاسکە ئەگەرچی ئەم هەموو کوتەکەی خوارد بەڵام فزەی لێوەنەهات، چاو بەگریان و جەستە پرژان لەسەر لێواری کورسییەکە دانیشت سەوزەی نەورۆزی لەسەر بوو. بۆخۆی ڕەشتاڵە بوو ئەوەندەیتر ڕەشداگیرا و خوێنتاڵتر بوو، لە حەژمەتان دەستی بە قوتووی دارکەوتی جگەرەکەوە دەلەرزی. لە شەوێوە پانتۆڵەکەی بە بزماری دیوارەکەوە بوو هەستا و دایگرت و لە پێی کرد. خەریکبوو لە ژوورەکە بچێتە دەرێ سەیری کرد گلارە و بارام لە سووچی ژوورەکە سەریان کردووە بە نێو یەکدا و بۆ دایکیان دەگرین. خەمی ئەوانیشی بۆ زیاد بوو. لەسەر لێواری کورسییەکە دانیشتەوە تاکوو جگەرەکەی تەواو بکا. بیری کردەوە هەرچەندە زۆریش تووڕە بووە و ئەم ڕاسان و لێدان و پێدادانە نەدەبوو ڕووبدا واچاکە تۆزێکیش لەسەرەخۆ بێ و زمانی نەسیحەت و ئامۆژگاری بەکار بێنێ، بەبێ ئاشتبوونەوە نەڕواتە دەرێ، ئاسکەی بەختڕەش لە گۆشەی ژوورەکە هەڵکورمابوو بە نیوەنووزەیەکەوە بۆ بەختی خۆی هەڵیدەپاڵاوت. مەهدی خەبەری هیچی نەبوو بە ئاڵقەڕێزی سندووقەکە خەریکی یاریکردن بوو، لە نێو ئەم دەنگو هەرایەدا بیژەن هەر لە خەودا بوو. (ئازارەکان قوتابخانەن بۆ مرۆڤ بەومەرجەی مێشک ژەنگی نەگرتبێ) سەیمیران دوای ئەم هەڵچوون و بەرچاو تاریکبوونە هێور بۆوە و بە لەفزێکی ئارام کەوتە دڵدانەوە:

ـ هەمووی خەتای منە، ئەوەندەت بە دەوردا هاتم، ئەوەندەم قەدر لێنای تا لە خۆت دەرچووی هەر دەنگم نەکرد و بەم بەیانییە خۆم خواردەوە و گوتم بزانم واز دێنی، وازت نەهێنا، دەستبەردار نەبووی درۆیان نەکردووە بزن ئەگەر خوا غەزەبی لێبگرێ نانی شوان دەخوات، ئەو کوتەکانە نۆش و گیانت بێ کوتەک لە بەهەشتەوە هاتووە، تۆ شیاوی قەدر و حورمەت نی!

به دوو چاوی دارماڵ له قین و غه‌زه‌ب ته‌ماشای قه‌ڵافه‌تی دارِماو و هه‌ڵکورماوی ئاسکه‌ی کرد. باوه‌ڕی نه‌ده‌کرد تاکوو ئێستا چۆن له‌گه‌ڵ ئه‌م ژنه ژیاوه، بۆ ئه‌م ته‌مه‌نه‌ی به خۆڕایی بردەسەر. خۆشی نه‌یده‌زانی هۆی چییه ئاوا گۆڕاوه، ئه‌وان ئه‌م هه‌موو ساڵه له بوون و نه‌بووندا پێکه‌وه ژیابوون حه‌زیان ده‌کرد پێش‌مه‌رگی یه‌کدی بن، ئه‌ی ئێستا بۆ ئه‌وه‌نده نه‌فرینی له‌م ژنه‌یه، ئه‌وه هه‌ر ژنه‌که‌ی جارانه و ناخ و ڕواڵه‌تی نه‌گۆڕاوه. بۆ له پێش‌چاوی ڕه‌ش بووه؟ هه‌تا جاران بوو به‌خیلی به‌خۆی ده‌برد، که‌س ژن و ماڵی سه‌ی‌میرانی نه‌بوو. ئه‌دی له کوێوه ئه‌م ژنه بوو به ده‌ڵه‌دێو؟ ئه‌ی خۆ هوماش هه‌روه‌ک ئه‌و ئافره‌ته و چی له‌و زیاتر نییه؟! دیسان سه‌ی‌میران ڕق و قین گرتی و به سه‌ریدا گوڕاندی:

- چما به‌م به‌یانییه خه‌ریکه گه‌ڕه‌کم به سه‌روه‌ر بکا، ته‌مه‌نێکه به حه‌یا و حورمه‌ته‌وه ژیاوم خه‌ریکه به سه‌عاتێک ئابرووم به‌رێ حه‌یام بکاته حه‌یای پیازفرۆش! دۆستی وه‌ک تۆم بێ دوژمنم بۆچییه!

دیسان ڕیچه‌یه‌کی لێکرد و ژنه به توندی سه‌ری به‌رز کرده‌وه:

- من خه‌ریکم حه‌یای تۆ بکه‌مه حه‌یای پیازفرۆش یان خۆت خه‌ریکی ئه‌م په‌نده به‌سه‌ر خۆت دێنی ئاغا سه‌ی‌میران. تۆ ژنی ڕه‌نگینت ده‌وێ نه‌ک ماڵی سه‌نگین! بڕۆ کڵاو بنێ به تیلاگی سه‌رته‌وه بڕۆ.

ژنه ئیتر نه‌یده‌ویست ئه‌وه‌ی ده‌یزانی له دڵی خۆیدا ڕای‌بگرێ، به چاوی پڕ له بوغز و قین سه‌یری نێوچاوی میرانی کرد. ئه‌وه یه‌که‌مجار بوو ئاسکه ئه‌وه‌نده خۆی دزێو نیشان بدات، ده‌ماری لاملی قامکێک هه‌ستابوو سه‌رو گه‌ردنی زۆر ناشیرین بوو. سه‌ی‌میران وه‌ک دێوانه‌یه‌ک چاوی لێده‌رپه‌ڕاند. ددانه چیڕه‌یه‌کی لێکرد و سه‌یری ڕاست و چه‌پی خۆی کرد. له‌ودیوی شووشه‌ی ده‌رگاکه‌وه چاوی به شتێک که‌وت، ئه‌ویش بێڵه شکاوه‌که بوو له دووکانه‌وه هێنابوویه‌وه، له‌مێژ بوو له‌به‌ر هه‌یوانه‌که دایناب‌وو. وادیاربوو ئه‌وه‌ی لێی‌ده‌گه‌ڕا دیتبوویه‌وه، چووه هه‌یوانه‌که و به پێڵه‌قه‌یه‌ک ده‌سکی بێڵی له نێوه‌ڕاسته‌وه کرد به دووان و خێرا گه‌ڕایه‌وه بۆ ژووره‌که، ئه‌وه‌ی به ده‌ستییه‌وه مابوو به‌قه‌ت داری خوری‌شۆردنی ژنه کوردێک بوو. جیرانه‌کان ترساو و په‌رێشان مه‌حته‌ل مابوون. ئه‌و پیاوه به‌م تێڵایه‌وه به‌ته‌مای چییه، وه‌ک‌ئه‌وه‌ی له‌پڕ شتێک ڕووی دابێ به‌سه‌رسووڕمانه‌وه تێی‌ڕامابوون چبکه‌ن و چییان له ده‌ست دێت، به‌ردی گه‌وره نیشانه‌ی شه‌ڕ نه‌کردنه، به‌ڵام سه‌ی‌میران خوێن به‌ری چاوی گرتبوو، به‌رپێی خۆی نه‌ده‌بینی. وه‌ختێ گه‌یشته

بەردەم ئاسکەی هەناسەسارد، دەستی بەرز کردەوە و چاوی نوقاند. شەلم کوێرم کەس نابوێرم، لە تەوقی سەریەوە هەتا بەری‌پێی پێی‌داهات پشتی لە زگی نەرمتر کرد، ئەگەر لە شەڕەکاندا فریشتە دەستی ئیمام عەلیان دەگرت بۆ ئەوەی هەموو هێزی خۆی لە کار نەکا، لێرەدا شەیتان یارمەتی سەی‌میرانیان دەدا بەڵکە باشتر بتوانێ بە سەری ئەم ئافرەتەدا بکێشێ، وەختێ لە بەردەستی میران دەرپەڕی بە ئانیشکی شووشەی دەرگاکەی شکاند قیژە و هاواری دەرو ژووری هێنا لەرزین. لە پاش ئەو زریکە و قیژاندنە کەوت بە عەرزیدا و لە هۆش خۆی چوو. خوێن لە سەری بازەقەی بەست و پەلکەی خاوی ئەرخەوانی کرد. جیرانەکان چارشێودار و بێ‌چارشێو ڕژانە حەسارەکە، تەیمانێکی گۆشتن لە ژن و منداڵ دەوری ئاسکەی بێ‌هۆشیان گرت. زریکە و قیژە و هەرایەک بوو دەتگوت جەنگی مەغلووبەیە:

ـ هەڵی‌بگرن، بۆسۆی بۆ بکەن زەردەچێوە و ڕۆن دووپشک بێنن.

سەی‌میران پێش‌ئەوەی بکەوێتە ژێر چەپۆکی تانەو سەرکۆنەی جیرانەکان خێرایەکی خۆی دزییەوە، گرێی نێوچاوانی تێک‌نابوو مووی درێژی برۆی کەوتبوونە سەر پێڵووی چاوی، یەخەو بەرۆکی بەبێ دووگمە کرابۆوە، سەرئەژنۆی پاتۆڵەکەی، هەر ئەو پانتۆڵەی ئەوشەوە لە کۆڵانی سەنعەتی کە میوانی هوما بوو ئاوری جگەرە سووتاندی بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ لە شتێک گیراوە هەڵدڕابوو، سەی‌میران حەزی نەدەکرد کارەکە ئاوای لێبێ، ئەوەندە تووڕە و ڕقهەستاو بوو دڵی ببوو بە دار و بەرد بەزەیی بە ئاسکەدا نەدەهات، بەر لەو کارەی پەژیوان ببۆوە و دڵی پێی‌دەسووتا، بەبێ ئەوەی پارووەیەکی نان خواردبێ ئاسکەی سەرشکاوی بەسەر هاوساکاندا بەجێ‌هێشت و لە ماڵ چووە دەرێ. بەو بەیانییە بە بێ‌نان و چا، چەند جگەرەیەکی کێشا دەرد و خەفەتیش لەوێ ڕاوەستێ ئەوەندە پەرێشان بوو دەتگوت کەللەی سەریان جەڕەبابە داوە، بۆ ئەوەی لە کووچە و کۆڵان لە شەقام و بازاڕ ئاشنایەک نەی‌بینێ خۆی گەیاندە قاوەخانەیەکی چەپەک.

لەولاوە حاجی‌خانم بەپەلە خۆی گەیاندە حەوشە، کوتە پەڕۆیەک بەسەر تەنافەکەوە بوو خێرا دایگرت و شەمچەیەکی پێوەنا، خۆڵەمێشی پەڕۆ سووتاوی کۆ کردەوە و کردی بە بۆسۆ هاتەوە بۆ نێو ژوورەکە، بێوەژنە جاحێڵە ئەمە یەکەمجار بوو بەبێ چارشێو دانیشتوانی ئەم حەسارە دەیان‌بینی، بە توێی کراسێکی مۆر و لەچکەیەکی خاڵدارەوە دەهات و دەچوو. خۆشحاڵی و خەمخۆری بە ڕوخسارییەوە دیاربوو هەڵسووکەوتێکی لەخۆبایی کە پیاوان سەبارەت بە ژنان هەر لە کۆنەوە لە خۆیان نیشان داوە، جیرانەکان لە هەوڵی پەیداکردنی ڕۆنی دووپشک دابوون. ژنە

ئەرمەنییەکی دیوار بە دیواری ئەوان کە موسڵمانەکانی ئەو کۆڵانە هەر بە ناوی «مادام» بانگیان دەکرد، هاتە حەسارەکە. بەدەم قیژەو هەرواکەوە هاتبوو بزانێ چی ڕوویداوە ئاگرە، ئاوە یان ماڵڕووخاوە. ئەو ژنە ساکار و بێئازارە هەمیشە پرچی لە پشتەوە دەبەست و بستێ دەسماڵی ناسکی دەدا بە سەریدا، جلوبەرگی مدبەخی لەبەر دەکرد و بە کۆڵانەکەدا دەهات و دەچوو، ئەو دەیزانی موسڵمانەکان دوورییان لێدەکرد و کەمتر توخنی دەکەوتن ـ هەرچەندی زۆری بەلاوە گرینگ نەبوو، ئەویش خۆی لەوان هەڵنەدەقوتاند سێ ساڵ دەبوو لەم کۆڵانەدا دەژیا، لەگەڵ ئاسکە هاوساماڵ و دیوار بە دیوار بوون، لەو ماوەیەدا هیچ دڵمەندییەکی لە بنەماڵەی سەی‌میران نەبوو ئاسکەی خۆش دەویست. مێردی ئەم خانمە «یاکووب» ناو لە بەشی فەنی و سەنعەتی کۆمپانیای نەوتی ئێران و ئینگلیز کاری دەکرد. پیاوێکی کورتەباڵای خەپلە و ڕیشنە بوو، هەروەک هەموو ئەرمەنییەکان جوان مابوو مادام ئەرمەنی لەوکاتەدا کە بۆ ئەوێ چووبوو کچە حەوت ساڵانەکەی «ساتیک» لەگەڵ خۆی هێنابووو. کێژۆڵە هەر لە بووکە چینی دەچوو، قژکاڵ و سپیلکەلانە، ئەوەندە ئەو جلوبەرگەی لێدەکالایەوە دەتگوت گوڵخونچەی دارەسێوە، دەموولێوی ناسک و دوور ڕیز ددانی مرواری، هەر شیرین بوو تەماشای بکەی لە چاوی پیس بەدوور بێ دەتگوت حۆری و پەری دەموو چاویان بۆ شۆردووە، مادام کوڕێکیشی هەبوو بە ناوی شورا، ئەویش لەو قوتابخانەیە بوو بارام دەرسی لێ دەخوێند، بەڵام ساڵێک لە پێشتر بوو، هەر ئەوەندە ئاسکەی بینی بە سەروچاوی شەلاڵی خوێن، ژنان هاواریان دەکرد، دەی ڕۆن دووپشک بێنن، نە عەبەسراو و بە شێوەزاری ئەرمەنی و فارسی گوتی:

ـ سەبرێک بگرن، لازم نا، ڕۆن دووپشک.

بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە کچۆڵەکەی بداتەوە، بەپەلە گەڕایەوە بۆ ماڵێ و سێ‌چوار چرکەی پێنەچوو شووشەیەک دەرمانی سوور و چنگێک لۆکەی هێنا و هاتەوە، ژنان کۆڵانیان بۆ کردەوە و ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد. خۆی گەیاندە سەر ئاسکە و لە چەشنی پەرەستارێکی لێزان لۆکەی خاوێنی لە دەرمان هەڵکێشا و پرچی خوێناوی ئاسکەی هەناسەساردی لادا و برینی سەری بۆ دەرمان کرد. کەتان و مەلمەلی خاوێنی داوا کرد ڕاست و چەپ سەری بۆ بەست. کاتێک لە دەرمانکردن بۆوە بە هەستێکی دڵسۆزانە و لەفزێکی شەرمنەوە گوتی:

من هاتبووم بە مەشەدی میران بڵێم دوو خەروار ئاردی ئەشتەرخانم دەوێ، لە ئاشێکی باش.

چاوێکی لە ئاسکە کرد و بە سەرسووڕمانەوە سەرێکی بادا.

حاجیخانم لەوکاتەدا خەریکبوو کۆتە خوێناوییەکەی بەری ئاسکەی دادەکەند بە ئاماژەوە گوتی:

ـ مێردەکەی بەم دارە لێیداوە.

ئەرمەنی چاوی دەرپەڕاند و واقی وڕما:

ـ زۆر کارێکی خراپە، زۆر خراپ!

ژنان چوونە بنپیلی ئاسکە و بردیانە ژێر کورسییەکەوە، دووسێ سەرینیان بە پشتەوە نا. ژنە ئەرمەنی لەسەر قالێییەکە دانیشت و پاڵی بە دیوارەکەوە دا، کچەکەی لە بێلایە ڕاوەستابوو شەرمی دەکرد بێتە ژووری بۆ نێو ژنەکان. ئەوەندە خاوێن و لەبەر دڵان بوو یەکێک لە ژنەکان لە خۆیان ڕانەدەدی دەستی بگرن و بیهێننە ژووری، حاجیخانم گوتی:

ـ مادام، موسڵمان فرە خراپ، زۆر خراپ. مێردی ئەو ژنە، دوو ژنی هەیە، (دوو قامکی نیشاندا.)

مادام، زۆری پێسەیر بوو:

ـ ئێ! تۆ ڕاست دەبێژی؟ من نەمزانیوە، ئەو ژنەیتر لە کوێیە؟

لەوکاتەدا حاجیخانم ببوو بە دیلمانج ئاماژەی بۆ ئەوبەری حەسارەکە کرد:

ـ ژنە تازەکەی لەو ژوورەی دیکەیە، مادام، پیاوی کورد کە دەوڵەمەند بوو یان ژن هەڵدەگری یان پیاو دەکووژێ!

مادام ئەرمەنی زۆری پێخۆش بوو ژنە تازەکەی سەیمیران ببینێ، لە جێی خۆیەوە سەری کێشادەرێ کەسی نەدیت، بیری لەو کارەساتە کردەوە بەڵام نەیزانی چۆن داخ و کەسەری خۆی دەرببڕێ، ئاسکە وەک بارانی پەڵە بۆ بەختی خۆی فرمێسکی هەڵدەوەراند. خاتوو سەفیە لە بەرهەیوانەکە بەلای قوڵتەقوڵتی سەماوەرە زەردەوە مەحتەل مابوو هاتە بەردەرگای ژوورەکە و گوتی:

ـ ئەو ژنە پازدەساڵی تەواو لە ماڵی ئەو مێردەی کوێری دنیای کێشا، شاو سەپان ئێرەییان پێدەبرد. وەختێ خواستی ئەو وابوو (قامکی ئاماژەی خۆی مژی و نیشان ئەرمەنیدا) دوای ئەوەی چوار منداڵی لێخستۆتەوە، ئەمڕۆ کەوتۆتە سەر بارراستی و گا بە دەنگی دەڕوا، تازە دەهاتن مانای ژیان و حەساننەوە بزانن خەڵک لەوانەوە فێری ماڵ و ماڵداری بێت و ئەم ژنە شەو و شەونوخنییەکانی لە بیر بچێتەوە چووە ژنی بەسەر هێناوە، ملۆزمی بۆ هێناوەتە ژووری، کاری ئەو

کابرایە وەک ئەو تۆڵەیەیەی تۆ وایە ڕۆژ تا ئێوارێ بە دەوریدا دێی و خزمەتی دەکەی کەچی هەرئەوەندەی چووە دەرێ یەسقانە پیسێک بە دەمەوە دەگرێ دەیهێنێتەوە بۆ کۆلانەکەی خۆی، بریا ئەو بەعزە پیاوانە بەقەت ئەم سەگەشیان شەرم و وەفا ببوایە. ئاوا غەدری لەم ژنە دڵپاکە نەکردبایە. ئەوانە چاوبرسی و پیرکوونین دەنا ئەم ژنە چ عەیبێکی هەبوو، ماری سڕن کەس نایانناسێ، نەتدیوە بە شاڵی سەوز و ڕیشی قەڵەمکارەوە چۆن دەچنە بندەستی بێوەژنانەوە؟ دەڵێن سەید تاکوو میزیان کەف بکا دووسێ ژنیان دەوێ!

خاتوو سەفیە ڕووی قسەکانی لە مادام بوو بێئەوەی بزانێ ئاخۆم بەڕاستی لێیتێدەگا یان نا، تووڕە و پەرێشانی ئاسکە بوو. خێرا خێرا قسەی دەکرد، ئەرمەنی لە مەبەستی پیرێژن حاڵی بوو بەڵام هەر بۆ ئەوەی نەیدەتوانی جواو بداتەوە هیچی نەگوت، لە لایەکەوە شەرمی لەو ژنانە دەکرد کە باش نەیدەناسین و لەولاشەوە کە زمانی ئەوانی نەدەزانی زۆر بە خۆیدا شکابۆوە. بە ناسکە بزەیەکەوە چاوێکی لە گلارە و بارام کرد. ئەو دووانەی هەرچەندی کات زۆر درەنگ بوو هێشتا نەچووبوون بۆ قوتابخانە. پێچکەی کورسییلەکەیان گرتبوو لە پەنا دایکیان کوشمەیان کردبوو، بۆ چرکەیەک بێدەنگی مۆری قرووقەپی لە دەمی ژناندا، بیژەن چاوی کردەوە و لە خەو هەستا، کاتێک قیت بۆوە و لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت ئەم هەموو ژنەی دیت دەوری دایکیان داوە و کەس ورتەی لە دەم دەرنایەت، دایکی ئاوا سەرو سەکوتی پێچراوە، ئەو ڕۆژانەی وەبیر هاتەوە کە بۆ ڕەوزەخوێنی کۆ دەبوونەوە، ڕووی کردە خوشکی و گوتی:

ـ دادە، ئەی بۆ باوەشێخ ڕەوزە ناخوێنێ؟

نوقڵی ئەم وتەیە بێدەنگی ژنانی شکاند.

هاوکات لەگەڵ ژنان ئەرمەنی پێکەنی، درز کەوتە سەرلێوی بارگرتووی ئاسکە و بە ئاستەم سەدەفی ددانی وەدەر کەوت. بەڵام چرکەیەک بە لاملیدا تێپەڕی و ئاخێکی بۆ کرد. بە ترسەوە پەنجەی بە ئەستۆی خۆیدا هێنا و دواتر بە سەری بیژەندا، لەوکات و ساتە ڕەش و خوێناویەدا کە مێردی وەفاداری بە سەری هێنابوو، تەنیا دەلاقەیەک کە ڕووناکی ئەدا بە دڵ و چاوی، جگەرگۆشەکانی بوو. بە کۆڵێک ژان و پەژارەوە گوتی:

ـ ئەرێ، دایەگیان بووە بە باوەشێخ ئەوە نییە مەندیلی لەسەری پێچاوە. بەڵام ئاغاگیانت ڕەوزەکەی خوێند. ئەوە نەورۆزانەی ئەمساڵ بوو بابت پێشکەشی کردین. دەستی نەڕزێ، بەڵام من

و ئەو ژنە بێدەرپێیە مابێتمان بزنی کۆڵەش ڕۆژێک تۆڵەی خۆی لە بزنی شاخدار دەستێنێ. خوا ئێوەم لێنەستێنێ میران چیدەکا با بیکا.

بیژەن لەو قسەیەی دایکی و لەو چاوانەی کە هەروەک پەپوولە بە سەریدا باریبوون شەرم گرتی و سەری داخست. چووە بەردەم ساتیک، ئەو کەڵەشێرە قورمیشییەی بابی لە مەشەد بۆی هێنابوو هێنای و لە بەردەم منداڵەدا داینا، بارامی برای کە هەوڵی دەدا خۆی لە قوتابخانە بدزێتەوە بۆی قورمیش کرد و لەسەر عەرزی داینا، هەروەک کەڵەشێری ڕاستی دەندووکی بە زەویدا دەکێشا، لەم دەرفەتەدا چایی ئامادە بوو، بەڵام هەرچەندی هەوڵیاندا مادام گیر نەبوو پیاڵەیەک چایی بخواتەوە. وتیان چایی خوێی نییە تاکوو نمەکگیر بی. سوور هەڵگەڕا و هیچی نەگوت، وەختێ دەچووە دەرێ پێیوتن وەختێ ئاغامیران هاتەوە بە بۆنەی ئاشەکەوە دێتەوە و پێیدەڵێ، ئەوە داب و دەستوورێکی دزێوە و ئەگەر ئیسلامی ئێوە ڕێگەی پێداون دوو ژن و چەند ژن بێنن بڕیارێکی هەڵەیە و ئەم ئاکارە لە ئینسان ناوەشێتەوە، لێدان و پێدادانیش بۆ ژن نەهاتووە بنیادەم وەختێ دەگاتە دەرەجەی ئینسانییەت و ئەقڵانییەت پەیدا دەکا نابێ دەست بەرز بکاتەوە و حەق و مافی مرۆڤایەتی ژێرپێ بنێ. بە زمانی ساتیکەوە داوای کرد بیژەن بۆ کاتژمێرێک بچێ بۆ ماڵی ئەوان بە کەڵەشێرەکە یاری بکەن.

ئەو ڕۆژە تاکوو تاریکانی شەو سەیمیران نەهاتەوە بۆ ماڵێ، لەو ماوەیەدا ئاسکە سەرو دڵ پڕ لە ژان ڕاکشابوو بۆ بەخت و مێردی خەرەفاوی دەگریا و نەفرینی ڕۆژگاری دەکرد. ئەمڕۆکە تازە دەهات وەحەسێ بۆچی پشتی تێکرد و ئەم بەڵایەی بەسەر هێنا، لە درزی دەرگاوە ئاگای لە حەسارەکە بوو کێ دێت و دەڕوا، چاوەڕێ بوو بزانێ ئاغا میرانی مێردی کەی تەشریف دێنێتەوە. بەم حاڵەشەوە لە چاو ڕۆژان هەستی بە سووکبوون و دڵئارامییەک دەکرد. ئەگەرچی خەم و پەژارە لە هەواری دڵیدا خێوەتی ڕەشی خۆی هەڵدابوو بەڵام هێشتا ترووسکەی هیوای بەدی دەکرد و بە هۆی منداڵەکانییەوە دوا ڕۆژی خۆی ڕووناک دەبینی، لەو عادوسەدەدا، میران بە سەرو ڕووی خۆشەوە چارەکەیەک هەنار بە دەستەوە لەگەڵ دوو کەسی نەناس بە جلوبەرگی کوردییەوە هاتەوە بۆ ماڵێ، ماوەیەک پێشتر کوڕەکەی نوقرە وەختێ نانەکەی بۆ هێنابوونەوە، گوتبووی سەیمیران دوو میوانی کوردی لەگەڵ بوو چوون بۆ چاییخانە، لەباتی مەنێک نان ئەو ڕۆژە دوو مەنی نان ناردبۆوە، ئەوە نیشانەی ئەوەبوو میوانەکانی شەو لە ماڵی میران دەمێننەوە، دیارە کوردیش نانخۆرێکی لەزەبرە. ئاسکە بۆ ئەوەی میوانەکان بناسێ لەسەر جێگاکەی خۆی هەستا و

له دەرگاکەوە تەماشایەکی کردن. یەکیان پیاوێکی قەڵافەتدار و ڕێکوپێک بە ئارامی هەنگاوی دەنا، وایدەزانی سەیری باڵاخانە و کۆشکی بابل دەکا بە ترسەوە دەیڕوانی. دەنگی ناسکی هوما لە دوای دە کاتژمێر بێدەنگی لە ژوورەکەی خۆیدا ـ خۆشی خۆشی و گەشانەوە هاتە دەرێ بۆ ئاو هەڵگوێزان، ئەوەی دەردەخست بێتوو نەبێ ئەم میوانگەلە کەسوکاری ئەون. بەڕاستی هەرواش بوو، یەکێ لەو دووانە خاڵۆ کەرەم کوڕە مامی هوما بوو، گۆیا کوێخای چۆغە سپییە، کەیخودایی لە بەژن و باڵای دەکاڵایەوە، ئەوی دیکەیان براگەورەکەی بوو بە ناوی براخاس، ئەوەندە بەرگ و بەرێکی شڕی دەبەردا بوو هوما پێیعەیب بوو لەلای جیرانەکان بڵێ ئەمەیان برامە، بەڵام ئەوەندە خۆشحاڵ بوو نەیدەزانی چیبکا، منداڵانی فێر کرد دەروجیران ئاگادار بکەنەوە کەسوکاری هوماخانم هاتووە هەروەک دەیگوت چەند ساڵێک دەبوو کوڕە مامی نەدیبوو، ئێستاش کە خانمی خانمانە و ژنی گەورەماڵە ناحەقی نەبوو دڵخۆش نەبێ، لەویش خۆشحاڵتر سەیمیرانی مێردی بوو لەوسەری حەسارەکەوە بانگی بارامی دەکرد پارەی بداتێ و خێرا بچێ لە دووکانی بەقاڵی ماست بکڕێ، میران بۆیە زۆر خۆشحاڵ بوو، دەروجیران بە خەیاڵی خۆیان دەیانگوت هوما کەسوکارەکەی پشتیان تێکردووە، ئەو قسانەی لە ماڵی زارا ڕەشتی بۆیان ساز کردبوو خەریکبوو نرخی سەیمیرانی کەم دەکردەوە و هاوساکان زۆر لە هوما نزیک نەدەبوونەوە، وەکوو قەل و کەو وا بوون. حەوتەیەک دەبوو پشتیان تێکردبوو ژنە وایدەزانی گولە بۆیە ئەوان توخنی ناکەون. هەمیشە فکری لە داهاتووی خۆی دەکردەوە و هەناسەی هەڵدەکێشا و وەڕووی خۆی نەدەدا، یانی سەیمیرانی ئەویندار و دڵدۆڕاوی ناسکە هوما ئاگای لەم حەیسو بەیسە نەبوو؟ هوما هەرچییەک بوو لەو ماڵەدا غەریب بوو، نەشدەبوو ئەوەندە لەگەڵی ساردوسڕ بن. میران هەر لە بنەماڵەوە میوانگر و نانبدە بوو، میوانی ئەمشەوی جیاوزتر لە جاران بوو، ئەوانە برا و ئامۆزای خۆشەویستەکەی بوون، دەبوو زۆر خۆشحاڵ بێ، شەک بەرانیان لەبەر پێدا بکووژێتەوە، خزمی ژنە، بەرە بەرە، خزمی پیاوە دەربەدەرە.

هوما ئەوەندە دڵخۆش بوو وایدەزانی دنیایان پێداوە، ئەوشەوە لە مدبەخەکە دووجار لەگەڵ ئاسکە لووتیان بە لووتی یەکدا تەقییەوە. پێیخۆش بوو قسەی لەگەڵ بکا، بەڵام ئاسکە ڕووی لێوەرگێڕا و بە بەشەری حیساب نەکرد. هێلکەو ڕۆنێکی جوانی ساز کردبوو بە خورما ڕازاندبوویەوە بابۆڵەیەکی پێچاوە و دایە دەست بیژەن. ئاسکە بە قینەوە بابۆڵەکەی لە دەست بیژەن وەرگرت و تووڕی هەڵدا بۆ حەوشەکە، لەوکاتەدا کورپە سوور دەرفەتی هێنا و هەڵیگرت و

ڕفاندی. هوما بە دەوریدا هات و ڕیایی لەبەر دەکرد، بەڵکە لەگەڵی ئاشت ببێتەوە، بەڵام ئاسکە ئەوەندە ڕەنجابوو ئاوا بە خێرایی لە دڵی دەرنەدەچوو، لەگەڵ ئەو ژنە قسە بکات و بیدوێنێ، فکری دەکردەوە دوای پێنج مانگ ئەم خزموکەسەی کێ خەبەری پێدابوون، چۆن دەیانزانی سەی‌میران مارەی کردووە چۆنە ئێستا وەبیریان کەوتۆتەوە، وەبیری هاتەوە ئەو ڕۆژەی مارەی کردبوو خەبەری دابوو بە خزمانی هوما، بەڵام لەو وەختەوە تازە هاتبوون. پێکەنینی بەمشتە دەهات، براخاس هەر ئەوکاتەی گەییە حەساریێ نیشانی‌دابوو ئاوەزی پارسەنگی گەرەکە لە خوار پلیکانەکان پێڵاوی داکەندبوو، ژنان بەم دیمەنە تریقابوونەوە و منداڵان زمانیان لێ‌دەرهێنابوو، هوماش بەمکارەی براکەی پێکەنیبوو.

ئەگەرچی سێ ڕۆژی مابوو ئاوری نەورۆز بکرێتەوە میوانەکان لە دێ کاریان هەبوو، بەپەلەی گەڕانەوە بوون. بە حورمەتی خانەخوێی سەربەدەرەوە و بەناوبانگی چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە. لەو ماوەیەدا هەموو بە دەوری یەکەوە بوون لە ژوورە گەورەکە دادەنیشتن. سێ‌ژەمە لەو دیوەدا بوون تەنیا بۆ خەوتن ئەوان دەچوونە ژووری خۆیان. هوما و سەی‌میران لە میوانخانەکە دەنووستن. براو ئامۆزایان بەڕێی ئاودارخانە دەکرد. ئەگەرچی هێشتا هەوای دەمەو بەهار جەستەی دەگەزی لە ژوورە گەورەکەدا مەنقەڵی برنجی سکڵی لەسەر بوو هوما جاروبارە دەرگا و پەنجەرەی دەکردەوە، ئەو پەردە ناسک و گوڵدارانەی وەختی خۆی ئاسکە بە دڵو بەداو هەڵی‌واسیبوون، چیرۆکی بەختەوەری و تەبایی بنەماڵەیان لەخۆ گرتبوو ئێستا بە دەستی هوما لادەدران. سەماوەری وەرشۆ لەلایەک قوڵتە قوڵت دەکولا و بۆنی چێشتی خۆش دەرو ژووری پڕ کردبوو، میوانی خوشکە ڕۆن لە ئانیشکە، هوما دەهاتوو دەچووەوە، پێدەکەنی و بە دەوری براو ئامۆزادا دەهات، لەچکە و چارشێوی تووڕ هەڵدابوو وەک تاووسی مەست بەسەر فەڕش و مافوورەدا دەهات و دەچوو، لە دوای ئەو ناخۆشییەی کە بۆ ئەو ماڵە هاتبووە پێشێ، ئاسکە ئەیزانی مێردەکەی بە هۆی دڵنارەحەتی و ئاڵۆزی فکری ئەم کارەی کرد، بەتەما بوو زوو بێت بۆلای ئاشتی بکاتەوە، بەتایبەت لەم سەرەبەهارەدا کە دۆست و دەستگیران ئاشت دەبوونەوە، سەی‌میران ئەگەرچی فیزو ئیفادە ئەم ڕێگایەی پێنەدەدا، بەڵام ناچار بوو پەشیمان ببێتەوە و دڵخۆشی ئاسکە بداتەوە و خەم و کوڤانی لە دڵ بسڕێ. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو فکرەی ئاسکەی سەرو دڵشکاو هەیبوو، هوما هەوڵی دەدا زێدەتر خۆی شیرین بکات، هەربۆیە سەی‌میران سووری دیبوو سەمای لە بیر چووبۆوە وەختێ لە داڵانەکەوە دەچووە حەساریێ نە کەم و نە زۆر ئاوڕی لە ژوورەکەی ئاسکە نەدەدایەوە، وەک

نامۆیەک سەری دادەخست و ڕووی دەکردە ژووره گەورەکە، ئەم دارکاریکردنە حەقی ئاسکە نەبوو، نۆره شەوەکەی سووتابوو، هێشتا پیاو خراپیش بوو، ئەو پیاوە سەرەڕای ئەم زوڵم و دارکاری کردنە تەمای ئەوەی بوو ئاسکەی سەرشکاو بچێتە سڵاوی و داوای لێبووردنی لێبکا. هەر لە کۆنەوە ئەو مرۆڤە لاسار و سەرەڕۆیانە ڕەفتار و ڕەوشتی خۆیان تێکنەداوە، قەتیش دان بەوە دانانێن زۆربەی کار و کرداریان هەڵەیە. ئاسکە بە هەڵسوکەوتی میران چاک ئاشنا بوو، حەزی دەکرد بۆ چەند ڕۆژێک خۆی لە جێگادا بخات، بزانێ بەڕاستی لێیدەپرسێ و پەرەستاری لێدەکا، بڵێی لێینەپرسێ و بەلایەوە نەیات؟ بەو مەبەستە بەیانییەک بەفری نێو باخچەکەی لادا، چنگێکی بەفری خاوێن خوارد، جامێکی بردە ژووری، تاکوو لەسەر سنگی دابنێ و سینەپاڵوو بکا و تووشی ژان و برک بێ، بەڵام نەیوێرا ئەمکارە بکا. ئەمکارە ڕێگەی ئەقڵ نەبوو، خۆی تووشی نەخۆشی بکات و دەغەزرابێت، کێ لەونێوەدا زەرەدمەند دەبوو لە خۆی زیاتر، منداڵەکانی پێیەوە گرفتار دەبوون و دەرس و قوتابخانەشیان دەچوو، کێبوو ئەوکارە بکا، مەدە،Medee خۆ ئەو ژنەکەی ژازۆن نەبوو چونکە مێردەکەی بەتەمای کچی شاکورەنت بوو جگەرگۆشەکانی سەرببڕێ و بەمشێوەیە داخی دڵی بە هەوێ و مێردەکەی دەربکا و بە خەیاڵ تۆڵە بکاتەوە، ئەورۆژەی کە بۆ بەیانیدا خاڵۆ کەرەم و براخاس خواحافیزییان دەکرد، وای بەچاک زانی ڕەوشت بەرزی لە خۆی نیشان بدات و ڕق و کینە بنێتەلاوە و لە سبەینێدا قسەی دەروجیرانی نەیاتەوەسەر پەڕۆ و پاڵی قەتماخەگرتووی سەری کردەوە و لەچکەیەکی گەورەیدا بە سەریدا و چووە ژووره گەورەکە. زۆر بە گەرمی کەسەکانی هومای بەخێرهاتن کرد. ئەوان لەمێژ بوو نانی نیوەڕۆیان خواردبوو هوما لە پەنا سەماوەری وەرشۆ دانیشتبوو بە سەروخولکێکی خۆشەوە بزەی لە لێو نەدەکەوت چایی بۆ تێکرد. سەیمیرانی مێردی سەرو ڕووخۆش هەر بسکەی سمێڵی دەهات، لەگەڵ خزمی تازەی ئەوەندە گەرموگوڕ بوو دەتگوت دوای سەدەیەک بزربوون تازە بە دیداریان شاد بۆتەوە، باسی کێشە و گرفتی نێوان نانەواو سنف و ئاشەوانان کە هەروەک شەڕی ئێران و توران دوایی نەدەهات. بیرەوەری خۆی بۆ دەگێڕانەوە و چۆن چووە بۆ مەشەد و خۆراسان و چی دیتووە و چی هێناوە و سەیارەی دووکەڵی شاعەبدول عەزیم و شوێنە خۆشەکانی وڵات و سەیرو سەفای جەماران و دیاری و سەوقاتی هەمەڕەنگ، جارێکیش بارامی لەگەڵ خۆی بردووە و لە بازاڕی پێڵاودروەکان زللەیەکی باشی تێسرەواندووە، وەک ئەوەی شانامە و چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابیان بۆ وەخوێنێ، سەیمیران وەختێ بیسەری تێگەیشتووی خۆی دەستدەکەوت هەردوو گوێچکەی بە ئیجارە دەگرت و لە تاریفاتی خۆی ڕادەچوو، وەک خان و

ئاغاواتی ساماندار و بەدەسەڵاتی لوورِ و جوامێران کڵاوی دەنا بە تیلاگی سەریەوە، قۆڵ و مەچەکی تا سەرئانیشکی هەڵدەکرد. چاوی دەبریسکاوە و بزە دەنیشتە سەرلێوی ددانی سپی و وردی بە ڕیز دەردەکەوتن تەواو محیبەت و دڵۆڤانی لە ڕوخساری دەباری. زۆرجارخۆشی خۆشی نێوچاوانی نوورانی دەکرد، جاریوابوو برۆی تێکدەترنجاند و غورروور و سامێک بەدی دەکرا، هەمووجارێ لەگەڵ وتەکانیدا دەستی دەجووڵاند. ئەم جووڵە و وردە چیرۆکانە سەربوهردە و باسی جوامێری و نانبدەیی لە هەگبەدا پێبوو ئەو کەسەی کە گوێی لێدەگرت دۆست بایە یان دوژمن، گەروەبایە یان بچووک خۆشیدەویست و کارێکی نەدەکرد لێیبێزار بێت، دڵ و دەروونی بەتاڵ لە کینە و دارماڵ بوو لە بیرەوەری، لەمەڕ ئەم بابەتانەوە ئاسکە مێردی خۆی باش دەناسی، جەوهەری پیاو هەیبەت و لەفز و ڕاوێژ و ڕەوشتبەرزی و کەڕامەتی ئەوە، بەومەرجەی مەزنایەتی خۆی بپارێزێ و بزانێ چۆن دەدوێ، ئەم تایبەتمەندییانەش بەبێ کەمو زیاد لە وجوودی سەیمیراندا دەبیندرا، ئیتر مێردی ئاسکە ئەم دوانیوەڕۆیە لەوپەڕی میرخاسیدا لەوێ دانیشتبوو قسەی دەکرد. لە یەکەم نیگادا بە ئاستەم نێوچاوانی تێکنا، بەڵام زوو لە بیر خۆی بردەوە و چۆوە سەر قسەکانی. ئەگەرچی ئاسکە سەری شکاوی خەریک بوو چاک دەبۆوە، بەڵام دڵی زۆر بریندار بوو. بەمحاڵەشەوە بەبێ درۆ و دەهۆی خۆشیدەویست. ئەگەر لەوکاتەدا کەسی بە دەورەوە نەبوایە بێگومان بەسەر دەستو پێیدا دەکەوت و قۆڵ و باسکی تووکنی ماچ دەکرد و دەیخستە سەر ئەستۆی خۆی. فرمێسکی دادەباراند و لە تاوانی بێتاوانی پەژیوان دەبۆوە و عوزری دەخواست. خالۆ کەرەم، هەروەک لە گوێگرتن و دانیشتن و ئەدگاریدا دەردەکەوت، مرۆڤێکی مەجلیسخۆش و قسەزان دیاربوو. ژیرانە گوێی دەگرت و بە حورمەتەوە لە بێژەری دەڕوانی و بەڵێی بۆ دەکرد: فەرمایشتە و دەتفەرموو، زۆر جوانە و ئیتر بەم ڕستانە هاونشینەکەی هاندەدا، بۆ قسەی زیاتر و بیرەوەری خۆشتر. دانیشتنی چوار مێردەکی و بە ئەدەبەوە بە ڕوانین و تێڕامان و دەست لەسەر دەستدانانی ئەو پیاوە چل و پێنج ساڵەیە نیشاندەری پیاوچاکی و بەوەجی ئەو بوو. خالۆ کەرەم گوێی بۆ هەرکەسێک بگرتبایە ژنبایە یان پیاو، مناڵبایە یان گەروە تاکوو کۆتایی قسەکانی گوێی بۆ شل دەکرد و قسەی پێنەدەبڕی. وەک ئەوەی لە بەرامبەر ئاغای گوندەکەیاندا ڕاوەستابێ، ئەگەر پێیانگوتبایە ماست ڕەشە و قیل سپییە قسەی بەرپەرچ نەدەدانەوە، دەکەوتە فکر کردەوە بزانێ نەک وتەی ئەوان ڕاستبێ و ئەم تاکووم ئێستا بە هەڵەدا چووبێ. ئەم خدەو ڕەفتارە لە ڕواڵەتیدا دیاربوو بەڵام لە دەروونەوە بیرو ڕای خۆی هەبوو ئەم خۆبەکەم گرتنەشی لە گەورەیی و کەڕامەتی ئەوی کەم نەدەکردەوە، سەروچاوی تاوسووتوو

گەنمڕەنگی لەگەڵ چاو و برۆی ڕەش و گەورەی هەر لە خۆی جوان بوو. ڕوخسار و قەڵافەتی نیشانی دەدا پیاوێکی بەکارو ماندوو نەناسە، هەروەک هەموو لادێنشینان بەرز دەدوا، دەنگێکی نێرو کوڕانەی هەبوو. کاتێک باسی لە شتێک دەکرد هێندە بەتامو خوێ قسەی دەکرد هەر شیرین بوو گوێی لێبگری، بەڵام جارێک لەلای هاوڕێکانی گوتبووی: هەروەختێ لەسەر بابەتێک سوێندم خوارد بزانن شتەکە وانییە. سەیمیران هەر بۆیە بە چاکی چووبووە دڵییەوە، دەیزانی وتەی هیچ و بێنرخ بە دەمیدا نایات. ئەم وەج و مێرخاسییەی لە خاڵۆ کەرەمدا هەبوو لە براخاسی برای هومادا نەدەبیندرا، مرۆڤێکی بێدەنگ و کەمدۆ بوو، گوێی هەڵدەخست و کاری بە هیچ نەدابوو. مووی سەرو گوێلاکی پاک تاشیبوو تەنیا فۆکلەیەکی لە نێوچاوانیدا قوت کردبۆوە. تەنکە سمێڵی شۆڕ کردبوونەوە. سەرچەنەی زۆرتر لە مەغوول و ئۆزبەکی دەچوو تاکوو کوردێک، ئەگەر سەعاتێک و ساڵێک لە شوێنی خۆی جووڵەی نەکردایە و کەس نەیدواندبایە لە ئەلف نەدەهاتە بێ، خۆ ئەگەر وتەیەکی بە دەمدا هاتبا هەر وەک ئەوەوابوو هیچی نەوتبێ، بەڵام بەم بێدەم و دوودییەش واتدەزانی جوامێرێکی بە دەستوبردە. بە ڕێکەوت هەر ئەورۆژە کە هاتبووە شار لەسەر شەقام فەرماندەی دژبانی تەقیلەکەی لەسەر دادەگرێ، بۆ ئەوەی خەڵک بەم سەرە تاشراوەی پێبکەنن. خۆ ئەگەر لەگەڵ سەیمیران نەبوایە تەنانەت پەستەکی بەریشیان لەبەر دادەکەند. لەو کاتوساتەدا حکوومەت هەوڵی ئەوەبوو خەڵکی ئێران یەکبەرگ و یەکزمان بن جلوبەرگی کورد و لووڕ وەک چقڵی چاوی نەیاران وابوو، دەسەڵات گونی گونداری دەردەهێنا، تابلۆی دووکانێک بۆنی وشەی کوردی لێهاتبایە لە سەری خاوەندووکانداردا دەیانشکاند. خەزێنە و قووڵکەی گەرماوەکانیش تێکدران و شۆڕابەیان بۆ دانان. کۆمەڵگایان بەرەو پێشکەوتن دەبرد، فرەزان و مێشکتەڕان و پێشەوای مەزنی کات، وایان بیر دەکردەوە: ئەگەر هەمووشت داتەقێ و باراشی بکرێ ئەوە خاس دەچنەپێشێ و باش هەڵدەگرنەوە، لە هەوڵی بنیاتنانی ژیار و شارستانییەتدا بوون.

لە قسە و باسی ئەورۆژەیان کە لە ژووره گەورەکەدا دەیانکرد، کوێخا بەڵێنیدا بە سەیمیران لە دەرفەتێکی باشدا چەند تەغار گەنم بۆ سەیمیران دابچێنێ لە چۆخە سپی یان گوندەکانی دەورووبەری، چۆخە سپی بە دەست قوڵەبەگانەوە بوو لە کاتی خەلەدا نەبوایە ڕەعیەت چی دەستنەدەکەوت. کەوابێ سەیمیران هەر نانەوایی نەبوو عەلاف و باغدار و مامەڵەچی و هەمەکارە بوو. لە کاتی جووتکردندا ئەگەر سەت مەنی گەنم بە کەسێ بدایە لەسەر خەرمان لەباتی ئەوە دوو خەرواری گەنم وەردەگرتەوە، ئاسکەی هەناسەسارد وردەوردە هەستی بە دنیایەکی تازەتر دەکرد.

ئەم خزموکەسەی هوما داهات و ژیانێکی نوێیان بۆدەخستنە سەر ئەم سامانەی پێشوویان میران لە هەرلایەک خێری وەدەست کەوتبایە زۆر زوو دەیقۆستەوە، ئەم خزمە تازانەشی کە لە دێ نیشتەجێ بوون دەیانتوانی لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ ئەوان ببنە خەزێنە. بەڵام هەرچی هەبوون بۆدڵی ئاسکە ڕووناکیدەر نەبوون و هومای بەقەت کێوێک بە بەرچاوی خۆیەوە هەست پێدەکرد.

ئەو سەعاتەی خاڵۆ کەرەم خەریکی خواحافیزی کردن بوو، بە باشی زانی بچێ ماڵئاوایی لە ئاسکە بخوازێ لەبەر بێڵایە پێیوت:

ـ خاتووئاسکە، هوما برازای منە، بەڵام لە دوای سەیمیران تۆ لەو ماڵەدا گەورەی هەتا ئێوە هەبن کەس لەسەر هوما حەساو ناکا، لێرە قەرەواش و خزمەتکاری تۆیە و بێتە بارێک دەبێ مەمنوون بێ تۆ کەوشی پێدابنێی.

لەپاش ئەوەی ئامۆزا خاڵۆ ڕۆیشت، سەیمیران براکەی هومای گێڕاوە و بە هۆی ئەوەی بەرەو جەژنان بوو دەستێک جلوبەرگی نیمداشتی خۆی پێدا و کردیە بەری، فەرنجی و جلە کۆنەکانی دەبوخچەیەکنا و لەولاوە داینا، وادیاربوو حەمامیان پێکردبوو، هەرچەندە کڵاوی پەهلەوی باوی نەمابوو، سەیمیران ئاخرین کڵاوی پەهلەوی ماهوتی خۆی کە تەنیا ڕایەک لە سەری نابوو ئەوەشی پێدا ئەوەندەی لە ماڵێدایە بیکاتە سەری، سەیمیران لەم چەند ڕۆژەی کە بۆ شەوی نەورۆز مابووی بە پێچەوانەی ئەم و ئەو، ڕۆژێکی تایبەتی هەڵنەدەبژارد لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و سەردانی ماڵە خزمان بکەن، ئەو ڕەفتارانەی بە ئەعیان و لەخۆدەرچووان دەزانی و پێیدەگوت ئەوە دیاری بێگانە و ژیانێکی ماشێنییە. گەردوون دوو ڕۆژی لە تەمەنی خاکەلێوە سڕییەوە و دووهەم برای هوما خانبابا، لەولاوە پەیدا بوو، هاتبوو دەستی زاوای گەورەی ماچ بکات و خۆی پێبناسێنێ. نیمچە جحێڵێکی جوانکیلە و پاک و خاوێن و تۆزێک شەرمێون و ئەگەر خاوەنی تەنیا چاوێک نەبوایە بۆخۆی تەوا بەگزادەیەک بوو، هوما گوتی بە منداڵی قەڵەمتاشی بە چاودا چووە. زۆر زوو لەگەڵ منداڵەکانی ئاسکە بوو بە هاوڕێ و قۆچەقانی و قەڵماسەنگی بۆ دروست کردن. ئەگەرچی دەیانگوت لە دێ لە ژێردەستی برا گەورەکەیدا کاری دەکرد کەچی لە ماڵدا زۆر لەو ڕێکوپێکتر و کارجوانتر بوو، زۆر زوو فێری شار و بازاڕ و نانەواخانە بوو، کاروباری خوشکی ڕادەپەڕاند.

جەژنی نەورۆز بۆ ئاسکە بووە دەرد و خەم و سەرەتای بەهاری بە خەفەت و مەراقەوە بردەسەر. لەپاش چاردە ساڵ پێکەوە ژیان و سارد و گەرمی ڕۆژگار ئەوە یەکەم بەهارێک بوو چاو بە ئەسرین بۆ بەختی خۆی بناڵێنێ. کەمتاقەت و نەدوێن ببوو لەو ماڵەدا حەزی بە هیچ نەدەکرد. لە

چاک و له خراپ، ورده ورده شێواز و دەستووری تازه له ماڵەکەدا سەقامگیر دەبوو له ناچاریدا پێمل بوو، شەو و ڕۆژ بیری له ڕابردووی خۆی دەکردەوه و له خده و ئاکاری سەی‌میرانی مێردی، جیران و دەستەخوشکەکانی که دەهاتنه سەردانی زۆر بەم ناتەبایی و گۆڕانه پەرێشان و عاجز دەبوون، خەفەتیان بۆ دەخوارد. ئەمه ماوەیەک بوو شەڕ و ناخۆشییەکه له بیر چووبۆوه و هەوێکان یەکترییان دەدواند و تامی چێشتی یەکدیان دەکرد. هێشتا سەی‌میران به تەواوی لەگەڵی ئاشت نەببۆوه، شەوانه له ژووره گەورەکه لەلای هوما دەنووست. نۆرەشەوی ژنان تێکچووبوو، ئەویش وای‌نەدەزانی لەو ماڵەدا جگه له هوما ژنی دیکەی تێدایه. ئاسکه زۆری فکر دەکردەوه و به هیچ جێگایەکیش نەدەگەیشت، سەری لەوه سووڕمابوو سەی‌میران بۆچی ئاوا کتوپڕ خۆی لێ‌گۆڕا و ئەم گشته چاکەی ئاسکەی له بیر چۆوه، ئەم هەموو سارد و سڕییه یانی‌چی و بۆ دەبێ ئاوا به خێرایی ئەم ژن و منداڵانەی له بیر بچێتەوه؟ گەرەکییەتی چ دەردێکی بداتێ و ئازاری چی پێ‌دەچێژێ؟ لەچی بێزاره؟! ئەگەر کەسێک هاتبا و لەوێ میوان ببایه بانگی بیژەن و بارامی دەکرد، بۆ دانانی تەپڵەکی جگەره و لابردنی ئیستیکان و پیاڵەی چایی، دەنا ئەوەندەش ڕووی به منداڵەکان نەدەدا و لەتەک ئەوانیشدا ساردوسڕ بوو، بۆ ئەو منداڵانه باوکەکەی جاران نەبوو وەک زڕبابێک هەڵس‌وکەوتی دەکرد. ئەم ڕەفتارانەش له هەموو لایەکەوه به دڵی هوما بوو، نێوان‌خۆشی میران و هوما وەک بووک و زاوای گەنج و لاوی لێ‌هاتبوو ڕۆژێ ئاسکه سەدجار دەمرد و دەژیاوه. ئاخۆم بەم حاڵەوه دەکرا ئەم ژنه هەروا به هەناسەساردی بمێنێتەوه و فرمێسک هەڵوەرێنێ؟ ئەم هەموو تاڵی و سوێرییەی ئەم ئافرەته چەشتبووی ئەم گشته زەحمەت و چەوساننەوەی ئەم تووشی هاتبوو لەلای ئەو مێرده بێ‌وەفا و پێنەزانه، هەروەک مرۆڤێکی ڕەوشت‌پاک وابوو که له دیوانی یەزدان سەرفراز و ڕووسوور بێت و نەفامان به جێگای ئەوەی دەرگای بەهەشتی بۆ بکەنەوه چوارپەلی بگرن و گوێ له حاند هاوار و ناڵەی کپ بکەن و تووڕی هەڵدەن بۆ قووڵایی دۆزەخ، ئەو وەک هەمان فریشته وابوو به مەغلووبی له حەدیسەکاندا ناوی دەهێنن. تەنانەت وای‌لێ‌هاتبوو له کن دارو بەردیش باسی چارەڕەشی و نازلێشێواوی خۆی دەکرد:

ـ ئەی گەردوونی بێفەڕ، هەڵه و تاوانم چبوو بۆچی تووشی ئەم نەهامەتییەت کردم؟! پازده ساڵ لەتەک تەواوی کوێرەوەرییەکاندا سازام، کەمم قەدر و حورمەت لێنا؟ عەولادی له من نییه؟ وەجاخ‌کوێر و قەدەمڕەش بووم؟ ساویلکه و شەل‌و کوێر بووم؟ ناحەزی و خراپی من چی‌بوو ئاوا ژنی بەسەر هێنام؟ خۆ دەبوو پێم‌بڵێ ئەو عەیبەت هەیه بۆیه ژنت بەسەر دەهێنم، هێندەم هەمییەت پێدا بۆیه لەخۆی دەرچوو، کەی ئەمه بوو وەڵامی من کەی؟!

دڵخۆشییان دەدایەوە:

ـ ئاسکەخانم دڵنیابە وانییە، ئەو ئێستاش زۆری تۆ خۆش‌دەوێ، تۆی لە بیر نەچۆتەوە جانبی تۆی دەوێ چوار منداڵی لە تۆ هەیە، ژنێک دوو ڕۆژە هاتۆتە ئەم ماڵە ناتوانێ جێی تۆ بگرێتەوە، ئەویش بەو وەزعە خاوێنەی هەیەتی!

ـ ئێوە چۆن شتی‌وا دەڵێن! تۆخوا با لەوەزیاتر دەردمکاری نەبێ، سووکایەتی پێنەکردم، کردی، ڕازی چەندین ساڵەی ئەم خێزانەی لەلا نەدرکاند، درکاندی، بەخاتری چاوی خانم سەری نەشکاندم، شکاندی، چۆن بە دڵی ئەو بوو ئاوا قەدری لێنام! (قوڵپی گریان بەرببینی پێگرت). ئیتر چی‌ماوە نەیکا، من گەسکە کۆڵە و ئەو ئاوێنەی سەرتاقەی دیوەخانە، دوێنێ لە باخەڵی گاراژدار و شۆفیران‌دا بوو ئەمڕۆ بۆتە بەندی دڵ و کوولەکەی ڕۆحی سەی‌میران، سەت‌خۆزگە مێردم مردبایە و ئەم ڕۆژەم نەدیبایە، ژیانی ئەم منداڵانەشم لیٚ‌تاڵ بووە، ئۆی لە خۆم ڕۆژەڕەشێ!...

دەستەخوشکانی حەزیان دەکرد بە شێوەیەک یارمەتی بدەن. بەڵام هیچیان لەدەست نەدەهات، بێجگە لە خەفەت‌خواردن و هەناسە هەڵکێشان، ناچار نێرگەلەیەکیان بۆ ئامادە کرد و دایانە دەستی، هەرنەبێ کوڵ و کەسەری بەم ئاگر و پەنگرە بسووتێنێ و لەگەڵ دووکەڵەکە وەدەری بنێ، ئیتر لەوە بەدواوە ئاسکە شەو و ڕۆژ قلیان و نێرگەلەی دەکۆشیدا بوو. لەم سەروبەندی ساڵی تازەیەدا میران یەک‌دوو جارێک بە پۆزەوە دواندبووی. بەڵام تەواو بێزاری پێوە دەبیندرا، لەم سەرە بەهارەدا ئەوەندەی دەهاتەوە پاکەتێک تۆوی چیمەن وگوڵی زەرد و سووری بە دەستەوە بوو دوای‌ئەوەی جل‌وبەرگی سەرەوەی دادەنا، خۆی دەخستە نێو باخچەکە و تۆوی دەوەشاند و بە دەوری باخچۆکەدا دەهات و لق‌و چڵی گوڵدانەکانی ڕێک‌وپێک دەکرد. گوڵکارەکەی شارەوانی ئەوەندەی بەو کۆڵانەدا دەهات لە دەرگای دەدا و تۆوی گوڵی دەدایە. سەی‌میران ئەوساڵە بەتەمابوو حەوشەکە بکاتە لالەزار و گوڵخانە. دەبێ ئەمەشمان لە بیر نەچێ، خانم و ئاغا بەبێ بەشداری کردنی هوما چەندجارێک سەردانی دۆستانیان کردبوو، ئەمە شتێ بوو لەو خدە و ڕەفتارانە کە سەی‌میران دەست‌هەڵگیریان نەبوو. میرزا نەبی نەختۆکەیەک کەم‌سەبر بوو، چەند جارێک بە گوێی سەی‌میرانیدا چپاند بەرەو خۆراسان وەڕێ بکەون. دەیزانی بە ڕۆژەرۆژە ساڵ درەنگ دەبێ، خۆی دزییەوە و پیلی خێزانی گرت و مەشەد بگرە و هاتم. ئەم مرۆڤە لە گشت کاراندا وەسە سێخوور، بەبێ ئەوەی کەس بە کاری بزانێ ئەرک و فەرمانی خۆی بەجێ دەهێنا، لەولاشەوە سەی‌میران هەر لە بیری مابوو چ گفتێکی بە ئاسکە داوە بەڵام خۆی دەپاراست.

لە چاو جاران گرێی نێوچاوانی کراوە بوو، ڕووخۆشی بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، بەڵام لەگەڵ ئاسکە هەروا بێتام و سارد و سڕ بوو، وەختێ لەگەڵ ئاسکە قسەی دەکرد چاوی دەقووچاند و ڕووی دەکرد بەولاوە، زۆر بە ساردی ڕووی تێکرد و چاوی لە دلۆڤانی و خۆشییەکانی دەدزییەوە، بڵێی ئەوەندە پەشیمان بووبێتەوە شەرم لە چاوەکانی ئاسکە بکا؟ بێژی تازە بیری کردبێتەوە چ غەدرێکی لەو ژنە نەجیم و بەحورمەتەی کردووە؟ یانئەوەی وەفا و خۆشەویستی هوما ئەوەندە چۆتە دڵییەوە، هەمووکەسێکی لە بیر بردۆتەوە، ئاسکەی لە بەرچاو ڕەش بووە و پشتی کردۆتە منداڵەکانی. هەتا ئەمڕۆ کەس شتیوای نەدیبوو، هەر ئەوەندە بەس بوو شەو لە دیوی هوما ڕۆژی کردبایەتەوە بەیانی لەو زیاتر نەیدەزانی نە ژنی هەیە و نە منداڵ، چاوی هوما خۆشی و وەفای ئەو چەند ساڵەی لە بیر بردبۆوە، خۆشەویستی، سەفا و محیببەت، تەنانەت ویژدان و ئینسافی ژێرپێ نابوو. شەوێک پێشئەوەی شەڕ و سەرشکاندن ڕووبدا، ئەو قسانەی لە پشت دەرگاکەوە ژنەوتبووی وەک زەنگی شووم زڕەی لە مێشکی هەڵدەستاند:

ـ حەز ناکەم هەناسەی بەرگوێم بکەوێ، دڵم بە دیتنی هەڵدەشێوێ، ئەوکاتەی لە پەنا ئەودام هەناسەم سوارە و ڕۆحم زندانییە.

ئەم ووشە و ڕستانە وەک دڕک و چاڵووک لە هەناوی ڕاچووبوون بە هیچ دەرزی و تەبەنەیەک دەرنەدەهات، تەنانەت بە دەستی حەکیمانەی سەیمیرانیش نەدەهاتە دەرێ، ئەوەندەی فکری دەکردەوە زێدەتر دەردی کاری دەبوو، ئاخۆم درۆ بوو؟ خەون و خەیاڵ بوو؟ ئەو شەوێ بە پێی پەتی مەگەر نەچووبووە بەردەرگای ژوورەکە؟ لەوێ گوێی هەڵنەخستبوو؟ هەر ئەو قسانەی هوما بوو میرانی کردە نەڕەشێر و لە ئاسکەی بەستەزمانی بەردا، چرکە بە چرکە، لە ژێرەوە سەیری ئەدگاری میرانی دەکرد کە فرە بڕوای بە کەرامەتی ئەو هەبوو، وەکئەوەی کەسێک لە نێوچاوانی بسرەوێنێ و داچڵەکێ، چاوی لە ڕەشەوە دەهات، وایدەزانی لە هەناوی مێردەکەیدا هێز و گوڕێکیتری پەیدا کردووە، بە بێپەردە جەنایەت و غەدری دەبینی، بەڵام ڕۆحی ئەم ئیزنەی پێنەدەدا، نەیدەتوانی باوەڕ بکا ئەوین، واتە ئەوەی مسۆگەر بوو بەلایەوە وەکوو بەختەوەری و مافی ژیانی بوو بۆچی بەم خێراییە هەڵگەڕا. بۆ دەبێ ئاوا خۆی بدۆڕێنێ، بۆ دەبێ هەروەک زۆرەوانبازێک بەر لە یاریکردن کە خوێنی لووتی بەردەبێ خۆی لە بەرامبەر خەنیمدا بدۆڕێنێ، ئەم گۆڕانەی سەیمیران وەکوو تاوەتەرزەیەک لەپڕ هاتوو گوڵ و گەڵای بەختەوەری چەندین ساڵەی وەراند. لە چاوترووکانێکدا ئەم هەموو خۆشی و ناخۆشییە ئەم بیرەوەری و ماڵ و حاڵە چاردە ساڵ پێکەوە ژیان و ئەم منداڵە

جوانانه، ئەم خانمخانم و ئاغاگیانە بۆچی بوو بە بڵقی سەر ئاو؟ ئەو بە ڕۆح و پێستەوە سەی‌میرانی دەناسی ئەو شۆق و سەفایە چی بەسەر هات؟ گەورەیی و خۆشەویستی ئەم دووانە چی‌لێهات و چوونە کوێ؟ هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی پێنەزانی ئەو پیاوە باوەڕ بکا، نەدەکرا بڵێ ڕۆژی بەرێ سەی‌میران سەبارەت بەو ساردوسڕ و کەمهەمییەت بووە و وازی لەو نەبووە. ئەوەی دەیناسی ئۆباڵی بۆ دەکێشا کە هوما لە دینی وەرگێڕاوە و ئەم پەندەی بەسەر هێناوە. لە زەریای ژیاندا بۆتە کۆسپ و لەمپەر و پاپۆڕی بەختەوەری سەرەوبن کردووە.

ئەوانە هەر هەمووی فکر و خەیاڵی ئەو چەند مانگە بوون لەسەر مێشکی ئاسکە تلیتانەیان دەکرد و وەکوو مۆرکە پێشە و گۆشتیان دەسمی. بەڵام ئەگەر بێژین لەو ڕۆژەوە هوما هاتبوو بەمشێوەیە کوێتەی خەیاڵ ئاسکەی هەڵگرتبوو، سەی‌میران ئیتر هیچی لە بیر نەمابوو بە ڕاستی ناحەقمان گوتووە و بەهەڵەدا چوون. ئاکاری ئەو پیاوە لە حەفتەکانی دواییدا زۆر نەگۆڕا و دیاربوو، ئەمەش بەجێی‌خۆی بەڵام ئەی بۆچی لە ڕواڵەتدا ئەوەندە خاوو سڕو بێ‌واز بوو، کوا هەمییەتی وێدەدا؟ سەی‌میران سەرەڕای ئەم حەز و هیوایەی بە هومای هەیبوو لە ماوەی ئەم چوار حەفتەیەدا جارێک بە گەرمی دایکی ئەم مندالانەی دواند؟ جێی باوەڕ نەبوو ئەوان لەمێژ ساڵ بوو ڕەگ و ڕیشەیان تێکچڕژابوو. لە ناخەوە ئاوێتەی یەکدی ببوون. ئەوان هەروەک داری هەرمێ و گێلاس بە یەکەوە موتوربە درابوون پەیوەندکرابوون. منداڵی ئەو دووانە بەرهەمی تەمەنێک پێکەوە ژیان بوو گۆچانی ڕۆژانی پیری و یادگاری پاش‌مەرگ بوون. ئەوە ئەوان بوون لە دوای نەمانی دایک و باب نەیان‌دەهێشت ئەم وەجاخە بکوژێتەوە، ئەو مندالانە تان‌وپۆی ئەم ژن و مێردەیان بە یەکەوە تەنیبوو هەروەک گرێی (گۆردیوس) ئەمە بە چ دەست و پەنجەیەک لەبەریەک هەڵدەوەشێ؟ سەی‌میران و ئاسکە بە دڵ ئەم تێکەڵبوونەیان هەبوو، ئەمە چۆن جێگای باوەڕ بوو باوکێک بەخاتری هەواو هەوەسێکی کاتی جگەرگۆشەکانی خۆی لە خوێنی گوروان لە بیر بباتەوە؟ ئەم گشتە بێ‌وەفاییە، ئەم هەموو دووری و هەمییەت پێنەدانە مێشک و ڕۆحی ئاسکەی ئاڵۆز کردبوو هێشتا بۆ ئەم ئافرەتە بە تەواوی جێی باوەڕ نەبوو هێشتا ئەم چاوەڕوانی زەردەخەندە و بەزەیی‌پێدا هاتنێکی ئەو بوو، مەڕ چۆن پێ لە بەرخی خۆی دەنێ، هەر ئەوەندە بەس‌بوو بڵێ:

ـ ئاسکە، تۆو ئەو مندالانە بەشێک لە دڵ و گیانی منن، بەڵام هوما هەر بۆ ماوەیەکە بۆچی لێم‌ناگەڕێی ئەم ماوەیە لەگەڵ ئەم ئافرەتە بم؟! بۆچی ئەم چەند ڕۆژە خۆشییەم لێ‌دەشێوێنی؟!

چونکە ئاسکە لە بارەکەی دەزانی تێکەڵی دێرینەی لەگەڵ هەبوو دەیتوانی ئارامی بکاتەوە زۆرجار ئەوەی لە ڕوواڵەتی مرۆڤدا هەیە لەگەڵ دڵ و دەروونی زۆر لەیەک جیاوازن. سەی‌میران سەراوی بۆ ئەوە هومای نەهێنابوو هاودەم و هاوژینی چەندین ساڵەی لە بیر بچێتەوە و تەواوی بەختەوەری ژیانی لە چاوی ئەودا ببینێ، کەس ئەم قامووسەی پەسەند نەدەکرد و خواش بەمکارە ڕازی نەبو، تەنانەت ئەمە ویستی دڵی خۆشی نەبوو، ئاسکە و ئەو منداڵانە چوار کۆڵەکەی ئەم خاووخێزانە بوون، هوما تەنیا بۆ ئەو مەی‌خانەیەک بوو، ئەو هەر ئەوەندە بوو بۆ کەمترین ماوە سەرخۆشی بکات و چێژی پێ‌ببەخشێ، بەڵام بۆ مەگەر ئاسکە لەچی کەم بوو؟ ئەوە نەیدەتوانی دڵی میران مەرزەم بکا، (مرۆڤ بەرەی ئادەمییە و ئادەمیش چاوبرسی)، ئەو تەنیا شەوخەو و دامرکاندنی ئارەزوو هەوەسی لە هوما گەرەک بوو، نەک منداڵ و ماڵوحاڵ، ئەگەر فکری لەو شتانە کردبایەتەوە ئەوە ئاسکەی بەس بوو، ئاسکە لەو ماڵەدا بۆ ئەو هەر ژن نەبوو، بەڵکە بەختەوەری و ڕووناکایی بوو، فریشتە و پەری بوو، ئەو ئافرەتە (لە پاکیدا بوو بە دایک).

ڕۆژێک لە ژوورە گەورەکە دانیشتبوو، پەنجەرەکان کرابوونەوە و شنەی بانەمەڕ کەروێشکەی بە پەردەکان دەکرد. هوما لە ماڵ نەبوو، ئەویش شانی دابووە سەرپاڵپشتی هەورێشمین و کەیفی دەکرد بە دووکەڵی جگەرەکەی خۆی، لە دنییای بێ‌خەبەریدا فکری دەکردەوە و لە دەرەوەی دەڕوانی، لە بن دەستەکی هەیوانەکەی ڕووبەڕوودا پاساڕییەکان هێلانەیان ساز کردبوو، جووتێک نێرە و مێوە باڵیان لێکدەدا و جیکە و جرووکەیان دەهات، مەست و سەرخۆش بە حەسارە گەورەیەدا دەفڕین و لەسەر لقی دارەکە دەنیشتنەوە و جارناجارێک یەکدیان هەڵدەبڕی. سەی‌میران لەم دیمەنە سرووشتییە ڕامابوو، بە دیتنی ئەم ملووچکانە کەیفی دەکرد و فکری لە ڕەمزو ڕازی ئەم گەردوونە دەکردەوە و چێژی وەردەگرت، لەپڕ بە دیتنی منداڵە بچووکەکەی واتە مەهدی هەودای خەیاڵی لێ‌پسا و ئەو دیمەنەی تێی‌دا نووقم ببوو لە پێش‌چاوی مەفح بۆوە، منداڵە بە گاگۆڵکێ‌کردن بە پلیکانەکاندا دەهاتە سەرێ، لە خۆشی ئەوەی خێراتر خۆی بگەیەنێ بە بابی قورئان لە بەینداێ سەری لە بەینی هەردوو لاقی گیری کرد و زۆری نەمابوو پشتەوقەفار بەربێتەوە، سەی‌میران لە تاوان زمانی وشک بوو، لە جێی خۆی ڕاپەڕی وەفریای بکەوێ بەڵام خوا ڕەحمی پێ‌کرد منداڵە خۆی گرتەوە و چووە ژوورەکە، سێ‌مانگ بوو هوما حەڵاڵ و هاوسەری سەی‌میران بوو، لەو ماوەیەدا تەنیا ئەو منداڵە بوو نەیدەزانی لەم ماڵەدا چباسە، جاران کە دارە دارەی دەکرد ئەمڕۆکە دەتوانێ وردە وردە بڕوا و جارجارەش دەکەوێ، هەمیشە پێویست نەبوو کەسێک بە شوێنییەوە بێت. لەوسەرو بەندەدا ئەو منداڵە بۆ دایک و

بابی زۆر شیرین و نازدار بوو، هەروەختێ بابی دەهاتەوە یان هەرخۆی بەرەوپیری دەچوو یانی دایکی فێری دەکرد خۆ بخاتە باوەشییەوە و یان وەدووی بکەوێ بۆ ژووری گەورەکە، ئەمەش خۆشییەکی بە ئاسکە دەبەخشی و زامی دڵی سارێژ دەکرد. لە تاریکایی ژیانیدا ئەمەی بە هیوا و تروسکەیەک دەزانی، دایکی دڵۆڤانی لەوکاتەدا کاکۆڵە نەرمەکەی خاو کردبۆوە و لە نێوەڕاستەوە بە دوولادا شانەی کردبوو. کەوش و گۆرەوی تازەی لە پێ کردبوو، بە گرێی نێوان دوو برۆی بچووکیدا وادیاربوو خەریکی بیر کردنەوەیە، هەر بۆیە لە ژێر لێوەوە خێراخێرا دەیگوت:

- دەچم بۆلای باوەگیان، باوەگیان بابی خۆمە.

سەیمیران پێیپێدەکەنی یاری لەگەڵ دەکرد و دەیگرتە باوەشی و لەسەر کۆشی دادەنا، دەستی بە سەردا دەهێنا و ڕوومەتەکانی ماچ دەکرد. مەهدی تۆزێکی چاو لە بابی کردو بە زمانێکی شیرینی منداڵانە کە بە زەحمەت بابی لێی حاڵی دەبوو لێیپرسی:

- باوەگیان، تۆ منت خۆشدەوێ؟

- باوەگیان، بەڵێ، من زۆرم تۆ خۆشدەوێ، کێ دەڵێ تۆم خۆشناوێ.

منداڵە چەندجارێک برۆی لەرزی، ڕوویکرد بەولاوە، وادیاربوو دەیویست شتێکیتر بڵێ و نەیتوانی، یانئەوەی لە بیری چووبۆوە. سەیمیران لەوکاتەدا چاوی لە دەمی مەحتەل مابوو شەکری لێوی بڕێژێ، منداڵە لەسەر کۆشی بابی لاچوو قامکی بابی گرت و کێشای بەڵکە بتوانێ لەگەڵ خۆی ببیا بۆ دەرێ، ئەمە هەر ئەو فکرەبوو کە لە خانەی مێشکی منداڵانەیدا دەهاتوو دەچوو نەیدەتوانی بیخاتە سەرزمانی:

- «بۆ نایەی بۆ ژووری ئێمە؟»

سەیمیران بە دڵیدا هات، بێتو نەبێ دایکی فێری کردووە، زەردە کەوتە سەرلێوی، هەردوو چاوی ئەسرینی تێزا، وەختێ کەربەلایی هەباس و میرزا نەبی هیچیان بۆ نەکرا ئەو منداڵەی کردە تکاکار، لێی حاڵیبوو لە ماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوودا کارێکی باشی نەکردووە، مەهدی لە باوەش کرد و چووە ژوورەکەی ئاسکە، دوانیوەڕۆ بە یەکەوە چوونە دیدەنی میرزا نەبی و هاجەرەخاتوون، تازە لە زیارەتی مەشەد گەڕابوونەوە، لەوشەوەوە ئیتر نۆرەی بۆ دانان.

# بەشی نۆیەم

ئاسکەخاتوون ناچار بوو باری هەوێساری بە شان هەڵبگرێ، ئەمە بەڵایەک بوو مێردەکەی بە سەری هێنابوو، هیچ چارەی دیکەی نەبوو، ئەگەر سەیمیران ئەم پیاوە بوایە تای تەرازووی هیچکامیانی لاسەنگ نەکردبایە و هوما بەم بەشەی خۆی قیناتی بکردایە، ئەم ڕازی دەبوو وستەی لێوە نەدەهات. بەڵام نە میردەکەی ئەم پیاوە بوو شاهێنی تەرازووەکە میزان ڕابگرێ و نە هەوێکەشی ئەوەندە ژنی چاک بوو. لەوکاتەوە نۆرەکان دەستیپێکردبۆوە مێردەکەی هەرشەوەی ناشەوێک لەلای ئەو دەخەوت. بەڵام چ خەوتنێک. بە جەستە لێرەو بە دڵ لەوێ بوو، وەک ئەوەوابوو دڵ و گیانی لەلای تازە یاری بە ئەمانەت بەجێ هێشتبێ، نەکا جەردەی دڵڕفێن لە سنگی دەربێنێ، یان هەروەک تاقمە ددانەکەی لە کاتی خەوتندا لەسەر تاقەکەی پشتسەری دایدەنا، ئەو شەوانەی کە دەهات لەلای ئەو دەنووست وەک ئەوەی دڵی بە جەرپەندبێ دەیکردەوە و لە شوێنێکی تایبەت حەشاری دەدا، ئەمەش بەلای ئاسکەوە، جێگەی سەرسووڕمان نەبوو، لە پێشدا بەلایەوە گرینگ نەبوو، هەمییەتی وێنەدەدا، بەڵام وردە وردە کە درێژەی پێدا باسێکیتر لە بەردەمیدا قوت بۆوە، بۆ بژاری ئەم گرفتەش نەدەبوو دەست لەسەر دەست دابنێ، لە ماوەی ژیانی ژن و مێردایەتی پازدەساڵەی نێوانیاندا بە هەموو بارێک یەکدیان تاقی کردبۆوە، زانست و ئەوین ڕۆمانێکی هەتاهەتایە، نە کۆن دەبن و نە دەگەن بە کۆتایی، کەوابێ چۆن دەتوانین بێژین ئافرەتێکی سی ساڵە حەز و ئارەزووی خۆی لەناو بردووە و هەمووشتێکی پشتگوێ خستووە، شەوانی هەینی وەختێ نۆرەیەک لە گۆڕێدا نەمابوو سەیمیران بە بیانوویەک لەلای بووکی تازە دەخەوت، کێ دەیزانی لە سەیرانی بەهەشتی ناسکەهومای دڵبەری چیدیتووە کە هەروەختێ دەگەڕایەوە لە چەشنی ئیدریسی نەبی[٢٠] پێڵاوەکەی لەوێ بەجێ دەهێشت بۆ ئەوەی دیسان بگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی. شەوێک لە کاتی خەوتندا، دوای ئەوەی یەکدوو سەعات لەلای هوما مابۆوە هاتبۆوە و بە ئاسکەی گوتبوو:

---

٢٠- لە ڕەوایەتدا هاتووە وەختێ حەزرەتی ئیدریس هاوڕێ لەگەڵ عزرائیل دەچووە سەردانی بەهەشت و جەهەندەم، پێڵاوی خۆی لە بەهەشت بەجێهێشت و دواتر کە بۆیان گەڕایەوە هەر لەوێ ماوە.

ـ هوما دەڵێ شەوانە بە تەنیایی خەوی لێناکەوێ و دەترسێ، چارە نییە ئەشێ فکرێکی بۆ بکەینەوە، ئاسکە خێسەیەکی لێکرد و بە نەرمی دەمی لێکردەوە:

ـ دەترسێ؟ لەچی؟! نووشتەی ترسی بۆ بنووسە، ئەگەر بە تەنیایە لەتەک ڕەعنادا بخەوێ، ئەی ئەو چوارمانگە لە خانووە چۆڵدا چۆن کرێنشین بووە و نەترساوە! یان لەو چوار مانگەدا۔ خوایە تۆبە ـ پیاو جاریوایە، نازانم بڵێمچی، میریگیان مەکرت بەسەردا دەکا. ئەوە کونەمەکرە، تۆ نازانی، دەنا لە هیچ شتێ ناترسێ.

سەیمیران وازی لێهێنا و جارێ باسەکەیان گۆڕی.

هەرچەندە وەرزی هاوین خاوێر خاوێر دەهاتە پێشێ و شەو و ڕۆژ بەرەو گەرمی دەچوون ئەو شەوانەی میرانی لەلا نەدەخەوت هوما دەرگا و پەنجەرەی کپ دەکرد و پەردەکانیشی دادەدایەوە، ئەو کە تاقەتی گەرمای نەبوو جلوبەرگی دادەنا و هەتا بەیانی بە ڕووتی دەخەوت. ئاسکە و سەیمیران دەیانزانی شەوانە هوما بە ڕووتی دەخەوێ، میران دەیگوت دەترسێ بۆیە دەرگا و پەنجەرە قایم دەکا و ئاسکەش دەیگوت وا نییە ئەو ناز و مەکرە و تۆ بڕوای پێمەکە. ڕۆژێک سەیمیران کە شەوەکەی لەلای خانمی گەورە خەوتبوو، بەیانی بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن دەچێتە حەسارێ، هێشتا جیرانێک لە خەو هەڵنەستابوو هەر ئەوەندە گوێی لە زرمەی سەتڵ و جیڕەی چەرخی ئاوهەڵگوێزتن بوو، پەنجەرەیەکیان نزیکی چاڵاوەکە بوو بە ئەسپایی بانگی کرد و بە ئاماژە بۆلای خۆی کێشا، وەختێ سەیمیران بە پلیکانەکاندا سەرکەوت لە هەیوانەکە لێیپرسی:

ـ خۆشەویست، شەودرەنگانێک تۆ بووی هاتبوویە پشت دەرگای ژوورەکەی من؟ تۆزێک لێی وردبۆوە و چەند جارێک پێلووی ترووکاند. هەستیکرد بەڕاستی ترساوە و گوڵی سەرگۆونای سیس بووە، سەیمیران سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

ـ من؟ نا، بۆ چیبووە؟

وەک مامزی دەستەمۆ خۆی لە ئامێزی هاویشت:

ـ ئایەڕۆ، ئەی دەبێ کێ بووبێ؟ سەری بە دەرگاکەوە نابوو؟! زۆر ئاسایی لە پشت دەرگا ڕاوەستابوو. خوایە خۆم بە تۆ دەسپێرم، بڵێی شتیوا ببێ؟! دەرگای ژوورەکەم کلیل دابوو، چراکەشم کز کردبوو، هێشتا نەخەوتبووم لە نێو جێگادا، تازە خەریکبوو خەو شلی دەکردم. لە جێگادا داچڵەکیم، هەستم ڕاگرت لە پشت دەرگاکەوە خشە دێت، جارێکیش دەنگمدا، هیچ جواوی

نەدایەوە، وامزانی پشیلەیە، پشتم تێکرد و خشپەکە تەواو بوو، بەڵام دیسان دەستیپێکردەوە، خوایە تۆ کەیفی خۆتە!

سەیمیران بە دوو چاوی پڕ لە خۆشەویستییەوە لە چاوی وەک جەللابی ڕاما، وادیاربوو لە هیچی نەبوو ئێستاش دەترسا، بە بزە و کەنینەوە گوتی:

ـ هیچ نییە، لەخۆڕا ترساوی، ئەوە فکر و خەیاڵ بووە.

ـ قەزای تۆ لە من کەوێ! فکری چی و خەیاڵیچی؟ بە عالەمی ئاشکرا لە پشت دەرگاکە تەقەتەقی دەهات. وادیاربوو، یانی لەوەدەچوو، بەتەمابوو بیکاتەوە و بێتە ژووری، ئەوەندە دەترسام وەختابوو بزریکێنم. هاوار لە تۆ بکەم، هیچم لەبەردا نەبوو ویستم خۆم پۆشتە بکەمەوە، چاوت لێیە نەمزانیوە کراسەکەم ئاوەژوو دەبەر کردووە، ئەویش بە چ ترسێکەوە، دەتگوت بە چەند پیاو ڕامدەکێشن ناهێڵن جلەکانم بکەمەوە بەرم، شەوگاری ئەمشەو خەو نەچۆتە چاوی من. بەراستی نیوەعومر بووم. نازانم دێو و درنج بوو دز بوو، یان؛ ئەلحانیش دەڵێی دڵم ڕادەوەشێنن تازە من ناوێرم لەم ژوورەدا بە تەنیا بنووم، یانی ئەوە ناهێڵێ!

سەیمیران دەستنوێژی هەڵگرتبوو هەرلەوێ لە ژوورە گەورەکە نوێژی دابەست. خێزانی ترسابوو. چراست و چدرۆ، بەڵام ئەو دەیزانی کە مرۆڤ بە تەنیا بووو فکرو خەیاڵ پشیلەی لە پێشچاو دەکا بە ڕمۆزن. هوما بیستو یەک ساڵی تەمەن بوو، ئەمەش بۆ ئافرەتێک زۆر نییە و ناتوانێ بەقەت مێرمنداڵێک بەغیرەت بێ، بەتایبەت سەیمیران بە هۆی ئەوەی هێندە لە پێشچاوی شیرین بوو هەمیشە وەک کیژێکی حەڤدە ساڵە سەیری دەکرد. ئەم ئافرەتە ڕەزاسووکە وەک توراسا ببوو بە جەللابی دڵ و ئیمانی بۆیە باوەڕی بە گفت و کەلامی دەکرد و خۆی لە تیری ئەوینداری نەدەپاراست، سەید زۆرجار ئاگای لێبوو ئەوشەوانەی بە یەکەوە دەخەوتن بەدەم خەوەوە ڕادەپەڕی؛ بەدەم خەوەوە قسەی دەکرد وەک ئەوەی لە شتێک ترسابێ سەیریش نەبوو لەوماوەیەی کە لە ماڵی حسێنخانی تەپڵچیدا بە تەنیا بوو ترسابێ! ئەمەش ترسێکی سروشتی بوو کە لە تەنیاییدا دەشکێتە گیانی مرۆڤەوە بەتایبەت ئافرەت، لەملاشەوە بۆ ڕاکێشانی مێردەکەی دەهۆیەکی خراپ نەبوو. لە حەوتەدا ئەم یەکدوو شەوەی بە ئاسکە ڕانەدەگەیی، ئاسکە دەیگوت، بێرە ئێرە، کۆنەلانە بۆ لە بیرت چۆوە، ناسکەهوماش هەوڵ و دەولی ئەوەبوو بازی خۆی بە داو بگرێ و هەڵینەفڕێنێ.

ئەمجار وایاندانا ئەو شەوانەی سەی‌میران میوانی کۆنە خەزاڵ دەبوو، گلارەی کچی لەلای هوما بخەوێ، هوما پێی‌خۆش بوو، بەڵام هەرشەوێک میران لەوێ نەبوایە دەرگا و پەنجەرەی دادەخست و پەردەکانی دادەداوە، تەنیا تای پەنجەرەیەکی دەکردەوە لەگەڵ گلارە لەبەر فێنکاییەکەدا دەنووستن، دوو شەو بەم شێوەیە بەسەر چوو، سێیەم شەو کە سەرەتای مانگی پووشپەڕ بوو، ئاخرین ماڵ لە حەسارەکەدا لە سەعات دوازدە بەولاوە دەخەوتن، هوما بەخەبەر بوو، هاوڕێی مێوینەی خۆی بە ئارامی خەبەر کردەوە، گلارە لە شیرین‌خەودا بوو، لەوانەیە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی خەریکی یاری شەشخان بووبێت پێش‌ئەوەی تەواو چاو بکاتەوە و بزانێ کات کەنگێیە و لەکوێ خەوتووە، سەیری کرد دەرگای ژوورەکە وەک لانکە ڕادەژێ، بە ترسەوە کچە چاوی بە مەولەق وەستا. زۆری نەمابوو دڵی لە لێدان بکەوێ، بە ترس و دڵەکوتەوە چاوی لە چاوی هوما بڕی بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت هەڵات بۆلای پەنجەرەکەی ژوورسەری. هوما لە ترسی ئەوەی نەکا لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدێرێ توند باسکی گرت و هێنای بۆلای خۆی. گلارە لەو کاتەدا کە لە تاریکایی نێو حەسارەکە ڕامابوو ئەوەندەی هێزی لەبەردا بوو زریکاندی:

ـ با! با! د! د!

وادیاربوو دەیویست بڵێ: بابە بابە دز، دز هاتووە ـ ئەوەندە ترسابوو لە زمان کەوت. ئەوەندەی وتوو لەبەر دەرگاکە تخێڵ بوو، سەی‌میران و ئاسکە و دەکرێ بێژین هاوساگەل ورد و درشت بەم قیژە و زریکەیە بەم شەوە ڕژانە کۆشی حەوشەکەوە. تەنانەت تەمەندارەکان زۆرتر ترسابوون تۆمەز وشەی دز لە شەودا مەترسیدار و زۆر دزێوەو سەی‌میران بە خەیاڵی ئەوەی دز هەرکەس بێ لە ژوورێدایە، بە پێی پێخواسی بێ‌ئەوەی گوێ بە کەس بدا بە پەنجەرە بەرزەکەدا وەسەر کەوت، لە ژووره نیوە تاریکەکەدا هوما خەریکی خۆپۆشتە کردنەوە بوو خۆی دەباوەشی ئەو هاویشت و دەستی گرت و لەسەر دڵی خۆی دانا، میران ئەوی بەجێ هێشت و پڵێتەی چراکەی هەڵدا، باشووئاسا خۆی کرد بە بن پەردەکاندا و ئەولاو ئەولای پشکنی، تەنانەت ژێر کورسیلە و کەل‌و قوژبنی ژوورەکەش گەڕا، کەس لە ژوورێ نەبوو. ئاسکە و حاجی‌خانم هەر بەو پەنجەرەدا خۆیان گەیاندبووە ژوورێ گلارەیان لە باوەش گرتبوو ئاوی ساردیان بە دەمەوە دەکرد. کیژۆڵە، هەرچەندە زۆری بە دەورەوە بوو بەڵام هێشتا ترسی نەڕەوییبوو چاوی بە دەرگا و پەنجەرەکاندا دەگێڕا. زمانی لەگۆ کەوتبوو نەیدەتوانێ پێیان‌بڵێ چی‌دیوە. هوما گوتی کەسێک لە پشتەوە دەرگای ژوورەکەی پاڵدەنا بێتە ژوورێ. ئەمە شتێکی ئەوەندە کەم نەبوو هەروا بە ساکاری بە پەنایدا

تێپەڕن و پشتگوێی بخەن. باوەڕیان وابوو جارێ دز هەر لە پەنا و پەسیوی ئەم ماڵە خۆی حەشار داوە، گوڵمحەممەد و نوقرە، چرا بەدەست مدبەخ و ژێرخان و کەلو کونی ماڵەکەیان پشکنی. سەردانکی پلیکانی هەورەبانەکەیان کرد. دەرگاکە کرابۆوە، لەوەدەچوو کابرای دز ئەگەر بە هەورەبانەکەدا نەهاتبێتە خوارێ بەوێدا بۆی دەرچووە، ئەو ماڵە گەورەیە چەند کرێچی تێدابوو هەر ماڵەی چەند منداڵی هەبوو، ئەگەر ترسی گەورەی ماڵیان لەسەر نەبوایە دەرگای حەسارەکەشیان پێوە نەدەدا، ئیتر چۆن دەرگای هەورەبان ناکەنەوە. ئێستا ئاشکرابوو دز بە کوێدا هەڵاتووە، هەرکەسە و بە وردی چاوی بە ماڵی خۆیدا گێڕا بزانێ چی لێدزراوە، بە بۆنەی گەرما جیرانەکانیش دەرگا و پەنجەرەیان کردبۆوە، ئەوەندەی هەوڵیاندا و وڵاتیان بەسەر کردەوە چشتێک نەبرابوو، لەو بگرەو بەردەیەدا قامکە کەڵەی لاقی نوقرە دووپشت پێوەیدا وەختێ خاتووخورشیدی گوڵباخی لەسەر ڕفحەی ژوورەکە لە ژاربڕ دەگەڕا، تەنیا پیاڵە چینییەک کە بە ساخی مابۆوە دەستی لێیکەوت ورد و پرت بوو، بەڵام نە نوقرە و نە خاتووخورشید هەمییەتیان پێنەدا، ژنگەل زۆریش بە حەنەک و لاتاوی خاتوو سەفیە پێکەنین بەڵام هیچکامیان نەیاندەتوانی ترسی خۆیان حەشار بدەن. هەریەکەو لەبەرخۆیەوە شاخ و باڵی بۆ دزە دەدیتەوە. نوقرە خەریکبوو چێوی ژاربڕی بە لاقیدا دەهێنا، دەیگوت هەوەڵی شەوێ سێبەری شتێکم دیوە لەسەر سەربان جووڵاوە، کچی خورشید دەیگوت هەر ئەوکاتە گوێم لە قرچەقرچی بنمیچ بووە ئیتر ئەوشەوە تا سەڵای بەیانی کەس خەو نەچووە چاوی و هەریەکەی بۆخۆی مەلایەک بوو. سەیمیران لە ژوورە گەورەکە هومای بەجێ نەهێشت و لەوێ خەوت، شەوی دواتر باس هەر باسی ڕاکردنی دز بوو لەو ماڵەدا، بەخاتری ئەوەی ترس و خۆفەکە ڕەوییبۆوە هەرکەسە و بۆچوونی خۆی دەردەبڕی وردە وردە پیاوان ڕۆیشتن بەلای ئیش و کاری خۆیانەوە و ژنانیش وەختێ لە کاری بەیانی بوونەوە دیسان دەوری گلارەیاندا و هەریەکەو پرسیارێکی ئاراستە دەکرد بەڵکە چیدیوە پێیان بڵێ. هوما کە زۆری خۆ تێنەدەگەیاندن چووبووە ژوورەکەی خۆی، حاجیخانم چووله پەنایدا دانیشت، دەستی لەسەر شانی دانا و وەکئەوەی نەیانەوێ کەسێکیتر بە قسەی ئەوان بزانێ گوتی:

- گوێبدە بە دایکی خۆت، ئەو ژنەی بابت بەسەر دایکتی هێناوە، چاوبەست و چۆڵبڕی وەکخۆی کەم هەیە، دەزانێ بابت بە پووڵ بازەڵێن دەکا بۆیە خۆی پێوە هەڵواسیوە، ئەوە هەوێسارییە و جارێ تۆ ئەم شتانە نازانی. پێتوانییە هوما بۆ ئەوەی تۆ بترسێنێ پەتێکی بە دەرگاکەوە نەبەستووە و بە دەست یان بە لاقی جووڵاندبێتی؟

کچە گێژو کاس چاوی لە دەمی ئەوان بوو متەقی نەدەکرد. ژنان بەلایەوە مەحتەل مابوون و بارامی برای لەویَ دانیشتبوو حەوسەلە و تاقەتی نەمابوو گوتی:

ـ ئێوە لەگەڵ کیَ قسە دەکەن؟! ئەوە هەر ئەوەندەی بەسە، پێیبڵێن پخ، وڵات ناهێڵیَ، دەبیَ دایکم حەوتەیەک خاوێنی بکاتەوە!

ژنان دایان لە قاقای پێکەنین. کچە ئەوەندە ترسابوو هەر باشبوو دڵی نەتۆقیبوو، ئەگەر وانەبوایە بارام بۆ لەلای ئەو ژنانە خەجاڵەتی دەکردەوە؟ گلارە هەر نەیدەزانی چۆنیش وەخەبەر هاتووە. کەوابیَ ئەم بەستەزمانە دەیتوانی چیبڵیَ. هەرکەسێکی دیکە بایە لەباتی ئەم کچە تەنانەت ئەگەر گەورەشبایە هەر ئەوەندە دەترسا و قورِوقەپی دەکرد. باسی بنیادەمی گەورەمان کرد چاکە ئەمەش بێژین! هەر ئەو سەعاتەی قیژە و هەراکە پەیدا بوو ورد و درشت رژابوونە حەسارەکەوە خاتووخورشید قسەی بۆ نەدەهات خۆی خستبووە پەنا خاتوو سەفیە و تکای لێکردبوو:

ـ خاتوو، خاتووگیان، تۆخوا مەهێڵە دایکم ببەن؟!

خەڵک ئەم پیرێژنەی بۆچیبوو وا کچەکەی ئاوا بە نیگەرانییەوە داوێنی ئەم ژنەی گرتبوو؟ خاتووخورشید بە خەیاڵی خۆی شێری بە گویَ دەگرت! ئەی ئەمشەو بۆ خۆی کردە گاڵتەجاری ئەم عالەمە؟ هەروەختیَ خاتوو سەفییە لاسایی دەکردەوە دەستی رادەوەشاند تەواویان پێدەکەنین و بەسەر گازەرای پشتدا دەکەوتن. ئەمشتانە دەبیَ بۆ ژیانی مرۆڤ بێتە پێشیَ و گاڵتەچی و حەنەکبازانیش ئەم و ئەو بە قاقا و نەرمەبزەوە بخەنە سەرهەوا.

ئیتر هەروەک جیرانەکان باوەریان وابوو بۆئەوەی سەیمیران هەمووشەویَ لەلای هوما بخەویَ سەیریش نەبوو ئەم بەزمەی نابێتەوە. بۆ قاتی بەنێک بوو لە تای دەرگای ژوورەکەی بخا و دەرگای پیَبژەنیَ؟ ناچار بوو ئەمکارە بکا میران و ئاسکە ئاشت ببنەوە دیسان بەرنامە تێکچۆوە و سەیمیران مەگەر بۆ شێوخواردن ئەگینا خۆی لە خانمی گەورە نەدەگەیاند. ئاسکە دەیزانی ئەو ناکەس بەچەیە وازی لیَناهێنیَ هەر بۆیە بۆڵەی دەهات. سەیمیران بە زمانێکی ساردوسرەوە رووی تیَکرد:

ـ راست بڵێی یان درۆ ئەوە بەجێی خۆی، ئەمشەو بیَ، سبەیشەو بیَ دەچینە حەساریَ، بۆ وەبیرم ناهێنییەوە تەختێکی گەورە ساز بکەم؟ یان مەحتەلی ئەوەن هاوین تەواو بیَ؟ ئەمساڵ تەختێکی دیکەشمان پیَزیاد بووە، ئەگەر بە قسەمان بکا پێم خراپ نییە تەختە باریکەکان بدەین بە هوما، دووان سیانێک پێکەوە بدەین تەختێکی باشی لێدەردەچیَ بۆ نووستن. هەر واشیلێدەکەم.

وەسبەینیڕا، سەی‌میران هەر بەقسەکەی خۆی چوو لە ژێرخانێ لە هەمباری گەنمەکە تەختێکی خەوتنی کۆن و لەباری هێنا، کە هاوینان لەسەری دەخەوتن، دەستێکی پێدا هێنا و لە حەسارەکەدا داینا و قیسپەی لە دەوریدا و پەردەی وێخست. ئاسکە وەختێ زانی چرپای خەوی شەوێی ئامادەیە و ئەویش شەوی خۆیەتی گەردوون بەلای ئەودا سووڕاوە جێگای منداڵەکانیشی لە دەرێ ڕاخست و خۆی نەجاتدا، خەوتن لە ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا هەتا بڵێی خۆشە، وەختێ جێخەو خۆشبێ بەدەن دەحەسێتەوە و شەکەتی نامێنێ. ئەگەر شەوخەوی بەرشێبای کۆشی حەسارێ لە هاویندا و ژێرکورسی زستان نەبێ کەوابوو تامو چێژی ژیان چۆن وەدەست دێت و چ مانایەک دەبەخشێ؟ بەڵام هەوێی ئاسکە هەرچەندە تەختێکی دووکەسی بۆ لێدرابوو لە پەنا باخچەکە، لە ژووری خۆی نەهاتە دەرێ تاکوو پیاوەکە لە بازاڕ چێلوار و هومایی بۆ بێنێ، پەردەی بۆ بە دوورین بدات و ئەوسا دەکەژاوەی خۆیدا پاڵ بداتەوە، ڕۆژی دوایی، وەختێ سەی‌میران لە ژووری ناسکەهوما نانی بەیانی دەخوارد خاتوو سەفییە لەبەر هەیوانەکەوە بە هێوری قاوی کرد لە هوماخاتوون. پاکەتێکی سەربەستی لە ژێر چارشێوەکەوە دایەدەستی و گوتی:

- بەیانی وەختێ نەوەکەم مستەفا بۆ نانکڕین دەچووە دەرێ لە دالانەکە هەڵی‌گرتۆتەوە. وادیارە شەوێ یان بەری‌بەیانی لە درزی دەرگاکەوە خستوویانەتە ژوورێ، بە نێوی پیاوەکەی تۆوەیە.

هوما چاوێکی لە پاکەتەکە کرد، تەمبری پێوە نەبوو بردییە ژوورێ و دایە دەست سەی‌میران، ئەمیش ئەگەرچی خوێندەواری نەبوو هەمیشە پەنجەمۆری لە ئاخری نووسراوەی سەنەدی دایرە دەدا، وەختێ نووسراوەی پشتی پاکەتی بینی هەروەک بیجەک و فاکتۆری گەنم و جۆ بە ناوی خۆیەوە دەهاتە بەردەرگا، دەیتوانی ناوی خۆی بناسێتەوە، لێرەشدا زانی ئەم پاکەتە بە ناوی خۆیەوە هاتووە. چرچ و لۆچی نێوچاوانی تێکپەڕاند و پاکەتی هەڵپچڕی. نووسراوەکە کورت و موختەسەر و بە بێ‌ئیمزا و پەنجە مۆر بوو، بە مرەکەبی ڕەش نامەکە نووسرابوو، ئاخۆ ئەم نووسراوە چیبوو؟ کێ ئەوکارەی کردووە و بە چ مەبەستێک کەڕەی‌بەیانی ئەم نامەیەی خستۆتە حەوشەکە؟ لە دڵی خویدا وای‌بۆچوو ئەم نامەیە پێوەندی بە هوماوە هەیە! حەوتەیەک دەبوو حاجی‌بەننای کۆنەمێردی هوما، ئاگاداری دەکردەوە و فکری ئەوی ئاڵۆز کردبوو، بۆچی هوما تەڵاق ناداتەوە، وەکئەوەی قەرار و بڕیەی لەوەپێشیان بووبێ و ئێستاش چاوەڕوانی لێی‌هەیە، سەی‌میران زۆری هەمییەت وێنەدابوو، هەر بۆیە قەت لەلای هوما باسی نەکردبوو، نامەکەی نووشتاندەوە و وەک خۆی لە پاکەتەکەی خستەوە، تاکوو لە دەرێ کەسێک بۆی وەخوێنێ. ئەگەر لە تەواوی ژیانیدا

جارێک بیری لە خوێندن کردبێتەوە، ئەوە دووهەمین جار بوو ئەمڕۆکە قازانجی خوێندنی بەلاوە گرینگ بوو. هوما وەکئەوەی دڵی هەواڵێکی پێدابێ خێرا پاکەتەکەی لە دەست ڕفاند و گوتی:

ـ لەوەدەچێ نامەی حاجی بێت، دەنا بۆ بە دزییەوە دەیخەنە حەساری، پەلە مەکە گلارە بانگ بکەم بزانین چی تێدا نووسیوە، خۆ ئەگەر نەتوانێ بیخوێنێتەوە دەزانێ کێ نووسیویەتی.

سەی‌میران مات بوو، گلارە وەختێ هاتە ژووری و نامەکەی وەرگرت یەکەمجار بوو بە خۆی‌و بە چوار کلاس سەوادەوە، بە قازانجی بابی شتێکی دەکرد. ڕەنگی بزرکا و بە دەست‌تێکەڵ هاتنەوە ملی‌نا لە مینگەمینگ و بە شەل‌و پەتی دەستی‌پێ‌کرد:

«سەی‌میران سەراوی نانەوا، ئەی وشکەسۆفی چاوبەستی ڕیاباز، تۆ کە لە ئاوی شەوپارێز دەکەی سەروەت و ماڵ و هەوەس‌بازیت دەمامکی داوە بە بەرچاوتدا و کەس نابینی و نازانی دەوری چ پاشایەکە، ئەوە سێ مانگ‌و نیوە تۆ هومات مارەبڕیوە و بووی بە خاوەنی ئەم ئافرەتە وادیارە بە مرازی دڵی خۆت گەیشتووی، بەتەما نی دەستی لە دەستت بێتەوە، لە بادەی مەیخانەی هێشتا ماوتە مەست و سەرخۆش بیت چ فکرێک لە مێشکتدایە سەیدی ناسەید، ئەو ژنە وەفای بۆ پیاوێک نەبوو کە دوو منداڵی لێ‌خستۆتەوە تۆی پیر و زورهان چت لێی‌گەرەکە ژن و منداڵت هەیە ئێستاکە سۆست چووە و تۆزت ماوە، بە هیوای وەفای بۆ تۆ ببێ؟! خانەخراو ئەوە وەک نیسک وایە بەرو پشتی بۆ کەس نییە.

«تۆ کە باوکی و پیاوی خودا بووی یەکەم کەس بوویی لە پشت‌سەری مەلاوە لە جومعە و جەماعەتدا، جێی سەرسووڕمانە دڵ بدۆڕێنی بە ژنێک چوار مانگی تەواو لە بەردەستی حسێن‌خانی تەپڵچی و زارا دەتیردا بووبێ سلاو لە ئەقڵت، لەو ماڵەدا شەو نەبوو لە بەردەم بەچکە توجاڕ و مەشەدی زادەکاندا سەما نەکا و نەڕەخسێ، ئەوانەی پارەدار و ساختەچی نێو ئەم شارەن، ناوی مەبارەکی بە دەم گۆرانی‌بێژانی کوردەوە بە شاراندا بڵاو بۆتەوە، بەرلەوەی ئۆخژەنت بداتێ و ببێ بە گوڵی ماڵی دینداریکی تەرکە نوێژی وەک تۆی شاڵ‌سەوز، چوار پێچکەی ماڵت بە قوڕە ڕەشەکەدا دەباتە خوارێ و ڕەقس و سەمای بۆ هەتیو مەتیو دەبێ و کە هاتیشەوە بۆلای تۆ دەرپێکەی دەدا بە شانیدا!

«با ئەمەشت پێ‌بڵێم تۆ لەمەڕ نووسینی ئەم نامەیەوە هەرچۆنێک فکر دەکەیتەوە بیکەوە، بەڵام دەبێ دڵنیابی ئەگەر ئەم ژنە بە ئاوی کەوسەر خۆی بشۆرێ و غوسڵ دەربکا و کراسی قورئان بکاتە بەری، من ئەو چاوە کوێر دەکەم بە شیشەی سوورەوەبوو ئەگەر حەز بە دیداری ئەو بکا

تۆش بە بڕوای خۆت ئاوی تۆبەت بەسەردا کردووە پێتوایە لە گوناهانی پاک بۆتەوە، ئەوەندە بزانە ئەگەر کوڕی پێغەمبەریش بی و نەعووزوو‌بیللا ببی بە ڕەسووڵی خودا ناتوانی ئەم ژنە تاوانبار و داوێنپیسە لە عەزابی دۆزەخ ڕزگار بکەی. تۆ ئەوە تەمەنێکە بە پاکی ژیاوی ئەوەی دەتناسێ سوێند بە سەری تۆ دەخوا بۆ دەبێ نەزانی ئەو قەدر و حورمەتەی هەتە ئەگەر لە دەستت دەرچێ تازە بۆت ناگەڕێتەوە، ئەو کەسە کەسە حەرفێکی بەسە، ئیتر کەیفی خۆتە و چۆنت پێباشە وابکە.»

گلارە بەجۆرێک نامەکەی دەخوێندەوە تەنانەت خۆشی لێیحاڵی نەدەبوو چی نووسیوە. ئیتر چبگا بە ئەوان چاویان لە دەمی بڕیبوو و گوێچکەشیان لە ئیجارەی ئەودا بوو، بەڵام با غەدری لێنەکەین بیسەرانی ئەو، واتە سەیمیران و هوما هەرچۆنێک بوو لەو مینگەمینگە بەشی خۆیان هەڵکڕاند و لە مەبەستی نامەکە تێگەیشتن. لەو ماوەدا هوما چەندجار ڕەنگی گۆڕدرا، هەردوو دەستی کردبووە هێلانە بۆ دەموچاوی، بە دڵ پڕییەوە گوێی هەڵخستبوو، وەختێ نامەکە تەوا بوو سەید قەڵس و تووڕە لێو و ددانی خۆی دەکرۆژی و گوتی:

- حیز و داوێنپیس ئەو خوشکەی خۆیەتی!

سەیمیران بزەیەکی تاڵ نیشتە سەرلێوی بۆ ئەوەی خانمەکەی خەفەت هەڵنەگرێ گوتی:

- هوما تۆ چ بەڵایەکت بەسەر ئەو قوڕبەسەرە هێناوە وا ئەوەندە لە تۆ داخدارە؟ وا دیارە هێشتا ئاوری ڕق و قینی دانەمرکاوە. بەتەمایە تۆڵەت لێبکاتەوە.

- تۆڵە بکاتەوە؟ قوڕ بەسەری دەبێ بە بەرد بدا بە ئەژنۆی خۆیدا! دەبێ بەمداخەوە بمرێ! ئەو ڕۆژەی من لەو تیرو تانووتەی دەترسام لەو ماڵەش نەدەهاتمە دەرێ تۆ مێردم نەبووی، بەڵام ئێستا ئەگەر ڕۆژێک لە جێیەک بیبینم بەم تاکەوشەم دەبنا گوێی دەسرەوێنم و پێیدەڵێم خوێڕییە پیاو!

- بێتو نەبێ ئەوە مێشکی کەری خواردووە. من ئاوای تێدەگەم. زۆر شتمان دیتبوو بەڵام ئێرەیی و بەخیلی پیاوان نا، ئەویش ئاوا شێرانە، کەسێک کە غیرەتی پیاوەتی هەبێ لە پشتەوە خەنجەر ناوەشێنێ.

هوما پڕی بە نامەکەدا کرد و ورد و پرتی کرد و خستییە ئاتەشخانی سەماوەرەکەوە و بوو بە خۆڵەمێش و سووتوو، هەر لەوکاتەدا دوو تەبەقیان توو شیرین بۆ هێنان. ئەوانەی تووشیرینیان هێنابوو باخەوان و شەریکە ماڵی باخی ئەوان بوون لە سەراو. سەیمیران دەستووری پێدان یەکێ

له تەبەقەکان تووەکەی جوانتر و بە گلامێو داپۆشرابوو دایەنێن و بیبەن بۆ ماڵی یاوەر، بەڕێوەبەری دایرەی تیپ. ئەوی‌دیکەشی لە نێو هاوساکاندا بەش کرد. هەروەها قسەیەکی خۆشی بە دواوە بوو. هەر ئەورۆژە بەیانی، کە سەی‌میران لەبەر هەیوانەکە تووی دەبەخشییەوە بیژەن هاتوو پارەی ڕۆژانەی خۆی لی‌سەند و ڕۆیی خێرا خەرجی بکا، زۆری پێنەچوو خۆی کردەوە بە حەوشەدا، چمکی کراسەکەی بە هەردوو دەست گرتبوو، لەوە دەچوو زۆر ڕازی نەبێ، دایکی قاوی کرد و تەماشای کۆشی کرد. پێت‌وایە منداڵە چی‌کڕیبێ باشە؟! تووشیرین! لە پێشدا دایە بەر تانەو تەشەر، ئینجا زۆری پێ‌پێکەنی، دەستی گرت و سووڕێکی باشیان بە حەسارەکەدا لێدا، با تەواویان بزانن چ کوڕێکی زیرەکی هەیە و ئەسپەندەری بۆ بسووتێنن نەک چاوی پیس کاری لێبکا، بیژەن نەیدەزانی چ تاوانێکی کردووە، ئەوەندە نەبێ چاوی لە چاوی ئەو توفرۆشە کردبوو کە بە کۆڵانەکەدا ڕادەبرد. ئەویش تەبەقە تووی بە سەرەوە دەبێ و لەبەر دەمیدا دایدەنێت، ئەو پەناباتە لە منداڵە دەستێنێ و چنگێک تووشیرین دەکاتە کۆشییەوە.

هێشتا دوو ڕۆژ نەبوو نامەکە هاتبوو دانەیەکی‌تریشیان خستە حەساری، ئەوەیان بەیانی زوو سەی‌میران لەبەر بێڵایە هەڵی‌گرتەوە. بەم‌کارە زۆر تووڕە بوو. بەڵام بزەیەکی تاڵ کەوتە بان‌لێوی، میران غیرەتێکی پیاوانەی هەبوو لە کات‌وساتی ئاوادا. خێرا ئەژنۆی نەدەنووشتاوە و خۆی نەدەدۆڕاند. وەختێ هاتەوە ژوورەکە و نوێژی دابەست، نەیتوانی خۆی لە دەست فکر و ئەندێشە نەجات بدا ت و لەسەر ئەدگاری کاریگەر نەبێ، خێزانی وەختێ بە سەرنجەوە سەیری دەکرد تێگەیی کە بێت‌و نەبێ نامەی دیکەیان خستۆتە حەوشەکەوە. بەبێ مەحتەل‌بوون دەستی‌کرد بە گیرفانی جلیسقەکەیدا و دووەم نامەی دەرێنا، تاڕادەیەک ڕەنگی گۆڕا و گوتی:

- دەزانم ئەم ماکەر بابە تەنیا پێی‌خۆشە جنێو و قسەی ناحەزی ئاراستە بکەین، بێجگە لەمە دەبێ بڕوات دەمی گڵاو بکا، عەمری نەمێنێ بۆ ئەقڵی، هەتا ماوە دەبێ بناڵێنێ، منیش هەر ئەوەندەم بەسە و هیچی دیکە.

ئیتر بەبێ ئەوەی بزانێ مێردەکەی دەڵێ‌چی لە پەنجەرەی ڕوو بە حەسارەکەوە، گلارە تازە لە خەو هەستابوو لە بان تەختەکەی دەهاتە خوارێ بانگی کرد. سەی‌میران ویستی پێشی پێبگرێ، بەڵام حەزی نەکرد نوێژەکەی ببڕێ، هوما بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆی، هەڵبەت پێی‌ناخۆش بوو ئەو نامانە دەهاتن، بەڵام وای خۆنیشان نەدەدا مێردەکەی بە چاوێکی‌تر لێی‌بڕوانێ، ئەمەش دەبووە هۆی زێدەتر شیرین‌بوونی ئەو. کەیفی خۆی بوو. ئەوەندەی نامە بنووسیبایە هەتاکوو لەکار

دەکەوت. دەبێ ئەمەش بڵێین بەر لە سەی‌میران ئاغاجان ئەم نامەیەی دیتبوو، کەچی هەڵی‌نەگرتبۆوە هەروەک نەشی دیبێ، بە لایدا تێپەڕیبوو، ئەو لەگەڵ خاتووخورشید زۆر شتیان دەزانی و ئاگاداری ئەم گیرو گرفتە بوون لە دەرو ژووری ئەو ماڵە. سەی‌میران کەمتر لەوان بەخەبەر و باسی دەزانی، هەر ئەورۆژە نامەیەکی دیکەیان بە نووسراوێکی درشتەوە لە سەری کۆڵانەکە دابوو پڕبوو لە هەجوو پێداهەڵدانی تاڵ و سەرکۆنەکردن. بە کەیفی خۆی بۆ باوەلێ و ناسکەهومای تێچەندبوو. ئیتر ئەم نامەیەش، هەروەک هوما فکری لێکردبۆوە تەنیا شیاوی دژوێن و چەند قسەی دزێو بوو. هەروەک نامەی پێشوو. تەنیا ئەم‌جیاوازییە لە نێوان‌دا هەبوو وازی لە ژنە هێنابوو و بە کەیفی خۆی کەوتبووە سەرو کاری سەی‌میران. بە سۆفی بەرماڵ بەشانی سەحنە و جەردەی کەنگاوەر ناوی بردبوو. بۆئەوەی خۆی لە چاوی خەڵک وەشارێ دەستی چەوری بە شاڵ و بەرماڵی مەشەد و کەربەلا دەسڕی و دەمامکی وشکە موسڵمانی دەدا، بە ڕوویدا، لەولاشەوە بە سووت و سەلەم گەنم و جۆی خەڵکی دەهێنا و هەمبار و ژێرخانی لێ پڕ دەکرد و دەستی لەگەڵ تیپو قۆشەنی شار و شارەوانی تێکەڵ بوو ملی گۆلاوی سەراوی هەڵدەبڕی و لە باغ و بێستانی خۆی ئاژین دەکردو...

سەی‌میران ئەمانەی بە قسە و قسەلۆک دەزانی بە نیوەبزەیەکەوە بە ئاستەم ددانی نیشاندا، کۆتایی نامەکە ئەمەبوو، بە کچەی گوت دیسان بۆی وەخوێنێ:

«عەشقی پیری کوێری کردووی باوەلێ! ئەم چاڵە ڕەشەی بەردەمت نابینی، نەکا پێ‌بزانی و بۆت گرینگ نەبێ، ئابڕو ویژدانت سەگ بیخوات بە تۆش دەڵێن پیاو؟ ئەگەر تۆزێک لە دنیا حاڵی بم گیانت بەلاوە گرینگە بە سەرشۆڕی، وەختێ کەسێک نەتوانێ هەوساری هەوەس بگرێتە دەست چ دەربەستی شەرم و حەیای چەندین ساڵەیەتی. ئەمە قسەی تێدا نییە ئەوەی بۆی موهیمە گیانی خۆیەتی، پێویست ناکا بڵێم من کێم و مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەگەلە چییە. ڕەنگە مێردی ئەو یان خزمێکی حەیابەخۆ بم، نامەوێ ئیتر لەمەولا داوێن‌تەڕ و ماڵانگەڕێکی ئاوا بە چاو ببینم لەسەر ڕووی زەوی، لەوانەیە منیش دڵدۆڕاوێکی لەوەپێشی ئەوبم کە ماوەیەکە لێی دوورم و کەوتۆتەوە بیرم. هەرکەس‌بم و هەرچی دەیڵێم ئەوەندە بزانە خەنجەرێک لە نێوان من و تۆدایە و ئەشێ یەکمان دەستی بدەینێ، لە ئەمڕۆوە تا یەک‌حەفتە نە زیاتر و نە کەمتر، لە ڕێکەوتی ئەم نامەیەوە، ئەم قەحبەیە ڕازی بێ یان ڕازی نەبێ کاغەزی تەلاقنامەی دەنێیە مشتی، ئەو کارەت کرد ئەوە باشە، نەت‌کرد ئەوەی دەیبینی لە چاوی خۆتی دەبینی، ئیتر تەواو بوو بڕایەوە.»

سەی‌میران بێ‌ئەوەی تووڕەبوونی خۆی ئاشکرا بکا، نامەکەی لە دەست گلارە سەند و گوتی:

ـ ئەو ڕۆژانە تەواوبوو بە هەڕەشە و گوڕەشە خەڵکیان دەترساند. ئەمڕۆ گونی گوندار دەردێنن ئەم مرۆڤە تاکوو لووتی لە بەردەکە نەکەوێ نازانێ چ باسە، بەخوا نێفەکی دەبڕم، پیاوە بکۆخێ! هێشتا شەقەی قەسماسەی نەبیستووە.

هوما گوتی:

ـ عەزیزەکەم، بڕۆ شکایەتی لێبکە، ئەوەندەش بزانە کەسێکی‌دی نامەکەی بۆ نووسیوە، خۆی ڕەش و سپی لێ‌ناکاتەوە.

سەی‌میران لەوکاتەدا کە هەڵدەستا سەرپێ، نامەکەی خستە گیرفانی جلیسقەکەیەوە دابووی بەسەر کورسیلەکەدا، بۆ سەلماندنی قسەکەی بە خێزانی گوت:

ـ پێت‌وایە هەروا لێی خۆش‌دەبم، بەخوا زمانی لە پشت ئەستۆیەوە دێنمە دەرێ، ئەو کەسەش نامەکەی بۆ نووسیوە ئەویش تەمبێ دەکەم. ئەگەر وابێ منیش هەرکەس ژنی جوانی دەباخەڵدا بێ ئەشێ نامەی بە هەڕەشەوە لۆ بنووسم و بێژم ئەگەر دووای سێ‌ڕۆژ تەڵاقت نەدا چەقۆی لێ‌بکێشم و شەڕی پێ‌بفرۆشم. بەو هیوایە دڵم خۆش‌بکەم خەڵکم ترساندووە و بە ئاواتی دڵی خۆم دەگەم!

ئەرێ، منیش ئەو فکرەم پێ‌باشە ئەو گەمژەپیاوە دەتوانێ چیبکا، مەگەر وەک سەگ بووەڕێ.

سەی‌میران: منیش چخەی لێدەکەم، کلکی دەگەلۆزی بگرێ و ئاوڕ نەداتەوە! خەونێک بوو دیتی، خۆ شاری بێ‌دەروازە نییە، پشتی لە زگی نەرمتر دەکەم. هەر ئێستا دەچم نامەکە لە بەردەمی ڕەئیسی نەزمییە دادەنێم، ئەوان دەزانن بە دوو ڕستەی مەعموورێکی خۆیان کتێب‌فرۆشێکی هەناسەسارد تەفروتوونا بکەن، بەڵام نازانن لات و بەڕەڵڵایەک تەمبێ بکەن؟ ئەوان ئاگاداری ئەوە هەن سنف و پیشەی ئێمە کاری بە سیاسەت و ئەوشتانە نییە. لەپاش ئەو چوار مانگەی کۆبوونەوەی نانەوایەکان گیراوە ئێستاش نایانەوێ بەرۆکی بەردەن، قسەی زیادی. بەڕێوەبەری ئەمنی بە من دەڵێ: دەی! (لە سەردەمی پاشایەتی عەلاحەزرەتدا بەم هەموو هێزو توانایەوە کۆبوونە؟!ـ هەر ئێستا کە لە ماڵ دەڕۆمە دەرێ یەکسەر دەچمە نەزمییە، ئەم نامەیەش نیشانی ئەوان دەدەم. لەو خوێرییە پیاوە زیاتر کێ کاری بەکاری منە. ئەو هێشتا نازانێ کەڵ بە موو بەندە، دەڵێم وەک سەگ پەتی بکەن. بەڵام حەیفت نەکرد ئەو نامەی دیکەت سووتاند. هەرچەندە بەم شاهید و بەڵگەیەی پێمە پێی‌دەڵێم سییەیەک چەند کیلۆیە، هەر ئێستا، ئێستا، بەڕاستی دەبێ ئەم گێلۆکەیە لە گوێی گادا خەوتبێ! ئەمجار دەزانم تۆ لەگەڵ چ بوونەوەرێک هەستاوی و دانیشتوویی.

ئەگەرچی سەی‌میران ئاوا بە گرژی لە ماڵ چووە دەرێ، بەڵام نەختێک خاو بۆوە. تاقەتی ئەوەی نەبوو بچێتە دایرەی پۆلیس و وەدووی شکایەت و شکایەت‌کاری بکەوێ، بەتایبەت لەو چەند ڕۆژەدا گێرەوکێشەی دیکەی کەم نەبوو، خۆ ئیتر وەختێ فکری لێدەکردەوە زۆری بۆ گرینگ نەبوو وەدووی شکایەت‌کردن بکەوێ، لەبەرخۆیەوە گوتی هەر ئەوەندە ئاژان ڕەحیم سەرۆک پۆلیس ببینم، نێوان‌مان خۆشە و زۆریش جانبی منی دەوێ، لە شەقام یان قاوەخانە و جێیەکی بەلاوە بە پەنامەکی شتەکەی بۆ باس دەکەم ئەو چۆنی پێ‌باش بوو خۆی دەزانێ، سەرەڕای کۆسپ و دەردی خۆی مردنی کەربەلایی هەباسیش زیاد بوو بە بێ‌دەنگ و هەرا پێمەردی یەزدانی دەرگای پێ‌گرتبوو، پیرەمێرد هەروەک سەلمانی فارسی دەتگوت دەزانێ کەی دەمرێ هەر ئەوڕۆژە عەسر ناردی بە شوێن سەی‌میراندا، داوای لێکردبوو عەسکەری کوڕی کە دەری‌کردبوو بۆی بێنێتەوە لەو سەرەمەرگەدا گەردنی ئازاد بکا، دەبێ ئەمەش بڵێین سەی‌میران بەبێ مەحتەل‌بوون بەدەم داواکەی کەربەلایی هەباسەوە چوو، بەڵام بەداخەوە هەواڵێک لە عەسکەر نەبوو. لەوکاتەدا پیرەمێردی هەشتا ساڵە بەهۆی پەشیمانی و خەفەت و دوورییەوە لە ژووورە تاریکەکەدا دەگریا، نەک هەر سەی‌میران زۆربەی جیرانەکان دەوریان دابوو، میرزا نەبی و پاشاخانی ئاشەوان و زۆر کەسی دیکەش لە خوێش و بێگانە لە نێوشاردا بڵاو بوونەوە، نە عەسکەر پەیدا بوو نە ژنی عەسکەر، پیرەمێرد گەردنی کوڕەی ئازاد کرد، ئیتر مەرگ مۆڵەتی نەدا و لاقی جووت کرد. زۆر لەوەپێشتر پاشەکەوتێکی بە خانەخوێ سپاردبوو، دابنابوو بۆ ڕۆژی موبادا و تەنگانەی خۆی، ئەوشەوە پیرەمێرد باسی هیچی نەکرد، هەر بۆیە سەی‌میران حەقی کفن و گۆڕی لە گیرفانی خۆی ڕەت‌کرد و ئەمانەتەکەشی بە بەرچاوی جیرانەکانەوە کە کیسەیەکی چەرم بوو بەبێ ئەوەی دەرگای کردبێتەوە و بزانێ چییە و چەندی تێدایە، دایە دەستی پەری‌نازی کڵۆڵ و چاوبە گریان.

شەوی هەینی حەوتە، عەسری ئەو ڕۆژە سەی‌میران و هەردوو ژنەکەی و چەند کەسێک لە هاوساگەل بە دابو دەستووری خۆیان وەک یەکەم شەوی هەینی چوونە سەرگڵکۆی هەباسی ڕەحمەتی لە ماوەی چوون و گەڕانەوەدا هوما دووجار قەڵافەتی تەژەی حاجی بەننای دیت‌بوو. وەک سەگی پێ‌سووتاو وەدووی جەماوەر کەوتبوو. جارێک خۆی نیشان‌دەدا و ڕایەک بزر دەبوو، وەختێ نیشانی مێردەکەی دابوو، سەی‌میران بە سرتە وتبوویی:

ـ لێی‌گەڕێ با ئەوەندە پێ بنێ بە جێ‌پێی تۆدا هەتا گیانی دەردەچێ، دەڵێی تاژییە ژان گرتوویەتی.

ئەوشەوەی لەسەر قەبران گەڕانەوە، هوما شازدە گەز پارچەی نەشۆراو کە مێردەکەی بۆی کڕیبوو کردیەوە بۆ ئەوەی لە حەسارێ بخەون. دوو کاتژمێر لە تەمەنی شەو تێپەڕیبوو دەنگی سەهۆڵفرۆشی شەوانی هاوین لە کۆڵانەکەوە دەهات. سەی میران شێوی خواردبوو لە کەناری یەکێ لە پەنجەرەکانی ژووره گەورە پاڵی دابۆوە و جگەرە بەدەستەوە سەیری ئەم خێڵەی دەکرد لە کۆشی حەوشەکەدا ڕۆنیشتبوون. لە ڕواڵەتدا وا دیاربوو بەڵام لە ناخەوە هەر فکری لە بۆرە پیاوی خەنیمی دەکردەوە لەوە دەترسا ڕۆژێک گرفتێکی بۆ ساز بکا، هەر ئەو کاتەوەختە خاتووخورشید لەبەر هەیوانی ژوورەکەی خۆیان و نوقرە لەبەر دەرگای ژێرخانەکە جێیان پێدادا بوو ئامادەی خەوتن بوون. ئاسکە لەم هاتوچۆیەدا زۆر ماندوو ببوو، تازە شەکەتی ڕێگا لە لەشی چووبووە دەرێ دەستیکرد بە پەردەگێڕان و حازرکردنی تەختی خەوەکەی. لەپڕ شرپخوهۆڕی شووشە لە ژووری پێنجدەری بەرز بۆوە. دانیشتووانی نێو حەسارەکە قیژە و هەرایان تێکەوت. ژن و منداڵی جیرانەکان زۆر ترسابوون. سەیمیران خەوەکەی ڕەوی. لە جێی خۆی ڕاپەڕی و خڕکەبەردەکە لەبەر دەرگا کەوتبوو هەڵیگرتەوە. خەریکی تاووتوێ کردنی بەردەکە بوو بزانێ بە کوێدا هاتووە بە دوای یەکدا دوو لەتە خشت هاتن و زرم لە حەسارێ کەوتن. ئەوەڵ دانە درا بە تەختەخەوە بچووکەکەدا و ئەویتریش کەوتە حەوزی ئاوەکەوە. ئاسکە بە ترس و دڵەکوتەوە لە نێو پەردەکە درەپەڕی. مەهدی لەسەر لێفەکە خەوی لێکەوتبوو پڕی پێداکرد و هەڵیگرت. دەستی بێژەنی گرت و وەکئەوەی لافا و و ئاور لێیان نزیکبێ خۆیان گەیاندە هەیوانەکە، جیرانەکان هەرکەسە و خۆی کرد بە پەنا و پەسێوێکدا، وەک تاوە تەرزە بەردەباران بەسەر حەوشەکەدا دەهاتە خوارێ، لە ماوەی چرکەیەکدا پتر لە پازدە بیست خڕکە بەرد و لەتە خشت ڕوویان لە دەرو ژووری ماڵی سەیمیران کرد. زۆربەی بەردەکان ئاراستەی ژووری پێنجدەری دەکران. مەعلووم بوو ئەوکەسەی بەردەکانی دەهاویشت یان لە کۆڵانەکە دابوویان لە سەربانێکی ڕووبەڕوو سەنگەری لێدابەستبوون. خاتووخورشید و سەیمیران بە پێخواسی خۆیان گەیاندە کۆڵانەکە بەڵکوو ئەوەی خەریکی بەردباران کردنە زوو بیگرن و نەهێڵن دەرباز بێت. بەڵام ئەمسەر تا ئەوسەری کۆڵان چۆلەکەکووژی تێدا نەبوو.

ئەو شەوە بە ترس و لەرزەوە تەمەنی شەویان بە تیرێژی هەتاو سپارد، تازە تاووبان گەرم ببوو دووکانداری کۆڵانەکە دەرگای ماڵی سەیمیرانی ژەنی بانگی سەیمیرانی کرد و بە ئارامی کاغەزێکی نیشاندا، دەیگوت لە درزی دووکانی ئەویان داوە. ئەوە دووجارە ئەم کاغەزانە بەوێدا

دەدەن، لەم دووجارەدا، بەرلەوەی کەس بیبینێ لێیکردۆتەوە وەختێ خەریکی قسەکردن بوون، سەیمیران وەرسووڕا و کاغەزێکی دیکەی هەر بەم خەتو نووسراوە بە دەرگای حەسارەکەوە چاوپێکەت. بوغز و ڕق و قین بوو بە ژهری هەلایهەل و بە گەرووی سەیمیراندا چووە خوارێ، جەرگ و دڵ و گۆشت و ئێسقانی بەسەر یەکدا سووتاند. ڕووداوێکی سەیر بوو. ئەمجار تەواو بە پەرۆشەوە لەم بابەتەی دەڕوانێ، گوێپێنەدان و سەرساردی کردنی لەوانەبوو ڕووداوی تاڵی لێبکەوێتەوە و ڕەقیبەکەی فرەتر بە قیندا ڕۆبچێ. ئەو کاغەزەشی لە دەرگا کردەوە و خستییە گیرفانی. پێشئەوەی بەرقلیانی بخوات بە تەمای شکایەتکردن خۆی گەیاندە ئیدارەی پۆلیسی ناحییە.

لەم شکایەتەی کردبووی ئەگەر بەڵگەی تەواوی بە دەستەوەبایە دەیتوانی حاجی بەننا مەحکووم بکا و بە دەستی پۆلیس بیکاتە زیندانەوە. بەڵام بێ مەدرەک و بەڵگە هیچی بۆ نەکرا، ئەگەرچی پووڵ و پارەیەکی زۆری بێرەو بەوێدا ڕۆیشتبوو. چەندجارێک حاجیبەننا بەدزی پۆلیسەکانەوە هەڕەشەی لێکردبوو. بەم هەڕەشە و چاولێسووڕ کردنەوەیەدا شکی بۆیچوو جگە لەو کەس بەردبارانی نەکردوون. هەر بۆیە لە ماڵێدا بۆچوون و فکری جۆراوجۆریان هەبوو. کەس نەیدەزانی بە قسەی کێ باوەڕ بکا. ئاسکە هەستی بە ئاریشەیەکی ناخۆش دەکرد، دەیزانی مەترسییەکی گەورە سەرو ماڵی مێردەکەی خستۆتە بەرهەڕەشە. ناحەقی نەبوو ئەگەر بە پەرۆش نەبێ، هەر بۆیە کاتێک میران لە ماڵ دەچووە دەرێ پێیدەگوت وریای خۆی بێت. شەوانە زووتر لە جاران بێتەوە بۆ ماڵێ. بە کووچەو کۆڵانی چۆڵ و تاریکدا نەیەتەوە. بەڵام لەلایەکیتریشەوە دڵخۆشییەکی هەبوو کە سەیمیران لە هێنانی هوما بۆ ماڵی خۆی پەشیمان بۆتەوە. هەر لەم حەیس و بەیسەدا ڕۆژێک دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان لەبەر دەرگای نەخۆشخانەی ئەمریکاییەکاندا ئەوی دیتبوو، هەروەک هەمیشە زەردەخەندەی لەبان لێو بوو ملینابوو لە ئامۆژگاری کردن. سەیمیران لە وەڵامدا گوتبووی:

ـ کەوابێ تۆش خەبەری بەردبارانی ماڵی منت بیستووە. ئەگەر وابێ دڵنیابە لە کۆڵ خۆمی دەکەمەوە، ماڵ و منداڵی خۆم لەو خۆشتر دەوێ. بەڵام دەبێ بە شێوەیەک دەستی لێهەڵبگرم خەڵک نەڵێن لە ترسان تەلاقی داوە، هوما لەوەپێشتریش بێکێشە و گرفت نەبووە.

ئەم هەواڵە دەم بەدەم بڵاو بۆوە، گوتوویانە قسە بکەوێتە زارێ دەکەوێتە شارێ، هوما بیستییەوە. بەڵام بەر لەوەی سەیمیران بکەوێتە فکری تەلاقدانی هوما، ئەو هەلەیان لەدەست بۆوە

هیچ کەسێک بەم هاوینە نەتوانێ لە حەسارەکەدا بخەوێ، سەی‌میران بەم ترسەی شکابووە گیانی ساتێک نەبوو پەژارە و خەیاڵ لە گای تۆڕی نەنێ:

ـ نەکا ئەوەی لە پشت دەرگای ژوورەکە خۆی مات دابوو حاجی بەننای ناپیاو بووبێ.

ئەم فکرە تەواو مێشکی ئەوی ئاڵۆز کردبوو، تەنانەت ئەوەندە ترسابوو ئیزنی بە هوما نەدەدا لە ماڵ بچێتە دەرێ، ژنە تەواو ترسی ڕێ‌نیشتبوو لە دوای بەردبارانەکەوە ناچار سەی‌میران لەگەڵی دەچوو تاکوو بەردەرگای گەرماوەکە، دەمەو نیوەڕۆ نیو سەعاتێک لەبەر دەرگای گەرماوەکە جگەرەی کێشا و هات‌وچۆی کرد، بەدەم فکر و ئەندێشەوە، هوما بەرێتەوە بۆ ماڵێ. جارێکیش لە گەڕەکی فەیزاوا ژنێک بە پێوشوێنی هوماوە هات، دیاربوو ژنە لە زەبرو کۆنە دەلالە، حاجی بەننا ڕای‌سپاردبوو. حاجی کە زۆر پەشیمان ببۆوە زۆریشی گلەیی لە دایکی منداڵەکانی هەبوو، دڵڕەقی و بێ‌وەفایش حەد و حدوودێکی هەیە، داواکاری ئەوەبوو بگەڕێتەوە بۆلای جگەرگۆشەکانی، بەڵام هوما ڕاسپاردەی کۆنە مێردی دڵنیا کرد، کە خەونێک بوو دیتی: نەمدیوە و نەمناسیوە!

سەی‌میران تەنیا لە چوونەدەرێی هوما نیگەرانی نەبوو، ئەو لە ماڵێش دڵی نەدەحەساوە، لە نێو پیاوەکانی جیراندا، داریوش برای حاجی‌خانم گەنجێکی لووسکە و و چاو و برۆ جوان و سەر و کاکۆڵ قیت. دڵی لەویش ئاوی نەدەخواردەوە، جاران بە شێوەیەکی‌دی ئەم لاوەی دەبینی، سەی‌میران هەمیشە پێی‌وابوو کوڕێکی بەئەدەب و شەرمێونە، بەڵام لەوەتەی هوما هاتۆتە ئەم ماڵە کوڕە گۆڕاوە و سەی‌میرانیش دڵی کرمێ بووە، ناحەقی نەبوو، تەنیا سەی‌میران بوو لەو کوڕە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، لەبەر ئەوەی پیرەمێرد پیاوێکی کرماشانی بوو، لەلایەکی‌ترەوە بە گیان و بە دڵ ئەم ژنە جوان و جحێڵەی خۆش‌دەویست. جێی‌خۆی بوو ئەگەر نیگەرانی بێت ژنە ئەوەڵی دەمی بوو، کەحیلیش ئاوا سرک و خۆش‌بەز بێ، سواری خۆی گەرەکە نەک پیرێکی وەک باوەڵێ. ئەگەرچی دڵی زۆر باش بوو بەڵام خۆ فکر و خەیاڵ لێناگەڕێن ئەو لاوە تازە دەگەیشتێ جوان‌پۆش و ڕێک و لەبار هەرچەندە موسڵمان بوو بەڵام بەلای نوێژ و ڕۆژوودا نەدەچوو شەراوی نەدەخواردەوە، بەسەر پێوە میزی دەکرد، ئاخۆم دەکرا ڕوو وەربگێڕێ لەم ئافرەتە جوانەی ماڵی سەی‌میران کە بەراستی ئەوەی لە باخەڵی‌دایە هاوجووتی ئەو نییە؟ ئەگەر وانەبوایە هەموو ڕۆژێ بۆچی ڕدێنی شەش‌تیخ دەکرد و شانەی بە سەرو کاکۆڵیدا دەهێنا و لە دەم دەرگای ژوورەکەیان پاڵی دەدایەوە و بە بیانووی کتێب خوێندنەوە بە سیلەی چاو لە ژووری پێنج‌دەری دەڕوانی و ڕاوەچاوی دەکرد؟ ئەی لە ژێر لێوەوە ئەم ویرە ویرەی لەچیی بوو یان بۆچی فیکەیەکی دەکرد؟

وەختێ لە حەساری خۆیدا ئەمەی بە چاو دەبینی زیاتر پەرۆش دەبوو لە دڵی خۆیدا پێیوابوو ئەوەی شەوێ دەرگای هومای ژەنیوە جگە لە میرزا داریوش کەسێکیدی نەبووە و حاجی بەننا ئەوەندە پیاو نییە بەم گەڕەکەدا بێت، هەر ئەم هەتیوە لووسکەیە ئەم بەزمەی ناوەتەوە و خۆشی کردۆتە ماری مردوو.

دوانیوەڕۆیەکی گەرمای هاوین بوو، هوما بە نیازی ئاوهەڵگوێزان هاتبووە سەر بیرەکە، گەرما سەبوونی دەگێڕا و وزەی باڵی زەرگەتە و مێش نەبێ زیندەوار لەم حەسارەدا وستەی لێوە نەدەهات. جگە لە هوما قەت تاقە بەشەرێک بە دەرەوە نەبوو، جیرانەکان لە ترسی گەرما خۆیان لە ژووریێ خنیبوو وەک کیسەڵ خزابوونە قاپووڕی خۆیانەوە. سەیمیران حەسیری تازەی کڕیبوو، دابووی بەبەر پەنجەرەکاندا بۆ گێڕانەوەی گەرما، لەودیوەوە چاوی دەگێڕا، هەر ئەوەندەی دەنگی سەتڵ و دۆڵچە بڵند بوو داریوش بە توێی ئارەقچنێکەوە پاتۆڵێکی سپی دەپێدا بوو چەند تاڵێک لە کاکۆڵی شۆڕ ببوونەوە بۆسەر نێوچاوانی جەڕەی ئاوی دەستدایە و خۆی گەیاندە سەرچاڵاوەکە، ئەوە یەکەمجار بوو ئەو کوڕە بچێ لەسەر بیرەکە ئاو بێنێ، یان کارێک بۆ دایکی بکا. هوما سەتڵی ئاوی بە دەستەوە بوو، بە نازێکی دڵدارکوژەوە ڕووی کردە کوڕە و گوڵبزەیەکی پێشکەش کرد و بە بریقەی ددانە ئاڵتوونییەکەی کۆشکی دڵی ئاوەدان کردەوە و باخی بەرۆکی نیشاندا. ئەو بزە و سیلەی چاوی بەر لە مارەبڕینیشی پێشکەش بە مێردەکەی خۆی نەکردبوو. هەر ئەو وەختە کە هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبوو چەرخ و فەلەکی ئاوهەڵکێشانی هەڵدەخولاند و سەتڵە ئاو لە حەددی خۆی زیاتر هاتە سەری و لەپڕ بەسەر کوڕەدا ڕژا. هوما بە نیمنازێکەوە زریکاندی. دەستی لە چەرخ و دۆڵچە بەردا، بە چرکە سەمایەکەوە کشا دواوە. سەتڵ و گوریس بە خرمو هۆڕ بەربۆوە و شڵپ درا بە ئاوی نێو بیرەکەدا، دەروجیران خۆیان گەیاندە بەرپەنجەرەکانیان بزانن ئەم شڵپو کوتە چی بوو. ئاسکە بۆ ئەوەی بزانێ کێبوو ئەم کارەی کرد هاتە بەرهەیوانەکە. کەمتاکورتێک جیرانەکان کاری وایان دەکرد، دەبووە هۆی پسانی کەندر و گوریس و بەربوونەوەی دۆڵچەکە و شکاندنی چەرخو فەلەکی ئاوهەڵگوێزان. ئیتر خۆ باسی هێنانەوە سەرێی سەتڵ و گوریسەکە هەر ناکردرێ کە چەندە بە زەحمەت جێبەجێ دەبۆوە. ئاسکە زانی کێ هەیە لە هەوێکەی خۆی زیاتر لەگەڵ داریوشی سادە و ساویلکە، قاقا پێیپێدەکەنی. گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی لە دواوە چەمۆڵەیەکی باشی لێنا و بۆڵەیەکی لێوەهات. ئێستا ئەم قرمە و قاڵە لەلایەک و حەنەک و لاتاوی پوور بەگم لە لایەکی دیکە، پیرێژن لە پاش مەرگی کەربەلایی هەباس بە گفتی کچەکەی بۆنی

هەڵوای خۆی بەسەردا چووبوو، بە جێوبان لە قولینچکی هەیوانەکەدا کەوتبوو وەک بڵێی دەنگی پێی فریشتەی مەرگی ژنەوتووە. کەچی لەم حەلەدا وەکئەوەی عەلەمی لێبڕابێ گەیبووە نزیک چاڵاوەکە، بە دەستی لەرزۆکی دەرپێ و شەڕواڵی توند گرتبوو نەکا بکەوێتە قولاپەی بەو دەستەی دیکەی بەردەمی گرتبوو دەیزریکاند نەکا نەوەی پەنجا ساڵەی بەربووبێتەوە چاڵاوەکە:

ـ حەمەحسێن! حەمەحسێن!

هەر لەودەمەدا خاتووخورشیدی کچی بە قەڵسی گەیشتە سەری و پیلی گرت و وەک منداڵێک بردییەوە بۆ بەرهەیوانەکە. کاتێ هوما بە سەرو بەرۆکی تەڕەوە گەڕایەوە بۆ ژووری، سەیمیران قەڵس و تووڕە بە گژیدا هات:

ـ کایە و یارییت لەگەڵ دەکرد، یان سەتڵەکەت لە دەست بەربۆوە؟

هومای شۆخ و شەنگ ڕووی وەرگێڕا و بە بێزارییەوە چاوی لە چاوی بڕی، وادیاربوو ئەم چاوەڕوانییەی لە مێردەکەی نەبوو، بە لەفزێکی تووڕە و لەخۆڕازی وەڵامی دایەوە:

ـ هەردووکیان! هیچ کە ئاگام لێنەبوو، ویستم تۆزێکی شۆخی لەگەڵ بکەم.

بۆ چرکەیەک بێدەنگ بوو دواتر وتی:

ـ کەسێک ئەوەندە دڵپیس بێت و لە خێزانی خۆی بەشک بێ، نابێ جیرانی خراپ لە حەساری خۆیدا ڕابگرێ.

سەیمیران دیسان بە بێباوەڕی لێیپرسی:

ـ بۆ مەگەر، ئەم هەتیوە قسەیەکی پێوتی؟

هوما دەیزانی پێویست ناکا لەوە زیاتر وەڵامی بداتەوە، وایننیشاندا قەڵس و تۆراوە ڕووی لێوەرگێڕا و پشتی تێکرد. چارشێوەکەی بە دەستەوە بوو فڕێیدا سەرکورسیلەکە، تاکوو وشک ببێتەوە، زۆری هەمییەت بە سەیمیران نەدا کە ببوە هۆی تووڕەبوونی. لە سووچێکی ژوورەکە جلە تەڕەکانی بەری گۆڕی. سەیمیران نێوچاوانی لێتێکنا و بە سەرییەوە ڕاوەستا، مەحتەلی وەڵامدانەوەی بوو. هوما لەوکاتەدا وەک بووکی یەکشەوە خۆی لە گوڵ دابوو، وەک ئەوەی بیهەوێ باخی سینگ و بەرۆکی بە مێردەکەی نیشان بدات و بە لەنجە و لاری هەوەسبزوێنی قەندی دڵی میران بتاوێنێ، ئەو کراسە گوڵهەنارەی چەند چرکە لەمەوبەر کردبوویە بەری و نیوە سەماو بە ڕەوتی وەکوو کۆتری دووسووڕی پێوە لێدابوو، دایکەندەوە و بە چمکی کراسی پەچەی بۆ جووتێ هەرمێگوڵاوی کرد، ئیتر لازم نییە لەوە زیاتر پەردە لابەرین و لە تاریفی پاوپووز و

بەژن و کەمەری ڕاچین. باسکی تورت و ناسکی زەنگی شابلووری دەزڕاند و ئاوی لە چاو دەچنی. هەیکەلی تاس و لووسی بەرابەری دەکرد لەگەڵ غەزەڵی تەڕو پاراوی حافز و ناڵی. تەنانەت لەم کاتوساتەدا، ئەگەر دەست و پەنجەی میرانت ببڕیبایە بەخۆی نەدەزانی و نە چاوی پاراوی تەماشای دەبوو نە پەنجە لە گوڵچنین دەبۆوە و نە لێو لە مژینی لێوی. ئەوەی بە تاڵان کەوتبووە دەست سەی‌میران نە گەنجی سەربەمۆر تای دەکرد و نە کۆتەڵی خوای جوانی، تروسکاننەوەی تیشکی خۆر لەسەر بەفر و خوێن و ناسکتر لە پەڕەی گوڵی میلاقە و ڕوناکتر لە کچی هەتاوی بەیانی بەهار بوو، چاوی لەبەر هەڵنەدەهات و شەرمی جوانی قەڵەمی دەست و پێی دەشکاند. ئەمە ئەنتیکەیەک بوو بە بۆنەی گەزەچیتێکی بێ‌بەهاوە کە دەکەوتە دەست کۆتاڵ‌فرۆشی مەچووسی کووچە و بازاڕ، هەناوی سووکتر لە پەیتووکەی باوەڵێی بەرماڵ بەشان لە چرکەیەکدا دنیای خاکی بەجێ هێشت و بە باڵای عەرشی عەزیمدا هەڵزنا، ئەم سەفەری خەیاڵی و باڵگرتنە تەنیا شاعیران لەگەڵیدا دەژین و دەستەملانی ئاواها خۆشییەک دەبن، لەم چرکە ساتەدا هەست و ئەندێشەی ئاوێتەی یەکدی بوون. یەکەم کۆپلەی غەزەلێک کە تێکڵاوی بوو لەگەڵ، دنیای دەروون و فەلسەفەی بوون و چێژی حەز و تاسە پەپوولەئاسا بەسەر دڵییەوە نیشتەوە:

«ئەتۆ و ئەم تیشکە زێڕینە کە تێکەڵی بوون، کوڕی سەی نەسرووڵڵا؟! بزانە هەر لەم دنیای ڕوونە بە مرادی دڵت گەیشتی و بەهەشتت بە نەسیب بوو.»

هەرچەندە نەرمە تۆزی تووڕەیی لەسەر ڕوخساری بەجێ مابوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەیکەلە گیاندارەدا واقی وڕما و سەری سووڕمابوو، بێ‌گومان ئەگەر (پراکزیتل) لەو کاتەدا خەریکی تەواوکردنی پەیکەرەی ڤینووسی جوانی بوو، چاوی بەم بەژن و باڵایە دەکەوت چەکوش و تەشوێی دەستدەدایە و دەستکردی ناشیرینی خۆی تێکدەداوە تاکوو کەس نەی‌بینێ و قیزی لێ‌نەکاتەوە، جوانی لە تاریف نەهاتووی ئەم خوای جوانییە وەک ئاوی ژیان لە دڵ و دەروون کاری دەکرد و ڕۆحی هەرمانی بە جەستە دەبەخشی، وەکئەوەی جارێکی‌تر ئەم هەلەی بۆ نارەخسێ تێر تەماشای جلوەی جوانی ئەم خەرامانە نەدەبوو، یان ئەوەی ودمی پێبوو بۆ ئەوەی ڕۆح و جەستەی لە سەفای بێ‌بەش نەبێ لەبەر دەستیدا خۆی تاواندبۆوە، تاڵ تاڵە تیشکی خۆر بە سەرەتاتکێوە لە درز و کەلەبەری حەسیرەکەوە دزەی کردبوو بۆسەر لەش و لاری ناسکەهوما، ئەویش چاوبرسی و سەر پڕ لە ئەندێشە غەرقی تەماشا بوو. نەکا ئەم منداڵۆچکە بە هیوای چنینی تۆپەگوڵی باخی بێت،

فکر و خەیاڵ چنگی لە دڵی وەردەدا وەختێ کراسەکەی بەری گۆڕی سەی‌میران بە غیرەتێکی پیاوانەوە لێی‌پرسی:

ـ پێت‌دەڵێم قسەیەکی پێ‌وتی؟ بۆچی ڕاستم پێ‌ناڵێی چیم لێدەشارییەوە؟

هوما هەر لەو جێگایەی لێی‌دانیشتبوو خەرمانی بسک و پەرچەمی بە لایەکدا خست و گوتی:

ـ من دەڵێم نێرە، تۆ دەڵێی بیدۆشە! ئیتر چی لە من دەپرسی! من حەز بە چارەی ئەم گەنەمووە ناکەم، با خوشی بە پیاو بزانێ، چارەی سەگێکی ئەم دایک و خوشکەیم ناوێ، لەوە دەترسم ڕۆژێ نەتوانم پێش بە زمانی خۆم بگرم و لەو ماڵەدا هەر دەڵێی کاروان‌سەرایە خۆمیان لێ‌هەڵبکەم ئەتۆ منت هێناوەتە مەیدانی شەڕی ناوخۆیی، ئەوانە کێن ڕێگەت پێداون؟ ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە؟!

میران بە دڵپڕی سەرێکی بۆ لەقاند و لێوی خۆی کرۆشت. گوتی:

ـ زۆر باشە، هەر ئەمڕۆ لەگەڵ ئاسکە قسە دەکەم پێیان‌بڵێ شڕەوشیتاڵیان بدەن بە کۆڵیاندا و دەوڵەت زیاد و ماڵئاوا، خۆ من سەگی یانی‌گرم ڕانەگرتووە؛ ئەم قازانجەشم ناوێ.

سەی‌میران دەیزانی هوما لە گەڵ حاجی‌خانم و دایکی نێوانیان زۆر خۆش نییە. ئەوان دەستەخوشک و خۆشەویستی ئاسکەخاتوون بوون؛ لە ئەمرو نیای ئەودا بوون. ئەوەندە لەگەڵ هوما تێکەڵ نەدەبوون. لە ژوورەکانی خۆیاندا یان لە ژێر سێبەری ڕەزان دادەنیشتن و سەریان دەکرد بە نێو یەکدا و بەدەم کاهووخواردنەوە باسی هومایان دەکرد و سەرو گوێلاکیان بۆ تێدەکردەوە. ڕۆژی شەڕەکەیان و پێشتریش، ئەوکاتەی ئاسکە بە مارەبڕینەکەی زانیبوویان هەروەک هوما دەیگوت، لە مزگەوت گریابوو. خاتوو سەفییە پاش‌ملە زۆری قسەی ڕەق پێدادابوو، هوما شەوێ هەمووی بۆ گێڕابۆوە.

بڕیاری کتوپڕی بەبێ گەڵاڵەی سەی‌میران هەر لەوشەوەدا لەسەر ئەم بابەتە بۆ ئاسکە جێی سەرسووڕمان نەبوو. ئەو لە ناخەوە دەیزانی چ باسە هەر بۆیە شتی‌واشی دەبیست. ئەم ماڵە هەمەدانییە چوار ساڵی تەواو بوو لەو حەسارەدا بوون بەبێ ئەوەی کەس گلەیی لەوان هەبێ و زەحمەت و ئازاری ئەم و ئەو بدەن. پێش‌ئەوەی بگەنە سەری مانگ کرێی خۆیان دەدا بە سەی‌میران. کرێچییەکی پاک‌و خاوێن، هاوماڵ خۆش و بە دەردو مەرگی دەروجیرانەوە بوون. نە چاویان لە ماڵی کەس بوو و نە فیزو ئیفادەشیان بەسەر کەسدا لێدەدا، ئەمە ڕاستە لە ژیانی نێوکۆمەڵگادا بەڕێزترین کەس ئەوانەن کاریان بە کاری کەس نییە و سەرقاڵی گوزەرانی خۆیانن، بەڵام ناشێ ئەمەشمان لە بیر بچێ بۆیە تۆرەمەی بابادەم پێکەوە دەژین کە لە هەرەوەز و

دەستبار و هاوکاری و گیروگرفتی یەکدیدا خەمخۆر و فریاڕەسی یەکبن، وەختێ کارێک بۆ ئاسکە یان هەریەکێک لە هاوماڵەکان دەهاتە پێشێ، جا با زۆر بە زەحمەتیش بوایە، نەخۆشی و سەرئێشی، مناڵبوون و...، ئەو دایک و کچە ئەوەندە بە خێرایی ڕادەپەڕین و دەچوون بە هاواریانەوە و یارمەتی ئەم و ئەویان دەدا پیاو حەزی دەکرد دەستیان ماچ بکا، تەنانەت خاتوو سەفییە لە دەواو دەرماندا دەستەکەمی لە حەکیمی نەبوو. بیرۆ و بالووکەی دەبڕی کوڵنج و مەلاشو و نێوکی دەهێنایەوە دەست و لاقی شکاوی دەهێنایەوەجێ، زۆر شتی فێری ئاسکە کردبوو. ئەگەر دەواو دەرمانی ئەم خاتوونە نەبوایە دەزانی کەچەڵی چ بەلایەکی بەسەر حەمەحسێنی خاتووخورشید دەهێنا، سەیرەکە لەوەدابوو کەمتر کەس لەو ماڵەدا بەقەت سەیمیران هۆگری ئەم ژنە قژماش و برینجییە بوو، چ خەمو پەژارەیەکت لە ڕوخساریدا بەدی نەدەکرد. ئەوماڵ و حەوشە و حەسارەش بەو ژنەوە خۆشبوو. ئەو زۆرجار سەری دەخستە سەری و بە جەفەنگەوە دەیدواند. داریووشی هەروەک کوڕی خۆی حیساب کردبوو، ئەی ئەمە چبوو خێرا بەروپشتی تاو بردی؟ ئەمشتە لەخۆڕا نییە، لەونێوەدا ئاسکە هەرچیکرد میران ڕاستی پێنەگوت و هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو، هەردوو پێی لە کەوشێک کردبوو ئیللانو بیللان هەردەبێ بڕۆن. ئێستاش کە ئێستایە پێینەگوت لەبەرچی، ئەوەی سەید بیگوتایە هەر ئەوەبوو، ئاسکە دەیزانی سەیمیران هەسانی لێدراوە، گوێی لێگرت بەلام جارێ بەقسەی نەکرد. زۆر سەیر نەبوو لەپاش دوو ڕۆژ فکرەکەی دەگۆڕێ و یان هەر لە بیریشی نەدەما، بۆئەوەی جیرانەکەی ئەم قسەیە نەبیستێتەوە و نەکەونە نیگەرانییەوە لەلای کەس نێوی نەهێنا. ئاسکە لە هەمووکەس باشتر هەوێی خۆی دەناسی لەو ماڵەدا، پێیوابوو جگە لەو هیچکەسێک کاری بەکاری ئەوان نییە، ئاخۆ ئەم بابەی عەیار و چلچاپانە بۆ خۆشیرینکردنی خۆی لە بەرچاوی ئەم کابرا خۆشباوەڕە هەرتاوەی ڕەنگێک ناگۆڕێ و گوتبێتی داریوش ئاشقم بووە؟ ئەوە جوڕڕە ناڵ دەکا! سەیمیران چییە، جارێک نەمدیوە دانیشێ و باسی جگەرگۆشەکانی بکا، ئەمە، حەوتی بمرێ لە باوان، کلی نابڕی لەچاوان. سەتی کردووە بە قوونەوە تازە گوڵ و گوارەی زێڕی دەوێ. ئەیلەوە، ئەیلەوە، هەر ئەورۆژە هوما لەسەر حەوزەکە ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ خۆی نیشان دابوو، ئاسکە بۆ ئەوەی شتێکی لێهەڵکڕێنێ و بزانێ چۆنژنێکە چاوێکی لەدوویی بوو، هەر لە یەکەم حەوتەدا بۆی دەرکەوت داریوشی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو، بەیانی ڕۆژی هەینی تاوبانێکی خۆشبوو لەگەڵ هوما لەبەر دەرگای ژوورەکەی خاتوو ڕاوەستابوون کوڕە لە

نێودەرگاکەدا خەریکی موتاڵاکردن بوو ئاسکە وەختێ شکی تێکردبوون دوور لە چاوی ئەوان خۆی بە کاروباری ماڵەوە خەریک کردبوو لەوکاتەدا ئەوە داریوش بوو ویرەویری دەهات:

ـ ئەم بسک و کاکۆڵە جوانە، دەڵێی بەرەزای شاخانە؟

هوما مەهدی بە باوەشەوە بوو، بە سیلەی چاو سەیری دەکرد و بە لەفز و کەلامی شیرینی وەڵامی دابۆوە:

ـ جوان نییە بسک و ئەگریجەم، ئەو چاوانەی من دەبینێ جوان و دڵبەرە.

کورە جحێڵە شتێکی دیکەشی وتبوو بەڵام ئاسکە نەیبیست، هومای کۆنەڕاوچی بۆئەوەی کەس شکی تێنەکا منداڵەی بە ئامێزەوە بوو نەختێک دوور کەوتەوە و دیسان گەڕایەوە نێوچاوێکی درۆزنانەی تێکنا و دەهۆبازانە گوتی:

ـ بابزانم دایکت دەڵێچی؛ تۆ جارێ بۆنی شیری خاو لە دەمت دێ.

ئاسکە نەیزانی ئەمکورە چ قسەیەکی کردبوو ئەو بەدڵی نەبێ و ئاوا بە توندی وەڵامی داوە. بەڵێ ئەمە لێرەدا گرینگبوو هوما پێیوابوو خواردنی ئەم کورە نییە، لەبەر خۆیەوە گوتی، ئەمەی لەلای تۆ خەیاڵە لەلای من بەتاڵە!

بەڵام ئەم ماستە بێموو نەبوو، هەر ئەووەختەی کە سەیمیران هێنابوویە ماڵێ و هێشتا مارەی نەکردبوو. ڕۆژێک دایک و خوشکی کورە لە ژوورەکەی ئاسکە پێیان دەکورسی کێشابوو بە زمانی نیوەڕاستی و نیوەگاڵتەی هوما دزەئاماژەیەکی پێکردبوو، سەفییە خان خێرا قسەکەی بەرپەرچ دابۆوە:

ـ من ئەگەر بمەوێ ژن بۆ کوڕەکەم بێنم، بۆ ناچم کیژێکی چاردەساڵەی بۆ بێنم کە بوخچەی نەکراوەبێ، تۆم بۆچییە چوارجار لەسەر خشت زاوی! ئەوەی نانێکی خواردبێ ئەقڵی لەتێکی هەیە، کوڕی خۆم کچی بۆ دێنم لە قەدیمەوە گوتوویانە ورچبێ و کچبێ، لەوەش بترازێ داریوش ئێستا سێ ژن ناندەدا.

ئەم دزەدز و بزەبزە، لە نێوان ئەو دوو گەنج و کاڵەدا شتێکی تەواو سروشتی بوو لەپاش مارەبڕانی هوما و بە هاوسەربوونی سەیمیران وەک سەهۆڵی بەرتاوی بەسەر هات. تەنانەت ژنی چاوتیژی ماڵەکە بەردێکی لەسەر دانا و هیچی نەگوت. ئەگەر هوما حەزی لە ئاژاوە و ناتەبایی نەبوایە نەدەچووە بنگوێی سەیمیران و قسەی بۆ ئەو ماڵە هەڵنەدەبەست! ئەگەر (دووپشک بە کلک پێوەدەدا بە عالەمی ئاشکرا ژن بە زمان پێوەدەدا)، دەنا سەیمیران چ بەهانەیەکی بە دەستەوە

بوو بۆ جوابکردنی ئەوماڵە، ئاسکە لەوسەری قسەکە دەهاتەوە. فکری کردەوە هەرچۆنێکبێ جارێ کارێک بکا ئەوان لەبەرچاوی هوما شیرین بن. نەهێڵێ دڵی ئەم هاوماڵە دێرینە گەرد بگرێ. ڕۆژی داهاتوو عەسرانەیەکیان سازکرد و هومای بانگهێشتن کرد بۆ ماڵی هەمەدانی.

هوما، گوتی: خەبەرو باسی هیچم نییە و نەمبیستووە سەیمیران گوتبێتی جوابیان دەکەم. زانیشی هێشتا خاتووسەفییە خەبەری هیچی نییە. ئاسکە گوتی من قەت پێمخۆشنییە ئەوان لێرە بڕۆن، لەڕووشم هەڵنایە پێیانبڵێم بڕۆن.

ئەورۆژە عەسر ژنان بە دەوری یەکدا کۆبوونەوە براکەی حاجیخانم لەماڵ نەبوو، دایکی لەسەر ڕاسپاردەی ئاسکەی پێیوتبوو بچێتە دەرێ، دایک و کچ زۆر بە گەرمی میوانداری هەردوو ژنەکانی سەیمیرانیان کرد. ئەوەی لەو حەسارەدا بوون لەمێژ بوو پێویستیان بە جەفەنگ و گاڵتەو گەپ هەبوو. دە ڕۆژێک دەبوو بە بۆنەی مەرگی کەربەلایی هەباسەوە قاقاو پێکەنین لەو ماڵەدا باری کردبوو و تۆزی پەژارە لە ڕووی هەموویان نیشتبوو. پەریناز تەنیا و بێکەس لە سووچی ماڵدا ئەم چەند ڕۆژە بە بێنووکە نەبوو دەلۆراوە و وایلۆکی دەچڕی. باشییەکە لەوەدابوو ئەورۆژە لە بەیانییەوە ئەم پیرێژنە مێردمردووە بوخچەکەی دابووە بنپیلی و چووبوو بۆ ماڵی خزمێکی، جێیخۆیەتی ئەو وتەیە لە بیر نەکەم، ئاسکەخاتوون هەرچەندی کەیخواژن و خانمی گەورەماڵ بوو بەڵام بەشی خۆی لە جۆش و ڕووهەڵماڵاو بوو، ئەگەرکوو زۆریش نا، کەمیشی نەدەهێنا، وەک زۆربەی ئەو ژنانەی سۆز وسەلیقەیەکیان هەیە ئەویش لە خەڵوەتی ژوورەکەیدا دایرەیەکی کردبوو، بە ئەستۆی دیوارەکەدا، جاروبارە ژنانی حەوشەکەی لە دەوری خۆی کۆ دەکردەوە و بە دەنگی دەف و چەپڵە دەکەوتنە هەڵەکەسەما، ئەگەرچی سەیمیران نە کەمو نە زۆر خەبەری ئەم بەزمو ڕەزمەی نەبوو بەڵام ئاخۆ ئەم ژنە چەند ساڵێک لەمەوبەر نەرمە لەنجە و چرکەسەمایەک بە دایرەکە فێری بوو ناکرێ ناوی هونەرمەندی لەسەر دانێین؟ بێجگە لەوەش لەسەر ڕوخسەتی مێردەکەی بەشدار دەبوو لە کۆڕی پرسە و بەرنامەی ژنانەدا. سەرەی ئەم کارانەش شیرینخانم بوو، دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان، ئەم بەرنامانە هەرجارەی بە ناوونیشانێک دەگیرا و ژنانیش بە جوانترین جلوبەرگەوە بەشداری دەبوون و خۆیان تیفتیفە دەدا، تۆوی سوێریان دەترووکاند و میوە و شەربەت و شیرینیان دەخوارد. ئەوانەی کەمئەزموون بوون لە سەرەژنانەوە فێری ماڵداری و مێردخۆشەویستی و تەنانەت دڵبەری و خۆڕازاندنەوە دەبوون، وردەقامی دێوەر و مامەی سەوزەفرۆشیان لەبەر خۆیانەوە دەگوت و بە دەم دەنگی دەفەوە کچان

سەمایان دەکرد و ئەوانیش چەپڵەیان بۆ لێدەدان. شیرینجانخانم پیر و بەژن زراڤ تاقە ددانێک لە دەمیدا نەمابوو، وەختێ پێدەکەنی چرچی دەموچاوی لە ئەژمار نەدەهات و ئاو لە چاوی دەزا، بۆئەوەی میوانگەل بخاتە شادی و خۆشی، جەفەنگ و گاڵتەو گەپی دەبووە نوقڵی مەجلیس، بەدزیەوە بەرگ و پێڵاوی پیاوانەی دەبەر دەکرد و لەپڕ خۆی دەکرد بەنێو ژناندا، کێ لەونێوەدا جوان و لەبار بوو دەئامێزی دەگرت و ڕایدەمووسی و ژنان قیژەو هەرایان تێدەکەوت. ئەمهەموو خەم و خەفەتە بە ئاسکەی بەستەزمان هەڵنەدەگیرا، کەوابێ (مۆسیقا و شادیکردن، قووتی ڕۆحە) و مرۆڤ لە هەروەخت و بێوەختێکدا بێ ناتوانێ پشت بکاتە شنەی شادیهێن. ئەگەرچی بۆ کاتێکی ئاوا خۆش تەنیا دایەرەیەک ناتوانێ کۆڕ گەرمی بکات و گوڵی دڵ بپشکوێنێ، کەس لە بیری دایرەدا نەبوو، ئەوەندەیان نەزانی دەنگی دووزەلە و دمبەکی تەپڵچی لە گەرووی کۆڵانەکەوە بەرزبۆوە، مشتەری خۆیان دیتەوە، ئاسکە گوێی هەڵخست و گوتی:

ـ خاتوو، دارودەستەی مامنەورۆزی دەزگیرانتە! پێتخۆشنییە بانگی بکەی؟

ـ بەچاوان، بەڵام بەومەرجەی شاباشەکە لە گیرفانی میوان بێتەدەرێ.

ـ بەهـ ، تەواومان کرد! حەتمەن ئەوە دابی هەمەدانی ئێوەیە؟ من و هوما ئەوە میوانین بەڵام ئەگەر غیرەتی خانەخوێی ئەمەی قەبووڵ بێ ئەوا پارەی کاهوو شەربەتەکەش من دەیدەم. گوڵلە و دەرمانی بایزاغا شەق لە کەندەڵانی. تۆ بڕۆ بانگیان بکە من شاباشەکەی دەدەم. (چاوێکی لە هوما داگرت.)

دوو کوێری چاویلکە لەچاو و کوێرکێشێکی مێرمنداڵی پاکو خاوێن دەستی دەکێشان بە تەقو کوتی گوچان هاتە حەسارێ و بەڕێی ژووری خاتوو سەفییە کران. بەڕێوەبەری ئەم سێ کەسە پیاوێکی بەژنو بەڵاجوان و کادەروێشی بوو، سەروفۆلکەی ڕەش و شانەکراو، گەردنبەرز و بیچمێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام بێبەش لە دوو چاویبینا، هەربۆیە ژنان سەتجار خۆیان لاڵ و کوێر کرد. چاویلکەی ڕەشی دەورچەرمی لە چاو کردبوو، هەروەک دەمامکپۆشەکەی خۆراسان، کەس چاوی نەدەبینی. ئەوەیان دایرەی لێدەدا و گۆرانی دەگوت، هاوڕێی گۆرانیبێژەکە پیاوێکی کەمانچەژەن بوو ئەویش کوێر و نابینا، ئیتر ئەوانە چۆن یەکانگیر ببوون ئەوە خۆیان دەیانزانی. ئەگەر چاوساغەکەیان لێهاڵاوێرین بکەین وا شمشاڵی بۆ لێدەدان ئەو گورووپە بێچاوە زۆر ڕێکوپێک و دەنگخۆش بوون، ژنان بەبێ ترس و ڕەخنەی پیاوەکانیان، بە ئازادی دەیانبردنە ماڵی خۆیان و بێئەوەی شەرم بکەن و بە خۆیاندا بشکێنەوە. دەنگی مامنەورۆز زۆر زۆر خۆشنەبوو، لە

گوێی‌گرتنی زوو ماندوو دەبووی، بەڵام دەنگێکی پیاوانەی هەبوو. وەختێ گەرم دادەهات لە گۆرانی‌کوتن سۆز و خەمێکی ئاشقانەی وەدەردەخست لەو ڕۆژگارەی دڵدۆڕاوو چاوساخ بوو. دیارە ژنان لە ناخەوە هەستیان بەمشەیداییە دەکرد. سووتاوێکی هەژار و لێ‌قەوماوبوو، لە ماوەی ئەم دووسێ ساڵەدا لەگەڵ ڕەوەندی بێکاران ئاوارەی کووچە و کۆڵانی شار ببوون. بۆ بژیوی ژیان ئەم کەسپەی هەڵگرتبوو، بەڵام خوازیارانی قەڵانشین کە لە قەفەزی زێڕین کرابوون باوەڕیان وابوو ئەم هاوار و ناڵین و گریانە لە دڵێکی سووتاوڕایە و چیرۆک و ڕابردوویەکی دڵهەژێنی لە کۆڵ ناوە. هونەری ئەم کوێرە لەوەدابوو هەواو ئاوازەکان بۆخۆی دایدەنان، وەک بڵێی هەناوی سەرچاوەی شێعر و بەستەو مقاماتی ڕەسەن بوو. لەلای هەمووکەس دەیگوت. ئەگەر لە دایک بەربۆتەوە کوێر بووە و چاوی دنیای ڕوونی نەدیوە، بەڵام کێ‌بێ و نەزانێ ئەو مرۆڤە تەژی نییە لە ئەشق و ئاوەزو دڵۆڤانی، لە کێش و سەراوی شێعر و گۆرانیدا، دیدەپەری، و کوڵمەگوڵین و گوڵبزە و شەدەلار و ئامۆزاگیان زاخاوی مێشکیان دەدا و دڵی تۆزگرتوویان ئاوپڕژێن دەکرد. تەنانەت ئەگەر ئەم گۆرانیانە بنووسرابایەنەوە دیوانێکی دڵداری و چیرۆکی مەم‌و زین و شیرین و فەرهادی لێدەکەوتەوە، هەروەک تراژیدای سەیدەوانی کوردی و (رومیئو و ژولێت)ی شکسپیر، ئەمە چەندەمین جاربوو مام‌نەورۆز بۆ ئەم ماڵە بانگهێشتن دەکرا، جاری‌وابوو بە تەنیا و جارجاریش یەک‌دوو کەسی‌تری لەگەڵدا دەبوو، زۆربەشیان منداڵ بوون. ڕۆشن‌دڵێکی سەیر بوو تاکوو دەنگی ئاسکەخاتوونی دەبیست دەیزانی ئەمە ژنی خاوەن‌ماڵە، ژنان بۆ جەفەنگ و خۆش‌ڕابواردنی خۆیان خاتوو سەفییە کە تۆزێک دەنگی کچۆڵانی هەبوو دەیانگوت ئەوە کیژێکی هەژدە ساڵەیە و بەژن‌زراڤ و نازدارە و کردبوویان بە دەزگیرانی ئەو پیاوە خۆش‌وێژە! ئەوڕایەش هەروەک جاران وەختێ وەژوور کەوت و دانیشت خێرا هەواڵی نازدارحەیرانی خۆی دەپرسی، خاتوو سەفییە بە نیم‌نازێکەوە دەهات و لە پەنایدا دادەنیشت.

بە ئەنقەست نێوچاوی تێک‌دەنا و خۆی لێ‌لالووت دەکرد: لێم‌ناپرسێ و خەرجم نادا، قامبێژ زۆر گوی‌قوڵاخ بوو لە نێو ئەم ئاپۆرەدا دەنگی تازەی دەبیست، گەرم و هەستبزوێن، لە نێو ئەم سازو ئاوازەدا کە ڕەگی لاملی هەستابوو بە سۆزێکی جانانەوە بەبێ ماندووبوون هەوایەکی تازەی دەچڕی«چاوکاڵی لێو بەخەندە، سەرکوڵمت شەکر و قەندە» دەنگبێژ بە چەپڵە یارمەتی دەدا، بە نارەنار بۆی دەسەندەوە. ژووری گەورە و ڕوو بە ڕووگەی خاتووسەفییە لەبەر ژن و کچ جمەی دەهات. هوما بە بزۆزی چەند منداڵێکی هەستاند، وەک‌ئەوەی تازە ونبوویەکی خۆی دۆزیبێتەوە، دەستی منداڵانی گرت و بە بیانووی فێرکردنیانەوە دەستی‌کرد بە سەما و هەڵپەڕکێ و دەسرە

بەدەست چۆپی کێشا، جوولە و لارو لەنجەی هێدی و چۆپیکێشانی یەکبە یەک چاوی سەرنجیان تێبری، کۆڕی بەزم و ئاهەنگی ژنان تا دەهات خۆشتر دەبوو، ئەویش پێ بەپێی ئاوازی مۆسیقا و دەنگی چەپڵەلێدان لە بەرایدا بە نەرمەنەرمە وردە وردە کرژی کرد و هەڵپەڕکێ و سەما دڵی دڵداری دەهێنا جۆش و خرۆش. ئەوەندە لە دڵەوە سەمای دەکرد، دەتگوت بەتەمایە تۆڵەی چەندینساڵەی ڕۆژگاری گەنجی بکاتەوە. وەبیری ماڵی حسێنخان کەوتبۆوە، یان حەزی دەکرد ئەو ڕۆژانە زیندوو بکاتەوە، ئاخۆم بە بەرچاوی مێردەکەیەوە مامەلا تۆبەی پێنەکرد هەتا بەرۆح زیندووە سەما نەکا و نەڕەخسێ؟ ئەوە شتێکبوو تەنیا بە لەفز دەگوترا، بەڵام نەک بۆ ئەم تەمەنە. ئەگەر ڕەخس و سەماکردن تاوان بێ کێهەیە نەچێتە ژێر داری کرگاری سەماواتێ. وەختێ هوما لە گەرمەی سەمادا بوو بەبێ ئەوەی کەس پێبزانێ کەسێک بە دووچاوی تامەزرۆوە لە کەنارێکەوە غەرقی تەماشابوو بەڵام ژنان و منداڵان وەک ئەونەیان دەبینی و هەستیان پێنەدەکرد، کێهەیە ئاوا بە چاوی دڵ ببینێ و هەزار ئافەرینی بۆ بنێرێ، گوڵبارانی بکا. ژنان لە ترسی ئەوەی نەکا پەرێناز زوو بگەڕێتەوە کە هێشتا لەچکەی ڕەشی لە سەری فڕێنەداوە و لەویش گرینگتر سەیمیران بوو ئەگەر لێیان وەژوور کەوتبایە بەزم و ئاهەنگەکەیان تێکدەچوو چاوی ڕەشییان کاڵ دەبۆوە، دەرگای حەسارەکەیان کلۆن کردبوو، ئاڵقەڕێزیان هەڵپێکابوو، منداڵەکانیان حاڵی کردبوو ئەگەر لە دەرگایاندا، نەچن دەرگا بکەنەوە، بێن و خێرا خەبەر بدەن بە خاتوو سەفییە، کەچی مەعلووم نەبوو بە کوێدا داریوش هاتۆتە ژووری و کامە چاوێشەلێدراو دەرگای بۆ کردۆتەوە، کوڕە زەلام زەلام هاتبووە نێو دەرگاکەوە لە پشت پووربەگم وەکئەوەی مرادی خۆی بزر کردبێ دەستەوئەژنۆ هەڵکورمابوو، بە چاو و بە دڵ سەیری سەماکردنی جوان و شیرینشێوەی هوماخانمی دەکرد. هەرچەندە ژنان دواتر زانیان ئەم کوڕە هاتۆتە نێویان گوێیان پێنەدا و باسیان نەکرد. دڵیان نەهات بێبەش و ناهومێدی بکەن؛ چدەبێ با ئەمیش نەختێ چێژ لەم کۆڕ و سەمایە وەربگرێ. خۆ ئەگەر لەم کاتوساتەدا سەیمیران وەژوور دەکەوت بێ گومان شەیداتر لە داریوش لە سووچێکەوە دادەنیشت و لە بەژن و باڵای شۆخ و شەنگی هوما ڕادەما. جەوهەری هونەر لەوەدایە هەروەک تریفە تارمایی چێژ و هەوەس بە هەست و ئیلهام دەگۆڕێ و وەسوەسە و دڵەڕاوکێ بە ئاوی ئەندێشە و بیرکردنەوە دەشواتەوە، هیچکام لە ژنەکان ڕووی خۆیان لە داریوش دانەپۆشی و پەردەی شەرمیان نەدا بە ڕوودا، تەنیا ئاسکە لە کاتی چەپڵەلێدانیدا لەچکە گوڵوەنەوشەکەی لە سەری حاجیخانم داگرت و بۆ هومای فڕێدا، بۆئەوەی سەرو شانوملی ڕووتی پێداپۆشێ. ناسکەهوما بە بزەیەکی پەرییانەوە چەندجارێک لەگەڵ نەرمەلەنجە خۆی ڕاوەشاند،

دوو دەسرۆکەی سەماکردنی بە دەستەوە بوو لەگەڵ هەر پێچو سووڕێکدا بە نۆرە دایانانە سەر عەرزی، لەچکەی چوارقەدی بە نازێکەوەدا بە سەریدا و لە ژێر چەنەی زێوینی گرێیەکی لێدا، داهاتەوە، هەرجارەی یەکێ لە دەسماڵەکانی هەڵگرتەوە. هەڵپەڕکێی جوانی پێ‌بەپێی بەرزو نزمی نەوی مۆسیقا خوار و ژووری دەکرد. دارو دیواریش حەزی دەکرد ببێ بە چاو و ڕەقس و سەمای شیرینی ئەم ژنە ببینێ، لەرزە و جووڵەی سنگ و بەرۆکی ڕاوی دڵی دڵداری دەکرد لەگەڵ هەر هاتن و چوونێکی چۆپی‌کێشانیدا، ئەوەندە نەرم و لەتیف بە ڕاست و چەپدا بە پاش و پێشدا دەنووشتایەوە، وەک بڵێی پێشە و ئێسقانی لۆکە و هەویرە، ئیتر هەڵپەڕکێ و سەما هەر لەخۆیی جوان‌بوو، ئەگەر ئەوانەی لە نزیکەوە بە دوو چاو سەیری زۆربای یۆنانیان دەکرد و لە تاریفاتی ڕادەچوون، ئەوانە ئەگەر سەمای ناسکە هومایان بدیبایە حەزیان دەکرد دوو چاوی دیکەشیان هەبایە و تێر تەماشای ئەم چۆپی‌کێشەیان کردبا، ئەوسا بزانە چۆن پەسنی ئەویان دەدا؟ ژوورەکە جمەی دەهات و تین و گەرما تەنگی بە ژنان هەڵچنی، کراسە چیتە گوڵهەنارەکەی بەری هوما شەتڵی ئارەقە ببوو، لە زۆرجێگاوە چەسپی‌بەری بوو، شەونمی ئارەق لە زولفی دەڕژا. وەختێ هاتەوە لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت و دەنگی چەپڵە و زیل‌و بەمی مۆسیقا حەوت ڕەنگی گۆڕابوو، دڵی بە خێرایی لێی‌دەدا، بەرۆکی هەڵی‌دەخستەوە، هێندە ماندوو بوو سەری خستە سەرشانی ئاسکە تاکوو زوو وەحەسێ، بە شلکەنازێکەوە پاڵی‌نا بە ئاسکەوە، یانی تۆ مەجبوورت کردم دەنا من کەیفم لەم بەزمە نەبوو! ئاسکە بە دووچاوی پڕ لە خۆشییەوە تێی‌ڕاما و بە لۆیی دەسماڵەکەی ملی‌نا لە باوەشێن‌کردنی. ژنان تێکڕا چەپڵەیەکی باشیان بۆ لێدا و گوتیان: یاڕەبی خوا ئیمانت بداتێ، حەجت بە قسمەت بێ، خوا کوڕت بداتێ، خۆ بەینێک‌بوو تۆزی قەبرانمان لەسەر نیشتبوو! خەریک‌بوو هەناومان دادەڕزا. هەرکەسێک لەم ساتەوەختەدا ئەم دوو ژنەی بدیبایە، قەت فکری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەگەر هەوێ بن، وایدەزانی جووتێک خوشکن. کاتژمێرێکی تەواو بەسەر تەپڵ و مۆسیقای مامنەورۆز و سەیر و سەفای خاتوو سەفییەدا تێپەڕی بوو، بەڵام کێ حەزی دەکرد ئەم کۆڕ و مۆسیقا و سەمایە تەواو ببێ؟ ژەنیاران بە خواردنەوەی چایی و شەربەت و شیرینی ماندوویی لەشییان دەکرد و پشوویاندا. هەردوو هەوێ وەک خانم و خاتوون بە بیانووی کاری تایبەت کۆڕ و مەجلیسیان جێ‌هێشت و چوونە ژوورەکەی ئاسکە، وەختێ هاتنەوە سەیریان کرد ژنان کۆڕەکەیان گەرم ڕاگرتبوو، ژن‌گەڵ هاوساماڵ زۆریان هەوڵدابوو حاجی‌خانم هەڵپەڕێنن، بەڵام ئەو بەقسەی نەکردبوون و پیرەدایکی بە لۆژەلۆژ ولاژەلاژ هێنابووە هەڵەکە سەماو ڕەقس و پێکەنین. کۆڕی شادی و خوشی ژنان تادەهات گەرمتر دەبو وچەند

کەسێک لە ژنی جیرانەکانی کۆڵانیش بە بیانووی حاجەت و کارێک هاتبوون بۆ تەماشا، لەو نێوەدا ساحەبخانم و ئێرانی کچی لەوێ بوون. خاتوو سەفییە بەهۆی ئەوەی وەلەدی هەمەدان بوو نەیدەزانی چۆپی و ڕۆینە و سوێسکەی و شێخانی و گەڕیان چییە، ژنان جەفەنگیان دەگەڵ دەکرد و لەباتی سێپێی داوای ڕەقسی شیرازیان لێدەکرد. منداڵان چمکی داوێنان دەکێشا و قاقا پێدەکەنین لەم گەرما و گەرمی چۆپیکێشانەدا، داریوش ئاو کەوتە دڵی و ئەم هەلەی بە دەرفەت زانی کۆتی بەری داکەند و چووە ژێر باڵی و هاتە بەردەم ژنانی سەیرانکەر، لەوکاتەدا کە ئەو دەستی دایکی گرتبوو هوما ئەم هەلەی قۆستەوە و چارشێوی تووڕهەڵدا و بە لارو لەنجەوە سمت و بارخانەی خستە لەرزین و سەما و دڵی کوڕەلاوی خستە بەرگازی چاوی جەللابی. ئەوەی لەو کۆڕەدا سەیری دەکرد، لە سێحری سەمای ئەم ژنە بابانوێرانە سەری سووڕمابوو دەمی ببوو بە تاقی چرا، ئەمجارە بە کراسی تازەوە هاتبۆوە مەیدان زۆریان لە پێشدا هەر نەشیانناسییەوە. وەک جوانی پەلکە زێڕینە بدا لە جامی بلوور، هەرساتەی ڕەنگێکی دەنواند. کراسی نێو قەد باریک و شەدەو گێلگێلە و تاسکڵاو و گوارەو گرمەک و سیخمەی تاقڕانیڕێژ و دەرپێی لە پاووپووز توند و پاوانە لەپێ پیری خەرابات و سۆفی خەڵوەتنشینی تامەزرۆی لێومژین و دەستبازی و کوڵمەڕامووسان دەکرد. گشتی ئەم جلو لیباسە خاسە یادگاری بووکێنی ئاسکەخاتوون بوون. ئێستا بە کاری ئاسکە نەدەهاتن و لە سندووقەدا هەڵیگرتبوون. ئەوەی لەو کۆڕەدا بوو پەسنی هوما و ئاسکەی دەدا و جێگایان بۆ چۆپیکێشان دەکردەوە. سەماچییان لە گەرمەی هەڵپەڕکێدا بوون، دەچوونە پێش و دەهاتنە دواوە و جارجاریش دەستی یەکدییان بەردەدا، داریوش و هوما هەریەک لە شانێک دەستی پیرێژنیان گرتبوو بە لەرەی سنگ و مەمک خەریکی چنینەوەی پەپوولەی چاوان بوون. مامنەورۆز هەرجارەی بە ئاوازێک و هەر ئاوازەی بە سازێک پەنجەی پێدادەنا و لە بلوێری دەتووڕاند و زەرب و دایرەی هێنابووە سەر هاوار و ناڵین: (یارکرماشانی دووسم قەسرییە خاترخایبییەم تەقسیرم نییە)، کەمانچەژەن تاروپوودی کەمانچەی دەبەستەوە و شمشاڵژەن شمشاڵی لەسەر کۆشی دانابوو بە چاویدڵ سەیری چۆپیکێشی دەکرد. ئەمە یەکەمجار بوو ژنان لەو ماڵەدا سەیر و سەمایەکی ئاوایان بە نسیب ببوو. تەنانەت پووربەگم کە لە پێ کەوتبوو، هەروەک خۆی دەیگوت بە خواردنی گەرمەک لە مردن ڕزگاری بوو. هەرچەندە چاوەکانی نەیاندەکرد، و بە جوانی نەیدەتوانی ژن و پیاو لە یەکدی هەڵاوێرن. سەری لە کاری هوما سووڕمابوو. کچەکەی خاتووخورشید بە شەرمەوە پێدەکەنی و پەنجەی خۆی دەگەزی و خێراخێرا دەیگوت:

بەرەکەتکەی ژنە! ئەمە تۆ جادووبازی چکارەی هوما! وەڵڵا ڕەقس و سەما هەر لەخۆت جوانە!

لەماوەی ئەم چەند ڕۆژە تاڵ و ناخۆشانەدا، ئەورۆژە لەوپەڕی خۆشی و شادیدابوو بۆ ژنانی ئەو ماڵە. بە بڕوای ژنەکان سەمای داریوش و هوما (ئەوان دووبەدوو بۆ ماوەیەکی کورت بە یەکەوە هەڵپەڕکێیەکی باشیان کرد) نەبووە هۆیی دڵمەندی هیچ کەس و هۆیی تووڕەبوونیان. ئەمە ڕێکەوتبوو لەگەڵ ڕێکەوتیش هیچ ناکرێ، ئەوان لەوە دەترسان سەیمیران پێبزانێ هوما لەگەڵ داریوش هەڵپەریوە. ئەوان دەیانزانی ئەگەر سەیمیران بەم حەیسوبەیسە بزانێ ئەو ماڵە بە یەکدا دەدا. ئاسکە، ئەگەرچی بۆ خوێنی سەری هوما توونی بوو بەڵام ڕازی نەبوو ئەم باسە بدرکێنێ، لەبەرئەوەی خەتاکە بۆ خاتوو سەفییە خوار دەبۆوە و نەدەبوو کوڕەکەی خۆییکردبایە بە ژووری ژناندا، شەوێ خاووخێزانی سەیمیران لە ژوورە گەورەکە دانیشتبوون. لە نێو یەکدا کەوتنە سرتوخورت. منداڵان ئەوەی نەدەبوو بیڵێن گوتیان، بیژەن گێلانە خۆی خستە پەنا بابی و گوتی:

ـ بابە ئەمڕۆ لە ماڵی خۆمان شایی و زەماوەند بوو.

ـ شایی و زەماوەند؟

ـ بەڵێ شایی و چەپڵەلێدان، داریوش و هوما هەڵپەڕین.

چۆن؟ داریوش و هوما هەڵپەڕین؟

ئاسکە بەدزی میرانەوە لێوی خۆی کرۆشت و مۆڕەیەکی لە کوڕە کرد، وەکئەوەی هیچ نەبووبێ بە لەسەرەخۆیی گوتی:

ـ لەگەڵ هوما و دایکی داریوش، دووای شەش مانگ بە دەوری یەکەوە کۆ بووینەوە و بۆ سەعاتێک مامنەورۆزمان بانگکردبوو، وەی لەو چاوشەیتانانە چەندە زمان ناسلامەتن. خۆ ئەگەر بێتوو پەرێناز ئەم هەواڵە بژنەوەێ هەتا مردن نامان‌دوێنێ، لاساری چاوزیت، شکایەتی ئەمڕۆت لێبکەم. بە بابت بڵێم ئەمڕۆ چیت دەکرد؟

لە بەیانییەوە زۆر دایکی زەحمەت دابوو، لقەداوێکی کلکی ئەسپی دۆزیبۆوە، هەرکەسێک خەریکی قسەکردن بواین دەچوو لە پشتییەوە مووەکەی دەکرد بە کونی گوێیدا، ئەووەختەی کەمانچەژەنی کوێر خەریکی سازکردنەوەی ئارشەکەی بوو ئەو منداڵە چەندجارێک ئەویشی ئازاردا، کوڕی بەستەزمان وایدەزانی خەرەنگەزە زۆری بۆهێناوە و بەسەر و چاوییەوە دەنیشێ.

هوما بۆئەوەی منداڵە لەم قسەگێڕانەوەیە دوور بخاتەوە گوتی:

ـ نا، ئەوە کوڕێکی ژیر و ئاقڵە، جارێکیتر قسە ناگێڕێتەوە.

ژنان دەیانویست بەم قسانە دیزە بە دەخۆنە بکەن بەڵام سەی‌میران ڕازی نەبوو، کەچی بەردێکی لەسەر دانا و هیچی نەگوت. بێدەنگو هەرا شێو خورا و سفرە کۆکرایەوە، وەختێک لەگەڵ هوما دووبەدوو بەجێمان، ئاسکە لە پەنجەرەی ژووری ڕووبەروو گوێی لە چەلەحانێ و دەنگ و هەرای هەوێ و سەی‌میران بوو. خۆی گەیاندە نزیک چاڵاوەکە و گوێی بۆ قسەکانیان هەڵخست، هوما بە نەرمو نییانی پێی‌دەگوت:

ـ بۆ مەگەر ژنی هەناسەسارد ڕۆژ تا ئێوارێ لە کونی ژوورێدا وەک کەوی نێو قەفەز گوناح دەکا ئەگەر سەعاتێک گوێ لە مۆسیقا بگرێو خۆ بەخۆ تۆزێک شاد و دڵخۆش بن؟ بۆ دەبێ هەمووشت لە ژن یاساغ و قەدەغە بێ؟ ژنەکان بە یەکەوە لەو ژوورە کۆ بووینەوە و چارشێوم داناوە و دەورێکم سەما بۆ کردوون. ئەوە عەیبە؟ بەردم بە ماڵی کابەدا داوە؟ وەختێ من زانیومە ئەو کوڕە لەنێو دەرگاکە دانیشتبوو، من چبکەم، خەتای منە؟ کچە گێژەکەی خورشید نەفامی کردبوو دەرگای بۆ کردبۆوە. بەلای ناخێری ئەو پیاوە نەدەبوو بێتە نێو مەجلیسی ژنانەوە، ئەورۆژە پێموتی کەسێک ئەوەندە دڵپیسی بکا و باوەڕی بە خاووخێزانی خۆی نەبێ ئەشێ کرێچی عازەب و گەنج و لاو ڕێگە نەدا، ئینسان دەتوانێ لە چواردیواری ماڵی خۆیدا ئەو دوو ڕۆژە تەمەنە بە ئازادی بژی، بە ئازادی جلوبەرگ بکاتە بەری و بە ئازادی بێت و بچێ.

ـ لەکەنگێوە بە ئاسکەم وتووە پێیان بڵێ لە هەوڵی جێگایەکی دیکەدا بن. مەگەر دەنگی نەکردووە؟

ـ ئاسکە جارێ هیچی پێ‌نەگوتوون.

سەی‌میران لێی‌تووڕە بوو:

ـ دەنگی نەکردووە! بۆ، لەبەرچی؟ چ کەین‌وبەینێکیان لە نێوان‌دایە حەز ناکا لێرە بڕۆن؟ زۆرچاکە. گەرەکنییە ئەو پێیان‌بڵێ، هەر ئێستا خۆم ـ میران ئەوەندە تووڕە بوو هیچی‌تری بۆ گوتن پێنەبوو، مەگەر ئەوەی هەستێ و لە پەنجەرەکەوە قاو بکا لە خاتوو سەفییە بۆ سەری مانگ ژوورەکەیان بۆ چۆڵ بکا، ئەو پیرێژنە هەناسەساردە سەری سوورمابوو لە ڕق و تووڕەیی خاونماڵ. سەی‌میران دەیگوت ژوورەکەمان پێویستە. بەڵام ئەوە تەنیا بڕووبیانوو بوو، ئەو دەیزانی سەی‌میران لە شتێکی دیکە تووڕەیە و سەما و هەڵپەرکێی کردۆتە بیانوو، ئەم قسانەی هەرچی هەبوو بە ئاسکە گوت. بەیانی کە سەی‌میران دەهات بڕواتە دەرێ، ئاسکە خاتوون بانگی کردە دیوەکەی خۆی، دڵپڕ لە گلەیی و خەم و دەرد لێی‌پرسی:

ـ حەزدەکەم بزانم لەخۆڕا بۆ ئەو ماڵە جواب دەکەی؟ نابێ من بزانم لەبەرچی؟

ـ ئاسکەخانم، یانی تۆ نازانی لەبەرچی ئەوان جواب دەکەم؟

سەی‌میران نێوچاوان تاڵ پشتی‌دا بە دیوارەکەوە و هەڵترووشکا، دەستی‌کرد بە جگەرەپێچانەوە، ئاسکە گوتی:

ـ من چووزانم، بۆ مەگەر من غەیبم پێیە؟ دەڵێم ڕەنگبێ دڵپیسی لە داریوش بکەی، چەند ساڵە چشتێکی خراپم بەو کوڕەوە نەدیوە، پیاو قسە بۆ خوا بکا هەر دەڵێی مەلائیکەیە.

ـ بێژە جاران وابوو، ئەوە ماری سڕە من دەیناسم، دەزانێ کەی پێوەبدا، لەوڕۆژەوە هوما هاتۆتە ئەم ماڵە، من ئاگام لێیە ئەم هەتیوە چۆن چاوی زیت کردۆتەوە، تاکوو هوما دەبینێ قوشقی دەبێ.

ـ باشە، تۆ ئاگات لە بێ‌کیفایەتی ژنەکەت هەیە، یان دەتەوێ بەم گەرمای هاوینە ئەم ماڵە ئاوارە و دەربەدەر بکەی؟! خوداش پێی‌خۆش‌نییە، نەک هەر ئەوان خەڵکی‌تریش هەروا، ژن ئەگەر ئەسڵ و جسن بێ لە نێو لەشکرێکدا بە ڕووسووری دێتەدەرێ. لەباتی ئەوەی دڵی خەڵک برەنجێنی بچۆ ئامۆژگاری ئەو ژنەی خۆت بکە. چاوت لێیە! چاوت لێیە! دەوەرە تەماشای بکە! مریشک ئەگەر خۆڵ نەکا بەسەر خۆیدا کێ دەتوانێ خۆڵی بەسەردا بکا. ئەوەتا بەم بەیانییە دەشزانێ تۆ لە ماڵی پیاوی جیرانەکانیش لە ماڵن نەتدیوە چیدەکا، ئاگات لێ‌نییە چۆن دەگەڕێ! من لێرە شەرم دەمگرێ؟ ئەگەر تۆزێک بە سەریدا نەیەی دەرپێکەی دەدا بە شانیدا! دەک ژنە بە پەند بێ!

سەی‌میران لە پەنجەرەکەوە چاوێکی لە حەسارێ کرد: هوما بەبێ ئەوەی بە جوانی چارشێوی بەسەر خۆیدا دابێ قۆڵ و باسکی هەڵماڵیبوو، بە بەرچاوی هاوماڵەکانەوە دادەهاتەوە و لە حەوزەکە دەست و دەمووچاوی دەشووشت، (حەوزەکە پڕنەبوو) بەم ئاکارانەی دەیویست بە میران بێژێ حەزی لە ئازادییە و ناویەوێ لەچکە و چارشێو بدا بە سەریدا، سەی‌میران نێوچاوی تێکنا و چەند ڕایەک لێوی خۆی گەزی، ئاسکە درێژەی‌دا بە قسەکانی:

ـ ئەگەر بێتوو من کاری‌وام بکردایە دەستێک دارت تێدا دەشکاندم، نەت‌دەهێشت زیندووی سەرعەرزی بم. من لەم ماڵەدا شتی سەیر دەبینم. میران کرو مات وستەی دەرنەدەهات، بۆ چەند چرکەیەک بیر و مێشکی لەکار کەوت، وەختێ دەهات بچێتە دەرێ، گوتی:

ـ باشە ئەمەش قوربانی چاوی تۆ بێ، مادام تۆ ئەوەندە ئەو کۆنە هەمەدانییەت خوش‌دەوێ، منیش کارم بە کاریان نییە و دەریان‌ناکەم، پێیان‌بڵێ لە جێی خۆیان دانیشن بۆ هیچکوێ نەڕۆن.

ئاسکە دەیزانی سەی‌میران دڵپڕ و ئاڵۆزە، زۆر لەو لەفزو گوفتارەی عاجز نەبوو. هەرئەوەندەی توانیبووی مێردەکەی پاشگەز بکاتەوە بۆخۆی کارێکی گەورەی کردبوو، کە هەوێکەی نەتوانێ دەستی

خۆی وەپێش بخات، ئیتر نەتوانێ زۆر فێری زماندرێژی ببێ، سەیمیران تاکوو بەرهەیوانەکە ڕۆیشت، وەک بڵێی شتێکی لە بیر چووبێ دیسان گەڕایەوە بۆلای ئاسکە، کەیخاتووی گەورەماڵ پێیوتبوو کە ئەم ژنە شەرم لە ژن و لە پیاو ناکا، بە دابی سەماچیان و سەماکەرکان بە بەردەمی پیاوەکاندا بەتایبەت داریوشدا دێت و دەچێ، تەنیا هەر ئەوەیمابوو بۆی لە بنی کووڵەکە بدات، هەر بەمهیوایە گەڕابۆوە، وەختێ هاتەوە و لەسەر جێگای خۆی دانیشت حەزی نەدەکرد سەبارەت بە هوما هیچ بپرسێ. پێیخۆشنەبوو شتگەلێک بژنەوێ و بە خۆیدا بشکێتەوە، یان ئاسکە فڕی بە سەریدا سواربێ. لەوکاتەدا شڵپەیەکی لەپڕ زریکە و قیژەی ژنگەلی دەروجیرانی بەرز کردەوە و بووە هۆی سڕینەوەی تەواوی فکر و خەیاڵەکان. حەوزەگەوەری حەساری سەیمیران چوارساڵ لەمەوبەر خوێنێکی کردبوو. منداڵە سێ ساڵەکەی خاتووخورشید، جیرانەکان ناحەقیان نەبوو لە ئاست ئەم حەوزە قووڵە زەندەقیان بچێ، بەتایبەت پووربەگمی جەرگسووتاو. بەم شڵپە و هەرایە سەیمیران و ئاسکە لە ژووریێ هاتنە دەرێ، چۆنی بۆچووبوون هەروابوو، ئەوەی لە حەوزەکە کەوتبوو منداڵ نەبوو بەڵکە مرۆڤێکی گەورە بوو واتە هوما خانم، ژنێک بەم قەڵافەتەوە نەتوانێ لەسەر لێواری حەوزەکە خۆی ڕابگرێ حەق نەبوو سەیمیران بە هاوارییەوە بچێ، بە قاقای جیرانەکاندا و بەمجۆرەی ئاسکە سەیری دەکرد بەئانقەست ئەمکارەی کردبوو، لە ماوەی ئەم چەند چرکەیەدا لەلای ئاسکە دانیشتبوو هوما پێشئەوەی بێتە سەرحەوزەکە جارێکیتر کچەکەی خورشیدی ڕاسپاردبوو، بێتە دەرێ کاری پێیەتی. وەختێ ئەو بۆ جارێکیدی گەڕابۆوە بۆلای ئاسکە، ژنە ئەوەندەیتر بە ڕقدا چووبوو، هەربۆیە سەیمیران بەتەمابوو بیباتە ژووری پێنجدەری و نەختێک بەسەریدا بێ، جارێکی دیکە کارێوا نەکا. بەڵام وەختێ بە پاتۆڵەوە خۆی دەحەوزی ئاوەکە خست و بە یارمەتی ئاسکە و نوقرە دەریانهێنا و لەسەر شانی دانا و بردییە ژوورەکە، مەعلووم بوو فکرەکەی ئەوان ڕاست نەبوو. هوما بێهۆش ببووو. ژنان جلە تەڕەکانیان لێگۆڕی بەڵام نەیاندەزانی چۆن وەهۆشی بێننەوە، سەیمیران مەحتەل مابوو نەیدەزانی چیبکا، لە فکر و ئەندێشەکەی خۆی پەشیمان ببۆوە. چەندجار تۆبە و ئەستەغفاری کرد، شوکری خوا هیچ نەقەوما، چاکبوو خۆی لە ماڵ بوو. بەپەلە گوڵمحەممەدی نارد بەشوێن ئاغاحەکیمدا، تاکوو هوما وەهۆش هاتەوە بە دەست و پێ دانەدەکەوت. ئەورۆژە تاکوو لای عەسر لە ماڵ نەچووە دەرێ، لە ژوورسەری هوما دانیشتبوو دەستی لە نێودەستیدا بوو.

له چاره‌ڕه‌شی ئاسکه، خاتوو سه‌فییه وه‌ختێ زانی خاوه‌ن‌ماڵه‌که‌ی په‌شیمان بۆته‌وه له جوابکردنیان گوتی:

ـ خوشکی‌خۆم، مه‌گه‌ر به مردن چاکه‌ی تۆم له‌به‌رچاو ون بێ. به‌ڵام ئیتر پێویست ناکا سه‌رکۆنه‌ی بکه‌ی، ئه‌و ژنه به‌ده‌واره بۆئه‌وه‌ی بسه‌لمێنێ خۆی بێتاوانه خه‌ریکه درۆ و بوختان بۆ کوڕه‌که‌ی من هه‌ڵده‌به‌ستێ، من له‌و ژنه‌تیوه ناترسم خه‌می ئابڕو و حه‌یای خۆمه.

به‌ڵام بۆ دوارۆژ چی، دایک و کچی هه‌ریه‌ک به لایه‌کدا، که‌وتنه کوچه و کۆڵان بۆخانوویی کرێ. هێشتا مابوویی بۆنیوه‌ڕۆ پیرێژن شه‌که‌ت و ماندوو به‌ڵام به خۆشحاڵییه‌وه هاته‌وه بۆ ماڵێ. دیاربوو به‌م چوار سه‌عات هه‌وڵدانه ماڵی په‌یدا کردووه، له خوار بێسیمه‌وه له ماڵه تازه‌کان‌دا خانووی به‌کرێ گرتبوو، ڕووبه‌رووی ئیداره‌ی ڕێگاوبان. شوێنی کارکردنی کوڕه‌که‌ی. ئاسکه جارێکی‌تریش هه‌وڵی له‌گه‌ڵدان په‌شیمان ببنه‌وه و له جێی خۆیان دانیشن. داوای لێکردن له‌م هه‌ل‌ومه‌رجه ناسکه‌دا به‌جێی نه‌هێڵن. به‌ڵام بێفایده بوو. ئه‌و پیرێژنه ئه‌وه‌نده‌ی ژیر و به ته‌کبیر بوو له کاران، ده‌ئه‌وه‌نده‌ش ورد و به بڕشت بوو، وه‌ختێ ده‌یزانی جوان فکری له کاره‌که‌ی کردۆته‌وه و به قازانجی ته‌واو ده‌بێ، گوێی به قسه‌ی که‌س نه‌ده‌دا، چ ئه‌و چ کچه‌که‌ی ده‌یانزانی تاکوو هوما له‌و ماڵدا بێ به‌کاری ئه‌وه نایات ئه‌وان لێره دانیشن. هه‌ر ئه‌وڕۆژه عه‌سر ئاوێنه و قورئانیان برد و له‌وێ دایاننا، بۆ به‌یانیدا ملیان‌نا له ماڵگوێستنه‌وه، جگه له هوما ئه‌وه‌ی له‌و ماڵه‌دا بوو به ڕۆیشتنی ئه‌وان په‌رێشان و دڵته‌نگ بوون. ئه‌مه‌ش فیتی ئه‌وبوو، ئه‌گینا سه‌ی‌میران جوابی نه‌ده‌کردن. له دوانیوه‌ڕۆدا ته‌نیا چه‌ند شتێک مابۆوه، وه‌ک چرایه‌کی ئه‌نتیکه و چه‌ند ده‌فرێک، دایک و کچ به‌بێ په‌له‌پرووزێ و به شێنه‌یی ده‌جووڵانه‌وه، ئه‌گه‌ر به ئه‌نقه‌ستیش بووبێ خۆیان ده‌خلافاند. له‌وکاته‌دا ئاسکه کوڵی‌گریانی هه‌ستا و لیزگه‌ی ئه‌سرین به‌سه‌ر گۆنایدا گلۆر بوون. هێنده به په‌رۆشه‌وه ده‌گریا دارو به‌رد بۆی ده‌بوون به ئاو. حه‌زی نه‌کرد که‌س به‌م‌شێوه‌یه ببینێ، منداڵه گه‌وره‌کانی کرده دیوی ده‌رێ تاکوو له کۆڵانه‌که خه‌ریکی یاری‌کردن بن، پشووی هاوین و منداڵان بێکار بوون. مه‌هدی به باوه‌شه‌وه بوو، ده‌رگای ژووره‌که‌ی له‌سه‌ر خۆی پێوه‌دا، چارشێوی به‌سه‌ر خۆیدادا، به‌ده‌م گریان و چه‌مه‌رچۆپییه‌وه فرمێسک وه‌ک بارانی په‌ڵه داده‌باری.

چه‌ند ژنێک بۆ دڵدانه‌وه‌ی هاتبوون بۆلای، حاجی‌خانم خه‌به‌ری پێدا نه‌گری میرده‌که‌ی هاتۆته‌وه. خاتوو سه‌فییه داوای گه‌ردن‌ئازایی لێده‌کات، ئاسکه گوێی پێنه‌دا کێ هاتۆته‌وه، به‌ده‌م گریانه‌وه خۆی ڕاده‌ژاند. ئه‌م بێوه‌ژنه جحێڵه به‌ته‌مابوو له‌م دواساتی ماڵئاواییه‌دا به ڕووخۆشییه‌وه بچێته ده‌رێ،

بەڵام ئاگری گریانی ئاسکە دڵی ئەویشی هێنایە کوڵ و خۆی بۆڕاگیر نەبوو، بەربینی گریانی تۆقی و فرمێسک بە چاویدا هاتنە خوارێ، ئەوە تەواوی نیشانەی یەکدڵی و یەکڕەنگی و خۆشەویستی نێوانیان بوو. دەستی دەملی ئاسکە کرد وەک چۆن دایک و کچ دەست لە ملی یەکدی دەکەن. نوقرە و پەری‌ناز دڵخۆشییان دانەوە و هەوری گریانیان لەسەر لادان. هەردووکیان چاویان سڕی، لەوکاتەدا نێرگەلەیان بۆ هێنابوون. هەریەکەو مژێکیان لێدا، بە بیرەوەری و خۆشی و ناخۆشی ڕۆژانی ڕابردوودا چوونەوە. هەر ئەوەندەی زۆر لێیان دوور نەکەوتبوونەوە جێگای خۆشحاڵی بوو. ئیتر حاجی‌خانم داوای گەردن‌ئازایی لێکرد و هەستا:

ـ ڕەنگە دایکم کارێکی بە مەشەدی هەبێ بۆیە بانگی کردووە، گەرەکمە منیش ببینم، با چەند گلەییەکی لێبکەم. خۆ ئێمە لەو شارە بار ناکەین دیسان چاومان بە چاوی یەکتر دەکەوێتەوە. ئەوەندەش سارد و سڕ نین ئێوەمان لە بیر بچێتەوە.

ئەوان زۆریان قسەوباس و دەردی‌دڵ هەبوو بەمخێراییە کۆتایی نەدەهات، ڕاسپاردەی زۆر و ئەرک و دەستووری نێوانیان، لەمانەش گرینگتر بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە دەست لە مل کردن و ماڵئاوایی بوو. بەڵام بێوەژنی مێرد تۆراو جارێ ئاسکەی بەجێ‌هێشت. زەردەپەڕ لەوەدابوو گوێسوانەکان لە دوایین بزەی خۆی بێ‌بەش بکا، گوڕپەشین لە نزیک پێشۆرکەی حەوزە کە بەتەمای زیانی خۆی ئامادە کردبوو پەلامارێکی مدبەخەکە بدا، بە چاوی هەنگاوەکانی حاجی‌خانمی تاکوو بەردەرگای ژوورێ بەڕێی‌کرد. دیاربوو ئەم ئاژەڵە بەستەزمانەش دەیزانی ئیتر ئەوان نابینێتەوە، ئەم ئافرەتە دڵپاکە داوای گەردن‌ئازایی لە وردو درشتی حەسارە گەورە کرد. هوما نەبێ، چاوێکی بە دار و دیواردا گێڕا و بە دڵتەنگییەوە حەزی کرد دەستێک بە پشتی گوڕپەشین‌دا بێنێ. هەرچەندە زۆرجاریش زیانی لێکردبوون، با لەگەڵ ئەمیش گەردن‌ئازایی بکا، کات کەم کەم بەرەو تەواوبوون دەچوو، ئەو ژوورەی ئەوان چوار ساڵ و شتێک شەویان تێدا ڕۆژ کردبۆوە، ئێستا سەی‌میران چوار مێردەکی لە نێو دەرگاکەیدا دانیشتبوو. گوێی لە قسەکانی دایکی حاجی بوو. پیرێژن دەیگوت:

ـ من هیچ دڵمەندییەکم لە تۆ و ئاسکەخاتوون نییە و زۆریشتان لێ‌ڕازیم خوا چاکەتان بۆ بکا و هەر بە ساحەبی شت‌بن. لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئەگەر نێوی حەق نەهێنین. نە ئێوە خاوەن‌ماڵ بوون و نە ئێمەش کرێ‌نشین. یاخوا هەمووشتت زۆربێ دەرد و بەڵا نەبێ، بەڵام ئەم ژنە بووە هۆی ئەوەی شیرازەی ئێمە لەبەریەک هەڵوەشێ سەی‌میران ئەوەندە بزانە. چوار ساڵە تەواو خدەو ئاکاری ئێوەمان بۆ دەرکەوتبوو بە ماڵی برای خۆمان دەزانی، من بەتەمابووم لە ماڵی ئەم تاقە برایەمدا ژن بۆ

کوڕەکەم بێنم. تۆ وەک خاڵی ئەو وابووی خاڵ و خوشکەزا، ئێوە ئەگەر ژوورەکەتان گەرەکبوو، ئەوەنییە هەر بەم نزیکانە پەری‌ناز دەچێتە لای زڕکوڕەکەی، دەبا چەند ڕۆژێک سەبرێکیان گرتبایە. ئێمە دەچووینە جێگای ئەوان.

حاجی‌خانم درێژەی بە قسەکانی دایکی‌دا:

ـ ئەگەر بابەتەکە ئەوەندە ساکار بوایە ئێمەش گلەییمان نەبوو، ماڵ ماڵی ئێوەیە و بەکەیفی خۆتانە چۆڵ دەبێ یان وەک دەڵێن کەری تێدا دەبەستنەوە. لە جیرانەتیمان وەڕەز بوون یاخۆ کەسێکی لە ئێمە باشتر دێتە ئێرە، داخەکەم لەوەدایە ئەو ژنە بۆئەوەی خۆی لەلای تۆ شیرین بکا بوختانی بۆ براکەی من هەڵبەست، تازە ئیتر هیچشتێک بۆ ئێمە فەرقی نییە، نامەوێ بە هەڵەدا بچی، ناچارم شتێک هەیە پێتی بێژم. تاکوو نەتوانێ لەمەودوا درۆ و بوختان بەگژ کەسدا بکا، ئەو بەرد لە خەڵک هەڵدەگێڕێتەوە ئێمە کلۆیی لێ‌هەڵدەگێڕینەوە، ئەوە دەبێ ترۆ بکرێ.

حاجی‌خانم لە دوای دەفر و چراکە تەنیا شتێک کە نەیانبردبوو قەدحەی وێنەی بنەماڵە بوو لەو ژوورەدا، هەڵی‌گرتبوو و گوتی:

ـ من بە ئەنقەست ئەمەم لێرە بەجێ‌هێشتووە، تاکوو نیشانی ئێوەی بدەم.

خاتوو سەفییە، نەختێک بە توندی بە گژیدا هات:

ـ نا دایەگیان، کارت بە هیچ نەدابێ، خۆ ناتەوێ لەوکاتی ماڵئاوایی کردنەدا، کەس دڵی لێمان بێشێ؟ ئەوجاریش لەوانەیە ئەو ژنە هەڵی‌نەگرتبێ، ئەگەر ئەوکارەشی کردبێ مەبەستی خراپی نەبووە، ئەوە گریمان نیازی خراپەی بووبێ، تۆ بۆچی گوناحی خەڵک دەشۆری؟!

کچە بە عاجزییەوە پەڕییە نێوقسەکانی دایکی:

ـ یانی‌چی دایە؟ یانی ئەم چاوانە درۆ لەگەڵ من دەکەن؟ مەگەر من نەمدی بە دەرزی بەرۆک لە درزی قەدحەکەوە هێنایەدەرێ، لە باخەڵیدا هەڵی‌گرت، ئەگەر ئەو داوای وێنەکەی لێکردبایەین لەسەر تاقەی ژوورەکەی خۆی دابنێ قەیدی نەدەکرد، دەماندایە، گرینگ نەبوو، بەڵام سبەی مێردەکەی لە یەخدانەکەیدا دەیبینێ و لە هیچی نەبوو ئابڕووی براکەی من دەچێ، ئێستاش ئەم برایەی من ئاگاداری هیچ نییە، ئەم پیاوەش ئەوکاتی وادەزانێ ڕەسم و وێنەی خێزانی لالای داریوشە، بەڵام بەڕێز سەراوی ئەوە ئێمە ڕۆیشتین حەزدەکەم ئەوەندەت پێبڵێم، هەتا تۆ خاوەنی ئەم ژنە دڵتەڕەبی سەعاتێک ژیانی ئاسوودە بە خۆتەوە نابینی، ئەوە دایمە خەریکی ساختو پاختەیە. ڕەبی ڕووسووری دیوانی خوا نەبێ.

سەی‌میران چاوی لێ‌دەرپەڕی و برۆ پانەکەی بەرەو ژوور هەڵکشا، بە چاوی بەبڕشتی لە ژنە راما:

ـ من نازانم ئێوە باسی چیدەکەن، خەریکن چی لە من دەشارنەوە؟

ژنە بە دەموچاویدا دیاربوو گریاوە، خەفەت بەربینی پێگرتبوو، شوێنی بەتاڵی وێنەکەی نیشان‌دا و گوتی:

ـ ئێرە کە دەبینن وێنەی براکەمی تێدابوو، ئێستا لەلای هوماخانمی ژنتە، دزیویەتی.

خاتوو سەفییە بە تانەوە گوتی:

ـ نەیدزیوە، بەبێ ئەوەی بە ئێمە بڵێ دەستی‌داوەتێ.

سەی‌میران باوەڕی نەدەکرد لێی‌پرسی:

ـ کەی ئەم کارەی کردووە؟ نیازی لەم‌کارە چی بووە؟!

ـ ئەوە بۆ مانگێک دەچێ، لە پێشدا من وامزانی مەبەستی گاڵتە و جەفەنگە، وتم دیتوومە، گوتی چیت‌دیوە؟ وتم ئەوەی لە قەدحەکە دەرت‌هێناوە و جیگاکەی بەتاڵە. ڕەنگێکی هێنا و بردی. قاقا پێدەکەنی و سوێندی خوارد، حاشای لێکرد کە ئەو هەڵی‌گرتووە، پێم‌خۆش‌نەبوو بە خۆیدا بشکێنمەوە لە باخەڵی دەربێنم، بەراستی من باوەڕم نەدەکرد ئەوەندە بێ‌کیفایەت بێ و بەتەمای خراپە بێ. دەیەوێ ئەم کوڕە هەناسەسارده وەسەر زەللە بپەڕێنێ. ئەوکاتی وەک ئێستا بۆم دەرنەکەوتبوو، ئێستاش بۆیە دەنگم کرد تاکوو بزانی خاوەنی چ ژنێکی، ئەوە سۆنەیە ناهێڵێ تەڕبێ. ئێمە نامانەوێ تۆڵە بکەینەوە یان کە ئێستا بەجێتان دەهێڵین ناڕەحەتیتان بۆ ساز بکەین، ئێمە بوختانچی نین.

خاتوو سەفییە گوتی:

ـ دایکەگیان بوختانچی، ئێمە تا ئێستا لەکن کەس دەنگمان نەکردووە، تەنانەت هەروەک مەشەدی دەڵێ لەگەڵ ئاسکە ئەم گشتە کەین‌وبەینەتان هەیە ئەویش نەیزانیوە، نابێ کەس بزانێ، جوان‌نییە ئینسان پەردە لەسەر عەیبی خەڵک لادا، ئەمجاریش دەیڵێمەوە شتەکە ئەوەندە گرینگ نییە، لەوانەیە وێنەکەی پێ‌جوان بووبێ بۆیە هەڵی‌گرتووە، ئەم ژنەکوردە تۆزێک ڕەفتاری دۆمانەیە، دەڵێی‌چی مرۆڤ لە ژیاندا زۆرشت دەبینێ، وەک خەون‌وایە دەکرێ بە باشی لێکی‌بدەیتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی گاڵتە بە ژیانی ئەم و ئەو دەکەن و چاڵ بۆ خەڵک هەڵدەکەنن هەر خۆیان تێدەکەون. ئەگەر ئێمەش وەک تۆ فکرمان بکردبایەوە دەبوو هەر ئەوڕۆژەی بە گوێی هەڵێناین بۆ داریوشمان بخواستبایە، دەشزانم مەشەدی هەر ئەمڕۆ و سبەی هەوساری لەسەر دادەماڵی.

سەی‌میران هەر لەجێی خۆیەوە دەستی لە ئەژنۆی هەڵپێکا، سەری داخست و گوێی بۆ قسەکانی پیرێژن شل کرد. ئەمە یەکەمجار بوو ئەم قسانەی دەبیست، بێ‌خەبەر لەوەی پێشتر پێشنیاری بە ئەوان داوە. ئەم قسەیە خۆشەویستەکەی کردوویەتی و ڕاستە و هیچ حاشای لێ‌ناکردرێ و لە خەیانەتیش چی‌هەیە بەملاوە؟ زۆری بۆ گرینگ نەبوو عەکسی ئەم کوڕەی هەڵگرتووە، بەڵام ئیتر ئێستا لە هوما دڵپڕە و ناحەقیشی نییە. ئەوەندەی ئەم ژنە قسەی کرد ئەو گوێی‌گرت و سەری بەردابۆوە، زێدەتر لەو دایک و کچە تووڕە بوون. ئەمجار بەبێ ئەوەی ماڵئاواییان لێبکا بە ڕق و غەزەبەوە لە نێو دەرگاکە هەستا و هاتەخوارێ. ئەوەی ڕاست‌بێ، ئەورۆژە بۆیە زووتر لە جاران هاتبۆوە بۆ ماڵێ تاکوو لەگەڵ هوما بچێتە بازاڕ نەختێک پێداویستی ژنانە بکڕن. ئەوەندە گوشار بۆ مێشکی هاتبوو بە بیانووی ژانەسەرەوە لەسەر تەختە ڕووتەی حەساری تخێڵ بوو. قسەی ئەم دایک و کچە دەلاقەیەکی دیکە بە ڕوودا کردبۆوە، دڵ و زمانی هوما لەگەڵ سەید وەکوویەک نەبوون. ئەوە (سنجووی سووری نێوک ڕەشە.) ئەم هەوەس‌بازە وەک فۆتەی حەمام هەرتاوێ بەبەر یەکێکەوەیە، ئەو بە تەمەن و جوانییەکەی فریوی خواردبوو، هەر ئەو سەعاتە قسەکە تەواو دەبوو فکری بە لایەکی‌دیکەدا دەچوو:

ئەی ئەگەروایە بۆچی داوای لێدەکرد لەو حەسارە نەیان‌هێڵێ و دەریان‌بکا؟

دوو ڕۆژ دواتر هوما چوو بۆ حەمام، سەی‌میران لە ماڵێ مابۆوە، دەیزانی تاکوو نزیک نیوەڕۆ ناگەڕێتەوە، فرسەتێکی باش بوو تاکوو بتوانێ وێنەکە ببینتەوە و هیچ و پووچی ئەم ژنەی بۆ دەربکەوێ، پێش‌ئەمەش لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا بە دزییەوە نەختێک کەل‌و کونی پشکنی‌بوو. گیرفانی کۆت و جل‌وبەرگی هوما، کە دایمە لەوێ هەڵواسرابوون. نێو کەل‌وپەلی دەموچاو هەڵگرتن و کل‌و وەسمەکەی، ژێر فەڕشەکانیش گەڕابوو، تەنیا جێیەک ئەو شکی بۆی دەچوو یەخدانی جلەکانی بوو گەڕان بە نێو ئەم سندووقەدا زیرەکی گەرەک بوو، نابێ هوما بزانێ کەس چۆتە سەرجلەکانی. ئەویش دوای چەند سەعاتی دیکە پەیدا دەبێتەوە، هوما پەنجەرەکانی پێوەدابوو جا ڕۆیشتبوو، سەی‌میران بۆئەوەی کەس بە کاری نەزانێ و دواییش تەریق نەبێتەوە دەرگاکەی لەسەر خۆی قایم کرد. دەرگای سندووقی کردەوە و بە کەیفی خۆی ملی‌نا لە گەڕان. هیچی وەدەست نەکەوت، تەواوی ئەو جێگایانەی لەوەپێش گەڕابوو سەنگ و سووژن‌دا، وای بە دڵدا هات، ئەو کۆنە هەمەدانییە، لەم ئاخری ڕۆیشتنەدا مەبەستییان ئازار و عەزییەت بووە، ئەوان پێیان خۆش‌نەبوو بڕۆن.

یەکێک سەبر سەبر، لە پلیکانی هەیوانەکەوە هاتەسەرێ و بە ئەسپایی دەرگای ژوورەکەی جووڵاند. ئاسکە بوو، سەیمیران باوەڕی نەدەکرد، ژنە هەمەدانی لەلای ئاسکە قسەی کردبێ، بە پێچەوانەی بڕیاری خۆی کە حەزی نەدەکرد کەس سووسەی بکا، بەتایبەت ئاسکە، نەزانێ لەم ژوورەدا خەریکی چییە، فکری کردەوە لەوانەیە ئەو ژنە باشتر بتوانێ یارمەتی بدا، بەڵام ئاسکە وەختێ ئەم باسەی لە زاری ئەو بیست بەڕاستی واقی وڕما، بەڵام وەختێ زانی مێردەکەی ئەم پێشنیارەی هوما بە سەفییەی کرد و کاری تێکردووە بە حەیفی زانی ئەوەی هەیە و بە چاوی دیتوویەتی و بە گوێچکەی بیستوویەتی، بەتایبەت قسەکەی ئەوان ئەورۆژە لە بەربەڕۆچکەکە ژنە وتبووی، بێکەم و زیاد بۆی گێڕاوە.

ئیتر ئەمجار ژن و مێرد بە یەکەوە ملیانناە لە پشکنین و گەڕانو یەکیان بۆ تۆڵە کردنەوە و ئەویتر بۆ ئێرەیی و پێخۆشبوون. جێگایەک نەما سەری پێدا نەکەن و دەستمالێ نەکەن، بەڵام هیچیان وەچنگ نەکەوت و دەم لە پووش بوون، لە کۆنەوە وتوویانە خوا پاک بە دەم پیسەوە نادا، لەپاش ئەم هەوڵ و تەقەلایە، ئاسکە تەواو هیوابڕاو بوو، لەوکاتەدا کە ماندوو ببوون بۆ ئاخرینجار دەرگای جەعبەی کلو دەرمانی بووک هومای کردەوە مەبەستی ئەوەبوو بزانێ ئەم خاوەن فیکو فاکە بۆ خۆتیف تیفەدان و چاو ڕاوکردن کەڵک لە چ وەسمە و سوور و سپییاوێک وەردەگرێ، ئەوکە لە پێشچاوی مێردەکەی وەک شای جوانان وابوو، هەربۆیە گرەوی دڵداری بردبۆوە و لە چەشنی پاڵەوان ئەکبەری خۆراسانی بازوبەندی قارەمانی بە ددان بڕیبوو دەقۆڵی خۆی کردبوو، ئەم جادووڕاوەی ئەو دەیزانی وشکەسۆفی لەبەر پێیدا دەمرد. ئەوکە وەک ئاوێنەی نێو گیرفان هیچوەختێ کلو دەرمانی لە بیر نەدەچوو، تەنانەت بۆ چوونەبازاڕ و میوانیش لەگەڵ خۆی دەیبرد؛ لەو وەختەدا دەرگای جەعبەکەی کردبۆوە، مەهدی ئاوێنەیەکی خڕی بچووکی هەڵگرتبوو، خەریکبوو لەوسەری ژوورەکە یاری پێبکا، دایکی خێرا خۆی گەیاندێ لە دەستی بستێنێتەوە و لەسەر جیگاکەی خۆی دانێ، منداڵە دەیزیڕاند و نەیدەداوە، ئاسکە پەنجەی منداڵەی کوشی و لە دەستی دەرێنا، جامەکە بە دەستییەوە پیس ببوو و بەتەمابوو خاوێنی بکاتەوە نەک هوما شک بکا، بۆئەوەی مەهدی بێدەنگ دانیشێ گوتی:

ـ ئەوەتا خراپت کرد! ئەگەر هوما بێتەوە چ جواوێکی بدینەوە؟ خۆ ناڵێ خەتای تۆیە.

شووشەی ئاوێنە لە جێگای خۆیدا ترازابوو سووڕاندی بەڵکوو بیخاتەوەجێ، لەپڕ ئاوێنە لە دەستی کەوتە خوارێ و ئەوەی لێیدەگەڕان کەوتە بەردەستیان.

ئاسکە لە خۆشیاندا نەیزانی چۆن قریشکاندی وەک چۆن (ئەرەش میدووس) وەختێ لە گەرماوەکەدا پەی بە ڕازی وردیلەکانی سەر ئاو برد، بە ڕووتی دەرپەڕی و گوتی: دیمەوە، دیمەوە، ئەمیش لەو خراپتر بوو، سەی‌میران بە زەردەخەندەیەکی تاڵەوە بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ وێنەکەی لە دەست ورگرت. تیخت لێدابا خوێنی نەدەهات. شووشەی ئاوێنەکە لەبەر دەرگا کەوتبوو ئاسکە هەڵی‌گرتەوە، قەراخی جامەکە بەقەی سەرەنینۆخێ قرنجابوو، سەی‌میران کە تازە شتێکی لێ‌حاڵی ببوو لەبەر خۆیەوە گوتی:

- هەر ئەم وێنەشاردنەوەیە بەمجۆرە، دەری‌خست ئەمە قەحبە و بێ‌کیفایەتە.

ئاسکە ژیرانە سەری بۆ لەقاند:

- ئەرێ، ئەرێ، ئەوە تازە هەوڵی دندووک و پیاڵەیەتی، بەتۆی بەستەزمان بۆ دادەکەوێ!

سەی‌میران: پێم‌خۆش‌بوو، وەک پشیلەی زیانی‌خرۆ ئەوکاتی دەمی لە مەنحەڵە ماستەکەدایە بۆ قەتەی ملیم گرتبایە، بەڵام ئێستا کە ئاوێنەکە شکاوە کارەکەم لەدەست دەرچوو.

ئاسکە: ئەوە مەیموونی عەبا لەبەرە، چووزانی نەڵێ: بۆئەوەی بوختانم بۆ سازبکەن ئەم عەسکە کاری خۆتانە لە پشتی ئەم ئاوێنە شاردووتانەوە.

سەی‌میران بە پەلەپڕووزێ پاتۆلەگەی دەپێ کرد. فکرێکی باشی کردبۆوە:

- من ئەوە دەچمە دەرێ و خێرا دەگەڕێمەوە. زۆر لەمێژ نییە ئەم ئاوێنەم لەگەڵ چەند شتی دیکە بۆ کڕیوە، ئەو دووکانداره هەر لەم نەینووکەی لەلا زۆرە، ئاخە بۆ دەبێ وابێ؟ ئەو ژنە وەک مەیموون وایە تا سوور ببینێ عاشقی دەبێ! لەورۆژەوە هاتووە نانێکن بە ئاسوودەیی نەخواردووە، مەبەستی لەمکارانە چییە.

وەختێ میران لە دەرگای دەرێ دەرچوو ئاسکە لە خۆشییان شاگەشکە ببوو، ئەمشتە لەوانەیە جارێ لە بەرچاوی سووک بێ بەڵام خۆ دەکرا بەردێکی لەسەردا بنێن و هەمییەتی پێ‌نەدەن. ناحەقی نەبوو دڵخۆش نەبێ، هەوییان گوتووە و هەوێ‌ساری. بەمحاڵەشەوە ئەمیش وەک سەی‌میران مەحتەل مابوو لە کاری ئەو ژنە. وێنەی ئەم کوڕە جەوانەی بۆچیبوو، ئەگەر مەڕامی خراپ نییە بۆ بەمچەشنە شاردوویەتەوە کە شەیتانیش پێی‌نەزانێ، ئەو بۆچی عەکسی ئەم کوڕە لەگەڵ خۆی دەگێڕێ؟ بۆ دەبێ لە هەر دەرفەتێکدا تێر تەماشای بکا و بینێ بە سینگییەوە؟ گڕیی دڵداری خۆی بەمکوڕە بۆ دەکووژێنێتەوە، ئەی لەملاوە ئەمکارەی بۆ کرد، فیتی ئەوبوو سەی‌میران شڕەی فڕێ

دانەدەرێ. ئەوە خەریکی دیزە بە دەرخۆنە و جادووبازییە، کەسێک نانێکی خواردبێ ئەقڵی لەتێکی هەیە.

دە دەقیقە دەبوو، نەدەبوو سەی‌میران لە ماڵ چووبووە دەرێ، هوما لە حەمامەوە هاتەوە، مابووی بۆ نیوەڕۆ، ئاسکەش لە ژوورەکەی خۆی بوو، بە بۆن و دووکەڵی جگەرەدا زانی لەمێژ نییە مێردەکەی چۆتە دەرێ، وەک بڵێی هەناسەی سووارەیەک دووانێک لە تای‌پەنجەرەکانی کردووە، پێش‌ئەوەی فۆتە و خاولی حەمام ببا لە دەرێ بیدا بەسەر تەنافدا، خۆی گەیاندە سەرجەعبەی ئاڕایشتەکەی، جامە گەورەکەی لەسەر تاقەکە دانا، لەچکە و دەسماڵی خستە سەرشانی و دەستی‌کرد بە جوانکاری لەسەر برۆ و برژانگی. بەتەمای سوورکردنی داوی ڕاوی بوو، واتە گوڵ‌خونچەی لێوی، وایزانی لە جێیەکی‌تر دایناوە و لە بیری نییە، چووە سەریەخدانەکە، وەک‌ئەوەی هەستی بە شتێک کردبێ، وادیاربوو جلەکانی شێواوبوون، دەرزی بووخچەیەک کرابۆوە، باوەشێنەکەی لەسەر دانابوو وەختێ دەچووە دەرێ، ئەویش بەرببۆوە، یانی‌چی؟ ئاخۆم میوانێک لەگەڵ مێردەکەی هاتبووە ژوورێ باوەشێنی خۆی پێ‌کردبێ؟ یان هەروەک ژنان باوەڕیان وابوو جنۆکە دەستی لە جلەکانی دابوو، تاکوو بۆ ڕۆژی شایی خۆیان لە بەری بکەن؟ نا، ئەمە وانییە، وادیاربوو کەسێک بە دوای شتێکدا گەڕاوە و جلەکانی تێک‌وەرداوە، نەینووکی بچووک زەوی قووتی دابوو، جێیەک نەما لە ژوورەکەدا، هوما نەی‌پشکنێ، هەستێکی نامۆ وەک زریان لە دڵیدا، ئاسکە لە حەسارێ خەریکی تێک‌وەردانی سەوزەی وشک‌کراوە بوو، هوما چاوی لێ‌بوو لە بنەوە سەیری دەکرد. تەواو شکی کرد ئاسکە دەستی بە جلەکانی گەیاندبێ. لووتێکی لێ‌هەڵقرچاند و دەستی‌کردەوە بە تیف تیفەدانی کوڵم و ڕوومەتی، لەپڕ دەستی ڕاگرتوو خۆی گەیاندە حەسارێ، لەگەڵ ئەوەی خاولی و لیفکەی تەڕی بەسەر تەنافەکەدا هەڵدەخست بانگی کچەکەی خاتووخورشیدی کرد، لە ژێر سێبەری دیوارەکە خەریکی کڵاش‌چنین بوو. بە سرتە چەند شتێکی لێ‌پرسی، وەختێ سەی‌میران هاتەوە ماڵێ، هوما پێش‌دەستی کرد:

ـ لەگەڵ ئاسکەخانمی خێزانت وەختێ من ڕۆیشتم بۆ حەمام چوونەتە سەرسندووقەکەی من چیتان لێ‌ون بووە؟ پێم‌بڵێ بزانم لەچی گەڕاون؟

میران پەرسقی نەداوەو بە کەوشەوە چووە ژوورێ و دانیشت، سێ‌گرمەی نێوچاوانی تێک‌نابوو، دەت‌گوت شەوەڕێکی گوشیوە ڕەش‌داگەڕابوو، بە لەبزێکی تاڵتر لە کەکرە وەڵامی‌داوە:

ـ ویستم بزانم خانمەکەم بە چ مەبەستێک ئەو وێنەیەی لە قەدحەی خەڵکی دەرهێناوە، ئەویش چۆن هەڵگرتنێک، دزین و لێرەدا شاردنەوە؟!

ئاوێنە تازەکە لەگەڵ ئەوی‌دی وەکوویەک وابوون، لە گیرفانی جلیسقەکەی هێنایە دەرێ و پشتەکەی هەڵگرت و وێنەکەی دەرهێنا:

- ها، تێر تەماشای بکە، بزانە دەیناسی؟

هوما خێرا خۆی گێل کرد و لووتی داژەنی. هەوڵی‌دا بە درۆ و دەهۆ خۆی دەرباز بکا، (درۆزن ئەگەر هیچکارێکی باش نەکا، دەزانێ بە قازانجی خۆی قسەی باش بکا،) تۆزێک ورەی وەبەرخۆی‌نا، بەبێ ئەوەی خۆی لە میران توورە و قین لەدڵ نزیک بکاتەوە زۆر بە شێنەیی جوابی داوە:

- بەڵێ، دەزانم ئەوە وێنەی کوڕەکەی سەفییەخانمە و هەر ئەورۆژە لێرە دەرۆیشتن پڕیان کردوویی. من لە قەدحەی عەکسەکاندا ئەم وێنەیەم دزیوە و لە پشت ئەم ئاوێنەیە شاردمەوە ئێستا چی‌دەڵێی؟!

- چی بڵێم! دەڵێم، دەستت خۆش‌بێ، هەزار ئافەریم، هەر بژی بۆ کارت، پەنجەت نەرزێ! ڕەنگە ئەگەر کوڕە بە قسەی کردبای دەت‌هێنا و لە ژێرخانەکەدا دەت‌شاردەوە، لەپاش پێنج مانگ ژن و مێردایەتی و پێکەوە ژیان ناتەوێ بە دڵ نیشانی بدەی مێردت هەیە و ساحەبی ماڵ و ژیانی، دەزانی تۆبەی گورگ مەرگە؟! بە ڕۆژی ڕووناک خەریکی کەلەگاییم لێدەکەی، حەریفم بۆ دێنییە ژوورێ؟ قەزات لە گیانم، دەپێم‌بڵێ با بزانم چبکەم لەگەڵ ژنێکی وەکوو تۆ؟

هوما، چاوی نووقاند و دەمی کردەوە:

- حەریفی چیم هێناوەتە ماڵێ پیاوی‌چاک؟ دەتەوێ ئابڕووم ببەی؟! وێنەهەڵگرتنێک بۆ خەیانەت و تاوانە؟!

سەی‌میران بە چاوێکەوە سەیری کرد نائومێدی پێوە دیاربوو، لێی‌پرسی:

- خەیانەت نییە؟ ئەمە ناگەیەنێ کە تۆ خاوەنی ئەم وێنەیە، یانی ئەم هەتیوە لۆتییەت خۆش‌ناوێ؟ تۆ لەباتی ئەوەی بە ماڵ و ژیانی خۆتەوە بنووسێی خەریکی هەڵە و هەرزەیی، زمانت بۆ منە و دڵیشت لە جێیەکی‌تر لە ژووان دێتەوە! تۆ لە منی دەشارییەوە، ئەگینا لەو ڕۆژەوە هاتوویە ئەم ماڵە لەگەڵ ئەم بیژووەدا کەین‌وبەینت هەبووە! هەر ئەم وێنەدزییەت کە بەمچەشنە حەشار داوە و جنۆکەش پێی‌نازانێ نیشانەی ئەوەیە سەرو سڕت لەگەڵ ئەو هەیە، ئێستاش دەتەوێ بڵێی من نیم و حاشای لێدەکەی؟!

میران زمانی بە لێوی بارگرتوویی خۆیدا هێنا، ڕەنگ بە ڕوخسارییەوە نەمابوو دەتگوت مۆمیایی کراوە، بەڵام پەشێو و چاو پڕ لە خوێن، هوما بە ترس و پەرێشانییەوە ئاوای گوت:

ـ ئەگەر وابێ منیش وێنەی ژنێک لە گیرفانی تۆدا بدۆزمەوە دەبێ بڵێم خەیانەتت پێکردووم؟ ئەوەتا هەر ئەم وێنەیە بەسەر قوتووی شەمچە و شقارتەکەوە، سەتجار بە بەرچاوی خۆمەوە تاریفت کردووە، تۆ ئاوا تووڕە و کەمتاقەتی، جا بۆ ڕێگە بە کەس دەدەی زمانی بگەڕێ؟! ئەمجاریش من هیچم نییە بیشارمەوە، هەر ئەمڕۆژەی هاتمە ئەم ماڵە لەگەڵ خاوەنی ئەم عەکسە، یانی داریوش کوڕی خاتوو سەفییە کارمەندی ئیدارەی ڕێگاوبان ئاشنا بووم، خۆم پێشنیارم پێکرد داوای من بکا، نە ئاشقی بووم و نە دڵم پێدابوو، خۆشت دەزانی جوانچاک نەبوو، تەمەنی بۆ من باش بوو ژنیشی نەهێنابوو، ئەمەش بۆ ئافرەتێکی وەک من لێقەوماو پڕ بە پێست بوو. ئەمیش بۆ ئەم کارە دڵی هەبوو. ئەم پیرێژنە کۆنەی دایکی بوو بە باعیسمان. من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەمزانی من و تۆ بۆیەک نابین. ئەوەتا ڕۆژێک بە ئاسوودەیی دانەنیشتووین؟ ئێستاکە بۆ ئەویش نەبووم هەردوومان ئەم ئاواتەمان لە بیر نەبردۆتەوە. ئەو بەهۆی ئەوەی پیاو بوو خەت و نیشانی جوانتری لە ژێرسەردا بوو نەیدەدرکاند. بەڵام من زۆرشتم لە چاوی ئەودا دەخوێندەوە، چدەکرێ، من وەک کەوی نێو قەفەس بەند و ئەسیر بووم. بەمحاڵەشەوە شەو و ڕۆژ بە خەیاڵ بە ئاسمانی ئەودا دەهاتم و دەچووم. چونکا گفتی پێدابووم لە هەرکات و زەمانێکدا حەزم پێدەکا و منی دەوێ. لە هەمووشت گرینگتر ئەوەبوو لە ماڵی تۆدا سەربار بووم. ئاخۆم تۆ لەلای کەس باسی ئەمەت نەکردبوو؟ ئیتر ئەم وێنەیە مەرهەمێک بوو بۆ ژانی دڵی من. هیوا و هومێدی وەبەر دەنام. ئەمەش ئارەزووی ئینسانییە و مرۆڤ بەبێ ئارەزوو ناژی، با، ئەم ئاواتە مەحاڵیش بێ. سەیرە و سریلەش کە دەقەفەس دەکەن ئاوینەیەکی بۆ دادەنێن بۆئەوەی وەختێ سەیری دەکا وابزانێ ڕفێقەکەیەتی و دڵخۆش بێ. هەروەک خۆیشت لە ڕۆژی ئەوەڵەوە وتت، ئێستا ددانی پێدادەنێم نەمتوانیوە و ناشتوانم دڵ بەمژیانە ببەستم، ئەمە ژیان نییە من تێیدام. نە هەستم بە پێشبینی ئەو هەبووە و نە سروشتی خۆشم ناسیوە، لە ڕابردوودا مێردم هەبوو بە بێخۆشەویستی، ئێستا حەزم دەکرد بێژم، بە عەکسەوە بە پێچەوانە، بەڵام بەداخەوەم. نە خۆشەویستی و حەزم هەیە و نە مێرد.

هوما دووای چرکەیەک ماتبوون بە شەرمەوە درێژەی‌دا بە قسەکانی:

ـ ئەوەندەی ئەوشەوەم وەبیر دێتەوە چ هەڵەیەکم کرد، وەختابوو ئەم کچە بەستەزمانەی ئاسکە دڵی بتۆقێ، خۆم سەرکۆنە دەکەم. کارەکەم زۆر نەفامانە بوو، لە ڕاستیدا منی شێواو، دەبێ ژنێکی فرە کاڵفام و بەغیل بم، دانیشم خەریکی ئەم فێڵ و تەڵەکەیە بم، بەڵام ئەگەر مەنزوورم خەیانەتکردن بایە، یانئەوەی بمویستبا بیکەم، ئەو بەنەی بە ئاڵقەڕێزی تای دەرگاکەم بەستبوو لە خوارەوە،

دەمکێشا، بە قامکی لاقمەوە دەمبەست تاکوو تۆش بت‌زانیبایە ئەگەر مەبەستم خراپە یان خەت‌و نیشانێکم لە بن‌سەردایە تۆم نەدەخستە دڵەڕاوکێوە، ئەوان جواب بکەی، ئێمە کە پێش‌تر دڵمان بەیەک دابوو، ئیتر بێ‌فایدە بوو ئەوان لێرە وەمێنن. ئەو بەڕاست یان بە درۆ، لەلای من وتبوویی شەوانە بەدەم خەوەوە دەڕواتە دەرێ، من زۆرم بیر لەم قسەیە دەکردەوە، شەوێک کە بە تەنیا بووم هەر ئەوەندەی مابوو شێت نەدەبووم.

سەی‌میران هەردوو چاوی لێ سوور کردبۆوە بە بێزارییەوە تێی‌ڕامابوو:

تێنەگەیشتم! ئەگەر تۆ گەرەکت‌بوو بەم حیلە و مەکرە نۆرەی هەوێکەت تێک بدەی، ئەگەر زۆرت لێکردم دەری‌بکەم، ئەوانە هیچی بۆ من نابێتە وەڵام‌دانەوە، تۆ بۆچی وێنەی ئەم جەوانەت لەلای خۆت گلداوەتەوە، بەتەمای چی؟!

میران جگەرەیەکی داگیرساند. زانی ئەم بەزمی ترسەی ئەوشەوە سازی کردبوو سەرپاک کەڵەک و دەهۆ بووە، هوما لەوکاتەوە بە ترس و سامێکەوە لە خوار ژوورەکە پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، تۆزێک غیرەتی وەبەرخۆی‌دا و نەختێک شەرم و خەجاڵەتی بە چاوییەوە دیاربوو لە حاستی خۆی دانیشت، بۆ چرکەیەک ڕانی سپی و سۆڵی وەک بن‌زگی ماسی وەدەرخست لە بن داوێنی کراسەکەیەوە، هەردوو ڕانی لێک جووت کرد و بەوپەڕی جوانییەوە دای‌پۆشین. قۆڵ و زەندی تا سەرئانیشکی هەڵکردبوو ئەوانیشی داداوە، وەک‌ئەوەی بڵێی ئیتر لەمەولا ئەو دووانە ژن و مێرد نین. وادیاربوو دەیویست بەجۆرێکی‌تر قسەکانی خۆی تەواو بکا، بەردێکی لەسەر دابنێ هەر بۆیە وتی:

ـ ئێستاش هەرچی بووە و نەبووە واتە ئەم وێنەهەڵگرتنەی ئەوە لەلایەن منەوە فکرێکی منداڵانە و ژنانە بووە، مانگێک لەوەپێش سەرەڕای گفت و بەڵێنت، دیسان خۆت کردەوە بە ژوورەکەی ئەودا، من لەم ژوورەدا ئەوەندە هەستم بە دڵتەنگی و بێ‌کەسی دەکرد، چەند جارێک وام لێهات خۆم بخنکێنم. نەک ئەوەی بێژم وەک دەمگوت ترسابووم، یان مۆتەکە و گورگ بمرفێنێ، نا، هەر ئەم باسە نەبوو، نەک‌ئەوەی وامدەزانی تۆم لێ‌دووری، بە دڵ و گیانەوە هەستم دەکرد لەسەر جێگاکەتی، پاڵت بە پاڵمەوەیە، نازانم بڵێم‌چی، هیچ‌یەک لە ئەوانە نەبوو: بەمە خۆم ڕازی دەکرد تۆ لێم‌تۆراوی، یان خوانەخواستە بۆ ماوەیەک لە یەک جوێ بووینەتەوە، ئەمانەش شت‌گەلێکن بتەوێ و نەتەوێ لە بەینی ژن و مێرددا ڕوو دەدا، چ ڕاست و چ درۆ چاوم بەرایی نادا حەڵاڵ و هاوسەری خۆم لەو بنەوپاڵەوە شەو تا بەیانی دەستەملانی ژنێکی دیکە بێت، ئەوشەوانە، ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەوەندە لە من دوور بووی بە خەیاڵیش نەمدەزانی لەو ماڵەدا ماوی. چ‌دەکرێ دڵ کوتەگۆشتێکە لە باخەڵ هەرکەس‌دا بوو

ئەو خۆشیدەویّ، بۆئەوەی سەکتە نەکەم، هەردەمەی فکر و خەیاڵێکم دەکردەوە، ئەوشەوانەی لەسەر جێگاکەشم بووی باوەڕم نەدەکرد. ئاور و ئاو لە جێیەک کۆ دەبنەوە بەڵام ئەوین و بێزاری پێکەوە هەڵناکەن. ئەشقێک لە دڵەوە هەڵنەقوڵێ وەک مەمکەمژەی زارۆکان، تۆی هەڵدەفریواند، نەک من. بەخیلی و ئێرەیی لێمببوو بە دۆڵپا شەو تا بەیانی بەسەر شان و سنگمەوە پشوویی لێچنیبووم. هەروەک نەدەتوانی ڕازیبم کە تۆ لەو نێوەدا گیرت کردبوو بۆیە دەچوویە لای ژنە گەورەکەت تۆش بۆت دژوارە لە ناخەوە بزانی من چ دەرد و عەزابێک دەچێژم، چۆنم تاقەت هێناوە.

سەیمیران بە بێوازی ملی بە ڕاست و چەپدا تەقاند:

ـ دیسان ئەمانە بۆ من نابن بە قسە! خۆ ئەم وێنەیە ترشی نییە مگیرانی پێبکەی؟ دیارە مەبەستت ئەوەیە وەختێ من لە تۆ دوورم ئەوە هاودەمی شەوانتە؟ دەتویست لە دنیای خەیاڵی خۆتدا تۆڵە لە من بکەیتەوە؟ یان ئاگری دڵی خۆتی پێوەکووژێنی؟ کامەیان؟ حەتمەن بۆئەوەی شەوانە خرپ خەوت لێبکەوێ ئەم وێنەیەت دەنا سەرسنگت.

هوما لە شوێنی خۆی تۆزێک قیت بۆوە و چمکی کراسیدا بەسەر پاو و پووزیدا و بە زەردەخەندەیەکی کاڵەوە جوابیدایەوە:

ـ هاودەمی تەنیایی، قیناتکردن، دڵڕازیبوون، تۆڵە، نازانم بڵێم کامیان. ڕەنگە هەر هەموویان و هیچکامیشیان. یان هەروەک وتم ڕەفتارێکی منداڵانەی هیچ و پووچ.

سەیمیران زۆر بە دڵپڕی: من ئەوە بیست شەوە لەلای ئەم ژنە نەخەوتووم. ولامی من بدەوە لەو ماوەیەدا تۆ ئەم وێنەیەت بۆچی لەکن خۆت ڕاگرتووە؟ دیسانیش هاودەمی شەوانی تەنیایی تۆ بووە؟!

نەمدەویست بییاندەمەوە، بە حاجیخانمم وتبوو من هەڵمنەگرتووە، پێم باشنەبوو بیدڕێنم و فڕێی بدەم. هەوڵی ئەوەم بوو لە دەرفەتێکدا ئەوان پێمنەزانن بیبەمەوە لە ژوورەکەی خۆیاندا لە شوێنێک داینێمەوە بەڵکە ئەوانیش دڵیان پاک ببێتەوە، ئەوە خەتای منە، ئێستاش ئەوە پشتی من و داری تۆ، دەمبەخشی بمبەخشە، و نامبەخشی بمکوژە. ئەگەر دەتەوێ قسەی ڕاست لە من ببیستی، بە دڵ و گیان، بە گۆشت و خوێنەوە تەنیا و تەنیا دەمەوێ هی من بی و لەلای من بی و تەنیا بۆ من بی و نەک کەسێکیتر؛ نە دڵم ڕێگە دەدا، نە چاوم بەرایی. چاک بکەم یان خراپ، شێتبم یان ئاقڵ، منداڵ و هەڵەو هەرزە نیم، تۆ هەرچۆنێکی حەساو دەکەی بیکە، بەڵام بەڵام...

هەروەک ئەو کچانەی کە جوابەجەنگی بابیان دەکەن سەری داخست و بۆ چەند جارێک قامکی بە گوڵی قاڵییەکە داهێنا. وەکئەوەی ڕستەیەکی نامۆ لە تاریکخانەی زەینیدا ئازاری بدات، سەی‌میران ڕستەکەی بۆ تەواو کرد:

ـ بەڵام بەبێ مێرد گوزەران ناکەم، بۆچی پێتشوورەییە ڕاست ئەوە بڵێی؟ ئەگەر ژنەکان پەراسوویەکیان کەمە، تۆ تەنیا پەراسوویەکت هەیە، ئەویش تەنیا بۆ پیاو، بێجگە لە پیاو زۆر شتی دیکەش هەیە لە ژیانی ژن و مێرددا.

هوما لەووەختەدا سەری داخستبوو ڕووی کرد بەولاوە:

ـ بەڵێ هەروایە عەزیزەکەم. سەرم ببڕە، من بەبێ پیاو گوزەرانم بۆ ناکرێ و ناتوانم بژیم، پیاو، پیاو، بۆ چرکەیەکیش بەبێ ئەشق و ئەوین هەڵناکەم. ئەوینێک کە هەروەک نانی تازە و گوڵی بۆنخۆش هەمیشە تەڕو تازەیە. خۆشم دەزانم داوایەکی بێجێیە و بە دەستی خۆم نییە. تۆ بەهۆی وێنەیەکەوە وێنەیەکی وشک و بێگیان، ئاوا تووڕە و لە من عاجزی. ئەو ئیزنەم پێبدە گیان و جەستەت هەر بۆ من بێ بێکەم و زیاد، بە بەشی خۆمی دەزانم بە کەسی دیکەی نادەم. ئەشق و ئەوین ماڵی دنیا نییە لە بەینی ئەم و ئەودا دابەشی بکەی.

سەی‌میران وەک شێر هاتوو وەک ڕێوی گەڕایەوە، نەیتوانی بزەی سەرلێوی بشارێتەوە. تازە دەیزانی مەبەستی هوما لە هەڵگرتنی وێنەکە هاندان و سەرنجڕاکێشانی بۆلای خۆی بوو. تاکوو ڕۆژێک بە بێپەردە دەریبخات کە ئەوینداری کوڕە جیرانە، وایدانابوو ئەگەر ئەو ماڵە جواب بکا مەسەلەکە حەل دەبێ و بەمکارە بەتەما بوو ئەو دایک و کچە لە خۆی بکاتە دوژمن و ئەوان بچن لەلای مێرەکەی زەمی بکەن. ئیتر وەختێ کاری وایانکرد؟ ئەو ژنە چەندە منداڵانە بیر دەکاتەوە!

تا ئەمساتە وەختە مانگی دڵی سەی‌میران پەنای گرتبوو، وردە وردە هەوری خەیاڵی ڕەوی و ڕووناکی کەوتە نێوچاوانی. بەڵام خۆی بە دەستەوە نەدابوو، هەر بۆیە هوما تەقالای بوو خۆی لێنزیک بکاتەوە. نەیتوانی هەستێ، دەتگوت قاچەکانی تەزیون. بروسکەیەک بە کەلەکەیدا هات. یەکدوو جار پێچی لە خۆیدا و زریکاندی، خۆشەویستی لەسەر ڕوخساری وەدەر کەوت بەڵام نیگەرانی پێوە دیاربوو. سەی‌میران زۆری گوێ نەدایە، بەبێ ئەوەی تەماشای بکا گوتی:

ـ چییەئەوە، پشتت دێشێ؟

هوما بە لارەوە لارەوە چەند هەنگاو چووە پێشێ و لە پەنای سەی‌میراندا خۆی بە زەویدادا، بە ژان و ئازارێکی تێکەڵ بە مەکرو نازەوە خۆیدا بەسەر شانیدا، بۆ ساتێک بێدەنگ بوو و دواتر گوتی:

ـ نازانم، عەزیزەکەم، وادیارە تۆزێک لاسار بم، لەوەدەچێ خوا نانخۆرێکت بۆ زیاد بکا!

ـ وادیارە، تۆ دڵنیای؟ ڕەنگە ئەمڕۆ لە گەرماوەکە سەرمات بووبێ. یان ئەوڕۆژە دەحەوزەکە کەوتی تازە لێی دیاری‌داوی؟ ئەگەر حەزدەکەی دوای نانخواردنی نیوڕۆ یان فێنکی ئێواری دەچینە لای نێعمەت حەکیمی خۆمان. سێ شت لەگۆڕێدایە ئەشێ خێرا پێشی پێبگری، ئازار و قەرز و ئاگر، جاری ڕاکشێ و پشوویەک بدە، ئەگەر کارت هەیە ئەوە خورشید ڕایان‌دەپەڕێنی. ئاگات لە خۆت بێ با بزانین دۆکتۆرەکەمان چی‌دەڵێ. تۆزێکیش چاو خورد بکەوە ڕەفتارت بگۆڕە. خۆ تۆ منداڵ نی، خۆشت دەزانی من چەندە تۆم خۆش‌دەوێ بۆ دەبێ کارێک بکەی فکر و خەیاڵم لێ‌تێک بدەی ئەوەندە ئالۆزم مەکە؟ تۆ ئاگات لێیە بەقەد نووکە دەرزییەک دڵم بۆلای ئاسکە ناچێ و خۆشم‌ناوێ، ئەگەر جارجارەش دەچمە ژوورەکەی ناچارم دەنا وەنازانم داواڵی سەربێستانە. بۆ دەبێ کارێک بکەی تۆم لە بەرچاو بکەوی؟ ئەوانەی لە تۆ زیاتر دنیادیدەن بچۆ لێیان‌بپرسە ژن هەر ئەوەندەی بەسە لەگەڵ مێردی ڕووڕاست بێ، کەسێک بییەوێ مێردی خۆش‌بوێ ئەوەندە کاڵفام نابێ و دەست بۆ کاری منداڵانە نابات.

هوما بە گرژییەوە ڕاست‌بۆوە و لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت. لەوەدەچێ هێشتا ئەم فکر و خەمە لە دڵت دەرنەچووبێ، بۆیە بیر لە هیچی‌تر ناکەیتەوە. دەستی میرانی گرت و لەسەر بەتاڵی کەلەکی دانا، چاوی پڕ لە هەوەسی تێبڕی و بە مۆمی حەزی دڵی سەی‌میرانی تاواندەوە، تینو تاوی گەنجی لە دڵیدا زیندوو بۆوە، هەروەک شنەی بەهەشتی گوڵی دەروونی بووژاندەوە بۆئەوەی تەواو خاتوونەکەی دڵنیا بکا گوتی:

ـ ئیتر لەمەبەولاوە، تەنانەت نیوەڕۆش پێ‌نانێمە ژوورەکەی، پێت‌خۆشە خەرج و خۆراکت لەگەڵ ئەوان نەبێ؟

لەوەدەچوو جارێ هوما ئەم ڕستەیەی نەبیستبێ، سەی‌میران خەریک‌بوو سەری هومای دەخستە سەرسنگی سووکەڵە ماچێکی لە بسکی زێڕینی دزی و گوتی:

ـ قسەی ئەوەم‌نییە بە هۆی تەنیایی کە خەریکی شێو و نەهار سازکردن دەبی تووشی زەحمەت بیت؟!

ـ من وەختێ لە زەحمەت‌دام و عەزاب دەبینم دەستاوی ئەو ژنەتیوە بخۆم. نان‌دروست‌کردنی ژن و پیاوێک هیچ زەحمەت نییە. ڕەنگە واش‌نەبێ من خراپ فکر دەکەمەوە ئاسکە ژنی چاک بێ! بەڵام ئەوە نییە من بەسەر ئەو هاتووم. مەگەر ئێمە هەردووکمان هەوێی یەک نین؟ ئەگەر دوێنێ نیوەڕۆ من

و تۆ لە یەک قاپدا نانمان نەخواردبایە قەت دەمم لە چێشتەکە نەدەدا، شتێکی لە دڵەوە دنەی دەدام کە نەیخۆم. جارێ نامەوێ بە دڵەوە بێژم ئاسکە خەریکی چییە و چی دەبن سەردایە. بەڵام چ دەکرێ بنیادەم شیری خاوی خواردووە، ئەوەی من عەزاب دەدا ئەوەیە، دەرمانت بۆ بکاتە خواردنەکەوە ئیتر ئەووختی...، حەسوودی وەک کرم وایە وردە وردە دەبێتە هەژدیها و هەرچی بڵێی هەڵی دەلووشێ، مەگەر تا ئەمڕۆ شتیوات نەبیستووە؟

سەیمیران بەم قسەلۆکانە زەردە کەوتە سەرلێوی:

ـ قسەی دڵت بێژە، بەڕاستی پێتخۆشە نیوەڕۆ و شەوێ بە یەکەوە نانەکەمان بخوێن؟

ـ لەوەباشتر دەبێ؟

ـ لەکەنگێوە؟

ـ لە ئەمڕۆکەوە، هەر لەم کاتژمێرەوە!

ـ هیچمان بۆ فراوێن ساز نەکردووە.

ـ سازی دەکەین، هێلکەی مامر و خورماو ڕۆن!

ـ ئەوەبوو بەشتێک، میوە و شیرینی و پاقلاوە، بیخۆ و بڵێ ماڵیاوا.

ـ ئەوە واتە ئەشق و ئەوین.

سەیمیران چەناگەی خڕ و سپی و ناسکی هەوسچێنی بەرز کردەوە. شاد و سەرخۆش بە هەستێکی پڕ لە بەختەوەری لە چاوەڕەشەکانی ڕاما، خۆی لە تەم تومانی خەیاڵی چەوت و فکری خراپ دەرباز کرد. بەڵکە بتوانێ لە زەریای بێبنی سێحر و ئەفسونیدا بە کەیفی خۆی بکەوێتە مەلەکردن. لە قولایی ئەم زەریایەشدا قەسر و قەڵایەکی سێحراوی هەبوو کە دەرگا و دەلاقەکانی تەنیا بە ڕووی ئەودا دەکرایەوە، پەردەی دڵەڕاوکێی دادڕی و تەسلیمی زمانلووسی ناسکەهوما بوو، دەستی گێڕا و لە باخی سینە کەوتە بەیکوشین و هەڵمژینی بەرامەی باخ و بێستان. گەشتێکی شاهانەی کرد و داخی دڵی خۆی ڕشت. داماو و دڵدۆڕاو وەک کوێلەیەکی تاوانبار کەوتە پاڕانەوە:

ـ هوماگیان... داوای لێبووردن دەکەم.

لەو نێوەدا لێو بە لێو چەسپاو مۆرێک درا لە دەرگای نهێنی.

ئەم لافاوی ئاو و ئاورە کە مەترسی ئەوەی لێدەکرا پاک و پیس پێکەوە بسووتێنێ لەجێی خۆی دامرکا و ئاو بە ئاگردا کرا، پێنج دەقیقە دواتر ئاسکە بە بیانووی بانگکردنیان بۆ نەهارخواردن هاتە بەردەرگای ژووری گەورەکە بزانێ بۆ لەو دیوە نایەنەدەرێ. وەختێ بەمچەشنە ئاشقە و ماشقەی

تێکئاڵاوی دیت، تانه وەسەر چاوی کشا و هەرئەوەند بوو لێک نەبۆوە، حەی، ئەو نیوسەعاتێک لەمەبەر چۆن تینی وەبەرنابوو و ئێستا چۆنی دەبینیٚ! ئەوە چی بەسەر چییەوەیە و سەیمیران سەری ژنەتیوەی لەسەر ڕانی داناوە، شلشل پشتی دەشێلی و کەلەکەی بۆ دادەماڵیٚ، هوما هەروەک بووکی تازە کە بە کەیفی خۆی دەتوانیٚ زاوا هەڵسووڕێنیٚ و چۆن بڵیٚ بەقسەی دەکا بەدەم ئاخ و ئۆفەوە نەرمەنازی بۆ دەکرد و دڵی لێدەسەند. عەکس و ئاوێنەکەی بە بیٚناز لەولاوە کەتبوون. ئاسکە بە دیتنی ئەم دیمەنە تەواو تێکچوو بەخێرایی بە پلیکانەکاندا ڕۆیشتەوە خواریٚ. ئەم دیمەنەی زۆر بە کرێت هاتە بەرچاوی هەتاکوو ژوورەکەی خۆی گیرنەبوو، وەکئەوەی شەوەرێکی کوشیبیٚ، ڕەش و شین ببۆوە، هەردوو چاوی لە ژێلّلا هات، بە غەزەبەوە لێوی خۆی کرۆشت و بە چەشنێک زریکاندی منداڵەکانی بە دەوری سفرەکەوە داچڵەکین!

ـ کەی ئەمە ئەشق و خۆشەویستییە، ئەمە شێتبوون و سەرلێشێواوییە، ئەی سلّام لە ئەقڵت پیاوی ژیر و زانا.

## بەشی دەیەم

بۆ بەیانیدا، هوما لە بەر ژانی خاڵیگەی ئۆقرەی نەما، ناچاربوون بچنە لای دوکتۆر. بەڵام ئەو دەرزییەی دۆکتۆر وەشاندی و ئەو دەواو دەرمانەی ئەو پێیدا و تۆزە سپییەکەی هەرلەوێ خواردی. ئەم چەند دەنکە حەبە زەردانە کە دەبوو لەپاش نانخواردن قوتیان بدات و تەخت ڕاکشێ و دەست لە ڕەش و سپی نەدا، هیچی قازانجی تووریێکی نەبوو. ڕۆژێک دواتر ئێش و ژانەکە ئەوەندەیتر زۆری بۆهێنا، وەک بۆخۆی دەیگوت، وەکئەوە وایە کەسێک لە ناوەوە بە چەقۆ ناوزگ و کەلەکە و مۆغەرەی پشتی بجنێ، برک و ژان ئازاری دەدا و ئەویش چنگی لە دارو بەرد گیر دەکرد. دەرد و ئێش دەچووە دواوە و دەستی پێدەکردەوە و حەجمانی لێهەڵگرت.

بە پێچەوانەی هەموو کەس کە دەبوو لە کاتی پشکنین و فەحسکردندا تەنیا نەخۆش و دوکتۆر لە ژوورەکەدا بن، سەیمیران بۆ چرکەیەکیش بەجێی نەهێشتن. دوکتۆر نێعمەتخان، هەر ئەوکەسەی ئەورۆژەی هوما لە هۆش خۆی چووبوو گەیشتبووە سەری، لەپاش معاینەیەکی خێرا و چەند پرسیارێک، چاوێکی لە میران قرتاند و حاڵیکرد جێی نیگەرانی نییە و بۆی بەپەرۆش مەبە. لە حەمام هاتۆتە دەرێ و کۆڵنجی کردووە، دەرمانی ئەو تەنیا ئیستراحەتە و ئاگالێبوونی سەیمیران. بەڵام هەر ئەوکاتەی لە دوکتۆر دوور کەوتنەوە هوما بە لەحنی تووڕەوە وتبووی:

ـ بەخوا، بەقەت پورحەلاوی نەنکمی تێناگا ئەگەر ببێتە عیسا مەسیح و مردووی سەتساڵە بە فوو زیندوو بکاتەوە، من قەولت دەدەمێ چ لە نەخۆشی ژنان نازانێ، من ئەوە گیانم دەردەچێ، لەو وایە ناز بەسەر تۆدا دەکەم و خەریکی خۆشیرین کردنم.

سەیمیران گوتی:

ـ نابێ لێی بەدڵەوە بگری، ئەم پیاوە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر شاگردی دەوافرۆش بوو. لەپڕ وەکازی دەستدایە و چاوێلکەی دەچاو کرد و بوو بە دوکتۆر. هاوڕێی منە. ئەگەر دوکتۆرێکی باشنییە سەرو خوڵکی زۆر خۆشە.

مەسەلەکە ئاڵۆز بوو، یای سوغرا، نەنکی منداڵەکانی ئاسکە، جارناجارێک بە بیانووی ئەحواڵپرسی دەهات و سەردانی دەکردن و زۆریش لە ژنەکانیتر باوەڕیان وابوو هوما دووگیانە.

به ڕەنگو ڕوخساریدا، بە دڵ پێکداهاتن و خواردن و جووڵەیدا نیشانی دەدا زگی پڕبێ، ئەم ژان و ئازارە هیوا و دڵخۆشی بەدواوە بوو، گەورەترین ئاواتی هوما ئەوەبوو لە ماڵی سەیمیراندا ببێ بە دایک، بەڵام دوو ڕۆژ دواتر وەختێ بە پلیکانەکاندا دەچووە سەرێ، لە بەرهەیوانەکە دانیشت. خاتووخورشیدی بانگکرد بە بێهیواییەوە پێیوت دەبێ دڵنیابێ کە دووگیان نیم و زگم پڕ نییە. بەم قسە و باسە ڕەنگ و ڕوویەکی دیکەی پەیدا کرد. قسە کەوتە دەم ژنان و ئیتر نەیانزانی هوما لە چی ئاوس بووە!

هومای جوان و جحێڵ هەر لەوشەوەوە مارەکراوی سەیمیران بوو زۆر بە وریایی هەڵسوکەوتی دەکرد و ئاگای لە خۆی بوو. هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو منداڵی ببی، وەختێ برک و ژان چنگی لە دڵی وەردا زۆر بە تاووتین نەبوو کە ئەوەندە مێردەکەی بخاتە زەحمەتەوە، بەڵام ئەو نیشانانەی پێوە دیاربوو ببووە هۆی دڵەڕاوکێ. یان هەر بەم ترس و نیگەرانییەوە میرانی ئاڵۆز کردبوو:

- ئاخۆم بڵێی ئەو دەوا و دەرمانەی من خواردم و منداڵەکەم پێهەڵکەند، تازە جارێکیتر منداڵم ببێ؟! یان بۆ هەمیشە نەزۆک دەبم؟!

پێیخۆشنەبوو فکری خراپ بە مێشکیدا بێت و نوخشانەی خراپ لێبدات:

- ئەیەڕۆ، خودا ئەوڕۆژە نەهێنێ من نەزۆک بم! نا، هەرچۆنێکبێ هەر دەبێ زگم پڕ بێ، خودایەگیان ناهومێدم نەکەی!

ژان و هێشەکە تەواو بوو، بەڵام جارناجارێک چرنووکی لێدەگرت. مانگێک و دووان ڕابرد، شنەی پاییز ڕووی گرژ کرد و سەر و پەچکی دارو دەوەنی داڕنی، بەڵام هەواڵێک لە منداڵی هوما نەبوو، ئەگەر ژن بە نۆ مانگ منداڵی دەبێ خۆ دەبوو ئێستا زگ لە بەرچاو بوایە، ئەوە چوار وەرز بەسەر ژن و مێردایەتی ئەو دووانەدا ڕادەبرێ، کەوابێ ئەشێ ئەم ژن و مێردە یەکیان عەیبێکیان هەبێ. تەوەرەی ئەم باسە تەنیا بە دەوری ئەودا دەسووڕایەوە، نەک سەیمیران. هەمووکەس دەیزانی ئاسکە لەو ماڵەدا هەر سێ ساڵ جارێک زگی کردووە، ئێستا چوار منداڵی لە سەیمیران هەیە. خۆ ئەگەر هەوێ و هەوێساری لەکۆڵ ببێتەوە زۆری پێناچێ منداڵی پێنجەمیش چاوی بە دنیا هەڵدێنێ.

تەنیا هیوا و ئاواتی زگکردن و منداڵبوون نەبوو ئەو ژنەی خستبووە دڵەڕاوکێوە، ئەوەندەی فکری دەکردەوە لەو ماڵەدا بەبێ منداڵبوون ئەو خوشەویستییە نایەتە ئاراوە، ناحەقی نەبوو

نیگەرانی داینەگرێ، بیری لە ئاکاری چەوتی خۆی دەکردەوە و بە دەم نەفرین و پەشیمانییەوە خۆی سەرکۆنە دەکرد. بەوجۆرەی بۆ سەیمیران باسی کردبوو ساڵێک لەوەپێش وەختێ تەڵاقی لە کۆنە مێردەکەی وەرگرتبوو زگەکەی دوو مانگانە بوو، بە ناچاری لە ماڵی حسێنخان هەڵیکەندبوو، سەیمیران پێیوابوو ئیتر بۆ ئەوەنابێ زۆریش چاوەڕێی منداڵبوونی ئەم ژنە بێت. بەڕاستی زۆر پێویست نەبوو ئەوەندە لەسەر ئەم باسە بڕۆن. درێژدادڕی کارێکی باش نییە.

ئەمجار هەموولایەک بۆی ڕوون بۆوە هوما بە هیوای منداڵە و بۆ ئەوەی زگی لە سەیمیران پڕبێ وەدوای دەوا و دەرمانی پڕو پیرێژنانە کەوتووە، ئەوەندە چوختی بوو هەموو کارێکی لە دەست دەهات، هەر ژنەو بە عەقڵی خۆی دەرمانێکی بۆ پێشنییار کرد. هەر ڕۆژەی حەب و شەربەت و گەڵا و گڵێکی دەخوارد و لەسەر وەسییەتی پیرێژنان نەزر و نیازی لە خۆی دەگرت و پەنای دەبردە بەر دۆعای نووشیتە و توورەهات. هەروەک لە نێو هەمووواندا باو بوو ئەویش بیر و بڕوای زۆری کەم نەبوو بە مەرقەد و شێخ و چاک و پیران. زۆرجار بەم دەنگۆیانە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە فلان ژن و مێردی وەجاخکوێر لە پاش تەمەنێک خوا دەرووی بەخێری لێکردوونەتەوە و منداڵیان بووە. سەیمیران حەکیمێکی ماڵانگەڕی دۆزییەوە، هێنایە ماڵێ، بەڵکە بتوانێ ئەم وشکە ژانە لە کۆڵ هوما بکاتەوە، چارەیەکی بۆ دابنێ بەمزووانە زگی لە سەیمیران پڕبێ، بۆیدانا، بەرامە و دووکەڵی کافوور لادبون و موشک و عەنبەر هەڵبمژێ لەسەر دەستووراتی حەکیمباشی، قەول وابوو چێوی سەندەڵ لە ئارەقی بیموشکدا بکوڵێنن نەخۆش ئەو هەڵمە هەڵبمژێ و بۆ چارەسەری نەزر و نیازی یەکاویەکە، نەخۆشەکەی سەیمیران ئەم دەواو دەرمانەشی تاقی کردەوە و بەبێ ئەوەی قازانجی بۆی هەبێ، ناچار فکری گۆڕی و بڕیاریدا بچێتە نەخۆشخانە.

لەوکات و سەردەمەدا شارەکە بە هەشتا هەزار نفووسەوە تەنیا یەک نەخۆشخانەی تێدا بوو، ئەویش تایبەت بوو بە بییانییەکان، واتە ئەمریکاییەکان بۆیان هەبوو کەڵکی لێوەربگرن. ئەم خەڵکە دەرد و بەڵا نەبێ هیچیتریان شک نەدەبرد. بەهۆی دەستتەنگی و بێدەرامەتی و خوو پێنەگرتن ڕێگەی نەخۆشخانەیان نەدەزانی. مەگەر ئەوکاتەی کە ئیتر لە ئاویلکەدان نزیک دەبوونەوە بەم ئەحواڵەوە شەن و کەوی گەرەکنییە، نەخۆشخانە لەباتی ئەوەی نەفەسی عیسا بێ پەنجەی عیزرائیل بوو بۆ گیانی ئەم خەڵکە، نیوەی ئەم خەڵکە وەختێ بەمشێوە تووشی ئەم نەهامەتییە دەهاتن، وەک ئەوەوابوو لەو دنیای دیکە ڕاستییەکیتریان بۆ ڕوون دەبۆوە. تێدەگەیشتن و دڵیان

پێی خۆشنەبوو جارێکیدی وەگەڕێن بۆ نێو زیندووەکان. ئیتر ئەم تاوانە کە بە ناوی نەخۆشخانەوە دەردەچووو بتەوێ و نەتەوێ دەبووە هۆی تۆقاندنی خەڵکی فەقیر و هەژار، ئەگەرچی ناوهێنانی نەخۆشخانە لەلای هوما هەروەک قوزەڵقورت و ژەقنەمووت وابوو، بەڵام ئەوەندە بەتەمای منداڵ بوو دەرمان و نووشتە و جادووی دنیا نەما هانای بۆ نەبا، و دەستەوداوێنی هەزاران شت بوو، هەر بۆیە لێرەشدا ئامادەبوو پەروەندەی زگدڕین و عەمەلیاتی خۆی مۆر و ئیمزا بکا و کردیشی. دوکتۆری تایبەتی ژنان بڕیاری لەسەر ئەودا عەمەلیاتەی بۆ بکرێ و گرفتێک کە بۆ منداڵدانی هاتۆتە پێشێ بە نەشتەری پزیشک لابرێ. هەروەک بۆیان دەرکەوتبوو منداڵدنی هوما وەرگەڕابوو، ئەوانیش هەر قسەکەی یایسوغرایان دووبارە کردەوە، دووای چەند ڕۆژ کاری هوما لە نەخۆشخانە تەواو بوو بەڵام دیسان بە دڵساردی گەڕایەوە بۆ ماڵێ، هەروەک خۆی وتی دوکتۆری باڵابەرزی چاوشین و جوانچاکی ئەمریکایی باوکانە پەنجەی دابووە ژێر چەناگەی تۆپەگوڵینی و بە شێوەیەک کە هوما بتوانێ لێیتێبگا وتبوویی:

- تۆ جارێ زۆر منالّی، کات زۆرە، خەریکی ژیانبە، خۆش ڕابوێرە، دووسێ ساڵتر تۆ منداڵت دەبێ.

هوما، ئیتر لەمەولا لە هەرجێگایەک دادەنیشت بەم ڕستەیە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە:

- ئەرێ منداڵم بۆچییە، جارێ خۆم منداڵم.

ئیتر لەو ڕۆژەوە وتەی دوکتۆر بوو بە گوارە لە گوێچکەیدا، چاک بخوا و بخەوێ، جوانپۆش بێ و خەم دانەگرێ و دایمە لە گەشت و سەیران بێ لەگەڵ میرانی تانوپۆ ئاورێشم خۆشڕابوێرێ. بەڕاستی پێشنیارێکی باشی بۆ دانابوو، نەدەبوو بە هیوای منداڵبوون خەریکی دەوا و دەرمان خواردن بێ، هەر بە ڕاستی بۆچی دەبوو خەفەت بخوا؟ بۆ دەبێ ئەو جوانییەی خۆی بە خواردنی دەرمانی پڕوپێرێژنان و میرزاحەکیم لەنێو بەرێ؟ ئەو ژەهرە گورگەی قەرەجەکان پێیاندا و گوتیان بۆ منداڵبوون باشە، هەر ئەوەندە بوو نەیکوشت، هەروەختێ وەبیری دەهاتەوە هێلکەی کیسەڵیان بۆ گەرم کردووە و کردوویانە بە گەروویدا لەوانەبوو گیانی دەرچێ. بە دەواو دەرزی پزیشکەکان نیوەی گۆشتی جەستەی دانا، ئیتر خۆ باسی ئەم گشتە ژان و خوێن لەبەرچوونە و عەمەل و بێهۆش بوون و دڵتێکەڵ هاتنەش هەر ناکەین. تەواوی ئەم بێنەوبەرەیە، بوو بەچی، بیست ڕۆژ خەوتن لە نەخۆشخانە، وەختێ هەڵیانساند و سەتو سیو پێنج تمەنیان لە سەیمیران سەند بابەتی ژووری عەمەل و بێهۆشی و تەختی خەو، بەڵام هوما وەک گوڵ سیس ببوو، چاوی بە قوڵدا

چووبوو، وەک بڵێی سیانەی بووە، وەختێ بە پلیکانەکاندا چووەبەرهەیوانەکە، هەناسەبڕکێی وێکەوتبوو، دڵی بە توندی لێیدەدا، ڕەنگو ڕووی تەواو گۆڕدرابوو، دەبوو نیوسەعات دابنیشێ و پشوو بدا و بحەسێتەوە، ئەوەندەی لە نەخۆشخانە بوو ئاوا تووشی هەناسەبڕکێ نەدەهات، یان لەوەدەچوو لەوێ دڵی خۆشتر بووبێ، بزەی ئەو دوکتۆرە کەڵەگەتە مەست و دڵگەرمی کردبێ! هەموو ڕۆژێ سەیمیرانی مێردی چەپکەگوڵ و میوەی جوانی بۆ دەبرد، ئەوەندەی لەوێ خەواندبوویان هەستی بە ناساخی نەدەکرد و حاڵی تەواو باش بوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی بە فەیتوونەکە هێنایەوە بۆ ماڵێ، هەر ئەوەندە پێینایە دەرگای ژوورەکە وەک منداڵ لە قوڵپەی گریانیدا، یانی ئەوەندە حاڵی خراپ بوو کە ئیتر دەبوو هیوات پێینەبێ؟ (با لێرەدا ئەمەشمان لە بیر نەچێ چەپکە گوڵێکی سووریان بە منداڵێکدا بۆ ناردبوو، هەرچەندی سەری هێناو بردی نەیزانی کێ بۆی ناردووە.) تازە دەیزانی لە پاش چەند ساڵێک سەرلێشێواوی ڕێوی بە پیریەوە هاتووە و تووشی بووە بە تووشی مێردێکی باشەوە. کاتژمێرێک پەنجەی دەنێو پەنجەی دەنا، دەستی بە قۆڵ و مەچەکیدا دەهێنا و دەمارەکانی بۆ دادەماڵی و ماچی دەکرد و باوکانە دڵخۆشی دەداوە، تەنانەت لە ماوەی بیست و چوار سەعات پێکەوە بووندا هەروەک منداڵی خۆی ئاگاداری لێدکرد و زۆرجار بە نێوی «ڕۆڵە» بانگی دەکرد. هەتا جاران بوو هوما دایمە هەوڵی دەدا خۆی بە سلامەتی و پاکو خاوێنی ڕابگرێ، ئەوا ئەمڕۆکەش تازە قەدری ئەم لەشساغییەی بۆ دەرکەوتبوو، لەو ماوەیەدا کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بوو، زۆر شت لە کچە پەرستارەکان فێر بوو ئەو کچانە فرەیان ئەرمەنی بوون زۆریش شت فێر بوو لە نەخۆشەکانی نهۆمی سەرتر، ئەوانەی بە شتێکی تازەتر دەزانی لە چوارچێوەی ژیانیدا، هێشتا نەگەیبۆوە ماڵێ داوای لە سەیمیران کرد فلچەی ددان و مسواکی بۆ بکڕێ، ئیتر بۆ هەمیشە خاکەرەژی و خوێی هاڕدراوەی لە بیر خۆی بردەوە کە دەبووە هۆی خراپبوونی پووک و ددانی. لەم هاتوچۆیەدا هەرچەندە نووکی نەشتەر وەک باڵای تاقەوسان لە چەند لاوە بەرزگ و جەستەی جوانی دابڕی و هەڵیکۆڵی، بەڵام شتگەلێکیش فێر بوو کە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بوون. حەکیمە باڵابەرزەکەی جگە لە چەند ڕێنوێنی تەندرووستی و پارێزکردن لە چەند خواردنێک، زۆر شتی دیکەشی پێوتبوو ئەگەر بە قسەکانی ئەو ڕەفتاری بکردایە بۆ لەشساغییەکەی زۆر بەسوود دەبوو، لە هۆشخۆچوون، دڵەکوتە، تەنگەنەفەس، کەمخوێنی، وەڕەزی و بێئیشتیایی زۆر ئازاری جەستەیی دیکەشی لێدوور دەکەوتنەوە و تووشیان نەدەهات. ئەو بەرنامەگەلە ئەوانە بوون، لەپێش هەمووشتدا خۆ وەبەر هەتاودان، (حەمامی هەتاو) چەند

جووڵەیەکی وەرزشی و پیاسەکردن و هەڵمژینی هەوای سازگار، خۆ دوورگرتن لە گەرماوی تێکەڵی و قەرەباڵغ و زۆریش مانەوە لە گەرماودا باش نییە، بەچەشنێک ئەم دەستوورانەی پێدابوو ئەگەر هاتوو جێبەجێیان نەکا ئەوا بە دڵنیاییەوە سەلامەتی خۆی دەخاتە بەر هەڕەشەی مەترسی، دوکتۆر پێی‌وتبوو ئەگەر هاتوو هەر منداڵیشی نەبوو ئەشێ فکری لێ‌نەکاتەوە و خەم و خەفەتی بۆ نەخوا، ئەگەر منداڵی نەبێ بۆ هەمیشە لەش‌ولاری هەر ئاوا بە جوانی دەمێنێتەوە، لە دوای حسێن‌خانی تەپڵچی ئەوە دووهەم کەس بوو بەبێ هیچ نەزرێک لە پەسنی لەش‌ولار و بەژن و بالاّی جوانی‌ڕا دەچوو هەر بویە هوما دەبوو لەوە زیاتر ناز بەسەر میراندا بکا، کە بۆتە خاوەنی ئەم پەریزادەیە و لە خۆشی دەربچێ، کۆنە مێردەکەی، تەژەی بەننا، هیچ قەدری ئەم گشتە جوانییەی نەدەزانی و بۆی موهیم نەبوو، زۆریشی سەرنج بە جوانی هوما نەدەدا بگرە ڕقیشی لێی‌بوو! حەزی دەکرد شەل وکوێر بوایە و لە ماڵ نەچێتە دەرێ و کەس نەی‌بینێ. بەڵام ئەو پیاوە ڕەش و برشەی ئێستای کە بەنێوبانگە بە سەی‌میرانی نانەوا، وا نەبوو، ئەم مرۆگەلە لەگەڵ یەکدی جیاوزیان فرەس...

یەکیان هەروەک پەیکەرەی ئەبوو لە هوول خوێنتاڵ و بەدەمار و دزێو، ئەوی‌تریان دڵۆڤان و گەرم‌وگوڕ. لە ماڵی تەژەی بەننا کەس بە پەتی سەوەتەی حیساب نەدەکرد و لێرە لە سەرگلێنەی چاو جێگای بۆ چاک دەکەن. ئەگەر هوما بە ناحەق نەجوولابایە باوەڵی تەنیا باوێکی بەسبوو. لەوماوەیەدا کە بە جێ‌وبان کەوتبوو بەیانی تاکوو پەپوولەی چاوی باڵی دەبزواند شیر و هەنگوین لەبەر دەمیدا حازر و ئامادە بوو، تەنانەت سەی‌میران چای و بەرقلیانی بەیانی بۆ ئامادە دەکرد و لە پێشی دادەنا، بە هۆی ئەوەی نانەواییان هەبوو هەموو ڕۆژێ بانگی عەسر بەردەستەکەی دووکان نانی گەرمی بۆ دەهێنایەوە، بەیانی نان و هەنگوین و نیوەڕۆش سەرتوێژی شیری بە نانی تازەوە دەخوارد، کە زووتر خۆی بگرێتەوە، سەی‌میران شۆفیرێکی کرماشانی کە هاوڕێی خۆی بوو ڕای‌سپارد لە شاری لەنگروود مرەبا و دۆشاوی گوڵی شەقایەق و لە ڕەشت ماسی ئۆزۆن‌برۆن و خاویاری بۆ بهێنێ، تاکوو خێزانە ناسک و نازدارەکەی بیخوات و هەرچی زووتر خۆی بگرێتەوە، هوما مرەبای شەقاقول لەگەڵ سەرشیری تێکەڵ دەکرد و دەیخوارد. هەمووجارێ قامکێکی دەکرد بە زاری میراندا و دەیگوت بیخۆ بۆ نەهێشتنی ژان و ئازاری کەلەکە یەکاویەکە. بە گۆشت بەرخ بەخێوی دەکرد و بە ڕۆنی ماسی قەڵەوی دەکردەوە، خواردنی قەل و مامر جاران کە تایبەت بە میوان بوو، ئیتر ئەمجار بوو بە خۆراکی هەمیشەی ئەوان. هەر بە ڕۆن ماسی و شەربەتی قەڵەوی

دانەکەوتن، خۆ نەدەکرا سەی‌میران ئەم هەموو شتە هەر بە دزی و پەنامەکی بێنێتەوە و دەرخواردی هومای بدات، ئەو کە دڵاوا و خاوەن کەرەم‌بوو بە وردو درشتەوە بەری بۆ پڕ کردن و ئەگەر هوما مریشکێکی دوو قڕانی بەشی دەکرد، ئاسکە و منداڵەکانی بە مامری چوار قڕانی جا تێر دەبوون. ناچار بوو زارکی کیسەی شل بکات و خەرجی لێ‌گەورە بۆوە.

لەم حەسارەدا، کە هەروەک کاروان‌سەرا وابوو حەمامی هەتاو و وەرزش‌کردن بۆ هوما جێبەجێ نەدەبوو، جا با دوکتۆریش فەرمووبێتی، ئەم ڕەفتارە بە بەرچاوی جیرانەکانەوە کارێکی دزێو و ناشیرین بوو، زۆریشیان بە ئیراد دەزانی و عەلەم‌قەلەمیان بۆ سازدەکرد. ناسکەهوما شەوێک بە شکایەتەوە ڕووی کردە سەی‌میران:

پیاوەکە ئەمەش بوو بە گوزەران لەم ماڵەدا، نەوێری لە پێستی خۆتدا وەجووڵێی، نەتوانی لە هەتاوی خوا کەڵک وەربگری، دەترسم ئاخری لە کونی ژووریدا وەرهەم هەڵێنم و دیق بکەم!

سەی‌میران دەستی بە شان و ملیدا هینا:

ـ دەزانم حەق بە تۆیە کەسەگیان، بەڵام نەقڵانەی خراپ لێ‌مەدە،باش‌نییە، جارێ ئەوە زستان بەڕێوەیە، تۆ چەند مانگێک سەبرم لێبگرە، خاک و زەوی باشمان هەیە، بزانە چ کۆشکێکت بۆ ساز دەکەم. بەڵێنی پیاوانەت دەدەمێ، بە هیوای خوا، با بەهار بێت ماڵێکت بۆ دروست دەکەم بە دڵی خۆت، بە حەوشە و حەوزی جوانەوە، هەر خۆت بی، بەتاقی تەنیا، وەرزشی جیمناستیک، مەلەکردن، سەما و هەڵپەڕکێ بکە بۆ مێردەکەت، پێت‌وایە من حەز ناکەم بە ئازادی هونەری تۆ ببینم؟ ئەگەر جێگای گوڵ، مێرگ و چیمەنە ئەوا شوێنی هومای منیش کۆشک و تەلارێکە بە دڵی خۆیی، هەر ئەوڕۆژە تۆ بووی بە حەڵاڵی من، فکرم وابووە ماڵی خۆت بە تەنیا بێ و لەگەڵ ئەوان نەبی، ئەگەر ئاو و با ڕابوەستن، دوو هەوێ ناحاوێنەوە.

هوما بە زەردەبزەی خاو و خلیسەکەوە گوتی:

ـ ئەشێ حەوزەکەی کاشی‌کاری بێت و تەرکی حەسارەکەشی، لە خشتی سوور بێ، بەڵام سەما و هەڵپەڕکێ بینەر و تەماشاچی گەرەکە.

بەڵێ هەروایە، حەوز و پێشۆرکەی کاشیکاری کەریم‌خانی و پەیکەرەی پەریان کە ئاو بەسەر شان و ملیدا بێتە خوارێ و حەسارەکەش بە خشتی سوور فەڕش کرابێ، خانمە جوانەکەم من ئەم ماڵە بۆ تۆ دەڕازێنمەوە دەبێ دەرو ژووری بە دڵی تۆ بێ، ئەگەر ئێرەشم خشت‌چن نەکردووە، ئەوەنییە خۆت دیتووتە، هەموو ڕۆژێ چارەوای ئاشەوانان بە بارەوە دێنە ئێرە بەکار نایەت.

موسیقاش هەرچۆنێک تۆ پێتخۆشە ئاوا بۆت حازر دەکەم. کڵفەت و کارکەری لاوت بۆ دەگرم. ژیانێکی شایانەت بۆ دەڕازێنمەوە، ئەگەر ئەمانەش ڕازیان نەکردی گەرامافۆن دەستمان ماچ دەکا! بەڵام بینەرەکانت، سەر تا پای گیان و جەستەم بۆ تۆ دەبێتە چاو دەبێتە تەماشاچی، دەبم بە مۆم و بە تیشکی جوانیت دەتوێمەوەمە، بە ناز و لارو لەنجە و ڕەوتی کەوئاسات چلچرا لە دڵمدا داگیرسێنە، کارێکت بۆ دەکەم لەگەڵ هەر لەنجە و جووڵەیەکتدا بە سەدان ئاواز و دەنگی مۆسیقا بژنەوی، داخت گرانە، پیری، ئاخ بۆ تەمەنی جوانی ئەو عومرەی بێهوودە لەدەست بۆوە!

ـ وا مەڵێ، ئێستاش نەچووە بچێ، هەروەختێ بتەوێ بژی دەژی و هەرکاتێ گەرەکتبێ گەنج و جوان بی جوانی، بەومەرجەی بەختەوەری لەگەڵدابێ، شەرت ئەوەنییە چەندە بژی، ئەوە شەرتە بزانی لەگەڵ کێدا دەژیت، ئەمەیە سەرفرازی بەختیاری. من چیوا لە فەلسەفە و مەلسەفە نازانم، بەڵام لە ئەزموونی ژیاندا ئەوەندەم لێحاڵی بووە، ڕابردوو نەهاتووی ئێمە هەروەک فەیلەسووف یان چووزانم هەر ئەو شاعیرەی خۆت باست کرد، خەیام (تا ماوە ژیان بادە لە دەستمان نەکەوێ) با واز لەم دەرد و خەفەتە بێنین. تۆ وابیر دەکەیەوە پیر بوویی، بەڵام بەلای منەوە تۆ هەر جوان ماوی و تازە پێت ناوەتە هەڕەتی پیاوەتییەوە، تەنیا مووی سەرت سپی بووە، بە قەولی خۆت ئەمەش خەتای زریانە. ئەم گشتە کوێرەوەرییەی تۆ دیتووتە ئەگەر لە داران کەوتبا بەری نەدەگرت و لە شاخان درابا، دەتوایەوە، پێتوانییە ئەو بیرەوەریەی ئەوشەوە ملتنا لە گێڕانەوەی نیوەچڵت کرد؟ یاخوا گورگی سەر کێوانیش وای لێنەقەومێ، مانگێک بەبێ نان و ئاو و تووتن لە بۆسەی تفەنگچیاندا، لە ژێر بەفر و کڕێوەدا، لە بن ڕنوو مانەوە بە برینداری و هەڵبڕاو لە هاوڕێیان! تۆخوا جارێکیتر جێگای ئەو گوللەیەم نیشان بدە، زۆرت خوێن لەبەر ڕۆیشت؟ ئەی لەو چۆڵ و هۆڵەدا کێ بە هاوارتەوە هات؟ تۆ هێشتا باسی ئەمانەت بۆ نەکردووم، ڕەنگە هاوڕێیانت وایانزانیبێ تۆ مردوویی؟

ـ سەیر نییە ئەگەر واشبووبێ، لەوەدەچوو وایانزانیبێ، ئەمەش دەورە و زەمانێک بوو، شەش سالیشی پێچووبوو من هێشتا جێی خۆم نەگرتبۆوە، لایەکی لەشم چووبووە لاوە، سەرما بردبوویی، بە یارمەتی گۆچان خۆم بەسەر پێوە ڕادەگرت، هەمیشە گوێچکەکانم دەزرینگانەوە و هاشەو هووشەیان پێدادەهات. تووکی سەرم دەستیکرد بە سپیبوون، نەخۆشی و هەلامەت گۆشت و ئێسقانی بەسەر یەکدا قاڵ کردم. پووکم سەرما بردی و لە ڕۆژێکدا سێزدە ددانم کێشا. ئەوەتا

ئەمەش شوێنی گوللەکەیە کە لە پشتەوە لێمدراوە، ئەمەش ئەوە، لە ژێر شانی ڕاستەوە وێمکەوت، نیوە سەرچیخ گرتمی و لەلای چەپەوە لە ئێسقانی شانم درا و لە نزیک چۆڵەمەی ئەستۆم ڕاوەستا.

ـ وەی، تۆخوا ئیتر باسی ئەوانەی دیکە مەکە، خەریکە ئەبووریمەوە! خوا حەزی لێنەبوو بمری بۆیە هیچت لێنەهاتووە، تۆ هەردەبوو بمێنی و ئەمڕۆکە بە دڵی خۆت ئەم دەستو پەنجە ناسکانەی من بکووشی، پێمخۆشە ڕۆژێک بە سواری فەیتوونێک بچین بۆلای ئەو زەوییەی باست کرد، ئەولای ئیجلالییە، نزیک ڕەفعەتییە ـ کەوابێ ئێمەش تێکەڵ بە خۆشنشینی و ساماندارەکان دەبین، لەمشارەدا ماڵمان لە سەروویی هەموو ماڵانەوە دەبێ، بەڵام بەم گشتە خەون و خەیاڵانەوە، تۆ وەک شاعیرێکی سۆفییانە کە بۆ ژیانی خومان هەتە، دەزانم ئیتر ئەم هاموشۆ و کۆبوونەوانە تەواو دەبێ و منیش هەر ئەمەم دەوێ.

بەم قسە و باسە شیرنانە کوڕ و مەجلیسی خۆیان گەرم کردبوو، دەکرێ بێژین کرانەوەی دەرگایەک بوو ڕووەو بەختەوەری، کە شنەی شەماڵی پێدا دەهاتە ژووری و تەم و خەفەتی لە دڵیان ڕادەماڵی، نیو کاتژمێر دواتر کە هوما لەبەر تاقەیەکەدا، خەریکی دروستکردنی هەرمێشک بوو، خەریکبوو هەڵیدەشێلا، بۆئەوەی قۆڵ و باڵی چەور نەبێ باسکی هەڵماڵی بوو، لێی چووەپێشێ و شانێکی لە شانیدا، چاوی لە چاوی بڕی و بە گۆرانییەکی منداڵانە ڕووبەرووی بۆوە:

بووکەبارانە ئاوی دەوێ

دەرزی گەورە کچانی دەوێ

هێلکەی بارۆکانی دەوێ

ئاوی نێو دەغڵانی دەوێ

چۆن جوانە ئاوا لەنجەی کرد و دەورێکی تەواو بە دەوریدا هات، لەبەر دەمیدا ڕاوەستا، وەک ساقی بادە بەدەست دڵی لە سەید سەند و هێنایەوە سەر سۆز و شۆقی جوانی و نەک دڵێک و سەت دڵ ئاشقی دەبوو لەبەر پێی خۆی دەکرد بە قوربانی چاوی، دڵی دەفڕی بۆ ڕاموسان و ماچێکی لێوی.

لەودەمەدا ئاوات و هیوای گەورەی سەیمیران ئەوەبوو خوا بۆی جێبەجێ بکا دەست بداتێ و کۆشک و تەلارێک ساز بکات بۆ دڵبەری دڵئەستێنی، ئەو بڕیارەی لەگەڵ قۆشەنەکەدا گرێی دابوو ئەمڕۆ سبەی تەواو دەبوو، دەبوو هەزار و هەشتسەد تمەن پارەیان لێوەربگرێتەوە، کە لە سندووقی تیپدا ئامادە داندرابوو. هەمیشە لەبەرخۆیەوە باسی دەکرد و فکری لێدەکردەوە:

ـ تاووسی جوانیان نەوتووە و قەفەس، دەبێ ئەمە لە باخێکی پڕ لە گوڵ و دار و درەختدا بێ، ئەگەر لە قەفەسدا بێ ئەوە زۆری پێناچێ دیق دەکا و دەمرێ. خۆ ئەگەر نەتوانم وەک ئیبراهیم لە زیافەتی هارونداُ لە زمانی ماسی کەباب ساز بکەم، وەک بەختوولنەسر لە بەردەم سیمیرامیس باغی لانکەیی چێبکەم یان ملکی ڕەیی بۆ بکەمە قەباڵەوە، ئەوەندەم لە تواناُدا هەیە تەلارێکی ڕەنگینی بە دڵی خۆی بۆ برازێنمەوە لەبەر بۆن و بەرامەی گوڵ و ڕێحانە مەست و سەرخۆش بێ. ئەمە جێبەجێ کردنی داوایەکی بچووکی ئەوە. ئەم فکر و خەیاڵە بۆ ئەو خەیاڵپڵاو نەبوو، وەختێ دەیزانی ئەم ماڵەی تێیدان جێگای ئەم شۆخەی نییە عەزابی دەچەشت و گێنگڵی دەدا، ژیان لەو ماڵە وەک هەنگوین وابوو لە پێستی سەگدا، قسەکەی هوما خراپ نەبوو، ئەوان لە ژوورەکەی خۆیاند لە نیوەشەویشدا ئازاد و ئاسوودە نەبوون. هەڵبەت منداڵەکان، لەبەر ئەوەی هیچیان نەدەزانی خەتاشیان نەبوو، کاریان بە بابیان دەبوو، ـ خەرجی و پارەیان دەویست، کار و فەرمان لە گۆڕێدا هەبوو. لە وەخت و بێوەختا لەبەر دەرگاکە قووت دەبوونەوە، ئەمەش دەبوو بە هەور و مژ بە توێڵی ئەوانەوە. باوک عەولادی خۆی خۆشدەوێ و ئەمەش حاشای لێناکرێ، بەڵام جاریوابوو ئەوەندە لەپڕ خۆیان دەکرد بە ژووری پێنج دەریدا، هەروەک هوما دەیگوت دەڵێی دڵۆپەی ساردی حەمامن کە لە پڕ بەسەر شان و ملی ڕووتدا بەردەبێتەوە، ئەمە غەزەلێک بوو سەیمیران دەستی پێکردبوو، دەبوو هەستی ناسکی بەرێتە خەڵوەتی تەنیایی و کۆپلە بە کۆپلە پیت و ڕستە و کێشو سەراوی تێکهەڵکێشێ و باڵای غەزەلێک دابڕێژێ بە هەرمانی وەمێنێ و لە مردن بیپارێزێ.

لەوکاتەوە هوما دڵنیابوو لەوەی تازە منداڵی نابێ بۆ نەپووکانەوەی گوڵی ڕوخساری بە دەوری خۆیدا دەهات و لە هیچ خزمەت و پێڕاگەیشتنێک دەستی نەدەپاراست، ناحەقی نەبوو لە پێشچاوی باوەڵی وەک تەلای دەستەو شار جوان و بەنرخ بوو. هەرئەوەندەی چاوی سەیمیرانی لێخافڵ دەبوو جەعبە و جانتای جوانکاری و سووراو و سپییاوی لە بەردەستیدا بوون. بەبێ ئەوەی بڵێ بۆچییەتی بە خاڵەکەرەمی ڕاگەیاند لە دێیەکەیان چەند کەڕەمار بکووژێ و بۆی بێنێ، ئامۆزا زۆر هەمیەتی بە ڕاسپاردەکەی نەدا، ئەوەندەی دەهات بۆ شار بیانوویەکی دەهێنایەوە و بە شۆخی و جەفەنگ داواکەی لە بیر دەبردەوە، ڕۆژێک سەیمیران پووڵیدا بە باغەوانەکانی سەراو چوار ماریان کوشت و هێنایان بۆ سەیمیران. هوما وایدەزانی تازە گەڕاوەتەوە عومری چاردەساڵی، بەپەلە مارەکانی لە دەست مێردەکەی وەرگرت، بە ئەندازەی بستێک سەر و کلکی قرتاندن. بە ماوەی بیستو چوار کاتژمێر لە دەفرێکدا کوڵاندنی. ڕۆن ماری لە سەریدا و لە حەمام شۆردییەوە

تاکوو پرچەکانی نەرم و درێژ بن، بە ئەسپۆن و زەردێنەی هێلکە سەری دەشۆرد، بۆئەوەی بسک و کەزیەی وەک شاعیران دەڵێن کەمەندی دڵی ئاشقان بێ، هەمیشە خەریکی شۆردن و داهێنان و شانەکردنی بوو، ڕۆنی گوڵەمێلاقە و ڕۆنی قڵکراوی کەروێشکی لە دووکانی مەشەدی شابازی دەرمانفرۆشی کڕی و تێکەڵی کردن و بە ماوەی چلو هەشت سەعات کەزیی پێچەور کرد. دەستووریدا تاکوو سەیمیران شەوانە سەری خۆی پێچەور بکات با ئەویش لەوە زیاتر سەری سپی نەبێ، بەڵام ئەو بەقسەی نەکرد، دواتر ئاسکە پێیزانیبوو، سەیمیران کۆچەکی وشتری بۆ ئەویش هێنا، گۆیا هەرکەس بە ڕۆنی پشتی وشتر جەستەی خۆی چەور بکا ئەویش لەشی نەرم و قەڵەو دەبێ. هەر ئەو ژنە لە دۆمە بێژنگفرۆشەکان کە دەهاتنە بەردەرگای ماڵان ڕۆنی ورچی کڕیبوو شەوانە دەموچاوی پێچەور دەکرد، تاکوو چرچو لۆچی نەکەوێتە ڕوخساری.کەڵکی لە توێکوڵی خەیار و شیری گوێرێژ وەردەگرت ئەویش بۆ ساف و لووسی پێستی ژنان بەکار دەهات. ئیتر داوای هەرچییەکی بکردایە سەیمیران لە بن عەرزیشبایە بۆی ئامادە دەکرد.

دوایئەوەی خاتوو سەفییە و پەریناز لەو حەوش و حەسارەدا نەمان، یەکدوو ماڵێکی دیکە جێگای ئەوانی گرتەوە و خاتووخورشید زۆرتر چووە بندەستی و خۆی لەگەڵ ڕێکخست، بە ناوی خانمە چکۆڵە قاوی دەکرد. لە کاروباری ماڵدا، وەک نان و خوانسازکردن و شیوو کوڵ یارمەتی دەدا، لەورۆژەوە گەورەی ماڵ خەرج و خواردنی ئەو دوو ژنەی جوێ کردبۆوە، هوما پێیخۆشبوو ئەو ژنە لە بەردەستیدا بێ، کچەکەی خاتووخورشید، زەڕی ناو، هەر ئەوڕۆژە دەگوازرایەوە بۆئەوەی فێری کاری بکەن، ژوورەکەی خانمە چکۆڵەی گەسک دەدا، تەندوور و کوانووی دادەخست و یاریدەی دایکی دەدا، ئەو هاوکاری و یاریدەدانە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵان لەیەک نزیک ببنەوە، کەوابێ جێی سەرسووڕمان نەبوو خاتووخورشید هاوڕاز و هاودەنگی هوما بێت، هەر لەبەر ئەوەی سەیمیران حەزی نەدەکرد ئەم ژنە جوان و جحێڵەی بە تەنیا لە ماڵ بچێتەدەرێ. ئەم ژنە جیرانەی ڕەگەڵ دەخست، دەبوو ئەو ژنە سەرەڕای نەخۆشی کە زگی هەستابوو هەمیشە نقەو ناڵەی دەهات چارشێو نوێژی بدا بە سەریدا و چەند کاتژمێر لەبەر هەیوانەکە ڕاوەستێ تاکوو هوماخانم وەک بووک لە ماڵ دێتە دەرێ، لەلایەک لە حەولی نووشتە و دۆعای منداڵبووندا بوو، لەلایەکی دیکەوە خۆی دەگەیاندە بازاڕ و وردەواڵە فرۆشان و دەگەیشتە حۆریاوا، ئەو پووڵ و پارەی سەیمیران بە مشە دەیکردە مشتی، ئەویش بە لاش خەرجی دەکرد و بێرەو بەوێیدا دەدا، وەک دەڵێن گوڵلە و دەرمانی بایزاغا شەق لە کەندەلانی.ئەوەندەی سەردانی بازاڕی دەکرد بە نێوی

دیاری شتێکی بۆ مێردەکەی دەکڕی، هەروەک دوگمە پیرۆزە، گۆرەوی، دەسرە دەستی هەورێشم، یان عەتری گوڵی سوور، بەمچەشنە خۆشەویستی خۆی پێنیشان دەدا و پێیدەگوت ئەمەیە ڕێگە و ڕێبازی ژیان لە بەینی ژن و مێردا، ئاوڕی لە خاتووخورشید دەدایەوە و چی بۆخۆیان ساز کردبایە کاسەی ئەویشی لێپڕ دەکرد. ئەوەندەی بە تەنیا دەبوو بۆ نانخواردن بانگی دەکردە لای خۆیی. لە ژووریشدا هەر وەک تازە بووکان دەهات و دەچوو بۆنی گوڵاو و مێخەکی دەرو و ژووری تەنیبوو، هەروەختێ کەیفی لێبا، بۆ کارکردن توندو تۆڵ و ڕادەپەڕێ، بۆ شۆردن و خاوێنکردنەوەی پێشۆرکە و حەوزەکە هەر خێرا قۆڵی لێهەڵمدەماڵی و یەکەم کەس بوو لەو کارانەدا، لەپاش خاتوو سەفییە یەکەم کەس بوو بۆ لابردنی قیل و زەوتی سەری حەمەحسێن. هیچ وەختێ دایکی نەیدەوێرا خۆ لە قەرەی ئەمکارە بدات، جیرانەکانیتر بە بینینی ئەمکارە زەندەقیان دەچوو، ئەو ڕۆژانەی سەری ئەم بەستەزمانەیان خاوێن دەکردەوە ناویان لێنابوو سەربڕین. زۆربەیان خۆیان دەکرد بە ماڵی خزماندا و یان دەچوونە کۆڵانەکە، منداڵەیان دەبردە سەرگونجەکە، نوقرە دەست و پێی دەگرت و جووڵەی لێدەبڕی. هوما کراسی سپی پەرەستاری دەکردە بەری، بەبێ ئەوەی گوێ بدا بە قیژە و هاوار و گریانی دەستبەکار دەبوو، منداڵی هەناسەسارد لە تکوتاسەوە دەچوو، بەخۆڕایی نەبوو هاوساکان هەریەکەو بە لایەکدا دەردەپەڕین. خاوێنکردنەوەی سەری ئەم کوڕانەیان ناو نابوو سەربڕین، ناحەقیان نەبوو ئەوەندەی خوێن لەبەر دەڕۆیشت دەتگوت گایان سەربڕیوە، هوما وەختێ کارەکەی تەواو دەبوو، پاک و خاوێن بە سابوون و ئاوی شیلەوگەرم دەستو پلی دەشووشت و لە ژوورەکەی خۆی دەنکێ توێشەی دەهێنا و دەیدایە دەستی منداڵە، ئەمە تەنیا خۆشییەک بوو لەپاش ئەم گشتە نەهامەتییە بە نەسیب ئەم منداڵە چارەڕەشە دەبوو. خۆشی نەیدەزانی کێ ئەم قوڕبەسەریەی بەسەر هێناوە، هوما جارێ بەوە دڵخۆشی دەکرد کە ئەمە جاری ئاخرییە و ئیتر نەجاتی بوو، بەڵام سەری مانگ دیسان بەزمەکە دەستی پێدەکردەوە، دەتگوت ئەم ڕۆژەڕەشی و دەرد و ئازارە زێدە لە عالەم بە بەژنی ئەم منداڵە بڕاوە و دەبێ ئەو تاوانی گوناهەکانی بابادەم بداتەوە.

خاتووخورشید نێوانخۆشی خۆی لەگەڵ ژنە گەورەکەی سەیمیران ڕاگرتبوو، لە بەرژەوەندی خۆی بە دەوروبەری هومادا دەهات بەڵام ئاسکە وەک جاران باوەڕی پێینەمابوو، ئەو دەستەخوشکەی ئاسکە هەمیشە خۆی بە نزیکترین دۆستی ئەو دەزانی فکری لێنەکردبۆوە، ئەگەر ڕۆژێک هوما منداڵی ببێ، ئیتر ژیان و گوزەرانی ئاسکە لەو ماڵەدا تاڵ دەبێ و دەبێتە ژەقنەمووت.

کێ دەیزانی هوما، هەررۆژەی مۆدە و بەرنامەیەک دادەنێ، چاو لە کێ دەکات و ئەم لاساییکردنەوەی لە کوێ هێناوە. تەنیا لەو کارەدا بوو خاتووخورشید نەیدەزانی هاوفکری لەگەڵ بکا، ئەویش کارێکی بە هەوێکەی نەدابوو پرسیاری لێنەدەکرد. چونکە ئاسکە ژنێکی ساکار و دەروونپاک و بێگرێ بوو، جلوبەرگی کۆن و تازەی هەر ئەوەبوو لە یەخدانەکەدا، مەگەر لە ڕۆژانی تایبەتدا، وەک خەنەبەندان و زەماوەند، ئەگینا ئەوەندەی بۆ گرینگ نەبوو جلی جوان لەبەر بکا. تەنانەت زۆریش حەزی لە بەرگ و ئاڵتوون و زێوو زەمبەر نەبوو، بەڵام هوما بە پێچەوانەی ئەو فکری دەکردەوە،ئەو دەیگوت من بۆیە لیباس بە دوورین دەدەم لەبەری بکەم، نەک ئەوەی لە سندووقدا خۆی بخواتەوە. بۆ زێڕ و زیویش ئیتر هەر باسی ناکرێ، ئەگەر هەوێکەی جووتێک بازنەی دەکڕی ئەو بە سێجووت و چوارجووت نەدەوەستا، گوڵ و گوارەی پێدەکڕی، گۆبەرۆک و ژێرچەنەی لە خۆی دەدا، هوما حەقی نەبوو ئەو گەردنە جوانەی لە چەشنی مینا و بلوور، ئەو قۆڵ و زەندەی هەر بۆئەوە جوان بوو بازنەی زەرد و زێڕی هەژدەعەیاری تێدا بێ؟ زێڕ و زەمبەر لە قۆڵ و ملی هومادا نەبێ بەکاری چیدێ؟ زەندی تورت و سپی و ناسکی هەر بە دەستبەند و بازنەوە جوان بوو. ئەو ژنە دڵئەستێنە کە بەڕاستی کوڕی دەویست خۆ لەبەر تێشکی چاوی ڕابگرێ ئاوێتەی زێو و ئاڵتوون بوو، بەڕاستی خەیاتی قابیلی دەویست بتوانێ بۆ ئەم بەژن و باڵایە بەرگ و لیباس بدوورێ، مل و بەرۆکی هەر لە جامخانە و ویترینی دووکانداران دەچوو، بەم هەموو جلوەی جوانییەوە سۆفی گۆشەی خانەقا و پیری خەڵوەتنشینی لە ڕێ دەردەکرد و ئاوی لە دڵی مردووان دەپژاند. وەختێ بۆ هەرکارێک لە ماڵ دەهاتە دەرێ، تەنانەت بۆ ئەودیوی دەرگای حەسارێ بوایە، بە سەعات لە بەرامبەر ئاوێنە دادەنیشت و خەریکی خۆڕازانەوە دەبوو. وەکئەوەی بچێ بۆ کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ، ئیتر گوێی لێنەبوو کەسێک یان کەسانێک چاوەڕێی دەکەن و لەسەری مەحتەلن. هاوڕێیانی ئاوی ئەژنۆیان دادەهات و سەبریان سارد دەبۆوە، کاتێک لە ژوورەکەی دەهاتە دەرێ و دەگەیشتە بەرهەیوانێ هەموو وایاندەزانی بووک هاتووە، بەڵام ئەو ژنانەی لەگەڵی دەچوونە دەرێ زۆر زوو پەژیوان دەبوونەوە لە هاوڕێی، ئەوەی لە دوور و نزیکەوە دەیبینی سەیری دەکرد و بە سەرسووڕمانەوە ئاوڕی لێدەدایەوە! چارشێوی کریپی گوڵداری وەختێ دەدا بەسەر خۆیدا ئەوەندەیدی ڕەوت و ڕۆینی جوان دەکرد و لە چەشنی نەرمە شەپۆلی زەریا بە لەنجەوە دەهاتوو دەچوو، کەوشی پاژنە گێلاسی لەگەڵ گۆرەوی چەرمگ هەر لە پاو و پووزی ئەو جوان بوو. لاگیرە و گوڵ و گوارەی ئاڵتوون جلوەی جوانی بە لاجانگ و سەرو

گەردنی هوما دەبەخشی. هوما وەختێ بەم گشتە جوانییەوە لە ماڵ دەهاتە دەرێ قابیلی بوو کچی کافرۆشی بە کڵفەت و قەرەواش بۆ بگری.

بەم هەموو جوانی و خۆشگوزەرانییەوە هێشتا لە ماڵی سەیمیراندا هەستی بە بەختەوری نەدەکرد. وەختێ بەرەو هەیوانەکە وەسەر دەکەوت داوێنی کراسەکەی بە دەستەوە دەگرت بۆئەوەی لە عەرزی نەخشکێ، جارجاریش لەبەرخۆیەوە گۆرانی کوردی دەگوت، بەڵام لە دڵەوە شتێکیتری دەگوت. سەیمیران خۆشیدەویست چما بەختەوەری پێنەدابوو، هەروەختێک فکری دەکردەوە منداڵی نابێ لێوی باری دەگرت و دەستی لە ئەژنۆی هەڵدەپێکا، حەزیدەکرد گورچیلەیەکی نەبێ و منداڵی ببێ، پێینەڵێن نەزۆک! جوانی و شۆخییەکەی دەنگی دابۆوە، بەڵام خۆ لە سروشتیدا هەر جوانی بە تەنیایی بەس نییە، کەسێکی وەک هوما ئەگەر عەولادی لێنەکەوێتەوە، بێجگە لەوەی بە قسرو نەزۆک ناوی دەبەن حەیفیشە جوانی ئاوا منداڵی لێنەکەوێتەوە، هوما چۆن دەیتوانی فکری منداڵ نەبوون بە مێشکیدا نەیات. هەرچەندە مێردەکەی ئاسکەی بۆ فرێدابوو، بەڵام هەروەختێک دەیدیت هەوێکەی منداڵان لە دەوری وەکۆ دەبن، کزە لە جەرگی هەڵدەستا و چرای خۆشییەکانی کز دەبوون. هەرچەندە ئێستا دنیا بە کەیفی ئەوبوو بەڵام وەک ڕۆژ لێی ڕوون بوو لە کۆتاییدا هەر ئاسکە دەیباتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نوشوستی و کوڵەمەرگی بۆ ئەو دەمێنێتەوە، باوەکوو ئێستا لە پیشچاوی مێردەکەی شیرین بوو، بەڵام ئاسکە پێنج کوڵەکەی لە پشت بوو، ئەو لە دارای دنیادا تەنیا جوانی شک دەبرد، هەروەک مەعلوومە جوانیش تاسەر نییە و لە چەشنی گوڵ بێوەفایە و بەرگەی سەبوونی ڕۆژگار ناگرێ. ئەگەرچی بە ناز و سێحری جوانی دڵی لە سەیمیران سەندبوو، هەستی بەوە دەکرد ئاخری وەک گوڵ سیس دەبێ و ئەو قەدر و حورمەتەی بۆ نامێنێ، بەڵام ئاسکە وەک بەڕوو داری لێڕەوار بۆ هەمیشە لەو ماڵەدا بە لق و چڵ و گەڵاوە دەمێنێتەوە ئاسکە لە جوانیدا لەچاو هوما هیچ نەبوو بەڵام لە سایەی سەری منداڵەکانییەوە ڕەگی لە دڵی سەیمیراندا داکوتابوو. لە دوای مردنیش شوێنەواری ئەو لەو ماڵەدا کوێر نەدەبۆوە، هوما ئافرەتێکی ساردوسڕ نەبوو، بەڵام هەرچەندی لە خۆی دەنووسا نەیدەتوانی هەستی دایکی بۆ ئەوان هەبێ، وەک دەڵێن چاوی بەرایی نەدەدا منداڵەکانی ئاسکە ببینێ، ئەمە خدەیەکی ژنانەیە و بەدەست خۆی نەبوو، وەختێ ئەو منداڵانە لە حەسارەکەدا یارییان دەکرد و خەریکی هەڵبەز دابەز دەبوون ئەو لەوانەبوو فججە بکا. زۆرجار وای بە سەردا دەهات بە سەریاندا بزریکێنێ، چارەنەبوو ئەو لەو ماڵەدا دەژیا، دەبوو خۆی لەگەڵ ئەم دەنگ و هەرایە ڕابێنێ، هەروەختێ گوێی لە پێکەنین و قاقای

ئاسکە و منداڵەکانی دەبوو بێئەوەی بزانێ بەچی پێدەکەنن خۆی دەخواردەوە و نیگەران دەبوو، ئەو وایدەزانی بەو پێدەکەنن. وەختێ سەیمیران لە ماڵ نەدەبوو وەک کەو لە قەفەسدا هەستی بە زیندانیبوونی خۆی دەکرد. زۆریش حەزی بە هاونشینی نەدەکرد لەگەڵ جیرانەکان. پێیخۆشبوو لە ماڵ بچێتە دەرێ و کەمەکێک هەوای سازگار هەڵبمژێ و تۆزێک دڵی بکرێتەوە، خۆی سەرکۆنە دەکرد: بۆچی وا زوو هۆگری سەیمیران بوو؟ پەند و ئامۆژگارییەکەی چەند ڕۆژ لەوەپێشی پوورەگمی وەبیر هاتبۆوە کە لە دوای مارەکردنەکەی لە ژوورەکەدا پێیگوتبوو:

«ئەگەرچی حەزناکەم کەس نێوان ناخۆشی بکەوێتە ماڵ و ژیانی ئێوە هەڵبوەشێ، بەڵام کچەکەم ئەم ماڵ و مێردە بۆ تۆ نابێ!»

ئەو خوالێخۆشبووە، (با ئەمەمان لە بیر نەچێ ئەو پیرێژنە هەر لەم بەینانەدا بێئەوەی هەمووکەس بە مەرگی ئەو بزانێ گیانی تەسلیم بە گیانئافەرین کردبوو.) بە ڕاوێژێکی پیرانە گوتبووی:

«خەڵکی ئەم ڕۆژگارە دەڵێن مێردی پیر لە هیچ باشترا بەڵام دایکەکەم، تۆ ئەگەر هەر کەیفت لە مێردکردن بوو، چ زۆربوو پیاو، چ مەجبوور بوویی مێرد بکەی بە کابرایەک چوارپێنج منداڵی هەبێ، جوانی و گەنجی گوڵێکە هەروەختێ وەری، وەری، تازە گەڕانەوەی بۆنییە، کچەکەم ئەگەر بە قسەی ئەم دایکە پیرەی خۆت دەکەی هەر ئەمڕۆ باشترە لە سبەی، خەمی خۆتبێ.»

وەختیخۆی ئەگەر تەڵاقی وەرگرتبایە بێگومان بۆی هەبوو بگەڕێتەوە بۆلای کۆنە مێرد و جگەرگۆشەکانی، بەڵام لە بەختی ئەو حاجیبەننا ژنی هێنا و ئەو هیوایەش وەک خۆی بە نەزۆکی مایەوە، زۆرجار لەبەر خۆیەوە خەیاڵ دەیبردەوە:

ـ ئاخۆم لە دوای ئەم تەڵاقدران و منداڵ بەجێهێشتنە ئەمە هەڵەیەکی گەورە نەبوو من کردم، نەدەبوو مێردم کردبایەتەوە! بۆ دەبێ من ئەوەندە ساویلکە و نەفام بم!

خەفەت و دڕدۆنگییەکی ڕەش چنگی لە هەناوی وەردەدا، داهاتوویەکی تاریک و بێهیوای لەبەر دەمدا بوو. منداڵەکانی مێردی پێشووی لەمێژ بوو ئیتر لێیدابڕابوون و لێیان بێهەواڵ بوو. ئێستا کە ئەو وەدوای خۆشی و ژیانی خۆی کەوتبوو چما تازە منداڵەکانی توخنی دەکەوتن. یان بە دایکی خۆیان حیساب دەکرد؟ سەیمیران بێجگە لەوەی خۆشیدەویست، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ڕەگ و ڕیشەی لەگەڵ منداڵەکانی داکوتابوو، ئەگەر وانەبوایە خۆ مەجبوور نەبوو بە شیرینجانخانمی دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان بڵێ: هوما بۆ ماوەیەک لێرە میوانە ـ ئەم گوڕە و هەرایەی سەیمیران

تەنیا بۆ لیڤە شڕەکەی مەلا نەسرەدین بوو!ـ خۆ ئەگەر ئەو دەستی لە مندالەکانی هەلگرتبایە ئەوا ئەوان دەستبەرداری ئەو نەدەبوون. ئەوانە گێژاوی فکرێک بوون شەو و ڕۆژ وەک گەردەلوول هومایان دەهێنا و دەبرد. بەم هەموو عیشوە و نازەوە کە هەیبوو جیرانەکانیش وایاندەزانی کە دنیا بە مەرامی ئەوە و تازە ئاسکە لەلایەن سەی‌میرانەوە بەشی بڕا، دڵی بە جۆرێکی‌تر بە گوێی ئەویدا دەچرپاند، ئەو باڵانەی تۆ پێی‌دەفڕی لە نیوەی ڕێگادا بەرت دەداتەوە و سەفەرت بە نیوەچڵی بۆ بەجی‌دەهێڵی. ئیتر لە دووای سەی‌میران تەنیا دڵخۆشییەک کە هەیبوو دەواو دەرمانی سووراو سپیاو بوو کە لەسەر ڕەفحەو تاقەو بەرپەنجەراندا دایدەنان بۆئەوەی دایمە لەبەر دەستیدا بن. وردە زریانی دەمەو زەردەپەڕی پاییزی شۆڕابەی زەردی دارە بی، حەساریی شاباشی بەردەچنی حەوشەکە دەکرد. دەنگی دەستاونگی هاوساماڵ دەهات، خوڕەی ئاوی حەوزەکە و خڕڕەی چەرخی ماشەری پووربەگم (هەرچەندە ئەوەیان لەگەڵ مردنی ئەم ژنە پیرەدا بۆ هەمیشە لە سووڕان کەوت) مالووسکە مالووسکە پەژارە و خەفەتی لەسەر دڵی دادەنا، هەروەختێ لە بەرامبەر نەینووک و جامی ڕۆدەنیشت و وەسمەی دەکێشا، لەپڕ کەحێلی خەیاڵ هەڵی‌دەگرت:

ـ منیش خەریکم خۆم فریو دەدەم بۆ کێ، بۆچی؟ ئەوە وامدانا سەرتۆپی جوانان بووم و لە حۆری و پەری جوانتر بم، دوایە چی؟ ئەم ژیانە وشک و بێ‌قیمەتە بەکاری چیدێ؟ هوما تۆ لێرە چیدەکەی، تەواوی تەمەنت بەزایەچوو!

هەروەختێ خەریکی پاک و خاوێنی ماڵ بوو، لەپڕ دەستی لە کار دەکێشاوە و بە نێوەچڵی بەجێی‌دەهێشت. وەکئەوەی ماندوو بێ، یان تووشی جۆرێک نەخۆشی هاتبێ، سێ کوچکەیی ڕۆدەنیشت و دەستی هەڵدەپێکا و سەری دەخستە سەرئەژنۆی بۆ ماوەیەک کڕوکپ دەمایەوە تاکوو خاتووخورشید یان کچەکەی دەهات کارەکانی بۆ تەواو دەکرد. بۆ جارێکی دیکە بوورایەوە و بێ‌هۆش کەوت، بەڵام بەوەی چاکبوو مێردەکەی لە ماڵ بوو، ئاسکە و ژنی جیرانەکان باوەڕیان بە هوما نەکرد دەیانزانی ئەم خۆبێهۆش کردن و بوورانەوەیە دەهۆ و درۆو دەلەسەیە. ئەگەر درۆ ناکا، بۆ دەبێ هەروەختێ سەی‌میران دەچێتە ژوورەکەی ئاسکە ئەو ببووڕێتەوە و لەسەرخۆ بچێ. هەرچەندە دوکتۆر نیعمەت هەمووجارێ سەردانی دەکرد و دەواو دەرمانی بۆ دەنووسی، بەڵام خاتووئەکرەم ژنێکی چوختی و ڕێکوپێک بوو، لەمێژ بوو لەگەڵ خانجانی چەرخسازی مێردی ژوورەکەی خاتوو سەفییەیان گرتبوو دەیگوت:

لەو جەنجاڵییەدا کە ئێوە بە دەورییەوە بوون و ئاوتان لە سەروچاوی دەپژاند، ئەو چاوی نەدەکردەوە، هەروا شل‌وشل بوو، من لە بنەوە نووکە دەرزیم کرد بە بن‌پێی‌دا خێرا لاقی هەڵکێشا.

گومان لەوەدا نەبوو هوما تووشی نەخۆشی دڵ و دەروون هاتبوو، هەرچییەکی بگووتبایە بۆی دەچووەسەر مێردەکەی نازی دەکێشا، چۆن چاکە ئاوا خۆی لەلا شیرین دەکرد و لە هیچی نەبوو خۆی دەهێنا حاڵی جاو، سەی‌میران هەموو بەیانییەک پووڵ و پارەی بۆ بەجێ دەهێشت و دەڕۆیشت بەلای کاروباری خۆیەوە. بەڵام نیوەڕۆ کە دەهاتەوە ئەو پارەیەی لەسەر تاقەکە دانابوو کەس بەلایەوە نەچووبوو، لە نان و چایی هیچ خەبەر نەبوو. خێرا دەیزانی خێزانی نەخۆش و دڵتەنگە و تاقەتی کارێکی نییە. هوما لە ماڵی سەی‌میراندا وەک کەوی نێو قەفەس وابوو، هەرکەسێک ژیان و هەڵس‌وکەوتی هومای دەبینی بەم گشتە، نازو ئەتوارەوە زوو دەیزانی ئەم ژیانە هەتا سەر نییە. خۆی لە هەمووکەس باشتر هەستی بەم ئازار و ناتەباییە کردبوو. لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە تێپەڕیبوو هیچ شتێ نەبوو لەو ماڵەدا چرایەک لە دڵیدا داگیرسێنێ، هەستی دەکرد ئەوەی لەو ژوورەدایە هەمووی لەگەڵی نامۆ و بە دژی ئەو لەوێ داندراون لە دەفروئامانەوە بگرە تا دەگا بە ئافتاوە لەگەن، ئاوێنە و بلووریاتی سەررەفحە و تاقە، ئەو پەردە زەریف و جوانانە، مافوورە و قاڵی کاشان، کە شەو و ڕۆژ لەبەر دەست و پێی‌دا بوون، وایدەزانی گشتی ئەوانە ڕیچەی لێدەکەن و تا دێت ڕوویان لێ‌وەربگرێ چەمۆڵەی لێدەنێن. وەک بڵێی بەزۆر و مەکرو حۆقەبازی ئەو ماڵەی داگیر کردبێ هەستی بە مەترسی و دڵەڕاوکێ دەکرد. وەختێک ئافتاوە و لەگەنی دەدیت لەپڕ وەبیری قسن و گۆڕخانان دەکەوتەوە، لە نەخۆشخانەی ئەمریکایی قاچێکی دارینی دیتبوو، دایمە دەهاتەوە بەرچاوی و لە بیری نەدەچۆوە، جیڕە جیڕی چەرخو فەلەکی ئاوهەڵگوێزان عەزابی دەدا و چرنووکی بە دڵیدا دەهێنا. حەزی بە بینینی شەمدانی و چینی و بلووری سەرتاقەکان نەدەکرد. ناحەقی نەبوو ئەوانە خۆشییان نەدەخستە دڵییەوە، ئەو شتانەی بە هی‌خۆی حیساب نەدەکرد. ئەورۆژەی خەریکی پاکو خاوێنی ماڵ بوو تایەک لە چراکانی بەردایەوە و شکاندی هەر بە بای خەیاڵیدا نەهات وردە شووشەکانی بەدەم بۆڵە بۆڵەوە گەسکدا و کردییە نێو سەتڵی خۆڵەکەوە. ئەو تاقە پڕ لە زرق و برقانە کە هەر لە بەر و دووکانی ئەنتیکەفرۆشان دەچوو گشتی چۆڵ کردن و ڕووتاندنیەوە، میز و کورسیلەکان و زۆریەک لە تابلۆی عەکس و وێنەی پیاوچاکان و مەرقەدی ئیمامان هەمووی بە یارمەتی خاتووخورشید لابرد و لە ژووری ئاودارخانەی پەستاوتن. هەرچییەکی دەکرد نەیدەتوانی وەک ژنێکی ئاسایی دابمەزرێ و بە ئاسوودەیی پاڵ بداتەوە.

بەختبوو بە هاوڕێی زۆری پێنەچوو چاوی کەوت بە منداڵەکانی، حاجیبەنناى کۆنەمێردی ژنی هێنابووەو ئەو توندو تیژیەی جارانی وەلا نابوو، لە ماوەی حەوتە، یان دە ڕۆژ جارێک، هوما خاتووخورشیدی دەنارد منداڵەکانی بۆ بهێنێ، بێدەنگ و هەرا جگەرگۆشەکانی دەبردە ژوورەکەی خۆی. لیستووک بووکەڵەی بۆ کڕیبوون بەوانەوە سەرقاڵی دەکردن. خواردنی باشی پێدەدان و کاتێکیش بەڕێی دەکردنەوە، گیرفانەکانی بۆ پڕ دەکردن لە نوقڵ و مێوژ و گوێز. بەڵام لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا، دووری لەو منداڵانە کاری خۆی کردبوو، بەمچەشنەی هوما پیشبینی دەکرد، عەولادەکانی وا نەبوون و خۆیان نەدەخستە باوەشییەوە، هەرچەندە ئەو زۆری خۆبە قوربان و سەدەقە دەکردن و بانگی هومایونی دەکرد بێت بۆلای ماچی بکا، منداڵە لێی دەپرینگاوە و ڕووی تێنەدەکرد. سەری دادەخست و لە دوورەوە مەحتەل دەما، وەختێ لە ژوورەکەدا چاویان لە چاوی دایکیان دەبوو دەعەبەسران و وەک مەلی کەسیرە کەوتوو، سەریان لە بن باڵیان دەنا، هەر دەتگوت هەتیوی بێدایک و بابن، ملیان بە لارەوە دەنا، زۆر بە دڵەوە یارییان بە بووکەشووشەکان دەکرد، چما وایاندەزانی هەر ئێستا لێیان دەستێننەوە؟ بە چاوی پڕ لە شەرم و نیگەرانییەوە سەرنجی دایکیان دەدا، ئەوە چۆنبوو ئاوا ژیر و ئاقڵدار بوون؟ دەتگوت ئەو منداڵانە لە ڕەگ و ڕیشەوە دایکی خۆیان ناسیوە، دەزانن چەندە جادووباز و چوختییە، هەر بۆیە بەمشێوەیە لێیان دەڕوانی. بێئەوەی بچنە دەرێ یەکدوو کاتژمێر لەو ژوورەدا دەمانەوە و بەرلەوەی سەیمیران بگاتەوە ماڵێ خاتووخورشید دەیبردنەوە بۆ ماڵی ساحەبیان. ئەم دیدار و چاوپێکەوتنە بۆ دایکێک کە بە ئاواتی دیتنیان دەسووتا و هەڵدەچۆقا دەکرێ بێژین پڕ لە چێژ و خۆشی بوو. چاوپێکەوتنی ئەو منداڵانە لەوماوەیەدا دەیتوانی چێژ و لەزەتی تایبەت بە هوما ببەخشێ و ئارەزووی پێک بێنێ، ئیتر بەهۆی بینینی منداڵەکانییەوە تۆزێک بووژابۆوە، ئەوەندەش ئەو ماڵەی بە بەندیخانە نەدەزانی. هەرڕۆژێک کە دەینارد بە شوێن جگەرگۆشەکانیدا، ئەوەندە دەکەوتە خۆشی خۆشییەوە وایدەزانی دوازدە سوارەی مەریوان لێیمیوانە، تریفە و ترووسکەی دەخستە قاپ و قاچاخ و لەسەر سەماوەری وەرشەو چایی ئامادە دەکرد و بەرامەو بۆنی خۆشی لە ژوورەکەی دەدا، وەک بڵێی زینو مەمی بۆتانی لێمیوانە. ئەوان هێشتا لە هیچجێیەک دیار نەبوون ئەو لەبەر خۆیەوە دەیدواندن. بەقوربان و سەردەقەیان دەبوو، ئەوە کورسی لادەبرد و فڵان مێزی دادەنا و لەسەر دەفرو دەورییان شیرینی و میوەی دەچنی، دیارە بەم هەڵسووڕان و کارکردنەشی تەواو تۆزی خەفەت و پەژارەی لەسەر خۆی دەتەکاند لەوەپێش جلوبەرگی بۆ بە دوورین دابوون، بەم لیباسە

جوانانەوە هاوڕێ لەگەڵ خاتووخورشید چوونە وێنەگری و بۆ بیرەوەری وێنەی لەگەڵ هەردووکیان هەڵگرت، تاکوو لە ڕۆژانی تەنیاییدا چاو لە چاویان ببڕێ و خۆیان لە دەور بگێڕێ. منداڵەکان پێیان‌دەگوت جارێ لەو ڕۆژەوە باوەژنیان بۆ هاتووە لێیان نادات و لەگەڵیان باشە! بابیان باسی دایکیان ناکات و ناوی هومای بەزاردا نایەت. لێیان‌ناپرسێ دەچن بۆلای دایکیان یان نا، ئەو بەرگ و لیباسەی هوما بۆی بە دوورین دابوون، بۆ کوڕەکەی هەر لە بەرگی مەلەوانان دەچوو کراسی یەخە سپی و شەڕواڵی کورت. کچانەکەش قەسری و سۆرانی گوڵچن‌کراو لە هەوریشم و مەخمەر، ئەوەی دەیدیتن تێر تەماشایان نەدەبوو. هومایون و کەتایون سپی و ناسک دەتگوت سێوێکن کراون بە دووان. ئەو ڕۆژانەی دەچوون بۆ دیدەنی دایکیان هەروەک تی‌تیل و می‌تیل وابوون کە وەدووی پەلەوەری شین[21] دەکەوتن.

سەی‌میران قەت وانەبوو جارێک ئەو منداڵانە ببینێ بەڵام هەواڵی هەبوو کە زوو زوو دێن بۆلای دایکیان. نەیدەپرسی بۆ دێن یان بۆ نایەن. هوما لەکن سەی‌میران ناوی نەدەهێنان. ئەمە وەک شەرت و پەیمانێکی لێ‌هاتبوو ئەم ژن و مێردە لەلای یەکدی هیچ‌کامیان باسی منداڵەکانیان نەکەن و تەنانەت بیریشی لێ‌نەکەنەوە، هەروەک هوما هەمیشە هەوڵی ئەوەبوو بە گیان و جەستە میران بەشی خۆی‌بێ، سەی‌میرانیش لەو ئاشقتر و ئەویندارتر تێدەکۆشا بە هەرباریێکدابێ دڵی هوما بەدەست بێنێ و لە هیچ کات‌وساتێکدا بیر لە منداڵی کۆنەمێردەکەی نەکاتەوە، هەرچەندە لە دڵەوە پێی‌خۆش‌بوو لە هوما منداڵی نەبێ، بەڵام وەختێ دەیزانی ئەم کەلێنە بە ڕوخساری ئەم خاتوونە جوانەیەوە دیارە، شەوانە کە دەهاتەوە و پێی دەنایە ژوورەکەی ئەویندارتر و گەرم‌وگوڕتر لە کوڕە جحێڵەیەک ئامێزی بۆ دەگرتەوە و لە باوەشی دەکرد و ڕایدەمووسی، بەرامەی بسک و ئەگریجەی هەڵدەمژی و بە باوەشییەوە دەی‌خولاندەوە و لە نێوەڕاستی ژوورەکە دایدەنا و دووسێ جار خۆی لە دەوری دەگێڕا. بە زمانێکی عاشقانە بە قوربانی دەبوو، نازی دەکێشا ئیتر وەختێ هوما بەم‌چەشنە دڵداری خۆی دەبینی و دەیزانی گەنجی بەتاڵان نەچووە و قەدری زێڕ لەلای زێڕینگەرە، ئەویش وەستا، لە کاروباری ئەشق و دڵداری پیری ئەوینداری لە مەیخانەی دڵا، مەست و خومارتر دەکرد و بادەنۆشی دایمە وای هەست دەکرد لە دنیادا کەس بەقەت ئەو بەختەوەر نییە، جا بۆیە هوما، هەررۆژەی پەلپ و بیانووی لە شتێک دەگرت. ڕۆژ تاکی ئێوارێ لە نێو بازاڕ بوو،

---

٢١ پەلەوەری شین، شانۆنامەی نووسەری بلژیکی: موریس میترلینگ.

ماڵی‌ئاوەدان‌بێ وەختی ژەمەکان دەهاتەوە و پارووە نانێکی دەدا بە سەی‌میران. هەرچی بە چاو دەیبینی بە دڵ داوای دەکرد، جوان‌پەسند و جوان‌پەرەست بوو، بۆ کڕینی جل‌وبەرگ، ئاڵتوون و زەمبەر، وردە شتی جوانی نێوماڵ بێ‌دڵی خۆی نەدەکرد و لە تەڕەف مێردەوە مەکەی بۆ نەبوو، زۆرجار وەک منداڵان برِو بیانووی دەگرت، سەی‌میران بە دەستییەوە دامابوو. ئەگەر داوای شیری پاساری لێکردبایە بە ناچار دەبوو بۆی بێنێ، ئەوەندەی لە ماڵ دەهاتە دەرێ تاڵێک بەنی بە قامکییەوە گرێ دەدا، بۆئەوەی لە نێو بازاڕ ئەو شتەی کە دەبوو بیکڕێ لە بیری نەچێ و بیهێنێتەوە. جگە لەوەی چەند کەسێکی نزیکی لە خزمانی دەهاتن بۆلای، لەگەڵ کەس ئەو گەرم‌وگوڕییەی نەبوو بۆ ماڵیش هەروابوو، ئەگەر تۆزێک لەو ئاکارو هەواو هەوەسەی دوور بکەوێتەوە و لێی‌بترازێ، تەنیا مەبەستی ئەوەبوو بزانێ مێردەکەی چەندە خۆشی‌دەوێ، ئەو بەم نەزمە گەرەکی بوو سەی‌میران هەڵسەنگێنێ، لەم دنیایەشدا جگە لەو خۆشەویستەی چ جێیەکی‌تری شک نەدەبرد. سەی‌میران بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی لەلای شیرین‌جان‌خاتوون کردبووی، نەک هەر لێی دڵسارد نەببۆوە بگرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژێ گڕی ئەوینی بەتین‌تر ببوو، زۆر سەرودڵ‌خۆش و لە ژیاندا خۆی بە بەختەوەرترین مرۆڤ دادەنا، لە خەیاڵی خۆیدا ئیتر ترسی لەو ڕمووزنە نەمابوو کە جاران بیری لێ‌دەکردەوە، لەوە نەدەترسا ژیانی هەرەس‌بێنێ و ئاسۆی بەختەوەری خۆی ڕووناک دەبینی.

زەماوەندی برای میرزا نەبی بوو، سەی‌میران بە خۆی و هەردوو خێزانەکەیەوە لێیان گێڕابۆوە، هەردوو ژنەکەی سەی‌میران مانگێک لەمەوبەر لەو کۆڕەدا کە بۆ ماڵی بووک بانگ‌کرابوون بەشدارییان کردبوو، زاوا خەرجێکی باشی دانابوو، بەم‌جۆرەی ئەوان فکریان لێدەکردەوە دەبێ کارێکی گەورەیان بۆ بووک کردبێ هەڵبەت ئەم کارە جێگای گومانی تێدا هەبوو، وادیاربوو میرزا نەبی هەوڵی ئەوەی بوو لە یەک ڕۆژدا کارەکە تەواو بکا دیاری‌کردن و گواستنەوە لە شەوێک‌دا بێ، ماڵی بووک ڕازی نەبوون. برای میرزا نەبی، ڕۆستەم، کوڕێکی جوامێر و وەرزشکار نەختێکیش بێ‌موبالات سی ساڵ، سی‌و دوو ساڵ تەمەنی بوو؛ ڕیزێک ددانی زێڕی لە دەم‌دا بوو، کەڵەگەت کوڕێکی ڕەبەن و سەرباری براکەی بوو، تاکوو درەنگانێکی شەو لە چای‌خانەکانی نێو شار و لە سەراو دادەنیشت. ڕۆستەم هاوقۆڵی و هاوکاری براکەی دەکرد. نەیدەهێشت لە کاروباری نانەوایی و عەلافی و ڕەعیەتیدا براکەی بە تەنیا بێ، سەی‌میران ئەگەر برایەکی ئاوای هەبوایە لەوانەبوو تا ئێستا زۆر لەپێش میرزا نەبییەوە بوایە، زۆربەی جار ئەو گەنم و جۆیەی میرزا نەبی بۆ سەی‌میرانی دەکڕی دەستی ڕۆستەمی تێدابوو، هەرچەندە میرزا نەبی خوێندەواری هەبوو، بەڵام

بۆئەوە نەدەبوو پشتی لێبکەیەوە، لەبەرئەوەی زوو شتی لە بیر دەچۆوە، زۆرجار هەڵەی دەکرد، ئەمەش بە زیانی هاوڕێکەی تەواو دەبوو. بەڵام لێبوردوویی ئەم دوو هاوڕێیە ئیزنی ساردوسڕی پێنەدەدان ئەو ئێوارەیە وا بڕیاربوو بچن بۆ میوانی زووتر هاتنەوە بۆ ماڵێ تاکوو لەگەڵ هەردوو ژنەکەی بچێ بۆ زەماوەند. هەتاوی پاییزی تینی جارانی نەمابوو، شەویش تا دەهات سارد دەبوو، بەڵام جارێ مابووی بڵێین بەرگی فەقیر دڕا! هوما لە ژوورەکەی خۆی وەک بووکی ڕازاوە وابوو تەواو خۆی لە گوڵ دابوو، هەر ئەوەندەی چاوی بە مێردەکەی کەوت خۆی هێنا حاڵی جاو! گوتی: ناتوانێ بێت بۆ شایی و زەماوەند. سەی‌میران زانی ئەمە بڕوبیانوویە و بەڕاستی نییە، ئاسکە و منداڵەکانی لە پێشەوە بەڕێ کرد، خۆی وەدوا دا، بەڵکە بتوانێ خانمە چکۆڵە ڕازی بکا، زۆری خۆ بەقوربان و سەدەقە کرد: ئەگەر بێتوو نەچین، کارەکەمان ناشیرین دەبێ لەوێ جێگامان دیارە و گلەییمان لێدەکەن. هوما شیرین تۆرانێکی بۆ کرد و هەرچەندە لێی نەدەکاڵایەوە لووتی داژەنی و ئەسرینەکانی گۆنای نەخشاوی ڕامووسی و هاتە پەیڤین:

- کچەی داراب‌خانی هەرسینی بانگ کراوە، من نایەم.

- بۆچی؟ تۆ چکارت بە کچی دارب‌خانی داوە؟ ئەو لە ماڵی خۆی و تۆش لە ماڵی خۆت! ئەو کچی دارابخانی هەرسینی‌یە وتۆش خێزانی سەی‌میرانی نانەوای، تۆ چیت لەو کەمترە؟!

هوما خونچەی لێوی troوکاند و بە نازەوە گوتی:

- نا، هیچ لەو کەمتر نیم، بەڵام خەڵک چاویان دەبینێ و ڕوواڵەت دەبینن، ئەوەی ژنی نانەوایە دەبێ وەپێش خەڵک نەکەوێ.

- ئەوەندە جوانی ئەوەی بتبینێ بەخیلیت پێدەبا، هێندەت خۆ تیف‌تیفە داوە لە جوانیدا شای جوانانی، ئەم‌شەو دڵنیام وەختێ کیژی دارابخان، تۆ بەم هەموو جوانییەوە ببینێ لە نێو ئەم خەڵکەدا، خۆی بۆ ڕاناگیرێ و یان دەبێ لەوێ بە داخ و دیقەوە دابنیشێ یان ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ. جارێ من بووکی میرزا نەبیم نەدیتووە، تاکوو بزانم چۆن خانمێکە، بەڵام شۆخەکەم تکات لێدەکەم بۆ زەماوەندێکی‌تر ئەوەندە خۆت مەڕازێنەوە تاکوو بووکەخانم دڵی بەخۆیی نەمێنێ و ئاوات بە جوانی تۆ نەخوازێ، ئێستاش ببزوو با کاتمان درەنگ نەبێ.

- پێم‌وتی نایەم، قسەی ئەوەم نییە دڵنیابم کچی دارابخان ئەمشەو لەوێ نییە.

ـ هەی هۆ، هەیهۆ، لا ئیلاهە ئیللەڵلا، دەپێمبڵێ با بزانم تۆ چیت لەو کەمترە، تۆ داوای چیت کردووە من خێرا بۆتم نەکڕیبێ؟ چۆن شتیوا دەبێ کیژی دارابخان پوورزای بووک بێ و لەوێ نەبێ؟!

هوما کڕوکپ سەری داخست، میران بە ئەسپایی گوێچکەی لێنزیک کردەوە، تاکوو بزانێ ئەم ژنە بیانووگرە کە تاکوو ئێستا سیو پێنج تمەنی پارە پێخەرج کردووە، بەم گشتە مەکرو نازە و ئارەزووەوە چی دەوێ؟ هوما بە بۆڵەیەکەوە:

ـ کاتژمێری ژنانە!

لەم کاتوساتەدا، هوما بڕوبیانووی سەیری دەهێنایەوە، دۆ و دۆشای تێکەڵ دەکرد، خەوی نەدەهات بیانووی کێچ بوو، ئەگەرچی سەیمیران بەم ئاکارانەی قەڵس دەبوو، بەڵام لە داخان قاقا پێدەکەنی، وەک منداڵ وڕکی دەگرت، مانگرتن و تووڕەبوونیشی جوان بوو، حوکمی حاکم و دەردی موفاجات بوو، مێردی دڵاوا و دڵدۆڕاو، هەرچەندە پارەیەکی کەمی لە گیرفاندا بوو، ئەوەی شەوێ لە دووکان پەیدای دەکرد دەبوو لە قەرزدا بیداتەوە، ناچاربوو خانمەکەی ڕازی بکا، وەختێ چوونە بازاڕ بە دڵی خۆی سەعاتی بۆ بکڕێ، هوما گوتی: بەتەمابووم بچم لە ماڵی هەرمەنییەکەی جیرانمان کاتژمێرێکی ژنانە بە ئەمانەت وەربگرم، بۆ ئەمشەو، سەیمیران هەرچەندە دەیزانی لەوپەڕی ساویلکە و کاڵفامیدایە وریای کردەوە:

ـ هەتا ئەوکاتەی مێردەکەت لەشی ساغە و بە یەکەوە دەژین، با ئەمەت پێبڵێم شت بە ئەمانەت وەرمەگرە. من ئەوە تەمەنم چلپەنجا ساڵە تەنیا جارێک چوومە ژێرباری منەتەوە، ئەوەتا ئەم فەڕشە هەورێشمانەن بۆ ڕۆژی خەتەنەسووڕانی کوڕەکان لە فەرهادخانی سمساریم وەرگرت ئەوانە دەستکاری نائین بوون، پێم عەیب بوو بۆی ببەمەوە ناچار پارەکەم پێدا.

شەنگە ژنی بەڵەکچاو بزە لەسەر لێو و کێڵگەردن بە شەرمەوە ئەم ئاکارەی مێردە بە وەجەکەی بە شیاو زانی و شلومل خۆی خستە ئامێزی و میریش مێرانە ملینا لە پەنجەگوشین و لێوو گۆناڕامووسانی، گۆنا و چاو و ئەبرۆی پەڕەی ڕەشەداڵی دەهێندەیتر شکۆ و جوانی پێبەخشیبوو، بسک و کەزیەیچین لەسەر چین وەستابوو، چەناگە و ڕوومەتی وەک سێوە لاسوورە و گوڵخونچەی لێوی یاقووتی چاوی برسی میرانی تامەزرۆتر دەکرد و بەم تەمەنی پەنجا ساڵەوە سەرخۆش لە بادەی ئەوین وای نەدەزانی لە دنیادا خۆا لەم پەرییە زیاتر کەسێکی دیکەی نەهێناوەتە سەرگۆی ئەو زەوییە، هوما وردە وردە لەو ماڵەدا ببووە ڕووگەی خۆشەویستی و

چاوچنۆکی سەی‌میران و هێورکەرەوەی هەوەس و ئارەزوویی. بەبێ گوێپێدان بەم خۆجوانکردنەی کە میران تێر تەماشای نەدەبوو وەک بووکە چینی وابوو بە دەستییەوە، سەی‌میران ئەگەرچی لە هەوەڵەوە ئاوا بەپەلە بوو، لەوەدابوو خۆر ئاوابێ، هەر لە بیری نەمابوو کە دەبێ بچن بۆ میوانی. لەسەر فەرش و مافوورەی ڕەنگاوڕەنگ لە ژوورەکەدا کە پەردەکانی دادرابوونەوە و دەرگا و پەنجەرەی کون‌بڕ کرابوو سەری کردبووە سەرسنگی شۆڕەژنی و سەرمەستی بەرامەی باخ و گوڵزاری خۆش‌بینی بوو، بە ئاگری ئەوین و خۆشەویستی پەردەی خەفەتیان دەسووتاند و بە ڕێحانەی تاسە خۆیان باوەشێن دەکرد و لە چەشنی ماسی لە زەریای چاوی یاردا مەلەی دەکرد؛ هوما شەکری لێوی دەڕژاند و بە پەنجەی شووش و زەریفی کاکۆڵی ماش‌و برنجی سەی‌میرانی دادەهێنا. لە کۆتایی ئەم بەی‌گوشین و هەڵمژینەدا، میران ئاگاداری کردەوە تازە لە وەختی چوونەسەر داوات و میوانی تێپەڕیوە ئێستاکە دووکان و بازاڕ دادەخرێ ناتوانین کاتژمێر بکڕین.

کاتێک لە ماڵ هاتنە دەرێ لەباتی ئەوەی لە ڕاستە شەقامەکەوە بڕۆن بۆ شوێنی مەبەست، لە ڕێگایەکی دیکەوە واتە لە «بەرزەدەماخ»ەوە ڕۆیشتن دوورتر و کوچە و کۆڵان تەنگ و تاریک بوون. مەبەستی سەی‌میران لەو پێچەڵاو پلووچە ئەوەبوو خۆی بگەیەنێ بە نانەوایی قوڵیخان، ئەوکە خۆی تەرازوودار بوو بڕە پارەیەکی لێ وەربگرێ، وەختێ گەیشتنە بەرامبەر نانەواکە، کەسێکی‌تر لە پشت تەرازوو ڕاوەستابوو؛ دڵسارد نەبۆوە، هەر لە جێی خۆیانەوە تا پێیان لەسەر سنگی بازاڕ دانا، چاوی لە چاوی هەڵۆ تیژتر بۆ ئاشنا و ڕۆشنا دەگەڕا، بەڵکوو دۆست و هاوڕێیەک ببینێ و بە قەرز پووڵی لێ‌وەربگرێ. نەیدەویست لەمشەوە خۆشە و لە نێو ئاشنا و بێگانەدا بۆ ماڵی دنیا دڵی ناسکی نازدارەکەی بشکێنێ.

هەرئەوەندەی گەیشتنە سەوزەمەیدان لەبەر شووشەبەندی سەعات‌فرۆشێکدا هوما قۆڵی سەی‌میرانی کێشا، هەردووکیان لەجێی خۆیان چەقین، لە پشت جام و شووشەی دووکانەکەوە سەعاتی زەرد و زێوین بابەتی ژنان و پیاوان ئاوی لە چاو دەسەند، لە شاری چکۆڵەدا ژیان ئەوەندە خۆشە دانیشتووانی زۆربەی زۆریان یەکدی دەناسن و ڕێز و حورمەتی یەکترییان لەپێش چاوە، ژیار و شارستانییەتی ئاوا کۆمەڵگایەک لە هەموو کات‌وساتێکدا بەوەج و کەرامەتی خەڵکەکەی نیشان دەدا، کەم‌و زۆر لە ئاوەها شارێکدا خەڵک ئاشنا و کەسی یەکدین. خاوەن دووکان پیاوێکی کامڵ و ڕووخۆش بوو کەچی بازاڕێکی گەرمی نەبوو، جارێک کاتژمێری بۆ سەی‌میران

چاک کردبۆوە، ئیتر هەر لەوکاتەوە ببوو بە ئاشنای ئەو، هەر ئەوەندەی ئەوانی لەودیوی شووشەبەندەکەوە دیت بە خێرایی هاتەدەرێ و بەڕێز و گەرموگوڕی و بە دەم زەردەخەندەوە گوتی:

ـ چیتان دەوێ مەشەدی میران، کاتژمێری تایبەت و دۆستانەمان هەیە، بۆ هاوڕێ و ناسیاومان داناون. فەرموون وەرنە ژوورێ. ئەگەر نەشکڕن ئەرزشی چاولێکردنی هەیە. بۆ ئاگاداریتان دەبێ بڵێم ئەو ژن و پیاوانەی درەنگ شتیان بۆ پەسند دەکرێ، دێن لێرە سەعاتی خۆیان هەڵدەبژێرن. کەس لەم دووکانەدا بە نابەدڵی ناچێتە دەرێ.

ـ ئەگەر ڕاستتدەوێ بەتەما بووم کاتژمێرێکی ژنانە بکڕم. (سەی‌میران لە پێشەوە هوماخانم بە دوایدا چوونە ژوورێ) بەڵام لەبەرئەوەی بەپەلە وەڕێ‌کەوتم لە بیرم چوو پووڵ و پارە لەگەڵ خۆم بێنم.

کابرای دووکاندار پەڕییە نێو قسەکانییەوە:

ـ مەشەدی ئەمە چ قسەیەکە! من ساحەب‌ماڵ نیم، دووکان دووکانی خۆتانە، فەرموون.

سەی‌میران کەیفی بەم حورمەت و ڕێزگرتنە سازبوو، بەتایبەت کە هومای لەگەڵ بوو. دووکاندار بە خێراییەکی زۆرزانانەوە خۆی گەیاندە پشت ویترین و ئاوێنەبەندەکەوە و دەرگای قاسە نەسۆزەکەی کردەوە و سەعاتی دڵپەسەندی هێنا دەرێ، بە سیلەی چاوێک لە میران و بە تایبەت خانمەکەی ڕوانی، تاکوو بزانێ چۆن کڕیارێکن. هوما بە باوەڕبەخۆ بوونێکەوە چارشێوی کریپی وەک باڵی تاووس کردەوە، ئەو هەلو دەرفەتەی بۆ سەعاتفرۆش ڕەخساند تاکوو باخی بەرێ و ملی ڕووت و ملوانکەی ئاڵتوونی ببینێ و بە لەرەی گوارەی دڵی جوان پەسندی بلەرزێنێ. زانی بۆ چرکەیەک سنگ و بەرۆک و مەمکی قوتی دیتووە بەخێری چاوی کاڵی جارێکی‌تر چارشێوی کردەوە و بە خۆیدا دایەوە، کراسی هەورێشمی شینی کاڵی بێستانی سەوزی ڕازاوە کردبوو.

مەشەدی میران کاتژمێرێکت دەدەمێ لە شاری تاران لەو نموونەیەت بۆ پەیدا نەبێ. شەونەمایە و دەستکاری سویسە و حەڤدە سەنگ بە چرکە پاشو پێشی نییە و قابیل بە ژنی شایە، کارخانە دە ساڵ پشتیوانیەتی و «گارانتی» هەیە و نرخەکەشی زۆر نییە.

سەی‌میران بە هێمنی دەستی درێژ کرد و سەعاتەکەی لە دەست دووکاندار وەرگرت و بۆ چرکەیەک لە کاتژمێری شێوە هێلکەیی ڕاما، بزەی هاتە سەرلێو و بە دوودڵییەوە لێی‌پرسی:

- بایی چەندەیە؟

- ئێوە بیکەنە دەستی خاتوونی بەڕێزتان کارتان بە پووڵەکەی نەبێ.

- ئەمە لە چاکەی خۆتڕایە، بفەرموون بزانم نرخەکەی چەندە؟

- بۆ بەڕێزتان سیو پێنج تمەن!

- سیو پێنج تمەن زۆرە، هەرزانتری حیساب بکە.

- قابیلی ئێوەی نییە، پارەم مەدەنێ، هەڵیبگرن، دوایە کەمتر حیسابی دەکەین.

- دڵنیای کە شەونەمایە؟

- دڵنیابە درۆت لەگەڵ ناکەم. جارێ هەوا ڕووناکە لە تاریکیدا ژمارە و خاڵەکانی بە ڕوونی دیارن، تەواو شەونمایە، دەزانم پێتخۆشە دەستبەندەکەشی ئاڵتوون بێت.

دووکاندار جارێکیتر بزەو زەردەخەندەیەکی شیرینی نیشاندان. سەیمیران بە نیگەرانییەوە چاوێکی لە هوما کرد. لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەبوو هوما شتێک بڵێ. نا، خۆ ئەگەر زێڕ نەبێ قەیدی چ دەکا. هەرچەندە مێردەکەی خەریکی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ سەعاتفرۆشەکە، هوما قۆڵی باڵتەی سەیمیرانی گرت، لەوکاتەدا دڵی پڕبوو لە شادی و خوشییەکی ژنانە گوتی:

- جا بۆ چەندە فەرقی هەیە لە قیمەتدا؟ دەستبەندی ئاڵتوون بایی چەندەیە؟

دووکاندار بە دەستوبرد دەرگای گاوسندووقەکەی کردەوە و بەسەر قۆڵی کراسەکەی بریقەی تێخست و لەسەر شووشەی جەعبەکە داینا:

- فەرقی مامەڵە تەنیا هەژدە تمەنە، پیاو دەبێ لە مامەڵەدا ڕووڕاست بێ، ئەمە زێڕی خالیسە و بە زێڕیش دەتاندەمێ، شتێکتان نادەمێ لەپاش دوو ڕۆژ بچن بیگۆڕنەوە، ئاڵتوون ژەنگ ناهێنێ و ڕەش نابێتەوە، دایمە وریشەی دێت.

ئینگلیزەکان وتەیەکی جوانیان هەیە دەڵێن: ئێمە ئەوەندە ساماندار نین شتی هەرزان بکڕین. ئەگەر دەتانەوێ پووڵەکەتان بە زایە نەچێ بیدەن بە بازنەی زێڕ.

وەختێ هوما کاتژمێری بچووکی ژنانەی کردە دەستی و لەگەڵ مێردەکەی لە سەعاتفرۆشی چوونە دەرێ، سەیمیران لەبەرخۆیەوە وتی:

- ئەم خەرجانەن کۆڵەی پیاو دەکوتن.

تەماشایەکی خانمەکەی کرد، وەک گوڵ گەشابۆوە بۆئەوەی سپاس و خۆشحاڵی خۆی نیشان مێردەکەی بدات کە ئاوا دڵاوا و خاوەن کەرەمە لە ژێر سەیوانی چارشێوەکەوە لێوی خونچە کرد،

شەپۆلێکی خۆشی و بەختەوەری دڵ و گیانی میرانی ئەویندداری گرتەوە، ئاخۆم لەمە زیاتر چی باشتری بە نەسیب دەبوو؟ دڵی خۆشەویستەکەی خۆی وەدەست هێنابوو، ئیتر هەر ئەمە بەس‌بوو. ئەم خەرجکردنە کە تازە دەرگای کیسەی پێکربۆوە گوشاری خستبووە سەرداهاتی ڕۆژانەی، بەڵام قەیدی ناکا و منەت بەگیانی. پیاو ماسی بگرێ قوونی تەڕ دەبێ. کەسێ گوڵ بچنێ دڕکیش لە دەستی ڕادەچێ. هەمووی ئەم خەرجانە قوربانی دوو چاوی یار بێ، خوسرەوپەرویز داهات و پیتاکی حەوت ساڵی ئێرانی ئەوکاتی دا بە ملوانکەیەک بۆ شیرینی خۆشەویستی، کاتژمێری زێڕ، ئەمڕۆکە زۆربەی خانم و خاتوونەکان لە دەستییاندایە. یەکێ لە ئیمپراتورانی ڕۆمی بۆ ژنانی حەرەمخانەی خۆی لەباتی ئاو، حەوزی شیری بۆ ساز کردبوون، لەوێدا مەلەیان دەکرد و خۆیان دەشووشت. پێستی ناسک و زەریفیان هەروا جوان و زێوین دەمایەوە، لە هات‌وچۆ و لەشکەرکێشیدا بە هەزاران مەڕ و مانگای لەگەڵ ڕەوەندی دابوو، بۆئەوەی هیچوەختێ شیری لێنەبڕێ، مێرانی دەسەڵاتدار و خاوەن شکۆ بێ‌بەش نەبوون لەم ژیانە لە نێو حۆری و پەریاندا، ئەوینداری لەم سەرزەمینە هاسانە و تەنانەت حەز و ئەشقی ئاسمانی و یەزدان‌پەرەستی و ڕەسووڵ خۆشەویستیش پووڵ و پارەی دەوێ و بێ‌ماڵی دنیا هیچت بۆ ناکرێ، جگە لەم باسەش ئەو پیاوە ئەگەر ماڵی دنیای بۆ ئەم شۆخەی خەرج نەکا، بە کاری چیتری دێت؟ ئاخۆم ئەم پارە و پووڵەی کە هەر بە لێشاو وەدەستی دەکەوت، لە گەورە و بچووک شان و قۆڵی پێوەی هێشابوو؟ شان‌وباڵی شاترو وەردێنەچی خۆش‌بێ گەورەیی ئەویش لە جێی خۆیدا بوو. ڕۆژی حەوت تمەن پارەیان پەیدا نەکردبوو، دەبوو خۆی بخواتەوە. وەختێ دەستی پڕ بوو گا بە دەنگی دەڕۆیشت، گوێی لێ‌نەبوو، بە کەیفی خۆی پێی‌دا دەدا، دەنگی لە تێری دەهات، بەختەوەری ئەو لە دوای منداڵەکان حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، هەرمان بوو لە شوێنی خۆیدا، ئێستا بە بەرچاوی هوماوە ئاشکرا دەبوو، ئەو مەسەلەیە وەک ڕۆژی ڕوون لە پێش‌چاو بوو، ئەو کە بە گیان و بە دڵ سەر لە پێناویدا کۆیلەی دەست لەسەر سنگ بوو. یاری کاڵفای بڕوبیانووی دەگرت و ئەویش موتیعانە ئەمری ئەوی بەجێ دەهێنا، وای هەست دەکرد وەزیفەیەتی و ناشێ مل بادا، وڕک‌گرتن و لالووت‌بوونی بەلایەوە مەزەی مەیخانەی دڵبەرییە. تەنانەت شەقە زللەکانی، بەڵێ شەقەزللەکانی، لەباتی ژان و هێش قووتی ڕۆح بوون. هەر ئەوشەوەی چوون بۆ زەماوەندی برای میرزا نەبی دوای ئەوەی هاتنەوە بۆ ماڵێ بۆ یەکەمجار، شەقەزللەی هوما کەوتە سەرڕوومەتی سەی‌میران. ئەوکاتەی لە گەڕانەوەدا خاووخێزانی بنەماڵە تێکەڵ یەکدی بوون هەستی بە تووڕەیی نازدارەکەی کردبوو. بەڵام ئێستا لە ژوورە گەورەکەدا، تازە لە دوای دوو زللەی باش دەیزانی مەنێک چەند کیلۆیە!

لەو شایی و زەماوەندەدا، وادیاربوو بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت بە چاو و بە دڵ سەیری سەماکردن و لەنجە و خۆبادانی سەماکەرێکی کرد، ژنە ئەوەندە بە جوانی بە بەرچاوی برازاوا و میوانانەوە سەما دەکا، دڵێک و هەزار دڵ لەوانەیە سوێیی بۆی بێتەوە، ئاسکە و هوما لەو ژوورەوە بووک لەوێ پاڵی دابۆوە بە چوار چاو ئاگایان لە ڕەوت و سەماکردنی ژنە بوو تاکوو بزانن چ دەبێ، وەختێ دووبەدوو لە ژوورەکەدا مانەوە هوما بە لالووتێکەوە گوتی:

- بۆچی ئاوات دەکرد؟ بۆچی هەروەک ژنی ڕەقاسە و سەماچیت نەدیبێ وابوو، یان ئاشقی پاوو پووز و سمتو ساتی ئەم ژنەتیوە بووی؟ ئەوکاتەی بە دابی عەرەبی سەمای دەکرد، واتنەدەزانی بەسەر عەرزەوە ماوی! لە تۆ وابوو ئاسمان دڕواە و ئەو ژنەی پێدا بەربۆتەوە، یان ئەوەی دوور لە جاسووسی چاوی ئێمە بوو؟ وەختێ بەم هەڵبەز دابەزەوە کە من بێزم لێدەکرد، سەری خستە سەر ڕانت، چیوای نەمابوو لە پێشچاوی هەزاران ژن و پیاو، پیر و منداڵ باوەشی پێدابکەی و تێروپڕ ماچی بکەی. هەمووکەس تمەنێک و پێنجقران دەخەنە دایرەی زەنگییەوە، داراب‌خان هەرسینی، بەم هەموو سەروەت و سامانەوە، حیسابی ماڵی خۆی نازانێ، تەنانەت بۆ چرکەیەک سەری بەرز ناکاتەوە، چ بگا بە ئەوەی پارەی بۆ بژمێری، ئەووەختی تۆش بە دزیەوە پارە لە میرزا نەبی وەردەگری تاکوو دوو تمەنی سینەسوور بکەی بە بەرۆکی سەماکەردا! خەتای خۆت نییە کابرایەکی چاو نەزێری، سەما و هەڵپەڕکێت نەدیتووە، سێ‌چوار جووڵە و خۆبادانی ژنە بەڕەڵڵایەک سەری لێ‌شێواندی، ئاگات لە خۆت نەمابوو، ئەمشەویش هەستە بچۆ لەلای ئەو بخەوە، منت بۆچییە؟! ئەگەر حسێن‌خانی تەپڵچی یان کەسێکی دیکە، بیزانیبا تارژەنین چییە، ئەوکاتی منیش دوو قسەم لەگەڵ تۆ و ئەو دیندارانە دەکرد، لەو کۆڕ و مەجلیسەدا.

سەی‌میران حەولی ئەوەی بوو، بابەتەکە بگۆڕێ و بیخاتە باری جەفەنگ و ڕابواردن. بەرلەوە ئاوا نەیزانیبوو ژنەکەی دڵتەنگ و کەم‌جیکەڵدانەیە، ئیتر لەمەبەولاوە هەروەختێ ئەم بەخیلییەی بەو ژنەوە دەبینی کەیفی دەکرد. ئەوسا بۆی ڕوون ببۆوە خێزانی بە چ شتێک قەڵسە، بە چی تووڕە دەبێ و تەیرووتوون تێکەڵ دەکا، لە جێگای خۆیدا و بەتایبەت لە کن ئەو میوانانەی کە خزم و نزیکی خۆیان بوون سەری دەخستە سەری و بەم‌چەشنە قسەی دادەمەزراند:

- ژنێک کەمە، دوو خەمە، سێ خاترجەمە.

ئاسکە گوێی خۆی لەم قسەیە کەڕ دەکرد، هەمیەتی وێنەدەدا، تازە ئەو فەرقی پێنەدەکرد. بەڵام هوما منداڵانە لچی هەڵدەقورتاند. شیرین تۆڕێکی بۆ دەکرد. ئەگەر کاری زێڕینی بە دەستەوە بوایە،

دەستی هەڵدەگرت و لەولاوە دادەنیشت. ئەووەخت میران چاوێکی لە میواەکان دەقرتاند و پێیدەوتن تەنیا مەبەستی شۆخی و گاڵتە و گەپ بووە، هەر بەم زمانەوە لاتاوی پێدادەدا و داوای بەخشین و لێخۆشبوونی لێدەکرد.

قسەی ڕاست ئەوەبوو، ئەو ژنە تەمەن بیست و یەک ساڵە سەیمیرانی خستبووە هەڵەکەسەما، هەواو هەوەسی هێنابووە جۆش و خرۆش. شۆق و زەوق و هەست و تێبینییەکانی ئەوی بە ناز و خەمزەی چاویبازی هەوێن دەکرد. لەورۆژەوە لەگەڵ ئەو ژنە زەماوەندی کردبوو، تازە نێشو نۆشی ژیانی لێحاڵی ببوو. ژنە دنیایەکی دیکەی لە ئەشق و جوانی بە ڕوودا کردبۆوە، ئەم کچەکوردە قەرەجە کە بە پێی خۆی هاتبووە ماڵی سەیمیران هەروەک هێبێ Hebe بە بادەی ژیانبەخشی تەمەنی هەرمانی بە دیاری بۆ هێنابوو. ڕەمز و ڕازی ئەویناداری فێرکردبوو. وەکئەوەی ناوی دایکی موسای دەزانی و گرێکوێرەی ژیانی یەک بەیەک ڕەها دەبوون و دەکرانەوە، لە هەرلایەک ئافرەتێکی شۆخ و شەنگەژنی دەبینی جوانی و لەنجەو لاری هومای دەهاتەوە پێشچاو، لە زەینی خۆیدا لێکیدەدایەوە، بە باوەڕێکی پتەوەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. لە دنیای ژن و ئەویندا ئەو باوەڕە چەشنێک پاکی و بێنیازی بۆ هێنابووە ئاراوە، ئەمەش تاقیکاری و سەداقەتێکە بۆ خواناسان، فکری ئەو هیچ وەختێ پەروانەئاسا لە تیشکی مۆمی یار دوور نەدەکەوتەوە، پابەندی ئەم پەندە بوو، هەر گوڵەی بۆ بولبولێک و هەر دڵەی بۆ دڵدارێک؛ خۆ ئەگەر نەمانەوێ باسی بوتپەرەستی بکەین ئەو شاژنە بۆ ئەو شیاوی پەرەستن بوو، جگە لە هوما، تەنیا هوما بوو، بە بڕوای ئەو کە پەیامبەری شیاوی بە موحەممەد بوو، جوانیش تەنیا بۆ هوما بەس بوو. قورئان ڕەوانترین کەلام و هوما جوانترین ئافرەت. ئەو تورەی شاهان و نقێمی ماڵی میران بوو. حەزی بە کوێری خۆی دەکرد وەختێ بە باڵای هوما هەڵنەیات و بە باڵای ئافرەتێکی دیکەدا بڕوانێ.

ئەو ڕۆژەی دەنگو باسی لابردنی لەچکە و چارشێو بە نێو خەڵکدا بە یەکجاری بڵاو بۆوە و لە نۆرەی کێژانی قوتابخانەوە گەیشتە نێو بنەماڵە و خاووخێزانی سەیمیران بە یەکجاری بەرچاوی تاریکبوو، ناحەقیشی نەبوو، ئەو کە بە کۆڵێک بیر و باوەڕی مەزهەبی دەمارگرژانە و فکر و زەینی دیندارانەوە باوەشی بە هەردوو دنیادا کردبوو، کەوابێ چارشێو فڕێدان بە واتای تاشینی برۆ و سمێڵ، بە بڕوای سەید و تاقمگەلێک لە هاوبیرانی ئەمە تێکڕووخاندنی سەنگەری دین بوو، هەرچۆنێک بیری لێدەکردەوە بۆی قەبووڵ نەدەکرا، ئەو جێگایەکی دیکەی ژانی دەکرد و لە لایەکیترەوە دەردیکاری بوو! ڕۆژگار ئاڵووگۆڕی بەسەردا دەهات و خەڵکیش ئەوێندار و جوانپەرەست دەبوون، ئەو

شۆخەژنەی کە لە باخەڵی ئەودا بوو هەرئانێک بیزانیبایە چاوچنۆک گەنجان خۆیانی لە دەور دەگێڕن بە بێ‌گوێدان بە هیچ شەرت و پەیمانێک پشتی تێدەکرد و بە قەولی پێشینیان، کەو بۆ کەو و کۆتر بۆ کۆتر. ئیتر ئەمە بە دڵی هوما بوو جا با ئەو لە ژێر ڕەشماڵی خەفەتدا دەستەوئەژنۆ دابنیشێ و شەنگەژنی خێزانی دەتگوت ئاوی لە دڵ دەپڕژێنن. سەی‌میران دڵخۆشی خۆی دەدایەوە، لە دوانەوە دەیکردە سێیان، ئەگینا هوما دەیزانی گوریس بە یەک لۆ ناگاتەوە، نۆرەی دوو لۆنەیەتی.

لە نێو ئەو کۆمەڵگای کاڵفام و نزم ئاوەزەدا هەوری پەرێشانی و سەرلێ‌شێواوی بەرچاوی تاریک و تنۆک داگرتبوون. خۆڕافە و فکری چەوت ڕیشەی بە ناخی ئەواندا بردبووە خوارێ، تاقمێک دەیان‌گوت ئەوە کڵاوی پەهلەوی یان تەقیلە نییە. بە هەڕەشەیەک بچێتە سەری ئەم خەڵکە. ژنان بەبێ پەچە و چارشێو نایەنە دەرێ، زۆر کەسی دیکەش یان بە زۆر و بە حەزی خۆیان و بە دابی خۆی لە ماڵ دێتە دەرێ، لە پێش هەموویانەوە، ژن و کچی گەورەماڵان و خوێنەواران و موچەخۆرانی حکومەتی توێژیان فرێیدا و لە جلوبەرگی هەزار و سێسەت ساڵەی خۆیان هاتنە دەرێ، کە ئەمەش یادگار و داسەپاوی فکری دەشتی سووتێنەری عەرەبستان و ڕۆژگاری نزم‌فامی و نەزان‌پەرەستی بوو. دوای ئەوانیش بیرۆکەی تازە تەشەنەی کرد و ئەم شەپۆلە عیل و تایەفە و خێڵەکانی دیکەشی گرتەوە و گەماری لادا و ڕەشی لەبەر داڕنین. لە باخە گەورە و بەرینەکەی پارێزگا، لە هۆڵی شارەداری فستیواڵ و کۆبوونەوە ساز کرا و وتارگەلی بەپێز و بێ‌هێز پێشکەش کرا، میوان و گوێگر و بەشداران بریتی بوون لە بەڕێوەبەران و نوێنەران و ئەو میرو وەزیر و شارەوانی و پیشەوەران و پیشەیی و خوێندەوار و نەخوێندەوار هاوڕێ لەگەڵ خاووخێزانی سەرو مل ڕووت و بێ‌پەچە و چارشێو. سەی‌میران سەراوی بەڕێوەبەری گشتی ناوداری سنووفی نانەوایان، هەر لەو سەعاتەوە کە ئاگادار بۆوە دەبێ لەو کۆڕەدا بەشداری بکات و هاوڕێ دەگەڵ میوانانی لە هۆڵی شارەداریدا ئامادە بێ، چشی کرد لە تانە و تەشەری ئەم‌وئەو، و بەرلەوەی بێتە سەرسێن و بۆ میوانان بدوێ دەست تێکەڵ‌هاتن و دڵەکوتە هەناوی گەزی و مژی پەرێشانی وەسەر کشا، کەسێکی تازەکار و نوێ‌خوازی ئەمرۆیی زیرەکی نواند و دەمی هێناپێش و ئەرکی نوێنەر و بەڕێوەبەری پیشەیی وەئەستۆ گرت، لە کات‌وساتی خۆیدا قۆڵی لە قۆڵی خانمی خست و لە کۆبوونەوەدا قوت بۆوە. بەڵام سەی‌میران ڕازی نەبوو هەر بەم پەرێشانی و ساردوسڕییەی کە تووشی هاتبوو هەروەک شای هەوشار دەسەڵاتی گرتە دەست و لەسەر تەختی دەسەڵاتی ئێران پاڵی دایەوە و سکەی «الخیرو فی‌ماوقع»ی لێدا، ئەویش ورەی وەبەر خۆی‌نا، ئامادەیی بۆ بەشداری‌کردن لەم کۆڕەدا دەربڕی، بۆ دەبوو ئەم کارە نەکا؟ ئیتر

ئەمیش کەسێک بوو هەروەک هەموو بەشدارانی ئەو ڕۆژە. بۆ مەگەر ئەو کەسەی وتاربێژی بۆ خەڵک دەکا هەر لە زگی دایکی بەربۆوە فرەزان و بێژەر بووە؟ ئەمەش ڕۆژێکی تایبەت و بەکەیفی دۆستانە، بە کۆمەڵ مردن وەک زەماوەندە، کەوابێ ناکرێ ئەمیش بۆ بەرەوپێش بردنی کاروباری گشتی و هەروەها خۆدەرخستن و نیشاندان لە بەرچاوی کاربەدەستانی گەورە و بچووکی دەوڵەتی دەرکەوێ و تەرەقی بکا؟

هەر لە سەعاتی یەکەمەوە دیاربوو ئەو تەڕ و وشکە هەڵیدەخا بۆ کامیەک لە ژنەکان دەردەچێ: هەر ئەوەیان کە بۆ میران لە ماڵدا سەرتۆپ و شاژنی جوانان و لەبەردڵان بوو، واتە هوماخاتوون. ئیتر هەر ئەو ڕۆژەی بۆ نانی نیوەڕۆ خالۆکەرەم و میرزانەبی لەوێ میوان بوون. سەی‌میران بە چاوقرتانێک لە میوانەکانی، ڕووی کردە خانمی گەورە و گوتی:

ـ خۆت ئامادە بکە وادیارە دەبێ لەگەڵ خۆم بتبەم.

ئاسکە بەبێ ڕاوەستان وەڵامی دایەوە:

ـ وتیان بە گورگ، تۆ دەکەین بە شوان، ئەمیش دەستی‌کرد بە گریان، وتیان بۆ دەگری؟ گوتی: دەترسم درۆم لەگەڵ بکەن؛ ئەگەر قەرارە من لەتەک خۆتدا بەری، بۆ خانمەکەت خستۆتە سەرهەوا؟

بە دڵهێشاوی ڕووی لە هەمووان وەرگێڕا و ئەوسا گوتی:

ـ بۆ پاکانەی کاری خۆت ئەم گڵمتە بە مندا دەدەی، ئەگینا هەتاکوو ئەو ڕاوەستابێ منی بەستەزمان چکارەم.

ـ وادیارە تۆش پێت‌خۆشە لەوێ بی؟!

ـ بۆ پێم‌خۆش‌نەبێ، گەر عەیب و عارە بۆ هەردووی ئێمە وەکوو یەک وایە.

لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا کە دەبوو خویان ئامادە بکەن، بەرگدووری دەست‌نەخشین لە شانی ڕاستە شەقامی شار، کەوتە پەلە کردنی بۆ دوورینی جلوبەرگی پایزی هوماخانم. ئەوە یەکەم لیباس و بەرگێک بوو کە بە بێ‌لەچکە و چارشێو دەیکردە بەری، کۆت و پاتۆڵی (ئیندی گۆوفاستۆنی) سەی‌میران هەروا تازە بوو. پاڵتۆ بەرەکی، ڕەنگو ڕووی وەک خۆی نەمابوو. لەسەر پێشنیاری هوما پاڵتۆی ماهووتی سوورمەیی و کڵاوی گەڕگەڕی ئیتاڵی بۆ ئەورۆژە کڕی.

پاش‌نیوەڕۆی ئەورۆژە، نازداری سەی‌میران خۆی لە گوڵ دابوو هەروەک خەزاڵ بچێ بۆ ژووانی شۆڕەلاس، بە نازو نیوەشەرمەوە بەرەو هۆڵی شارەداری لە ماڵ هاتنە دەرێ، دەروجیران و خەڵکی کۆڵان و دەوروبەر هەروەک مەلەکەی میسریان ببینێ، دەستە دەستە هاتبوونە تەماشا و چاوچنۆکی،